هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ١٠١

سالّی/ ٢٠١٤ — بەرگی سەدو یەك

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٩

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٠١
**چاپی یەكەم: ٢٠١٩**
**تیراژ: ٢٥٠**
**پێداچوونەوە:**
**نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن**
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوارشەممە ٢٠١٤/١١/١٩ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١١/٢٥ ل ١٠٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١١/٢٦ ل ١٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١٢/٣ ل ٢٩٥

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی**

**چوار شەممە رێكەوتی ١٩\١١\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١١/١٩

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١١/١٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١١)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١١/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١. قسە کردن لە سەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٣. خوێندنەوەی یەکەمی ئەم دوو پڕۆژە یاسایەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق،

١. پڕۆژە یاسای (قانون أستقطاب الأموال عن طریق الأقتراض في إقلیم کوردستان ـ العراق)

٢ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١١)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/١٩)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١١/١٩) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

**١. قسە کردن لە سەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.**
**٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.**
**٣. خوێندنەوەی یەکەمی ئەم دوو پڕۆژە یاسایەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق،**
**١. پڕۆژە یاسای (قانون أستقطاب الأموال عن طريق الأقتراض في إقليم كوردستان ـ العراق)**
**٢. پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)، بەڕێزان لە چەند ڕۆژی ڕابوردوو سێیەم سەرۆك پەرلەمان بەڕێز (د.كمال فؤاد) کۆچی دوایی کرد، بۆ شاد بوونی ڕوحی بەڕێز (د.كمال فؤاد) و، هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، فەرموو دەقیقەیەك وەستان بە پێوە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، بەڕێز (د.كمال فؤاد) کەسایەتیەکی دیاری بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و ڕۆژنامەگەری بووە لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە ون نەبوونی ئەرشیفی ڕۆژنامەوانی کوردی بەتایبەتی لە دۆزینەوەو یەکخستنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی دایك، ڕۆژنامەی کوردستان، لە ساڵی (١٩٩٢) بە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و، بۆتە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز یەکێك بوو لەو (٥٩) ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٩٤) لە هۆڵی پەناگیری لە تەلاری پەرلەمان مانگرتنیان لە دژی شەڕی ناوخۆ ڕاگەیاند، هەمیشە بەوە بەناوبانگ بووە کە هەڵوێستەکانی میانڕەون و، دژ بە شەڕی ناوخۆ و دوو بەرەکی بووە لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ساڵەکانی نێوان (٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥) بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خولی گواستنەوە هەڵبژێردرا، لە سەردەمی ئەودا بۆ یەکەم جار پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، بە هەمان شێوە هەر لە سەردەمی ئەودا پڕۆژەیەك بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراقیش پەسەند کرا، پێش ئەوەی کە دەسەڵاتی پێشووی عێراق لە ناو بچێ، لێرەوە پرسە و سەرە خۆشی خۆمان بە خۆمان و خانەوادەکەی و، بەهەمان شێوە بە فراکسیۆنی سەوز ڕادەگەیەنین کە بەڕێزیان یەکەم سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بووە، بەهەمان شێوە لە چەند ڕۆژی ڕابوردوو ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ لە جەلەولاوە بۆ ناوچەی ڕەبیعە شەهید بوون یان بریندار بوون بەهەمان شێوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی هەموو شەهیدەکانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگری لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕین و، هیوای زوو چاك بوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٠)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:دانیشتنی یەکەم: بەیانی بەم شێوەیە: (١. انور قادر مصطفى ـ ئامادەنەبووە، ٢. بەهار عبدالرحمن محمد ـ ئامادەنەبووە، ٣. جوان اسماعیل عزیز ـ مۆڵەت، ٤. جودت جرجیس ـ مۆڵەت، ٥. زۆزان صادق ـ  مۆڵەت، ٦. سەهراب میکائیل ـ مۆڵەت، ٧. سۆران عمر ـ مۆڵەت، ٨. صالح فەقێ ـ ئامادەنەبووە، ٩. گەشە دارا ـ مۆڵەت، ١٠ ـ عبدالرحمن فارس ـ مۆڵەت، ١١ ـ عمر عینایەت ـ ئامادەنەبووە، ١٢ ـ کەژاڵ هادی ـ مۆڵەت، ١٣ ـ لینا عزریا ـ مۆڵەت، ١٤ ـ منى نبی ـ مۆڵەت، ١٥ ـ ناظم كبیر- مۆڵەت)، دانیشتنی دووەم ئێوارە مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:  (١. انور قادر مصطفى ـ ئامادەنەبووە، ٢. ئێڤار ابراهیم ـ ئامادەنەبووە، ٣. بەهار عبدالرحمن ـ ئامادەنەبووە، ٤. جمال عثمان ـ مۆڵەت، ٥. جوان اسماعیل ـ مۆڵەت، ٦. جودت جرجیس ـ مۆڵەت، ٧. زۆزان صادق ـ مۆڵەت، ٨. سەهراب میکائیل ـ مۆڵەت، ٩. سراج احمد ـ مۆڵەت، ١٠. سۆران عمر ـ مۆڵەت، ١١. صالح فەقێ ـ ئامادەنەبووە، ١٢. گەشە دارا ـ مۆڵەت، ١٣. گۆران ئازاد ـ ئامادەنەبووە، ١٤. عبدالرحمن فارس ـ مۆڵەت، ١٥. عمر عینایەت ـ ئامادەنەبووە، ١٦. فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی) ـ ئامادەنەبووە، ١٧. قادر ئۆتمان ـ ئامادەنەبووە ، ١٨. کەژاڵ هادی ـ مۆڵەت، ١٩. لینا عزریا ـ مۆڵەت، ٢٠. منى نبی ـ مۆڵەت، ٢١. ناظم كبیر- مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە،

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆی گشتی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە (٢٢) لیژنەیە، لەوانە (١٩) لیژنە هەیکەلیەتیان تەواوە، کە کۆبوونەوەکان دەبووا لە (١٦) و (١٧)ی مانگ ئەنجام بدرێن بەم شێوەیەی خوارە: (٣) لیژنە لە (١٦) مانگ کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بەم شێوەیە: لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، تەنیا کەژاڵ هادی ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان ١ ـ خلف احمد معروف ـ مۆڵەت، ٢. بشار مشیر اسماعیل ـ مۆڵەت، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی: د. جوان اسماعیل عزیز ـ مۆڵەت، ٢. لینا عزریا ـ مۆڵەت، (٨) لیژنە کۆبوونەوەیان دواخستووە بۆ ڕۆژی دواتر (١٧)ی مانگ لیژنەکان بەم شێوازە کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، دیارە دەبوو (١٦) لیژنە کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، لەوانە لیژنەی کاروباری یاسایی ١. انور قادر مصطفى ـ مۆڵەت، لیژنەی وەرزش و لاوان لەبەر ئەوەی بابەت نەبووە کۆبوونەوەیان دواخستووە بۆ حەفتەی داهاتوو، لیژنەی دەست پاکی ١. عمر صالح عمر ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار کۆبوونەوەکە

ئەنجام نەدراوە بەهۆی کەمی دۆسیەکان، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر ١. هیڤا حاجی میرخان ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ١. سەهراب میکائیل ـ مۆڵەت، ٢. بێستوون فائق ـ مۆڵەت، ٣. زۆزان صادق ـ مۆڵەت، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر حیات مجید قادر ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان ١. سروود سلیم ـ مۆڵەت، ٢. ئاواز جەنگی ـ مۆڵەت، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوونە، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، عبدالرحمن فارس (ابو کاروان) ـ مۆڵەت، لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان دڵشاد شعبان ـ مۆڵەت، صالح بشار ـ مۆڵەت، فائق مصطفى ـ مۆڵەت، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوونە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان سۆران عمر ـ مۆڵەت، مدینە ایوب ـ ئامادەنەبووە، دڵشاد شعبان ـ ئامادەنەبووە، لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی دیارە کۆبوونەوەکەیان لە (١١)ی مانگ ئەنجامداوە محمد سعدالدین ـ ئامادەنەبووە ناظم کبیر ـ مۆڵەت و، کۆبوونەوەی تر لە (١٨)ی مانگ ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی ئەوانەی ئاگادار کراون لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی د. جوان اسماعیل عزیز ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لە (١٨)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی تریان ئەنجامداوە رۆزا محمود ـ ئامادەنەبووە، مدینە ایوب ـ مۆڵەت، سۆران عمر ـ مۆڵەت، لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو باسم کرد لە (١٨)ی مانگ کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بە ئامالدەبوونی ئەو بەڕێزانەی ئاگادارکراون، ئەو لیژنانەی کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە کۆنووسەکەیان هاوپێچە ناردوویانە، لیژنەی کاروباری یاسایی بەشێوەیەکی بەردەوام کۆبوونەوەکان ئەنجام دەدەن لە کۆی (١٩) لیژنەکە دەبوایە رۆژی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممە کۆبوونەوەکان ئەنجام بدەن، تەنها (١٦) لیژنە کۆبوونەوەکەیان ئەنجام داوە، (٣) لیژنەکەی تر بەهۆی نەبوونی بابەت و بەرنامە و، هەروەها نەبوونی دەرفەت نەتوانرا کۆبوونەوەکان ئەنجام بدەن، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە پوختەیەك لە کاری دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٠)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢. دانانی بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم بە سکرتێری پەرلەمان، بەدەنگدان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەی کاتی تا ئامادەبوونەوەی سکرتێری پەرلەمان.

٣ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە.
٤ـ دەمج کردنی خاڵی یەکەم و دووەمی بەرنامەی کار.
٥ـ پەسەندکردنی گفتوگرکردن لە سەر راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان سەبارەت بە گرفتی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ و راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەفدی دانوستاندنی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەفدی یاوەری، هەروەها گفتوگۆکردن سەبارەت بە وزەی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی باڵای هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز.
٦ـ خوێندنەوەی یەکەمی (٣) پڕۆژە یاسا و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان یاداشتێکمان بەدەست گەیشتووە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە سەر یەکێك لەو پڕۆژە یاسایانەی کە لە دانیشتنی پێشوو خوێندنەوەمان بۆ کرد، کە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانە، تیایدا ئەو ژمارانەی لە ئەندامانی پەرلەمان کە ژمارەیان (٢٥) ئەندامە، داوایان کردووە کە بەشێوەیەکی بەپەلە بڕوانرێتە ئەو پڕۆژە یاسایەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، لە پەرلەمان لەبەرئەوەی کە نزیکەی (٢٠٠٠) قوتابی کۆلێژەکانی پزیشکی زانکۆ حکومییەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك مانیان گرتووە و، داوای ئەوە دەکەن ئەو پڕۆژە یاسایە سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بڕۆنەوە هۆڵەکانی خوێندن ئێستا ژمارەیەك لە خوێندکارانی کۆلیژی پزیشکیش لێرە ئامادەن لە هۆڵی پەرلەمان بەخێرهاتنیان دەکەین لەگەڵ ژمارەیەك لە خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر کە دووبارە بەخێرهاتنی ئەوانیش دەکەین، ئەمە لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە بەرنامەی کاری دانیشتنی رابوردوومان و، پەرلەمان سەلاحیەتی ئەوەی هەیە کە هەر بابەتێك سیفەی ئیستیعجالی پێ بدات، بۆیە ئەمە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ، نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن بەڕێزتانەوە کیتابمان بۆ کرابوو و، لیژنەی یاسایی ئیشی لە سەر پرۆژە یاساکە کردووە بە سیفەتێکی ئیستیعجال، واتا ئێستا ئیشی لە سەر کراوە، کیتابەکە تەحویل کراوە بۆ جیهەتی مەعنی، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە سیفەی ئیستیعجال نووسراومان نەکردووە بۆ لیژنەکان، بەڵام راستە لیژنەی یاسایی نووسراوی ئاراستەی حکومەت کردووە بۆ ئەوەی لە ماوەی حەفتەیەك حکومەت وەڵام بداتەوە لە سەر ئەو پرۆژە یاسایە رای خۆی لە سەر بدات، فەرموو کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری پشتگیری کردنم لە قسەکانی بەڕێز د.ڤالا، سیفەتی ئیستیعجال لەو حاڵەتەیە کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەك کە کرا، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی کەچی زووترە راپۆرتی خۆیان لە سەر بنووسن، ئێستا ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەو حازرییەمان کردووە، راپۆرت لە سەر دوو نووسین تەواو بووە، ئەوەی ماوە تەواو بێت و دێینە ناو هۆڵ و ئیشەکە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شکریە.

**بەڕێزشکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە ئەو داواکاریەمان پێشکەش کردووە و، (٢٥) ئەندام پەرلەمان واژوومان لە سەر کردووە، لەبەر ئەوەی حاڵەتەکە بەپەلەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش کە دەکرێ لە حاڵەتی بەپەلە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمە بخاتە دەنگدان و، داواکاری واژووی (٢٥) ئەندام پەرلەمانیش بەهەند وەربگیرێ، بۆیە تکایەئەمە بخرێتە دەنگدان سیفەتی ئیستیعجالی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەردان.

**بەڕێزش مەردان خضر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیریا ئاخافتنا د. ڤالا، تەئکید کەم وەکو لیژنا پەروەردە و خوێندنا باڵا و توێژینەوەی زانستی مەژی کۆبوونەوەمان کر و راپۆرتا لیژنەیێ حازرا، ژ بەر هەندێ نووکە مادام لیژنا یاسایی راپۆرتا خۆ حازر کریا و لیژنا پەروەردە و خوێندنی باڵاش راپۆرت حازر کریا یەعنی نووکا دەسەڵاتا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێیا بێخیتە بەرنامەی کار یان نەیەخیتە بەرنامەی کار ژ بەر هەندێ ئەڤ یاداشتە ب دیتنا من ل جهێ خۆ دا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٧١) بڕگەی (٤) هاتووە لەلایەن هەردوو لیژنەوە راپۆرتێکی هاوبەش بەرز دەکرێتەوە پاش دارشتنەوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی لە ماوەی (١٠) رۆژ لە رێکەوتی هاتنی بۆ هەردوو لیژنە، تەنها ئەگەر داوایان لێ بکرێت بەشێوەیەکی بەپەلە تێڕوانینی بۆ بکەن ئەوسا لە ماوەی (٥) رۆژ پێشکەش دەکرێت، واتا بەپێی ئەو نەصە هیچ شتێکمان نیە کە بڵێین ئەو مەسەلەیە بدرێتە دەنگدان، سیفەتی ئیستیعجال ئەگەر ئەو مەوزووعە بەپەلەیە ئێوە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو دوو لیژنەی کە ئێستا پەیوەندیدارە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەتوانن تەنسیق بکەن، مادام ئەم رێکار و ئامادەکاریانەش کراوە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکان، ئیتر پێم وایە خستنە دەنگدانی بابەتەکە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە روانیمانە ئەم پرسە، لە ماددەی (٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمان هاتووە: پەرلەمان بەشێوەی بەپەلە دەڕوانێتە پڕۆژە و بڕیاری تایبەت بە بودجە و ئیعتماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی و بۆی هەیە بڕیار بدات کەوا هەر بابەتێکی تر بەپەلەیە، کەواتە پەرلەمان بۆی هەیە هەر بابەتێکی تر بەپەلەیە ئێمە ئەگەر سەلاحیەتی خۆمان بوایە لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ حەل کردنی ئەو گرفتەی کە پەیوەندیدارە بە خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکییەکان بە رەزامەندی پەرلەمان یان بە رەزامەندی نەبوونی پەرلەمان هەر داوای ئەوەمان دەکرد کە سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ، بۆ ئەوەی ئەوانە بڕۆنەوە هۆڵەکانی خوێندن، چونکە ئەگەر لە ماوەیەکی نزیکدا نەتوانن نەچنەوە هۆڵەکانی خوێندن لەوە ئەچێ فەسڵ بکرێن لە خوێندن، بۆیە بۆ حەل کردنی کێشەی ئەوەی کە ئەوان بگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن و، پەرلەمانی کوردستانیش بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕوانێتە ئەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە سەبارەت بە هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆیە ئەمە سەلاحیەتی پەرلەمانە، سەلاحیەتی دەستەی سەرۆکایەتی و، سەلاحیەتی سەرۆك نییە، ئەمەمان هێناوەتە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگدانی لە سەر بکەین، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاڕاستەکردنی پڕۆژە هەموارێك یان پڕۆژە یاسایەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند لە ماددەی (٧١) تاکو (٧٢) هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کە ئەو راپۆرتە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێ، هیوادارم ئاڕاستەکردنی بۆ چوونی لیژنەی یاسایی کە لیژنەی مەعنی بریتییە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بۆ ئەوە نەبێ کە کاتەکە تێ بپەڕێ و، باشیش دەزانین تێپەڕ بوونی دەوام نەکردنی کۆلیژی پزیشکی چ تەئسیرێکی لە سەر قەبولّ نەکردنی شەهادەکە هەیە و، ئەوە پەرلەمانە دەبێ بڕیار بدات زانکۆیەك لە ژێر چەتری خوێندنی باڵا نەبێت، نەك ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ خۆی جیهەی مەعنییە وەڵامی نەداوەتەوە، بۆیە هەست دەکەم ئەمە تەئخیر بوون دروست دەکات، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راستیدا ئەوەی کە لیژنەی یاسایی کردوویانە شتێکی ئسولییە، ئێمە تەعدیل لە یاسای وەزارەتێك دەکەین، بۆیە لایەنی یەکەم پێویست دەکات رای ئەنجومەنی وەزیران و، رای وەزارەتی پەیوەندیدار وەربگیرێ لە سەر ئەو بابەتە پەرلەمان خۆی بڕیار دەدات کە خۆی دەبەستێتەوە بە رای جهەی پەیوەندیدارەوە یان نا؟ بەڵام پێویست دەکات رایان وەربگیرێ، فەرموو د.رێواز.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاداشتەی لەبەر دەستی بەڕێزتان دایە بە دەق ئاماژە دراوە بەوەی کە بە گوێرەی ماددەی (٧٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانتارن داوا دەکەن سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ و، ئەمە لە سەر داوای بە تەنها ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئێمە لە دەرەوەش پرسیارمان کردووە و، راوێژمان کردووە لەگەڵ بەڕێزان لە کۆلێژەکانی پزیشکی، دەڵێن ئەگەر ماوەیەکی زیاتر ئەم خوێندکارانە مان بگرن و نەچنە هۆڵەکانی خوێندن ئەم ساڵی خوێندنیان لەلایەن (W,H,O)لەبەرئەوەی کۆرساتەکانیان پێ تەواو ناکرێ ئیعتیرافی پێ ناکرێ، لە سەر ئەو بنەمایە ئێمە داوای سیفەی ئیستیعجالیمان کردووە، چونکە جاری وا هەیە رەنگە لیژنە تایبەتمەندەکان راپۆرتی خۆیان بنووسن، بەڵام خوێندنەوەی دووەمی یاساکە و گفتوگۆ لە سەر کردنی نەخرێتە بەرنامەی کار و، لە سەلاحیەتی بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو خۆتان وتتان لە سەلاحیەتی پەرلەمانی کوردستانە ئەم سیفەتە بداتە پڕۆژە یاسایەك، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەو یاداشتە بخەیتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بڕیاری خۆیان لە بارەیەوە بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو داواکاریە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانەکانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بۆیە یاساییە دەتوانی بیخەیتە دەنگدانەوە، سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەکانیش هەتاوەکو ئێستا راپۆرتەکان ئامادە نییە و، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەنها نووسراو ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرا، بۆ داوای روونکردنەوە کراوە؟ بۆیە پێویست دەکات بە سورەتێکی ئیستیعجال ئەو راپۆرتانە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوا لە لیژنە مەعنیەکان بکرێ بۆ ئەوەی راپۆرتەکانیان ئامادە بێ، بۆ ئەوەی کە ئەمسالْ خوێندنیان بە فیڕۆ نەچێ، بۆیە داواکاریەکە یاساییە، سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەم پڕۆژە یاسایە بە شێوەیەکی ئیستیعجال خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش ئەوەندەی ئاگام لێبێ خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتن، بەڵام ئێمە تەنها نووسراوێکمان ئامادەکردووە، بۆیە دەنگدان لە سەر ئەم راپۆرتە من بە پێویستی دەزانم لەبەرئەوەی کە ئێمە چەندەها پڕۆژەی ترمان لەلایە لە لیژنەی یاسایی کە ئاڕستەکردنەکیان بە تەئریخێکی پێش ئاڕستەکردنی ئەم تەئریخەیە، بۆیە خاوەنی ئەو پڕۆژانەش ئەگەر دەنگی لە سەر نەدرێ، حەقی خۆیانە ئیعتیڕازمان لێ بگرن، بۆیە دەبێ بە دەنگدان پەرلەمان بڕیار بدا کە ئەم پڕۆژە یاسایە بخرێتە پێش ئەوانەی کە بە مێژوو پێش ئەوان ئاڕاستەمان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامادەکردنی ئەو یاداشتە کە واژووی (٢٥) پەرلەمانتاری لە سەرە هەر بەپێی ماددەی (٧٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ کە دەڵێ پەرلەمان بڕیار دەدات، مادام پەرلەمان بڕیار دەدات، بڕیاردانیش هەموومان دەزانین بە دەنگدانە و، مانگرتنی ئەو بەڕێزانەش پێ دەنێتە حەفتەی شەشەمینەوە و، ئەمەش بەڕاستی ئەگەر بەردەوام بێت نیشانەیەکی پرسیاری گەورە لە سەر بڕوانامەکەیان دروست دەکات و لە سەر ئایندەی زانستی پزیشکی لەم وڵاتە دروست دەکات، بۆیە کارەکە کارێکی یاساییە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆشدا هەر لەو چوارچێوە واژوومان کردووە، تکایە بیدەنە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بە شێوەی پەلە، سیفەی ئیستیعجال راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادە بکرێ با دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٣) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، بەشێوەی بەپەلە لیژنە پەیوەندیدارەکان راپورتی خۆیان ئامادە دەکەن لە سەر ئەو پرۆژە یاسایە، نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو کاک رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەم نوێنەری قوتابیەکان لێرەن ئەمڕۆ ئەو بابەتە جدییە، من پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەو قوتابیانە گفتوگۆ بکەین کارێك بدۆزنەوە بە تەنسیق لەگەڵ زانکۆکەیان دەست بە خوێندن بکەنەوە، هیوادارین خوێندنەکەیان لە کیس نەچێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بە هاوکاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵیان دانیشتووین بڕیارە لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان ئەوان بگەنەوە هۆڵەکانی خوێندن، بۆیە داوایان لێ ئەکەین کە ئیتر بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن، چونکە پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی خۆی لە ڕووی یاسادانانەوە هەڵئەستێ سەبارەت بە پرۆژە یاساکەیان، فەرموو کاک علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە چوارچێوەی بە پەلە، لە دانیشتنی پێشوو قسە لەسەر ئەوە کرا لە زووترین کات یاداشتێك ئامادە بکرێ بۆ وەفدی دانوستانکار کە ئەچن بۆ بەغدا، وەفدی دانوستانکار سەرەتای دەرچووە کە ئەچێ بۆ بەغدا، بەڵام هیچ ئامادە کردنی چ پرۆژەی پێشنیار بێ یان پرۆژە بڕیار بێ نەکراوە، هیوادارم میکانیزمێکی ڕوون و دەقیقی خێرا بۆ ئەوە دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (علی) پێم وابێ لیژنەی ئێوە، لیژنەی دارایی و لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانمانی ڕاسپاردووە کە بە زووترین کات ڕاسپاردەی خۆتان حاز بکەن، بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەوە ئەکەین ئێوە بە زووین کات ڕاپۆرتی خۆتان بێننەوە، بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێ، فەرموو خاتوو سوهام.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرارای پشتگیریا ئاخافتنا کاك ڕابوونێ کەم، دیسان پرسیارەکیش ژ لیژنا یاسایی دکەم، ئایا ئەو ڕەوانە کرنا بۆ ئەنجومەنا وەزیران بۆ ماوەی حەفتەیەکی ئەڤ کارتێکرنا خۆ هەبێ ئەگەر ئەو بەرسڤێ نەدەن دەستکاری بکەن و ئەڤ ڕاپۆرتێ لێ بەرسڤ بکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتە تەئسیر ناکات، لیژنەکان کاری خۆیان ئەکەن، بەلاّم ڕای حکومەتیش وەرئەگرن لەسەر ئەو پرسە، فەرموو کاك عومەر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵی پەیڕەوم هەیە، هیوادارم بە وردی گوێم لێ بگرن، یەکەم لە ماددەی چوار لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەڵێ (لایکون انعقاد البرلمان قانونیا الا بحضور اغلبیة اعضاءە)، ئەوە یەکێکە لەو خالآنەی ئێمە بایکۆتی جەلسەی پێشوومان کرد، بەلاّم لە ناو قاعە حازر بووین، و پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێش ئەوەی جەلسە دەست پێ بکات ژمارەی ئەندامان بژمێرێ، بۆ ئەوەی تەئکید بێ لە نیسابی ئەندامان، ئێمە لە ئینعیقادی جەلسە ئامادە بووین، و لە پەیڕەویش نەهاتووە کەسێك بایکۆتی جەلسەی پەرلەمان بکات بە غیاب دابنرێ، لە ناو پەرلەمان بووین، ئینعیقادی جەلسە بە هۆی ئێمەوە کراوە، داخیلی ئەو قاعەیە بووین، و لەبەر سەرپێچی کردنی دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ نموونە یەکیان ئەڵێ (دەمج کردنی دوو خاڵ)، لە کوێی ئەم پەیڕەوە هاتووە ئێوە دوو خاڵتان دەمج کردووە؟ خاڵی دووەم لە ماددەی (٦٤) (لکل عضو توجە سوال الشفهي متى اراد ولیس لرایس ان یقل اکثر من ثلاثة اسئلة یمکن توزیعها على الجلسة، و لیس لغیر وسائل ان یشترك في المناقشة ولیس لە یتکلم لە اکثر من (١٠) دقائق، و لە ان عدم باکتفاء ان یتقدم باسوال خطي و لسلطة تنفزیة ان توجب فورا، او تورجع جوابە الى لجنة تعلیق)، لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەپرسم لە جەلسەی ڕابردوو کە بایکۆتمان کردووە کێ (١٠) دەقە کەمتر قسەی کردووە؟ و کێ (٣) پرسیاری کەمتر ئاڕاستەی بەڕێزت کردووە؟ و بۆ ئامادە بوونی بەڕێز دکتۆر پشتیوانیش کە وەزیری پەروەردە بوو بە هەمان شێوە هەبوو زیاتر لە (١٠) دەقە قسەی کرد، و هەبوو لە (٣) پرسیار زیاتری کرد، لەبەر ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی پێویستە لەمەودوا بە پێی ماددەی (٦٤) بڕگەی (ب) هەرکاتێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتە ئەو هۆڵە، و هەر وەزیرێك هەرکاتێ هات بە پێی ئەو بڕگەیە پرس ئاڕاستەی بەڕێزی بکرێ، و نەك هەر کەس بە ویستی خۆی نیو سەعات قسە بکات، بەلاّم هەندێکی تر مەحروم بکەن، سوپاس، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە بووین، ئەگەر بە ناڕەوا بە نەهاتوومان دائەنێن، ئەوە ویستی خۆتانە، بەلاّم ئامادە بووین، لە ئینعیقادی جەلسە لێرە بووین، ئەگەر ستەمیشمان لێ ئەکەن دەستان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر، ماددەی (١) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێناسەی دانیشتنی پەرلەمانی كردووە، حەز ئەكەم بەرێزت بگەڕێتەوە سەری، گوێمان لە بەرێزت گرت، تۆش گوێمان لێ بگرە بۆ ئەوەی وەڵامی بەرێزت بدەینەوە، دانیشتن كۆی گشتی ئەو كۆبوونەوانەیە كە لە ڕۆژەكە ئەبەسترێ، واتە مەرج نییە لە سەرەتای كۆبوونەوە لێرەبی، بەلاّم لە دواترینی كۆبوونەوە لێرە نەبی بە ئامادە بوو لە جەلسەی پەرلەمان هەژمار بكرێی، كەواتە بەرێزت كە ئەندامی پەرلەمانی ئەبێ بەپێی پەیڕەو لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادەبی، و دانیشتنیش كۆی ئەو كۆبوونەوانەیە كە لە پەرلەمان ساز ئەكرێ، سەبارەت بەوەی كە باست كرد، لە ڕاستی ئەو ماددەی كە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز پێی ئامادە بوون بریتی بوو لە گفتوگۆ كردن، ئەگەر بەپێی ئەو ماددەی كە بەرێزت باسی ئەكەی ماددەی (٦٤)، ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆ بەپێی ئەو ماددەیە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غازمان بانگ بكردایە، ئەوە جگە لە (٣) پرسیار، واتە (٣) پرسیار لە یەك ئەندام یان (٣) پرسیاری (٣) ئەندامی پەرلەمان بۆمان نەبوو هیچ پرسیارێكی تری ئەندامانی پەرلەمان وەرگرین، چونكە ماددەكە وازیحە ئەوە بەرێزت خوێندتەوە، ئەڵێ (سەرۆك بۆی نییە زیاتر لە (٣) پرسیار وەرگرێ كە بتوانرێ بەسەر دانیشتنەكەش دابەش بكرێ)، و لەوكاتەی ئەو كەسەی پرسیار ئەكات پێویست ئەكات لە (١٠) دەقە زیاتر قسە نەكات، بۆیە ئەوە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی پرسیار و پرساندن كە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێكخراوە، ئەو ماددەی ئێمە دانیشتنی پێشوومان پێ بەڕێوە برد، ماددەی گفتوگۆ كردن بوو كە ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، و بەرێزیشت باسی ئەوەت كرد بە چ حەقێك ئێمە دوو بڕگەی دانیشتنمان دەمج كردووە؟ بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دەمجمان كرد، ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەر ئەوە داوە، خۆ بەخۆ دەمجمان نەكرد، بۆیە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەمجیان كرد، بەرێزیشت ئازادی لەوەی ڕایەكی ترت هەبێ، دەنگت بەوە نەداوە، بەلاّم زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بەوە داوە.

بەرێز عمر عینایەت:

ببورە، قسەم ماوە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەكانی خۆتت كرد، ئەتوانی ئیعتیراز بگری، فەرموو خاتوو حەیات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كارنامەی ئەمڕۆی پەرلەمانی كوردستان لە فەقەرەی یەكەم قسە كردن لەسەر دۆخی ناوچە جێ ناكۆكەكان، لە كاتێكدا بە بڕیاری سەرۆكی هەرێم ئەو ناوچانە بە ناوچەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان ناوبرا، بەلاّم لە ئیستا بە ناوچە جێ ناكۆكەكان لە ئەجندای كار هاتووە، داواكارم جارێكی تر ورد تر بن لە داڕشتنی كار، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو حەیات، جارێکی تریش باسی ئەو پرسەمان کرد، باس کردنی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان مەسەلەیەکی دەستووریە، ڕاستە بە پێی بڕیارێك لە سەرۆکایەتی هەرێم، و تەنانەت ڕاست کردنەوەیەکیش لە یاسایەکی هەرێمی کوردستان هاتووە کە ناوی ئەو ناوچانە بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هاتووە، بە تایبەتی لە ڕاست کردنەوە یان لە هەمواری یەکەمی یاسای دەستەکە، بەلأم ئەوە مەسەلەیەکی سیاسیە کە لێرە بەو شێوە ناوی ئەبەین، پێمان وایە کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو ناوچانە بە کوردستانی بزانین، لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی نەزانین، بەڵکو ناوچەی جێ ناکۆکن، ئێستا ڕەنگە ئیدارەی هەرێمی تێدابێ، و ئیدارەی هەرێمیش لەوێ بێ، لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نەبێ، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم سەبارت بەوەی ئێمە جاری پێشوو لە کۆبوونەوە داخراوەکە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی ئەو کۆبوونەوە پەخش نەکرێ، داخراو بێ، نهینی نەبێ، بەلأم داخراو بێ، و نەچێتە ئیعلام، لەسەر داوای حکومەت کە زانیاری تایبەت هەیە، بەلأم دوێنێ بینیمان کە لە کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە پەخش کرا، کاتێ پرسیارمان کرد ئەمڕۆ، وتیان دوو ڕۆژ دوای کۆبوونەوەکە بڕیار دراوە بدرێ بە کەناڵەکان، ئەوەش خۆی لە خۆی دا پێچەوانەی ئەو ئیتیفاقەیە کە جاری پێشوو کردمان، هیوادارین ڕوون کردنەوەی پێویست لەسەر ئەو پرسە بدرێ،سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو پرسەی بەڕێزت باست کرد، لە راستی هەر ئەو ڕۆژەش لە کۆبوونەوەی پەرلەمان دواکاری ئەوە هەبوو کە کۆبوونەوەکە پەخش بکرێ، ئەو بابەتانەی لەلایەن حکومەتەوە بە زانیاری وا دائەنرێن کە پەخش نەکرێ، لابرێ لێیەوە، ئەوەی تر پەخش بکرێ، چونکە ڕاگەیاندنی پەرلەمان سەرنجی ئێمەیان بۆ ئەوە ڕاکێشا دەنگ لەسەر نهێنی بوونی کۆبوونەوەکە نەدراوە، بەڵکو دەنگ لەسەر ئەوە دراوە پەخشی ڕاستوخۆ ڕابگیرێ، لە راستی  دا پێمان وابوو کە دەنگمان لەسەر ئەوە داوە پەخش نەکرێ، بۆیە تا دوو ڕۆژیش ئەو داواکاریانەی کە ئەکران لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ پەخش کردنی هیچ هینمان نەکرد، بە دەمییەوە نەچووین، بەلأم کاتێ پرۆتۆکۆلی پەرلەمان هاتە بەردەستمان و سەیرمان کرد، بە ڕوون و وازیحی هاتووە کە ئێستا بۆ بەڕێزتانی ئەخوێنمەوە، پێم وابێ ئەوە بۆتە جێی پرسیار لە لایەن بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، بەلأم ئێستا بۆتانی ئەخوێنمەوە، و سەرنجتان بۆ ئەوە ڕائەکێشم کە ئێوە دەنگتان لەسەر چی داوە؟ بەڕێزان، یاداشتێك بە دەست ئێمە گەیشتبوو لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە بکرێ بە نهێنی، بەلأم بەشێك لە ئێوە داوای کرد نەکرێ بە نهێنی، بەڵکو پەخشی ڕاستەوخۆ ڕابگیرێ، و ڕاگرتنی پەخشی ڕاستوخۆش دیسان لەسەر داوای سەرۆکی حکومەت بوو، سەرەڕای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە لەسەر داوای بەشێك لە ئەندامانی

پەرلەمان نهێنی بوونی کۆبوونەوەکەمان نەخستە دەنگدانەوە، و پرۆتۆکۆلی پەرلەمانیش ماوە ئەتوانن سەیری بکەنەوە، ڕای حکومەتمان وەرگرت، سەرۆکی حکومەت بە ڕوون و وازیحی لە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان هەیە باس لەوە ئەکات ئەڵێ ئەوە نییە بمانەوە شتێك بە نهێنی بمێنێتەوە و پەخش نەکرێ، ئێمە ئەمانەوێ ڕاستەوخۆ پەخش نەکرێ، باسی ئەوەش ئەکات بۆچی؟ دواتر ئەوەی خستوومانەتە دەنگدان حەز ئەکەم سەرنج بدەن، لە سەلاحیەتی ئێمەیە ئەو دانیشتنە بە شێوەی پەخشی ڕاستەوخۆ بخەینە دەنگدانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوکات ئەو واژوویانەی گەیشتۆتە دەستی ئێمە بۆ نهێنی کردنی دانیشتنەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەبێ هەموو دانیشتنێکی پەرلەمان ڕاستەوخۆ بگوازرێتەوە، بۆیە کێ لەگەڵ ئەوەیە پەخش بە شێوەی ڕاستوخۆ نەبێ؟ (٦٣) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نییە؟ (٧) کەس لەگەڵ نییە، دوای ئەوەی پرۆتۆکۆل هاتە بەردەستی ئێمە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانمان بانگ کرد، لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتیش قسەمان کردن وتمان چی بەلای ئێوە گرنگە، زانیاریەك ڕەنگە تەئسیری لەسەر ڕەوتی گفتوگۆکان هەبێ، و کاریگەری لەسەر دانیشنەکانی ئێوە لەگەڵ عێراق هەبێ پێمان بڵێن بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکە لایبەرین، ئەوان باسی ئەوەیان کرد تەنیا پرێزینتەیشنەکەی بەڕێز (دکتۆر ئاشتی هەورامی) بەلای ئەوان گرنگە پەخش نەکرێ، بۆیە ئەو پرێزێشتەینە دەرهێنرا لەلایەن ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە، و ڕاگەیاندنی پەرلەمانمان ڕاسپارد کە دوای مۆنتاژ کردنی دانیشتنەکە بەو شێوەیە هەموو دانیشتنەکە نەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاو بکاتەوە، ئەوە کارێك نییە بە تەنیا کردبێتمان لەو خولە، لە خولەکانی پێشووش چەندجار دانیشتن بێ ڕاستەوخۆ پەخش کرایە، بەڵام لە هەمان کات دانیشتەکە دوایی بە مۆنتاژ کراوی بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەخش کراوە، و تەئکیدیشم کردەوە، ئەمشەویش زۆر تەئکیدم لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان کردەوە کە ئایا بەسەر هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا دابەشیان کردووە یان نا؟ ڕاگەیاندنی پەرلەمان تەئکیدیان کردەوە بۆ ئێمە کە بەسەر هەمووان بڵاویان کردۆتەوە، پێم وابێ یەك، دوو گلەیی هەبوو لە لایەن فراکسیۆنەکان کە کەناڵێك یان دوو کەناڵ پێی نەگەیشتبێ، بەڵام دیسان تەئکید لەوەش ئەکەینەوە ئەو کەناڵانەش پێیان گەیشتووە یان نا؟ ئەمڕۆ نییە، دوێنێ نییە، ڕۆژی پێنج شەمە بووە، بۆیە لە ڕۆژی پێنج شەمەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەموویان دانیشتنەکەیان لا بووە.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

ببورە ، خاڵێکی ترم مابوو لەسەر، ئێمە لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لەگەڵ هینی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە کۆبوونەوەی ڕابردوو داوا کرا کە فراکسیۆنەکان تێبینی و مولاحەزاتی خۆیانمان بدەنێ، و بەڕێزت داوات لێ کردن تێبینی و مولاحەزاتی خۆیانمان بدەنێ تا ڕاپۆرتەکە ئامادە بکەین، غەیری فراکسیۆنی یەکگرتوو هیچ فراکسیۆنێکی تر هیچی نەناردووە، و ئێمە چاوەڕوانی ئەوانین، بۆیە ئەبێ بەڕێزت دووبارەی بکەیتەوە داواکە، بۆ ئەوەی تا کۆبوونەوەی داهاتوو دواین ڕاپۆرتی خۆمان تەسلیمی بەڕێزت ئەکەین، هەرچیمان دەست کەوتبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتۆر شێرکۆ سەرۆکی لیژنەی وزە و پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان، کە فراکسیۆنەکان هیچ یاداشتێکیان نەداوە بە ئێوە، کەواتە سەرنجیان نییە لەسەر ڕاپۆرتی ئێوە، خۆتان بە زووترین کات ڕاپۆرتی خۆتان پوخت بکەنەوە، ڕاسپاردەکان ئامادە بکەن، و حەق بوو لە دانیشتنی ئەمڕۆ هەبێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵام ئێستاش کێشە نییە، بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان ئامادەی بکەن بۆ ئەوەی بیخەینەوە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر نوقتەی نیزامی هەیە، بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆشمان دوا ئەخات، بۆیە تکا ئەکەم هەر نوقتەیەکی نیزامی هەیە با نیزامی بێ، و بە کورتیش، فەرموو کاک سۆران عومەر.

**بەڕێز سۆران عمرسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بەو پرسە لە مادده (٩) پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ (دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرایی ئەبن و ئەکرێ لەسەر داواکاری سەرۆك، یان یەك لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی کەمتر نەبێ و بە ڕەزامەندی پەرلەمان و بە زۆرینەی ئامادەبووانی ببێتە نهێنی، جارێکی تر داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم، بەرێزت ئەفەرمووی (٦٣) ئەندام دەنگی داوە بۆ ڕاگرتنی پەخشی ڕاستەخۆ، بە چ مافێك کە نهێنی نییە تەجهیزەی مەوزوعەکە ئەکرێ؟ پریزێنتیشنەکەی بەرێز (دکتۆر ئاشتی) دەرئەهێنرێ و نادرێ بە ئیعلام، چونکە دەنگ نەدراوە بۆ نهێنی بوون، بۆیە پێم وایە ئەبێ ئەوەش پەخش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سۆران عومەر لەسەر داوای حکومەت و بەپێی یاسای بەدەستهێنانی مافی زانیاری کە ریسپەڕی کردووە، ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان لە دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا هەیە ڕیسپەڕە لەوەی کە زانیاری بدرێ بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەسەر داوای حکومەت بوو، بەپێی ئەو یاسایە ئەو برگەیە لە دانیشتنەکە دەرهاتووە، فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی یاسایی نووسیویەتی سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) ئەوە نووسراو نییە، بەڵکو ڕاپۆرتە، لەبەر ئەوەی لەلایەن دوو ئەندامی لیژنەی یاساییەوە بە نووسراو ناوی هات، ڕاپۆرتێکی لیژنەی یاساییە، و لەلایەن هەموو ئەندامانی لیژنەی یاساییەوە توقیع کراوە، و بە سیفەتی ئیستیعجال ڕەوانەی بەرێزتان کراوە، و بەرێزیشتان وابزانم کارتان لەسەری کردووە و ناردووتانە بۆ حکومەت، واتە ئەو بابەتە کاتێك ئەدرێتە ئیستیعجال کە ڕاپۆرتی لەسەر نەنووسرابێ، پێش ئەوەی بەرێزتان بیدەنە دەنگدان لیژنەی یاسایی پێم خۆشە کە نوێنەری قوتابیان لێرەیە بۆ ئەوەی بیزانن، پێش ئەوەی ئەو بابەتە بدرێتە

دەنگدان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی کاری خۆی لەسەر کردووە، و لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی ئامادە کردووە و ناردوویەتی، لە هەمان کات هیچ بابەتێك یان ماددەیەك نییە كە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ ماف ئەوەمان لێ بستێنێتەوە کە لەسەر هەمواری پرۆژە یاسایەك یان لەسەر پرۆژە یاسایەك ئێمە مولاحەزاتی جیهەتی مەعنی وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێوە کارێکی ئوسولیتان ئەنجامداوە لە لیژنەی یاسایی کە ڕای لایەنی پەیوەندیدارتان وەرگرتووە، و داواشتان کردووە لە ماوەی هەفتەیەك ڕای خۆیان بدەن، بەڵام بۆ کۆتایی هێنان بەو گرفتەی ئێستا خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکییەکان پێوەی ئەناڵێنن، نایەنە ناو هۆڵەکانی خوێندن، و بۆ ئەوەی ئەوان بڕۆنە ناو هۆڵەکانی خوێندن، و پەرلەمانیش بە کاری خۆی لە بواری یاسادانان هەستێ، بۆیە ئەو ڕاپۆرتەی تر ئامادە کراوە، و ئێستا خرایە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، دیارە لە دوو بڕگەی پێك هاتووە، قسە کردن لەگەڵ ئامادە بوونی سەرۆك، لە ئامادە بوونی سەرۆکی دەستەوە دەست پێ ئەکەم، دیارە بەڕێزیان لەلایەن پەرلەمانتارانی خولی چوارەم دەنگی پێ نەدراوە، ئایا بەڕێزیان یەکێکی تر دەست بەکار ئەبێ، ئایا ئێمە لەگەڵ بەڕێزیان گفتوگۆ ئەکەین هیچ بەرهەمی ئەبێ؟ یان لە ڕووی یاساییەوە کە ئێمە دەنگمان پێ نەداوە، بۆچی سەرۆکی دەستەی نوێ ئەوکاتە بووایە باشتر نەبوو؟ سەبارەت بە قسە کردن نازانم ئامانجی کۆبوونەوەکە نازانین، قسە کردن یەعنی چی؟ ئایا گفتوگۆ ئەکەین؟ بڕیار ئەدەین؟ چی ئەکەین؟ قسە کردن لەسەر چی؟ و دۆخی ناوچە کوردستانییەکان لە چ ڕوویێکەوە؟....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتو بەهار، با بێینە سەر بڕگەی یەکەم، بیخوێنینەوە، ئەوکات بەڕێزت ئەتوانێ سەرنج و تێبینی خۆت لەسەر بڕگەی یەکەم بدەی، هێشتان نەچووینە سەر بەرنامەی کار، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك عومەر عینایەت ئەکەم، ئێمە ئەو چەند پەرلەمانتارە ئەو ڕۆژە کە بایکۆتمان کرد هۆکاری بایکۆتەکە ئەوە بوو کە کۆبوونەوە داخراو بوو، ماف قسە کردن سنووردار کرا، ئێمەش ماف خۆمانە لە کاتێکدا دەنگمان بە داخراوی کۆبوونەوەکە و سنووردار کردنی ماف قسە کردن نەداوە، ئەوەش لەسەر داوای حکومەت بووە، دواتر تێناگەم ئەگەر داخراو بووە بۆ مەعلوماتەکان دزە ئەکەن؟ دواتر ئەو مەعلوماتانە هەموویان دراون بە ڕاگەیاندنەکان، هەرچەندە هیچ لەو مەعلوماتانەی کە ئێمە دواتر لە برادەران پرسیمان و لە کۆنگرە ڕۆژنامە نووسیەکە بیستمان هەموو ئەو مەعلوماتانە بوون کە پێشتر لە

چاو پێکەوتنەکان بلاّو کرابوونـەوە، لـە هـەمان کات لـە ڕاپـۆرتی دارایـی وەزارەتـی سـامانە سەروشـتییەکان هاتبوو، هیچ شتێکی ئـەوە نـەبوو، تـەنیا حکومـەت تـەکلیفی لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کردبـوو، ئێوەش بە تەوافوق لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کردتان بە داخـراو، مـافی قسـە کردنتـان سـنووردار کـرد، ئـەوەش کـاك عمـر ئـەڵێ، زۆر راسـتە، دواتـر ئێمـە لـە مەعەسـکەرێکی سـەربازی نـین، ئامـادەین، واژوومـان کردووە، مافی خۆمان مومارەسە کردووە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، کەچی دواتر عقوبەتان داوین، لـە کاتێکـدا ئێمە مومارەسەی مـافی خۆمـان کـرد، لەگـەڵ کۆبوونـەوەی داخـرا و سـنوودار کردنـی قسـە کـردن نـەبووین، سـەرەرای ئـەوە ئـەبینین لـە کـەناڵێکی دیـاری کـراو هـەموو زانیاریـەکان بـلاّو کراوەتـەوە، دواتـر ئێمـە لـە ڕاگەیاندن پرسیارمان کردووە ئەڵێن ئەوە لەسەر داوای ئێمـە نـەبووە، بـەڵکو بـە نووسـراوی فـەرمی بـەرێز سەرۆکی پەرلەمان بووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمـە ڕوونمـان کـردەوە، ووتمـان کۆبوونـەوە داخـراو نـەبووە، بـە دەنگـدانی ئەنـدامانی پەرلەمان...تکایـە بێدەنگ بە، ڕوونمان کردەوە کـە کۆبوونەوەکـە داخـراو نـەبووە، بـە دەنگـدانی ئەنـدامانی پەرلـەمان بـووە، تەنیا پەخشی ڕاستەوخۆ ڕاگیراوە، دوای ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ ئەوەمان زانی، ئەوکات بۆ هـەموو کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن نێردراوە، بەڵێ مـن داوام لـە ڕاگەیانـدنی پەرلـەمان کـردووە بـۆ هـەموو کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدنی بنێـرێ، و بـۆ یـەك کـەناڵی دیـاری کـراویش نەنێـدراوە، فـەرموو کـاك زانـا، تـۆ دیـارە لـە قسـەکانی مـن تێنەگەیشـتی، دووجـار، سـێجار ئـەوە ڕوون بکەمـەوە، لـە کۆبوونـەوەی پێشـوو دەنـگ بـۆ ئـەوەی نـەدراوە کۆبوونەوەکە نهێنی بێ، ئەو یاداشتە نەخرایە دەنگدانەوە، بەڵکو ئەوە خرایە دەنگدانەوە کە کۆبوونەوەکـە بە شێوەی ڕاستەخۆ پەخش نەکرێ، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی تێبینی و ڕەخنەم هەیە سەبارەت بە کاری لیژنەکان، ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، مـن وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەکە هەست ئەکەم سـەرۆکایەتی لیژنەکـەی ئێمـەی پـەراوێز خسـتووە، ئـەوە بـۆ جاری شەشەمە وەفد دێتـە پەرلـەمانی کوردسـتان، ڕۆشـنبیران و نووسـەرانی سـلێمانی هـاتوون ئاگامـان لـێ نـەبووە، خـەڵك دێتـە ئێـرە، مولحـەقی سـەقافی، قونسـولی ئـەمریکا هـاتووە سـەرۆکی پەرلـەمان لەگـەڵی دانیشتووە، لە کاتێکدا لیژنەی تایبەت هەیە لە نێو پەرلەمان، دوو، سێ جار سەرۆکایەتی پەرلـەمان لەگـەڵ خەڵك دانیشتووە لەسـەر سـروودی ئـەی ڕەقیـب ئێمـە ئاگـادار نـەکراوین، ئەمـەوێ بۆمـان ڕوون بکەیتـەوە، ئەگـەر سـەرۆکایەتی ئەیـەوێ بـە نهێنی ئـیش بکـات و زانیارییـەکان لـە ئێمـە وەکـو لیژنـەی مـەعنی لـەم پەرلەمانە بشارێتەوە، با لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێتەوە کە ئێمە ئاگامان لـە دیـدار و کۆبوونـەوەکان نـەبێ کە ئێمە مەعنین بۆ ئەو کاروبارە، بۆیە لێرەوە بـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ئەڵێم، ئەگەر ئەو پـەراوێز خسـتنە بـەردەوام بـێ، ئامـادە نـیم لـەو لیژنەیـە بم، لـەو لیژنەیـە ئەکشێمەوە،

ناكرێ ڕاوێژكاری پەرلەمانی كوردستان لە جیاتی لیژنە لەگەڵ خەڵك كۆببێتەوە و هەڵسوكەوت بكات، پێم وایە لە هیچ خولێكی پەرلەمان شتی لەو شێوەیە نەبووە، بۆیە تكا ئەكەم ئەزیەتمان مەدەن، ئەگەر لیژنەكە زەڕوور نییە هەر ئەمڕۆ دەنگی لەسەر بدەن و هەڵی بوەشێننەوە، ئەگەر گرنگیشە با ئاگامان لەو كۆبوونەوانە بێ كە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ خەڵكی ڕۆشنبیر و موسەقەف ئەیكات، ناكرێ لە دەمی ئەوانەوە بزانین لەگەڵ سەرۆكایەتی كۆبوونەتەوە، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بزانین لە نێو پەرلەمان چی ئەگوزەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم وابێ لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە هیچ شێوەیەك لە پەرلەمانی كوردستان پەراوێز نەخراوە، چەندین جار ئەو بابەتانەی پەیوەندیدار بووە بە ئێوە، ئێوە خۆتان ئامادە بوون، و تەنانەت ڕاشمانسپاردن، و خۆشتان كارتان لەسەر كردووە، لەسەر پایتەختی ڕۆشنبیری سلێمانی، چەندین هەنگاوی باشتان ناوە، و یەكێ لەو یاسایانەشی كە لە پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی بۆ كرا و دەنگی لەسەر درا، پرۆژە یاسایەك بوو پەیوەندی بە ڕۆشنبیریەوە هەبوو، ئەوەی بەڕێزت باسی ئەكەی خەڵك دێت لەگەڵ ڕاوێژكار كۆئەبێتەوە، لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی كۆئەبێتەوە، ئەوە پەیوەندیدارە بەوانەی خۆیان دێن، داوا ئەكەن بۆ نموونە لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان كۆببنەوە، یان داوا ئەكەن لەگەڵ ڕاوێژكاران كۆ ببنەوە، هاتوون بۆ ئێرە منیش نەمزانیوە ئەوەی بەڕێزت باسی ئەكەی مولحەقی سەقافی ویلایەتی یەكگرتووەكانی ئەمریكا، مەوعیدیان لەگەڵ ڕاوێژكارەكان هەبووە، وەكو چۆن هەندێ جار، ئەوان خۆیان داوای كۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەوان كردووە، ڕەنگە جاری واش هەبێ كۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزتان بكەن، لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری بكەن، لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانیش، هیچ كێشە نییە، كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

براستی لدیف پەیڕەوێ ناڤخۆ ئەڤە هەیف و نیڤە سەرۆكایەتیا پەرلەمانی و گشت ئەندام پەرلەمان، پێشێلكارییەكا هاتیەكرن براستی من دڤێت سەرنجا وە بۆ ڤێ خالێ راكێشم كو ئەو ژی ئەڤەیە لدیف پەیڕەوێ ناڤخۆ فەصلا نەهێ ماددا (٧٩) یەكەم: دبێژیت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەكەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان، راستە ڤەیرانەكا دارایی هەی ل عێراقێ، ل كوردستانێ، بەڵام ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆدا نووسراوە و ماددەیەكی پەیڕەوی ناوخۆیە ژبەر هندێ مەسئولیەتی هەرە گرنگ لەسەر ئەم پەرلەمانەیە، كە ئەم بودجە بەزووترین كات بگاتە پەرلەمانی و ئەنجومەنێ وەزیران و وەزارەتی دارایی بەتایبەتی خەملاندنێ بكەن بۆ بودجێ ئەمە خاڵەك، خاڵی دووەم: بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان: لدیف پەیڕەوێ ناڤخۆ دووەم كارنامەی پەرلەمان ماددا (٥٤) خالاّ دوێ دبێژیتن هەر (١٠) ئەندام بۆیان هەیە داوا بكەن گفتو گۆی بابەتی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمان، ئێمە دوو یاداشت دماوێ ڕابردودا ئەڤە بەری مانگەكێ یە تەقریبەن دوو یاداشتمان داوە یەك بۆ سەرۆكایەتیا پەرلەمان و یەكێكیان (٣٧) واژووی ئەندام

پەرلەمانەکان لەسەرە، کە سەبارەت بەدوادا چوون بۆ بڕیاری (١١) ١٩٩٠/٩/٢٢ سەبارەت بە پارێزگا کردنی چەند شارەك لە کوردستان، هەروەها یاداشتەك زیاتر (٥٠٪) ئەندامانی پەرلەمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە گفتو گۆ بکرێت لە دانیشتنێکی پەرلەماندا لەسەر ئەم بابەتە کە ئەم هەرسێ ناوچەیە بکرێن بە پارێزگا (سۆران و، هەڵبجە و، ئاکرێ) تا ئێستا وەڵام نییە و هەقی خۆمانەش بە پێی ئەو ماددەیە بەراستی گفتو گۆ بکرێت و ببێتە ماددەیەك، یەعنی ئەو قەزییە لە بەرنامەی کاردا دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرنجەکانت بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وڵاهی لەراستیدا من لەو گفتو گۆیەی کە لە بەینی جەنابت و کاك (عمر) دا ڕویدا وا حاڵی بووم هیوادارم وەکو بڵێی حاڵی بوونەکەی من بەو جۆرە نەبێت، وا حاڵی بووم کە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان جەنابت ناتوانی سەرنج بدەی لەسەر هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

باشە، سەرنجی خۆم دەدەم، من پێموایە غیابدانی کەسانێك و ئەندمانی پەرلەمان لەبەر هۆکارێك کە دانیشتنی پەرلەمان بایکۆت دەکەن غیاب بدرێن ئەمە سابیقەیەکی بەراستی خراپە، چونکە ئێمە پەرلەمانی عێراقیشمان هەیە پەرلەمانتارە کوردەکان لەوێ بایکۆتی زۆرێك لە جەلسەکان دەکەن، ئایا دەکرێت لەوێش غیاب بدرێن؟ یەعنی حەز دەکەم بەسەراحەتەن بوترێت ئایا ئەگەر جەلسەیەکی پەرلەمان بایکۆت بکرێت، ئەو پەرلەمانتارە بەغائیب لە قەڵەم دەدرێت یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز مامۆستا (هەورامان) ئەندامی پەرلەمان ئازادە کەلە دانیشتنی پەرلەمان ئامادە نەبێت، بەڵام ئەگەر دانیشتن نیصابی یاسایی خۆی وەرگرتووە ئەوا ئامادە نەبوو، بە ئامادە نەبوون حیسابە، بەڵام ئەگەر نیصابی یاسایی نەبوو ئەوکاتە ئەوا دانیشتن هەر ئەنجام نادرێت، بەڵێ بایکۆتیش هەر ئامادە نەبوون لە دانیشتنی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە، ئازادە لەوەی کە بەشدار نەبێت، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەفسیرا هەوە دەربارەی ماددا ئێكێ ژ بەرنامێ كاری، پەرلەمان موئەسەسەكا تەشریعی یە و هەر تشتەكێ هەڤدژی یاسایێ بیت نابیتن سەرۆكایەتیا پەرلەمانی لدیف تەفسیرا سیاسی پێشێلیا یاسایێ بكەتن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو (امنە) با بێینە سەر بڕگەی یەك بیخوێنینەوە ئەوكاتە جەنابیشت سەرنجی خۆت بدە، بڕگەی یەك، هێشتا نەهاتووینەتە سەر بڕگەی یەك، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالا ئێكێ د دانیشتنا ڕابردوودا ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران پێشنیاریان كر كە سیدی دانیشتنەكەش نەكەڤیتە دەستێ ڕاگەهاندنێ من خۆم یەكێك لەوان بووم و وابزانم دكتۆر (شێركۆ حەمە امین)ش یەكێك لەو بەڕێزانە بوون و ئەوانی تریش نازانم كێ بوون، داوا دەكەم هیچ جیاوازی نەبیتن و هەر پێشنیارێك لەسەر ژمارەیەكی ئەندامانی پەرلەمان بكرێتن بكەوێتە دەنگدانەوە، خالێ دووەم: هیوادارم جەنابێ تە یێ بەڕێز داخازێ ژ ئەڤێن ل سەری ڕۆینشتینە خوارێ بكەت بگەڕن هۆلێت خواندنێ ڤە، چونكە پەرلەمان ب ئەركێ خوە ڕابی و هیڤیدارم ڕێزگرتنێ ل پرۆسەیا خواندنێ بگرن، چونكە جهێ وان هۆلا خواندنێ یە نەك هۆلا پەرلەمانییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وابزانم روون كردنەوەمان دا لەسەر ئەوەی كە جەنابت باسی دەكەی نەمان خستە دەنگدانەوە، چونكە پێمان وابوو كە ئەوەمان خستە دەنگدانەوە كە پەخش نەكرێت، بەلام لە پرۆتۆكۆل دوایی كە سەیری دانیشتنەكەمان كردەوە پەخشی راستەوخۆ خراوەتە دەنگدانەوە ئەگەر نا خۆ ئەو داواكاریەی ئێوەش دەتوانرا بخرێتە دەنگەوە، سەبارەت بەوەش پێموابێت داوای ئێمە سەرۆكایەتی پەرلەمان، داوای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا، داوای ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە كە خوێندكارانی كولێژە پزیشكییەكان بگەڕێنەوە هۆلەكانی خوێندن بۆ ئەوەی دەست بە دەوامی خۆیان بكەنەوە، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لدیف ئەتیكێتێن ڕۆژنامەڤانی دەمێ تۆ بڕیارێ ددەی كو تشتەك نەهێتە پەخشكرن دڤێت دیڤدا ژی نەهێتە پەخشكرن، یەعنی دەم تەحدید نەكریە كو دوو ڕۆژا بهێتە راوەستاندن و پشتی هینگێ بهێتە پەخشكرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێ وەلامم دایەوە، بەڕێز كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵمدا لە وەڵامی جەنابت بۆ هەندێ لە پەرلەمانتاران قسەکانی خۆم نەکەم، بەڵام کورتی دەکەمەوە لە پرسیارێك، چونکە وەڵامەکەیم وەرنەگرت، سەبارەت بە پەخش نەکردنی دانیشتنی پێشوو ئێمە و جەنابتان ئاگادارن هەر بابەتێك لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر بدرێت دەبێتە بڕیار کە بوو بە بڕیار، یەعنی ناکرێت ئارەزومەندانە و مەسەلەن بەویست یان لەسەر داواکاری ڕاگەیاندنەکان بڕیارەکە بشکێنرێت و پەخش بکرێت، فەلسەفەی پشت یان هۆکاری سەرەکی لە پشت پەخش نەکردنەکە ئەوە بۆ بوو پاراستنی سەلامەتی پەیوەندییەکانمان و وەفدی دانوستاندکار و موفاوز کە دەچێتە بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی موشکیلەیان بۆ دورست نەبێت و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئایا لە لایەن حکومەتەوە ئێمە هیچ داواکارییەکمان بەدەست گەیشت تاکو لەماوەی هەفتەیەك لەدوای دانیشتنەکەی ئێمە ئاساییە ئەو بابەتانە پەخش بکرێت یان پەخش نەکرێت؟ خۆ ئەگەر داواکارییەکی وامان بەدەست گەیشتبێت و بهاتبایە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت ئاساییە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئایندە و دانیشتنەکانی ئایندە یان هیچ دانیشتنێك نەکرێت بەنهێنی یان کە دەکرێت بەنهێنی ناکرێت ئارەزومەندانە دواتر بڕیارەکەی ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزتان بشکێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێت وەڵامم دایەوە و، ئەوەی کە لە پرۆتۆکۆڵدا هاتووە سەبارەت بەو پرسە خوێندمەوە بەڕێز کاك (خلف)، مامۆستا عبدالرحن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە لەراستیدا حکومەت کە لێرە داوای کرد دانیشتنەکە نەهێنی بێت ئێمە ئیلتیزامان کرد بە قسەکەوە، بەڵێ پەخشەکە راستەوخۆ نەبێت، بەڵام هەر دوای دانیشتنەکە بەداخەوە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیدا سەرۆك حکومەت و جێگرەکەی سەرجەم ئەو زانیاریانەی کە لێرە بە درێژی باسیان کرد لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بەکورتی باسیان لێ کردو هەمان زانیاری، یەعنی یەك شتی ئەوە نەبوو لێرە باس بکرێت و لەوێ باس نەکرێتەوە، بۆیە دەکرێت کە حکومەت داوای ئەوە دەکات راستەوخۆ پەخش نەکرێت دەبێت لە راستیدا ئیلتیزام بەوەش بکرێت لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە ئەوانەی کە وتران لەوێ دووبارە نەکرێنەوە و ئاشکرا نەکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس ((ابو کاروان)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەڕێزتان بوارتان داوە زۆر بابەتی جیاواز باس بکرێت بەراستی بەرنامەی کار هەیە هەق نییە لەبەرنامەی کار دەربچێت، هیوادارم پەیوەست بین بە بەرنامەی کارەوە و،    زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێت هەندێك پرسیار دورست ببوو لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان کە هەقی خۆیانە وەڵام وەربگرن، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جەلسەی پێشوو ئێمە ئیستینادمان لەسەر ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ کرد، ئێمە داوامان لە جەنابتان کرد بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی قانونییەوە ئەم جەلسە بکرێتە نەهێنی، چونکە ئێمە هەم بە یاسای ژمارە (١) و هەم بە پەیڕەوی ناوخۆ نووسراوە نەهێنی جەلسە نە نووسراوە ڕاگرتنی پەخش، بەڵام من نازانم یەعنی ئەو ماددەیە لەکۆیی پەیڕەوەکەیە کە نووسیوە دەبێت پەخش ڕابگیرێتن؟، یەعنی ئەوە خۆی لە خۆیدا موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆ و ئەو یاسایەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان بڕیارێکی دا کەواتە هەر بڕیارێك یان یاسایەك تۆ پێچەوانەی ئیش بکەی، ئەوە خۆی لەخۆیدا موخالەفەیەکی قانونییە، ئێمە وتمان مەسەلەن تەئسیر لە موفاوەزات دەکاتن شەرت نییە ئەو تەئسیر لە موفاوەزاتی نێوان ئێمە و بەغدادا بکات، ئێمە مەسەلەن وەکو کۆمەڵگای کوردستانی موفاوەزات لەگەڵ عێراقدا دەکەین ئەی ئێستا ئەو بڵاوکردنەوە تەئسیری لەسەر یەکگرتن و یەکڕیزی کۆمەڵگای کوردی کردووە و، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ئیشانە دووبارە نەبنەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، پێموابێت وەڵامم دایەتەوە و ئەو لاپەڕەیەی کە دەنگدانی، تەبعەن پرۆتۆکۆڵ دەدەن بە هەمووتان، بەڵام ئەو لاپەڕەی کە پەیوەندیدارە بە دەنگدان لەسەر ئەو بڕیارەی پێشووی پەرلەمان هەوڵدەدەم هەر ئەمڕۆ بەسەرتاندا دابەش بکرێت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانتان بداتەوە، مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم سەعاتێك زیاترە ئێمە دەستمان...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، کە خاڵی یەکەمی بریتییە لە قسە کردن لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تەبعەن بەڕێزیان، خاتوو (بەهار) بۆ ئەوەی پێشتر وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانی بەڕێز و ئەندامانی تری پەرلەمان بدەینەوە، بەڕێزیان کە تا ئێستا سەرۆکی ئەو

دەستەیەن پێموابێت لە دوای ئەم دانیشتنە ڕەنگە ئیتر ئیستیقالە بکات لە سەرۆکایەتی دەستەکە و سەرۆکی نوێی دەستەکە دەست بەکاربێت، ئێستا مادام هەر خۆیان سەرۆکی دەستەن و بە پێی یاسایی دەستەکەش پێویست دەکات هەموو (٦) مانگ جارێك راپۆرت بدەن بە پەرلەمانی کوردستان و داوایان کردووە، لەسەر داوای خۆیان پێش ئەوەی کۆتایی بە کارەکانیانەوە بێنن بێن لە پەرلەمانی کوردستان کورتەیەك لەسەر کار و چالاکییەکانی خۆیان لەماوەی (٩) ساڵی ڕابردوو بخەنە ڕوو بۆ پەرلەمانی کوردستان و، دوای ئەم دانیشتنەش پێموابێت ئەوەی کە جەنابت باست کرد لە ئیستیقالەی بەڕێزیان و دەست بەکاربوونی بەڕێزێکی تر لەسەرۆکی دەستەکە ئەنجام دەدرێت، خاتوو(امنە) سەبارەت بەو پرسە جەنابت دەتوانی قسەی خۆت بکەی، (بەهار خان) هیچ شتێکت ما بوو؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکانم تەواو نەکردبوو کە بەڕێزت فەرمووت سەبارەت بە سەرنجەکەی تر کە قسەکردن لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکانە، دیارە وشەی قسەکردن جۆرێك لە ناوازحی تێدایە و، هەروەها ئەم بڕگەیە ئامانجی ئەم خاڵە دیاری نەکراوە ئایا ئێمە قسە لەسەر چی ئەو ناوچانە دەکەین بۆعدی ئەمنی، ئیداری، ئابووری، یا خۆد کێشەیەکی موحەددەد هەیە یان چییە ئەو ئامانجەی کە ئێمە ئەم خاڵەمان بۆ داناوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزیان راپۆرتێکی بۆ حازر کردووە راپۆرتەکەی خۆی دەخوێنێتەوە و راپۆرتەکەش هاتۆتە سندوقتانەوە ئەو (presentation) نەی کە ئامادەی کردووە هاتۆتە سندوقی ئەندامانی پەرلەمانەوە، دوای ئەوەی کە بەڕێزیان بابەتەکەی پێشکەش کرد دەرگای گفتو گۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگۆر برگا ئێکێ کو جەنابێ هەوە ئاماژە دا دۆخێ ناوچێن کوردستانی ێن جهێن ناکۆك، پەرلەمان موئەسەسەیەکا تەشریعی یە و هەر تشتەکێ هەڤدژ بیت لگەل یاسایێ بدیتنا من نابیتن سەرۆکایەتیا پەرلەمانی لگۆر تەفسیرێت سیاسی پێشێلیا یاسایێ بکەت، یاسایەك یاهەی پەرلەمانێ کوردستانێ دەنگێ پێدای ئەگەر نووکە هەر جۆرە گۆڕانکارییەك بسەر هندێدا هاتییە کو ئەڤ ناڤە بهێتە گهۆرین پێتڤییە پەرلەمانتارێن بەڕێز وی پرۆژەی تەقدیم بکەن و راستڤەکرنا ناڤێ وێ بێتە کرن، لێ هندی ئەڤ یاسایە یا ناقس بیتن پەرلەمانێ کوردستانێ دڤێتن پێگیریێ بوێ یاسایێ کو وان بخۆ دەرێخستی ڕێزێ ل وێ یاسایێ بگریت، ژبەر هندێ ئەڤە تەفسیرێت سیاسی هەلناگریت ئەگەر مە قەناعەت هەبیت ئەڤ ناڤە ناگونجیت ب

یاسایێ تەعدیل بکەن، بەس هندی ئەڤ یاسایە هەبیتن دڤیا پەرلەمانێ کوردستانێ ژی دناڤ پرۆتۆکۆلێت خۆدا دناڤ بەرنامێ خۆدا ئەوا کو بڕیار لسەر هاتییە دان پێگیریێ پێ بکەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، لەراستیدا یاسای دەستەکە هەموار کراوە و دەستەکە ناوەکەی گۆڕاوە لە فەرمانگەی ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان پێموابێت بەڕێز دکتۆر (محمد) ئەگەر راستی بکەیتەوە ئەگەر هەڵە بم، ناوەکەی گۆڕا بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئێستا بووە بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یاساکە ناوی دەستەکەی گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیارە بە ناوی ئەو ناوچانە ناوێکی موحەدەد لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسا بۆی دیاری نەکراوە، بەڵام هەم ئەو ناوە گونجاوە و بەکار هاتووە لە پەرلەمان و لە لایەن دەزگاکانی تری هەرێمی کوردستان و هەم ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکانیش گونجاوە، چونکە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا گونجاوە بەتایبەتی کە ئێستا دۆخێکی تازە لەو ناوچانەدا هەیە، بۆیە ناونانی بەو شێوەیە پێموانییە کارێکی نا یاسایی و کارێکی نا دەستووری بێت، بەڕێز کاک گۆڕان فەرموو.

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ راست کردنەوە، ناوی ناوچەکان گۆڕاون نەك ناوی دەستەکە، یەعنی بە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستمە یاسای ژمارە (٢)ساڵی (٢٠١٠) یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، دوایی بە تەعدیلێك ناوی دەستەکە هەموار کراوە و کراوە بە دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دکتۆر (محمد) لەوە دەچێت خۆی دوایی روون کردنەوە بدات لەسەر ئەم پرسە، بەڕێز کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالارمحمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا ئەم دەستەواژەیە بابەتێکی زۆر جەوهەری نییە، بەڵام ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان یان دەبێت پشت ببەستین بە دەستوور کە ماددەی (١٤٠) بە ناوچە کێشە لەسەرەکان (المتنازع علیها) هاتووە یان ئەوەتا ئێمە بڕیارمان هەیە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم کە دەڵێت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان دەبێت مولزەم بێت بە یەکێك لەو دوانە ئەگینا ناکرێت ئێمەش خۆمان دەستەواژەیەکی تر ئیزافە بخەینە سەر ئەو دەستەواژەیە، من پێموایە مەسەلەیەکی زۆر جەوهەری نییە، بەڵام دەکرێت لە داهاتوودا موعالەجە بکرێت یان هەر لەم جەلسەیەدا موعالەجە بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەكرێت موعالەجە بكرێت و تەوحیدی ئەو بابەتەش بكرێت، بەڕێز كاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێستا ئەو بڕیارەی سەرۆكایەتی هەرێم مان هەیە، كە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، بەڵام ئەم بڕیارەی بەڕێز سەرۆكایەتی هەرێم پێش واقعێك بوو كە لەم دواییە ئەم واقیعە گۆڕانی بەسەردا هات، ئێستا ئەم ناوچانە كوردستانین لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشنین بەو پێیەی كە سوپای عێراق لەوێ نییە، پێشمەرگە لەوێ حزوری هەیە، ئەگەر ئێمە یەعنی من هیوادارم بە بڕیارێك بێت یان بە خوێندنەوەیەكی قانونی بێت ئەمە تەسبیت بكەین، چونكە ئەم واقیعە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، من دڵنیام هەموو هێزە كوردستانییەكان و ئەوانەی كە پشتگیری كوردستانی بوونی ئەو ناوچانە دەكەن تەشجیعی ئەوەش دەكەن كە ئیدارەكەیان ئێستا لەگەڵ هەرێمە و ئەمە بەردەوام بێت، كە ئیدارەكە كەوتۆتە دەستی ئێمە خۆشبەختانە بەهەر واقعێك بێت باش نییە ئەمە دیسانەوە تەسمیە بكەینەوە، چونكە دڵنیام ڕەنگە بڕیاری پێویست تر هەم لە سەرۆكایەتی هەرێم و هەم لە پەرلەمان دەر بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئۆمێد.

**بەڕێز ئۆمێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیشكال لەوەی نییە ناوی دەستەكە چییە، دەستەكە بە پێی ئەو یاسایە ناوی خۆی هەیە، ئەوەی مەبەستە قسە دەربارەیەوە بكەین ئەو بڕیارەی سەرۆكایەتی هەرێمە كە بڕیار دراوە بۆ ناوچە كوردستانییەكان كە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن ئەو ناو و موفرەدانە بەكارنەین، كە لە دەستووری عێراقیشدا هاتووە لە لایەن عێراقیەكانیشەوە قسەی دەربارەوە دەكرێت تەنیا ئەو بوعدە سیاسی و تاریخی و نیشتمانییەی هەیە، كە دەڵێت ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، واتە ناوچەی كوردستانین، بەڵام لەناو ئیدارەی هەرێمی كوردستاندا نین، ناكرێت بێت پەرلەمانی كوردستان پێشێلكاری بكات دەربارەی ئەو بڕیارە كە لە هەمان كاتیشدا ئێمە داوا لە مێدیا، لە خەڵك دەكەین ئەو ناوە بەكار بێنن كە مەغزایەكی سیاسیی هەیە، دیسان دەڵێم تاریخی و نیشتمانییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كۆتایی بەو گفتو گۆیە دێنین، با بەڕێز دكتۆر (محمد احسان) سەرۆكی دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەی.

**بەڕێز د.محمد احسان (سەرۆكی دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی، خۆشك و برا بەڕێزەکان، بەراستی زۆر برادەران پرسیاریان کرد کە بۆ ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ هەقیقەت غەرەزێکی زۆر ئیعتیادی هەبوو لەسەر داخوازی من بوو لەگەڵ برادەرانی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان خۆش بوو لەبەر خەڵکی کوردستان و هەقی خەڵکی کوردستانە بزانین کا ئێمە لە چی قوناغداین چی کراوە تا ئەمڕۆ؟ تا کو زیاتر لەبەر ئەمڕۆ وەزعی ناوچەکە گۆڕاوە ئێمە لە قۆناغێکی تر داین یاساکە لە گۆڕینە زیاتر موحتاجیمان بە هەما هەنگی لەنێوان پەرلەمان، دەورێکی فاعیل تر و ئەکتیف تر هەبێت لەسەر ئەم کێشەیە لەبەر ئەوەی هەقی خەڵکی کوردستانە، واتە ئێوە هەمووتان نوێنەری خەڵکی کوردستانن، هەدەفێکی تر تاکو قازانج لە هەڵەکانی پێشتر بکەین و هەقی خەڵکە بزانین کا چی کراوە، ئەو نوقتانەی کە باس بکەم ئەمڕۆ لێرە هەقیقەت پێشەکی من دەمەوێت سوپاسی ئەو خەڵکە بکەم کە لەگەڵ منیان کار کردووە یان پێکەوە کارمان کردووە و بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەستە لەگەڵمان کاریان کردووە، ئەوانەی کە لە لیژنەی باڵای (١٤٠) وەکو خۆشکە (نەرمین عثمان) و کاك (ابو بکر) و لە فەترەی ئاخیری دکتۆر (صاحب)، من پێم خۆشە بزانین ئایا کە ئێمە باسی ناوچە دابراوەکان دەکەین ئەمڕۆ باسی چی دەکەین، ئێمە زۆر کەس لە کوردستان هەقیقەت ئێمە زۆر جار باسی موستەلەحات و رەقەم و ئەو داتانەمان نییە، ئەمڕۆ ویستم چەند رەقەمێك بیخەمە بەر دەستی ئێوە، کە دێی باسی مەساحەتی عێراق دەکەی ئەمڕۆ (٤٣٧,٥٠٩) کیلۆمەتر مورەبەعە، کوردستان لە ٣/١٩ ئەم تاریخە زۆر گرنگە پێویستە پەرلەمانتاران ئەوانەی کە موهتەمن هەموومان بە ماددەی (١٤٠) ئەم رەقەمانە با لەبیر نەکەین (٥٠,٣٢٨) کیلۆمەتر مورەبەعە، حەجمی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (٤٥٠,٥٠) کیلۆمەتر مورەبەعە، یەعنی زیاتر لە (٤٨٪) لە خاکی کوردستان جاران لە دەستوور پێی دەگوت (مناطق متنازع عليها) ئێمە  کوردستان زۆر موستەلەحمان بەکارهێناوە ئەم کێشە لە حکومەتیش هەیە تا ئێستا زۆربەی دام و دەزگاکانی حکومەتیش جارێك نووسراو دەنێرێت بە ناوی ناوچە دابڕاوەکان یان ناوچە کوردستانییەکان، ناوچە جێ ناکۆکەکان ئەمە دەلیلی تەخەبوتی سیاسییە لەناو کوردستان لەسەر ئەم مەوزوعە ئەمە جێگای رەخنەیە بۆ هەموو جێگایەك هەقیقەت لە منەوە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت، من نووسینم هەیە لە پەرلەمان هەرجارێك بە نووسراوێك شت بۆ من نێردراوە لە دام و دەزگاکانی پێشوو تا ئێستا ئێوە ئەو شتەتان بۆ من نە ناردووە بەو شکلە، داوای لێ بووردن دەکەم، ئەمڕۆ ئەو جێگایانەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دان بە سەنتیمەتر پێتان دەڵێم (١٠,٤٨٢) کیلۆمەتر مورەبەعە، یەعنی جێگای شەڕە و خەڵکێکی زۆریش لەسەر ئەم کێشەیە ئەمڕۆ خوێنی ڕشتووە، مەساحەتەکان ئەوانەی ئەگەر ویستتان هەموو هەر جێگایەك کام جێگا چەند بەدەستی داعشە و، چەند بەدەستی ئێمەیە، ئەمڕۆ چەند رزگار کراوە و، چەند رزگار نەکراوە؟ لەگەڵ ئەم مەلەفە دەبینن، ئێمە کەدێین باسی ناوچە کوردستانییەکان دەکەین پێویستە قەت لەبیر نەکەین (١٤٠) کە باسی ماددەی (١٤٠) دەکەی دوو ماددەی قانونی ئیدارەی دەورە کە پێویستە باسی

(٥٨) و (٥٣) بكەین، کە باسی (٥٨) دەکەین باسی سێ قۆناغە ئەساسییەکان دەکەین، باسی (تطبیع)، ئیحساء ، ئیستیفتاء دەکەین، باسی ماددەی (٥٣) دەکەین، ماددەی (٥٣) قانونی ئیدارەی دەوڵەت کە هاتۆتە هەردوو مادده کە لە دەستوورەوە لە ماددەی (١٤٣) دەڵێت قانونی ئیدارەی دەوڵەت هەموو ئیلغایە ما عەدا (٥٨) و (٥٣) ئەمەش هەقیقەت پێویستە زۆر لەبرادەران تەئکید لەسەر (٥٨) دەکەن (٥٣) لە بیریان نەچێت (٥٣) کلیلی حەل کردنی حدودی ئیدارییە، (٥٣) و (٥٨) ئایا حکومەتی ئیتیحادی لە دوای (٢٠٠٥) وە تا ئێستا چی کردووە، ئێمە چیمان کردووە، ئەگەر گونەهبارین خەتاکە لە لای خۆمانە، ئەگەر ئیشێکی باشیشمان کردبێت هەموو خەڵکی کوردستان کردوویەتی و ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت ئێمە تەحەمولی هەڵەکە دەکەین، لە حکومەتی عەلاوی بە ئەمری دیوانی(١٥)ی ٢٠٠٥ لیژنەیەك دامەزرا (تطبيع الأوضاع في كركوك)، باسی ناوچە کوردستانییەکانی هەمووی پێکەوە نەکرد، ئەم لیژنەیە یەك کۆبوونەوەی نەکرد، یەك جاریش دانەنیشت و یەك دیناریشی تەرخان نەکرد، ئێمە دونیامان هەژاند کە لەگەڵیان دانیشتین، هیچ شتێك نەکرا پاشان حکومەتی جەعفەری لە مەسائیلی جێبە جێ کردنی فەقەرەی (٥٨) هیچ شتێکی ڕوونەدا بۆتە دەستوور، لە دەستوورە وە دەستوور فەقەراتی (٥٨) و (٥٣) بە هەموو شکلێکی هێنایەوە ناو دەستوور لە ماددەی (١٤٠)و، لە ماددەی (١٤٣) دەڵێ ﴿يلغى قانون ادارة الدولة المرحلة الإنتقالية وملحق عند قيام حكومة جديدة باستثناء ما ورد في الفقرة (٥٣) والمادة (٥٨)﴾ لە بەرنامەی حکومەتی مالیکی (٢٢) وتی ماددەی (١٤٠) جێبە جێ دەکەین و تەتبیع و﴿٣﴾ مەرحەلە و ﴿٣﴾ تاریخی جیای بۆ دانا، وتی لە ﴿٢٠٠٧/٣/٢٩﴾ تەتبیع تەواو بێت، ئیحساء لە ﴿٢٠٠٧/٧/٣١﴾ تەواو دەبێت، لە ﴿٢٠٠٧/١١/١٥﴾ ئیسنتیختا تەوا دەبێت، لە فەقەرەی دووەم، لە بەرنامەجی حکومەتی مالکی لە ﴿٢٠١٠/١٢/٢٢﴾ زمانەکەی گۆڕی، وتی جێ بە جێی دەکەین، ﴿حفاظ على الدستور﴾، زمانەکە ئەگەر سەیری بکەن و ئەوانەی عەرەبی دەزانن زۆر زمانەك ڕەکیکتر و بێ فەعلیتر دەبێت، بەڵام تەشکیل نەبوو ئێمە لیژنەیەك هاتە تەشکیل کردن لە ساڵی ﴿٢٠٠٦﴾ من نوێنەری هەرێمی کوردستان بووم لەگەڵ خوشکە ﴿نەرمین عثمان، بابەکر، کاکەڕەش﴾ لە کەرکووکەوە کارمان کردووە لەسەر ئەو لیژنەیە کە یەکەم جار ﴿هاشم شبلی﴾ کە پیاوێکی زۆر بەڕێز و خواناس و حەقناس بوو، پێویستە حەقیقەت خەڵکی کوردستان قەت لەبیری نەکەین و ﴿رائید فەهمی﴾ پیاوێکی زۆر قانونی و یاساناس بوو، ﴿هادی عامری﴾یش پیاوێکە زۆر کاری کردووە ڕێزم بۆ هەیە، ئێمە هەر سێ سەرۆکی لیژنە بووین لە ﴿٢٠١١﴾ەوە، کۆمەڵێك کۆبوونەوەمان کردییە لەو کارە گرنگەی لیژنەکەمان چ بوون؟ کە بتوانین قوناغی یەکەم جێ بە جێ بکەین، خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئیحساء و ئیستیفتاء، ئایا ئەم کارەمان کرد یان نا؟چی مان کرد لەم کارە؟ حەقیقەت حکومەت پارەیەکی تەرخان کرد تاکو ﴿٢٠١٣﴾، یەك ملیار و ﴿٢٨٦﴾ملیۆن، یەعنی بیماحدود ﴿١,٣﴾ بیلیۆن دۆلاری، تەرخان کردییە بۆ ئەم لیژنە، ئایا کێ قازانجی کردووە لەم پارانە؟ ئەگەر بێی سەیری ئەو ڕەقەمانە بکەی چەند وافد و چەند موڕەحەل تەعویزی وەرگرتییە؟ کۆی گشتی موڕەحەلەکان ﴿٨٣٩٢٦﴾هەشتاو سێ هەزار و نەهـ سەد و بیست و شەش، ﴿١٣٢٥﴾سێزدە هزار بیست و پێنج وافد کە پارەی خۆی وەرگرتییە و خەڵکێکی زۆر ماوە

كە وەرینەگرتییە لەبەر كەم بوونی پارە لە دابین كردنی میزانیە و راوەستاندنی كاری دەستە و كاری لیژنەكە، ئەو كارانەی كە كردمان تەعویزمان دا بەخەڵكێك كە ئەوی مورەحەلە بگەڕێتەوە و ئەوەی كە وافدە دەربچێت و پاشان كێشەی عەرز، ئێمە نێزیكەی ﴿٧٥٧٦﴾ عقودی زیراعی ئیلغامان كردووە لە كەركووك، پرۆژەی قانونی ئیلغایی ﴿قرارات مجلس قیادە الثورة﴾كە كارێكی زۆر زۆری دەوێت و كارێكی زۆر وردبینی دەوێت و قەراراتی لیژنەی شئونیشمان، ئەوانیش كاری خۆمان كرد و خستمانە بەردەستی و قەرارەكان لای خۆمانە و عقودەكان بە سەلاحییەتی خۆمان بوو و توانیمان ئیلغای بكەن، بەڵام قەراراتی ﴿مجلس قیادە الثورة﴾ پێویستە بچێتە پەرلەمانی عێراق كە تا ئێستا نەیكردووە، بەڵام واقع حاڵ ئەرز، خاك، ئەوانەی كە كشتوكاڵ دەكەن ﴿١/٢٥٠/٠٠٠﴾یەك ملیۆن و دووسەدو پەنجا هەزار دۆنەم عەرز ئەمڕۆ بە دەستی برادەرانی توركمان و كوردەكانن لە ناوچە دابڕاوەكان، ئیستیغلالی دەكەن كەتا ئێستا مەلەفی قانونی تەواویان نەكردووە، عقودەكانیان تازە نەكردووە و ئەوانەی مولكییە ساف نەبووە لەبەر ئەوە زۆرجار برادەران باسی دەستەی مونازەعاتی مولكیە و شتی وا دەكەن و حەقیقەت ئەمانە دوو بابەتی جیاوازن، عقود جیاوازە، كێشەی ئەرز جیاوازە و كێشەی موڵكیەتی خانوو جیاوازە، ئەگەر سەیر ئەم كیتابە بكەین كە لە ﴿٢٠٠٩﴾ەوە ئیلغای هاتووە لە ﴿مجلس قیادە الثورة﴾ كە هەموومان ناردووە بە ئیمزای ﴿رائد فهمی﴾ بۆ ﴿مجلس وزراء﴾ و مەجلسی شۆرای دەولەت، لە ساڵی ﴿٢٠١١﴾ ویستیان حكومەت كارەكان بگوڕێت جارێكی تر، ئەو شتانەی كە كردوومانە محاولە بكات رێگری لێ بكات و كەوتە مەلەفێكی سیاسی زیاتر كە ئەغلەبییەتی قانونی گرت بۆ حەلكردنی كێشەی سیاسی، ئێمە چ كارمان كرد بۆ خۆئامادەكردن بۆ سەرژمێری؟ ئێمە كە باسی سەرژمێری دەكەین پێمخۆشە برادەران لە كوردستان و لە پەرلەمان بۆیان روون بێت كە باسی سەرژمێر دەكەین، سەرژمێری پابەند بە ماددەی ﴿١٤٠﴾، سەرژمێری گشتی عێراق نییە، تەحزیر كردنی سجلی ناخبە، ئایا كێ بەشدار دەبێت و كێ حەقی بەشداری هەیە لەم سەرژمێرییە، بۆ ئەو كارە كە دەبێت بكەین ئێمە لە لیژنەكە هەموومان ئیتفاقمان كرد لەگەڵ ﴿مجلس وزراء﴾ كە ببێتە ئەساسی ئیحسائی ﴿٥٧﴾، سجلاتی ﴿٥٧﴾ لە هەموو جێگایەك كە تەواومان كرد لە شنگاڵ ﴿٧٤﴾ سجل و لە زوممار ﴿٩٠﴾سجل و لە حەمدانیە ﴿١٠٢﴾ سجل ، باشیك ﴿١٠٤﴾ سجل ، شێخان ﴿١١٤﴾ سجل ، كەركوك لەگەل قەزا و ناحییەكان ﴿١١٧٠﴾سجل، سەلاحەددین و خورماتوو ﴿١٢٤﴾ سجل، سلێمان بەگ ﴿٥٥﴾ سجل و ئامرلی ﴿٦١﴾ سجل، هەموو سجللاتەكانی ﴿٥٧﴾،دەی تڕینمان بۆ كرد پرۆگرامێكمان بۆ دانا كە بتوانین ئەمڕۆ ئەگەر باپیری لە كەركووكە و كوڕەكەی لە شوێنێكی ترە، تاكو بتوانی ئەپدەیت بكەی و بە یەك كلیك خۆ حازركردنی تەواوت هەبێت بۆ سەرژمێری و ئەو داتایانە لە لامان هەیە بە كومپلیت داتاكە، حكومەتی عێراق زۆر ویستی شەڕ بكات و زۆر تۆمەتباری ئێمەیان كردن وتمان ئەمە ئەرشیف و داتایەكی نەتەوەییە و بەكەس نابیت و موڵكی خەڵكی كوردستانە تاكو ئاسارەكان بمێنن بتوانین كاری لەسەر بكەین، هاتینە سەر بابەتی حدودی ئیداری، بە راستی ئێمە لە پێش ﴿٢٠٠٧﴾ەوە لە مانگی ﴿١١﴾ەوە لیژنەیەكمان دامەزراند لە كاتی هەموو گوڕانكاری حدودی ئیداری كە لە

﴿١٩٦٨ تا ٢٠٠٣﴾له عێرق كراوه، نوقتەیەكی تر هەیه پێم خۆشه دیار بێت لای هەندێ برادەران كه زۆر جار ئێمه به نەفەسێكی كورت سەیر دەكەین، دەڵێین: ئەگەر حدودی ئیداری تەواو بێت چەمچەماڵ له سلێمانی دادەبەزێت دەچێته سەر كەركووك، ئەم جێگایه بۆ جێگایەكی تر دەچێت، حەقیقەت لەبەرئەوە نافەهمێكی تەواوی هەیه، لێرەدا دەوری ماددەی ﴿٥٣﴾ خاڵی ﴿ا و ب﴾ هەیه، پێویسته لێره بزانین سنووری هەرێمی كوردستان كه باسی ﴿٥٠﴾هەزار كیلۆمەتر چوارگوشه دەكەین له ﴿٢٠٠٣/٣/١٩﴾ له سەر بنەمای مادەی ﴿٥٣﴾ خاڵی ﴿ا و ب﴾، دەستور ئیعترافی كردووه ئەو حدودەی له پێش تەقەی یەكەمی شەڕ، ئەو حدودەی كه له كوردستانه جێگای نیزاع لەسەر نییه، لەبەر ئەوه له دەستور دەتوانرێت له سەلاحەددین و دیاله له نەینەوا، له هەولێر، له دهوك و له سلێمانی سنوری كوردستان ئەوەیه، جەنابی سەرۆك كۆمار لەسەر ئەساسی راپۆرتی خۆمان حەقیقەت زۆر مەشروعه قەرارێكی نارد بۆ پەرلەمانی عێراق كه مەشروعه قەرارەكەی جێ به جێ بكەن و تەغیراتی حدودی و ئیداری بگەڕێتەوه وەكو خۆی، بەڵام تا ئێستا قەراری یەكەمی بۆی كرد و تا ئێستا بۆی نەكردووه و پێویسته وەكو كوردستان زەغت لەسەر ئه وبابەته بكەین تاكو جارێكی تر بگەینه گفتوگۆ، ئەگەر ئەو جێگایانەی كه ماون به خوێن نەگەڕێنەوه سەر كوردستان، كه دەڵێم ﴿١٠﴾ هەزار كیلۆمەتر ئەمڕۆ ماوه له دەستی داعش، یەعنی جەناباتان دەزانن مەبستم چییه حەقیقەت، پاشان ئەو كارەی كه خۆمان عەینی كات حازرمان كرد لەگەڵ موفاوزاتی هەڵبژاردن دانیشتین له بەغداد، پرۆژەی یاسای قانونی ئیستیفتائمان دانا و قانونی ئیستیفتائیش كێ حەقی بەشداری كردنی هەیه و لەسەر چ بنەمایەك؟ پرسیارەكان چی بن؟ مەشروعه یاساكەشمان ئامادە كرد بۆ برادەرانی پەرلەمان و دانیشتین لەگەڵ موفاوزیەی هەڵبژاردن، ئەو كاته جەنابی سەرۆكی حكومەتی فیدراڵ، تەداخولی ئەم بابەتەی كرد و زانی ئەمه كێشەیه، هەمان كاری خۆیان كردووه و به تەواوی بەرەو پێش چووینه با ئیشەكان راوەستێت، كه حەنان فەتلاوی ئەگەر سەیری ئەم لینكه بكەی كه دەڵێت من ئەو كێشەیەم راوەستاند، كه به راستی هیچ ئیشەكەی نەراوەستاند و حكومەت و سەرۆكی حكومەتی ئەوكات كه ویستی ئەم بابەته حەل نەبیت و نەگاته هیچ قوناغێك و نه حەل كردنی ئەو كێشەیه لەو كاتەدا بۆ من یەكێك له هۆكاره گرنگەكانی بروزی داعش بووه و خەسارەتی عێراق بووه، یەكێك له هۆكاره گرنگەكانی ئەم كێشەیه ئەوه بوو كەتەعتیلی نه جێ به جێ كردنی ماددەی ﴿١٤٠﴾ بووه، ئەمه لوقمەكه لەوێ دەستی پێكرد و تەمەنناش دەكەم رۆژێك ئەوانەی كه ئیعاقەی دەستوریان كردووه و رێگربووینه یان رێخۆشكەر بووینه بۆ ئەو كارەساتی ئەمڕۆ كه خەڵكی كوردستان و عێراقی تێدایه بگەنه ئیجرائی عادل و حەقی خۆیان، پاشان له پێشەوه چییان كرد پێم خۆشه ئەم نوقتەیه زۆر تەركیزی لەسەر بكەم من نامەوێ زۆر كاتتان ببەم و به تەئكید زۆر پرسیارتان هەیه، ویستیان مورەحلینەكانی خەڵكێك كه تەرحیل كراوه به هۆكاری سیاسی له هەموو عێراقەوه مەشمول بێت بەم ماددەیه، له هەموو عێراقەوه پێویسته، ئەم نوقته سەبەبێكی ئەساسییه كه ویستم قسه بكەم لەگەڵ پەرلەمان ئەم نوقتەیه بووه تاكو خەڵكێك، من خەمی ئەو كچەمه كەبەیانی زوو هەستاوه بۆ تەقدیمی

موعاملات و چووەتە دائیرەی نفوس و چووەتە بیتاقەی تەموینی، منالەکانی خۆی بە جێ هێشتووە و ﴿٦٠٠﴾هەزار موعامەلەمان کۆکردەوە و بە یەك بڕیار، کە ئەم بڕیارە زەرەری بۆ کوردستان کەمتر نییە لە زەرەری مووچەنەدان بە خەڵکی کوردستان، بە راست، وتی هەموو پارێزگاکانی عێراق لەسەر پێشنیارێکی ﴿حەنان فەتلاوی﴾ مەشمول بێت بەم ماددەیە، ﴿حەنان فەتلاوی﴾ کتابێکی بۆی کرد کە لە وەسەت و جنوب حاڵاتی وەکو کەرکووك هەیە، وتمان تەنها ئەو ناوچەیە و بابەتە موتەنازع عەلیهایە، هەیە، نوقتەیەکی زۆر گرنگ هەیە ئێمە لە ماددە ﴿١٤٠﴾ تەحدیدی ناوچەی موتەنازەع عەلەیها مان کرد، لەبەر ئەو سەبەبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لێ ڕا دەکرد و لە مەرحەلەی دەستور خۆیان لێ ڕا کرد، هەموویان پێکەوە نەیانتوتانی بگەنە ئیتفاق کە بتوانین باسی کام ناوچەن، ئەوانەی کە موتەنازع عەلەیهین؟ ئێمە هەموومان دەستنیشانکرد لەبەر بیتاقەی تەموین نەقل دەبێت و سجلی نفوسەکەشی نەقل دەکەین لەگەڵ ئیجرائات و زەوابتەکانی، ئەو ناوچانە هەموومان تەحدید کرد لە بەدرە و جەسانەوە تاکو شنگال، دەگەرێمەوە سەر ئەم کیتابە، ئەگەر بێی سەیری بکەی، دەڵێت ﴿حصلت موافقة رئيس الوزراء على شمول كافة للحالات في الوسط و الجنوب، المشابهة الحالات في منطقة الكركوك اشارة الى ما وردت بمطالعة د، حنان فتلاوي عضو لجنة تشكيل المادة ١٤٠ مرفقة﴾، ﴿ok﴾، ئێمە وتمان کاکە ئەگەر وەسەت و جنوب مەشمول بێت پێویستە ئەم بڕیارە کوردستان هەمووی بگرێت، هەموو عێراق بگرێت، یان وەسەت و جنوبیش نەگرێت، یان کوردستانیش وەکو وەست و جنوب بێت، ئێمەش موڕەحەلمان هەیە لە کوردستان تووشی دەربەدەری و تەرحیل بووە، بەڵام خارجی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەیە، وتمان لیژنەیەك دابنێن ئەم لیژنەیە بەم کتابە یەکەم جار، وتیان ئەگەر سەیری بکەن لەبەر ئەوە ئێوە دەبێت پارەکە بدەن وتمان ئەم پارەیە پارەکەی خۆمانە ئەوەی کە ئێوە دەیدەن، پارەی جێ بە جێ کردنی ماددەی ﴿١٤٠﴾ لە نەفەقاتی سیادییە لە میزانیەی مەکتەبی رەئیس وزرایە و لە میزانیەی مەکتەبی رئیس وزراء من ﴿١٧٪﴾ حەقی کوردستانم هەیە، بۆ وا بکەین؟ ویستیان کەیسی وەقت بگۆڕن و چووینە مەحکەمە و ئیستیشار و قانونی، وتیان کاکە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتحادی حەقتان نییە ئێوە پێویستە بیدەن، ئەخیرەن زۆر ئیلحاحمان کرد و وتمان هەموو کەسێك لەسەر ئەمە بەشدار دەبێت لەسەر ئەو داتایانەی کە بەشداریان کردووە و تەقدیمی موعامەلەیان کردووە ﴿١٣٠﴾هەزار عائیلە لە هەولێر و ﴿٢٥٠﴾هەزار عائیلە لە سلێمانی و ﴿١٣٩﴾ هەزار عائیلە لە دهوك، ئەمە رەقەمە، هەر عائیلەیەك زوبارەیەکی وای تەواو کردووە کە تاکو ئیسبات بکات مەشمولە بە زەوابتی ماددەی ﴿١٤٠﴾،ئێمە ئەم داتایانە هەمووومان پێکەوە دەستەی گشتی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە راستی سوپاسی ئەوانە دەکەم ئەوەی قانونی بێت و ئەوەی مودیر عامە، ئەوەی موستەشارە، هەمووومان پێکەوە چووین کاری دی تێنتریمان کردووە، ئەم داتایە بوویتە ئەساسی سەرەکی کە پەرلەمان و حکومەت ئەم داتایانەی بردوونەتە بەغدا بۆ قانونی ئەوەی موتەزەریرمان کرد، پاشان چ بۆمان دەرچوو لە دوای شەڕێك لەگەڵ مەحکەمەی ئیتحادی؟ کێشەم هەبوو لەگەڵ مەحکەمەی ئیتحادی و چووین و حەقیقەت پشتگیری تەواومان نەبوو لە کوردستان

لەسەر ئەم بابەتە، حەساس بوو، لەو کاتە دەنگویەك لە عێراق بۆ مەحکەمەی ئیتحادی هەبوو، بۆمان دەرچوو وتی ﴿بين دولة رئيس وزراء الى المحافظات اربيل، دهوك، سليمانية، لم تشهد عملية تهجير﴾ ئەگەر سەیری ئەم کیتابە بکەن بە وزوحی ئەمە ئیمزای مودیر مەکتەبی رەئیس وزەرایە لە ساڵی﴿٢٠١٠﴾، ﴿لم تشهد عمليات تهجير كما انها لم تذ مناطق متنازع عليها،اذا فى انها غير مشمولة بصرف والتعويزات و كذالك حالات المثلية﴾ یەعنی ئەم کیتابە وازحە کە رئيس وزراء دەڵێت، کوردستان هیچ تەرحیل و تەرجیعی تێدا نەبووە، چووین حەلی کێشەکەمان بردە بەر دەستی مەحکەمەی ئیتحادی جارێکی تر، من باسی تەفاسیلی محکەمەی ئیتحادی ناکەم تاکو تەعن لە بەرێزم هەیە هەندێکیان رەفیقی منن، بەڵام لە مەوقفیان و چوونە بارێك کە بە راستی بێتە قازی، بە راستی تەحەمولی مەسئولییەت بکات و ببیتە قازی لەوێ نەمدیت، ﴿مما فى﴾ هەندێ برادەرانی کوردیش ئەوانەی لەسەر کوردستان مەحسوبن، بڕیارەکانیان وایان لێ کرد وتی ئەمە شتێکی ئیدارییە لە نێوان تۆ و سەرۆك وەزیران، بەڵام من ﴿٦٥٠﴾ هەزار خێزان تا ئێستا ئینتیزار دەکەن تاکو رۆژێك کەسێك بە من نەڵێت حەقیقەت ﴿محمد احسان﴾ کەمتەرخەم بووە، ئەمە حەقی خەڵکە، پێویستە وازح بێت و جێگایەش نەمێنێت لەم کوردستانە لە ناحیەی قانونیەوە پیرۆزتر بێت تاکو بێخمە بەردەستی جەنابتان، ئەگەر بێم سەیری ئەو سپێلە بکەین و داوای پارەمان کرد بۆ ئەوانەی لە ﴿٢٠١٣ و ٢٠١٤ و ٢٠١٥﴾، تەبعەن لە ﴿٢٠١٣﴾ەوە هیچ شتێك نەکەوتووە دەستمان و پارەمان نییە بۆ ئەم جێگایانەن ئەگەر حەزتان لێ بێت من راپۆرتم بۆ ئێوە ناردووە و راپۆرتەکانیش بۆ ئێوە دەنێرم ئەگەر ویستان بزانن تەفاسیلی سنووری ئیداری کە بزانن لەبەر ئەوەی هەندێك جێگا هەیە حەقیقەت خەڵکێك دوور نییە ئەوەی بۆ نەبێت، تەفاسیلەکان من ئەوەتان بۆ عەرز دەکەم تاکۆ بزانن چی بووە و حەجمەکان چی گۆڕاوە؟ و راپۆرتێکیش جارێکی تر دووبارە دەکەم و لە خولی پێشینی ئێوە هەر ﴿٤﴾ مانگ جارێك راپۆرتم دەنارد بۆ پەرلەمان و بەداخەوە نە رۆژێك پەرلەمانتارێك وتی راپۆرتەکەی ئیوەم بە دەست گەیشت و نە وتی دەستتان خۆشبێت و نەکەس وتی ماڵتان وێران بێت، ئەبەدەن، ئەگەر بێین سەیری ئەمە بکەین تەفاسیلەکان هەموو لە لامان هەیە لە حدودی ئیداری کە چ پێویستە بیکات؟ و حەجمەکەی کام جێگا، لەبەر ئەوەی ئەمرۆ شەڕی داعش زۆر خەڵکی پێکاند کە پارچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئێمە باسی دەکەین تەفاسیلەکانی دەقیقمان بە دەستی خەڵك گەیشتووە، ئێمە لە فکری لۆکالیزمی زۆر تەنگەوە دەرچووین، ویژنێکی گەورەترمان بۆ دەرچوو، ئەوەی کە من بە راستی پێم خۆشە بێخمە بەردەستتان، یەکەم شت من لە جێگای خۆم نامێنم و کەسێکی تر دێتە جێگای من، تەمەننا دەکەم پەرلەمان زۆر پاڵپشتی ئەم دەستەیە بێت و لە دەستەکە قانونی موناقشاتی زۆرمان کرد لە خولی پێشتر لە سەر قانونە، کە دور نییە خەڵکێك حەزی لە ریباتی ﴿محمد احسان﴾ نەبێت، قانونی وامان دەرکرد بە سەقەت، قانونێکی بە شەلەل، حەقیقەت ئێوە دەزانن هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت دەتوانن مەشاریع لەم جێگایانە کار بکەن و دەستەی خۆمان، تەنها دەستە سەلاحییەتی نییە و پەرت و بڵاوی هەیە لە قانون و حکومەت، ﴿٥٠﴾ لیژنە هەیە، ﴿٥٠﴾ دەزگا هەیە، ﴿٥٠﴾ کەس هەیە، ئەمە لەبەر ئەمە، ئەمرۆ کە

دەچی لەناوچە كوردستانییەكان سەیر دەكەی هەست دەكەی هیچ شتێك نەكراوە، كاتێك دێی سەیری پارەو رەقەمەكان دەكەی حەقیقەت شتێكی خەیاڵییە، ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان كردوویەتی، لە بەغداد ئەم ناوچانە لە ﴿٢٠٠٥﴾ەوە پارەی تەنمییەكانی یەك دیناری سەرف نەكرد و ئیعتیباری ئەم ناوچانەی نەكردووە و لە گەورەترین بەرپرسانی عێراقم بیستووە دەڵێت من خەڵكم لەم ناوچانە نییە بۆ شتی بۆ بكەم، بەڵام بە كاری دێنم دژتان تاكو بتوانم، ئەمڕۆ قۆناغێكی تر هاتووە لەم ناوچانە، بۆچوونەكەی من ئەوەیە لەو شوێنانەی كە بە خوێنی گەنجانی كوردستان و شەهیدبوونی خەڵكی زۆرەوە وەردەگریت پێویستە بۆچوونێكی ترمان هەبێت، نەیخەینە قالبی میزاجەوە جارێكی تر، ئالییەتەكەمان ئەوە بێت بچین تەنها ئەو ناوچانە تەسفیە بێت بە ئیستیفتائی تەوافوق تا كارەكە بێتە ئەنجام دان و هەڵەكانی پێشوو دووبارە نەبن و داخازییەكی تر دەكەم لە پەرلەمان، ئەم بابەتە نەچێتە موزایداتی حزبی و ئەو ناوچانە نەكەینە موزایداتی حزبی و یەكێك لە كێشەكانمان ئەوە بوو، ئەو جێگایە وا دەكات من ناچمە ئەو جێگایە كار بكەم لەبەر حزبی خۆمەوە، ئەو جێگایە پیرۆزی خۆی هەیە، بۆچوونەكەی منیش ئەوەیە ئەو كێشەی ئەو ناوچانە حەل نەبێت و سەقامگیری نە بۆ هەرێمی كوردستان و نە بۆ عێراق و ناوچەكە نابێت، زۆر ئاستەنگ و رێگری و معوقاتمان هەبوو، لەبەر فەوزای سیاسی لە حكومەتی عێراق حكومەتی عێراقی هاوكار نەبوو، خیتابی سیاسی كوردی موەحەد نەبوو لەسەر ئەم ناوچانە و تەمەننا دەكەم خیتابی سایسی موەحەدمان هەبێت لەسەر ئەم ناوچەیە، ناوچە كوردستانییەكان، كوردستانین و موڵكی كەس نین، من پێش ئەوەی دەست بەم مەلەفە بكەم قژێكی سپی لە سەرم نەبوو، سەلعەكەی منیش وانەبوو بڕوا بكەن، لە دوای ﴿٨﴾ ساڵ تووشی شەش عەمەلیات و ﴿١٠٠﴾ نەخۆشی خراپ بووم، یەكێك لە هۆكارەكانیش ئەوە بوو، تەمەنا دەكەم ئێمە زیاتر رابوەستین لەسەر ئەم مەسەلەیە و ئەو مەسەلەیەش كەمتر نییە لە مەسەلەكانی تر كە باسی دەكەین، ئێمە تا ئێستا لە كوردستان سوڵلەمی ئەسبەقیاتمان خەلەلی تێدایە، ئایا ئەم ئەسبەقیاتە مەلەفێكی گرنگە؟ ئەم مەلەفە نەبێتە تەزحییەی مەلەفێكی تر و هەموو مەلەفەكان پێكەوە رەبت كراوە و ئەگەر غەلەتێ كرابێت، غەلەتییەكان من تەحەمولی تێدا دەكەم و ئەگەر سەركەوتنی تێدا بێت سەركەوتنی حكومەتی خۆمانە، سەركەوتنی گەلی كوردستانە هەمووی پێكەوە، ئەو خەڵكەی، بۆ مێژوو دەڵێم كەس بەقەدەر جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان تەفاسیلی ئەو مەلەفەی لا نەبوو و موتابعەی نەكردبوو، لە تاریخی خۆم مەلەفێكی گرنگتر لەم مەلەفەم نەدیوە و سوپاسی ئەو خەڵكە دەكەین كە زۆر یارمەتی ئێمەیان دا و خوا غەفر بكات لە ئەو خەڵكانەی كە موزایداتی سیاسیان كردووە لەگەڵ ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ﴿د. محمد احسان﴾ سەرۆكی دەستەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان بۆ پێشكەش كردنی ئەم راپۆرتە، بە تەئكید راپۆرتێكی وا گرنگ و ستراتیژی قسە و

باسی زۆر لەسەر لێدەکرێت و ئێوەی بەڕێز پرسیارتان دەبێت لەسەر ئەم بابەتە، وێڕای دەست خۆشی بۆ بەڕێزیان، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە و ئەوانەی دەیانەوێت پرسیار بکەن یان موداخلەیان هەبێت ناوی خۆیان بنووسن، فەرموون،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

کەرتی یەکەم ناوەکان نووسراون، ﴿گەشە دارا، قادر ئۆتمان، مریم صمد، سعید مەصیفی، صالّح فەقێ، تەلار لطیف، ریّواز فایق، ئاواز جەنگی﴾ کەرتی دووەم، ﴿ئاری هەرسین، امنە زکری، فەیرۆز طە، شامۆ شێخۆ، عباس غەزالی﴾، کەرتی سێیەم، ئەو ناوانەی ناویان تۆمار کراوە بۆ گفتوگۆ (مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی، ئومید حەمە علی، شکریە اسماعیل، انور قادر، کەژاڵ هادی، د.پەری، د.بەهار، مامۆستا حسن صالح، عبدالرحمن علی، کنعان نجم الدین (حاجی کاروان)، کاك عمر، پەروا علی، نجیبە لطیف، مامۆستا غریب مصطفی، عبدالرحمن فارس (ابوکاروان)، کاك عبدالله، د.شوان، کاك باپیر کامەلا، د.سروود سلیم)، بەڕێزان، پێشتریش ئەم ناوانە لەلای ئێمە تۆمارکراوبوون (د.شێرکۆ حەمە امین، بێستوون فائق، فرست صۆفی، بەهزاد دەروێش، د.سراج احمد، جمال مۆرتکە، حەیات مجید، ڤیان عباس، شوان شێخ احمد)، ئەو ناوانە پێشتر ناویان تۆمارکرابوون، بەم شێوەیە بە ڕێزبەندی دەرواتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ و پرسیارکردن بکەین، خاڵێکی نیزامیمان هەیە؟ کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەم راپۆرتەی بەڕێز وەزیری ناوچە دابڕێنراوەکان لە (box)ەکەی هەمووماندا هەبێت، من دوو جار سەردانی (box)ەکەم کردووە، دوێنێ و ئەمڕۆش نەبووە لە (box)ەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی زانیاری من پێشتر (copy) کراوە، دابەش کراوە، ئێستا تەئکیدی لێ دەکەینەوە، یەعنی بە هەموو پەرلەمانتاران بدرێت، بەڕێزان، من وا دەبینم هەموومان پێویستیمان بە پشووێك هەیە، بۆ ماوەی (١٥) دەقە پشووێکی کورت وەردەگرین و دەگەڕێینەوە، ئێستا (٤٣) کەس ناوی خۆی تۆمارکردووە، داوایان کردووە قسە بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی پەخشەندەو میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١١)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/١٩)، بەڕێزان لەو کاتەی

ئێمە لە دانیشتنی پەرلەمان بووین بە داخەوە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە شاری هەولێر ئەنجامدرا، لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان رادەگەیەنین بۆ کەس و کاری شەهیدانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە، هیوای زوو چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، ئەم کردەوە تیرۆریستییانە بەردەوام هەوڵی تیرۆریستانە بۆ تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، چەندین جار و لە چەندین کاتی جیاوازدا هەوڵی تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستانیان داوە، چەندین هەوڵیان پووچەڵ کراونەتەوە، بەلأم بە دڵنیاییەوە ئەم هەوڵە ترسنۆکانە ئیرادەی هەرێمی کوردستان بۆ ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران، بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی تری ناو هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەق ناکەن، هەرێمی کوردستان بە ئیرادەیەکی پۆلاًیینەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی قارەمان و هێزە ئەمنییەکان بە ئیرادەیەکی پۆلاًیینەوە رووبەرووی ئەم گرووپە تیرۆریستیانە دەبنەوە، من پێمخۆشە لە دەستپێکی ئەم کۆبوونەوەیە وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەم تەقینەوەیە بوەستین، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆ لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان، کە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ناویان نووسراوە بۆ ئەم مەبەستە، بەڕێز (د.شێرکۆ حەمە امین) ناوی نووسراوە، یەکەم ناو نووسراوە، بەلأم خۆی یاداشتێکی بۆ ئێمە نووسیوە داوای کردووە کە بەڕێز (بێستون فائق) بخرێتە شوێنی، ئەو دەڕواتە شوێنیَ، بۆیە بەڕێز بێستوون فائق با بفەرمویَ بۆ قسەکردن.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ د.شێرکۆ، بەخێرهاتنی (بەڕێز د.محمد احسان سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێش ئەوەی قسە لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکان و راپۆرتەکەی (بەڕێز د.محمد احسان) بکەم، دەمەویَ قسە لەسەر بابەتێك بکەم کە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆن و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند بڕگەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆی کوردستانمان هەموارکردەوە، یەکێك لەو بڕگە گرنگانە کە بە کۆی دەنگی ئەندامان و تەواوی فراکسیۆنەکان هەموارکرایەوە، مەسەلەی زیادکردنی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بوو لە پەرلەمانی کوردستان، بە داخەوە ماوەی چەند مانگێکە ئەو لیژنەیە کە بڕیاربوو سەرۆکایەتی بۆ دروست بکرێت تا ئێستا سەرۆکایەتی بۆ دروست نەکراوە، دەمی گلەییم ئاراستەی هەردوو فراکسیۆنی بەڕێز سەوز و زەرد دەکەم، کە تا ئێستا ئەوان نەگەیشتوونەتە رێکەوتن بۆ دیاری کردنی کەسێك، یاخود کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کەسێك لە نێوان خۆیاندا دیاری بکەن بۆ سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە، بۆیە گرنگە چیتر دواکەوتنی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دوا نەکەوێت، ئەم لیژنە گرنگە لەم کاتەدا پێویستە بۆ پەرلەمان و بۆ پرسی ئەو ناوچانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ دان بەو راستیە دابنێین کە لەسەر ئاستی عێراق و بە شێوەیەکی گشتی لە نێو لایەنەکانی عێراق و بە کورد و پێکهاتەکانی تریشەوە

هەموومان گەیشتووینەتە بنبەست، یاخود شکستمان هێناوە بۆ گەیشتن بە چارەسەر لە چوارچێوەی دەستووردا، کە لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠)دا تایبەتمەندی دراوە بە ناوچە کوردستانییەکان و ئەو ناوچە کوردستانیانە کراوەتە ناوچەی جێ ناکۆك، هەروەها لە چوارچێوەی ماددەیەکی دەستووریدا جێی کراوەتەوە، لە ماوەی (١١) ساڵی رابردوودا تەنها نزیکەی لە (٢٠٪)ی قۆناغی یەکەمی ئەو ماددە دەستووریە جێبەجێ کراوە، بۆ نموونە تەنها لە سنووری پارێزگای کەرکووك نزیکەی (١،٢٥٠،٠٠٠) دۆنم زەوی کورد تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکانیان کە دەبوو لە ماوەی ئەو (١١) ساڵەدا تەواوی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرایە، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە بە هەڵپەسێردراوی هێشتنەوەی ناسنامە و چارەنووسی خاکی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە کەرکووك و تەواوی ناوچەکانەوە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئەو ناوچانەشدا نییە بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، لەسەر ئاستی تایبەت کەرکووك و ناوچەکانی تر و ئیدارەدانی کەرکووك و ئەو دۆخە تایبەتەی کە لەو ناوچانەدا هەیە، هەم دۆخی ململانێ، هەم دۆخی ئیدارەدان، هەم دۆخی حیزبایەتی، من دەمەوێ سەرەنجی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوە رابکێشم کە بە داخەوە تاوەکو ئێستا بە تایبەت لە کەرکووك کە تەرکیزی زیاترمان لەسەریەتی ململانێیەکی سەخت، دۆخێکی خراپی ناکۆکی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، تا کار دەگاتە ئەوەی کە هەندێ جار تومەتی ئەوەتۆ بۆ یەك هەڵدەبەستن یان قسەی ئەوەتۆ لەسەر یەك دەکەن، بە داخەوە خراپە، من نموونەیەك بگێڕمەوە ماوەی رابردوو قایمەقامی قەزای ناوەندی کەرکووك دەڵێ نزیکەی (٥٠) بۆ (٦٠) هەزار ئاوارەی عەرەب کە لە ئێستادا لە کەرکووك نیشتەجێن و عەرەبن و ئاوارەی ناوچەکانی ترن هاتوونەتە ئەوێ لەلایەن پارێزگاری کەرکووکەوە کارتی زانیاریان پێ دراوە، خۆ ئەگەر ئەمە راست بێ ئەمە بابەتێکی زۆر ترسناکە، دەبێ لێکۆڵینەوە لە پارێزگاری کەرکووك بکرێت، خۆ ئەگەر راست نییە دەبێ رێگە بە قایمەقامی کەرکووك و هیچ لایەنێکی تریش نەدرێ لەبەر ململانێی حیزبی دەست بۆ ئەم جۆرە تومەتانە ببەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر ئاستی مەحەلی لە پارێزگای کەرکووك و بەشێك لە ناوچەکانی تردا بە هەمان شێوە نەتوانراوە شەراکەتێکی راستەقینە دروست بکرێ لە ئیدارەدانی ئەو ناوچانە و بەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگای کەرکووك و ناوچەکانی تردا، لە ئێستادا چی بکرێت باشە؟ چەند پێشنیارێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەستەی ناوچە کوردستانییەکان دەکەین، لەسەر ئاستی نەتەوەی کورد گرنگە سازدان لەسەر یەك بەرنامە و پلانی ستراتیجی و یەك وتاری کوردی سەبارەت بە کەرکووك و ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان بکرێ، هەروەها دۆسیەیەکی تایبەت دروست بکرێ بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لەو رووەوە دابەش بکرێ، پێویستە پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك هەماهەنگی زیاتریان لەگەڵ حکومەتی هەرێم و لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەبێ و بە هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە کار بکرێ بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی مەشق و راوێژکاری سەربازی ئەمریکی و هاوپەیمانان لە کەرکووك بە ئامانجی مسۆگەرکردنی دڵنیایی و پاراستنی ناوچەکە لە هەر هێرش و پەلامارێك لە ئێستا و لە ئایندەشدا، خاڵێکی تری گرنگ کە مایەی نیگەرانی

هەموومانە بە داخەوە دەزگا ئەمنیەکانی کەرکووك تاوەکو ئێستا دەزگای نیشتیمانیی نین، تاوەکو ئێستا سیستەمی دوو ئیدارەیی بە هێزەکانی ئەمنی لە کەرکووك بە تایبەت بە ئاسایشەوە دیارە کە ئەمەش دیسان کاردانەوەی خراپی لەسەر دۆخی ئیدارەی ئەمنی لە کەرکووك و ئەو ناوچانەشدا هەیە، لە رووی خزمەت گوزارییەوەش، بە داخەوە خزمەت گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست نەبووە بە تایبەت لە کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستان، رەنگە زۆر جار جیاوازیش کرابێ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، پێویستە لایەنە کوردیەکان لە بەغداش تەواوی توانا و تاقەی سیاسی و ئیداری خۆیان چڕ بکەنەوە لە پێناو گەیشتن بە رێکەوتنێکی سیاسی بۆ یەکلایی کردنەوەی یەك جارەکی سنووری کوردستان و ناسنامەی کەرکووك و تەواوی ئەو ناوچانە، دوایین قسەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەبێ ئەم دەرفەتەی ئەگەر ناوی بنێین دەرفەتی ئێستای دۆخی ناوچە کوردستانییەکان و کەرکووك دەبێ ئەم فرسەتە لە دەست نەدەین، رێگە نەدەین جارێکی دیکە چۆن لە ساڵی (٢٠٠٣) ئێمە دەرفەتی باشتر و گرنگمان لە پێش بوو بۆ مامەڵەکردنی تەندروست و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بە یەکجاری بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێ ئەم دۆخە و ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەین، رێگە نەدەین جارێکی دیکە ئەو ناوچە کوردستانیانە لەمە زیاتر لە کوردستان دوور بکەونەوە، لەمە زیاتر خاکەکەیان لە ئێمە دابڕێ، لەمە زیاتر خەڵکەکەیان لە ئێمە دابڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ راست کردنەوە، راستە گرفتێك لە نێوان فراکسیۆنەکان هەیە بۆ دابەش کردنی لیژنەکان، بەڵام تاکە هۆکار نییە لەوەی کە ئێمە نەمانتوانی بێت فراکسیۆنەکان و بە تایبەتیش ئەو دوو فراکسیۆنەی کە ناویان هات، ئێمە جارێکی دیکە لێرەوە جەخت لەسەر ئەو داخوازیەی خۆمان دەکەینەوە وەکو فراکسیۆنی زەرد کە داوامان کردووە بە پێی ئیستیحقاقی ئینتیخابی لیژنەکان دابەش بکرێتن، سەرلەبەری لیژنەکان دابەش بکرێت، تەنها گرفت لەسەر ئەو لیژنەیە بە دیاریکراوی نییە، بۆیە پێمانوایە بە پێی ئیستیحقاق، بە پێی (سانت لیگۆ) کە پێشتر رێکەوتنی دەربارەوە کراوە، هەروەها تاکە هۆکاریش لەو بابەتەوە جەختی لەسەر بکرێتەوە کە تەنها ئێمە دوو فراکسیۆن گرفتمان هەیە، نەخێر، هەموو فراکسیۆنەکان ئەو گرفتەمان هەیە، داواکارین دیسانەکە دووبارەی دەکەینەوە، داوای ئەوە دەکەین کە بە پێی ئیستیحقاق لیژنەکان بەسەر فراکسیۆنەکان دابەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد (بێگەرد تالەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی ئەو گرفتەی کە لەسەر ئەو دوو لیژنەیە ئاماژەی پێ دەدرێت کە گوایە لە بەینی ئێمە و فراکسیۆنی زەرد یەکلایی نابێتەوە، دیارە سێ لیژنەی سەرەکی کە لە پاڵ لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دروست کراون، هەر سێ لیژنەکە لە بەینی کۆی فراکسیۆنە جیاوازەکاندا تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە، هیچ پەیوەندیەکی بەو دوو فراکسیۆنەوە نییە کە ناوی هێنرا، ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان پیمانوایە نا عەدالەتیەك لە شێوازی دابەشکردنی لیژنەکاندا هەیە، فراکسیۆن هەیە زیاتر لە حەقی خۆی لیژنەی بەرکەوتووە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین سەر لە نوێ لیژنەکان دابەش بکرێنەوە، هەروەها من پێشنیار دەکەم لێرەوە بەڕێز پارێزگاری کەرکووك بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ دانیشتنێکی کراوە و لەبەردەمی رای گشتی خەڵکی کوردستان لەسەر کۆی ئەو گرفت و کێشانەی کە لە سنووری پارێزگای کەرکووك هەن، لەسەر مەسەلەی بە قاچاخ بردنی نەوتیش کە من دڵنیام ئەوان روونکردنەوەی تایبەتی خۆیان هەیە، لەسەر هەموو گرفتە ئیدارییەکانیش، ئومێد دەکەم ئەم داواکاریە پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو داواکاریە بە رەسمی ئاراستەی بکەن زۆر باشترە لە رێگەی فراکسیۆنەکەتانەوە، ئەو کاتە کاری لەسەر دەکەین، بەڕێز کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون تۆفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەکان کە دابەشکرابوون، پێشتر بە (سانت لیگۆ) دابەش کراوە، من بۆ خۆم پێموایە کارێکی باش ناکەین ئەگەر بە دابەشکردنەکەی پێشوو دابچینەوە، چونکە ئەو لیژنانە دەستیان بەکار کردووە، ئێستا ئەگەر دابەشکردنەکان بگۆڕین رەنگە کاریگەری خراپ بخاتە سەر ئەدائی لیژنەکان، سەبارەت بەو لیژنانەی کە دروستیشمان کردوون، ئێستا وا پێدەچێ فراکسیۆنەکان نەگەیشتووینەتە ئیتیفاق، مادام فراکسیۆنەکان گیرمان خواردووە، پێشنیار دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ خۆی بە پێی (C.V) بڕیار لەسەر سەرۆکایەتی ئەو لیژنانە بدات، ئێمە رێز لە ئیختیاراتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، راستە، کێشەی دابەشکردنی سەرۆکایەتی سێ لیژنە بۆتە گرفت، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمانداوە کە تا ئەو کاتەی فراکسیۆنەکان دەگەنە ئیتیفاق، جا ئیتیفاق لەسەر کۆی سەرۆکایەتی لیژنەکان دەکەنەوە، نیزامی (سانت لیگۆ) لەبەر دەستماندایە لە شێوازی دابەشکردنی سەرۆکایەتی لیژنەکان یان بۆ ئەو سێ لیژنەیە دەگەنە ئیتیفاق، سەرۆکی (سن) بۆ لیژنەکان کە پێموابێت رێکارێکی

دروسته به پێی پەیڕەوی ناوخۆش ئەو کاتەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بوونی نەبێت سەرۆکی (سن) دانیشتنەکانی پەرلەمان بەڕێوە دەبات، بۆ ئەو لیژنانەش هەمان رێکار دەگرینەبەر، هەروەها ئەندامانی ئەو سێ لیژنەیە، لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی، لیژنەی کاروباری پەرلەمان، بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی بەیانی رۆژی (پێنج شەممە) رێکەوتی (٢٠١٤/١١/٢٠) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ لە هۆڵی لیژنەی دەستوور، لە نهۆمی یەکەمی پەرلەمان ئامادەبن بە مەبەستی دەست پێکردن بۆ ئەو ئیجرائاتە، فراکسیۆنەکان دواتر دەتوانن بگەنە ئیتیفاقی خۆتان لەسەر سەرۆکایەتیەکان، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی ئەو لیژنانە پەکیان نەکەوێت، بۆیە سەرۆکی (سن) کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنانە بەڕێوە دەبات، تا ئەوەی فراکسیۆنەکان دەگەنە رێکەوتن، ئەمە یەك، دوو: ئێمە نووسینگەیەکمان کردۆتەوە لە کەرکوك بۆ گرنگیدانی زیاتر بە پارێزگای کەرکوك و بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی کەرکوك بە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پارێزگای کەرکوك، داوا لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لە دانیشتوانی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری و لە دانیشتوانی گەرمیان و چەمچەماڵ دەکەین کە پێکەوە رێکبکەون لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی دەوری ئامادەبن لە نووسینگەی کەرکوك، هەر رۆژە و یەکێکیان لەوێ ئامادەبن بۆ ئەوەی گرفت و داخوازیەکانی هاووڵاتیانیان بگاتە دەست و لە رێگەی ئەوانەوە بگاتە لیژنەکانی پەرلەمان، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەموومان دەزانین ئەو ناوچانە چەند گرنگن بۆ هەرێمی کوردستان، بە درێژایی مێژوو هەم لە رووی نەتەوایەتییەوە، هەم لە رووی خەباتی نیشتیمانییەوەش چەندین قوربانی و فیداکارییان بۆ دراوە، هەموو جوڵانەوەکان و هەموو شۆڕشەکانی کورد بە یەکێك لە رەمز و سیمبولەکانی کاری خۆیان دایناوە، بۆیە لە راستیدا مانەوەی بەم دۆخەی ئێستایەوە کە نەتوانراوە هەم لە رووە دەستووریەکەیەوە، هەم لە رووی مامەڵەکردنە دروستەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، لە راستیدا لە جێی خۆیەتی (د.محمد احسان) وەکو ئەوەی چەند ساڵە ئەو مەلەفەی لەلایە کە ئێستا بۆمان روون بکاتەوە، بۆچی دۆخی ئەو ناوچانە بەم دوخەی ئێستادا گەیشتووە؟ ئایا بە رای بەڕێزیان ئێستاکە گونجاوترین کات نییە بۆ ئەوەی کە راپرسی لەو ناواچانەدا بکرێت؟ خاڵێکی تر کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەو نووسراوەیە کە لە لاپەڕە (٩)ی راپۆرتەکەی بەڕێزیاندا هاتووە ئەوەی کە (حەنان فەتلاوی) کاتی خۆی کە گوتی من بووم رێگریم بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دروست کرد، ئێستاکە بە روونی لە مەشدا دیارە، من دەپرسم لە راستیدا ئەگەر پەرلەمانتارێك بە تەنها توانیبێتی ئەو کارە بکات، ئەی دەبێ ئەرکی نوێنەرەکانی کورد لە بەغدا چی بووبێت؟ ئەی باشە کێ لە نوێنەرەکانی کورد بپرسێتەوە لە هەموو ئاستەکاندا، چ لە ئاستی تەنفیزی کە لە بەغدا بوون، چ لە ئاستی تەشریعی و یاسا

دانانیشدا له بەغدا بوون، واته من تێناگەم کێیە ئەو جیهەتەی کە دەبێ لەم نوێنەرانەی کورد بپرسێتەوە بۆ دۆخی ئەو ناوچانە بەم دۆخەی ئێستا گەیشت؟ لە کاتێکدا پارتە کوردییەکان کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی چۆن کەرکووك بکەن بە دروشمی کارکردن و چوونە ناو جەماوەری خۆیانەوە، لە راستیدا بابەتێکی تر کە زۆر باس دەکرێت ئەویش مەسەلەی جۆری قاچاخچیەتی نەوت لەگەڵ گرووپی تیرۆریستی (داعش) کە ئێستاکە کوردستان بە هەموو پێوانەکان یەکێکە لە ئەندامەکانی بەرەی دژە تیرۆر لە جیهاندا، کە وێنەیەکی جوانە، بەڵام بە داخەوە ئەو قسە و باسانە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو وێنەیە تەڵخ دەکات، ئەو وێنەیە ناشرین دەکات، بۆیە من داوا دەکەم هەم پەرلەمانی کوردستان، هەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بە زوویی ئەو مەلەفە یەکلایی بکەنەوە، یەعنی راست و دروستی ئەم مەلەفەیە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بەیان بکەن، ئەگەر بێتو ئەمە جۆرێکە لە پڕوپاگەندەش بۆ ناشرین کردنی سومعەی سیاسی هەرێمی کوردستان و هێز قارەمانەکانی پێشمەرگە، ئەوە لە راستیدا دەبێ لە ئاستێکدا لە میدیاکانیش بپرسرێتەوە بۆ ئەوەندە رەواج بۆ ئەمە دەدرێتەوە، ئەگەر دیوەکەی تریەتی راستە، بەراستی ئەو باڵێکی مێژووی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە تا خوارەوە، هەروەها پەرلەمانیش کە دەبێت، بە تایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بە زوویی ئەم دۆسیەیە یەکلایی بکەنەوە و چیتر ئەم تەڵخیە لە وێنەی کوردستاندا نەهێڵن، شتێکی تر و پێش دوا قسەم دیسان پرسیارێکی تر دووبارە دەکەمەوە کە لە (بەڕێز د.محمد احسان) دەکەم، بۆچی دۆخی ئەم ناوچانە بەم دۆخەی ئێستادا گەیشتووە؟ ئەگەر بهاتایە و پلانێکی تیرۆریستی وەکو (داعش) نەبوایە ئێستا چارەنووسی ئەو ناوچانە بەرەو کوێ دەچوو؟ دواشتم ئەوەیە من ئاگادارم هەر وەکو لە راپۆرتەکەی بەڕێزیشیاندا لە لاپەڕە (٤٢)دا هاتووە کە ئەوان لە ماوەی رابردوودا چوار راپۆرتیان داوەتە پەرلەمان، پەرلەمان وەڵامی نەبووە، من ئاگادارم و لە هاوڕێیەکانی خۆمان بە دیاری کراوی مەبەستم فراکسیۆنی گۆڕانە لە خولی پێشوو پرسیارم لێیان کردووە و قسەم لەگەڵیاندا کردووە، ئەمە بۆ وایە دوای ئەوەی کە ئەم راپۆرتەم خوێندەوە، وتیان ئێمە دووجار تا سێ جار بە یاداشت و بە زارەکی داومانەتە سەرۆکایەتی خولی پێشوو، پێمان گوتوون کە پێویستە ئەو راپۆرتانەی بەڕێزیان بێنێتە ناو بەرنامەی کار و ناو هۆڵی پەرلەمانەوە وتووێژی لەسەر بکرێ، بەڵام سەرۆکایەتی پێشوو نەیخستۆتە بەرنامەی کار و وتووێژی لەسەر نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست پێ بکەم بە قسەکانم دەمەوێ وەکو خاڵێکی پەیڕەو پشتگیری لە برای بەڕێز (کاك عمر عینایەت) بکەم، ئەویش ماددەی (٦٤) بڕگەی (ب)، من پێموایە ئەم بڕگەیە دەکرێ بە تەنها تایبەت نییە بە دانیشتنێکی دیاریکراو، بۆ ئەم دانیشتنە و بۆ دانیشتنەکەی پێشوو تریش کە (١٠) دەقە دیاری بکرێت

به پێی ئەم پرەنسیپانە، یەعنی هیچ رێگریەکمان نییە ئەگەر ئەوەی (کاك عمر عینایـەت) گوتی ئیلتیـزام بەو بەندەوە بکەین، ئەوەی تریان کە بەخێرهاتنی بـرای بـەڕێزمان (کـاك د.محمـد احسـان) دەکـەین، ئـەو راپۆرتانەی کە باسی کرد ئێستا هەمووی لەلای منن، شتی زۆر باشی تێدایە، تەمەنا دەکەین بۆ ئەم خولـەی پەرلەمانیش ئەم شێوازە راپۆرتانە بەردەوام بن بۆ ئاگاداربوونی ئێمە و وەڵامی بدرێتەوە، بە پێـی مـاددەی (٥٨) لە قانونی ئیدارەی دەولە بۆ مەرحەلەی ئینتیقالی کە بـووە جوزئێـك، دواتـر لـە مـاددەی (١٤٠) چـەند چەمکێك کە لە مەرحەلەی یەکەم پێی دەگوترێ مەرحەلەی تەتبیع، ئینجا دێینە سـەر مەرحەلـەی ئیحسا و ئیستیفتا هـاتوون، چـەمکەکان دەخوێنمـەوە ئینجا دەیکەمـە پرسـیار، ئەمانـە هـەمووی لـە چوارچێوەی مەرحەلەی یەکەمدان کە بریتییە لە ئاساییکردنەوە، مەسـەلەی حـەلی نیزاعـاتی مولکیـە، لابردنـی سـتەم، تەغیری وەزعی سوکانی، تەرحیل، نەفی، هیجرەی قەسری، تەوتینی ئەفرادی غورەبا، بێ بەشـکردنی خـەڵك لە کـارکردن، تەسـحیحی قەومیـە، موهـەجرین و موهـاجرین، تـەعویزی عـادل، بـێ بەشـکردن لـە تـەوزیف، هەڵوەشاندەنەوەی بڕیارەکانی پەیوەند بە تەسحیحی قەومیە، هەڵوەشاندەنەوەی بڕیارەکانی (مجلس قیـادة الثورة)، لیژنەی شئوونی شیمال، تەلاعوب بە حـدودی ئیـداری، پێشکەشـکردنی تەوسـیات لەلایـەن رەئیسـی جمهوری، ئەگـەر نەگەیشـتنە ئیتیفـاق دروسـت کردنـی تـەحکیمێکی موحایـد، ئەگـەر نـەیانتوانی بگەنـە ئیتیفاق داوا لە (UN) بکەن شەخصیەتێکی مەرموقی نێودەوڵەتی بێتە ناو مەسـەلەکە و تـەحکیم بکـات، سەیربکە هەموو ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی یەکـەم ختـوەن، یەکـەم مەرحەلـە لـە مەرحەلـەی تـەتبیقی مـاددەی (١٤٠)، پرسـیارەکە لێرەدا ئەوەیـە توانیوومانـە لـە مانـەی کـە باسمکرد لـە سـەدا چـەندی لـە دوای تێپـەڕبوونی چـەند سـاڵ بەسـەر تـەواوبوونی مـودەی قـانونی ئـەو ماددەیـە کـە لـە (٢٠٠٧/١٢/٣١) کۆتـایی پێهاتووە جێبەجێ بکەین، بۆیە لەوانەیە حەقی خۆمان بێ بڵێین لـە دوای تێپـەڕبوونی ئـەو هـەموو سـاڵە، مەبەستم لە دوای ساڵی (٢٠٠٧)ەوە ئایا هیچ ئومێدێك ماوە بۆ ئـەوەی ئێمـە بگەینـە مەرحەلـەی دووەم کـە بریتییە لە مەرحەلەی ئیحسا؟ دواتریش مەرحەلەی ئیستیفتا؟ یەعنی بە شێوازێکی تر ئەگەر پرسـیارەکە بکەین. ئایا دەتوانین لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠) ئەم ناوچانە بگەڕێنینەوە بۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان؟ یان ئەسڵەن ماددەی (١٤٠) دەتوانرێ تەتبیق بکرێ؟ بۆیە ئێمە دەزانین زۆرجار رەفعیی مەسئولییەت هەیـە ، رەئیس وزەرا بەرنامەی حکومەتی خۆی لە ساڵی (٢٠٠٦) لە فەقەرەی (٢٢) ، دواتر لە ساڵی (٢٠١٠) ، ئێسـتا لـەو بەرنامـەی حکومەتـە مەسـەلەی مـاددەی (١٤٠) هـاتووە ، بـەڵام دەڵـێن ئێمـە کـاری خۆمـان کـردووە ، لێژنەمان پێکهێناوەو ، میزانییەمان بۆ دیاری کردووە ، ئەوە لایەنی دیکەیـە جێبـەجێی ناکـا ، لـەو لاشـەوە بەڕێز سەرۆك کۆمار تەوسیاتی داوەتە پەرلەمان ، پەرلەمان وەکو کاك دکتۆر باسی کرد خەوانـدوویەتی تـا ئێسـتا قیرائــەی یەکــەمی بــۆ کــردووە ، بۆیــە هەســتدەکەین یــەعنی مەســئولیەتەکە مەســئولیەتەکی هەموولایەکـە ، خـۆ دزینـەوەیـەکی بـە ئەنقەسـت هەیـە ، کەواتـە مـادام دوای تێپـەڕبوونی ئـەم سـاڵە بـەم شێوەیە خۆ دەبێ ئێستا ئێمە کە لەپەرلەمان دانیشتین ، مەسئولییەتەکی گـەورەش لەسـەر شـانی ئێمەیـە ، بە پێی قانون دەستەیەکمان هەیە دەستەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هـەرێم) باشـە چـی

بکەین؟ یەعنی بەدیلی ماددەی (١٤٠)مان هەیە؟ ئایا ئێستا ئەو دەرفەتە هەیە ئێمە لەگەڵ عیراق ڕێکبکەوین لەسەر بەدیلێکی تر بۆ ماددەی (١٤٠)؟ کە پێویستی بە تەعدیلی دەستوورە ، یان دەتوانین واز لە هەموو مەراحیلەکانی تر بێنین؟ یەکسەر بێین قانونێکی (استفتاء) بەهاوبەشی لەگەڵ عیراق بنووسینەوە؟ (استفتاء) لەو مەنتیقانە بکەین یان پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئێمە دەتوانین ئەو مەنتیقانە ئەسڵەن تەجزیئە بکەین؟ بۆ نموونە من سەیری ئەو ڕاپۆرتانەم کرد کە لیژنەی ماددەی (١٤٠) دەری کردووە ، مەکتەبی زیقار هەیە ، مەکتەبی بەسرا هەیە ئی ماددەی (١٤٠) ، مەکتەبی میسان هەیە ، بابل هەیە ، واسط هەیە ، یەعنی هەمووی بەستراوەتەوە بە تەتبیقی ماددەی (١٤٠) ، ئایا ئێمە دەتوانین تەتبیقی تەجزیئەی ماددەی (١٤٠) بکەین؟ واتا تەنها کەرکووك و ناوچەکانی پێی دەوترێت ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەوێ ئیش بکەین یان هەمووی بەیەکەوە دەبی تەواوبێ؟ کە ئەمن پێمواية موستەحیلە هەمووی پێکەوە بکرێ ، بۆیە خۆم شەخسی زۆر بێ ئومێدم لە ماددەی (١٤٠) ، من تەسەور ناکەم بتوانین بە (١٠٠) ساڵیش لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠) ئەم ناوچانە بگەڕێنینەوە ، ئێمە ئێستا لە زۆربەی ئەوناوچانە وەکو ئەمری واقیع لەبەردەستی ئێمەدان ، وەکو ئێستا باسیش دەکرێ ئامادەکاریشی بۆ کرابێ ، ئایا ئێمە دەتوانین لەو پەرلەمانە قانونێکی (استفتاء) دەربکەین و بە ئەمری واقیع بچین لەوێ (استفتاء) بکەین و ئەم ناوچانە بگەڕێنینەوە کە ئەوانەی ئیشکالییەتی قانونی لەسەربێ من دەزانم ، بۆیە ئەدی بەدیلی دی چییە؟ بەدیلی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەکو لە نەسی ماددەی (٥٨)ی قانونی ئیدارەی دەوڵەتیش هاتووە بۆتە جوزئێك لە ماددەی (١٤٠) کە ئێستا پەنا ببەینە بەر (UN) کە بەپێی کۆمەڵێك قەراراتی مەجلسی ئەمنی دەولی (١٧،٧٠) لە ساڵی (٢٠٠٧) ، (١٨ ،٣٠) لە ساڵی(٢٠٠٨) ، (١٨ ، ٨٣) لە ساڵی (٢٠٠٩) ، دواتریش یەکێك لە مەهامی بەعسەی ئومەمی موتەحیدە لە عیراق ، مەسەلەی یارمەتی دانی عیراقییەکانە بۆ تەسوییەی ئەو مەناتیقانەی ئەوان پێدەڵێن مەناتقی (متنازع) ، بەلاٌم ئایا ئەگەر تەدویل کرا چی بەسەر دێ؟ من چەند نموونەیەکتان دەدەمێ قودس لە ساڵی (٤٧) تەدویل کراوە ، لە ساڵی (٤٧) تا ئێستا بەبێ نەتیجەیە ، تریستە ، تەنزە (٣٣) ساڵ ، دانزیخ (١٩) ساڵ ، کراکاو (١٨) ساڵ ، شەنگەهای (١٠٠) ساڵ ، دورگەی کریت (١٠) ساڵ ، سارت (٤٠) ساڵ هەموو ئەو مەنتیقانە لەبەر دەستی من دان تەدویل کراون ، هەمو ئەو مودانەیان بەسەر داچووە هیچیان لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبووە ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ، (UN) ، عوسبەت ئومەم نەیان توانیوە لە ڕێگای تەدویل لە کەمتر لە (١٠) ساڵ ئەم مەنتیقانە یەکلای بکەنەوە ، بۆیە بەڕاستی ئەوەی کە دەمەوێ تەئکیدی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە ئێستا چی بکەین؟ بەداخەوە دەبێ ئەمەش ئاماژە پێبدەم پاڵپشتی ڕای ئەو هاوڕێیانەم دەکەم کە پێش من قسەیان کرد کاك بێستوون و کاك دکتۆر شێرکۆ ئێمە خۆشمان لە کەرکووك وەزعمان باش نییە ، بەداخەوە ململانێی حیزبی زۆر بە تۆخی لەوێ هەیە ، نەمانتوانیوە متمانەیەکی باش لە ناو پێکهاتەکانی ئەوێ دروست بکەین کە لە گەڵماندابن ، خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم ئێمە سەردانێکی پارێزگای کەرکووکمان کرد لەگەڵ بەڕێز دکتۆر نجم الدین پارێزگاری کەرکووك کۆبووینەوە و قسەمان کرد ،

پرسیارمان لێکرد چەند عەرەب هاتۆتە کەرکووك؟ ئێمە ڕەقەمێکمان دا پێی وایە دەڵێن (٣٠٠٠٠٠) هەزار زیاتر هاتووە؟ گوتی نەخێر لە (١٢٠٠٠٠) هەزار زیاتر نەهاتووە ، ئەگەر گریمان ڕەقەمەکەی ئێمە هەڵەبێ و ئەو ڕەقەمەش ڕاست بێ (١٢٠٠٠٠) هەزار ، بەلاّم (١٢٠٠٠٠) هەزار ڕەقەمێکی زۆر مەترسیدارە ، ئەگەر بۆ شوێنێکی تر تەبیعی بێ بەلاّم بۆ کەرکووك زۆر مەترسیدارە ، دەشبینن لە سایەی هاتنی پەرتەوازەیی عەرەب بەم شێوازە چیمان بەسەر دێ ، ئەوەی ئەمڕۆ لە هەولێر ڕوویدا یەکێکە لە نەتائیجی ئەمە ، بۆیە بەڕاستی من مەترسی ئەوەم هەیە ، لە خودی ڕاپۆرتی بەڕێزان لە لیژنەی دەستەی ناوچە جێ ناکۆکەکان لەوێش ئاماژە بەوە دراوە کەبەشێك لەو عەرەبانەی تەعویزیش وەردەگرن جارێکی تر ئەگەڕێنەوە ، بۆیە من پێموایە کەرکووك و ئەو مەنتیقانە خسوسیەتێکی خۆیان هەیە دەبێ بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە هاتنی عەرەب لە ژێر هەر ناوێك بێت بگیرێ ، چونکە گەڕانەوەیان جارێکی تر زۆر زۆر قورسە ، خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم بە ڕاستی ئێستا لەبەر دەستمدایە هەموو ئەو قەرارانەی مەجلسی قیادەی سەورە کە تائێستا کاریان پێدەکرێ نەك لە ناوچە کوردستانییەکان و لە کەرکووك هەر لەو هەرێمەی خۆمان تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠٠) هەزار قەراری مەجلسی قیادەی سەورە کاری پێدەکرێ ، کە بەڕاستی ئەوە بۆ ئێمە کەم و کوڕییەکی زۆر گەورەیە ، بیزات ئەم قەراراتانە بۆ ئەو مەنتیقانە کە لە شئوونی شیمال ئەوانەی مەجلیسی قیادەی سەورە کێشەی زۆر گەورەن وە دەبێ نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا ئیشی جدی لەسەر بکەن و ئێمەش لەم پەرلەمانە ئیشی جدی لەسەر ئەو قەرارانە بکەین ، جارێکی تر دەستخۆشی لەو کارانە دەکەین کە بەڕێزان لەو دەستەیە ئەنجامیانداوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێزان تەنها ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەتی ماددەی (٦٤) ، ماددەی (٥٣) ، ماددەی (٥٤) بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت ، جێگیری سەرۆکی حکومەت ، وەزیرەکان لە چەندین شوێنی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکخراوە ، لە ماددەی (٥٣) باس لەوە دەکا کە ئەوان خۆیان بۆ خۆیان دەتوانن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن هەر کاتێك بیانەوێ لە هەر دانیشتنێکی پەرلەمان ئامادەبن ، لە ماددەی (٥٤) بڕگەی (٢) باس لەوە دەکا هەرلیژنەیەك داوای خستنە ڕووی بابەتێك بکا بۆ گفتوگۆ لە پەرلەمان بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار ، ماددەی (٦٤) هەر بڕگەی (٢) باس لەوە دەکا کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان دەتوانن داوای ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار بکەن بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ، بەهەمان شێوە مەسەلەی یاساکانیشمان هەیە ، گفتوگۆکردن لەسەر یاساکان لە پەرلەمانی کوردستان ، کە دیسانەوە لەو بابەتەش وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەتوانن لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەبن ، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ماددەی (٦٤) ئەگەر ئێوە دەتانەوێ تەعمیم کرێ بەسەر هەموو گفتوگۆکان لە ناو پەرلەمان هیچ لارییەك نییە ، بەلاّم ئەوە سەبارەت بە پرسیار و پرساندن ئەمەوێ دەقە عەرەبییەکەی بخوێنمەوە تاڕادەیەك وازح ترە ( لكل عضوي توجيهه سوأل شفهي متى اراد و ليس للرئيس ان يقبل اكثر من ثلاثة اسئلة يمكن توزيعها على الجلسة وليس لغير السائل ان يشترك في المناقشة، وليس له ان يتكلم اكثر من عشرة دقائق، وله

عند عدم الاكتفاء ان يتقدم بسوأل خطي، و للسلطة التنفيذية ان يجيب فورا او ان ترجع جوابه الى الجلسة التالية) واتا له كاتى پرسیارکردن تەنها یەك كەس بۆی هەیە بپرسێ ، تەنها هەر خۆشی بۆی هەیە بەشداری لە وتووێژەکەدا بکاتن کەسی تر نییە بەشداری لە وتووێژەکەدا بکات ، لە سێ پرسیاریش زیاتر ناتوانێ وەربگیرێ ، لە (١٠) دەقەش ناتوانێ زیاتر قسەبکات ، ئەگەر ئێوە بەتایبەتی بەڕێز دکتۆر فرست جەنابت کە سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ئەگەر پێتان باشە دانانی کات بۆ قسەکردن لە وتووێژەکانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٥٤) کە باس لە گفتوگۆ دەکا لەناو پەرلەمان ، یان سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاساکان لەناو هۆڵی پەرلەمان ئەمە تەعمیم بکرێ بەسەر ئەوانیش ئەتوانن ئەمە بکەن ، دەشتوانن موقتەرەحێك تەقدیم بکەن کە ئەم پرسە تەعمیم بکرێ بەسەر هەموو گفتوگۆکاندا، بەلاْم ئێمە ئێستا ناتوانین بۆ هەموو گفتوگۆکانی پەرلەمان داوا بکەین بەس تەنها یەك کەس قسەبکا، زیاتر لە (١٠) دەقەش قسەنەکا ناتوانین ، چونکە ئەوە لە ماددەکانی تری پەیڕەودا ڕێکخراوە ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەڕێزت سەرنج بدەی ، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرنج بدەن ئەوە تەنها بۆ پرسە ، تەنها پرسکردن لە سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ گفتوگۆ نییە ، ئەگەر هاتە سەر مەسەلەی پرس ئەبێ پشت بەو ماددەیە ببەستین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، وایە ڕاستە ئەو ماددەیەی دوێنێ لە دانیشتنی پێشوو سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غازی پێ بانگکرا بۆ پەرلەمان ماددەی (٥٤) برگەی (٢) کەمەسەلەی گفتوگۆ بوو ، بۆیە ئەوەی ئەوی جەنابت باسی دەکەی ڕاست بوو لە مەسەلەی پرسیار کردندا، لە مەسەلەی پرسە ئەوە ڕەچاوی ئەو ماددەیە دەکرێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

پرس ئاڕاستەی کراوە کەواتە ئەبێ بەو ماددەیە بێ ، مادام پرس ئاڕاستەی کراوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی سەرڤە چوونا (٧) سالاْن سەر ماددەی (١٤٠) ئەم بینین باشترین چارەسەر ئەڤەیە گشت پرسین بێتە کرن بۆ ڤان ناوچەیێ تەنێ، بتایبەتی پەرلەمانێ کوردستانێ یاسایەك دەرئێخستییە لێرەش پرسیار بۆ سەرۆکایەتییە پەرلەمانێ کو ئەڤ کۆمسیۆنە بێتە پێك ئینان کۆمسیۆنە بالاْ سەربەخۆ هەڵبژاردنا راپرسی

له هەرێما کوردستانێ، کو دیڤدا وەکی بەڕێزان دکتۆر فرسەتیش بەحس کری یاسایەك بێتە دانان چەوانیا ڕابینا گشتپرسی وان دەڤەرێت هەنێ و گشت کوردستانێ، چونکی ئەگەر ئەم هەر بمینێین و ئینتیزار کەین ڕاستی دێ وەقت گەلەك مە دچیت و ناگەینە ئامانجێت خۆ سەرەکی وەك میللەتێ کورد و نەتەوە کورد بەتایبەتی ل ڤان ناوچە تەنێ، ئەگەر ئەم سەحکەینێ وەلاتا جیهانێ جاراکا دی ئاماژە پێکر ئەڤە هەرێمێت دنیایێنە جیهانێنە دکەنە ئەمرێ واقعی گشتپرسیێ ، وەکی کەتەلۆنیا حکومەتا ناوەندی ڕازیش نابی بەلاًم گشت پرسییەك کر هەرچەندە نا فەرمیش بی هەیڤا (١١) ئەم دزانین، ئەم نابێژینە بکەینە موشکیلا هەر نووکە لگەل حکومەتا ناڤەندی ، بەلاًم بچینە مفاوەزاتا دەربارەی گشت پرسی ئەگەر ئەنجام نەبی پاشی ئەم خۆ ئەنجام بدەین و ڕێگا چارەیەك ببینینەوە تا بگەینە ڤە قۆناغ بەندییە تێپەڕێنین چونکی گەلەك نموونەم هەی بەڕاستی بۆنموونە ئەگەر سەربەخۆ ئابووری ئەڤ پێنگاڤە نەهاتبانە هەرێمی کوردستانێ ئەڤرۆ ئەم نەگەهشتینە ڤی ئەنجامانە کو ئەم بێژین ئەڤ هاتییە دەست پێکرن، لبەر هندێ گرنگیا ئەڤ ناوچە تەنێ ناحیا نەتەوەیی ڕێژا کوردێ ل هەمی کێمترین ناوچە (٥٠٪) زیاترە ، ئەڤ ناوچە تەنێ ناحیا نیشتمانی کو دیڤ مێژووا کوردستانێ پارچەکن، کوردستانا باشوور و کوردستانا عیراقی، هەروەسا لە ڕووی سیاسییەوە ئەم بێژین جوغرافیا وان ناوچە تەنێ کو ئەم دزانین وەکی بەڕێز (دکتۆر ئیحسانیش) ئاماژە پێکر کو وان دزانیتن (٥٥٪) ژ کوردستانا عیراقێ پێکڤینن ، لبەر هەندێ زۆریا گرنگە ئەم چەند خالەکا بینینە پێش چاڤ کو هەتا ناحییەی ئابووریش ڤان ناوچە، ڤان نەفتا کەرکووك و دەوروبەر وەرنەگرتییە بەڕاستی، خەلكێ عیراقی خڕ سەر نەفتا کەرکووکێ دژیت، بەلاًم خەلكێ کەرکووکێ بخۆ هەتا نووکە ئەم بێژین خزمەتا باش بۆ نەهاتییە کرن کو زۆرترین نەفت یا ل ڤێ دەڤەرێ دەرچیت، لبەر هەندێ پێشنیارا من ئەڤەنە ڕاستی بۆ گرینگدانێ زیاتر بۆ ڤان ناوچەین کوردستانیا دەرەوەی ئیدارەی هەرێمێ کوردستانێ، ئێك " پێك ئینانە ئەنجومەنێکی سیاسی و ئیداری بۆ ڤان ناوچان ، کو یەك هەڵوێستی و یەك گوتاری لێ دەربچیتن ڕاستی مەبەست لێرە ئەڤەیە ئەڤ ئەنجومەنی سیاسی کو ئەڤ ڕاستە ڕاگەهاندنێدا (دکتۆریش) ئاماژە پێکرد کو یا وازحەو ئاشکرایە، دوو " ئەڤ دەستە زێدەترین دەم کو کە وابزانم یاسایەك دەرچووە ئەنجومەنی وەزیران کو بێتە پەرلەمانێ ب زووترین دەم پەسەندبکرێت ببیتە وەزارەت، ئەو وەزارەتەش کارا بکرێت ڕاستی، ئەکتیڤ بکرێتن کارا تر بێتە کرن، هەرنا یەعنی هێڤی بین (٦) هەیڤا جارێکی کو ڕاپۆرتەك بداتە پەرلەمان بەلكو کاراتر بێتە کرن، سێ " پێشنیارا من ئەڤەیە ئەڤ نەوتە دێتە دەرئینان وان ناوچە پتر بێتە بەکارئینان بۆ خزمەتکرنا وان دەڤەرا تا بشێن پتر خزمەتەکا زیاتر بۆ بێتە کرن، خالا دی مە پرسیارە زیاتر بۆ دکتۆرە ئەوە ئەویش تەئکیدێ دکەم بەهارخانێش ژ بەحس کر کە ئەڤە (٥) هەیڤە حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ هاتییە پێك ئینان مەفروزە ئەڤ دەستە ئاڵوگۆر هاتبا کرن و (استلام و تسلیم) نزانم کو بەر چ تا نووکە تاخیر بێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تکایە قسەکانتان کورت بکەنـەوە، چونکە بـەم شـێوەیە بـێ (٤٤) ئەندام ناوخۆیان نووسیوە، وتووێژەکان تەواو نابێ لەسەر ئەم بابەتە، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی و تەمەن درێژی بۆ مانـدی نـەبوون بـۆ بـەڕێز (دکتـۆر)، حەقـەت لـە ڕاپۆرتەکـەی کـاری جدی و دڵسۆزی و پەرۆشی پێوە دیارە، بەڵام تەبعەن یـەك لەکێشـەکانی جێبـەجێ نـەکردنی ماددەی (١٤٠) ئەوەیە کە کاتی خۆی هەندێ بڕیاری زۆر توند و قورس درا لە مەجلیس قیادەی سـەورە و لیژنـەی شمـولی شمـال دەرچـوونە تایبـەت دەسـت بەسـەر داگرتنـی زەوی و موڵکـانی خـەڵکی کـەرکوك و شـوێنەکانی تـری کوردستان، هەندێ شوێنی تر وەکو شنگال و خانەقین و مەخموور و شوێنی تر، کە بەناوی وەزارەتی زراعە کراون، بەناوی وەزارەتی شارەوانی، بەناوی ئیدارە مەحەلی، مالییە تەبیعی جا بە شێوەی گرێبەست بەسـەر خـەڵکی هـاوردەی عـەرەب تەخشـان و پەخشـان کرایـە، جـا پرسـیاری جەوهـەری ئەوەیـە ئایـا لـە ڕابـردوو چیکراوە بۆ ئەوەی ئەو عەقدانە ئیلغابکرێنەوە؟ تەبیعی نزیکەی (٥٦٧٧) گرێبەستی کشتوکاڵی بە تەنها لـە سنووری کـەرکوك کـراوە کـە تێـدا (١٨٠٠٠٠٠) دۆنم بەسـەر خـەڵکی عـەرەبی هـاوردە دابەشـکراوە، ئایـا چ کرایە؟ ئەگەر شتەك کرایە با باس بکرێ؟ ئەگەر هیچ نەکرایە دکتۆر (سید العارفین) لەو بابەتە کە چـەند ساڵە ئیشی کردییە بۆ داهاتوو ئالییەت و میکانزم چییە؟ چۆن بکرێتن؟ کـە ئـیش بکـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەو عەقدانـە ئیلغابکرێنـەوە لەبـەر ئـەوەی بەقـەراری مـەجلس قیـادە سـەورە ئـەو ئیشـانەکراوەو هـەتا ئێسـتا هەنگاوی پراکتیکی ئەگەر لەبۆ نەنرایە چی بکـرێ بـۆ داهاتوو؟ لەپاشـان پرسـیاری دووەم ئەوەیـە بـە ڕای جەنابیان چۆن دەکرێ استفتاء بکرێ لە هەندێك شوێن کە وای لێهاتووە کە ڕێژەی کوردی یان تێدا نـەماوە یان زۆر بە لاوازی تێدا ماوە ، ئایا ئەکرێتن استفتاء بکـرێتن بـێ ئـەوەی تـەتبیع و ئەوانـە پێشـتر بکـرێتن؟ دووەم " ئەو غەدرەی لە خەڵکی کەرکووك کرایە تەنها کوردی نەگرتیتـەوە، تـەبیعی تورکمـان و پێکهاتـەی تورکمانیشی گرتیتەوە، ئایا تورکمانەکان هەندێ جار ئینسان لە مەوقیفەکان وا نیشـان ئـەدرێتن کـە ئـەوان لەبەرەی عەرەبن، لە زۆرجار مەوقیفیان لەگەڵ عەرەب هاو هەڵوێستە، ئەوان لەگەڵ کوردیش هـەردووکیان کوژراوی دەستی یەك دوژمنن، بۆ هەتا ئێستا کارنەکراوە بۆ ئەوەی تورکمانەکان، برا تورکمانەکان لەبەرەی کوردبن بۆ زیاتر لەبەرەی عەرەبدان، ئایا سڕ چییە بـۆ لەگـەڵوان هـاو هەڵوێسـتن؟ عیلمـەن کێشەکانیشـیان لەگەڵ کورد یەك کێشەیە نەك لەگەڵ عـەرەب، پرسـیارێکی تـرم ئەوەیـە ئـەو ڕۆژە سـلیم جبـوری هـاتبووە پەرلەمانی کوردستان دەی گوت (نحن نؤمن بالدستوور وکافة فقراتە و یسشکل لجنـة خاصـة بتطبیـق المادة (١٤٠) في مجلس النواب) ئایا بەڕێزیان لـەم بەڵێنـە کـە ڕەئیسـی مـەجلیس نـەوابی عیراقـی دابـووی کـاری بـۆ کراوە، بەڕێزیان چ ئاگای لێیە؟ من ئەوەی (دکتـۆر فرسـت) باسـی کـرد دەسـتخۆشـی لێدەکـەم مـن ئەیکەمـە پرسـیار، ئایـا چۆن ڕێگـری لـەو کەسـانە دەکـرێتن کـە تـەعویزیان وەرگرتییـە، بـەڵام دووبـارە ئەگەڕێنـەوە کەرکووك و جێنشین ئەبنەوەو لەوێندەر ئەمێننەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو حیات مجید فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز (دکتۆر محمد احسان) دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەو هەموو شەهیدە نابێ بە هیچ شێوەیەك ڕازیبین بەغدا وەکو جارارن مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچانە بکات و کار لەسەر ئەو ناوچانە بکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ڕووی قانونییەوە پەرلەمانی کوردستان قودرەتی فەرزکردنی هیچ بڕیارێکی نییە بەسەر ئەم ناوچانەدا، چونکە پەرلەمان نوێنەری خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە متمانەی خەڵکیان بەدەستهێناوە، تەمەنا ئەکەم لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نوێنەریان هەبێ لە پەرلەمانی کوردستاندا، نوقتەیەکی تر هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە ڕاستەوخۆ لە خەڵکی ئەو مەنتیقەوە وەرمگرتووە ئەویش هەندیك کێشەیە، یەکێك لەوانە قەزایەکی وەکو دوزخورماتوو کە نزیکەی (٥) مانگە دابڕاوە لە پارێزگای سەلاحەدین و کاروبارەکانی ئەم قەزایە بەڕێوە ناچێ و کەرکووك ناتوانێ مامەڵەی فەرمییان لەگەڵدا بکات و لەکاتێکدا وەکو قەزایەك سەر بە پارێزگای کەرکووکە نەك سەلاحەدین، پێویستە لەو ناوەندەدا دوزخورماتوو بگەڕێتەوە سەر پارێزگای کەرکووك، خاڵێکی تر ناحیەی کەڵەك چی سەر بە قەزای شێخان پسوولەی ئازووقە و پسوولەی نەوتیان سەر بە پارێزگای موسڵە لە ئێستادا بێبەشن لە پسوولەی نەوت و خۆراك، لە عەینی کاتدا سەر بە پارێزگای دهۆکن، ئەلتەرناتیف چییە بۆ ئەو مەسەلەیە؟ کە خەڵکی ئەو ناوچانە زۆربەی خەڵکی کەمدەرامەت و هەژارن پێویستیان بەو پسوولانە هەیە، پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك (دکتۆر فرست صۆفی) و کۆی هاوکارانم دەکەم لەسەر مەسەلەی ڕێگە گرتن لە هاتنی عەرەبە هاوردەکان بۆ شاری کەرکووك، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڤیان عباس فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی بەخێرهاتنا بەڕێز سەرۆکی دەستەی دەڤەرێن کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانێ دکەم، لە ڕێگا جەنابێ وە دێ ئیشارەت دەدەمە سێ خالا وەکی هەوە دیار کری، مادە (٥٨) هەندەك خالێ هاتینە دیار کرن کو تەعویزە (المرحلین و المنفین و المهجرین و المهاجرین) بێتە کرن، لە دیڤ پێزانینێ من کو خێزانا من ئێك ژ وانە هەر خێزانەك (١٠,٠٠٠,٠٠٠)دە ملیۆن دینار و پارچەیەك عەرد بێتە قەرەبوو کرن، ژمارەك ژ وان خێزانا تنێ گۆژمێ پارەیێ هاتینە قەرەبوو کرن، نزانم لدیڤ زانیارێ من کو من ژ

گەلەگ جارا کۆنکرینە پرۆسە پارچا عەردی بەرێڤە نەچووینە هێڤی دارم ئەگەر ئەزیا خەلەتبم بەرێز (دکتۆر محمد) بۆم دیار بکاتن، سەرەڕای هەندێ کو قەرەبووکرنا ڤی خەلکی بەشێوەیەکی نە ساغلەم بەرێڤە چوویە، تنێ حبر بووە سەر وەرەقێ، وە دەلیل سەر ڤێ چەندێ ژی زۆرجاران پشتێ گۆڕینا ناسنامەو پسوولە خارنێ ئاریشا بۆ خەلکی لە بەرێڤە بردنا معامەلە و وەرگرتنا گازێ و بەنزینا پەیدابییە ، ئان کە خەلك ل جهێ قەرەبووکرنێ زەرەریا دیتی ، هەروەسا ڕاپۆرتا جەنابێ تەدا هەندێك معەویقات هاتییە دیار کرن، ئەرێ هەر ژ سالا (٢٠٠٨) هەتا نووکە وە چ کارێ جدی نەکریا بۆ نەهێلانە ڤان معەویقاتە؟ تایبەت جەنابێ تە دیار کر ژی کو وەکی لیژنە هەمیت هاڤکار بوون گەل ئێك، حەزکەم جەنابێ تە بۆمە دیاربکات چ سەلاحیات هەبووینە؟ وەك لیژنە مادده (١٤٠) ، چ سەلاحیات هەبووینە کو نەشیاینە ڤان معەویقات ڕاکەن؟ دیسان چونکا ژمارەکا برِیاران ژ تە نیشادان (٦٨) کۆنبوون ژوە ئەنجامداینە، ئان کو کارێ سەرڤێ چەندێ هاتییە کرن لێ کارێ چ ڕەنگ بوویە؟ بۆ چی فشار نەئێخستییە سەر حکومەتێ جودائێن بەغدا؟ بۆ چوونا مادده (١٤٠) ئەڤە جهێ پرسیارا منە ، ل دووماهییا پشتەڤانییا ل هاڤکاران خۆ (دکتۆر فرسەت) و (دکتۆر سراج) و (حەیاتێ) دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز (دکتۆر محمد احسان) ئەکەم، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە بە گوێرەی ماددەی (٧) برگەی (٣) لە یاسای ژمارە (٢) سالّی (٢٠١٠) یاسای دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەڕێزتان دەبوو هەر (٤)مانگ جارێك ڕاپۆرت بۆ لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمان کوردستان بنێرن، کە دەقی ماددەکە ئەڵێ (پێویستە لەسەر سەرۆکی دەستە ڕاپۆرتێکی دەوری هەر چوار مانگ جارێك سەبارەت بە ئەرك و کارەکانی دەستە لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی پەرلەمان بکا) سێ ڕاپۆرت ئێستا لە پەرلەمان وجودی هەیە، یەکێکیان لە (٢٠١١/٧/٢٧) هاتووە، یەکێکی تریان (٢٠١١/١١/٢٣)، یەکێکی تریان (٢٠١٢/٣/٢٦)، بەڕێزتان لە یەکێك لە برگەکانی پێشەکی ڕاپۆرتی سێهەم، هەروەها لەم ڕاپۆرتەی ئێستاش لەبەردەمی ئێمەیە ئاماژەتان بەوە کردووە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانەوە تێبینیتان بۆ نەهاتووە، بۆیە من تەسەور دەکەم یەکێك لە هۆکارەکانی نەناردنی ڕاپۆرت ئەمە بووبێ، بەڵام بەڕێزتان ئەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە بە گوێرەی دەقێکی یاسایی ئیلزامی بەڕێز سەرۆکی دەستە کراوە بەوەی کە هەموو (٤)مانگ جارێك دەبێ ڕاپۆرت بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، نەهاتووە لەوێ کە بلّێ وە دەبێ پەرلەمانی کوردستان تێبینی لەسەر ڕاپۆرتەکە بنووسێ یان وەڵام بداتەوە، کەواتە موبەڕیراتی بەڕێزتان بۆ ئەوەی کە وەڵام نەدراویەتەوە، بۆیە ڕاپۆرتی ترت نەناردووە بەڕاستی موخالەفەکردنی ئەو یاسایەیە کە دەستەکەی پێ دامەزراوە ئەمە یەکەم، دووهەم

سەبارەت بە چەند بڕیارێك قسە ئەكەم من یەكێك لەوانە ئەو بڕیارەیە كە یەعنی سەرباری دەستخۆشیم بۆتان لە هەوڵەكانتان بۆ ئیلغاكردنەوەی قەراراتی مەجلیسی قیادەی سەورە یەعنی دەوری بەڕێزتان لەوەی كە تەوسیە كراوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران ئەمە بكا ، هەروەها دەستخۆشیم بۆ ئیلغاكردنەوەی قەراراتی مەجلیس شئونی شیمال كە ڕۆڵی بەڕێزتان وە خەڵكانی تری كورد لە لیژنەی جێبەجێكردنی ماددەی (١٤٠) بەڵام من پرسیارم هەیە سەبارەت بە چەند مەسەلەیەكی تر، لەناو یەكێك هەر لەو ڕاپۆرتەی لەبەر دەستی ئێمەیە بەڕێزتان نووسیوتانە یاسای دەستەی گشتی وەكو پێویست نییە، كەواتە لە ساڵی (٢٠١٠) كە ئەم یاسایە دەرچووە بەڕێزتان مامەڵە ئەكەن لەگەڵ ئەم یاسایە، پرسیارەكەی من ئەوەیە لەماوەی ئەو فەترەی كە بەڕێزتان سەرۆكی دەستە بوون وە یاساكە بوونی هەبووە تائێستا هیچ پرۆژەیەكی هەموارتان بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییانە داوە بە ئەنجومەنی وەزیران؟ یان ئایا داواتان لە پەرلەمانتاران كردووە تا بە ئیمزای پەرلەمانتاران پرۆژەی هەواركراوتان بۆ ئامادەبكەن؟ پرسیارێكی تر لەسەر موتالەعەیەكی (حنان فتلاوی) ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی ناوەندی بڕیاری داوە بۆ شمول پێكردنی ناوەڕاست و باشوور هاوشێوەی كەركووك وەكو ئەوەی بەڕێزیشتان لە ڕاپۆرتەكەدا ئاماژەتان پێدا، پرسیارەكە ئەوەیە لەكاتێكدا (حنان فتلاوی) ئەندامێكی ئەو ئەنجومەن بووە لەسەر موتالەعەیەكی ئەو ئەو بڕیارە دراوە، پرسیاری من ئەوەیە لە بەڕێزتان ئێوە وەكو نوێنەری كورد لەو لیژنەیە بۆ نووسراوێك یان موتالەعەیەك یان بەڵگەیەكتان لەناو ڕاپۆرتەكەدا نە نووسیوە؟ كە ئێوەش داواتان كردبێ لەسەری بەدەنگهاتبن، لەسەر مافی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ، لە كاتێكدا لەماوە كەمتر لە (٣)مانگدا نزیكەی ئەو ژمارەی كە خۆتان ئاماژەتان پێدا (٥٠٠) و ئەوەندە مامەڵە لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە ئامادەكراوە، بەداخەوە لەبەر بوونی ئەو بڕیارە ئەوان لێی بێ ئومێد بوون، پرسیارێكی تر لەوەڵامێكدا حكومەتی ناوەندی هاتووە كە بۆیە هەرێمی كوردستان مەشمول ناكرێ بە بابڵێین نەفەقاتی جێبەجێكردنی ماددەی (١٤٠) لەبەر ئەوەی لە زمنی (١٧٪) ئەبێ ئەمە بكرێ گوایە نەفەقاتی ماددەی (١٤٠) لە نەفەقاتی سیادین، من ئەو پرسیارە ئەكەم ئایا فیعلەن لە زمنی نەفەقاتی سیادییە خەرجییەكانی ماددەی (١٤٠) هاتووە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١٤٠) لەڕاستیدا زۆر وتراوە، بەڵام من هەر ئەوەندە ئەڵێم سەركردایەتی كورد بەداخەوە هەموومانی كرد بە پیرەژنەكەی لینین كە بۆ خاكی ئیلزاس و لۆرین بگرین، بەڵام ئەوەی كە بابەتێكی گرنگە ئەمڕۆ لە كاتێكدا كە بەڕێز سەرۆكی هەرێم ئەڵێ یەك بست لە خاكی كوردستان وازلێناهێنین،

بەڕێز کارگێری مەکتەبی سیاسی ئەڵێ ئالای کوردستان لەسەر حەمرین دائەنێین، بەلام ئێستا سوپای عیراق خەریکی گرتنەوەی سەعدییە و جەلەولایە، چۆن دەبێ دەستە وەستان دابنیشین ئەی دوای ئەوە چی لەگەڵ سوپای عێراق ئەڵێین؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆماوەی کاتژمێرێك، کاتژمێر (٣) دەست دەکەینەوە بە دانیشتنی ئەمڕۆ، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، داوا دەکەین لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ژمارەی ئامادەبووان بچەسپێنین، ٦٠ ئەندام ئامادەن کەواتە نیصابی یاسایی هەییە، بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم

دانیشتنی ژماره (١١)ی ئاسایی، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١١/١٩، كه بریتییه له قسه‌كردن له‌سه‌ر دۆخی ناوچه كوردستانییه جێ ناكۆكه‌كان به‌ئاماده‌بوونی سه‌رۆكی ده‌سته‌ی گشتی ناوچه كوردستانییه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی ئیداره‌ی هه‌رێم، به‌ڕێزان ژماره‌یه‌كی زۆر ناو ماوه كه قسه بكه‌ن، بۆیه تكاتان لێ ده‌كه‌ین، زۆر به‌كورتی قسه‌كانی خۆتان بكه‌ن و په‌یامه‌كانتان بگه‌یه‌نن، كاك ابو كاروان، فه‌رمووو. باشه لێره نییه، كاك ابوبكر هه‌ڵه‌دنی، فه‌رمووو.

**به‌ڕێز ابوبكر عمر عبدالله(هه‌ڵه‌دنی):**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

یه‌كه‌م: به‌خێرهاتنی به‌ڕێز دكتۆر محمد احسان ده‌كه‌م، من لاریم نییه له‌وه‌ی كه به‌ڕێزیان پیاوێكی دڵسۆز و خه‌مخۆر و پرۆفیشناڵ بووه، به‌ڵام ئه‌م ڕاپۆرته‌و زۆربه‌ی ڕاپۆرته‌كانی تریش كه‌متر باس له به‌شی خۆمان ئه‌كات وه‌كو هه‌رێمی كوردستان، وه‌كو ده‌سه‌ڵات، ئه‌وه‌ی كه په‌یوه‌ندی به كه‌مته‌رخه‌می و كه‌موكورتی خۆمانه‌وه هه‌یه، من لێی ئه‌پرسم، ئایا پشكی ئێمه چه‌نده له‌م بابه‌تانه؟، هه‌رچه‌ند ئه‌و له ڕاپۆرته‌كه‌ی ئاماژه‌ی به‌م خاڵانه داوه، ده‌سته‌یه‌كی ئاوا گرنگ سه‌ركردایه‌تی سیاسی كورد كه ئه‌سبه‌قیه‌ت دیاری نه‌كات، له (٢٠٠٨)وه تا ئێستا یه‌ك كۆبوونه‌وه‌ی حكومه‌تی بۆ كرابێت، گوتاری كوردستانی یه‌ك نه‌بێت كه گوتاریش یه‌ك نه‌بوو، ئه‌و كاته هه‌نگاوه‌كان ئاماده‌كارییه‌كان، شوێن و ئیجرائاته‌كان نه‌خشه‌و پلانه‌كان هه‌ر هه‌مووی جیاواز ده‌رده‌چن، ئایا ئه‌مه ڕه‌نگدانه‌وه‌ی نه‌بووه له‌سه‌ر واقیعی پراكتیكی و عه‌مه‌لی بۆ ئه‌و ناوچانه؟، كه له‌ماوه‌ی (٩) ساڵی ڕابردوودا به‌ڕێزیان به‌رپرسی ئه‌و ده‌سته‌یه بوون، (٤ )ڕاپۆرتی ناردووه بۆ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان و حكومه‌ت هیچ وه‌ڵامێكی نه‌بووه؟، حاكمه كورده‌كان هاوكاری نه‌بوون، ته‌نانه‌ت له بوودجه‌ی ساڵی ٢٠١٢ وه‌ك له ڕاپۆرته‌كه‌ی خۆیدا هاتووه كه داوای ٩٠ ملیاریان كردووه، (٥٠ )ملیاریان بۆ كردوون، به‌شێكی بوودجه‌ی ساڵی ٢٠١١ش جێبه‌جێ نه‌كراوه، ئه‌مه هه‌مووی له‌ماوه‌ی ٩ ساڵی ڕابردوودا ئه‌م گله‌ییانه‌و گله‌یی تر كه ئه‌مه پشكی خۆمانه ئایا چی كراوه؟، یه‌عنی به‌ڕێزیان له‌ماوه‌ی ئه‌و ٩ ساڵه‌دا چه‌ند جاری تر هاتووه‌ته به‌رده‌م په‌رله‌مانی كوردستان و له‌سه‌ر دۆخی ناوچه جێ ناكۆكه‌كان ڕاپۆرتی پێشكه‌ش كردووه؟، چونكه له ویلایه‌تی به‌رپرسیارێتی ئه‌واندا كه ئه‌مرۆ هیچ جه‌دوایه‌كی نابێت ئه‌م كۆبوونه‌وه‌یه، ته‌نها قسه ئه‌كه‌ین هه‌موو لایه‌كمان، دووه‌م: من له‌به‌ڕێزتان ده‌پرسم ئایا سابیقه‌ی له‌م جۆره هه‌بووه، له‌خوله‌كانی پێشووتری په‌رله‌مان؟، كه به‌ڕێزت سه‌رۆكی ده‌سته‌یه‌ك بێت یان وه‌زیرێك بێت له‌كۆتایی خوله‌كه بێت ڕاپۆرتێك پێشكه‌ش بكات و بڕوات، ئایا سابیقه‌ی له‌م جۆره هه‌بووه، یان نا؟، هه‌روه‌ها پرسیارێكی تریشم ئه‌وه‌یه، ئایا له‌و ناوچانه كه پێكهاته‌كانی تریش هه‌ن وه‌كو توركمان و مه‌سیحیه‌كان، ئێمه چه‌ند دڵی ئه‌وانمان خۆش كردووه، چه‌ند هاوكارمان بوون بۆ ئه‌م ده‌سته‌یه، بۆ داهاتووش كه هه‌ر هه‌نگاوێكی تری عه‌مه‌لی بنێیین، دوو خاڵ له ڕاپۆرته‌كه‌یدا هاتبوو، كه باس له‌وه ده‌كات، یاسای ده‌سته، كه‌موكورتی تێدایه، بۆ به‌ڕێزیان پرۆژه‌ی هه‌مواركردنه‌وه‌ی پێشكه‌ش نه‌كردووه، وه‌كو سه‌رۆكی ده‌سته‌كه، وه په‌یڕه‌وی ناوخۆی ده‌سته‌كه‌ش كه كاری خۆیان بووه، ئه‌وه‌شیان بۆ چاره‌سه‌ر نه‌كردووه، له‌به‌ر ئه‌وه من ئه‌پرسم ده‌سته‌یه‌ك

کە بەڕێز دکتۆر محمد احسان ئەمە حاڵی بووبێت، کە خۆی هەم کادیرێکی پارتی بووە هەم سەرۆکی حکومەت لە حزبەکەی ئەو بووە، ئەی ئەوەی کە لەداهاتوودا دێت بە حاڵێکی ئاواوە ئەبێت چیمان بۆ بکات لەناوچە جێ ناکۆکەکان هەرچەندە لە پشکی حزبەکەی منە؟، لەبەر ئەوە من هیچ دڵێکم پێی خۆش نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئاری هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر محمد احسان دەکەین، دەستخۆشی لێ ئەکەین بۆ ئەو ئیشە باشانەی کە کردوویەتی، خۆی لەڕاستیدا ئەو ئینتیباعەی کە وەرمگرت لە قسەکانی بەڕێزیان، حەق بوو ڕاپۆرتەکە تێروتەسەل تر بێت، بۆ ئەوەی هەندێ لە قسەکانی من برای بەڕێزم کاک بێستوون و کاک دکتۆر شێرکۆو کاک فرسەت و مامۆستا ابوبکر کردیان، بۆیە لەچەند خاڵێکی کورت من قسەکانم کورت ئەکەمەوە، جەنابی باسی ئەوەی کرد کە ناتەبایی حزبە سیاسییەکان لەکوردستان، بەشێك بووە لە بەرەو پێش نەچوونی ئیشەکان، ئەمە زۆر بە ڕاگوزاری و بەسەرپێی باس کرا، مەوزووعێکی زۆر حەساس و موهیمە، پەرلەمانی کوردستان پێویستە بەوردەکاری ئەوە بزانێت، بۆیە ئێمە پێمان خۆشە کە جەنابیان وردەکاریمان بدەنێ، یەعنی من خۆم لە فراکسیۆنی زەردم، ئەگەر پشکی پارتی بەرئەکەوێت لەکەموکورتی ئێمە حەز ئەکەین بزانین، ئەوە مەوزوعی یەکەم، مەسەلەی دووەم زۆرمان حەز لێییە بزانین دەوری وڵاتانی دەوروبەر یان وڵاتانی جیهان، لەبەرەوپێش نەچوونی یان جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ چییە؟، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی قسەکانم ناوی هەندێ وڵات دێنم، یەکێك لەوانە سعودیە، تورکیا، ئێران، ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا، ئینجا پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا سیاسەتمەداری کورد، سیاسی کوردستانی، لەئاستی پێویستدا بووە لەلۆبی کردن بۆ فرۆشتنی ئەم قەزییە لەبازاری سیاسیدا؟، واتە لای نەتەوە یەکگرتووەکان مەسەلەن بۆچی ئەم هەموو نێردراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتن بۆ کوردستان هەر لە دیمستوراوە بیگرە تا میلگرد و ئەوانە، ئایا دەوری سیاسییەکانی ئێمە یەعنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لۆبی کردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان تاچەند بووە؟، ئەگەر ئەم لۆبیە شکستی هێناوە، ئەوە بۆ هێناویەتی؟، ئەگەر خەڵکانێك هەن کەمتەرخەم بوون لایەنی پەیوەندیدار کێن ئەوانەی کە کەمتەرخەم بوون؟، بۆیە چیرۆکی ماددەی (١٤٠ )لێرەدا تەواو نابێت بەڕاستی، من بەبیری بەڕێز دکتۆر محمد احسان دەهێنمەوە، کە لەساڵی (٢٠٠٨ )(یۆست هێڵترمان)ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسیبوو، ئەوسا من زۆرم لاسەیر بوو بەخۆیشیم وت ڕاپۆرتەکەی لە( ٥٦) لاپەڕە بوو، پێم وت ئەم ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتێکی زۆر زۆر لایەنی پراك ماتیکی پێوەیە، وەکو کەسێك وایە کە نەسیحەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بڵێت ئەو پارووەی هەڵتگرتووە لەدەستی خۆت گەورەترە، ئینجا من ئەمەوێت بزانم عەجەبا بەڕێزیان لەو چوارچێوەیەدا

هەتا چەند جوابی ئەو ڕاپۆرتەی یاوەتەوە، کە ڕاپۆرتێکە زیاتر لەوە ئەچێت لۆبیەك لەدەرەوەی کوردستان کرابێت ئەمە جفرەیەك بێت لەنێوانیان کە ئەم کابرایان ڕاسپاردبێت بەناوی ئەم گرووپەوە بیدات بەگوێیی سیاسییەکانی کوردا بڵێت ئەم قەزییە بەم ئاراستەیە ئەچێت لە ئێستادا و بیزانن، شتێکی تر کە دیسان یەمەوە سەر لاوازی لۆبی، یەعنی ئێمە هەست ئەکەین کە بەڕاستی ئێمە لە لۆبی کردن زەعیفین، ئێمە لە لۆبی کردندا کە یەکێکە لە شتە گرنگەکانی سیاسەت لۆبی کردن بێت، هەم لە کۆمەڵگای ئەورووپادا لە لۆبی کردن زەعیفن، ئەگەر لۆبی کورد موقارەنە بکەین، بەس ئەمەوێت یەك خاڵ بڵێمەوە، ئەگەر مولاحەزە بکەیت لەشارێکی وەکو لەندەن، پاریس، کۆبن هاگن، چوار تا پێنج سەنتەری ڕۆشنبیری هەیە، هەریەکەی سەر بەحزبێکە لەجیاتی ئەوەی یەك بگرێت، ئەمەش خەرێکە دووبارە ئەبێتەوەو ڕەنگ ئەداتەوە لەم کێشە موهیمەدا کە ماددەی ١٤٠ ـە، ئینجا هیوادارم ئەو وردەکارییەکانمان بۆ باس بکات بۆ ئەوەی بزانین کێ خەتابارە لەمەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو گەشە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی دکتۆر محمد احسان دەکەم، دەستخۆشی لەکارە باشەکانی دەکەم، بەڵام مانای ئەوە نییە کارەکانی جێگای ڕەخنە نیە، دیارە بەڕێزیان باسی لە قۆناغەکانی تەتبیع و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠ )کرد، بەڵام هەر لە ڕاپۆرتی بەڕێزیان کە ئاماژەی پێکردووە، ئەپرسم لەکاتێکدا کە لەمانگی (٢٠١٢/١) تا مانگی (٢٠١٢/٣) لە سلێمانی(٢٢٥٠) موعامەلە پێشکەش کراوە، هەولێر (١٣٠)، دهۆك (٣٩)هەزار موعامەلە پێشکەشکراوە، بەڵام لەکاتێکدا ئەو چەکانەی کە سەرف کراوە لە سنووری دهۆك نزیکی دوو ئەوەندەی شاری کەرکووکە، لەکاتێکدا، ئەگەر بڵێین تەقدیمی موعامەلات جەنابت لە لیژنەکەش باست کرد، کە ئەو چەکانەی سەرف کراوە بەڵێ لەو سنوورەدا ڕەقەمەکە گەورەترە، زۆرترە، ئایا بۆ وایە؟، بەگشتی مەلەفەکان کە تەواو بوون لە ٣٠٪ قەرەبووەکان وەرگیراون، بۆ ئەم تەئخیر کردنە ڕۆڵی جەنابت لە سەرفکردنی ئەو پارانە چی بووە؟، کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ سەرفکردنی ئەو پارانە، لە جێبەجێکردنی بڕیاری نیزاعی مولکیە، باسی ملیۆن و چەند دۆنم زەوی کرا، کاتێك کە ٧ هەزار بووە، ئایا ئێستا وەکو پێویست ئێوە وەك دەستەکە چیتان کردووە؟، سەبارەت بە ئەوەی کە ماددەی(١٤٠) ئێمە پێویستە فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە هەریەکەو بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و لەسەر میلاکی ئەوێ تەسبیت بکرێت، ئایا تەفسیر لەلای کێوە بووە؟، ئێوە هەوڵتان داوە، ئەم تەفسیرە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بووە بۆ وەرگرتنی ئەو میلاکاتانە؟، یاخود لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بووە؟، لەکاتێکدا هەزاران فەرمانبەرو مامۆستا هەیە نەچوونەتەوە سەر میلاکی ئەو ناوچانە بەس تەنسیبن، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، لیژنەی ماددەی (١٤٠) هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە، جەنابتان بۆ جەخت کردنەوە لەسەر کۆبوونەوەو کۆکردنەوەی ئەندامان چی

بـووە؟، ڕاسـتە وەكـو ئـەوەی بڵێـی خولـەكانی پێشـوو وەكـو پێویسـت ڕاپۆرتـەكانی بـەڕێزتیان بەهەنـد وەرنـەگرتووە، یـاخود وەكـو پێویسـت كاریـان لەسـەر نـەكردووە، دیـارە جـەنابت ئـەزانیت لـەخولی دوو لیژنـەیـەك هـەبوو، لـە خـولی سێ لیژنـەی ١٤٠ نـەما، هـەر ئەرشیفیشـی نـەما، كـە پێویسـتە بەڕاسـتی تـۆ و ئێمەش بەدواداچوون بۆ ئەرشیفی ئەو لیژنەیە بكـەین، بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەم لیژنـەی كـە تـازە دروست بووەتەوە كاری لەسەر بكەین، بەڵام وەكو چۆن بـەڕێزتان ئـەمڕۆ داواتـان كـردووە دانیشـتن بكرێـت، پێشـتر داوای ئەوەش بكەن كە ڕەنگە ئەو كاتە باشـتریش جێگای بگرتایـە، بـەڵام جـەنابت ئێسـتا وادەی كـارت لـەو دەستەیە كۆتاییەت، پێم وایە ئەمە سوودێكی ئەوتۆی نابێت بۆ كۆبوونەوەی ئەمڕۆ، تەنها ئەوە بێت كە بۆ داهاتوو چی بكەین، لەگەڵ ئەو بەرپرسە تازەیـەی كـە بـۆ دەسـتەكە دیاری دەكرێـت تـا بەرچـاو ڕوونیمـان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امینە زكری، فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك پرسیارا من دكتۆر فرسەت سۆڤ كرن، من چەند پرسیارەك هەنە سەر ئاستێ عێراقێ هەم ژ ئـالیێ تەشریعی قەزائی و جیبهەتێن تەنفیزی دا كو ئەو تاوانێن هەرێما كوردستانێ و ناوچێن كوردستانی یـان ژی سنوورێن ماددێ (١٤٠) هاتیە كرن، بۆ نموونە ژ ناحیا دەستوریڤە و ژ لایەنا تەشریعی ڤـە دەسـتورێ مـاددێ (١٤٠) یا بۆ هاتیە دانان، مەحكەما بلند یا جینایا عێراقی ئەو مەحكەما تیابەت ئەوا كو ب علی حسن مجید و سلطان هاشمی كری، دوێرێ دا دان ب هندێ ددەن كو ئەمرێ تەرحیلێ بخۆ عێراقێ یا دەركری ـ هەروەسا تەرحیل بۆ خۆ ژی یـا هاتیـە كـرن، یـەعنی بـەلگێ قـاتع سـەر ئەڤـە بابـەتی مـە پێن هـەین، نـوری مـالكی بەرنامێ كاری یێ خۆ دا فەقەرا ٢٢ یێ ئاماژە ددەتە هنـدێ كـو چارەسـەر كرنـا یـا مـاددێ (١٤٠) ب گـوێرەی دەستوری دێ هێتە ئەنجام دان، ئەوا كو پرسیارا من، سێ جیبهەتێت عیراقی، سولتێت عیراقی هەم تەشریعی هەم قەزائی هەم ژی جێ بە جێ كرنێ، دان ب هندێ یا دای وەك حكومەتا هەرێما كوردستانێ سـەر ئاسـتێ نیڤ دەوڵەتی، (حقوق الانسان)، جڤاكێن مەدەنی هەوە چ پێنگاڤ هاڤێتینە؟ پلانا هەوە چ بوویە بۆ دروست كرنـا فشارێ ب تایبـەتی ل سـەر نەتـەوەیێن ئێكگرتـی؟ ئایـا هـەوە سكالا داینـە، نەداینـە؟ ئەگـەر نەدتینـە سەبەبێ وێ چ بووینە؟ ئەم هەمی دزانین كو عێراق ئەندامـە وان رێكـەفتنێت نـیڤ دەوڵەتیـدا، عێـراق نـە بتنێ پێگیری ئەو رێكەفتنێت نیڤ دەوڵەتی دا نەكریە، بەلكو پێشێلی وان رێكەفتنا ژی یا كـری، ئـەز دزانم ژی كو گەهاندنا یان پەیام و سكالا بۆ مەجلسا (حقـوق الانسـان) و جـەمعیا گشـتی یـا نەتـەوەیێن ئێكگرتـی پێدڤیە دەوڵەتەك ئەنجام بدەت، ئایا هەوە وەك حكومەتا هـەرێما كوردسـتانێ ب تایبـەت دەسـتەیا ناوچـێن كوردستانێ ژ دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ هەوە تەفكیر تێدا نەكر بوو یان بەرنامە هەوە نـەبوو كـە دەولەتـەكێ قەناعەتەكێ بۆ دروست بكەن؟ بۆ نموونـە وەكـو دەوڵـەتا ئـەفریقیا، یـان ژی بەرامبـەر تشـتەكێ وان رازی

بكەن كە ئەو سكالاّ بگەهینە مەجلسا حقوق الانسان و جەمعیا عام یا (امم المتحده)، كو عێراق یا پێگیر نینە و سەرپێچیا ئەو پەیمانێن نیڤ دەوڵەتی دكەت، پرسیارا من یا سێ، ل گۆر ماددێ (١٤٠) ێ دەستوری ئاماژە ددەتە هندێ كو (٢٠٠٧/١٢/٣١) پێدڤیە مەرحەلێت تەتبیع، ئیحصا، ئیستیفتاء هەمی بەرەڤ دویماهیكێ بچن، ئەنجام نەبوو، نەهاتە جێ بە جێ كرن، ئەو بوو پەرلەمانێ كوردستانێ شەش هەیڤ تەمدید كرن، ئەڤ ماددێ دەستوری یان یێ یاسایی عێراق یا مولزەم كری كو حەقێ خەلكی و ئەو تەعداییا وان ناوچا هاتیە كرن چارەسەر بكەت، ئانكو عێراق ئیلتیزام یا هەی بۆ تەحقیقا نەتیجا، لێ حەتا نووكە نەهاتیە جێ بە جێ كرن، بەلێ سەرۆكێ دەستەیا ناوچێن كوردستانێ یێن دەرڤەیا ئیدارا هەرێما كوردستانێ هاوەكێشە نەبرە مەحكەما دەستوری؟ بوچی مەسئولیەتا عێراقی بەرامبەر ئەجهیزێت عێراقێ هەوە وەك سكالاّ پێش كێش نەكریە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەمڕۆ قسە لەسەر پرسێك دەكەین، كە دەتوانین بڵێین هێندە سیاسییە، هێندە قانونی نییە، بەو ئیعتیبارەی ئەو هەنگاوانەی كە ناویەتی، هەروەها قسە لەسەر پرسێك دەكەین كە پرسێكی نەتەوەیی و نیشتمانییە، كە بە ئیتیفاقی هەموو لایەك هەر پرسێكی نەتەوەیی و نیشتمانی بوعدی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، دەبێت ئیتیفاقی هەموو لایەنەكانی لەسەر بێت، كۆبوونەوەی جدی بۆ بكرێت، من پێم سەیر بوو سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكی فراكسیۆنەكان بۆ هاتنی وەزیرێك كۆبوونەوەی پێش وەخت دەكەن، بۆ قسە كردن لەسەر كێشەی نەوت و غاز كە هی ڕۆژانەیە كۆبوونەوە دەكەن و قسەی جدی لەسەر دەكەن، بەڵام هیچ كۆبوونەوەیەكی پێش وەخت بۆ پرسێكی گرنگی ئاوا ناكرێت، نازانم جەدوای ئەم كۆبوونەوەی پەرلەمان چی ئەبێت و چ بەرهەمێكی دەبێت، خاڵی دووەم كە باسی بكەم، بەپێی بڕیارێكی پەرلەمان ئەو ناوچانەی لە (٦/٩)كەوتوونەتە دەست هێزی پێشمەرگە چۆڵ نەكرێن، لەو لاشەوە سەرۆكی هەرێم هەر لەو كاتەدا ڕای گەیاند كە ماددەی (١٤٠) كۆتایی پێ هاتووە، ئایا ئەم دۆخەی هاتووەتە ئاراوە ئەو میكانیزمانەی كە گیراوەتەبەر لە قۆناغەكانی پێشوو دوای ئەو شتانەش هەمان میكانیزمە كە دەگیرێتە بەر؟، خاڵێكی تر دیارە ئەم پرسە، بەراستی كۆمەڵێك هۆكاری بابەتی و هەندێ هۆكاری خودی پەیوەستە بەناوخۆوە، كاریگەرییان هەیە، من كاریگەرییە بابەتیەكان دەڵێم ئەوە دەسەڵاتی خۆمانی تێدا نییە، كە ڕێگرن لەبەردەمماندا، زیاتر تەركیز دەكەمە سەر خۆكارە ناوخۆییەكان وە زیاتر سەلاحیەتی بەڕێز سەرۆكی دەستە، كە تا ئێستا بەرپرس بووە لەو مەلەفە لەهەرێمی كوردستان، ئایا لەماوەی (٩) ساڵ كاركردن، ئەو قۆناغانەی كە دانراوە لە تەتبیع و لە ئیحصاو لە وئیستیفتا، كە تەنها دەتوانم بڵێم خاڵی یەكەم كە تەتبیعەكە قۆناغەكانی خۆی نەبڕیوە ئایا لەدوای (٩) ساڵ كە هیچی وا نەكرابێت ئێمە دەتوانین

بۆ لەمـەودوا چـی بکـەین؟، بۆیـە پێویسـتی بـە میکـانیزم هەیـە نـەك هـەر ئەوەنـدە باسـکردنی کێشـەکە، ئاماژەیان بەوەداوە کە تەخەبووتی سیاسی لەناوەکەی هەیە، هەروەکو ئـەوەی کۆمـەڵێك نوقتـەی نیـزامیش لەسـەر ئـەوە گـیرا، ئایـا ئێمـە تـا ئێسـتا لەسـەر ناوەکـەی ڕێککـەوتنێك نـەبێت، کارنـەکرابێت، ئـەی بـۆ ناوەڕۆکەکـەی کەکێشـەیەکی هێنـدە قـورس و پرسـێکی هێنـدە ئـاڵۆزە چـی بکـەین؟، جـەنابی لەسـەرەتادا ئاماژەی بەوەدا کە یەك تریلیۆن و ١٨٦ ملیۆن دینار و ئەوەندە تەرخان کراوە بۆ لیژنەکان، بەڵام لەکۆتاییدا ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی (٢٠٠٥)هیچ پارەیەك تەرخان نەکراوە، نازانم بۆ بەم شێوەیە ئاماژەی پێکرد، ئایا ئـەو پـارەی بـۆ لیژنـە تەخصـیص کـراوە کـورتی تیایـە، ئایـا ئـەو پارەیـە چـۆنە، چـۆن لـە ٢٠٠٥ـەوە هـیچ تەخصیص نەکراوە، لەسەرەتاشەوە ئەو ئاماژەیەی پێدا، ئاماژەی بەوەدا کە یـەکێك ڕێگرییـەکان مەسـەلەی داعـش بـووە، داعـش چـەند مانگێکـە هەیـە، ئـەم کێشـەیە ئـەوە(٩)سـاڵە درێژخایەنـە، کـە ئەمـە جێگـای مولاحەزەیە، بۆیە بەڕاستی هەنگاوەکانمان لەناو خۆیدا پێویستی بـە قسـە کردنـی جدی هەیـە، بـە قسـەی هەموو لایەنەکانیش هەیە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم پەرلـەمانی کوردسـتان یـان کۆبوونەوەیـەکی تایبـەت بکـات، بـە ئامـادەبوونی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، یـان کۆنفرانسـێك ببەسـتێت لەسـەر ئاسـتی پەرلـەمان و حکومەت و ڕێکخراوەکان، بۆ ئەوەی کە قسەی جدی لەسەر ئەم مەسـەلەیە بکرێـت، چـونکە مـن پـێم وایـە ئەم جەلسەیە جەدوایەکی ئەو تۆی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شوان قەلادزەی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی (د. شوان قەلادزەی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەو بابەتە زۆری بە سەردا رووویشتوە، ئێمە لـە (٢٠١٤) ئێسـتا (١١) یـانزدە سـاڵە تـا ئێسـتا، یـەعنی شتێکی وا دیار نییە، نە خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان، نە خەڵکی کەرکووك بە تایبەتی دڵیان پـێ خـۆش بێـت، بەڕێز دکتۆر ئێشی باشی کردووە، بە تایبەتی من دەست خۆشی لێ دەکەم پێش ئەوەی ئێش کردن لـە سـەر مـاددەی (١٤٠) لـە کەشـف کـردن و دۆزینـەوەی جـەنازەی ئەنفالـەکان کـە لـە بیابـانی عەرعـەر کـاتی خـۆی شوفینییەکان لەوێ زیندە بە چاڵیان کردبوون، کەمتر خەمی قیادەی سیاسی کورد، دەسەڵاتی کوردی چییە کە ماددەی (١٤٠) هەر وەکو ژمارەکە ماوەتەوە؟ نە تەتبیع، نە ئیحصا، نە ریفراندۆم جێ بـە جـێ نـەکراوە، وەکو کاك (دکتۆر فرست) باسی کرد لە ماددەکەش دا وا هاتووە لە (٢٠٠٧/٧/٣١) کوتـایی پـێ هـاتووە، بوچـی کورد هیندە بێ دەسەڵات بوو؟ کە دەسەڵاتی هەبێ لە بەغـدا زۆر پوسـتی گـەورە هەیـە، بـەڵام بۆچـی هـیچ هـەنگاوی نـەنا؟ خـاڵێکی تـر، عـەرەبی هـاوردە، کـێ بەرپرسـە لـەوەی کـە چـەکیان وەرگوتـووە، پارەیـان وەرگرتووە؟ بەڵام لـە شـوێنەکەی خۆیـان ماونـەوە، لـە و ئێسـتاش مـەوجودن، ئایا هێـزی ئاسایشـی کـوردی مەسئول نییـە لـە جـێ بـە جـێ کردنـی ئـەوەیان؟ یـا خـود هێزەکـانی نـاوخۆ کـە لـە کـەرکووکن، باشـترین هەڵوێسـتی نەتـەوەیی یـا خـود نیشـتیمانی ئـەوەی نـەبوو کـە ئێمـە لـە دوای (٢٠٠٣) یـەك دەنگـی خۆمـان

پاراستبایە، ئێستا لە کەرکووك چ شتێك هەیە دوو، دوو نەبێت، هەر لە ئاسایش، هەر لە پەروەردە، هەر لە مامۆستا، هەر لە ناو و نیشان، هەر لە عەلەم، لە هەموو شتێك، ئێمە کەواتە گلەیی لە خۆمان بکەین، زۆربەی تەقصیرەکە بۆ خۆمانە نەك بۆ ئەوان، و بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردەکان ئەگەر هێزێکی دەرەکی نەبێت ئێمە لە شەڕی داخلی نێزیك دەبینەوە، ئێمە لە هەڵبژاردەکان ناتوانین ببینە یەك لیست، یەکتری تۆمەتبار دەکەین، شەری ئیعلامی ئەوەندەیە خاسەتەن لە کەرکووك کە ئینسان، خەڵکی کورد هەست بە شەرمەزاری دەکات، خالێکی تر، ئەو پۆستی بەرپرسی گەورە زۆر زۆر گرنگە، بۆ جەنابی دکتۆر وا باشتر نەبوو یەك پۆستی هەبووایە؟ نەك لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی هەرێمیش بێت لە بەغدا، بەرپرسی دەستەش بێت، بۆیە کە زیاتر خۆی یەك لا کردبایە بۆ ئەو ئێشە گرنگەی، بۆچی تا ئێستا کورد کارتی سووری نیشانی بەغدا نەداوە؟ کاتی خۆی هێزەکانی دیجلە هاتنە کەرکووك بە نیازی داگیرکردنی و مالکی هات کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی بەست لەوێ، بەڵام تا ئێستا کورد نەیتوانیە (٢٢) بیست و دوو ساڵە تازە نووسینگەیەك لەوێ کراوەتەوە، کە ئەو نووسینگە تا ئێستا بەرپرسی دیار نییە، تا ئێستا ئەو لیژنەیە وەکو ناوچە کوردستانییەکان پێك هێنراوە سەرۆکی دیار نییە، ئەمانە هەمووی کەمتەر خەمی و کات بەڕێ کردنە، و ئێمەش بە راستی هەستی نەتەوایەتیمان زۆر زۆر لاواز بووە، ئەوەندەی کە حیزبایەتی دەکەین ئەوەندە هەنگاوەکانمان نەتەوەیی و نیشتیمانی نییە، ئایا ئەو دەستەیە کە کەرکووك، بە تایبەتی شوێنەکانی تریش کەفیلی تێدا هەیە لە تورکمان لە کریستیانەکانە، لە پێکهاتەکانی تر؟ من پێشنیار دەکەم کە وا کورد بە خزمەت وا بکات کە خەڵکی کەرکووك داوا بکات بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە یەعنی بڵێین لەوێ کوردایەتی بکرێت، خزمەتی تورکمانەکان بکرێت، کریستیانەکان بکرێت، عەرەبەکان بکرێت، بە شێوازێك کە وا خۆیان داوا بکەن بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا ئەوەی کە ئەوەندەی کە مەوادی رۆژانەی ژیانی خەڵك لە موسڵ و تکریت هەرزانە ئەوەندە لە کەرکووك هەرزان نییە، زۆر جاری وا من خەڵکیم بینیوە ئەڵێ لە حەلی زەمانی رژێمی سەدام شت هەرزانتر بووە لەوێ تا بگاتە شتی تر، ئەوە مانای ئەوە نییە هەرزانی هەموو شتێك بێت، بەڵام سیاسەتی ئێمە سیاسەتێکی ناجح نەبوو لەوێ، دەوری پەرلەمانی کوردستان چییە؟ کە ئێمە ئەزانین ئێستا ئاشتەواییەك نییە، یەك رێزی نییە، بۆچی پەرلەمان هەنگاو نانێت؟ ئەتەوێ مەسەلەن پەرلەمان چی بکات لە کاتی ئێستادا بۆ ئەو یەك رێزییە؟ هەڵوێستی ئەمریکا، ئەمریکا و (un) بوون کەوا تا ئێستا هەڵوێستیان دیار نییە کەوا بیانەوێت ماددەی (١٤٠) جێ بە جێ بکرێت و کەرکووك و شوێنەکانی تر بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەیان بوون عەلەمی کوردستانیان بە ئێمە داگرتوون، عەلەمی خەڵکی تری ئێخستە شوێنی ترەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو فیروز طە فەرموو.

**بەڕێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی خێرهاتنا دکتۆر (محمد احسان) دکەم، بخێر بێت سەرچاڤا بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ، من دڤێت ب کورتی چەند پرسیارەکا ئاراستەی جەنابی وی بکەم، ئێك : تەنسیق لە نێوان دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم چییە؟ لە گەڵ یەك! حکومەتی بەغدا! دوو حکومەتی هەرێم، سێ پارێگای کەرکووك، سەبارەت بە ئاوارەکانی هاتوونەتە ناو ئەو ناوچە، ئایا ئەمانە مەترسی نین بۆ ئایندە؟ دوو : باشە کێ تەحەمولی لایەنی دارایی و خەرجی ئەو هەموو ئاوارانە دەکات؟ دوو، ئایا لە سەر بەعزێ نەتەوە یەکگرتووەکانی نیودەوڵەتی وەك دەستە پەیوەندیتان چۆنە و چیتان کردووە؟ سێ : ئایا ئەم دەستەیە ئۆفیسیان هەیە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم؟ چوار : ئایا ئێوە وەکو دەستە هیواتان ماوە بە جێ بە جێ کردنی ماددەی (١٤٠)؟ ئەگەر هیواتان نەماوە ئایا بەدیل چییە پێتان؟ و ئەگەر پێتان وایە ماددەی (١٤٠) چارەسەر دەبێت ئێمە تا کەی چاوەڕوان بین؟ دویماهیکێ پشتگیری ئاخفتنێت دکتۆر فرستی و دکتۆر سراجی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانمان کران، من پرسیارێکم هەیە لە رێگەی جەنابتان لە کاك دکتۆر (محمد) دەکەم، لە راستیدا ئێمە لە وڵاتێك دەژین کە یاسا و دەستور تێدا سەروەر نییە، بۆیە پابەند بوون بە ناوەرۆکی دەستور بە پێی، یەعنی وەختێك پابەند بوونت هەیە کە بەرژەوەندی هەبێت، ئینجا پابەند بوون هەیە، ئێمە ئەو راستییە دەزانین، ئەو مەلەفە مەلەفێکی ئاڵۆزە جگە لە دیدی شوڤێنی دەست وەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش هەیە، پلانی بەرێزیان لە رابردوودا بۆ ئەکتیف کردنی ئەو پرۆسەیە جێ بە جێ کردنی قۆناغەکانی ماددەی (١٤٠) چی بوو؟ چی بووە لە رابردوودا کە لە کابینەی پێنج (٥) دا کە لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێداوە لە کابینەی (٥) پێنجەوە تا ئێستا لەو دۆسییەدا جەنابیان کاری کردووە، دەست خۆشیش لە هەوڵەکانی دەکەین، پلانیان چی بووە ئەم دۆسییە ئەکتیفتر بێت؟ یەعنی هەم لە سەر ئاستی نیودەوڵەتی هەم لە سەر ئاستی ناوخۆ، وەکو هەڤاڵانیش گوتیان ئێمە هیچ ئومێدمان نەماوە بە جێ بە جێ کردنی ئەو ماددەیەی دەستور، بەدیل چییە؟ نەك وەکو ئەلتەرناتیڤی ماددەکە، چونکە ئەو ماددەیە، ماددەیەکی دەستوریە، بە رای من ئەگەر بیر لە بەدیلەکە بکەینەوە ئەوا عێراق قبولیەتی کە قسە لە سەر هەموار کردن بێت، بەڵام چی بکرێت باشە؟ بۆ ئەوەی هەر لەو دۆخە چەق بە ستۆدایە نەمێنێنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ شامۆ فەرموو.

**بەرێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بخێر بێت جەنابی دكتۆر (محمد احسان)، راپۆرتا وی روونكرنێن مفادار تێدا هەبوون، قەدەرا ئەوا بوو (٩٠٪) جڤاك و جوگرافیا مە وەكو كوردێن ئێزدی گرێدایی ماددا (١٤٠) ە، سنورێ پێنج قەزا ڤەدگریت، شێخان، تلكێف، سێمێلێ، زاخو، شنگال، ئەڤ هێلا ستراتیجی سەردەمێ شورەشێ ژێ دەرگەهـ و دامانێ شورەشێ بوو و توتم شورەشێ بوو، سەردەمێ شوەرەشا (١٤٠) ێ ژی سێ هەلبژارتێن سەر ئاستێ عێراقێ و پارێزگەها مۆسل و ریفراندۆما دەستورێ عێراقێ موكاوناتێت ڤێ دەڤەرێ دەشتا مۆسل و رۆژئاڤا و چیایێ شنگالێ فیلتەر و فاكتەرێ سەرەكی یێ دەرباز كرنا وان ئەنجامێن بۆ باش سەركردایەتیا سیاسیا كوردستانێ، ئیرۆ، چونكی ئەم (٩٠٪) گرێدایی ڤێ ماددێنە كارەساتا مە ژ هەمی پێكهاتییێن دی پێن كوردستانی مەزنترە و هەر تشتەك مەعلومە ل بەرچاڤێن وە، كا خەلكێ مە ئەگەر ملیۆنەك ئاوارە ژ ڤێ دەڤەرێ هاتبن نیڤ ملیۆن ژی ژ كوردێن ئێزدینە، گونەها هەرە مەزن دكەڤیتە سەر ملێ حكومەتا عێراقێ، چونكە ژ ئالیێ ئیداری و دارایی ڤە ئەڤ دەڤەرە گرێدایی ب مۆسل و گرێدایی بەغدایە، نە ژ بەری روودانێ و نە پشتی روودانێ ل ئاستێ پێویست واجیب رانەبوونە، ئەڤێ یەكێ هێلایە رەوشا خەلكێ مە ب ڤی رەنگی یا پەریشان بە، هندەك دیتن و یان ژی پێشنیار و یان ژی پرسیار من هەنە، چ جەنابێ دكتۆر مفایێ ژێ ببینە و ئەز حەز دكەم سەرۆكاتیا پەرلەمانی ژی جهێ ئیهتیماما وان بیت، سێ سالێ تێ هەنە چەكێن دە (١٠) ملیۆنی یێن (١٤٠)ێ راوەستیانە باشە ئەگەر ڤێ قۆناغێ دەرگەهەك ڤەبا و ئەڤ خەلكێ پەریشان ئیستیفادە ژ ڤێ پرۆسێ دە (١٠) ملیۆنی وەرگرن، ژ دەڤەرێن زومار شنگال و زومار و شێخان و مەخمور (٥٤) خێزان مەشمولن ب (١٠) ملیۆنیێ، هەتا نووكە (٢٦) هەزار خێزان هەنە، (٢٨) هەزار خێزان مانە، ئیدارا شنگال و دەشتا مۆسل ژ حكومەتا فیدرالێ داخاز كرینە نوێنەارتیێن فەرمانگەهێن میری ل دهۆكێ بێنە دامەزراندن ل ڤێ رەوشا تەنگژەرا ئیرۆ خەلكێ مە تێدا، وە جنسیا عێراقی، بارێ شارستانی، هاتن و چوون، دادگەهـ، ژ بۆ مەشاندنا كاروبارێن گرێدایی ژیانا خەلكێ مە یێ ئاوارە لێ حەتا نوكە ئەنجام نینن، پێنج (٥) هەزار كەس و خێزان مەعاشێ خۆ یێ ریعای یێ ئیجتیماعی شنگال ئەڤە شەش (٦) هەیڤە مووچێت خۆ نەوەرگرتینە، (١٠) دە هەزار خانەنشینێن شنگال هەنە ئەوێن كو بیتاقە زەكیە هەی دكارن مووچێن خۆ وەرگرن لێ هەزار خێزان هەنە حەتا نوكە نەكارینە وەرگرن، خۆیایە مال و مومتەلەكاتێت خەلكێ مە هاتنە تالان كرن و هندەك خەلكێ دەڤەرێن تەكلێڤێ ڤەگەریانە، تەلقوشێ، تەلكێڤێ، ئەگەر هەر نوكە دەرگەهەكێ قەرەبووكرنێ بۆ ڤان خەلكێ ڤەگەریای بێتە ڤەكرن باشە، كێشەیا قوتابیێن مە و مەحروم بوونا وان ژ خاندنێ سەر ئاستێ پەروەردێ و سەر ئاستێ خاندنا بلند كێشەیا هەرە مەزنە و هەولێ دان بێتە كرن ئەڤ قوتابیە ژ روویێ دارایی ڤە ژی هاریكارییا وان بێتە كرن ئەز دبینم باشە، كەمپێن ئاواران ئەگەر تو پیڤانەكێ چێكەی ناڤبەینا ئاڤارەیێن باشوورێ عێراقێ و ئاوارەیێن هاتینە كوردستانێ حكومەتا عێراقێ بۆ یێن باشوور كەل و پەل ئانینە و موتێل و ئوتێل كرێ گرتینە، لێ هندەك چادرێن

خرابێن بێ مواصەفات بۆ ئاوارەیێن مە دابین کرنـە و ژیـان تێـدا بزەحمـەت ل ڤـێ زڤستانا سار، ئاڤاهیێ خاندنێ نین قەول بوو وەزارەتا کۆچ و کۆچبەرا کەل و پەلا بینن حەتا نووکە ئەنجام نینن، سی (٣٠) هەزار حـەتا چـل (٤٠) هـەزار خێـزانێن ئـاواران شـنگال و باشـیکێ و بـەهزانێ و تلکێپـڤـێ حـەتا نووکـە ملیۆنـا هاریکاریێ نەوەرگرتینە، نـە گـازا سپی و نـە غـاز و مـەحروقات و پێداویسـتییێن زسـتانێ نـینن، ئـاوارەیێن شنگال کێشا بلێتێن ئاهێن خارنێ نینن، چونکە بەری نووکە ئەرزاقێ وان سەر ب دهـۆکێ ڤـە بـوون دەڤـەرا باشیکێ و بەهزانێ و تلکێڤێ و ئەلقوش بێ ئەرزاق و غاز و گاز و پێویستی یـێن ژیانێنـە، گـەلو، ئـەنجامێن سێ هەڵبژارتنێن فەرمی یێن عێراقێ و پارێزگەها مۆسل، و ئـەڤ پـرۆژێ پـیروزێ پێشـمەرگێ قـەهرەمان ب خوینا خۆە ڤان دەڤەرا بست بست ژ داگیرکەرا و داعش رزگار دکەت، تێرا هندێ ناکەن ئەڤ دەڤەرە ڤەگـەڕن و مەسیرێ وان نەمینت گرێدایی ڤێ ماددا (١٤٠) یا ئاستەنگا ئـاڵۆزا بۆیـە چارەنڤیسـەکێ رەشـێ خـەڵکێ ڤـێ دەڤـەرا دوهـی شوڕەشـێ قوربـان و بـەرخۆدان کـر و ئـیرۆ ل ئازادیـا عێراقـێ ژی ئـەنجامێن بـاش ل سـەر سکرتارییەتا کوردستانێ ڤە ئانینە نەخاسمە ل هەڵبژارتنێن دەرباز بووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرسە مـن بـە کورتی چـوار خـاڵ بـاس دەکـەم، ئـەوەی کـە هـەمووومان دەیـزانین گرنگـی ئـەو ناوچانەیە کە گرنگیشی نییـە لـە رووی نیشـتیمانی و لـە رووی سیاسییەوە بـۆ ئێسـتا و ئاینـدەی باشـووری کوردسـتان، بـەڵام مامـەڵـە کردنـی نیشـتیمانیانەی دام و دەزگـای لـە گـەڵ ئـەو پرسـە و دوور کردنـەوە لـە بەخشینی مۆرك و شوناسی حیزبیانە ئەتوانم بڵێم رۆڵێکی بنچینەیی ئەگێڕێ لـە سـەرکەوتنمان لـە پێنـاو گەڕانەوەی ئەو ناوچانە و یە کوردسـتان کردنـەوەیان بـە شـێوەیەکی فـەرمی، دووەم ئەمـە رووی لـە بـەرێز دکتۆرە، ئەو رەوشە تازەی لە کوردستان و عێراق و لەو ناوچـانە بـە تایبـەتی هاتوونـە ئـاراوە تـا چـەند بـە واقیعی دەتوانێت جێگرەوەی ماددەی ١٤٠ی دەسـتوور بێـت، پرسـیارێکی تـر ئایـا تەسـلیم کردنـەوەی پرسـی ناوچە کوردستانییەکان بەماددە دەستووری و یاساییەکان نامانگەڕێنێتەوە خاڵی سەرەتا؟، سێیەم: ئایـا ئـەو کەموکورتیە سیاسییانەی کە لەڕابردوودا لەلایەن سیاسییەکانی کوردەوە خـوڵقێنراون، ئـەو کەموکورتیانـە کامانەن ئێوە توانیوتانە ئەو کەموکورتیانـە دیـاری بکـەن؟، بـۆ ئـەوەی مامەڵـەکردنی سیاسـی لەمـەودوا بـۆ ئاینده لەسەر ئەو ئەساسە دیاری بکەن و جێبەجێ بکەن؟، چ جۆرە مامەڵەیـەکی سیاسـی تەندروسـت ئێـوە پێشنیار دەکەن لەڕووانینی ئێوەوە مامەڵەی هـەرێمی کوردسـتان دەبێـت چـۆن بێـت، لەگـەڵ ئـەو ناوچـانە، چوارەم: کێشەی داعشمان هەیە، هەموولایەك ئەوە دەزانین، بەڵام چـەندین گرووپـی میلیشـیای شـیعی لـەو ناوچـانە، لەناوچـە کوردسـتانیەکان ئێسـتا ئامادەییـان هەیـە، ئایـا ئەمانـە بـۆ ئاینـدەی ئـەو ناوچانە نابنـە کێشەی هەرە گەورە، لـەدوای چارەسـەر بـوونی کێشـەی داعـش، یـان کۆتـایی هـاتنی ئـەو کێشـەیە دیسانەوە

هەمان ئەو گرفتانەی لەگەڵ داعش هەمانە، لەگەڵ ئـەو هێـزە میلیشـیایانەش نامانبێـت، مـن پـێش ئـەوەی بێینە ئەم دانیشتنە، لەگەڵ بەڕێزێکدا لە جەلەولا قسـەم کـرد تەنانـەت تـا ئێسـتاش ڕێکـەوتن نـەکراوە بـۆ هێرش کردنە سەر جەلەولا ئەوان مەرجی ئەوەیان هەبووە، ئەگەر یارمەتی دەریش بـن بـۆ هێـرش کردنـە سەر جەلەولا، بەڵام کە جەلەولا ڕزگار کـرا پێویسـتە ئـەوان واتـە هێـزی پێشمەرگە جەلـەولا چۆڵ بکـەن، هەمانـە هـەر لـە ئێسـتاوە مەترسـییەکانیان دەرکـەوتووە، پـێم خۆشـە جـەخت لەسـەر پاراسـتنی ئاسایشـی دانیشتوان بکەم، کە هەندێ لە هاوڕێیانم ئاماژەیان پێکرد، پەیوەست بەڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە ڕوویان لـە کـەرکووك و هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، جـا ١٢٠ هـەزار یـان ٣٠٠ هـەزار زیـاتر بـن ئەوانـەی کـە ڕوویـان لەناوچەکانی کەرکوك کردووە، پێم خۆشە سەرنجتان بۆ ڕاپۆرتی یەکێك لە ڕۆژنامە متمانـە پێکراوەکـانی کوردستان ڕابکێشم کە لەو هەفتانەی ڕابردوو بڵاو کراوەتـەوە، لەگـەڵ بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمانیش باسـم کرد و لەگەڵ چەند هاوڕێیـەکی تـریش، بـەبڕوای مـن مەترسـییەکی گەورەیـە بـۆ سـەر ئاینـدەی هـەرێمی کوردستان، دیارە دەمەوێت سەرەتا جەخت لەسـەر ئـەوە بکەمـەوە هـاتنی ئـاوارە ئەمـە حاڵـەتێکی ئـاساییە، مامەڵـەی هـەرێمی کوردسـتان دەبێـت مامەڵەیـەکی ئینسـانیانە بێـت، موتڵەقـەن لەگـەڵ ئاوارەکـان، بـەڵام ناکرێت مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی لێرەدا نادیدە بگیرێت، کە بەپێی ئەو ڕێژەی ئەوان بڵاویان کردۆتەوە لە ئێستادا لە ١٩٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردسـتان عـەرەبن، ئەمـە وەکو وتم مامەڵـەی ئینسـانی لەلایـەك، بـەڵام پاراسـتنی ئاسایشـی نەتـەوەیی وپاراسـتنی ئاسایشـی دانیشـتوانی هـەرێمی کوردسـتان پێویسـتە بەشێوەیەکی ئایندەیی بیری لێ بکرێتـەوە، جا ئەمـە ئەگـەر کۆبوونـەوەی تایبەتیشی بـۆ تـەرخان بکرێـت بەبڕوای من مەسەلەیەکی ئیجگار گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك باپیر کامەلا، لێرە نییە، سروود سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز (دکتۆر محمد احسان) دەکەم، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکـەی بـەڕێزیان دیـارە دکتـۆر زۆر موتەشائیمە، دیارە عەراقیل زۆرە بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی مـاددەی ١٤٠ پێـنج پرسـیارم هەیـە بـۆ جەنابیان، پرسیاری یەکەم، بە تەصەوری دکتۆر محمد بە هاتنی سەرۆك وەزیرانی نوێ حیدر عبـادی هـیچ دەگۆڕێ لە جێ بە جێ کردنی ئەم ماددە؟ پرسیاری دووەم، ئەگەر مەشاکیل بەرامبەر جێ بـە جـێ کردنـی ئەم مـاددە زۆرە، هـیچ هـەنگاوەێکتان هـەبوو بـۆ ئـەوەی ئـەم مـاددە بخرێتـە ژێـر ئیشـرافی کۆمـەڵگای نێـو دەوڵەتی (un)؟ پرسیاری سێیەم، ئایا وڵاتی دراوسێمانە هیچ ڕۆڵی ئیجابی یـان سـلبیان هـەبوو بـۆ جـێ بـە جێ کردنی یان جێ بە جێ نەکردنی ئەم ماددە؟ پرسـیاری چوارەم، حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کلـد و ئاشووری یە فەرمی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داوایان کرد کـە دەشـتی نەینـەوا ببێتـە پارێزگا و ئـەو داواکارییە پەسەند کراوە (من حیث المبدء )، ئێوە وەك دەستە ڕاتان چییە سەر ئەم بابەتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام دەمەوێ ئاماژە بە سێ خاڵ بکەم، خاڵی یەکەمم پرسیارێکە بۆ بەڕێز (دکتۆر) دوای بە خێرهاتن و دەستخۆشی، بڕی ئەو پارەیە کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی بۆ قەرەبوو کردنی ماددەی (١٤٠) تەرخان کراوە بۆ ساڵانی رابردوو، پارەکە چەند بووە، بڕەکە چەند بووە؟ و بە سەر چەند کەس دابەش کراوە؟ و ژمارەی ئەو چەکانەی کە بە سەر هاووڵاتیان دابەش کراوە لە شارو شارۆچکەکان پێم خۆشە بە دەقیق بۆمان دیاری بکەی، خاڵی دووەمم، دیارە ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسییەکان لە رابردوودا زیانی زۆری گەیاندۆتە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە بۆچوونی من پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە ئێستا و داهاتوو دەوری نێوان گیری هەروەها ئاشکرا کردنی راستییەکان بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان روون بکاتەوە، خاڵی سێیەم و کۆتایی، دیارە هاتنی عەرەبەکان بۆ کەرکووك بە پێی زانیارەکانی ئێمە زۆربەیان شیعەن و پلان دارێژراوە، بۆیە ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها پەرلەمان ئەمە بە هەند وەربگرێت و پێویستە رێگاشی لێ بگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا بەڕێز (دکتۆر محمد احسان) دکەین کو ئەڤرۆکە سەر بابەتەکێ گرنگ یێ هاتیە ئێرە، هەنگاوێت وی وەك شاهدەك ئەز ددەم مەسائێلێت وەکی مافێ مرۆڤ و جینۆساید و لە ماددەی (١٤٠) ئەوێ شیابیت و ب روحەکێ ریازی ژی وەکی بەرپرسەك قەبول دکەت، ئەگەر خەلەتیەك هەبن یێت بەرێزینە و ئەگەر چاکی ژی هەبیت یێن هەرێما کوردستانێ نە، ان شا الله ئەڤە دێ بیتە رەوشتەك بۆ هەمی بەرپرسێت مە، دەست خۆشیێ لێ دکەین، بخێر بێت سەرچاڤا، سەبارەت ب ئاوارا پێشتریش و ل بیرۆکەیەکی تریش بۆ کەرکووك ئەو بابەتە مە یێ ورژاندی، ئەگەر عەرەبی هاوردە خەتەر بن ئەڤرۆ ئاوارێت عەرەب چ بەرنامە بیت، چ وەکی دی بیت، خەتەرەکن ل سەر کەرکووکێ و دڤێت عیلاجەك بکرێتن و چارەسەر بکرێت نەکو هەمان ئەمە لە رێی دیموکراسیەتێ ڤە دێ دورانـدی بـن، دێ مەنتیقێت کوردستانی ڤێ دەڤەرێ ژی ئەو کەین، بەس ئەوێ حەتا نووکە باس کرایە، و مەدارەیە و ئەم خرکرینە جهێ دەستخۆشیێ یە، مەخصوصەن ئەو ئیحصایا ساڵا (١٩٥٦) کە دیکومێنتن و نەداینە عێراقێ و ئەڤە دەستەکەفتەکا گەورەیە نیسبەت ب مەڤە، بەس باسی (un) دکەن ل ڤان مەنتیقانە ببی، جا رەنگە بەرێزییان زیاتر ئەو ببیت،

(un) دگەل واقعیەتێ تەعامولێ دکەت، ئەڤرۆکە گۆرانا سەر وەزعی دا هاتی، هێزێت پێشمەرگا یێن ل وان دەڤەرا، ئومێدەوارم بەم زوویانەش شەنگالیش دگەل هەموو دەرد و کارەساتێن خۆ گردی بن ب عینوانێ خێزەکا دژە تیرۆر ل هێزەکا نێو نەتەوەیی، هێزێت مە یێت چووینە وێرێ، ئەگەر (un) نووکە، بەلکی حەتا دوێنێ، حەتا پێشی ڤێ حادیسێ ئەگەر هاتبا تەعامول دگەل کریا کو جێشا عێراقێ ل وێرێ بووی، بەس کو هێزێت مە یێت پێشمەرگە ل وێرێ بن، ئەم پارێزگاری بکەن، دێ تەعامولێ دگەل ئەمرێ واقیع دا کەت رەنگە هەنگاوەکا باش بیت بۆ مە، جارەکا دی ژی پشتگیریا برادەران دکەم، نامەوێت ڤسێت زێدە بکەم و زۆر سوپاس ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مریم خان.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز (د. محمد احسان) دەکەم، دیارە بەڕێزیان دوو کاری هەیە، یەکەم: سەرۆکی دەستەیە، دووەم: نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)، دیارە من لەسەر راپۆرتەکەی بەڕێزیان چەند تێبینی و پرسیارێکم هەیە یەکەمیان ناوەناوە گوێمان لێ دەبێ کەوا کۆمەڵێك زەوی گەرێنراوەتەوە بۆ خاوەنە ئەسڵیەکانیان، زەویە کشتوکاڵییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، ئایا زەوی ماوە بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان؟ چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم نووسینگەی هەرێمی کوردستان، وا تەسفیەی کەل و پەلەکانیان دەکات، بۆئەوەی ئەو نووسینگە دابخرێت، دووەمیان بەپێی خشتەی بودجەی تەر خانکراوی ساڵانە بێ، لە راپۆرتەکەی بەڕێزیان ئاماژەی پێداوە زۆرترین بڕی پارە لەساڵی (٢٠٠٩) دراوە، بودجەکەی بریتییە لە (٢٧٢) ملیار و (٨٠٥) ملیۆن و (٣٩٦) هەزار دینار ، دواتر کەم بووەتەوە، ئایا زۆر کەس ماوە پارە وەربگرێت؟، ئایا کەمکردنەوەو تەرخان نەکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەوە پەکی کارەکان و ئیشەکان ناخات؟، سێیەمیان وەك دەزانین بەڕێزیان تا ئەم ساتەوەختەش بەرپرسی دەستەکە بوون، من لە بەڕێزیان دەپرسم ئایا دوا سەردانتان بۆ بەدواداچوونی ئەو ناوچانە لە چ کات و ساتێك دا بووە، بەتایبەت لەو دۆخەی ئێستادا لەو ناوچانە جەنگ هەیە، ئایا بەڕێزیان بۆ لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێنەداوە یان راپۆرتی تایبەتی ئامادە کردووە لەسەر رەوشی ئەو ناوچانە بۆ پەرلەمانی کوردستان، چوارەمیان : بەربەستەکان: ئەو بەربەستانەی کە راپۆرتەکەی بەڕێزیان ئاماژەی پێکردووە، من پێم وایە ئێستاش ماوە بەدڵنیاییەوە زیادیش دەبێ، من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانە، یەکەمیان گرووپی کوردستانی لە بەغدا، سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەم حکومەت و هەم بەربەستەکان، هەموویان هاوکار بن لەسەر ئەو پرسە گرینگە، ئەگەر بکرێ (٣) مانگ جارێك لەسەر ئەو بابەتە کۆبوونەوە بکەن، بۆئەوەی قورسایی خۆیان بەکاربهێنن، دوو: لە راپۆرتەکە هاتووە نەبوونی خیتابی سیاسی وەك لە بەشێکی زۆر لە هەڤاڵانیشم ئاماژەیان پێدا، من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی

کوردستان بە هاوکاری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سەرپەرشـتی ئـەو کەیسە بکات و سـیاغەی وتـارێکی هاوبەش بکات، بۆئەوەی ببێتـە گوتارێکی کوردستانی بۆ ئەو بەشە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و دامودەزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان گرینگـی زیـاتر بـدەن بـە ئاوەدانکردنـەوەی زیـاتری ئـەو ناوچـانەو، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بـژێوی ژیانیـان، چونکە بەداخـەوە زۆربـەی ئـەو ناوچانە بـارودۆخی داراییـان زۆر خراپـە، پەرلـەمان و حکومـەت بـە گـەرموگوڕی وەڵامـی سـەرجەم پێنشـیار و داخوازیـەکانیان بدەنـەوە، بۆئەوەی کە بەڕێزیان ئاماژەی پێکردووە، کە کۆمەڵێك زۆر بە کەمی گوێیان لێ دەگیرێت، دواخـاڵم ئەوەیـە ئەو ناوچانەی لەبەر دەستتان دایە لە رێگای ئەمەریکا و وڵاتانی تر (un) ەوە زەغتی بخرێـتە سـەر بەغـدا، بۆئەوەی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز (د. محمد)، وێڕای بەخێرهاتنی بۆ پەرلەمانی کوردسـتان، بـەڵام بـەر لەوەی پرسیارەکانم بکەم، دەمەوێ ئەو گلەییە لە خۆمان بکـەین، لـەکاتی نووسـینەوەی دەسـتوور کـە ئێمـە خاکی خۆمان بە دەستی خۆمان خستووەتە ژێر چەقۆ، کە ناومان لێناوە مەنتیقـەی (متنـازع علیهـا)، هـیچ میللەتێك، هیچ کەسێك نەبووە لە دونیا خاکی خۆی بکاتـە شـوێنێکی کـە ئـەو شـوێنەی نیزاعـی لەسـەرە، مانای وایە ئێمە بەدەستی خۆمان خاکەکەمان داناوە، کە ئـەو خاکـە هـی ئێمـە نییـەو هـی ئـەوانیش نییـە، هـەردووکیان مونازەعـەمان لەسـەرە و بـزانین چۆن چارەسـەری دەکـەین، پێویسـت بـوو ئـەوە کـاتی خـۆی بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان گوترابـا ئـەو ناوچانەی بەرجینۆسـاید کەوتوونـە، کـە جینۆسـایدی تێـدا کـراوە، چونکە لەبەرئەوەی تەعریب یان هەر ناوێکی لێ بنـێین ئەوانـە دەچـنە بـابی جەریمـەی جینۆسـاید، بۆیـە حەق بوو چارەسەرکردنێکی هەبا لەو مەنتیقانە کـە کـاتی خـۆی لـە دەسـتوور ئـەم غەڵەتیـەمان بەسـەر دا تێپەڕیوە، بۆیە ئەمڕۆ ڕەنگە یەك لەو ئیشکالانەی کە رووبەڕوومان بووەتـەوە وا بـووبێتن، خۆشمـان باسـی کـرد بـەڕێز دکتـۆر (محمـد احسـان)، خۆمـان بەشـێکین لـەو کێشـەیەو لـە چارەسـەرنەکردنی ئـەو ماددەیـە، ئـەویش کـاك (محمـد احسـان) باسـی کـرد کـە نـەبوونی وتـارێکی یـەکگرتووی کـوردە، بەڕاسـتی ئـەم وتـارە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی کردووەتە سەر پرۆسەی جێبەجێ نەبوونی ماددەی (١٤٠)، بۆ نموونە لە کۆنگرە رۆژنامەنووسـیەکان دەڵـێین کـەرکووك بـە (٥١٪) چارەسـەر ناکرێـت، گەڕانـەوەی کـەرکوك بـە (٥١٪)یـش چارەسەر ناکرێ، دەبێ حاڵەتێکی تایبەتی پێ بدەین، یەعنی ئەو هەموو لێدوانانەی بەرپرسانی کـورد بـەو شێوەیە بەڕاستی گومان خستنە سەر ماددەکە خۆیەتی، بۆیە نەبوونی ئەو وتارانە دڵتەنگی و نیگەرانیەکی زۆری دروست کردووە، گە وادیکردووە خەڵکی تر بێتـە سـەر خـەت و جێبـەجێی نەکـەن، بۆیـە مـن لەگـەڵ پێشنیاری (بێگەرد) خانم نازانم (بێگەرد) خان بـوو کـە باسـی کـرد پارێزگاری کـەرکووك بێتـە پەرلـەمانی

کوردستان و ڕوونکردنـەوە بـدات، ئەگـەر لـەڕووی یاسـاییەوە دروسـت بێـت ئێمـە پارێزگـار بێتـە ئێـرەو ڕوونکردنـەوە بۆمـان بـدات، لەبەرئـەوەی ڕاسـتە پێشـنیاری تـریش هـاتووە، بـەڵام لـەڕووی یاسـاییەکەیەوە دەکرێت پارێزگار بـانگی ئێرانـە بکرێت، لەبەرئـەوەی سیفەتی وەزیـری نییـە، ئەمـەش کێشـەیەکی ئەگـەر کێشـەی یاسایی نـەبێ، لەگەڵ ئـەوەم پارێزگـاری کـەرکووك بێـتە ئێـرە، لەبەرئـەوەی زۆرجـار لـە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکاندا دەڵێت دەبـێ کـەرکووك حاڵەتێکی تایبـەتی بێت، دەڵـێ کـەرکووك نـابێ بـە (٥٠٪ زائیـد یەك) تەعامولی لەگەڵ بکرێت، لە ئەنقەرە ئەم موئتەمەرەی کردووە، لەشوێنەکانی تریش ئەم تەسریحاتانە دەدات ئایا دەبێ ڕوون بکاتەوە مەبەستی چییە لەوەی کە حاڵەتی تایبەتی بە کەرکووك بدرێت و بـە (٥١٪) ناگەڕێتەوە سەر کوردستان، هیودارم برادەران ئەمـە یـان بـە مەسـەلەیەکی سیاسـی دانابـەنی و هەرکەسێك پارێزگار بێ لەوە من ئەو پرسیارەم لێی هەیە نەك ئەو پارێزگارە بەڕێزەی ئێستا، ئایـا (کـاك محمـد) خـۆی گەشبینە بە جێبەجێ بوونی ئەو ماددەیەو تا چەند حکومەتی فیدرالی لە بەغدا جدیـەو نیـەتی هەیـە بـۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە، یان ئەوانیش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار ناتوانن کێشەکە جێبـەجێ بکـەن، سـێ: پێمان خۆشە (کاك محمد احسان) هەڵوێستی شیعەو سونەمان بـۆ بڵێت، ئایـا هـەردووکیان هـاو هەڵوێسـتن؟ یان یەکێکیان باشترە لەوی تر؟، چوارەم: ئەگەر ئەو ناوچانە بدرێتە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان و خۆیان چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە، لەبەرئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان پاشخانێکی باشیان هەیە لە چارەسەرکردنی ئـەو کێشـانە، یـان حکومـەتی عیراقـی ڕازی نـابێ بەمشێوازە، (کـاك محمـد احسـان) لـە راپۆرتەکـەی دەڵێـت (١٠٪)ی ناوچەکانی دابڕاو لە دەستی داعش دان، ئایا بوونی داعش لـەو ناوچانـە چ کێشـەیەك بـۆ داهـاتووی ئەو ماددەیە دروست دەکات؟ ئەوەشمان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەبارەی پێکهاتەکان سیاسەتێکی دروستمان هەیـە، لە کـاك محمـد احسـان دەپرسـم ئایـا ئـەو سیاسـەتەی ئێمـە پـەیڕەومان کـرد بـوو دەربـارەی پێکهاتـەکان لـە کـەرکووك و ناوچـەکانی تـر، ئایـا سیاسـەتێکی دروسـت بـووە وامـان کـردووە سـۆزی ئـەوان بـەلای خۆمانـدا ڕابکێشین، بۆیە من پێشنیاردەکەم لە مەسەلەی پۆستدا بە پێکهاتەکان زۆر زۆر سەخاوەتیمان بێ، کێشەمان نەبێ لـە پۆسـت، هـەتا پارێزگـار و جێگـر و هـەر پۆسـتێکی تـر بدرێـە هـەر کەسـێك و ئـەو پێکهاتانـە، بـە مەرجێك باوەڕیان بە ماددەی (١٤٠) هەبێتن، ئەگەر ئەوان چۆن ئێمە عیراق، عەرەب حازرە پۆستی سـەرۆك کۆمار بداتە کورد، بەڵام لەبەرئەوەی دەبێ عیراق یەکگرتوو بێتن، هەر عیراق بە عیراق بمێنێتەوە، هـەموو عیراقی موەحـەد بـێتن کێشـەمان پێیـان نییـە، حەقـە ئێمـەش لـە کـەرکووك کێشـەمان نـەبێ مەحافـەزیش تورکمان بێ، عەرەب بێ، مەسیحی بێ بە هیچ شێوەیەك ئەوە کێشەمان نەبێ، گرینگ ئەوەیـە بـاوەڕی بـەو ماددەیە هە بێتن، بۆیە ئێمە زۆرجار لـە پۆسـتدان، خـەڵکی تـر قسـە دەکـەن، لەبەرئـەوەی پۆسـت گـرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە تۆ باوەڕت بەوە هەبێ ئەم ناوچانە کوردستانین و بگەڕێنەوە سـەر ئیـدارەی هـەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە راپۆرتی سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ڕوونکردنەوەی باشی تێدا بوو لەسەر ماددەی (١٤٠) و ئەو ناوچانە، ڕەئی من وایە کاتی ئەو هاتووە کە بەجدی کار بکرێت و پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی چارەنووساز بدات لەسەر ئەو ناوچانە، بەحوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەژێر دەستی پێشمەرگە دایەو ئازاد کراوە، پێم وایە ئێستا دەرفەت گونجاو زەمینەلەبارە، بۆئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی ئاوا گرینگ و چارەنووساز بداتەوە ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم بابەتە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسازە، زۆر باس لەوە دەکرێت کە پەرلەمانی کوردستان لەڕووی قانونیەوە دەسەلأتی ئەوەی نییە، بەلأم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی (٥٦) بڕگەی دوو ئەمەی یەکلایی کردووەتەوە، کە دەڵێت بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتەکان و یەکلایی کردنەوەی کێشە چارەنووسازەکانی گەلی کوردستان، نەی وتووە هەرێمی کوردستان، گەلی کوردستانی عیراقی نووسیوە، کە هەموو باشووری کوردستان دەگرێتەوە، هەر پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە دەرچووە بە ژمارەیەك لە (٢٠٠٥/٧/٥) دیسان ئەمەی جارێکی تر ڕێگری قانونی نەهێشتووەو، کە دەڵێت پەرلەمان خۆی دەبێتە مەرجەعی سیاسی و دەستووری بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلە چارەنووسازەکان گەلی کوردستانی عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مونتەلەقی ئایەتی (ولا تبخسون الناس اشیاهم) هەوڵەکانی بەڕێز (دکتۆر محمد احسان) دەنرخێنم، کە سەرەڕای ئەو هەڵسەنگاندنەی لەبەردەمیان دابوون، کە ئاستەنگەکان هەندێکیان خودی و ناوخۆیی ببوون ئاماژەی پێکردن، هەندێك کار کراوە، بەلأم هەر لە ڕوانگەی راپۆرتەکەی بەڕێزیانەوە دەپرسم لە موزایەدەی سیاسی زیانی گەورەی بە بەرەوپێش چوونی ماددەی (١٤٠) گەیاندووە، دووجار باسی کرد تەنانەت دوعای ئینتیقامیشی لەوانە کرد کە عەرقەلەیان دروست کردووە، دەپرسم کە بەڕێزیان لەوساتەوەختەی کە سەعات دەبژێرێت چاوەڕێ دەکات، کاری تەواو ببێ و کەسێك لەدوای ئەو بێت ئەو پۆستە بە ئەستۆ بگرێت، ئێستا بەڕێزیان چی بە پێویست دەزانێت، کە حکومەت یان پەرلەمان بیکا بۆ چارەسەری ئەو ناتەبایی و ململانێی کە لەو شارەدا زۆر تۆخ بووتەوە، پاشان لە بەڕێزیان دەپرسم ئەگەر ئەنجامی دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ببن، چارەنووسی ماددەی (١٤٠) و جێناکۆکەکان چی بەسەردێت؟ ئایا ئەوەندە کارکراوە لەو ناوچانە؟ کە سەرژمێری و ڕاپرسی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو کەژاڵ فەرمووو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕێگای بەڕێزتانەوە دوو پرسیار ئاراستەی (دکتۆر محمد احسان) دەکەم، سەرەتا دەستخۆشی لە بەڕێزیان دەکەم، زۆر دڵسۆزانەو زۆر بەوردی دەستی لەسەر هەموو گرفتەکان دانا، هەر لە هاوکارینەکردنی حکومەتی ئیتیحادی هەتا سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی هەرێم جا بە هەر هۆکارێك بێت، وەك بەڕێزیان دەڵێت بوونی پاڵپشتی و نەبوونی یاسایەکی پوخت، منیش پرسیارێکی ئاراستەی دەکەم، بەڕێزیان بۆ دەستی لەکارنەکێشایەوە؟، هەڵوێستی مێژوویی تۆمار بکردبایە بەرامبەر ئەو پرسە چارەنووسسازە، پرسیاری دووەمم ئایا ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ئێستادا لە چ قۆناغێکدایە؟ ئایا لە قۆناغی بێ ئومێدی دایە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا مەسەلەی ڕێگاپێدانی ئاوارەکانی عەرەب بۆ کەرکووك، ئایا ئێمە لە هەرێمی کوردستان توانیمانە ڕێگری بکەین لە هاتنی عەرەبە ئاوارەکان تاوەکو بەڕێز پارێزگاری کەرکووك بتوانێ ڕێگری بکات؟، لەکاتێکدا بەپێی دەستووری عیراق ئەو بەشێکە لە عیراق و پێیەوە مولزەمە، مەسەلەی ماددەی (١٤٠) تەنهای پەیوەندی بەم بەڕێزەوە نییە، ڕەنگە لە ئیش و کارەکاندا پەیوەندی بە کۆی لایەنە سیاسییەکان و ئەو ڕێکەوتن و تەوافوقانەوە هەیە لە عیراق لەسەری کراوە، بۆئەوەی کە هەمووان شارەزای عیراقین، ڕەنگە ئەوەندەی بەدەست هاتبێ بۆیە تەئکید دەکەمەوە ئەم لیژنەیە بەشێکە لەو ئیتیفاقیاتانە، بەشێکی پەیوەندی بەو ڕێکەوتنە سیاسانەوە هەیە، کە لایەنە سیاسییەکان کردوویانە، مەسەلەی ماددەی (١٤٠) دیارە وەك پێویست هەنگاو لەدوای هەنگاو، ڕەنگە لەماوەی ئەو چەند ساڵە بیری زیاتری لێ کردبایەتەوە، بۆ نموونە ئاسایی کردنەوە، ئایا کام ئاسایی کردنەوە بە چ پێنسایەك یان ناوچەیەك ئاسایی کراوە، چاوەڕوانی ناوچەیەکی تر بکات؟ بۆ ئەم قۆناغانە هەمووی ڕیزبەندییە وەکو زنجیرێك بەدوا یەك دێت، ئەگەر قۆناغی یەکەم تەواو نەبێ دەتوانێت بچێتە قۆناغی دووەم، دەبووایە بیری زیاتری لێکردبایەوە بۆ نموونە مەسەلەی سەرژمێری دەبووایە فۆڕمی خۆارك بەدیلی بووایە، کە ڕەنگە ئەوە بە ئاسانی نەتوانێت سەرژمێری بکەیت، لەدواجاریشدا مەسەلەی ڕاپرسی ئێمە بەردەوام لە وتاری سەرکردەکانمانداو لەناو هەموانیش باس لەوە دەکەین، کە دەست بەرداری بستێك لە خاکی کوردستان نابین، بەڵام کە ڕاپرسییەك

دەكرێت بەپێی قانون ئێمە دەست بەرداری بەشێك لەو خاكەی خۆمان دەبین، كە لە ڕاپرسیدا دەیدۆڕینین، پێویستە حیسابی زیاترمان لەسەر ئەوە بكردبایە لەو ڕاپرسییە لەسەر ئەساسی پارێزگا گونجاوە، لەسەر ئەساسی قەزا یان ناحیە چۆن دەكرێت؟، لە هەموو حاڵەتەكانیشدا دیارە بەشێكی ئەو خاكە پیرۆزە لە دەست دەدەین، یەكێك لەو خاڵانەی تر كە پەیوەندی بەو نووسینگەوە هەیە ، من دەمەوێ كە قسەی لەسەر بكەم، بۆیە ئەو نووسینگەیەی كەركووك نیشانەی ئەوەیە كە هەموو ئەو ناوچە كوردستانیانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان بەشێكن لەو ماددەیەی (١٤٠)ە، ئەو ماددەیە تەنها كەركووك ناگرێتەوە، كە زۆرترین قسە لەسەر كەركووك كراوە، بەڵام دیارە كەركووك گرینگی خۆی هەیە، بۆیە زۆرترین باسی لێدەكرێت، هەر لەوێشەوە دەستخۆشی لە پەرلەمان دەكەین، بۆئەوەی نووسینگەیەكی لە كەركووك كردووەتەوە، ئەم نووسینگەیەو ئەو دەستەیەو هەموو ئەوانەشی كە پەیوەندی بەو ناوچانەوە هەبوو لە ڕابردوو بمان توانیبایە، لە داهاتووشدا پێویستە كاری لەسەر بكەین بۆ نموونە توركمان لە گەڕانەوەی زەوی و زارەكانیان زۆرترین وەك هاوشێوەی خۆمان سوودمەند بوونەوە لەو ماددەی (١٤٠)ە، بەڵام بەداخەوە وا دەردەكەوێ ئەو ماددە (١٤٠) كە تەنها تایبەت بێ بە كورد، نەمانتوانیوە هەستی نەتەوەكانی تر بەتایبەتی توركمانی بۆ ڕابكێشین، بۆئەوەی كە داكۆكیكار بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەدەستوری هەمیشەیی عیراق دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، ئیتیحادی بەرپرسە لە جێبەجێ كردنی ماددەی (١٤٠)، نەخشەڕێگای جێبەجێ كردنەكەش دیارە، كە لە ئاسایی كردنەوەو ئامار و ئیستفتایە، لە (١١) ساڵی ڕابردووش لەلایەن هەموو لایەكمان ڕوون و دیارە، كە سونەی عەرەبی كاتی خۆی كە تەجروبەیەكی كرد، وازی لە خاكی خۆی هێنا بەرامبەر بە وڵاتێكی ئیقلیمی، بەڵام ئیستعدادی نییە دان بە مافی ڕەوای خاكی كوردستاندا بنێ، هیچ هەنگاوێكیشی نەناوە، بۆیە ئێمە وەكو كورد، وەكو كوردستان تەجروبەمان لەگەڵ عیراق هەیە، چ لەگەڵ سونەی عەرەبی و بەودوایەش لەگەڵ شیعەش لە عیراقدا، هەموو هەنگاوەكانیان ئەوەیە كە ئەو ماددەیە جێبەجێ نەكرێتن، بەخێرهاتنێكی بەڕێز كاك دكتۆریش دەكەم، پرسیارێكیشم لەویش هەیە چ ئاسۆیەك كاك دكتۆر دەیبینی لە بۆئەوەی ئەو ماددەیە چارەسەری پێ بكرێ؟ هەرچەندە بەپێی دەستوریش كە سەرۆك كۆمار پارێزەری دەستورە، بەپێی ماددەی (٥٠) و لە ماددەی (٦٧)ی دەستور، بۆیە هەوڵ بدرێت ئەو هەوڵەی كە كاتی خۆی درا بوو جدی تر بكرێتەوە، هەوڵەكە بەردەوام بكرێ، بۆئەوەی لەوێ ڕا بتوانرێت ئیش لەسەر ئەوەی بكرێت كە ماددەی (١٤٠) هەنگاوی فیعلی بۆ بهاوێژرێ و جێبەجێ بكرێ، كە دڵنیاشم هیچ هەنگاوێك نامێنێت، كە باس لە ئیستفتاء دەكرێت بە تەسەوری خۆشم ئێستا لە زۆربەی شوێنەكان ئەگەر بە ئیستفتاء بێ ئێمە خاكی خۆمان دەدۆڕێنین، بۆیە تا هەنگاوەكانی

پێشی ئیستفتاء نەکرێت زەحمەتە، بەڵام ئەوەی کە جێگای دڵخۆشیە کە لە پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاری لەسەر درا، کە بوویتە دیفاکتۆ ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە زۆربەی ئەو شوێنانەیە کە با بڵێین کە نیزاعی لەسەر بووە، کە ناوی نراوە نیزاع، کە خاکی کوردستان بووە، بۆیە پەلە بکرێ بە تەوەقوعی من کە یاسای راپرسی دەربچوێندرێت و، ڕاپرسیەکە ئەنجام بدرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو شوێنانە بەشێوەیەکی یاسایی، پەرلەمان ئیشی خۆی کردیەو ئەگەر ئەو هەنگاوەش بهاوێژرێتن، بە تەسەوری من لەڕووی یاساییەوە شتێکی زۆر زۆر باش دەبێتن، بیکەینە ئەمری واقیعی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز (د. محمد احسان) دەکەین، دەست خۆشی لێ دەکەین بۆ راپۆرتەکەی، هەرچەندە دەبووایە ئێستا بەپێی یاسای دامەزراندنی دەستەکەیان چەندەها راپۆرتی پێشکەش بە پەرلەمان بکردایە، بەهەرحاڵ ئەو ئێستا لە کۆتایی موهیمەکەی دایە، هیوادارین ئەو کەسەی کە لە دوای ئەو دێت بەم واجبە قانونییەی خۆی هەڵسێت، بەردەوام بەشێوەیەکی دەوری راپۆرت پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بەشێکی زۆر لە قسەکانم کرا، بۆیە تێبینیەکەم لە سەرنجێك و دوو پرسیار کورت دەکەمەوە، سەرنجەکەم ئەوەیە یەکەم راپۆرتەکە پێوەی دیارەو بەداخەوە لە واقیعیشدا وایە کە مەسەلەی ماددەی (١٤٠) لەڕووی جێبەجێ کردنەوە زۆر کەم چووەتە پێش، بۆ ئەوەش هۆکار زۆرن کە گرینگترین هۆکارەکانی یان لە سەرەتای دروست بوونی ئەو ماددەیەوە دەست پێ دەکات، کاتێك کە قبوڵ بکات ماددەی (٥٨) تەحویل بکرێ پێش جێبەجێ کردنی تەحویل بکرێ بۆ ماددەی (١٤٠)، لە ماددەی (١٤٠)یش جێبەجێ کردنەکەی بەسترایەوە بە ڕاپرسیەکی غەیر مەزموونەوە، یەعنی ڕاپرسییەك کە مسۆگەر نییە، لەو ڕاپرسیەشدا هیچ ئێشێك نەکراوە بۆ دروستکردنی متمانە لەلایەن عەرەبەکان و پێکهاتەکانی تری ئەو ناوچانە، تا بتواندرێت لە ڕاپرسیەکەدا هیچ نەبێ هاوکارمان بن، سەبارەت بە پرسیارەکانم یەکەمیان: بەشێك لە عەمەلیەی تەتبیع ئەوەیە کە دەبێ ئەو بڕیارانەی مەجلیسی قیادەی سەورەو کە لیژنەی شئونی شیمال داویەتی هەڵبوەشێنرێتەوە، لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) دوو بڕیاری دەرکردووەە، بڕیاری ژمارە (٣) و (٤) بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارانە، ئەم لیژنەیە سەلاحیەتی ئەوەی هەیە بڕیارەکانی لیژنەی شئونی شیمال هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە هەندێك یاسایی تێدایە، بۆیە پێویستی بە قەراری پەرلەمان هەیە، من پرسیار لە بەڕێزیان دەکەم ئایا ئەمە خراوەتە بەردەمی مەجلیسی نواب، بۆئەوەی ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنرێنەوە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە هەر خاڵێکی عەمەلییەی تەتبیع بریتییە لە دووبارە تەوزیع کردنەوەی نەخشەی ئیدارەی ئەو قەزاو ناحیانەی کە بە مەبەستی سیاسی لە کەرکووك و مەحافەزەکانی

تر دابڕێنراون، پێویستیان بە گەڕانەوە هەیە بۆ شوێنە ئەسڵەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە وەك لە راپۆرتەکەی بەڕێزیانەوە دیارە کە خۆشمان ئاگامان لێی بووە، بەڕێز سەرۆك کۆمار ئەوکاتە مەشروعی قەرارێکی پێشکەش کردووە، هەرچەندە لە مەشروعی قەرارەکە بە وازحی ئەوەنییە کە بۆ گێڕانەوەی ئەو شوێنانە بێ، بەلاّم مەخزاکەی ئەوەیە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا مەسیری ئەو مەشروعی قەرارە چی بەسەر هاتووە؟ خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران، بۆئەوەی کاری لەسەر بکرێت یان ئیهمال کراوە، لەکۆتایشدا بە بەڕێزیان دەڵێم پێمان خۆشە لە راپۆرتەکەدا بۆمان دەست نیشان بکات، چونکە ئەو ئێستا لە نوقتەی کۆتایی موهیمەکەدایە، بەڕای جەنابیان تا ئێستا ئەگەر ڕێژەیەکی سەدی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) دابنێین، ڕێەژی چەندی دەداتێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای خۆمەوە منیش بەخێرهاتنی (دکتۆر محمد احسان) دەکەم، دەستخۆشی لە ماندووبونی دەکەم بۆ کارەکەی، سەرەتا بەپرسیارێك دەست پێ دەکەم بەڕێزی وتی لە کابینەی علاویدا یەکەمین لیژنە یەك کۆبوونەوە ئەنجام نەدا، پرسیارەکەم ئەوەیە کەمتەرخەم بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵ یان کەمتەرخەمی بەرپرسانی کوردستانە، بەتایبەتی لەکاتێکدا بوو لایەنی کوردستانی لەوپەڕی بەهێزبوون دا بوو، لەکاتێکیشدا ئەوکاتە سەرۆکی لیژنەکە پێشمەرگەیەکی کوردستانی بوو، قەناعەت و بڕوای بە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە و کوردستانییەتی کەرکوك بوو، بارودۆخی نوێ بە گشتی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کار کردنمان بۆ ماددەی (١٤٠)، ئەوەش پێویستی بە نەخشە ڕێگایەك هەیە کە چەندین بوار بگرێتەوە، باس کردنی ماددەی (١٤٠) ناکرێ تەنها باس کردنی کەرکوك بێت، بەڵکو سەرجەم ناوچەکانی دیکەش، هەروەکو کەرکوك بایەخی زیاتری پێ بدرێت، ئەمڕۆ لە هەندێ لەو ناوچانە تاوانێکی گەورە ئەنجام دراوە، بە تایبەتی دەرهەق بە کوردی ئێزیدی، جگە لە کلدان و سریان و ئاشوورییەکان و شەبەك، ئەو تاوانەی کە دژ بە ئێزیدییەکان ئەنجام دراوە، پێویستە لە کارەکانی دەستەی ئەو ناوچە و نەخشەی کار کردنیان ڕەنگ بداتەوە، کار بکرێت کە نەخشەیەکی فریاکەوتنی سەرانسەری و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ لەسەر ئاستی عیراق دا، شایەنی باسە جگە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤ، شالاّوەکانی دەوڵەتی خیلافەت لەو ناوچانە، بەشێکە لە کاری گۆڕانکاری دیموگرافی ئەو ناوچانە و قەلاّچۆکردنی کوردستانییەکان، واتا ئەمڕۆ بە شێوازێکی عەمەلی گرفتەکانی ئەو ناوچانە تەنها هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵ نییە، بەڵکو دەوڵەتی نوێی خیلافەتی ئیسلامی کە لەلایەن ناوەندێکی فراوانی عەشایەری ناوچە سوننە نشینەکان پشتگیریان لێ دەکرێت، بە نیسبەت کەرکووکەوە، هەڵبەتە تایبەتمەندییەکی سیاسی هەیە، بە هۆی بوونی ناوەندێکی فراوانی تورکمان و عەرەبی ڕەسەن، پێشنیاری ئەوە دەکەم ،جگە لە کلدو ئاشوور، حکومەتی هەرێمی

کوردستان لیژنەیەکی هەبێت بۆ دانوستاندن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئەو پێکهاتانە، کار بکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵیان دا، کە مافەکانیان و شێوازی بەشداری کردنیان لە حکومەتی خۆجێی کەرکووك مسۆگەر بکرێ، بەشداریان لە پەرلەمانی کوردستان بە شێوازی کۆتا دابین بکرێت، ئەوەش زەمینە خۆش دەکات تەنانەت بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەیان بۆ هەرێم، بەڵێ کە باسی کورکووك دەکەین هەموومان گرنگی کەرکووك دەزانین، کەی ڕەوایە و چۆن دەبێت ململانێی حیزبی بە ڕۆژانە و بە شێوازی نادروست بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت؟ کەی ڕەوایە تاکو ئێستا دوو ئاسایش لە کەرکووك دا بوونی هەبێت؟ لەوەش خەراپتر ئەوەیە بە ڕاشکاوی بڵێم پەیوەندی پارێزگاری کەرکووك لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەندییەکی ئاسایی نییە، لە کاتێکدا وا پێویست دەکات ئەو پەیوەندییە گرنگی زیاتری پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بە بەرنامەیەکی فراوان کاری بۆ بکرێ، جەخت کردنەوە، جەخت کردن کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو ناوچانە بە شێوازی دەستووری بۆ هەرێم بگەڕێنێتەوە، واتا لە ڕێگای ڕاپرسی، بیرکردنەوەی ورد لە چارەنووسی هەندێ ناوچە کە لە بواری پێکهاتەی جوگرافی ئیمتیدادی عەرەبی هەیە، ئەگەر بە تەنها وەك قەزایەك ڕاپرسی تیا بکرێت، عیراق هەڵدەبژێرێت، بۆ نموونە حەویجە کە زیاتر مۆرکی پارێزگای صەلاحەددینی پێوەیە، بە پێچەوانەی دووز کە مۆرکە کوردستانییەکەی پێوە دیارە، فەرامۆش نەکردنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە لە ڕاگەیاندن دا، بە جۆرێك ڕووداوی ڕۆژانەی دژایەتی تیرۆر ئەوەمان لە بیر نەباتەوە کە هەموو چالاکی کارمان بۆ دژایەتی تیرۆر بەشێکە لە پاراستنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بە شێوازێکی عەمەلی، ئێمە جارێکی تر بەشداریمان لە حکومەتی فیدراڵ کرد، ئەم جارەیان بە بێ ڕێککەوتن و مەحزەری هاوبەش، بۆیە پێویستە لە هەموو کاتێك زیاتر فشار بخەینە سەر حکومەتی فیدراڵ بۆ دەستنیشان کردنی کاتی ڕاپرسی لەسەر ئەو ناوچانە، جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)، مەرج نییە ئەو ڕاپرسییە لەسەرجەم ناوچەکان دا، لە یەك کاتدا ئەنجام بدرێ، لە کۆتایی دا دەڵێم پێویستە و لەوە زیاتر مایەی قبوڵکردن نییە، تاکو ئێستا لیژنەکەی پەرلەمان دەربارەی ئەو ناوچانە هەڵبژاردنی بۆ نەکراوە، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لەگەڵ ڕای (بێگەرد) خان دام بۆ ئەوەی پارێزگاری کەرکووك ئامادەی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێ بەیانی کاك أبو کاروان دەبێ بە سەرۆکی لیژنەکە ئەگەر وابێ، بەڕێز مامۆستا حسن صالح، مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ناوهێنانی تەنها گرووپێك بە دەوڵەت و بە خیلافەتی ئیسلامی لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا جێگەی نیگەرانی یە، بۆیە داوا دەکەم ئەو قسانە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە ئەوانە تەنها گرووپێکن

که بوونەتە مایەی بە ڕاستی ئەوەی کە هەرچی موسوڵمانی عالەمە هەر هەموویان ئیحراج کردووە، ئەوانە نە دەوڵەتن، نە خیلافەتیشن، دەوڵەتی ئیسلامی و خیلافەتی ئیسلامی مایەی خۆشی و خۆشبەختی و ئاشتی و ئاشتەوایی بووە، دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتەکەی پێغەمبەرە (ص) کە یەهودی تیا بووە، جوولەکەی تیا بووە، نەصرانی تیا بووە، موشریکی تیا بووە، مونافیقی تیا بووە، هەر هەمووشیان پێکەوە ژیاون، کەس پێی نەوتوون بەری چاوتان کلی پێوەیە، بەڵام لە دەوڵەتەکەی ئەوان دا موسوڵمانیش جێگای نابێتەوە، (قارئ القرآن)یش جێگای نابێتەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی جێگەی نیگەرانییە کە لە پەنا گرووپێکی ئاوا بەو چەشنە بوونەتە مایەی قەباحەت بۆ ئیسلام و ئیسلامەکان لە هەموو دونیا، بدرێ لە موستەلەحاتی ئیسلامی، بدرێ لە خیلافەتی ئیسلامی کە پێغەمبەری خوا (ص) بەردی بناغەکەی داناوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ، پەیامەکەت گەیشت مامۆستا، ئەوە ڕێکخراوێکن، دەوڵەت نین، کاک أبو کاروان، ڕێکخراون، دەوڵەت نین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمین شت حەق نییە مامۆستا وەڵام بداتەوە، بەڕێزتان حەقی ئەوەتان هەیە وەڵام بدەنەوە، دووەمین/ داعش خۆی ئیعلانی ئەوەی کردووە دەوڵەتی خیلافەی ئیسلامییە، لە موحیتەوە بۆ خەلیج، لەبەر ئەوە حەق نییە وا بکات، لەبەر ئەوە کەس نوێنەرایەتی ئەوە ناکات، نە داعش دەیکات، نە کەسی تر دەیکات، لەبەر ئەوە حەق نییە مامۆستا وەڵام بداتەوە، ڕێزم بۆی هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک أبو کاروان، ئەم قسانەی جەنابیشت بە مانای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دانی بەو خیلافەتەدا ناوە، لە کاتێك دا کە هەرێمی کوردستان دانی بەو دەوڵەتە نەناوە، دانی بەو خیلافەتەش نەناوە، لە هەرێمی کوردستان ئێمە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانین، کاک د. محمد إحسان، قسەیەکت هەیە لەسەر ئەوە؟ (فیما یسمی) ئێمە ئیعتیرافمان بەوە نەکردووە، بەڵێ وایە، ڕاستە، مامۆستا غەریب، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندە دەڵێم تەواوی پشتیوانی بۆچوونەکەی مامۆستا هەورامان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، مامۆستا حسن صالح، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەستخۆشی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزی ئەم خولە دەكەم، كە بۆ یەكەم جار لە كەركووكی خۆشەویست نووسینگەی پەرلەمان كراوەتەوە، كە ئیهتیمامێكی گەورەیە بەو شارە و قەزییەكەی، لە قسەیەكی كاك (فرحان)ەوە دەست پێ دەكەم كە (١٠٠٪) پشتیوانی دەكەم، كە بەڕاستی هەڵەیەكی ستراتیژی گەورەمان كرد، ئێمە لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی خاكی كوردستانمان خستە موزایەدەوە، یەعنی خاكی خۆمان بوو، نەدەكرا ئەوە بخرێتە ناو مامەڵەی سیاسی و ئابووری و هەر شتێكی تر بێ، بۆیە ئەوە بەڕێز سەرۆكی كۆماری عیراق بەڕێز مام جلال لە مورافەعەكەی كاتێ لە مەجلیس حوكم بوو، كوردستانییەتی ئەو ناوچەیەی سەلماندووە، كوردستانییەتی ئەو ناوچەیەش لەمێژە سەلماوە بەوەی شۆڕشە یەك لە دوای یەكەكانیش هەر لەو ناوچەیە، بۆیە نەدەكرا ئەوە بخرێتە ناو چوارچێوەی ئەو ماددەیەوە، لە كۆتایی قسەكانی كاك (بێستوون)یش مەسەلەی داعش ئەمرێكی واقیع بوو بەسەر كوردستان داهات، ڕاستە حاڵەتێكی (طارىء) بوو، بۆمبێكی تەوقیت كراو بوو، ناخۆش بوو، كۆمەڵێك شەهید، جینۆساید، كۆمەڵێك كارەساتی زۆر خەفەتبار بەسەر میللەتەكەمان دا هات، بەڵام دواجار وەك لە قورئانی پیرۆزیش دا باس لەوە دەكرێ زۆر شت كە پێتان ناخۆشە دواجار بە باش بەسەرتان دا دەشكێتەوە، ئەگەر چی حاڵەتێكی ناخۆشە، بەڵام دواجار توانیمان بەشێكی زۆر لە خاكی كوردستان لەو خاكەی كە لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠)دا جێی كراوەتەوە، بگەڕێتەوە ناو باوەشی هەرێمی كوردستان، سەرۆكی هەرێمیش باسی لەوە كردووە كە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ كراوە، كەواتە من لێرەوە پێشنیار دەكەم، دەبوو لە (٢٠٠٣)وە ئەوە جێبەجێ بكرابا، خاكی كوردستانە، چ لای ئێمە بێ كە خاوەنی ئەصلینە، چ لای دوژمنەكانمان بێ، دواتر من پێموایە ماددەی (١٤٠) زووتر جێبەجێ دەكرا ئەگەر لای ئێمە با، دواتر لە ماددەی (١٤٠)دا، لە ئیستیفتادا، لە هەموو ئەو سێ قۆناغەدا كە جێبەجێ بكرابا، من سێ پرسیارم هەیە، قسەكانم هەمووی كران، پرسیاری یەكەم/ كاك (د. محمد إحسان) كە باس لەوە دەكات، هەتا ئەوانەی لەسەر پشكی كورد بوون لە بەغدا لەو مەحكەمەیەی باسی كرد لەگەڵ دوژمنەكانمان یەك ڕەئی بوون، پشتگیری بەڕێزیانیان نەكردووە، ئایا دكتۆر ئەوەی بە سەركردایەتی سیاسی، بە پەرلەمانی كوردستان، بە سەرۆكایەتی هەرێم، بە حكومەت گەیاندووە؟ ئەگەر پێی گەیاندوون، ئیجرائاتی ئەوان چ بووە؟ ئایا ئەوان تەنها بۆ ئەوەی لەسەر با بڵێین پشكی كورد مووچەیەك وەرگرن تەواو، دەنا مەرامی دوژمنان جێبەجێ بكەن؟ ئایا وەڵامی ئەوان چ بووە؟ پرسیاری دووەمم/ ئایا ئەو دوو ئیدارەی كە لە كەركووك هەیە كاریگەری هەیە لەسەر پەككەوتنی ماددەی (١٤٠)؟ وەڵامەكەی بەڵێ یە، بەڵام من بۆ بەڕێز دكتۆر، ئەگەر هەیەتی بە سەركردایەتی سیاسی كورد گوتراوە تا ئێستا ئیجرائاتی وان چی بووە بەرامبەر ئەو دوو ئیدارەیە؟ خۆ ئەگەر ئەوانیش بەشێك بووبن لە درێژەدان بەو دوو ئیدارەیی یە، ئێمە بۆ لۆمەی دوژمنانی خۆمان بكەین كە ماددەكە دوا دەخەن؟ پرسیاری سێیەمم/ من گومانم لە دڵسۆزی (د. محمد) نییە، دڵنیام لەوەی خۆی خودی خۆی زۆر بە دڵسۆزی كارەكەی ئەنجام داوە، هەمووشمان لە (TV)یەكان بینیمان كە زۆرجار موجازەفەی بە ژیانی خۆی دەكرد، كە دەچوو ئێسك و پروسكی شەهیدانی كوردی دەهێنایەوە،

بەڵام بۆ بەم دوایی یە کە وەك بۆ خۆی باسی کرد، ئەمڕۆ یەعنی کۆتایی بە تەمەنی کاری ئەو دێ، بۆ بەم دوایی یە ئەم دەردە دڵەی خۆی باس دەکات لێرانە؟ من پێشم باش بوو بەڕاستی ئەم بەڕێزەی کە لە جێگای ئەو دانراوە لێرە بوایە، بۆ ئەوەی کەم و کورتییەکانی کە لە ڕابردوودا هەبووە، ئەو زانیبای لە پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی دواجار تەنسیقێکی باش لە نێوان ئێمە و ئەو هەبا، هەموو ئەو کەم و کورتییانە ئەو توانیبای پەندی لێ وەربگرێ، پرسیارەکەی من ئەوەیە لەو خاڵەدا/ بۆ بە جورئەتەوە نەیتوانی کە کەم تەرخەمیەکان دیاری بکات؟ یەعنی کەمتەرخەمیەکانی کە لەو ماوەیە ڕوویان داوە، ئەگەر حیزبە، ئەگەر کەسە، ئەگەر هەر کەسێکە، بۆ نەیتوانی کەمتەرخەمیەکان دیاری بکات؟ چونکە ئێمە هەتا وەکو دەست لەسەر برینەکانمان دانەنێین، هەتاوەکو کەم تەرخەمیەکان نەدۆزینەوە، ناتوانین چارەسەرێکی جددی بدۆزێنەوە، پرسیاری چوارەمم/ وەکو پێشنیارە کە پێشتر بەڕێز (حاکم شێخ لطیف) پێشنیاری ئەوەی کردووە، ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان بەڕێزیان ئەو پێشنیارەی خستۆتە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی کورد، یان سەرۆکایەتی هەرێم حکومەت و ئەوانە کە باس لەوە دەکات لەگەڵ حکومەتی عیراقیش کەم تەرخەمی دەنوێنێ، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بە دەفعەیەك نادا، ئێمە حکومەتی هەرێم کە ئەو کاتی وەزعی دارایی حکومەتی هەرێم زۆر باش بوو، بۆ نەیدەتوانی ئەم ئیشە بکات؟ ماددەکە سەریعتر بکات، دواتر ئەوە لە حکومەتی عیراقی وەربگرێتەوە، هەتا ئەگەر وەریشی نەگرێتەوە بەڕاستی بۆ گەڕانەوەی خاکی کوردستان ئێمە دەبێ تەزحییە بە زۆر شت بدەین، چ جای ئەوەی کە پارەمان هەبووە وەکو حکومەت، ئێستاش من بەش بە حاڵی خۆم گومانم لەم قەیرانە دارایی یە هەیە، بەڵام ئەگەر هەشبێ حیزبەکان بایی ئەوە دەوڵەمەندن کە بتوانن بەڕاستی ئەوانە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم لەلایەن آمنە خان و گەشە خانەوە کرا، سێ پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم/ هۆکاری لاوازی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان لە پەرلەمان و لە حکومەت، چونکە بەشێکی زۆری قسەکانی کردی پەیوەندیدار بوو بە یاساکان، هەروەها بە بڕیارەکانەوە، هۆکاری ئەو لاوازی پەیوەندییە بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟ دووەم پرسیاریشم/ پێشنیاری یاخود ڕاسپاردەیان بۆ دەستەی داهاتوو چییە؟ لە کاتێك دا ئەو لە ماددەی (١٤٠) لە کاتی لاوازی حکومەتی عیراقی دا نەتوانرا جێبەجێ بکرێ، بەشێکی جێبەجێ بکرێ، ئەی لە داهاتوودا، لە ئێستادا چی بکرێ باشترە؟ سێیەمیان/ تا چەند بەدواداچوون کراوە لە لیژنەکان لەلایەن دەستەکەیانەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوارە عەرەبانەی کە ئێستا دێنەوە، یاخود ئەوانەی کە سوودمەند بوون، جارێکی تر لە ناوچە کوردستانییەکان جێگیر نەبنەوە و کێشەی داهاتوومان بۆ دروست

نەکەن، پێشنیارێکیشم هەیە، یاخود داواکارییەم هەیە کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بە چەند ڕاسپاردەیەك لە کۆتایی کۆبوونەوەکان دەرچێ، چەند ڕاسپاردەیەك بۆ ئەو وەفدەی کە دەچێتە بەغدا، بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین ماددەی (١٤٠) وەك فشارێ بەکار بێنین لە مفاوەزاتەکانمان دا، دووەمیشیان/ چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکیشمان هەبێ بۆ دەستەی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانین پاڵپشتیان بین بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) لە داهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن علی رضا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی (د. محمد) دەکەم، من هەر پێم خۆشە لە قسەیەکی بەڕێزییەوە دەست پێ بکەم، کە دەڵێت (خیتابی سیاسی کورد یەکگرتوو نەبووە)، کارەساتەکە لە ڕاستی دا لێرەدایە کە کورد بۆ خۆی خاوەنی خیتابێکی یەکگرتوو نەبێت، ئێمە داوای جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بکەین لە کاربەدەستانی حکومەتی عیراق، من پێم خۆشە زۆرێك لە هاوڕێکانم قسەکانیان کرد دووبارەی نەکەمەوە، لەو ناوچانەی کە پێیان دەوترێت ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك کێشە و گرفت هەیە، یەکێك لەوانە بەڕاستی حیساب نەکردن یان نەخوێندنەوەی قسەی بەرپرسانە بۆ یەکتری، بۆ نموونە لە پارێزگارەوە بۆ قایمقام، لە ئەنجومەنی موحافەزەوە بۆ پارێزگار، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە پێشتر درابووە کەسێك ئەو کەسە ئێستا بۆتە ئەندامی پەرلەمان و تا ئێستا ئەو شوێنە وەکو خۆی ماوە، ئەوە پڕ نەکراوەتەوە، یەکێکە لە گرفتەکان بۆ ئەو شوێنە بۆ کەرکووك، دواتر گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکان دا شتێکی مەحاڵە، کەسێك کە دانرا ئیتر لەو کورسییە جووڵەی پێ ناکرێ، مەحاڵە شوێنەکەی پێ جێبهێڵن، شتێك کە زۆر گرنگە بەلامەوە کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ هەندێ هاوڕێیانم لە فراکسیۆنی گۆڕان سەردانێکی (دوزخورماتوو)مان کرد لە ڕاستی دا، دوزخورماتوو بە پێی ئەو ئامارەی کە ئێمە لە بەرپرسانی ئەو شارە وەرمان گرت، لە (٢٠٠٣) تا ساڵێك پێشی ئێستا، ئێمە سەردانەکەمان وابوو تەقریبەن (١٥٠٠) خێزان ئەو شارەی چۆڵ کردبوو، کە چۆڵ کردنەکەشی بێ هۆ نەبووە، من تەنها دوو، سێ هۆی سەرەکی باس دەکەم، یەکێك لەوانە لەڕاستی دا شارەکە کەوتبووە نێوان بەرداشی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراقییەوە هیچیان خۆیان بە خاوەنی ئەو قەزایە نازانن، دوو/ چەندین کۆمپانیای نەوت لە ڕاستی دا خەریکی گەڕانن بۆ دۆزینەوەی نەوت و داگیرکردنی دەیان دۆنم زەوی هاووڵاتیان، تەنانەت خاوەنی زەوییەکانیشیان لەسەر دانەمەزراندبوو و قەرەبووشیان نەکردبوونەوە، بگرە عەرەبیان هێنابوو، هاوردەیان کردبوو لە جیاتی کوردەکان لەوێ ئیشیان دەکرد، ئەوە جگە لەوەی کە خوێندن لە شاری دوزخورماتوودا لە یەکەوە بۆ شەشی ئامادەیی، لە سەرەتاییەوە بۆ ئامادەیی بە زمانی کوردییە، بەڵام لە دوای ئەوە ئیتر هیچ کولیەیەك نییە، زانکۆکانی کوردستانیش یەك قوتابی دوزخورماتوو وەرناگرن، ئەوە

وای کردووه خەڵك، لە ڕاستی دا کوردەکان ئەویَ جێبهێڵن، یەعنی تۆ خوێندنت ئاوا بێت، ژیان لەو شارەش دا بەو شێوازەیە کە ئێمە ڕۆژانە دەیبینین، بۆیە من پشتگیری قسەکەی (بێگەرد) خان دەکەم بۆ بانگهێشت کردنی پارێزگاری کەرکووك بۆ ئێرە، لەگەڵ ئەویش دا بەڕاستی ئەگەر بکرێت بەڕێز قایمقامی دوزخورماتووش بانگ بکریَ، چونکە زۆرترین گرفت لەو ناوچەدا لەویَ یە، شتێك کە پێم خۆشە باسی بکەم و بەداخیشەوە کە دەیڵێم ئێمە لە سەردانمان بۆ ئەو ناوچانە ئەوەندەی بە ڕوونی کە هەستمان پێکردووە، هێندە کار لەسەر ئینتیمای حیزبی بوون کرابوو، هێندە کار لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی بوون نەکرابوو، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دا کە ئەو ناوچانە هەمووی ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ژوورێکی عەمەلیاتی فراوان دیاری بکرێت، کۆتایی بەو قۆرغکارییەی لەو ناوچانەدا هەیە بهێنرێت، یەك شت کە پێویست دەکات بیڵێم بەداخەوە لە ئێستادا کۆمەڵێك بەرپرس لەو ناوچانە، لە ناوچەکانی دیالە تا دەگاتە ناوچەکانی دیکە کەوتوونەتە ئەوەی سەدان دۆنم، یەعنی بەرپرس هەیە ڕەنگە هەزار دۆنمی لەسەر خۆی تاپۆ کردبێت، تاپۆیەکی لە دادگاکانی ئەو شارانەدا هێنابێتەوە کە ئێستا بووەتە کێشە بۆ هاووڵاتیانی گوندەکانی لای خۆشمان، بۆیە دەکرێت عیلاجێکی ئەم بابەتانە بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز بەرپرسی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەین، دیارە هەندیَ پرسیار باس کران، وەك ڕاپرسی و ئەو قەیرانانەی کە لە ناوخۆی خۆمان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە کەرکووك بۆتە گیروگرفت بۆ ماددەی (١٤٠)، بەڵام من چەند پرسیارێکم هەیە، لە دوای ڕووداوەکانی ئەو دوایی یە لە سەدا چەند ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هێزی پێشمەرگەی تێچووە؟ چەندی ماوە؟ ئەوەی ماوە بەڕای بەڕێزیان چی بۆ بکریَ؟ پرسیارێکی تر لە کاتی خۆی دا هەندیَ پارە صەرف کرا بۆ ئەو ماڵە عەرەبانەی کە بە پیلان هاتبوونە کەرکووك، ئایا نەتیجەی چی بوو؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە هەبیَ، تێڕوانینی سیاسی و قانونی سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئایا حکومەتی عیراق تێڕوانینیان چی دەبێت، لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەك لەو ناوچانە بە تایبەتی بۆ ماددەی (١٤٠)؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو، سێ نوقتەم هەیە پێشی ئەوەی پرسیارەکانم ئاراستە بکەم، دوو مولاحەزەم هەیە ئەگەر لێم وەربگرم سوپاستان دەکەم، یەکەم/ لەبەر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ بەتایبەتی ئەو تەقینەوەیە، من داوا دەکەم لە جەنابتان ئەگەر خۆپیشاندانێك و قەرەباڵغییەك، گردبوونەوەیەك کرا لەبەردەم پەرلەمان وا باشە بچنە ئەو بەرەوە، چونکە ئیزدیحامێکی زۆر دروست دەبێ، خوا نەخواستە شتێکی تر بقەومێ لێرە، بۆ ئێمە نا، بەڵام بۆ ئەو خەڵکەی ئەوێ، هیوادارم ڕەچاوی ئەو حاڵەتە بکەن، داوا دەکەم لە جەنابتان هەر بە بۆنەی ئەم تەقینەوەی ئەمڕۆ، دۆعا بکەین خوای گەورە کوژراوەکان بە شەهید قبوڵ بکات، خوا سەبووری کەسوکارییان بداتەوە، شیفا بۆ بریندارەکان بنێرێ، داوا دەکەم لە کۆتایی ئەم جەلسە جەنابت وەك سەرۆکایەتی، لە ناو پەرلەمانەوە بەیاننامەیەك، تەوزیحێك بدەن بۆ خەڵکی کوردستان، خاڵی یەکەمم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بۆ ئاینده، ڕوئیەیەکی وازحمان هەبێ بۆ ئایندەی ئەو ماددەیە، بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە جەلسەیەکی پەرلەمانی دەبێت، بە حزووری ئەو وەزیرە تازەیەی کە دەست بەکار دەبێ، یەعنی بە مەعنایەکی تر ئێمە بتوانین خەریتەی (طريق) یان خەریتەی ڕێ نیشانی ئەو وەزارەتە بدەین کە دروست دەبێ لە ئایندەدا، ئێمەی پەرلەمان چیمان دەوێ؟ چ چارەسەرێکمان هەیە؟ چ ڕووئیەیەکمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە، چونکە لە پەرلەمانەوە بە ڕەئی من شتەکان دەرچێ، نەك هەر (د. محمد إحسان) دەستی خۆش بێ زۆر باشی کردووە، بەڵام ئیشی فەردی، یان بە تەنیایی ئەوە نەتیجەکەی دەبێ، بەڵام ئەگەر ئیشەکە بوو بە موئەسەسی و پەرلەمان سەرپەرشتی کرد، وا تێ دەگەم کارێکی زۆر باش دەبێ، ئەوە داوا دەکەم لە پەرلەمان جەلسەیەکی تایبەتی بۆ بگیرێ، ڕوئیەیەکی وازحمان هەبێ، خاڵێکی تر ئەوەیە پرسیارەکە بۆ جەنابی دکتۆرە، ئێمە چۆن بتوانین ئەو هەلەی کە ئێستا دروست بووە، یەعنی ئەو ناوچانە ئێستا بە دەست خۆمانەوەیە وەکو کورد، ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە بە عەمەلی جێبەجێ بکەین، لە ڕووی عەمەلییەوە، ئیتر ئەو ماددەیە کاری لەسەر نەکرێ، لە ڕوویەکی تر، پرسیارێکی تر لە ڕووی قانونییەوە ئێمە چیمان بۆ بکرێ؟ چونکە ئەو کێشەیە دوو بابەتە، کێشەیەکی سیاسییە و قانونییە، لە ڕووە قانونییەکەی ئایا وا باش نییە ئێمە بتوانین لە دوای ئەو دانیشتنەوە هەیئەتێکی قانونی لە محاماتی گەورەی کوردستان و عیراقیش پێك بێنین؟ ئەو هەیئەتە ئەوان کارە قانونییەکەمان بۆ ئەنجام بدەن، یەعنی ئەوان لەڕووی قانونی و لەڕووی یاساییەوە بەدوای ئەو قەزیەیەوە بڕۆن، لەڕێی مەحکەمەی دەستووریەوە کۆتایی بەو ماددەیە بهێنن، من داوا دەکەم ئەو کارە ئیشی لەسەر بکرێ، یەك پرسیاری تر، جەنابی لە شوێنێکی تر بە ئێمەی گوت لە دانیشتنێك دا و وتراویشە ئەو قەزیەیە، ئێمە بەڕێز سەرۆکی کۆمار (بەڕێز مام جلال) خوای گەورە شیفای بدات، مالکی گلەیی لەو بوو بە نەس لە دوو، سێ شوێن، کە گلەییەکە دەیوت ئەوەی لەسەر منە جێ بەجێم کردووە، بەڵام ئەوەی لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارە ئەوان کاری خۆیان نەکردووە، ئەم گلەییە کە ئاراستەیە و ئاراستەی ئێمەشە وەکو کورد من داوا دەکەم ئەو گلەییە لەسەر چییە؟ ئایا ئێمە بتوانین لە ئایندەدا یارمەتی ئەو سەرۆك کۆمارەی خۆمان بدەین کە کوردە

و ئەو بتوانێ ئەو كارەی كە پێشتر نەكراوە ئیتر لەبەرهەر هۆكارێكی سیاسی بێ یان خودی بێت، ئێمە نازانین ئەو بڵێین یارمەتی سەرۆكی عیراق بدەین چی بۆ بكەین باشە، هەر ئەوەندە سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو ئاواز فەرمووو.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی (د.محمد احسان) دەكەم، بەخێر بێی، لەڕاستی دا من دەمەوێ زۆر بە كورتی قسە بكەم، یەك، دوو پرسیارم هەیە بۆ بەڕێزیان، یەكێك لەو پرسیارانە بە حوكمی ئەوەی جەنابیان ساڵانێكی زۆر لەو مەجالە كاریان كردووە، ئایا ئەو ناوچانانەی كە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی كوردستان، ناوچە جێ ناكۆكەكان وەكو پێویست خەڵكەكە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەكە یان نا؟ حكومەتی هەرێم یارمەتیدەر بووە؟ پرۆژە و بەرنامەی باشی هەبووە بۆ ئەوەی خەڵكەكە بچێتەوە ئەوێ و جێگیر ببێ لەو ناوچانە، ئەوە یەكێك لە پرسیارەكانمە، پرسیاری دووەمم ئەوەیە كە ئایا ئەگەر ڕاپرسی بكرێ لەو واقعەی ئێستا دا لەو شوێنانەی كە پێكهاتەكانی تریش وەكو توركمان و مەسیحیەكانیش لەوێدا دەژین، ئایا ئێمە زەمانی چی دەدەین بەو پێكهاتانە بە گەڕاندنەوەی ئەوناوچانە بۆ سەر هەرێمی كوردستان، كە حقوقی ئەوان مەحفوز دەبێ لەو بوارەدا چ كارێك كراوە، یەكێكی تر لە پرسیارەكانم ئەوەیە ئایا (UN) ڕۆڵی چی بووە بە تایبەتی لەو ڕووداوانەی دوایی لە ڕاگرتنی باڵانس لە نەگۆڕینی هاوكێشەكەی مەبەستم نەگۆڕینی هاوكێشەی ژمارەی كورد و هاتنی ئاوارە بۆ ئەو ناوچانە بە تایبەتی ناوچە جێ ناكۆكەكان، یەكێك لەو شوێنانە كەركووكە، ئایا كەمپی تایبەت دروست كراوە بۆ كۆكردنەوەی ئەو ئاوارانە لەوێ بۆ ئەوەی تەئسیر نەكاتە سەر گۆڕینی دیموگرافیای شارەكە كە خۆی كێشەی لەسەرە، ئەوەی یەكێكی تر بوو لە پرسیارەكانم، لە كۆتایی دا من هیوادارم حكومەتی هەرێم سیاسەتی ئەمری واقیع پەیڕەو بكات لە گەڵ ناوچە جێ ناكۆكەكان، ئێمە چەند ناوچەیەكمان هەیە كە ئێستا بە خوێن گەڕاوەتەوە سەر هەرێمی كوردستان، دەبێ حكومەت پلانێكی باشی هەبێ بۆ ئەوەی جارێكی تر ئەو ناوچانە چۆڵ نەكرێن بە هیچ شێوەیەك و بەهەر نرخێك بێ، چونكە گەڕانەوەی ناوچەكان بۆمان دەركەوت دوای ساڵانێك لە گفتوگۆی دوورودرێژ زۆر زۆر كارێكی ئەستەمە ئەوەیە یەكێك لە پێشنیارەكان، پێشنیاری دووەمیشم هەم بۆ سەركردایەتی كورد و بۆ پەرلەمانی كوردستانیش ئێمە چۆن كار بكەین، ئەو دۆستانەی كە ئێستا داكۆكی لە كورد دەكەن هاوپەیمانان، ڕای خۆمانیان پێ بگەیەنین كە دەبێ ئەوانیش هاوشانی ئێمە داكۆكی لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بكەن بۆ سەر هەرێمی كوردستان چونكە دەركەوتووە تاوەكو ئەو كێشانە لەناو عیراق چارەسەر نەكرێ، كێشەی عیراق چارەسەری كۆتایی پێ نایەت و دەبێ ئەو ناوچانە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر بگەڕێنەوە تا زووتر بێ باشترە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

کاك سالار نـاوت نووسـراوە بـۆ هـەر یەكسـەر لـە قسـەكانی خـۆت لـەو كاتـەدا بیكـە، بـاش نییـە؟ كـاك عمـر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، مـن سوپاسـی (د.محمـد احسـان) دەكـەم و لـە خـلالی زەحمەتكێشـانی لـە بیابانەكانی جنوب لە كاتی هێنانەوەی تەرمی شەهیدە بارزانیەكان ئـەوە زیـاتر ئینتبـاعێكی باشـی لای مـن دروست كرد، بەڵام ئەوە ناكاتە ئەوەی كەوا بەڕێزیان (١٠٠٪) كارەكانیان جێ بەجێ كردبێ، من وا تەسەورم دەكـەم ئـەو بـەڕێزە لـەناو هاوكێشـەیەكی زۆر پێچـی دا ئیشـی كـردووە و هاوكێشـەكە كاریگـەری نـاوخۆیی هەبووە وكاریگەری دەرەكی هەبووە، هەروەها وڵاتانی چواردەوریش كاریگەریان لەسەر هـەبووە، لەبەرئـەوە من تەسەور دەكەم نەیتوانیوە وەكو پێویست ئەركی سەرشانی بگەیەنێتە ئەنجام، من لە بەڕێزیان دەپرسـم لە كاتێك دا هەندێ لایەنی نەیاری كورد لە كەركووك، دەسەڵاتی كوردی و حزبە كوردیەكان بەوە تۆمـەتبار دەكەن كە عەلائەساس كورد دەیەوێ بە كورداندی كەركووك و دیموگرافیای كەركووك بگۆڕن، چـەند جـار ئەمەم من لە خلالی تەلەفزیۆنەكان و پرێس كۆنفرانسەكانەوە بیستووە، لـە حاڵەتێكـدا مـن پێچـەوانەكەی دەبینـم كە هەزاران خێزانی كەركووكی لەناو شاری هـەولێر و چەمچـەماڵ و سـلێمانی ئـەژین بـە بنەچـە و ڕەسەن و لە ئەسڵدا خەڵكی كەركووكن، بـەڵام تـا ئێسـتا لەبەرئـەوەی لـە سـلێمانی و هـەولێر و چەمچـەماڵ گوزەرانیان خۆشترە و ترسی كەمترە، بەڵام لە سلێمانی ئەژین تەنانەت بۆ دەنگدان دەچـنەوە كـەركووك كـە بەڕێزیان چیان كردووە بۆ ئەوەی هانی ئەو خێزانانە بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە كەركووك و هەمووشـیان خەڵكی هونەرمەند و بە توانا و خەڵكی موهەندس و دكتۆر و خـەڵكی چاكن، بۆچـی ئەمانـە نـەیانتوانیوە كار بكەن لەسەر ئەمە؟، لەناو كەركووك دا خەڵكی كەركووكن و لە ئەسڵدا ڕەسەنایەتی خۆیان هەیە، دووەم پرسیارم بەرامبەر بە بەڕێزیان ئەوەیە ئێمـە یـەعنی سـەرمان لێ تێـك چـووە بـەڕێز پارێزگـاری كـەركووك دەڵێ قاچاغی بە نەوتەوە نەكراوە، بەڕێز بەرپرسێكی بەڕێزی سەربازی لەم ڕۆژانە وتی ئەگەر قاچاغی بە نەوتەوە كرابێ لەگـەڵ داعـش مـن كردوومـە، لەلایـەكی دیكەشـەوە ئەنـدام پەرلەمانـە بـەڕێزەكانی خۆمـان دەڵێن بەڵگەمان هەیە، من پشتگیری لە قسەكەی بەڕێز بێگەرد خان دەكەم كە هەم قائیمقامی كـەركووك و هەم پارێزگاری كەركووك و قائیمقامی دوزخورماتوو و ئەوەی پەیوەنداره بە مەسەلەكەوە بێنـە پەرلـەمان ئایا لەڕووی یاساییەوە جائیزە، چونكە ئەوان لە ناوچەكانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی كوردسـتانن ئەگـەر دەكرێ ئەوانە بێنە پەرلەمان و پشتگیری لـە قسـەكانی بـەڕێز بێگـەر خـان دەكـەم، هەڵوێسـتی بـەڕێز كـاك (د.محمد احسان) و سەركردایەتی سیاسی كورد چی بـوو بەرامبـەر بـە (حنـان فـتلاوی) كـە گـوتی مـن بـەم نینۆكانەم نەمهێشتووە چەندین ساڵە ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ بكرێ، ئایا لەگـەڵ ئـەوان چوونـەوە دانیشـتن، جارێكی دیكـە گفتوگۆتـان لەگـەڵ نـەكردوون و دەسـتیان خسـتۆتە دەسـتتان؟ ئـەو حزبـەی ئـەوان لەگـەڵی دانیشتوون هەر ئەو حزبەیـە كـە حنـان فـتلاوی تەمسیلی دەكـات، بۆچـی چوونـەوە لەگـەڵیان جارێكـی تـر

دانیشتن؟، ئایا بەڕێزیان لایەنی کوردی بە خەمسارد نازانێ بەرامبەر نەگەڕانەوەی قەزاکانی چەمچەماڵ و کفری و دوزخورماتو بۆ سەر پارێزگای کەرکووك؟ ئایا ئەو عەرەبانەی هێنراونەتە کەرکووك قەرەبوویان وەرگرتووە؟ لەسەدا چەندیان گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان؟، لەسەدا چەندیان ماونەتەوە؟ ئایا بەڕێز (د.احسان) هەست ناکات ماددەی (١٤٠) لەسەرەتای داڕشتنیەوە هەڵەیەکی تیا بووە، لەبەرئەوەی تەحدید کراوە بە (٢٠٠٧/١٢/٣١) ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەم ماددەیە ماددەیەکی لاواز بێ؟ بۆ نەنووسراوە لە دوای یاسایەکەوە نەنووسراوە ئەگەر لە (٢٠٠٧)جێ بەجێ نەکرا ئەم بابەتانەی کە دەگرێتە بەر نازانم چۆن گرفتی بۆ بەڕێزیان دروست کردووە ئەو یاسایە و چۆن ڕووبەڕووی عەرەبەکان بووەتەوە لەو ڕووەوە؟ ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران چۆن دەبینێ بەڕێزیان بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) ئایا هەست ناکات بەرپرسانی کورد لە بەغدا بە بێ جیاوازی زیاتر لە خەمی پارە و پۆست دابوون کەمتر لە خەمی گەڕانەوەی زەوی بوون؟ ئایا مەترسی ئەوە هەیە لە دوای شەڕی داعش تووشی شەڕی شیعەش بین؟ من پشتگیری لە قسەکانی کاك بێستوون فائق و د.شێرکۆ حەمە أمین و د.فرست صۆفی و کاك ئاری هەرسین و کاك فرحان جوهر و ابو کاروان دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك (د.محمد) دەکەم، من زیاتر ئەو کێشەیەی کە لە کەرکووك و ناوچە دابڕوەکان هەیە زیاتر بە کێشەیەکی سیاسی دەزانم نەك ئەو کێشە و گرفتانەی کە باسی دەکەن لەڕووی یاساییەوە، کێشەیەکی سیاسییە، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەیە، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە دەیزانین و بە پێی ئەو تەجروبەیەی کە هەمووومان لەگەڵ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەمانە و تەئسیراتی نێودەوڵەتیش بە تایبەتی لە (٢٠٠٥ )من ئاگادار بووم کە ناڕاستەوخۆ بەریتانییەکان وەلامێکیشە بۆ کاك (عمر) بۆ ئەوەی دەستی بکەوێتەوە، بەریتانیبەکان و ئەمریکییەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا بەدیلێك بۆ ماددەی (١٤٠) بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) جێ بەجێ نەبێ، بۆیە ئێمە نابێ هەر باس لەوە بکەین وردەکاری و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی(١٤٠)، ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە و خۆشی باسی کرد لەسەردەمی (علاوی و جعفری و مالکی) و دڵنیاشم لەسەردەمی (حیدر عبادی)یش هیچ ناکرێ، تەنها ئەوەی کە کراوە لەو گۆڕانکاریانە و لە گوڕ ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتۆتە پێشێ، بە تایبەتی دوای (٦/٩) ئێمە چی بکەین؟ من هیچ سەرنج و تێبینیەکم نییە لەسەر ڕاپۆرتەکەی و هیچ سەرنج وتێبینیەکم لەسەر ئەوانەی کە لە بەغداش بووە نییە، باس لەوە بکەم بۆ ئەوە نەکرا، باس لەوە بکەین چی بکەین، ئەوەی ڕۆیشتووە ببێتە ئەزموونێك تەجروبەی لێ وەربگرین بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی نەبێتە ئەوەی کە هەریەکەمان ئەوەی تر تاوانبار بکات

بڵێین ئەوە خەتای ئەو بوو و خەتای ئەو بوو ئەو دەزگا کردی، نەخێر هەموومان ئەگەر ببێت کەموکوڕیمان هەبووە، هەموومان کەم تەرخەم بووین، هەموومان بەشدار بووین، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بۆ داهاتوو چی بکەین؟، من پێموایە دەبێ نەخشە ڕێگامان هەبێ بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە سێ ساڵمان لەبەردەمە، من بە سەرنجێك کە هەمە لەسەر پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕابردوو، لە خولی دووەم لە کابینەی پێنجەم وەزارەتێکمان بۆ دانا تایبەت بوو بە جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) و ئەوە، دوایی کردمانەوە بە دەستە، بۆ؟ ئێستا کە دەستەیە بۆ دەیکەینەوە بە وەزارەت، ئایا پێویست نەبوو؟ یان بۆ تەوافوقاتی سیاسییە؟ کەواتە ئەوە بۆ تەوافوقاتی سیاسییە و زیاتر بۆ ڕازی کردنی لایەنی و سیاسی و سازانی نیشتمانی و سازانی سیاسی و من نازانم، کەواتە هێندەی خەم خواردن بووە بۆ ئەوەی کە هێزە سیاسییەکان پێکەوە تەبا بن هێندە بۆ ئەوە نەبووە کە ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ بکرێ، ئەگەر نا ناکرێ بە وەزارەت و لە وەزارەتیشەوە ناکرێ بە دەستە و جارێکی دیکەش نایکەینەوە وەزارەت، ئەوە سەرنجێك، وەکو لە ڕابردوو هەبوو ئێستاش لە چەند ڕۆژی داهاتوو بە تەماین بیکەین بە وەزارەت، بەس ڕێگاچارە چییە؟ بەڕای من ڕێکاری یاساییمان هەیە، ڕێکارە یاساییەکان بەو شێوەیە بێ کە ئێمە دڵنیا بین کە بە تەمای ئەوە نەبین کە لەگەڵ حوکمڕانی ئێستای بەغدا و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستاش بووە بتوانین ماددەی (١٤٠) جێ بەجێ بکەین، ئێمە کێشەی تریان بۆ دروست بکەین بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) مان لە بیر ببەنەوە، بۆ ئەوەی لەبیرمان بچێتەوە، یەکێك لەوانە کێشەی مووچە، بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی ئەنجومەنەکان هەن، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و زائیدەن قەزاکانی دەکرێ کۆبوونەوەیەك بکەن و داوایەك پێشکەش بکەن کە زۆرینەیان خەڵکی کوردستان و کوردستانین، یان بڵێین کوردن داوایەك پێشکەش بکەن بۆ هەرێمی کوردستان کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داوایە پەسەند بکەن و بیدەن بە پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەکرێ بڕیاری بۆ بدات، بۆ ئەو بڕیارەش دەکرێ چەند ڕێکارێکی یاسایی بگرێتە بەر، ئەوە یاسای ڕاپرسی بتوانین دەربکەین بۆ ئەو مەبەستە، لەلایەکی تر یاسای مافی پێکهاتەکانی تر، ئەو یاسایە پەسەند بکرێ بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی تریش قازانج بکەن کە بێنە ئەو بەرەوە کە ئێستا گومانیان هەیە لەوەی کە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان و مافەکانیان مسۆگەر دەکرێ، بۆ ئەو مەبەستەش پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەموار بکرێتەوە و لەوێدا لە جیاتی جێگرێك سێ جێگر دابندرێ و دوویان بۆ پێکهاتەکانی تر بێت، لە هەمان کاتدا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوە و دوو یارمەتی دەر یان دوو یارمەتی دەر بۆ سەرۆکی هەرێم دابنێن لە پێکهاتەکانی تر بۆ ئەوەی مافەکانیان زامن بکرێ، هەم مافە ئیدارییەکان و هەم مافەکانیان لە دەستووردا، لە هەمان کاتیش دا ئێمە لەدوای ئەو هەموار کردنەوە و لە دوای ڕاپرسی بڕیاری ئەوە بدەین کە ئینتخاباتێکی جوزئی بکرێت هەم کە پەیڕەوی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان زیاد بکرێ بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی کوردستان بە

پێی ئەوە ئینتخاباتێکی جوزئی بکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن لە پەرلەمانی کوردستان، من پێموایە ئەوە لە سێ ساڵی داهاتوودا لەڕووی یاساییەوە دەکرێ ئەو وردەکاریە من دەتوانم پرۆژەیەك یان نەخشە ڕێگایەك بنووسم ئەوە بەسەرچیخی باسی بکەین، ئەوەی تر کە ڕێکاری یاساییە و گرفتەکان خۆمان دەزانین کە هاوکارن چ ئێرانە و چ تورکیایە لەڕووی سیاسیەوە دەکرێ و لەڕووی دبلۆماسیەوە زەمانیان بدرێتێ کە بەرژەوەندیەکانیان نەك لەق نابن، بەرجەستە تر دەبن، لەلایەکی تریش ئەمریکییەکان و بەریتانییەکان هەوڵیان لەگەڵ بدرێ کە عەرقەڵەی سەرەکین بۆ گەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، دیبلۆماسیەتی کوردی لەو هەوڵە دابێ، پێموایە بەو دوو ڕێگەیە دەکرێ نەخشە ڕێگایەکمان هەبێ، ئەگەر نا بە تەمای ماددەی (١٤٠) بین بۆ جێ بەجێ کردن برایانی عەرەب بۆمان جێ بەجێ بکەن، هەرگیزا و هەرگیز جێ بەجێ نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز (د.محمد) دەکەین، زۆرێك لە قسەکانی من بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشتر کردیان، لەبەرئەوە زۆر درێژەی پێ نادەم، هەرچەندە زۆر کەوتوومەتە ئەخیرەوە، باوەڕ ناکەم زۆر حەوسەڵە مابێ بۆ گوێگرتن، سەرەتا دەمەوێ لەوەوە قسە بکەم کە عومری ماددەی (١٤٠) بەڕاستی عومرێکی درێژە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، نەك هەر جێ بەجێ کردنی، بەڵکو بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێك هەنگاوی جدی نرابێ لەبواری جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە، کە بەداخەوە بە بڕوای من و بە پێی ڕاپۆرتەکەی بەڕێزیشتان لە ئاستێکی نزمدایە، دڵخۆشکەر نییە، یەکێك لەو خاڵانەی کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەرکی نوێنەرانی کورد لە بەغدا، وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و ئەو پۆستانەی تر کە تییایدا بەشدار بوون، پشکێکی گەورەیان بەر دەکەوێ لە جێ بەجێ نەکردنی ئەم ماددەیە و زۆرێکی تریش لەو بڕیارانەی کە بە تایبەت پرسەکانی کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە، ئایا ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەڵسەنگاندنێکمان کردووە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە چەندین خولدا بەردەوام بەشداریان پێ دەکەین لە بەغدا و لەو کاتەی کە لەوپەڕی بەهێزی کورد دا یان خاڵی بەهێزی کورد لە حکومەتی بەغدا هەبوو کە ئێستا بەرەبەرە ئەوە پاشەکشەی کردووە، ئایا بەهەمان سستی لە کارکردنی ئەواندا دەڕوات کە پێموایە ئەوان بەرپرسیاریەتی بەشێك لە جێ بەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠) دەگرنە ئەستۆ، جگە لە هۆکارەکانی تریش کە هەیە، هیوادارم بەم شێوازە هەر نەڕوات، ئێمە بۆ لەمەودوا سوود لەو هەڵانەی پێشوومان یان لەو کەموکوڕیانەی پێشوومان وەرگرین تاوەکو بتوانین پلانی نوێی بۆ دابنێین، یەکێك لەو خاڵانەی تر کە هەمان بوو کەمی زانیاری و پسپۆری لۆبی و ئەدفۆکەسی کە بۆ خۆی گرنگە لەم بابەتە و لە بابەتەکانی تریش دا، بۆ ئەوەی بتوانین سەرنجی دەرەوەی

بۆ ڕابكێشین كە نەمان كردووە، ئایا هیچ پلان هەیە بۆ ئەوەی كە كار بكرێ لەسەر ئەم بابەتە یان زیاتر بە تەوافوقاتی سیاسی پۆستەكان دابەش دەكرێ كە زانیاریەكی ئەوتۆ نەبێ لەو بوارانەدا كە بۆ خۆی ئەوە زانستێكی گرنگە لەم پرسانەدا، خاڵێك هەیە كە ئەویش ئەوەیە بە بڕوای من ناكرێ كێشە هەنووكەییەكان ببنە ڕێگر لەبەردەم ماددەی ١٤٠ چونكە بۆ خۆی ئەمە ماددەیەكی زۆر گرنگە ئەگەر هەمیشە كێشەی هەنووكەیی یان حاڵەتێكی ئیمێرجنسی بێتە پێشەوە و كاریگەری هەبێ لەسەر ئەم ماددەیە واتە ئێمە هیچمان نەكردووە، بەردەوام ئەوە بۆ خۆی لەم وڵاتانەو لەزۆر لەم جۆرە وڵاتانە ئەم حاڵەتانە ڕوودەدات، ڕەنگە ئەوە وەك كێشەی فەلەستین و ئیسرائیلی لێ بێ كە هەمیشە زەویەك داگیر دەكەن زەوی پێش خۆیانی بیر دەبرێتەوە، ئێمەش بە هەمان شێوە بە بێ جیاوازی لە شێوازەكەدا، پێشنیازەكانتان بۆ دەستەی نوێ ئەگەر بكرێ جەنابتان دای بنێن، چونكە ئەوەندەی كە ئێمە تێ گەیشتین ماددەی (١٤٠) بەداخەوە زیاتر وەك گوتم كارێكی ئەوتۆی نەكردووە، ئایا كەموكورتیەكان لە كوێ دایە تاوەكو بەڕێزتان بیدەنە ئەو بەڕێزەی دوای خۆتان؟، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم بابەتە گرێدراوی هاوكێشەو هەڵوێستی عیراقی و نێودەوڵەتی و كوردستانییە، مەسەلەیەكی لەمێژینەی جەوهەرییە ناكرێ ئێمە تەنها بە مەسەلەی بەشێك لە خاك بیبەستینەوە، بۆیە پێموایە دەبێ دوورتر لەم مەسەلەیە بڕوانین، من لەسەر سێ ئاست قسە دەكەم، ئاستێكیان پەیوەندی بە عیراقەوە هەیە، هەر قسە كردنێك لەسەر ناوچە كوردستانییەكان پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ دەستوور، لە پێشەكی دەستووری هەمیشەیی عیراق دا هاتووە كە ئیلتزام كردن بەم دەستوورە زامنی یەكگرتووی عیراقە لەڕووی گەل و خاك وسیادەوە، واتە ئێمە تێ دەگەین ئەم پرسە بەشێكە لە قەزیەی گەلی ئێمە لە عیراق دا لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عیراق و ئەجندای ناوچەیی وای كردووە هەمیشە مافەكانمان لەم وڵاتەدا بەدی نەیەن، گەرچی لە دەستووریشدا ئاماژەی پێكرابن، بۆیە ئەگەر بە ئومێدەوە بڕوانینە ماددەی ١٤٠ ئەوا خۆش باوەڕیەكی كاڵ و كرچی زیاتر هیچی تر نییە، دیارە بە پێی بڕیاری پەرلەمانی كوردستان لەڕۆژی (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢) پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەم وڵاتەدا لە ئایندە دا ڕێكخرا لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵی دا، ئەم بڕیارەش واتە ئەو بڕیارەی پەرلەمانی كوردستان بە پێی ماددەی (١٤١) ی دەستووری هەمیشەیی جێ كراوەتەوە كە هەموو بڕیار و یاساكانی پەرلەمانی كوردستان بە ئیعتبارەوە تەماشا دەكرێن، لە ئاستی نێودەوڵەتی دا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەر سێ بەندی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) ی پەیماننمانەی سیڤەر، لە دیاری كردنی چارەنووس بە سنوور و خاكی ئێمە و هەروەها كاتێك كە عیراق لە ساڵی (١٩٣٢)داوای ئەندامیەتی كرد لە (عصبة الامم)، كە عوسبەت

ئومەم لە بەیاننامەیەکی (١٦) خاڵی دا قبوڵی ئەندامیەتی عیراقی کرد، بەڵام لەناو بڕگەکانی بەیاننامەکە دا باس لە ئیلتزاماتەکانی ئەم وڵاتە دەکات سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، هەروەها لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان تەدریجیەن (عصبة الامم)، و بڕیارەکانی و موعاهەدەکانی پەیوەست کرا بەمەوە، واتە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە وەریسی عوسبەت ئومەم، لە بڕگەی دووەمی ماددەی لائیحەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ئیلزامی وڵاتانی ئەندامی دیاری کردووە کە عیراق بە پێی عوسبەتی ئومەم ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو ئیلتزاماتەی بۆ دەست نیشان کردووە، ئەمە جگە لە عەهدە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی هەردوو عەهدی مەدەنی و سیاسی لە ساڵی (١٩٦٦)، لە ئاستی ناوخۆییدا وەکو کوردستان پەرلەمان لەڕاستی دا لەو ساتە وەختە مێژووییەدا پێویستە موبادەرە و دەست پێشخەری بکات، لێرەوە پێویستە پەرلەمانەکەمان بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە قەزاو ناحیەکانی سەر بەو دەڤەرانەی کە پێی دەوترێت ناوچە کێشە لەسەرەکان، بە پشت بەستن بە واقیعی ئێستا ڕێ و شوێنەکانی ڕاپرسی ئامادە بکرێ تا ئەو کاتەش پێشنیار دەکەین، پەرلەکانی کوردستان کار بکات، پەرلەمانی کوردستان ئەندامی چاودێری بۆ ئەو ناوچانە هەبێ برای بەڕێز (محمد علی) ئەندام پەرلەمان ئەمڕۆ پرۆژەیەکی بە واژووی دەیان ئەندامی پەرلەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی کردووە، سەبارەت بە ڕاپۆرتی برای بەڕێزمان (د. محمد احسان) کە لێرە لە پەرلەمانا خۆش نیە زۆر شایەتی، لەسەر هەوڵ و جوهدەکانی لە رابردوودا بکرێ، کە لەراستیدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، جوهدی کردووە، کە بە تەنیا نا، کۆمەڵێك ستافی باش لە کادیری باش لە ناوچە جێناکۆکان هاوکاری بوون، من شاهێدی ئەوەی بۆ ئەدەم، کە لە خولی پێشووی پەرلەمانا، بە درێژایی دوو ساڵ هەموو فەسڵێك ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل، بە داتا، ئامار، وردەکاری، خیلافی ئێمە، ئەوان، ئاراستەکانی کارکردن بۆ ئایندە خستیە بەردەست خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام خولی پێشوو، پێشووتریش بە جدی کاری لەسەر ئەم کەیسە نەکرد وەکو هاوکارم (گەشە خان) ئاماژەی پێکرد، بەڵکو ئەرشیفەکانیش هەر وونکران، هیوادارم ئەم خولە بە جەلسەی راگوزەر ،لەسەر ئەم بابەتە نەوەستێ ئێمە کاری جدی بکەین وە ڕۆڵمان هەبێ لە یەك لاکردنەوەی، ئەم مەسەلەیە،من ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگتر دەکەم کە لە ساڵی(٢٠١٠) یاوەری بەڕێز سەرۆك پێشووی پەرلەمانی کوردستان بووین (د. کمال کەرکووکی ) بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دووەمی (هێلسینك)ی لە پەرلەمانی عێراق بەسترا، بە چاودێری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ دیاریکردنی چارەنووسی شاری کەرکووك و ناوچەکانی تری جێی نیزاع، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەو کاتە لە میان ڕەوترینیان بوو (ئەیاد سامەرائی) کاتێك هاتە سەر قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە، رازی نەبوون پەرلەمانی کوردستان وتەی هەبێ لە ژێر چەتری پەرلەمانی عێراقدا، دوای ئیسرارێکی زۆر و فشار بۆ ئەوەی موقاتەعەی کۆنگرەکە نەکەین ئینجا رازی بوون، ئینجا کە رازیش بوون تەیارێکی زۆر سەرەکییان قبوولیان نەبوو ووتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەفدی پەرلەمانی کوردستان، بە زمانی کوردی بێ، بۆیە

ئەو عەقلیەتە هەلنەساوە تا ئێستا لەناو پەرلەمانی عێراق، لەناو حکومەتی ئیتحادی زالە، وە بە ئەجندا نابیستڕێ، ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکری، بۆیە ئێمە گرنگ ئەوەیە کار بکەین بە پشت بەستن بە داتاکانی دەستەی ناوچە جێناکۆکەکان وە ئەو واقیعەشی ئەمڕۆ هاتۆتە پێش دوای هەڕەشەکانی داعش کار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچانە بکەین وەکو (دیفاکتۆ)یەك، من قسەکانم تەواو بوو، بەس تەنها جەنابی سەرۆك پەرلەمان، ئەگەر ئیجازەم بدەی دوو سەرنجم هەیە.

١. یەکێکیان سەبارەت بەرۆڵی سەرۆك مام جلالە لە عێراق وە سەبارەت بەم کەیسەش کەیسی (١٤٠)و سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی دۆزی ئەو ناوچانە، مام جەلال خۆی دەفەرموێ کە چوونی بۆ بەغدا لە پێناو گەڕانەوەی کەرکوك و لە پێناو قەزیەی کەرکووك بووە، وە پێم وایە، ئەو لە هەموومان مەعنیتر بووە لەسەر ئەو مەسەلەیە وە مێژوو شایەتی ئەوەیە، بۆیە حەق نییە لەهەر ئاڵۆزیەکی سیاسیدا کاتێك گرفتێك دێتە پێشەوە وتەی مالیکی بکرێتە شاهێد بۆ کەمتەرخەمییەکان، هەموومان باس لە کەمتەرخەمی دەکەین، ئەگەر دۆستێکی تر لە دۆستەکانی ئێمە لەسەر ئەم بابەتە تەعنی هەر یەکێك لەسەرکردەکانی ئێمە بکا، لە راستیدا حەق نییە مالیکی شاهیدی وەربگیرێت، چونکە عوقدەی جەوهەری کێشەکان مالیکی حیزبەکەی مالیکی و کە نموونەترینیان (حنان فتلاوی) بووە بە پێشنیاری، ئەو چوویتە لیژنەکە .

٢. خاڵی دووەم ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە هەیە راستە عومقی ئەو مەسەلەیە ناوەکی ئەم گرفتە کەرکووکە، بۆیە ئێمە لە ئەمرۆدا لە خیلالی ئەم دانیشتنە دانیشتنەکەمان لەگەڵ جەنابی پارێزگاری کەرکووك کرد کە قسەکان زۆری لەسەر کەرکوك و حادیسەکانی ناو کەرکوك بوو، ئەو قبوڵی کردووە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ڕەزامەندی بفەرمووێ دێتە پەرلەمانی کوردستان و هەموو رەئی و تێڕوانینەکانی خۆی لەم بارەیەوە ئەخاتە روو، چونکە پێم وایە (نجم الدین کریم ) خەڵکی کەرکوك خۆی شایەتی بۆ ئەدەن و رووداوەکان شایەتی بۆ ئەدەن پیاوێك بووە کەمی نەکردووە بۆ کەرکوك و هیچ کەسێك لە ئاستە جیا جیاکان دەسەڵاتە گشتیەکانیش بێ کەم وکوڕی نییە بەڵام هیوادارین ئەویش بانگهێشت بکرێتە پەرلەمان و روونکردنەوەیەکمان بداتێ ، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڵێ قسەکانی من لەلایەن کاك بێستوون و د. فرسەت و کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی و تەلار خانەوە کرا دووبارەیان ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کاك سعید هیچ قسەیەکت هەیە بیکەی؟ لێرە نەبووی، کاك سعید فەرمووو.

**بەرێز سعید محمد سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

زۆر سوپاس زۆر، سوپاسی بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی و بەرێز ئەندامانی پەرلەمان دەکەم زۆر بە خێر هاتنی (د. محمد احسان ) دەکەین سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، پێم باش بوو، لەسەر ئەو پرسیارانە کە زۆر لە قسەکان کران، بەڵام ئەوەی لە راپۆرتەکە دەمەوێ کە لە ئەنجامی دەست بەکاربوونی لەو کارە تا چەند توانیتی، تا ئەوکاتە لە ئێستادا رێژەی دانیشتوانانی کورد لە کەرکووکا چەندە ئێستا و رێژەی فەرمانبەرانی کورد لەپێش ساڵی (٢٠٠٣) تاکو ئێستا تا چەندە؟ گۆڕانکاری پێ کراوە وەك رێژەی دانیشتوان ساڵ بە ساڵ فەرمانبەرانی عەرەب بە پێی رێژەی دانیشتووان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) چەندەو؟ وە چەند دامەزراوە؟ بە پێی بە بەراورد، لەگەڵ فەرمانبەرانی کوردو تورکمان و نەتەوەکانی تر، چەند ئەفسەری جیهازی ئەمنی هەیە؟ لە کەرکووك توانیتیان ئەوانە بە بەراورد، لەگەڵ یەك دیاری بکەن چەندی کوردە چەندی عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی ترە؟ تا چەند توانراوە زەویە کشتوکالیەکان بۆ خاوەنەکانیان لەو ەکاتانەی کە لە (٢٠٠٣) بەو لاوە چەند دۆنم گەڕاوەتەوە؟ یان نەگەراوەتەوە، لە چوار چێوەی خاڵی سێیەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥٨) ئەو کەسانەی کە گیانیان لە دەست داوە، لە ئەنجامی دەربەدەر بوونیان بە تایبەتی لە کەرکوك ئێستا بە تەمەنن یا نەماون یان بەدیلێکی واقیعی کەسانی نزیکی ئەوان، بە توانا، بەرە بەرە بە پێی پیلانێکی گونجاو کۆمپانیا نەوتیەکان تا ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار کەم کارمەندی تێدایە، کە کورد بن بۆ ئەوەی ئەو کوردانە دایبمەزرێنن ئەو پرسیارانەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەرێز (د. محمد احسان) دەکەین سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەین کە بفەرموون ئەگەر وەڵامێکی هەیە لە پرسیارەکانی ئەندام پەرلەمانەکان ئەگەر روونکردنەوەیەکی هەیە، بفەرمووێ .

**بەرێز د. محمد احسان /سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم :**

زۆر زۆر سوپاس بەرێز سەرۆکی پەرلەمان: بەراستی جەنابی سەرۆك زۆربەی ئەو قسانەی کە لە دڵی برادەرانی ئەندام پەرلەمان و هەریەکێك هەندێ پرسیاری لە دڵی بێ با تەخەیول بکا ئەو پرسیارانە هەموو پێکەوە، لە یەك دڵ خڕ بوونە لە فەترەی ئەم ساڵانە کە ئەڵێم مەجموعەیەکی نوقات هەیە پێویستە تەرکیز لەسەر بکەم پێش بێمە لای هەر پرسیارێك یان بە کورتی جواب بدەمەوە، ڤیان شتێکەو ژیان شتێکی ترە، زۆر شت حەزمان لێبوو بیکەین، بەڵام نەمانتوانی بیکەین لە بەغدا و نەك مانای ئەوەیە کوردی بە قوەت بوو ونەك سوپەرت هەوا بوو لە بەغدا تۆ بۆچوونێکت هەیە خەڵکێکی تریش هەیە دژی

تۆ، هەیە کاریش دژی تۆ ئەکا و هەندێ جار ئەتوانی موافەق بی، هەندێ جار ناتوانی موافەق بی، قوەتی کورد لە بەغدا نایەتە قیاس کردن کە چەند وەزیرت هەیە؟ چەند ئەندام پەرلەمانت هەیە؟ قوەتی تۆ فیعلی ئەوە لەوێیە، خەڵکێك هەیە کەم خەم بوویە من گلەیی لە کەسێك ناکەم کە کەم خەم بوویە لە ئەدائی خۆی لە بەغدا بەراستی و بۆ تاریخ لە حەقیقەت، یەعنی بە بۆ چوونەکەی من ئێرە، یەعنی تاکو حەقایق بێتە دی زۆر خەڵك هەیە نا وازحیەك لە مێشکی خەڵکدا هەیە لەسەر ئەم بابەتە، عێراق کە ئێمە باس لە عیراق دەکەین عێراق ئەمڕۆ بە مەفهومی دەولەت ، دەوڵەت نییە لەبەر دوو شتی توبەیسك لە سیاسەت ئەگەر شعوری مواتەنە وڵاتێك نەما وە مەنزومەی قیەمی ئەخلاقی سقوتی پێکرد، دەوڵەت ئینهیار ئەکات، مونەزەماتی تر دەرئەچێت وەکو داعش و غەیری داعش ئەم تەجروبە، ئەم نەزەریە لەسەر عێراق(perfect )بێت، کە بێین باسی ئەو شتانەیان کرد یان نەیانکرد، یان کێ کەم خەمە؟ یان کێ کەم خەم نییە؟ وە کە ئەنەهو وڵاتێك هەبوو لە عێراق کاری نەکرد نەیانویست بیکەن یان نەیانتوانی وەڵامی بکەن ئەم کێشەش ئەسبەقی نەبوو بۆیان، من شتێك فێر بوویمە لە جوابەکان و پێشنیارەکان لە بەغدا، من لە گەورەترین کەس لە عیراق شتێکی لێ فێربووم، جاران تەفکیرم نەدەکرد، خەیاڵم نەدەبوو، کابرایەك رەجلی دەولە بێ بەو زمانە قسە بکات، بە جارێك لە خیلافێك لەگەڵ بەینی من و ئەو کێشیەیە، بە منی وت، بڕوابکە لە کۆبوونەوەکەدا دەرچووم، من تەخەیول ناکەم رەجلی دەوڵەت بە من بڵێت بڕۆ خەڵك بکوژەو حەق وەربگرە بەخۆت ئەوەی پێ نەیەتەکردن با بچێت شهودەکانی بخوێنێت، ئەمە مانای زۆر زۆر لە قسەکانی دەدات، قسەی برادەرانی پەرلەمان، چەند کەس گەڕایەوە، چەند کەس دەگەڕێت، ئێمە رەقەم و داتامان هەیە، ئەوانەی کە تا ئەمڕۆ چەکەکانیان تەوزیع کرا بوو (١٠٥) هەزار و (٤٥١) عالەم چەکی خۆیان وەرگرتییە (١٢) هەزار و (٥٠٠) عائیلە ئەمە لە کەرکووك، شنگال (٢٢) هەزار و (٥٠٨) عائیلە تەقریبەن (٢٠٠) و شتێك (٢٢) هەزارو (٨٠٠) عائیلە تەقریبەن دووسەدو شتێك ئەویش بەخیلەن سەرۆکی لیژنەی (١٤٠) ویستی ئەم کارە بۆ خۆی بکاتەوە وەکو ئینجنێك وەکو مەشینێك تاکو خەڵك دەنگ لۆ خۆی پێی کۆ بکات لە هەڵبژاردنەکەی عێراقەوە ئۆکەی، ئێمە چمان کرد ئەو خەڵکانەی کە ئەگەڕێنەوە تەمەنا ئەکەم تەمەنا ئەکەم لە خەڵکی کوردستان و لەو پەرلەمانە لە دەرگا موبارەکەی پەرلەمان کە ئێمە بێین ئەم کێشە نەکەینە کێشەکی کوردو عەرەب لەبەر ئەوە ئەخیرەن، ئێمە زەرەرمەند دەبین بڕوابکە، حەقیقەت ئێمە مادام لە ووڵاتێکین ئەمڕۆ تەرکیز بکەیەنە سەر ئینسانیەتی ئینسان نەك عەرەب هەموو ئیرهابین نە کوردیش هەموو پێغەمبەرو پاقژو خاوێنن، استغفرالله، ئێمە لەم کێشەیە زەرەرمەند دەبین، بارزانی نەمر لە تاریخی خۆی هەمووی پێکەوە نەیهێشت کێشەکە بێتە کێشەیەکی کوردو عەرەب لەم وڵاتە ئەگەر وابا دەمانگۆت گەورەترین زەرەرمەند دەبووین، خەڵك دێتە ئێرە ئیجرائاتی ئەمنی خۆمان هەیە لەگەڵی بکەین، خەڵکێك هەیە، عەرەب هەیە کوردستان کەمتر نییە لەکەرکووك بڕۆن هەرچی دەرگایەك هەیە بکەنەوە عەرەبی لێیە ئیجرائاتی ئەمنی هەیە بیکەن نەك هەموو خەڵك، بەڵام کە نەهاتنی زەرەرێکی زۆری لە خەڵکی کوردستان داوە، زەرەرێکی زۆری لە دکتۆرەکان داوە، زەرەرێکی زۆر لە مەصالحی

ئیقتصاد داوه خەلکێکی زۆر مەحەلاتی داخستیە لەبەر ئیجرائاتی ئەمنیەوە، ئەمەش بۆچوونێکی کە هیچ جار پێویستە بەلانسێك بکەی لە مابەینی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مەسائیلی ئەمنی نەك ئەمنیەت هەموو شتێکە وەلەو ئەمرۆ دوور نییە ئێمە قسەیەك زۆر قایم بێت لەبەر ئەوە ناخۆشترین ڕۆژە تووشی تەفجیرێکی ئیرهابی زۆر دڕەندە بووینە لە هەرێمی کوردستان، بەلام پێویستە ئێمە دەنگی عەقل بەرزتربێ لە هەموو دەنگەکانی تر، کە خەلکێك لە کەرکووك دەردەچێ، ئەو کابرایەی لەوێ دەردەچێ، ئێمە پیتاقەی تەموینەکەی نەقل ئەکەم نفوسەکەی نەقل دەکا، حەقی بەشداربوونی دەنگدانی نییە لە ئینتخابات لە ئیستفتاع چ لێبکەم ئەگەر جارێکی تر گەراوە خۆ من ناتوانم لە کەرکووك، کە شارێکە کوردی تێدایە، عەربی تیایە، تورکمانی تیایە، برا ئاشووری تیایە، کلدانی تیایە، وە خەلکی تری تیایە، بە ئیجرائاتی من نایەتە کرن، ئەگەر وا بێت ئیستا سەیر بکە لە عوزێمیش خەلکێك راوەستاوە بە من دەلێت کوردیش نابێت بچێتە بەغدا، ئایا پێمان دێتە کرن کورد نەچێتە بەغدا؟ ئیشەکەمان دەچێتە سەرێ لەو لاوو لەولا، ئایا مەفهومە بە حەقیقەت پێویستە پەرلەمان دەنگی عەقلی زۆر زۆر بەرزتر بێ لەم مەسائیلانە، تاکو بتوانین حەلی کێشەکانی وان بکەین، زوو ئێمە باسمان کرد لەسەر کیشەکانی کە ئەلێین من کە (حنان فتلاوی)، یەعنی من نامەوێ ناوی ئەویش لێرە ناشرین کەم بە ناوێکی وا بە حەقیقەت من ئەوە بە ڕەمزی مەنزومەیەکی دەولەت ڕەئیس وزەرایەکی لە پشت بووە، کە ئەندام بوو نەبوویتەوە (٢٤) سەعات لەگەلَ ڕەئیس وزەرا بوو، ئایا چەند لە ئەندامی پەرلەمان لێرە (٢٤) سەعات لەگەلَ سەرۆکی هەرێمی کوردستانن؟ یان، لەگەلَ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن (٢٤) سەعات، ئەو کاتە ئالاتی تەنفیزی کە ئەلێین ناوی ئەو ژنە نامەوێ بێنم، یەعنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو ئەو کاتە، بێجگە لەوە ئێمە چمان کرد هەرچی ئیجرائەتەکی کردبێ لە پێش تەسریحەکانی خۆیان من تەبیعەتێکم هەیە هەر کۆبونەوەیەك بکەم ئەنووسم سەعات چەند؟ لە کام جێگا؟ کێ بەشدار بوو؟ خەلاصەکەی چی بوو؟ لە ژیانم تا ئێستا (٢٧) سالە لە ئینگلتەرا وا فێر بویمە ئەتوانم بە تۆ بلێم هەموو کوتلەکانیی پەرلەمانی کوردستان یەکەم ڕۆژی ئەم بڕیارەیان کە دەرچوو چوومە پەرلەمان، دەنگی هەموو ڕەئیس کوتلەکانی کورد لە بەغدا، هەموو وزەزیرەکانی کوردیش لە بەغدا بە یەك یەك تەبیعاتەکی تریشم هەبوو لە بەغدا بە حەیاتی خۆم بەریدی بەرێگای ڕەسمی نانێرم بەرید بە دەست ئەدەم تاکو حەبلی تەهەروب کردن لە مەسئولیەت ببڕم، کەسێك بە من نەلێ تۆ بەریدەکەت بە دەستی من نەگەیشتیە، من خۆم ئەڕۆم بە دەستی خۆم بە ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆکی کوتلەکان بە وەزیرەکان، بە جێگیری سەرۆك وەزیرانیشم داوە، ئەوەی لە من بێت مەسیجەك ئەگەیەنم من، ئەگەر موحتاجی بەمن بێ ئەگەر تفەنگیش هەلبگرم هەموو چەکیش هەلبگرم ئەمن موستەعیدم، ئەمن هیچ کێشەیەکم نییە لەسەری چەند خەلك ئەگەرێتەوە، خەلك بە حەقیقەت ئەمڕۆ ڕەقمێکی زۆرخەلك لە کەرکوك هەیە، وە لە هەولێریش خەلکێکی تر هەیە لە ناوچەو شارەکان، بەلام ئەمان بیتاقەی تەموینی موەقەت دروست کراوە، جێگاکانیان دیارە وە کەی ئەگەڕێنەوە، ئەگەر قایمقام مونافەسەی هەیە لەگەلَ کەسێکی تر یان بۆ

تەوەرێکی حیزبی، بە حەقیقەت من خۆم قەت نایەمە ئەو موستەوایە بەو زمانەش قسە بکەم لەبەر قودسەتێکی هەر دڵۆپێکی خاکی کوردستان بۆم لە گەورەترین حیزبی کوردستان بۆ من گەورەترە ئەم کێشەیە لای من نییە، من ناچمە ئەو موستەوایەش بەرامبەر پەرلەمان بەراستی ئەڵێم من ناتوانم بەو زمانە قسە بکەم ئەوەش ناکەین زۆر باسی دەوری ئەمریکی و حەلی ئەم کێشەیە لە سەر سێ ئاستە ئاستێکی داخیلی، وەتەنی کە پێی دەڵێن عێراقی، ئاستێکی نێو ئیقلیمی، ئاستێکی نێو دەوڵەتی ئەکبەر دەلیلیش بۆ ئەوە کە ئێمە لەگەڵ (ئومەم المتحدە) ئیشمان دەکرد (دیموستورا) دوو جار چوویتە تەهران، دوو جار چوویتە ئەنقەرە، دوو جار چوویتە سوریا، لەگەڵ ئەو کاتە چوویتە قەتەرو چوویتە سعودیەش لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) ئایا چ بکەین تەحدیدی دەوریان بکەین، بەڵام هاتنی (ئومەم المتحدە) بۆ ئەم کێشەیە کە باسی کێشەی نێو دەولەتیمان کردیە من تەخەسوسم ئەوە زۆر کارم کردیە ئەمە مەنقولەیەك دێنێتە بیرم کە هاتنی (ئومەم المتحدە) نەهاتە ناو کێشەکە کە کێشەکە حەل بکات کە یەکەم رۆژ (ئومەم المتحدە) هاتە دامەزراندن (چێرچل) قسەیەکی کرد وتی (ئومەم المتحدە)مان دانا تاوەکو دوورمان بکا لە جەهەنەم نەمان بباتە بەهەشت، عەینی نەزەریەی ئێوەش ئەگەر وامان نەکردبا لەم پەرلەمانە موبارەکە ئەو کاتەش کە هاتین من لەگەڵ جەنابی (دیموستورا) هاتین باسی ئەوەمان کرد غەرەزمان ئەوە بوو لەبەر دەنگێکی زۆر بەرز بوو لە بەغدا ویستیان نقومان بکەن وەزعمان زەعیف بوو ویستیان نقومان بکەن بلێن ئەوە تەواو بە حەقیقەت کە لە دانیشتنێکیش لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت زۆر جار چووینە بەغداش لەگەڵ نوێنەری ئەمریکا لەگەڵ کوتلەکانی تر ئەمە غەرەزی ئەساسی بوویە، بەڵام بۆچونێکی تری هەبوو ئەمە لە ئەجندای کارکردنی ئەواندا نەبوو، لە ئێرانیش حەقیقەت برادەران کە کاریان کرد بوو وەکو مەسەلەن مەوقفیان دیار بوو لەسەر ئەم کێشەیە چۆن بۆچوونێکی هەیە؟ چۆن ئەم کێشەیە لە ئەسبەقی هاتیە حەلکردنی نەبوو لە ئەسبەقیەی حەلی ئێمەدا ئیشی خەلکێکی تریش هەبوو زۆر کاری دەکرد، کە ئەم کێشەیە بەراستی ئەم کێشەیە نەیەتە کردن وە حەلیش نەبێت، دێم باسی پێشنیارەکان دەکەم، کە مالیکی ئەو کارانەی دەکرد لەسەر ماددەی (١٤٠) ولەسەر ناوچەکانی تری کوردستان تەسەروفی نەدەکرد وەکو رەئیس وزەرا، تەسەروفی دەکرد وەکو شەخسی وەحیدی فەریدی ئەم دەوڵەتە، دەوڵەت وەکی مالیکی یەعنی عێراق عێراقیش وەکو مالیکیە، ئەو کاتە وابوو کە مەجلس وزەرا هیچ قسەیەکی نەبوو تا ئەمرۆش نیزامی داخیلی لە عێراقدا نەهاتیە (اقرار) کردن مەجلس وزراش حەتا لەگەڵ رێزم بۆ هەموو برادەرانی کوردی لەوێ هیچ (اعتیبار)ەك لە قسەکەنیان نەبوو کابرایەك دوور نییە چایچیەکی خۆی زۆر زۆر دەنگی بەرزتر بوو لە دەنگی وەزیرێکی کورد یان نائیب رەئیس وزەرایەکی کورد ئەوەی لە جێگای گشتنە نازانم زۆربەی برادەران زۆربەی بەغدای نەدیتیە تەمەنا ئەکەم بابرۆن کارکردن لە بەغدا کارکردن، لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بزانن، کە چۆنە؟ ئەمرۆ ئەویش نەفسی عەقلیەتە ها، با ئێمە زۆر خۆمان ئەوە نەکەین بڵێین تەواو کێشەکە رەبت نەکەین بە شەخص ، لەگەڵ هەموو رێزم شەخص هەبووە بۆتە رەئیس وەزەرا، بڕوا بکە من زۆر شتی باشم لەگەڵ

هەیە، زۆر زیکرەیاتی خۆشمان پێکەوە هەیە جێگەی ڕێزو تەقدیرە، بەڵام لە ئەدائی حکومەت  وەاللەهی من دەڵێم (٨) سالچی پێشتر لە هەشتای ولاتی کاریسەکە خەراپتر بووە، نوقتەیەکی زۆر گرنگتر هەیە دەمەوێ بۆی ئیزافە بکەم کە لە هیتلەریان پرسی ئایا (ئینەزایزێشن) یان (جێرمەنانێشن) غەرەزت چییە لێی؟ لە موسەلێنیان پرسی ئایا (ئیتەلەزاینێشن) تۆ میللەت بیکەیە ئیتالی یان لە هینگاریەك کارەکەی چیە کارەکە خاکە، خاکی کوردستان بڕوا بکەن جینۆساید ئالیەتێك بوو بۆ دابین کردنی سیاسەتی تەعریب نەك تەعریب ئالیەتێك بوو بۆ سیاسەتی جینۆساید کە ئەو عەقلیەتە زاڵە لە ناو موجتەمەع تا ئەمڕۆ زۆر خەڵکدا لە ناو حکومەتی ئیتحادیش هەیە لە حوکمی عیلاقاتی ڕۆژانە کە کارمان دەکرد قەت عەقلیەتی نەهاتیە گۆڕین وە عەقلیەتی دوور نییە عەقلیەتی بەعسیەکی کۆنی جاران جورئەتەکەی لەوە باشتر بێ، کە بە سەراحەت قسەی دەکرد ئەمان بە زمانێکی نەرم و بە زمانێکی خەرابتر یەکێك لە خوشکەکان، کە گوتی هەروا بزانم داعش لە مەسائیلەکانی سەر داعش و ناوچەکان من گوتم یەکێك لە سەبەبەکانی یەکێك لە ننەتائیجەکانی جێبەجێ کردنی داعش یەکێك بەرز بوونی داعش بوویە لەم ناوچەیە ئەم کێشانە حەل بووبا لەگەل بەغدا وە ئەم ناوچانە نە فی ئەمری وازح بووبا کە توانیمان ئیسراحەتێکی، خزمەتگوزاریەکی تایبەت تەواو تەقدیمی ئەو خەلکە بکەین، حکومەتی ئیتیحادی ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ کردبا داعش بەرز نەدەبوو، بەڵام سیاساتی حکومەت لەم ناوچانە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئەوانەی تایبەت کە نسبەی سونەی تێدا زیادە، زۆر بە وزوحی ئەڵێم بۆتە موستەنقەعێکی ئیرهاب، موستەنقەعێکی چەپەڵی خراپی ئیرهاب لەبەر ئەوەی زۆربەیان لەوێ بوون ئەوانەی کە لەگەڵ ئیرهابی کار دەکەن (١٦) مەنزومەکەی تری ئەوان لە داعش خەتەرترن، نەك خەتەریاتیان کەمترە، عەینی ختورەت کە تیادا هەن بەرز بوون لەسەر جێبەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠) ئێمە مەکتەبمان هەیە، لە هەموو ناوچە کوردستانیەکان لە کەرکووك، وەکو دەستە کار دەکەین لە دەستەکە مەحکەمەی ئیتحادی ئێوە چیتان کرد کە لە (٢٠٠٧) کە بۆ ئەوە بوون وە ئێمە توانیمان یۆنامی بدەین لەسەر کار قەرارەکی مەجلس ئەمن دەربچێ لەقەراری (١٧٠٣) بدەین تاکو یۆنامی بێتە ناو کارەکەو وشەکواشمان تەقدیم کرد لەسەر محکەمەی ئیتحادی، مەحکەمەی ئیتحادی بریاریدا کە ئەنەهو  ماددەکە کۆتایی پێ نەهاتییە و بەردەوام دەبێ لە کاری ئەو کاتە بدایەتی دیکتاتۆریەتی بوو لبدایەتی بروزی دکتاتۆرێك بوو لە وڵات لەو کاتەدا هاتە سەر مەسائیلی عەرز حەقیقەت ئێمە ئەڵێین من ئەڵێم ملیۆنێك و دووسەدو پەنجا هەزار عەرد بە دەستی خەڵکی ناوچەکەیە ئەوەی کە موستەفیدە ساحێب حەقی تێایە، بەڵام کێشەکانی عەرد، ئێوە ئەزانن لە کوردستان بەرێزان پەرلەمانی  کوردستان تا ئێستا (٩٠٪)ی خاکی کوردستان، ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ناحیەی قانونیەوە لە (٩١) وە تاوەکو ئەمڕۆ نەمانتوانی حەلی بکەین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان نە؟، ئێوە ئەزانن لە یابان لە قیمەی تەتەور لە پلانی مارشال (٧) ساڵی پێ چوو کە کێشەکانی خاك لە یابان بێتە تەتەوەر کردنی کێشەکانی حەل بێت یان نا لەبەر تەعقیداتی قانونی زۆری تیایە، کولفەی زۆری تیایە، ئەوەی موهیمە لەلامان ئایا موستەفیدی یەکەم

لەو خاکە کێیە ؟ موستەفیدی یەکەم ئەمڕۆ لەم خاکە من دەڵێم برادەری کوردە برا کوردێکە، برا تورکمانێکە، کە ئەوانەی لەوێن لە (٧) هەزارو قسور عقودی زیراعیمان هەیە لەم ناوچانە، بەڵام عەقدی زیراعی صەلاحیەتی خۆمان بوو لەبەر لیژنەکەی خۆمان لیژنەی وزاری قانونییە لە ئەنجومەنی وەزیران بوو ئەو کاتەی کە ئەکتیف بوو فاعیلی بوو توانیمان ئیقراراتی لیژنەی شئونی شیمال حەقی خۆمان بوو کە ئیلغائی بکەین، تەبعەن بۆچوونیشمان بۆ هات لە دائیرەی قانونی ئایا قانونی لە رئییس وزەرا بێ ماڤی هەم کوردیش لەگەڵ ئێمە ئەوانەی کە لەوێ بوون کە من پێیان ئەڵێم می قانونی کە لەگەڵیان کاریان دەکرد باشیش دەزانن کە گوتیان حەقی خۆتان نییە بۆ ئەم ئیجرائاتە منیش گوتم، کاکە ئەگەر حەقی خۆمان نییە ئەو ئیجرائاتە هەبێ ئەم عقودانە بریارەکانی لیژنەی شیمال هەلبوەشێنین مەعنای ئەوەیە تۆ هەموو ئیعترافێکی پێشی زیاتریش لە حەقی خۆت ئیعتیراف بە حکومەتی سەدام حسین دەکەیت وە مەجلس قیادە سەورە دەکەی ئەمەش یەکێك لە هەڵە گەورەکان لە ساڵی (٢٠٠٣) بوو تۆ بلێی مەجلیس قادە سەورە بە تەوقیتە لە پەرلەمان مەعنای ئەویش عەینی شەرعیەت هەیە ئێمەش زۆر قەراراتمان هەیە لە کوردستان تا ئەمڕۆ لە قانونەکان هەیە حەلمان نەکردیە نەمانتوانیە وازحی حەلی بکەین، بەڵام ئەوەی لەسە خۆمان مەشروعەکەمان کامل کردیە دیراساتی هەموو قانونێکمان کردیە بەسانتیمەتر چەند عەرد لە کەرکووکا خەڵك تەوزیعی وەزارەی دیفاعی یان وەزارەی نەوت یان وەزارەی مالیە کۆبوونەوەمان کردیە لەگەڵیان زۆر زۆر تا وەکو گەیشتە ئەو مەشروعەی بێتە کرن، بەڵام ئیلغائی قەرارەکە لەلای ئێمە نییە مەشروعەکە لە لامانە لە مەجلس وزەرا دێتە مەجلس دەولە ئەگەرێنێتەوە جارێکی تر بۆ مەجلیس وزرەرا مەجلیس وزەرا ئەیگەیەنێتە پەرلەمان پەرلەمان بە خێر هاتنمی ئێمە دەکات، دووبارە ئەچێت لەسەر حدودی ئیداری بەڕاستی ئێمە لە مانگی (١١)ـەوە ئەو مەشروعە لەوێیە تاکو ئێستا، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هاتیتە کرن، پێویستە کوردستان یەکێك پێیان بڵێت کە ئێمە ئێستا ناڵێین دوور بێت برادەرانی کە ئێستا دێنە ئێرە هەولێریان کردیتە قیبلە تاکو کورسی و پۆستی وەربگرن لە بەغدا، پێی بڵێن کاکە ئێمەش ئەم ئیشەمان تێدا هەیە، نەك تاخیری موجامەلات و کار لەگەڵ ئەم خەڵکە بکەین بێنە ئێرە لەسەر خوێنی شەهیدانی خۆمان بچینە بەغدا بۆ پۆست و پایەو لە ئەخیرەن هیچ کێشەیەك نەیەتە حەل کردن ئەمە وەختەکە کە هاتیە، بۆ راپۆرتەکان بۆ پەرلەمان، ئێمە تاکو ئێستا شەش راپۆرتمان ناردووە، لە مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠١٣)ش راپۆرتێکمان ناردووە بۆ پەرلەمان بە حەقیقەت، بەلاّم ئەگەر حەزتان لێیە هەموو ئەرشیفێکی کە هەمە من پێم خۆشە دەزانم لە پەرلەمان ئەرشیفی ماددەی (١٤٠)تان نییە، دەزانم رێگاکەش چۆن دەرچووەو لە لای کێیە، بەلاّم من مانیعم نییە ئەو ئەرشیفەی لەلام هەیەو ئەوەی بۆتانیش نەهاتووە ئەرشیفێکی نەتەوایەتی زۆر چاکتان پێ بدەم، دەست پێ بکەم لە (١٧٩٤)ـەوە کە هەموو خەریتەکانی لەلای منە تا ئەمڕۆ کە کۆم کردۆتەوە لە کۆنگرێس و لە کوێ سەنتەرو لە وەسائیقی ئینگلیزی هەمووی ئی خۆمی شەخصی بخەمە بەردەستی پەرلەمان، بە حەقیقەت کارێك بکەم، زۆر برادەران وایان دەزانی من هاتیمە خواحافیزی بکەم و بڵێم خواحافیز، من پێشمەرگە بووم بۆ هەمیشە بە

حەقیقەت دەزانن ئەگەر لە کارەکەی خۆشم نەمێنێم هەر خزمەتکاری ئەو کابرایە دەبم کە هاوکاریم دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم کێشەو شتێك لەلای من قودسیەتی بە قەدەر ئەمە نییە، هیچ شتێکی تر لە کار بم، لە کار نەبم دەتوانم و هاوکار دەبم ئەوەی پێم بێتە کردن دەیکەم، من لە دوای پێنج ساڵیش لە ئەنفالی بارزانییەکانی یەکەم جارێکی تر لە خیلالی ئیجازەی خۆم چوومە لە ناو سەحرا جارێکی تر (٩٦) تەرمی ترم هێناوەو بەردەوامم لە کارەکەم و لەبەر ئەوەی غیرەتەکەی من قەبوڵی نەکردیە ئەوە بکەم، حەقیقەت ئەمە شەرەفێکی گەورەیە کە ئەم کارە بکەم لەبەردەمی خەڵکی کوردستان و هەر کەسێك بێت، بڕوا بکە ئەگەر خەڵك هەشت سەعات کار بکات، من دەڵێم لە کوردستان پێویستە ئێمەی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغە (١٨) سەعات کار بکەین، لەبەر ئەوەی وامان لێچووەو وا زوڵممان لێ کراوە، وا کەم خەم بووینە لە کاری خۆمان قەت کەس نەڵێت و کەس ناتوانێت بڵێت، ئەگەر رەقم و تاریخی راپۆرتەکانتان ویست، دەتوانم بخەمە بەردەستتان.

یەکێك لە برادەران پرسی ئایا ئەو پارەی (١٤٠)ی لە نەفەقاتی سیادییە، یان لە نەفەقاتی سیادی نییە؟ بڕوا بکەن پرسیارێکی زۆر زۆر تەعەجوبە، یەعنی پێویستە ئێمە لە پەرلەمان بزانین هەر دینارێك لە کام جێگا دێت و چۆن سەرف دەکرێت، پارەی (١٤٠) لە نەفەقات لەسەر میزانیەی مەکتەبی رەئیس وزەرایە، رەئیس وزەرای عێراقی مەسئوولیەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)یش لەسەر حکومەتی ئیتیحادی بوو ١٠٠٪، نەك لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، پێویست بوو ئەوان جێ بەجێیان کردبا، هەتا ئەگەر نوێنەریشمان نەبوایە، بەڵام گوتم کە دەوڵەت نەبوو، کە دەوڵەت نییە، ئومێدیش نییە تەخەیولم ببێتە دەوڵەت، لەبەر ئەوە هەندێك پێشنیارەکانی تر هەن تەمەنا دەکەم موستەقر بێت و کارێکی وا بێتە کردن.

لە نەفەقاتی سیادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارەی سەرف ناکات؟ ئەم کێشە نەك مەسەلەی پارەیە، مەسەلەی حەق و موستەحەقاتە، زۆریان پرسیان خەڵك بۆ ناچێتەوە؟ من دەڵێم زۆربەی خەڵکی کەرکووك هەیەو سنجار هەیە، مەخموور هەیە نەگەڕاوەتەوە، پارەش هەیە، خەڵکیش هەیە لە کوردستاندا پارەی لە کوردستان وەرگرتووە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە جێگاکەی خۆی، لەبەر ئەوەی خەڵك هاتییە منداڵەکانی گەورە بوونەو خێزانی قەبوڵ ناکات، کارێکی تری هەیە خەڵکێکی زۆر هەیە ناتوانێت، بەڵام ئەوەی پێمان باشە لە جێگای بچێت دەنگی بدات و بەشداری ئیستیفتا بکات ئەو کارەمان کردووە.

هەندێك لە برادەران باسی زەوییان کرد، وابزانم خوشکە ڤیان باسی کرد، خوشکە ڤیان ئێمە راستی دەڵێین کە پارەکە دەدەین، صاحێب شیکەکە کە پارەکەی وەرگرت پێویستە پارچە زەوییەکی (٢٥٠) مەتری ئیش پێ بکات، ئێمە زیاتر لە (١٧) هەزار پارچە بۆ مەقامی سنجار نارد لە جاری پێشوو لە ترسی خۆی نەیتوانی کار بکات و، قائیمقامی خانەقینمان نارد تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە پارچەیەك زەوی دابەش بکات، بۆ کەرکووکمان نارد نەیتوانیوە دابەشی بکەن، بۆ شێخانیشمان نارد نەیانتوانیوە دابەشی بکەن، بۆ زانیاریتان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هەیەو ناوەکان لەناوە، لیستەکە لەلایەتی، پلیتەکان لەلایەتی، چەند منداڵی هەیەو رەقەمی بیتاقەی تەمویلەکەی چییە، ئەگەر نەیانکرد لەبەر ئەوەی بووە ترسیان ئەوەیە کە گوتیان

ئەگەر ئێمە وا بکەین دوور نییە مووسڵ قەبوڵ نەکات، یان دیالە قەبوڵ نەکات دەچینە نەزاهە، بۆ زانیاریتان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانیشمان لەلایە، بێجگە لەوە ئەو خەڵکەی لە کەرکووک دەرچووە کە ناومان ناوە وافد چۆتە ناصرییە، لە ناصرییە (٢٥٠) مەتر زەوی خۆی وەرگرتووە، ناصرییە جێ بەجێی کردووە، بەڵام ئەو ناوچانە جێ بەجێیان نەکردووە، ئەم قەزییە زۆربەی جار ئیسرارەمان کردووە بە کتاب و جارێکیش چووینە شنگال پێش شەڕی داعش قائیمقامەکە بە منی گوت بە مانگێك، من گوتم کاکە من شەش مانگت دەدەمێ بە هەموو موقەدەساتێك ئەگەر تا شەش مانگی تر بوو هەر چ شتێکت ویست بۆت دەکەم، نەیانکرد، لە خانەقین کارێکی تریان هەیە زەوی دوور نییە بێتە خوارێ بەرژەوەندی ئەوەی تێك بچێت، زەوی ئەمەیە، یان زەوی ئەمە نییە، ئەمەش لەوێ هەیە، کە دەڵێم نە تەوافوق، هەندێ شت هەیە لە ئیدارەت و لە سیاسەت لەم وڵاتە جورئەتی خۆی دەوێت، من ناڵێم پیاوەتی چونکە زۆر ژنم دیوە، زۆر لە پیاو بە جورئەتترن، جورئەتی دەوێت، دڵی دەوێت تاکو کار بکات، خەڵکەکە نەیانکردووە.
بۆ راپۆرتەکان باسمان کرد، پارچە زەوییەکان باسمان کرد، تەقاریرەکانمان باس کرد، عقودی زراعی باسمان کرد، لەسەر مەوقیفی تورکمان حەقیقەت با لەبیر نەکەین، بڕوا بکەن هەندێ تورکمانم بینیوە کەسێك لە ئێمە ناتوانێت موزایدە لەسەر کوردستانیەتی ئەوان بکات، هەندێك کلدانی و ئاشووریشم دیوە کەسێك لە ئێمە ناتوانێت موزایدەی بکات، ئەگەر لە ئێمە زیاتر نەبن لە ئێمە کەمتر نین لەسەر ئەو دەستانەی ئەو ناوچانە، خەڵکێکیشم دیوە واللە هەندێك برادەرم دیوە تورکمان، شیعە عوقدەی کوردستانی هەیە، یەعنی دەترسێ لەناوی کوردستان، هەموو کوردستانیش پێی بدەیت، هەموو شتێکیشی پێ بەیت ناتوانێت تەعامولی لەگەڵ بکات، چونکە عوقدەی هەیە، عوقدەی نەفسی لەگەڵ تۆ هەیە، نازانێ خۆی چییە، ون کردووە، ئەمە هەیە، ئەو شتانەی کە بیکەین و چ پێویستە بیکەین، بەڕاستی من دەڵێم لەم قوناغە تاکو زۆر درێژ نەکەم گرنگترین شت ئەوەیە ئێمە کار بکەین لەسەر قانونێکی ئیستیفتا، قانونێکی ئیستیفتا داتای تەواومان هەیە دەتوانین پێتان بڵێین لەسەر چ ئەساسێك ئیستیفتا گرنگە؟ کێ موشارەکە بکات لە ئیستیفتا؟ حدودی ئیستیفتایەکە کێن؟ چ پرسیارێك دەکرێت لە ئیستیفتا؟ بەڵام شتێکی زۆر زۆر گرنگ هەیە لە مەسائیلی ئیستیفتا کە زۆربەی برادەران باسیان کرد، حەقیقەت لەگەڵ هەموو رێزم بۆیان ئیستیفتا لە یەك لایەن نایەتە کردن، لە ئیستیفتا ناتوانی بڵێی واللە من دەڵێم وام کردو من ئیعتیرافم کردو من وام کرد، وا نییە برا، تۆ کە ئیستیفتات کرد پێویستە شریکێکت هەبێت کە قەبوڵ بکات، ئێمە تاکو ئێستا گێمەکە تەواو نەبووەو هەوڵ بدەین حکومەتێکی تر هاتیە لە بەغدا با ئەوان بێن مەوزوعی ئیستیفتا پێکەوە لەگەڵ ئێمە بکەن، ئەگەر هاتن زۆر زۆر باشە، ئەگەر نەهاتن شریکێکی نێودەوڵەتی ئیقلیمی بۆ خۆمان پەیدا دەکەین لەسەر ئەم کاتە، ئەگەر ئێمە خۆمان بە تەنیا بکەین بڕوا بکەن جارێك بە بیرم دێ برادەران لە مەجلیسی موحافەزەی کەرکووك بڕیاریاندا بڕیاری بێنە سەر کوردستان، گوتم کاکە ئەمە نەکەن، کاکە بۆ خاتری خوا ئەمە مەکەن، تۆ بڕیار دەدەیت بێیتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ بە خۆتەوە نە کوردستان ئەو جورئەتەی هەیە کە کاری بکات ئیعتیراف بە تۆ بکات، نەك یەکێکی

موجتەمەعی نێودەوڵەتیش هێشتا ئیستیعدادی نییە قەبوڵی تۆ بکات، بڕیارەکە مەکەن، زۆربەی برادەران پێیان خۆش نەبوو کە من قسەکەم کرد، بەڵام بڕیارەکە دەرچوو لە دوای ئەوە دوو ساڵی بەسەر چوو، یەعنی چی؟ پێویستە کە ئێمە ئیستیفتایەك بکەین، ئیستیفتای صوەری نایەتە کردن، تۆ لە شەڕ ئەگەر تەقەت هەبێت تەلویح بەقوەتت کردو قوەتەکەت بەکار نەهێنا وەك سیاسەت نییە، بەڵام لە دوای ئەم مەلەفە هەمووی پێکەوە بڕوا بکەن من ئەبەدەن ڕەشبین نیم، من زۆر گەشبینم لەگەڵ ئەو کارە، لەبەر ئەوەی خەڵکێك هەیە خوێنی خۆی لەسەر داوە، ئەو جێگایانەی کە بە خوێن هاتیتە سەر کوردستان و ئێستاش بە ڕۆژانە خەڵك شەڕی بۆ دەکات، پێویستە ئێمە قەت دەستی لێ بەر نەدەین، پێویستە گەشبین و موتەفائیل بین، لە دوای هەر شەڕێك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان کۆمەڵێك ئەنجام لێی پەیدا دەبێت، من کتابێکم هەیە لەسەر حەربی عالەمی یەکەم لەسەر سیراعاتی دەولی و تەوازونی قوە، خولاصەکەی لە حەربی عالەمی یەکەم (١٥) ملیۆن کەس دێتە کوشتن، بەڵام سێ ئیمبراتۆڕیەتی گەورە گەورە نیهایەتی پێ دێت، حەربی عالەمی دووەم مەجموعەیەکی دەوڵەتی بچووك بچووك پەیدا دەبێت وا دەڵێت مندالەکانی (١٥) دەوڵەت لە ڕەحمی ئیتیحادی سۆڤیەتی دەرچوون لە دوای ساڵی ١٩٩١ ئەو حەربەی کە ئێمە ئەمڕۆ لەسەر شەڕو شەڕێکی بەردەوامە، بۆچوونەکەی من ئەوەیە بە هەموو مەقایسی عیلمیەوە من دەڵێم کەمتر نییە لە حەربی عالەمی یەکەم، حەربی عالەمی نێودەوڵەتی، تەمامەن لە شەڕێکی حەقیقەت دان، من موتەفائیلم لەگەڵ ئەم شەڕە عسکەرییەن تەواو بوو زۆر گەشبینم و قۆناغی باشترمان هەیە لە کوردستان زۆر زۆر سوپاس، ئەوانەی پرسیارەکانی تر ئەگەر ویستیان من بە کتاب جوابی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە، جارێکی تریش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر محەمەد ئیحسان سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڕێزان، پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان لەگەڵ بڕگەی دووەمدا ئاڵوگۆڕ پێ بکەین و کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان لەگەڵ بڕگەی دووەم ئاڵوگۆڕ پێ بکەین ئێستا بچینە سەر بڕگەی سێیەم دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٥٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبی، کەواتە پەسند کرا، ئێستا بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ خوێندنەوەی ئەو دوو پرۆژە یاسایە، من لێرەدا ڕوون کردنەوەیەك دەدەم لەسەر ئەوەی کە لە دانیشتنی پێشوو لەڕاستیدا خوێندنەوەی یەکەممان کرد بۆ پرۆژە یاسای (قانون استقطاب الاموال العامة عن طريق الاقتراض في اقليم كوردستان – العراق)، بەڵام هەندێك بیرو بۆچوونی یاسایی هەبوو، کە پێیان وا بوو ئەو خوێندنەوەی یەکەم کە کردمان بۆ ئەو پرۆژە یاسایە گرفتی قانونی تیا بوو، چونکە بەپێی پەیڕەو پێویست بوو پێشتر دابەش بکرێت بەسەر ئەندامانی پەرلەمان و دوای ئەوەی دابەش دەکرێت لە بەرنامەی کاردا دابنرێت و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، لەڕاستیدا ئێمە لەو ڕوانگەی کە پێمان وابوو

خوێندنەوەی یەکەم رەنگە شکلی بێت، بۆیە ئەوەمان خستە دەنگدانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ لەکەیەك لەسەر پرۆژە یاساکان کە لە پەرلەمانی کوردستان دروست دەبێت، هیچ لەکەیەکی یاسایی لەسەر نەبێت، بۆیە جارێکی تر خەوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، هەر لێرەوە دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم کە جارێکی تریش یاسایەکی تر، ئەو یاسایەی کە ئێستا لەبەردەمماندایە بۆ هەموار کردن، کە یاسای هەمواری یەکەمی دەستەی گشتی دەستپاکییە، ئەویش جارێکی تر خوێندنەوەی بۆ کرا بوو، دەمەوێت باس لەوە بکەم کە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن دەستەی گشتی دەستپاکییەوە هاتبوو، دوایی کە سەیرمان کرد بەپێی یاساکەی دەستەکە ئەوان مافی ئەوەیان نییە پرۆژە یاسا راستەوخۆ ئاراستەی پەرلەمان بکەن، بۆیە دوای ئەوەی کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژوویان لەسەر کرد خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد، من حەزم کرد لە پرۆتۆکۆڵ بچەسپێت، بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی دوو جار خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە کراوە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرموون بۆ خوێندنەوەی ئەو دوو پرۆژە یاسایە، فەرموون بۆ خوێندنەوەی یەکەم، بەڕێز دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لە دانیشتنی پێشوو من خاڵی پەیڕەویم گرت، بەڵام ئێستا دەمەوێت دەستخۆشی لە بەڕێزتان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەم، پێموایە ئەوە کارێکی زۆر زۆر باشە و هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە، ئەگەر لە شوێنێك خاڵێکی پەیڕەوی هەبوو چاکی بکەینەوە، ئەو کات گوتم سابیقەیەکی خراپە، ئێستا دەڵێم سەرەتاییەکی زۆر باشە، بۆ ئەوەی کاری پەرلەمانیمان بەشێوەیەکی یاسایی و باش بەڕێوە بڕوات، دەستخۆش.\

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی و بڕیاردەری لیژنەی یاسایی دەکەم هەستن بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم/ پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٢٦) ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەمە ناوەکانیانە:

١-عمر عینایەت حەمە.

٢-برزۆ مجید عبدالله.

٣-رابوون توفیق معروف.

٤- محمود حاجی عمر.

٥- فائق مصطفی رسول.

٦- علی حەمە صالح.

٧- ایوب عبدالله اسماعیل.

٨- ئومێد حەمە علی.

٩- پەری صالح حمید.

١٠- منیرە عثمان علی.

١١- بەهار عبدالرحمن محمد.

١٢- ئێڤار ابراهیم حسین.

١٣- بیستون فائق محمد.

١٤- د.شێرکۆ حەمە ئەمین.

داواکارم لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم/ پرۆژە یاسای راکێشانی مایە لەڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٢) ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاساییاندا لە ژمارە (٦) رێکەوتی (٢٠١٤/١٠/١٩) پەسند کراوەو ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پەرلەمان دەکرێت و لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کۆی ئەو پرۆژە یاسایانە بوو لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، فەرموون بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، بەڕێزان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێت، پێش ئەوە پێشنیارێکمان بۆ بەڕێزتان هەیە، وا نزیکەی شەش مانگ بەسەر کار کردنمان لە پەرلەمانی کوردستان تێ دەپەڕێت، بۆیە داوا لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان و سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دەکەین کە هەر سەرنج و تێبینیەکیان لەسەر ئەدای کاری پەرلەمان و کاری فراکسیۆنەکان و کاری لیژنەکان و کاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەیوەندی نێوان ئەندامانی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی، جێ بەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ، جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە هەموو لایەکمان بە خەڵکمان داوە هەر سەرنج و تێبینیەکتان هەیە پێمان بگەیەنن، سوپاستان دەکەین بەسەرمان بکەنەوە بە سەرنج و تێبینیەکانی خۆتان، بەم شێوەیە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێت، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٥\١١\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١١/٢٥

كاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١١/٢٥ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی

جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٢)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٢. خوێندنەوەی یەکەمی ئەم دوو پڕۆژە یاسایەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق،

١. پڕۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢. پڕۆژە یاسای صندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٢)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/٢٥)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر دە و نیوی پێش نیوەڕۆ، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١١/٢٥) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٢. خوێندنەوەی یەکەمی ئەم دوو پڕۆژە یاسایەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق،

١. پڕۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- پرۆژە یاسای صندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. بەڕێزان لە دەسپێکی ئەم دانیشتنە دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەمڕۆ (٢٠١٤/١١/٢٥)، رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەموو دونیایە، لە راستیدا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی خاتوو (ڤیان عباس) بیرۆکەی هەبوو کە ئەمڕۆ پێشکەشی بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان خەریکی رێکخستنی بەرنامەی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانن سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بارودۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دوای خست بۆ ئەو کاتە، ئێمە لە کاتێکدا ئەمڕۆ هاوشێوەی هەموو جیهان بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سەرتاسەری جیهان لە کاتێکدا ئەو یادە دەکەینەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئێمە لە ئافرەتانی قارەمانی ئێمە تا ئێستا لە زیندانی گروپە تیرۆریستەکانن و، بە خراپترین شێوە و درِندانەترین شێوە مامەڵەیان لە

گەڵدا دەکرێ، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە بەشێوەیەکی نا مرۆڤانە لەم سەردەمی هەزارەی سێیەمە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێ، بۆیە لێرەوە سڵاو بۆ یەك بە یەکیان دەنێرین، سوپاسی خۆڕاگری و قارەمانەتیان دەکەین، ژنانی شنگال، ژنانی ئێزیدیەکان بوونەتە ئایکۆنی خۆڕاگری ژنانی هەرێمی کوردستان، بەهەمان شێوە لەم رۆژەدا دەبێ سوپاسی هەموو ژنانی هەرێمی کوردستان بکەین بەتایبەتی ژنانی پێشمەرگە ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان شەهیدبوون لەبەرەکانی جەنگ و، ئێستا قارەمانانە ئەوانیش رووبەرووی ئەو گرفتانە بوونەتەوە کە لە دوای ئەم کارەساتانە بەسەریان هاتوون، لەم رۆژەدا ناکرێت ئەمەش لە بیر بکەین کە بە داخەوە ئاماری قوربانییەکان دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە هەڵکشانە و، لە دۆخێکی زۆر مەترسیدار دایە، ناتوانین ئەو رۆژە لە یاد بکەین کە دونیای تێدا بەشێوەیەکی زۆر نا مرۆڤانە شەهید بوون، ناتوانین ئەو توندوتیژیانە فەرامۆش بکەین کە رۆژانە لە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا دژ بە ژنان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی رابوردوو، لە خولەکانی پێشوو، پەرلەمانی کوردستان هەوڵی داوە هەنگاو هەڵبگرێ بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی ئازاری ئافرەتان بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان و، یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە بۆ بەرگرتن لە توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام پێم وایە هێشتا ئەو یاسایە نەیتوانیوە ئەو ئامارە ترسناکانەی کە لەم بوارەدا هەن کەمیان بکاتەوە، بۆیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەمان بۆ چەند یاسایەك کردووە، بە ئاقاری ئەوەی موعانات، توندوتیژیەکان دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان کەمتر و کەمتر بکەینەوە و، هەوڵی هێنانە کایەی ژیانێکە شەرەفمەندانە بۆ ئەو ئافرەتانە بهێنینە کایەوە کە رۆژانە دەست و پەنجە نەرم دەکەن لەگەڵ ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێ، لێرەدا ناکرێ رۆڵی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان نادیدە بگرین کە لە ماوەی رابوردوودا زۆر چالاکانە هەوڵیان داوە بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو ئەو کەیسانەی کە لەم بوارەدا بوونیان هەیە و، ئێستاش خەریکی ئامادەسازین بۆ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان لەم بارەدا، هەڵبەت ژنانی تری ئەندامانی

پەرلەمان هەر بەهەمان شێوە و، بە هەمان ئاڕاستە کاریان لەم بوارەدا کردووە، ئەمەش جێگای دەست خۆشییە بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە لە ڕێگای ئامادەکردنی پرۆژە یاساوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتی ئافرەتان دەدەن لە هەرێمی کوردستان، ئێمەش ئەمڕۆ لەگەڵ جیهان یەك دەنگین کە پێویست دەکات هەمووومان پێکەوە بەرگری لە مافی ئافرەتان بکەین و، هەوڵی کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژیانە بدەین کە دەرهەقیان ئەنجام دەدەرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەرزین بۆ ئەو ژنە قارەمانانەی کە لە کۆبانێ ڕەمزی ژنی سەدەی نوێیان هێنایە کایەوە کە ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و گرووپە تیرۆریستەکانن و، ئەوان لە کۆبانێ بونەتە ڕەمز، بوونەتە هێما، بوونەتە ئایکۆن بۆ خۆ ڕاگری ژنی کورد، بۆیە لێرەوە سڵاو بۆ ئەوانیش دەنێرین کە سەری ئافرەتانی هەرێمی کوردستانیان بەرزکردووە و، سەری ئێمە هەمووومانیان بەرزکردۆتەوە، لە دەسپێکی ئەو کۆبوونەوەیە داواکاریەك هەیە بۆ ئەوەی پێش و پاشێك لە بەرنامەی کار ئەنجام بدەین، بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار بهێنینە پێشەوە بیخەینە شوێنی بڕگەی یەکەم، چونکە خوێندنەوەی دوو پرۆژە یاسایە و، دوایی لیژنەکانی پەرلەمان کاری لە سەر دەکەن، بۆیە ئەمە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی دووەم و یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ پێش و پاش بکرێ؟ (٧٧) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵ نەبێ، کەواتەپەسەند کرا، بەڵام پێش ئەوەی دەست بکەین بە بەرنامەی کار داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٩)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو ڕۆژەدا (ابراهیم احمد سمۆ ـ مۆڵەت، ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت، بشار مشیر ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، جوان اسماعیل ـ مۆڵەت، حسین اسماعیل ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سەهراب میکائیل ـ مۆڵەت، عمر صالح عمر ـ مۆڵەت، محمد صادق ـ مۆڵەت، مدینە ایوب ـ مۆڵەت، منى نبى ـ مۆڵەت، منیر عثمان ـ مۆڵەت، ناظم کبیر ـ مۆڵەت)، لە دانیشتنی دووەم لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٩) ئێوارە مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (ابراهیم احمد سمۆ ـ مۆڵەت، ئێڤار ابراهیم ـ مۆڵەت، بشار مشیر ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، جوان اسماعیل ـ مۆڵەت، حسین اسماعیل ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سەهراب میکائیل ـ مۆڵەت، عمر صالح عمر ـ مۆڵەت، محمد صادق ـ مۆڵەت، مدینە ایوب ـ مۆڵەت، منى نبى ـ مۆڵەت، منیر عثمان ـ مۆڵەت، ناظم کبیر ـ مۆڵەت، ئایدن معروف ـ مۆڵەت، پەری صالح ـ مۆڵەت، جودت جرجیس ـ مۆڵەت، دلێر مصطفى ـ ئامادەنەبووە، ڕۆژا محمود ـ ئامادەنەبووە، زولفا محمود ـ مۆڵەت، سراج احمد ـ مۆڵەت، سهام عمر ـ مۆڵەت، عادل عزیز ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمانیش بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمان لە بەرواری (٢٣) و(٢٤)/١١/٢٠١٤، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ناوی لیژنەکان، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان کۆبوونەوە لە (٢٣/١١/٢٠١٤) سەرکەوت سەرحەد ـ مۆڵەت، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەهاوبەشی کۆبوونەوەکەیان ئەنجامداوە و گشت ئەندامان ئامادەبوونە لە (٢٣/١١/٢٠١٤)، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە (٢٣/١١/٢٠١٤) حسن صالح ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی کاروباری یاسایی گشت ئەندامان ئامادەبوون لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەی ئاساییان کردووە، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەیان کردووە، باپیر کامەلا ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر کۆبوونەوەیان نەکردووە لە (٢٤/١١/٢٠١٤)، چونکە سەرۆکی لیژنە مۆڵەت بووە بەشداری کۆنفراسێکی کردووە، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەکەیان دواخستووە بۆ (٢٧/١١/٢٠١٤)، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەیان کردووە و گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون لە (٢٤/١١/٢٠١٤)، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٤/١١/٢٠١٤) مەردان خدر ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار (٢٤/١١/٢٠١٤) ایوب عبدالله ـ مۆڵەت بووە، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر لە (٢٤/١١/٢٠١٤) گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لیژنەی وەرزش و لاوان لە (٢٤/١١/٢٠١٤) د. ابراهیم احمد ـ مۆڵەت، عادل عزیز ـ مۆڵەت، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەکەیان دواخستووە بۆ (٢٧/١١/٢٠١٤)، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان (٢٤/١١/٢٠١٤) یروانت نیسان ـ مۆڵەت، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (٢٤/١١/٢٠١٤) فەرهاد سەنگاوی ـ مۆڵەت، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (٢٤/١١/٢٠١٤) امنە زکری ـ مۆڵەت، لیژنەی دەست پاکی نەزاهە لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە لەبەر زۆری ئیش و کارەکانی پەرلەمان لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی لە (٢٤/١١/٢٠١٤) کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆنووسی کۆبوونەوەکان هاوپێچی ئەم نووسراوەیە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کاری دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٩)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبووی کۆبوونەوە لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

٣ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٤ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

٥ـ پەسەندکردنی گفتوگرکردن لە سەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٦ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی کار لەگەڵ خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار و، بەپێچەوانەوە.

٧ـ خوێندنەوەی یەکەمی دوو پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوباس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، دەمەوێ لێرەدا بەداوای لێبوردنەوە پێشتریش بەخێرهاتنی بەڕێز (د.احمد) بکەین سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ ئامادەی دانیشتنەکەمان بوو، بۆ بەشداریکردن لەو وتووێژەی کە ئەنجامی دەدەین سەبارەت بە هەمواری یەکەمی یاسای گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو دوو پرۆژە یاسایە، فەرموو کاك عادل نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەرنج و روونکردنەوەیەکی بچووکە، یەعنی لەیەك رۆژدا و، لە یەك سەعاتدا کۆبوونەوەی دوو لیژنەمان هەبووە، من بەو پێیەی لە لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن بڕیاردەری ئەو لیژنەیەم مەجبوور بووم لەو لیژنەیە ئامادەبم و ئەوەی تر بکەم بە مۆڵەت، یەعنی بەڕاستی ئەوە ئەگەر چارەسەرێکی بکەن یان رێکی بخەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ چارەسەری ئەم دۆخە پێم وابێ دانیشتنەکان بە ئیتیفاقی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لیژنەکان کراوەتە دوو حەفتە جارێك بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتەش ببێت، فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب راستی من پتر رەخنەکە هەی سەبارەت نە ب کار ئینانا زاراڤی بادینی گەلەك جارا ئاستەنگ بوومە پەیدابن سەرۆکایەتیا پەرلەمانی حەتا دگەل ئەندامێ پەرلەمانی، مادام چ قانون نینن زاراڤەك ب سەر

زاراڤەك ب سەپینن پرسیار ل ڤێرێ ئەوەیە بۆچی زاراڤێ بادینی نائێتا ب کار ئینان، بلا یەکسانی بێتە ب کار ئینان جارەکێ بەرنامەی کاری بادینی بیت جارێك ب سۆرانی بیت، دیسان ژی هەندەك جارا حەتا یاسا و بەیاننامە ژی ب زاراڤا بادینی بێتە ب کار ئینان د بێتە دەلیڤە کو ئەندامێ پەرلەمانی ژی فێری زاراڤێ بادینی بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێرێ پێشمەرگەیەکی قارەمان ژ کۆبانێ دگەل چەند هەڤالی خۆ ل کۆبانێ پەیوەندییا تەلەفۆنی بۆ من کر، ئەوان سێ گازاندا گەهاندنا من، سێ خالێ گەهەندنا من کو ئەوان گلە و گازاندا ل سەر هەبی من ژی ب فەر دیت ئەڤرۆ بێژم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین، ئەمە پەیوەندی بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان نییە، ئەوە دەتوانی لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە باسی بکەی و، ئەوان بەدواداچوونی بۆ دەکەن، ئێمەش ئاگاداری دەبین، فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە ل ڤێرێ دەنگی دای ئەو بچێتە کۆبانێ ئەو وەعد دایە ئەز ل هۆلا پەرلەمانێ گازاندێت وی بگەهینم، ئێکش وانا ئەو بێ کو وەزیری پێشمەرگەی سۆز دابی سەرەدانا خێزانێت وان بکەت حەتا نووکە سەرەدانا خێزانێت وان نەکرینە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین، جەنابت دەتوانی داواکاریەکەی ئەوان بدەی بە لیژنەی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن، فەرموو د.شێرکۆ،

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە حەفتەی پێشوو بەپێی ماددەی (٧٣) یاداشتێکمان دا بۆ ئەوەی کە سیفەی بەپەلە بدرێ بە پڕۆژە یاسایەی هەمواری یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام ئەوە دیارە هەر نەخرایە بەرنامەی کارەوە، یەك خاڵی تریش لە هەموو وڵاتێکدا وەقایعی فەرمی بە چ زمانێك بڵاوبێتەوە ئەو زمانە زمانی فەرمییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بە پڕۆژە یاساكە تا ئێستا راپۆرتەكەمان بەدەست نەگەیشتۆتەوە، لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەكانەوە، بۆیە نەخراوەتە بەرنامەی كارەوە، فەرموو خاتوو سهام.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیە ئاخافتنێ ڤیان خانی دكەم هەر بۆ هەندێ ئەندام پەرلەمان بشێن ئەو ژی گفتوگۆیێ دگەل مە دا بكەن وەكی ئەم د ئاخفین ئەو ژی مە بگەهن دی باشتر بیتن پێداچوونەوەیەكیش ژ لایێ سەرۆكایەتیا پەرلەمانی بوو ڤی بابەتێ هەبیتن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە جێگای تێروانین و جێگای خیلافە و، ئێستا بەڕێز دكتۆر شێركۆ شتێكی تری باسكرد، سەرنجی لێ دەدەین بزانین چۆن دەتوانین ئەو كارانە ئەنجام بدەین، تا ئێستا موتتەبەع هەر ئەوە بووە، كە بەرنامەی كاری دانیشتن لە پەرلەمانی كوردستان بە زمانی كوردی بە زاراوەی سۆرانی خوێندراوەتەوە و، كۆنووسەكانی پەرلەمانی هەر ئاوا حازر دەكرێت و، پڕۆژە یاساكانیش هەر وا حازر دەكرێ، فەرموو كاك سعید،

**بەڕێز سعید محمد سعید (سعید مەسیفی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست بوو پێش ئەوەی دەست بە كۆبوونەوەكە بكرێ یان بكرێتە بەرنامەی كار، پیرۆزبایی لە هەرێمی كوردستان بكرابا بە بۆنەی ئەو سەركەوتنەی جەلەولا و سەعدیە و، سڵاو رێزیشمان بۆ كەس و كاری شەهیدە سەربەرزەكان و، چاكبوونەوەی بریندارەكان كە بۆ ئەو سەركەوتنە خوێنیان بەخشی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرەوە سڵاو و رێزمان هەیە بۆ هەموو شەهیدانی هەرێمی كوردستان، لێرە لە هەرێمی كوردستان لە جەلەولا و سەعدیە كە بەڕاستی پێشمەرگە رۆڵێكی قارەمانانەیان بینی لە رزگاركردنی ئەو ناوچانە، بەڵام لە پێشووتریش نەمان كردە عورفێك هەموو ئەو ناوچانەی كە ئازاد دەكرێن جارێكی تر پیرۆزبایی بكەین، چونكە ئازاد كرابوون پێشتر، وەكو رەبیعە و زوماریش ئازادكرانەوە نەمان كردە عورفێك، بۆیە لێرەوە سڵاو و رێزمان هەیە بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی كە لە سەنگەرەكانی بەرگرین هەر لە قەرەتەپە و جەلەولاوە بۆ كۆبانێ كە قارەمانانە دیفاع لە هەرێمی كوردستان و كوردستان دەكەن، سڵاو بۆ گیانی پاكی شەهیدانیش لە هەموو ئەو شوێنانە، فەرموو كاك بێستوون،

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دانیشتنی ئەمڕۆ درێژكراوەی بەرنامەی كاری دانیشتنی حەفتەی رابوردوو، ئێمە (٨) سەعات وتووێژمان كرد لە سەر دۆخی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوە بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی دەستەكەو دانیشتنەكە لە دەرئەنجامی گفتوگۆكانماندا كۆتایی هات نەگەیشتینە هیچ راسپاردەیەك، بڕیارێك، یەعنی دەرئەنجامی بەو (٨) سەعاتە قسەكردنە تەواو یان ئێمە قەرارە شتێك لەو بارەیەوە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ راسپاردەیەك لە كۆبوونەوەی پێشوو نەبووە و، مەرجیش نییە هەموو كۆبوونەوەیەكی پەرلەمان بە راسپاردە دەربچێ، پەرلەمانی كوردستان چاودێری ئەنجام دەدات سەبارەت بە هەموو ئەو دەزگایانەی كە لە ژێر چاودێری خۆیانن یان سەر بە حكومەتن، بۆیە دەگونجێ دانیشتن پرۆسەی چاودێری بێ، وتووێژبێ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام بڕیارمان داوە كە ئەو وتووێژە ئاڕاستەی بەرپرسی تازەی دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بكرێ لە سەر داوای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێ لە كاتی كاری تازەیدا، فەرموو خاتوو فیروز.

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێك ئاڕاستەی چەند وەزارەت كردوو لە رێگای سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ ڤە (٢٠١٤/٩/٢٢) بۆ نموونە وەزارەتا دارایی و وەزارەتا خوێندنی باڵا و، حەتا ئێستا نە لە هۆڵی پەرلەمان هاتینە خوێندن و، نە وەڵامم وەرگرتووە و، ئەمڕۆ (٢٠١٤/١١/٢٥)یە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە، ژمارەیەكی زۆر لە پەرسیار هەن كە تا ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان نەمان خوێندۆتەوە بە هۆی ئەوەی كە پەیوەندیدار بووین بە بابەتەكانی پەرلەمان و پێویستمان بەوە هەبووە كە كاتێكی زیاتر تەرخان بكەین بۆ وتووێژەكانی ناو پەرلەمان، بەڵام ئەو پرسیارانەی گەیشتبێتە دەست ئێمە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان هەمووی ئاڕاستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان كراوە و، پێم وابێ هەر پرسیارێكیش كە ئاڕاستەی وەزیری پەیوەندیدار دەكرێ نوسخەیەكیش بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە كە پرسیارەكەتان ئاڕاستە كراوە، پەیڕەوی ناوخۆش ڕێگەی ئەوەی پیشانداوین كە پرسیارێك وەڵام نەدرایەوە چی بكەین؟ ئەتوانی تەئكید لەسەر پرسیارەكەت بكەیتەوە، یان بیگۆڕی بۆ پرساندن، بۆیە بەڕێزت ئەتوانی ڕێكارەكانی خۆت بگریتە بەر لەم بوارە، كاك جەمال مۆرتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتكە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بەكارهێنانی لەهجەی كوردی كە هەندێ لە هەڤاڵان ورووژاندیان لەسەر ئەوەی كە زمانی بادینی، بەڕای من دەوڵەمەندی زمانی كوردی لەوەیە كە بتوانێ هەركەسێك لە ئاستی خۆی چ بە بادینی، چ

سۆرانی یان هەر لەهجەیەکی تر قسە بکات شتێکی باشە و زمانی کوردی دەوڵەمەندە، بۆیە بەڕای من وروژاندنی ئەوە عادییە، هەر هەڤاڵێك بۆ نموونە سکرتێری پەرلەمان ئەگەر خەڵکی ناوچەی بادینان بێ با بە لەهجەی بادینی قسە بکات، شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست ئەکەین بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی لەبەر دەستمانە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز دکتۆرە بەهار خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پرۆژە یاساکە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.بەرهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم بریتییە لە پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز، ئەو پرۆژە یاسایە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (٧) لە (١٢)ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پەسند کراوە و ئاڕاستەی پەرلەمان کراوە، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن، ئەو پرۆژە یاسایە لە (١٥) مادده پێکهاتووە، بێ هۆکاری دەرچوواندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان و لیژنەی ئابووری و کاروباری وەبەرهێنان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ.

**بەڕێز د.بەهار مەحمود فتاح:**

پرۆژە یاسای دووەم بریتییە لە پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز، ئەو پرۆژە یاسایەش لە (١٥) مادده پێکهاتووە بێ هۆکارەکانی دەرچوواندن، و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی (١٢) ی تیشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پەسند کراوە، ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پڕۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان و لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ. سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبەر ئەوەی ئەو دوو پڕۆژە یاسایە گرنگی تایبەتی هەیە، و پەیوەندیدارن بە بواری دەمەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان، و هێنانەکایەی شەفافیەتی زیاتر لەو بوارە، بۆیە بە پێویستی ئەزانین بە شێوەیەکی پەلە لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە تاوتوێ بکرێن و ڕاپۆرتیان لەسەر حازر بکرێ، و ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو پڕۆژە یاسایە بەشێوەی پەلە ڕاپۆرتیان لەسەر حازر بکرێ لە پەرلەمانی کوردستان؟ (٨٠) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، بەڕێزان ئەچینە سەر برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنە پەیوەنددارەکان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەین کە بێنە سەر مەنەسە بۆ دەستکردن بە وتوێژ کردن لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە، فەرموو دەقی پڕۆژە یاساکە و ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەری بخوێننەوە، فەرموو خاتوو نەجیبە.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو پڕۆژە یاسایەی ئێستا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرا پێم وایە واباشە ئەگەر ئاراستەی لیژنەی دەستپاکیش بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وانییە هیچ پەیوەندی بە لیژنەی دەستپاکی هەبێ خاتوو نەجیبە، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەبەر دەستە ئەوەیە کە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و سەبارەت بە هەمواری یەکەمی یاسای گشتی دەستەی یەکەمی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١، و ئەو هەموارەش کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو هەموارەی پێشکەش کراوە وەکو ئەسڵ، و ڕاپۆرتەکەش ماددە بە ماددە لەگەڵی ئەڕۆین، با بەڕێز دکتۆرە بەهار بفەرمووێ بۆ خوێندنەوەی ئەسڵی هەموارەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی یەکەمی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١.**

**ماددەی یەکەم:**

**هەر دوو بەندی خوارەوە بۆ ماددەی یەکەمی یاسای دەستە زیاد ئەکرێ و بە هەردوو ڕێزبەندی حەوتەم و هەشتەم.**

**حەوتەم: تاوانی گەندەڵی مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦) ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ دەقیان لەسەر کراوە و تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زێدەڕۆیی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان و تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەی تەگەرە خستنە بەر ڕێڕەوی دادپەروەری و داڵدەدان، و بەردەست کردنی ئەو سامانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین، و هەر تاوانێك کە یەکێك لە بارودۆخەکانی توونـد کراوی بڕگەکانی (٥، ٦، ٧) ی ماددەی (١٣٥) ی یاسای سزاکانی لەخۆ گرتبێ، و تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا کە لەو یاسایە دەقی لەسەر کراوە.**

**هەشتەم: منداڵە دواکەوتووەکان بریتین لەو منداڵانەی کە ناکامن و هاوسەرگیریان نەبەستووە، و ئەو منداڵانەی هاوسەرگیریان بەستووە کە لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ نین.**

**ماددەی دووەم:**

**ماددەی دووەمی دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**بەپێی ئەو یاسایە دەستەیەکی سەربەخۆ بە ناوی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دائەمەزرێ، خاوەنی کەسایەتی مەعنەویی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییەو، بودجەی سەربەخۆی هەیە، ملکەچی چاودێری پەرلەمان ئەبێ.**

**ماددەی سێیەم:**

**ماددەی سێیەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**ئامانجی ئەو یاسایە بریتییە لە:**

**١ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.**

**٢- پاڵپشتی کردنی پرەنسیپەکانی دەستپاکی و شەفافیەت و لێ پرسینەوە و بەرجەستە کردنی پرەنسیپی سەروەری یاسا.**

**٣- هەڵسەنگاندن و ڕاستەکردنەوە و پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفەیی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتی و نەهێشتنی ڕۆتین.**

**ماددەی چوارەم:**

**ماددەی چوارەم هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**حوکمەکانی ئەو یاسایە و دەستەڵاتی دەستە بەسەر سەرجەم کەسەکانی هەرێم پیادە ئەکرێ، بەتایبەتی ئەم لایەنانەی خوارەوە:**

**١ سەرۆکەکانی دەستەلاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادگەری و ئەندامەکانی و ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.**

**٢- کەرتی تایبەت، بە تایبەتی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی گرێبەستیان ئەنجام داوە.**

**٣- ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومی و نیشتیمانی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایە پێدان و بەدواکەوتنی هێشتنەوەی مایە.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی پێنجەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**دەستە کار ئەکات لەسەر:**

**١ جێ بەجێ کردن و سەپاندنی یاساکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان.**

**٢- وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکالاْ لەسەر گەندەڵی بەسەرجەم ئامرازەکان و لەسەرجەم سەرچاوەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم ئەو شتانەی ڕەتی ئەکەنەوە، لە نێوانیشیان هەواڵدانی گەوجە (الاخبارات مغفلە).**

**٣- لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لە ڕێگەی لێکۆڵەری سەر بە دەستە، لە ژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسای بنەماکانی دادگەرییە سزاییەکان، و بەدوا داچوونیان و پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاوکارن بەپێی یاسا.**

**٤- گەڕاندنەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بە گەندەڵی کە بۆ دەرەوە ڕایان کردووە و گەڕاندنەوەی سامان و داهاتەکانی گەندەڵی کە بە قاچاخ براونەتە دەرەوە، بە هەمانهەنگی و هاوکاری لایەنی تایبەت.**

**٥- هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری ڕێگە گرتن لە گەندەڵی و بلاْوبوونەوەی، و ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنوور بڕ.**

**٦- بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتیمانی بۆ گەشە پێدانی ڕەوشتەکانی دەستپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەند بوون بە ستانداردی ڕاژەی گشتی و کارئەکات لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لە پێناو دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتیمانی بۆ پتەوکردنی چەمکی دەستپاکی گشتی.**

**٧- دەرکردنی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری وەزیفی بۆ ڕوون کردنەوەی ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیەوە پابەند بن وەکو مەرجێکی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە ڕاژە و**

چاودێری کردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار ئەکرێت.

٨- أ دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بە پابەند کردنی فەرمانبەرانی هەرێم کە لەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە کە بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانیان ئاشکرا بکەن، و لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار ئەکرێ، بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی ئەبینێ بۆ دەستبەر کردنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ ئەکرێ.

ب- دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان زانیاری ورد لەخۆ ئەگرێ دەربارەی ئەو شتانەی کەسی داوا لێکرا و خاوەنیانە، لە نێوانیشیان خانووبەرەی گوازراوە و داهاتی دارایی و ڕەسید لە بانك و پشك و سەند و مافی مەعنەوی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم خاوەنیانە.

ج- دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان، هەریەك لە مانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:

١ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

٢- سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

٣- سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

٤-وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.

٥- سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی و جێگرەکەی سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستە و لێکۆڵەرەوەکانی.

٦- خاوەنی پلەتایبەتەکان و بریکار و یاریدەدەرکانیان.

٧- بەڕێوبەرە گشتی و یاریدەدەرەکانیان.

٨- دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەرییەکان و لێکۆڵەرەکان.

٩- ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ لە پلەی موقەدەم بەرە و سەرەوە، ئەو ئەفسەر و مولازمانەی کاری لێکۆڵینەوە ئەکەن.

١٠- پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و سەرۆکەکانی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی.

١١- هەرکەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێ لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کە ڕاپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە بەپێی ڕێنماییەك کە بۆ ئەو مەبەستە دەرئەکرێ.

د- دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن.

نۆیەم:

دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێ بە دەست کێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای بەرزەفتە کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ ی بەرکار لە هەرێم.

٢- دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی پەیوەستن بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی ڕەوانەی لایەنی پەوەیندیدار بکات، و بۆی هەیە ڕاسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بە گرتنبەری ڕێکاری بەرزەفتەکاری.

١٠- أ دەستە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ئەکات بۆ چاودێری وەرگرتن و خەرج کردنی مایەکانی هەرێم و ڕەفتار کردن پێیانەوە و ڕێگەی بەڕێوەبردن و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

ب_ چاودێریێ کردنی ئاستی دەستپاکی و بڕیار و کارە بەڕێوەکراوەکان یان ئەو کارانەی گیراونەتە بەر لە کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی گشتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

ج- پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستە و بێ دواکەوتن زانیاری و ڕوون کردنەوە و بەڵگە نامە بەوانەی کە نهێنێشن و هەرچی بێ پلەی نەدرکاندنیان پێشکەشی دەست بکات، لەگەڵ هەرشتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێرێ بە پێویستی بزانێ و تێیان بڕوانێ.

د- ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی سێی ئەو بەندە بکات ئەوە بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، و بە غەرامەیەك لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەك لەم دوو سزایە سزا ئەدرێ.

هـ- دەستە دەستەلاتی جوڵاندنی سکاڵای سزاکاری و بەدواداچوونی هەیە بەپێی بڕگەی چواری ئەو بەندە.

ز- پێشنیار کردنی ئەو یاسانەی ئەکەونە بواری خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگار بوونەوی.

ع- دەستە بۆی هەیە فەرمانگە و دەمەزراوەکانی کەرتی گشتی پابەند بکات بە بڵاو کردنەوەی داتا یان زانیاری یان بەڵگەنامەی دیاری کراو لەسەر هەر کاروبارێك کە سەپاندنی شەفافیەتی تێدا بەپێویست بزانێ بەپێی چەند میکانیزم و ڕێسایەك کە دەستە دیاری ئەکات.

١٣-جێ بەجێ کردنی ڕێ و شوێن بۆ ڕێگەگرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی و پتەوکردنی شەفافیەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و ڕێگە گرتن لە ناکۆکی و بەرژەوەندییە تاتیبەتەکان تیایاندا بەپێی ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

١٤- دەرکردنی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێم و چاودێری پابەند بوون پێیەوە و دەستنیشان کردنی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

١٥- دەستە بۆی هەیە هەرکارێك بکات کە بۆ هێنانەکایەی ئامانجەکانی بە پێویست و گونجاوی ببینێ.

ماددەی شەشەم:

بەندی یەکەمی ماددەی شەشەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پەرلەمان هەڵئەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە نێوان سێ کاندید کە ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم کاندیدیان ئەکات، ئەوەی هەڵئەبژێردرێت بە مەرسوومی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزێ، و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو کاندیدە دووبارە ئەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی زۆرینە بەدەست بهێنێ ئەوە بە سەرکەوتوو دائەنرێ.

ماددەی حەوتەم:

هەردوو بەندی پێنجەم و شەشەمی ماددەی حەوتەم لە یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

پێنجەم: سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی لە یەکێ لەو حاڵاتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی ئەبەخشرێ.

١ ئەگەربڕیارێکی دادگەری بنبڕ دەربچێ بە توانبار کردنی ئەنجامدانی تاوانێکی بە ئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

٢- ئەگەر درێغی یان کەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی بسەلمێنرێ.

٣- خراپ بەکارهێنانی دەستەڵاتەکانی.

شەشەم:

بڕیاری بەخشین لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەرئەکرێ کە بە بڕیاری پەرلەمان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم و ئەندامیەتی دوو لە پێشکەوتوو ترین ئەندامانی دادگا پێکدەهێنرێ.

ماددەی هەشتەم:

ماددەی دەیەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

سەرۆك ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوە پیادە ئەکات:

١ بەڕێوەبردن و ڕاگیرکردنی کارەکانی دەستە و مسۆگەر کردنی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسا بەو جۆرە هێنانە کایەی ئامانجەکاتی مسۆگەر ئەکات.

٢- دەمەزراندن و بەرز کردنەوە و تەئدیب کردنی فەرمانبەرانی دەستە.

٣- أ دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە یاسا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تا دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگەی دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاساکانی بنەمای دادگاییە سزاکارییەکانی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

ب- لێکۆڵەرەوەکانی دەستە هەمان دەستەڵاتی لێکۆڵەریان ئەبێ بەپێی یاسای بنەماکانی دادگەرییە سزاکارییەکان، و هەمان مامەڵەی ئەوانیان لەگەڵ ئەکرێ لە سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکان سەباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشرا و بۆیان وەکو فەرمانبەرانی دەستە.

٤- کردنەوەی لقی دەستە لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێم بەو مەرجەی هەر لقێك لە لایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە ببرێت کەوا بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

٥- دامەزراندنی ئەکادیمیایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا لە ئەرکەکانی بوونیاتنانی تواناکان و ڕاهێنان و بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی دەست پاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەستۆ بگرێت.

٦- پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی ناو بە ناو بۆ پەرلەمان هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە و پوختەیەك لەسەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە و ئەوانەی کە پارێزراون یان داخراون، ئەوانەی ڕەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان کراون لە خۆ بگرێت و، دەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی خۆی بڵاویان دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دەستی ئامرازە جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن.

٧- پێشنیار کردنی بودجەی دەستە و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر خەرجییەکانی.

٨- دەرکردنی ئەو ڕێنماییانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

٩- هەڵسان بە کار و ئەرکەکان و پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی بەرکاری تر دەقیان لەسەر دەکات.

ماددەی (٩)، ماددەی (١١) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت بە مەر سوومێکی هەرێمی دادەمەزرێت پاش کاندید کردنی لە لایەن سەرۆکەوە و بە پلەی بریکاری وەزارەت دەبێت و، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بەهەر هۆیەك بێت جێگای دەگرێتەوە و لەو کاتەشدا گشت کار و ئەرکەکانی بەڕێ دەکات و گشت دەسەڵاتەکانیشی پیادە دەکات.

دووەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێك لەوانەی خوار سەرۆکن.

سێیەم: جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسوومێکی هەرێمی دەبەخشرێن لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: داوا لە بەڕێزتان دەکەم ڕێگە بدەن بە بەڕێز (نجیبە) خان بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە بۆ تەواو کردنی خوێندنەوەی پڕۆژە یاساکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، فەرموو خاتوو نجیبە.

**بەڕێز نجيبه لطيف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٠) ماددەی (١٢) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**دەستە پێك دێت لە:**

**یەکەم: فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هۆنەرییەکان، وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتار کردن بە مایەکانی هەرێم و ڕێگاکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایان کردووە و گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێندراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێو دەوڵەتی و، چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی لێکۆڵینەوە پێوە دەبەسترێنەوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێنەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم.**

**دووەم: فەرمانگەی یاسایی بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت وبەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:**

**١- پێشکەش کردنی بیرۆڕا و ڕاوێژ لە پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە و، نوێنەرایەتی کردنی دەستە بۆی هەیە لەو دەعوە یانەی بۆی یان لەسەری بەرز دەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کەلە سەرۆکی دەستەوە دەرکرا بێت.**

**٢- مورافەعە کردن لەبەردەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بە تاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.**

**٣- نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێناون. ٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.**

**٥- پێشکەش کردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێو دەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.**

**٦-چاودێری لەسەر دەست پاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.**

**٧-دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە کن ناکۆکی بەرژەوەندیەکانی لە هەرێمدا.**

**٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێری ئاستی دەست پاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناو بە ناو لەم بارەیەوە.**

٩- دانانی پەیڕەوی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و، هەواڵدەر و، قوربانیان و، شارەزایان و، پەیڕەوەکانی هاندانی جەماوەر و، راگەیاندن و، کۆمەڵگای مەدەنی و، تۆمەتباران بۆ هاوکاری کردنی دەستە.

١٠- ئامادەکردنی پێشنیار و پڕۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی. سێیەم: فەرمانگەی خۆ پاراستن و شەفافیەت:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنی دەرخستەکانی بەرژەوەندییە داراییەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون و گەڕان بەدوای راستییەکانی و بەدوادا چوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەش کردنی و چاودێری کردنی زیاد بوونی مایەی ئەوانی داوا کراون دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانیان پێشکەش بکەن و گرتنە بەری رێکاری یاسای دەرهەق دەسەلمێنرێت کەوا زیاد بوونێکی گەورە لە سامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منالە دواکەوتەکانی بوونی هەیە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراوە نا حکومییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندن لە جێبە جێ کردنی رێ و شوێنی هاوبەش بۆ ڕێگە گرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

٣- گەشە پێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.

٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی راهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەتە تایبەتمەندییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

٥- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەست پاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی.

٦- هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەست پاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و چاودێری کردنی پابەند بوون پێیەوە و جەخت کردنەوە لەسەری.

٨- دنانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.

٩- دانانی پەیرەو و میکانیزم و ڕێسای بڵاوکردنەوەی زۆرە ملێی داتاو زانیاری و بەڵگەنامەکان.

١٠- دانان و جێبە جێ کردنی رێ و شوێنی ڕێگە گرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگە گرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لەکەرتی تایبەتدا.

١١- بەدوادا چوون و گەڕان بەدوای راستیەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لەکەرتی گشتیدا و دەرکردنی راپۆرتی ناو بە ناو دەربارەیانەوە.

چوارەم: فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و دابین کردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیاد نانی تواناکان.

پێنجەم: بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە مەرسۆمێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لە لایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

شەشەم: نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

ماددەی (١١) بەندی یەکەم لە ماددەی (١٣) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

١- لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوە و دەسەڵاتیان هەیە بڕواننە نووسراوە بەڵگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نەهێنیشن و پلەی نەدرکاندنیان هەرچییەك بێت و، پێویست کاری چوونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سرۆشتی کارەکانیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێان بسەندرێتەوە.

ماددەی (١٢) هەردوو بەندی دادێن بۆ ماددەی (١٣)ی یاسای دەستە بە هەردوو ڕێزبەندی سێیەم و، چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد دەکرێن.

سێیەم:

١- دەستە بەبڕیاری سەرۆکەکەی بۆی هەیە هەواڵدان یان زانیاری یان سکاڵا بەبێ ئەوەی بیانخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بپارێزێت ئەگەر هێما کردن بە بوونی تاوان لە خۆ نەگرێت یان ئەگەر لای دەستە بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەرایی سەلمێندرا کەوا هەواڵدانەکە دورست نییە یان درۆیە.

٢- دادوەری لێکۆڵینەوە یان ئەندامی داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە داوای هەر دۆسیەیەکی پارێزراو بکات بە پێی یەکی ئەم بەندە و گرتنەبەری ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت دەربارەیەوە بە پێی حوکمەکانی یاسا.

چوارەم:

١- ئەوەی حوکم بدرێت لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوە لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات و کەرتی گشتی بۆی نییە وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاری یان کەل و پەل گرێبەستی لەگەڵدا بکات.

٢- ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبار کردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست دەدرێت ئەوا بە گەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەست بەجێ بە دەرکراو عەزل لە وەزیفەکەی دادەنرێت.

مـاددەی (١٣)  بەنـدی دووەم: لـە مـاددەی (١٤) یاسـای دەسـتە هـەموار دەكرێـت و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەر زیاد بوونێكی گەورە لە ساماندا لە دوای وەرگرتنـی وەزیفـەی گشـتی یان راسپاردنی گشتی یان سیفەت یان لە سامانی هاوسەری یان یـەكێك لـەو منالّـە دواكەوتـەكانی بێتـە ئـارا كاتێك لەگەلّ داهاتە ڕەواكانیان نەگونجێت و دەستە وەستان بێت لە بۆ دەرخستنی بـەهۆكارێكی شـیاو ئـەوا بە ئیستیغلال دادەنرێت.

ماددەی (١٤) ماددەی (١٥) هەلّدەوەشێنرێتەوە و ئەوەی خوارەوە دێتە جێگای:

هەركەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەست كەوتێكی نا ڕەوای دەست بكەوێت ئەوا بـە بەنـدكردن یـان زیندانی كردن بۆ ماوەیەك لە (٧) سالّ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك یەكسان بێت لە گەلّ دەست كەوتە نا ڕەواكەی و دەست بەسەرداگرتنی ئەو دەست كەوتەی سزا دەدرێت.

ماددەی (١٥)، ماددەی (١٧)ی یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- نەمانی دەعوەی سزاكاری بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەست كەوتەكە بـە حـوكمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لەماوەی (٣) سالّ لە ڕێكەوتی مردنەكەو لە مایەی هاوسـەر و منالّـە دواكەوتەكانی بەگوێرەی سوود و وەرگرتنی هەر یەكێكیان لەو دەست كەوتە ناڕەوایە وەردەگرێتەوە.

٢- پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند لەبەرامبـەر ئـەو هاوسـەر و منالّـە دواكەوتانـەی سـوودیان لـە دەسـت كەوتە نا ڕەواكە بینیوە بڕیار بدات بە حوكمی گەڕاندنەوەكە لە مایەی هەر یەكێكیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

ماددەی (١٦)، ماددەی (١٨) یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەشدار بـوون لـە تـاوانی دەسـتكەوتی نـا ڕەوا لـە سـزادان دەبۆردرێـت ئەگـەر هەلّسا بـە ئاگـادار كردنـەوەی دەستەلّاتە تایبەتمەندەكان لە تاوانەكە بـەر لـە ئاشـكرا بـوونی یـان هاوكـار بـۆ لـە گـەڕان و لێكۆلّینـەوە لـە ئاشكرا كردنی یان ئەو مایانەی لێوەوە دەست هاتوون ئاشكرا بكات و بگەڕێندرێنەوە و حوكمی ئەو ماددەیە پێویست بوونی حوكمدانی لەسەر بە گەڕاندنەوە پێشێل ناكات.

ماددەی (١٧)، ماددەی (١٩) یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

هەر داوا لێ كراوێك بە پێشكەش كردنی ئاشكرا كردنی بەرژەوەندییە داراییەكانی بە ئەنقەست یەكێك لەم كردەوانەی خـوارەوە ئـەنجام بـدات ئـەوا بـە بەنـدكردن بـۆ ماوەیـەك كـە لـە (٣) مـانگ زیـاتر نـەبێت و بـە غەرامەیەك لە (٣) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یـەكێك لـەم دوو سزایە سزا دەدرێت:

١- دواكەوتن لە پێشكەش كردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەكانی بۆ ماوەیەكی زیـاتر لـە (٣) مانگ لەو ماوانەی لە لایەن دەستەوە دیاری كراون.

٢- هێنانەوەی داتای نا دورست لە راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەكانی.

٣- بازنە كردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەكەیەتی یان هی یەكێك لە منداڵە دواكەوتەكانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكانی.

ماددەی (١٨) دەقی ماددەی (٢١) دەبێتە بەندی یەكەم و تیایدا و ئەم بەندەی خوارەوەی بۆ زیاد دەكرێت.

دووەم: ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە سەر مووچەی یەك ساڵ بداتە ئەو فەرمانبەرانەی هەوڵی بەرچاو دەبەخشن یان ئەنجامی ئاست بەرز بەدەست دێنن بە پێی چەند ستانداردێك كە ئەنجومەن دایان دەنێت و دەیان سەپێنێت.

ماددەی (١٩) دەقی ماددەی (٢٤)ی یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- دەستە پەیڕەوێكی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و، هەواڵدەر و، قوربانی و، شارەزایان دادەنرێت و، پەیڕەوەی هاندانی جەماوەر و، راگەیاندن و، كۆمەڵگای مەدەنی و، تومەتباران لە هاوكاری كردن لەگەڵ دەستەدا دادەنێت و تەخویل دەكرێت بە دەسەڵاتی جێبە جێ كردن و خەرجكردن لەسەریدا.

٢- سەرۆكی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبە جێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەر بكات.

ماددەی (٢٠)، ماددەی (٢٥) هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستییەكانی كار بێنێتە كایەوە یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

ماددەی (٢١) ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە و لەڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی بە بەركار دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش دەقی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەكە لەسەر پڕۆژە یاساكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارەی (٣) ساڵی (٢٠١١) لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی دەست پاكی ڕۆژی (١٣) گەلا ڕێزانی (٢٧١٤) كوردی بەرامبەر بە (٢٠١٤/١١/٤) زاینی كوبووەوە بۆ تاوتوویی كردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١١) كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرابوو، خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٢) بۆ كرابوو رەوانەی لیژنەكەمان كراوە بۆ گفتو گۆ كردن و تاو توێ كردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١١).

بەندی یەکەم: بڕگەی (٧) لە بەندی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: تاوانی گەندەڵی مەبەست لێی بریتیە لەهەر تاوانێك لەو تاوانانەی کەلە ماددەکانی (٢٣٣) و، (٢٣٤) و، (٢٧١) و، (٢٧٢) و، (٢٧٥) و، (٢٧٦) و، (٢٩٠) و، (٢٩٣) و، (٢٩٦) یاسای سزاکانی ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە و تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیادەڕۆی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان و تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو دالدەدان و بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین و، هەر تاوانێك یەکێك لە بارودۆخە توندکراوەکانی دەق کراوە لە بڕگەکانی (٥) و، (٦) و، (٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای ڕێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوە پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلافی کاتی هەڵوەشاوەی ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٤).

بڕگەی هەشتەم لە بەندی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بەندی دووەم: وشەی گشتی لا دەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بە پێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق دادەمەزرێ خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت.

بەندی سێیەم: هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

بەندی چوارەم: دووڕای لەسەر هەیە ڕای یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر: ١- سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبە جێ کردن، دادگەری و، ئەندامەکان و، ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.

٢- کەرتی تایبەت بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجام داوە.

٣- ڕێکخستنە سیاسییەکان و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، ڕێکخراوە نا حکومییە نیشتمانی و یەکێتیەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بەڕەوایی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرجکردن و دواکەوتنی شووشتنی مایە:

ڕای دووەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم و لەناویاندا ئەم لایەنانەی خوارەوە:

یەکەم: سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و، جێبە جێ کردن و، دادگەری و، ئەندامەکان و ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.

دووەم: کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم: ڕێکخستنە سیاسەتکار و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، ڕێکخراوە نا حکومی و، نیشتمانی و یەکێتیەکان و کۆمەڵکان و یانەکان، لەو شتانەی پەیوەستن بەڕەوایەتی سەرچاوەکانی مایە پێدان و، جۆری خەرجکردن و، دواکەوتنی شوشتنی مایە.
بەندی پێنجەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
بڕگەی یەکەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
بڕگەی دووەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
بڕگەیسێیەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
بڕگەی چوارەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
بڕگەی پێنجەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
هاوکاری نێودەوڵەتی لەبواری ڕێگەگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنوور بڕ بەهاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.
شەشەم: وشەی ڕەوشت، ئەخلاقیات، دەبێت بە وشەی چەمکەکان، مەفاهیم و، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی دەست پاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوە، پابەندبوون بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و، کاردەکات لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لەپێناو دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی چەمکی دەست پاکی گشتی.
حەوتەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەشتەم: یەکەم، وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەکرێتە راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی پابەندکردنی راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، کەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتووەکانیان ئاشکرا بکەن و لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت بۆ دەستەبەرکرنی ئەو مەبەستانەی لێ چاوەڕێ دەکرێت، دووەم و سێیەم وەکوو خۆی دمێنێتەوە، چوارەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دەستە بۆی هەیە راپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و راگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپی یان بکەن، سەبارەت بەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەوتاوانەنەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، نۆیەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەیەم: یەکەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دووەم وەکو خۆی و سێیەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستە و بە بێ دواکەوتن زانیاری و روونکردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیش بن هەر چییەك بێت پلەی درکاندنییان پێشکەش دەستەیان بکات لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە

پێویستی بزانێت تێیاندا بڕوانێت بە پێی یاسا کارا پێکراوەکان، چوارەم و پێنجەم وەکو خۆی دەمێننەوە، ئەو دوو دێڕەی کە هاتووە دیارە لە جێگای خۆی نییە و بە شێوەیەکی زیادە نوسراوە، غەلەتی مەتبەعییە، «١١ و ١٢»: وەکو خۆی دەمێننەوە و «١٣»: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، جێ بە جێ کردنی رێ وشوێن بۆ رێگەگرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەو کردنی شەفافییەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و رێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان تێیایدا، چواردەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، پانزدەهەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دەستە بۆی هەیە هەر کارێك بکات کە زەرووری بێت لە بواری بەرەنگاربوونەوەو خۆپاراستن لە گەندەڵی، بەندی شەشەم، برگەی یەکەم، دوو رای لەسەر هەیە، رای یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، رای دووەم ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم دەگۆڕێت بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لە سەر سێی ژمارە ئەندامەکان لە نێو سێ کاندیدا کەوا لیژنەیەکی پەرلەمانی کاندیدیان دەکات و ئەو کەسە کە هەڵدەبژێردرێت بە مەرسومێکی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەنرێت و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لە سەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێو ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە ئەوەی کە زۆرینە بەدەست دەهێنێت بەسەرکەوتوو دادەنریت، بەندی حەوتەم، برگەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆکی دەستە بکات بە پێی رێکارەکانی پرساندنی وەزیرەکان، سەرۆك بەبڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی دەبەخشرێت، یەکەم: ئەگەر بڕیارێکی دادوەری بنبڕ دەربچێت بە تاوانبار کردنی بە ئەنجامدانی تاوانێکی بەئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕووبەر، دووەم: ئەگەر درێغی یان کەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی بسەلمێنرێت، سێیەم: خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتەکانی، برگەی شەشەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەندی هەشتەم، برگەی یەکەم وەکو خوی دەمێنێتەوە، برگەی دووەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە ، دامەزرادن و بەرزکردنەوەی تەعدیل کردنی فەرمانبەرانی دەستە بە پێی یاسا کارپێکراوەکانە، برگەی سێیەم، أ: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادگەری لەوانەی هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە یاسا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی، ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگای سزاکارییەکانی ژمارە «٢٣»ی ساڵی «١٩٧١» دەقی لەسەر کراوە لە بەردەم سەرۆکی دەستە، ب: لادەبرێت دەبێتە ماددەی «١١» لە یاساکەدا، برگەی «٤ و ٥ و ٧» لە بەندی هەشتەم هەڵدەگیرێت و دەبرێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە لە برگەی دووەم، لە بەندی نۆیەم لەئەسڵی یاساکە بە خاڵەکانی «٦و٧و٨»، شەشەم و هەشتەم وەکو خۆی دەمێننەوە، بەندی نۆیەم، برگەی یەکەم لە بەندی نۆیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت

به مەرسۆمێکی هەرێمی دادەمەزرێت پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستە بە پلەی بریکاری وەزارەت و لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بەهەر مەرجێك بێت جێگای دەگرێتەوە و لە کاتیشدا گشت دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات، بڕگەی دووەم و سێیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەندی دەیەم، هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە، بەندی یازدە بڕگەی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە و بڕگەی دووەم زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، لیکۆڵەرەوەکانی دەستە هەمان دەسەڵاتەکانی لێکۆڵەرەوەیان دەبێت بە پێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکان و هەمان موعامەلەی ئەوانیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر جەم ماف و ئیمتیزاتەکان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو بۆیان وەك فەرمانبەرانی دەستە، بەندی دوازدە و سێزدە و چواردە و پانزدە هیچ تێبینیان لەسەر نییە، بەهەمان شێوە ﴿١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢١ ﴾ هیچ تێبینیان لەسەر نییە، هۆکارەکانی دەرچواندن، بۆ مسۆگەرکردنی زیاتری سەربەخۆیی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان –عێراق و لە پێناو پشتگیری کردنی دەسەڵاتەکانی بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی رێکارەکانی و رێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوە و بڵاو کردنەوەی چەمکی دەستپاکی و شەفافییەت و لێپرسینەوە لە دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت ئەم یاسایە داندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاساکە و راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر پرۆژە یاساکە، بەڕێز د. شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم نیزامییە یان نا؟ بەڵام تەسەور دەکەم نیزامی بێت و ئەگەر واش نەبێت بە دڵنیایی لە خزمەتی کاری پەرلەمانتاری دایە، من دەزانم جەنابت بە پێی خاڵی دووەم لە ماددەی ﴿٧٢﴾، کە دەڵێت سەرۆکی پەرلەمان خستنە رووی پرۆژە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و کاروباری یاسایی لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان پاش دابەشکردنی بەسەر ئەندامەکان لە ئەستۆ دەگرێت، ئێستا یەك سەعاتە ئەو بەڕێزانە پرۆژە یاساکە و راپۆرتیان خوێندەوە، لە راستیدا جوملەکە جوملەیەکی لاستیکییە، دەکرێت مەبەستی لە خستنە روو، دابەش کردن بێت بەسەر هەموومان و ئێستاش کە تەکنەلۆجیا پێش کەوتووە دەکرێت بە سلاید لە ماوەی پێنج خولەك هەموو پیشان بدرێت و بە بڕوای من ئەمە لە خزمەتی کورت کردنەوەی کات و خزمەتکردنی کاری پەرلەمانتاری دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز د.شێرکۆ، تا ئەو کاتەی پێڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت، ئێمە ناچارین پابەندبین بەو پێڕەوەی کە ئێستا لەبەردەستمانە و بە پێی ئەو عورفەی لە پەرلەمان سەبارەت بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساکان و گفتوگۆکردن لەسەری، پێموایە بەم شێوەیە بۆ ئەوەی بڕواتە پرۆتۆکۆڵی پەرلەمان کە دەنووسرێتەوە ئێستا، پێویست دەکات دەقی پرۆژە یاساکە بخوێنرێتەوە و راپۆرتی لیژنەکانی لەسەر

بخوێنرێتەوە، ئەگەر راپۆرتی لیژنەکان کرایە بنەما ئەو کاتە بە دەنگدان دەکرێت بە بنەما و ئەگەر دەقی پرۆژە یاساکە کرا بە بنەما دوایی مادده بە مادده پرۆژە یاساکە دەخوێندرێتەوە و رای لیژنە پەیوەندیدارەکانی لەسەر دەوترێت و دەکرێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن، ئەوەی کە جەنابت باسی کرد ئەو کاتە دەتوانرێت لە هەمواری پێڕەوی ناوخۆدا سوود لەو پێشنیارە وەربگیرێت بۆ پەلە کردن لە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاساکان، بۆیە ئێستا پرۆژە یاساکە دەخەینە گفتوگۆ لە لایەن ئەندام پەرلەمانەکان، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە مادده بە مادده پرۆژە یاساکە بخوێننەوە و ئەو بڕگەیەی لە راپۆرتی هاوبەش لیژنەکانیش سەبارەت بەو ماددەیە کە خوێنرایەوە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی دوایی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن، فەرموون،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەمدا ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ﴿٣﴾ی ساڵی ﴿٢٠١١﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە ئەسڵی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەم نەهاتووە، لە راپۆرتی لیژنەدا هاتووە، بۆیە ئەوەش دەخەینە گفتوگۆ، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوەی کە ناونیشانی پرۆژەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت؟ و ناونیشانی پرۆژەکە وا لێبکرێت یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ﴿٣﴾ ساڵی ﴿٢٠١١﴾، کێ قسەی لەسەر هەیە؟ دەبێتە ماددەی یەکەمی هەموارەکە، چەند بەڕێزێك ناویان نووسیوە پێشتر، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین، د. فرست صۆفی، بەهزاد دەروێش ئایا بۆ ئەم ماددەیە قسە دەکەن یان بۆ ماددەکانی دواتر؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەم ماددەیە قسەم نییە، بۆ ماددەکانی دواتر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست بەهەمان شێوە و کاك بەهزاد هەر لێرە نییە، خاتوو سهام فەرموو،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڤ و نیشانێن ئەڤی پرۆژە یاسای ئەگەر ب ڤی رەنگی بیت یاسای دەستەی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەز پێشنیار دکەم ڤی رەنگی بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ﴿٢﴾ تێبینی بچووكم هەیە و حەزیشم لە درێژ دادەڕبرین نییە، سوپاستان دەكەم ئەگەر كاتم بڕی، من خۆم ئەیبڕمەوە، وشەی منالە دواكەوتووەكان، قاسرین كە بەكار هاتووە دواكەوتوو، یەعنی موتەخەلیف.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە نییە، ماددەی یەكەم.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەم نییە، دەست خۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو،

**بەڕێز جمال عثمان كارەسول ﴿جمال مۆرتكە﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەوەیە، كە لە ماددەی یەكەم دەڵێت، بریتین لە بەرتیل و ئیخلاس و زێدەڕۆیی و بە رای من كەمتەرخەمیش زیاد بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەش لەسەر ئەم ماددەیە نییە، ئێستا تەنیا یەك پێشنیار هەبوو بۆ ئەمە، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیاری ﴿خاتوو سهام﴾ دەكەم، ئێمە لە ئامانج لە دامەزراندن یان دروست بوونی ئەم دەستەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بووە، دەكرێت یاسای دەستەی دەستپاكی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، رەنگە ئەوها گونجاوتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەنها ئەو پێشنیارە هەبوو، رای لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ماددەی یەكەم، د. بهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـرۆژە یاسـایەکی تـر هەیـە لـە پەرلـەمان خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە بـە ناونیشـانی پـرۆژە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەم پێشنیارەی کە کرا لە ناو کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنـەکان بـەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی دەستە، موناقشەی زۆری لەسەر کرا، هەمان پێشنیار هەبوو کە ئەو بڕگەیـە ئیزافـە بکرێـت بۆ ناونیشانەکە، بەڵام دواجار گەیشـتینە ئـەو نەتیجەیـەی کـە ئـەم دەسـتەیە پێویسـتی بـە کۆمـەڵێك یاسـا هەیـە دەربکرێـت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی وەکـو یاسـای ڕێگـرتن لـە شووشـتنەوەی مایـە، ﴿غسـیل الاموال﴾ و چەند یاسایەکی تر، بۆیە وتمان ئـەم یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی بـە جیـا بـە یاسـایەك دەری دەکەین و بەرفراوانی دەکەین، بۆئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی کە لە بەندی یەکەم باس کـراون، بۆیـە ئەو ڕەئیە مان لە کاتی دانیشتنەکە بڕیار بوو بەڕێزت و ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بۆیە ئەم پێشنیارەمان نەخستە ناو راپۆرتەکەمان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەمـج نـەکراوە، دوو پـرۆژە یاسـاکە دەمـج نـەکراوە، ئـەوی تـریش وەکـو خـۆی ماوتـەوە، کـاك عمـر نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم لەسەر ئەو ناوانەیە کە پێش دەستپێکردنی جەلسـەکە دەنووسـرێت کـە دژی پێـڕەوە، بـە پێـی پێڕەو مادەی ﴿٥٥﴾، ﴿یتکلم العضو في الجلسه باذن من الرئیس، تسجل طلبـات الاذن في الکـلام مـع مراعـات تسجل تقدیمها و تری في اذن الاسبقیة ڤی الطلب﴾ بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە لەم پێڕەوە لە پـێش جەلسـە ناو تۆمار بکرێت لەبەر ئـەوە ئەمـە پێویسـتە ریعایـەتی ئـەوە بکـەن لـە نـاو قاعـە نـاو بنووسـرێت و پـێش جەلسە نابێت ناو بنووسرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو پێڕەو نەهاتووە کە دەبێت لەناو جەلسە ناو بنووسرێت، بۆیە ئەندامانی پەرلەمان دەتـوانن تەتانـەت پێش جەلسەش.،..

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوێی پێرەودا هاتووە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، جەنابت دەبێت بە ئیزنی سەرۆك قسە بکەی، پێویسـتیش ناکـات وەڵامم بدەیـەوە، سـەیری ئـەم بابەتەش دەکەین، بەڵام هیچ ڕێگرییەك نییە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان لە سەر هەر بابەتێك ناوی خـۆی بنووسێت لای سکرتێری پەرلەمان، کاك د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشنیار كرا بە رای من لە ماددەی سێیەم، لە یەكەم باس دەكات لە ئامانجەكانی ئەو یاسایە كە باس لەمە دەكات دەڵێت، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی، یەكێك لە ئامانجەكانی باس كرابێت وا تەسەور دەكەم ئیجاب بكات لە ناونیشانەكە بگوترێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندامێكی پەرلەمان پێشنیاری كردووە و یەكێكی تریش پشتگیری كردوە، دەخەینە دەنگدانەوە، لە سەرەتاوە ئەسڵی پرۆژەكە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو كاتە رای ئەندامانی تریش رەچاو دەكەین امنە خان فەرموو،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ موناقشە كردن و دەنگدان لسەر هەر تشتەكێ باشە رەئیا سەرۆكێ دەستێ ژی بهێتە وەرگرتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، رات هەیە لەسەر ئەمە بەڕێز د. احمد؟

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەسڵی پرۆژەكەی ئێمە دەستەی گشتی دەستپاكییە، بەڵام كە برادەرانی لیژنە باسیان كرد كە گشتیەكەی لا ببەین، دەستەی دەستپاكییەكە موختەسەرتر بێت چ ئەسڵەكە بێت، چ لابردنی گشتییەكە بێت، لای ئێمە شتێكی ئاساییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. د. محمد علی فەرموو،

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالا ﴿٢١﴾، ل پێرەوێ ناوخۆی پەرلەمانێ كوردستانێ دڤێت زۆرینەیا ئەنداما ئامادەبن ل دانیشتناندا، دیتنا من ئەم زۆرینە نینە لێرە ئەم ئامادەینە و ئەگەر هاتو بڕگەیەك خستە دەنگدانێ دا، وی دەمیدا ئەم دێ تووشی كێشەی بین و ئەگەر زۆرینە ئامادە نەبیت دا ڤێ جەلسێ تەئجیل بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا، تەئکید لەوە دەکەین کە زۆرینەی ئەندامان ئامادەن، ئەو کاتە دەیخەینە دەنگدان، ﴿٥٨﴾ ئەندام لە هۆڵن، کەواتە نیسابمان هەیە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارە وەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئاماژەیان پێکرد ئێمە لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەمان ئەوەمان یەکلا کردەوە کە ئەم یاسایە دەمج ناکەین، بۆیە رازی بووین ئەو ناونیشانە وەکو خۆی بمێنێت و دواتر ئیشلەسەر یاساکە و فراوانکردنی بکەین و ئەگەر بڕیاری دەمج کردنمان بدابا، بێگومان یاساکە بە شێوەیەکی تر دەبوو و بابەتی تر لە ناو ئەم هەموارە دەبوو، بۆیە دەمجمان نەکرد کە دواتر یاسای تر دەربکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسن د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی ﴿٥٨﴾ لە پێڕەوی ناوخۆ، ئەگەر روخسەت بێت دەیخوێنمەوە، لەکاتی دەستکردن بە خستنەرووی هەر بەندێك لە بەندەکانی کارنامە بۆ گفتوگۆ ئەوا سەرۆك داوا لەو کەسانە دەکات کە داواکاری قسە کردنن، ناوەکانی خۆیان تۆمار بکەن، ئەوا ئێستا لە ناو قاعەن، ئینجا ئەوانەی تۆمار کراون کە پێشتر تۆمار کراون بە گوێرەی پێشینەی داواکارییەکە قسە دەکەن، مانای وایە لێرە زۆر زۆر وازیحە، ئەمە وەکو وەڵامدانەوە نییە، بەڵام خاڵێکی پێڕەوییە بۆ برای بەڕێزم ﴿کاك عمر﴾، خاڵی دووەم ئەوەیە من پێشتر ناوم لە ئەو بەرنامە کارەی کە پێشتر یەك پاکێج بوو لەگەڵ ئەوەی تۆمار کردبوو، دەمویست سەبارەت بە مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە قسە بکەم، قسەم کرد، واتە ئێستا من ئەندامی لیژنەی نەزاهەم و تێبینیکانی خۆم لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاسایی تۆمار کردووە، بۆیە ئێستا نەنووسراوە بۆ کۆبوونەوەی پێشتر نووسرابوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ماددەی یەکەم بەم شێوەیە بێت کە ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار بکرێت، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان —عێراق ژمارە ﴿٣﴾ی ساڵی ﴿٢٠١١﴾، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناونیشانەکە بەم شێوەیە گورانکاری بەسەردا بێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، تەلارخان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، والله هەڵە لێك تێگەیشتنێك هەیە لە شێوازی دەنگدانەکە، ویستم ئەو کاتە پێش دەنگدانەکە روونکردنەوە بدەم، بەڵام بەڕێزت ئاگادار نەبووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئێستا لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە پێشنیاری ئەوە کرابوو کە ناونیشانەکە گۆڕانکاری بەسەردابێت، ناونیشانی یاساکە، بکرێتە ماددەی یەکەمی پڕۆژە هەموارەکە، ئێستا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە زۆرینە دەنگی لەسەر درا، دەچینە سەر ماددەی دووەم کە دەکاتە ماددەی یەکەمی ئەسڵی پڕۆژە یاساکە، تکایە بیخوێننەوە، دوایی ئەوەشی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: هەردوو بەندی خوارەوە بووە ماددەی یەکەمی یاسای دەستە و زیدە دەکرێن بە هەردوو ریزبەندی (حەوتەم، هەشتەم).

حەوتەم: تاوانی گەندەڵی، مەبەست لێی برێتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە، تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان، تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو تەگەرەخستنەبەر ڕێڕەوی دادپەروەری و داڵدەدان، بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین، هەر تاوانێك کە یەکێك لە بارودۆخە توندکراوەکانی دەق کراو لە بڕگەکانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥)ی یاسای سزاکانی لە خۆ گرتبێت و، تاوانی دەست کەوتی نارەوا لەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوە.

هەشتەم: منداڵە دواکەوتەکان بریتیین لەو منداڵانەی نا کامن و هاوسەرگیریان نەبەستووە، ئەو منداڵانەی هاوسەرگیریان بەستووە کە لە رووی داراییەوە سەربەخۆ نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرتی لیژنەی هاوبەش د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە بەندی یەکەم بڕگەی (حەوتەم) لە بەندی یەکەم هەموار دەکرێتەوە، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

تاوانی گەندەڵی: مەبەست لێی برێتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە، تاوانەکانی

پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان، تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو دالّدەدان و بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین، هەر تاوانێك یەکێك لە بارودۆخە توونـدکراوەکانی دەق کراو لە بڕگەکانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای ڕێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوە، پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیتیلافی کاتی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤).

بڕگەی هەشتەم: لە بەندی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە با ناوەکانیان بنووسرێ؟ بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە کارێکی زۆر دروستە کە دەستەی دەستپاکی و نەزاهە، بۆچی ئێمە دەستەی دەستپاکیمان هەیە؟ چونکە گەندەڵیمان هەیە، ئەگەر نا دەستەی دەستپاکیمان پێویست نەدەبوو، ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا دەستەی دەستپاکیان پێویست نییە، کەواتە ئێمە پێشتر پێویستە بزانین گەندەڵی لە چییەوە دێت لێرە ئیشارەتی پێ نەکراوە، ئەگەر چی ئەو ژمارانەش هەموو ریزکراوە ماددەی ئەوەندە و ئەوەندە، بەلاّم من گومانم نییە کە ئەسڵی مەسەلەکە باس نەکراوە، گەندەڵی لە هەموو دونیا، لە هەموو زەمان و مەکانێکدا، گەندەڵی لە دەسەڵاتی موتڵەقەوە دێت، هەر دەسەڵاتێك کە موتڵەق بوو گەندەڵی رووی تێ دەکات، ئەگەر هەموو سەرکردەکانیشی زۆر پاك و رێك و پێك بن، لەبەر ئەوە بۆ نموونە لە وڵاتی ئەلمانیا (سەد ملیار) یۆرۆ سەرف بکرێ بۆ بودجە کاتێك کە تەواو بوو دەتوانی سەنت بە سەنتی بدۆزیتەوە، چونکە دەسەڵات شەفافە، هەر دەوڵەتێك و هەر دەسەڵاتێك دەزگا و موئەسەساتی بوو، گەندەڵی رووی تێ ناکات، لە هەر شوێنێکی دونیاش گرنگترین کەسی سەر زەمین بەرپرسی ئەو دەزگایە و دەوڵەتە بێ، ئەگەر دەسەڵاتەکە موتڵەق بوو ئەوە گەندەڵی رووی تێ دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە تەرکیز بکەینە سەر دەسەڵاتی شەفاف و دەسەڵاتی موتڵەق، ئەمە زەمینە و مەحەکی گەندەڵییە لە هەموو سەر زەمین، هەر دەسەڵاتێك موئەسەساتی بوو گەندەڵی ناتوانێ رووی تێ بکات، هەروەها هەر دەسەڵاتێك موتڵەق بوو پەیوەندی بە کەسێك و بە لایەنێکی موتڵەقەوە هەبوو ئەوا گەندەڵی رووی تێ دەکات، ئەوە زۆر گرینگە ئێمە تەرکیزی بکەینە سەر، دووەم: مەسەلەی زمانەوانی بوو منداڵی دواکەوتە، یەعنی موتەخەلیف، بکرێ بە منداڵی نەگەییو، هەتا لە کۆنی کوردیشدا دەیان گوت رەسید بۆ رەسیدە نەبووە، لەبەر ئەوە وشەی نەگەییو راست ترە، ئەگەر چی بۆ میوەش بەکار دێت، بەلاّم بۆ مرۆڤیش ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا من بە پێویستی دەزانم ئەو چوار ماددەیەش زیاد بکرێ، چونکە پەیوەندیدارە بەم مەسەلەیە ماددەی (٣٠٤، ٣١٦، ٣٢٩، ٣٤١) لە یاسای سزاکانی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تاوانەکانی لادان لە ڕەوتی دادپەروەریدا لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٥) باسی ئەوە کراوە کە بە گرتن سزا دەدرێ کە لە ساڵێك زیاتر نەبێ و بژاردنەکەشی لە (٢٢٥) هەزار دینار، من لەوەدا ئەگەر لیژنەی یاسایی روونکرنەوەیەك بدەن لەسەر ئەو بڕەی کە دیاریکراوە لە راستیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکانی کە وەکو بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبەران، بە رای من کارمەند هەیە یان هەر کادیرێك دەبینی هیچ ناکات تاوانی نییە، بەلاَم ئەگەر کەم تەرخەم بوو لە کارەکەی بە رای من ئەوەش ئیشارەت پێ بدرێت ئیزافە بکرێ کەم تەرخەمیش بە یەکێك لە تاوانەکان وەکو کەم تەرخەم لە مەسەلەی گەندەڵی دیار بکرێت، شتێکی چاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ مەسەلەی ناو نووسین، بۆ قسەکردن، تکایە سەرەنجی ماددەی (٥٥)ی پەیڕەوی ناوخۆ بدەن، بیخوێننەوە، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بە کورتی سەبارەت بە پێناسەکردنی گەندەڵی، لە راستیدا هەموو ئەو ماددانەی کە لە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا ریزکراون کە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)، من پێموایە کە راستە ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئەم دەستەیە بتوانێ رێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر، پێشتر ئەمە نەبووە، بەلاَم لە هەمان کاتدا هەموو ئەو تاوانانەی وەکو بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی، ئێمە بینیومانە کە روویان داوە لە

رابردوودا، داواكاری گشتییش لەسەریان نەهاتۆتە سەر خەت، بۆیە پێمباشە لە بڕی ئەوەی كە ئێمە لێرە لە ئێستادا هەر قانونمان هێناوە بە دەقی قانونی تیكراری دەكەینەوە كە ئەوە گرفت نییە، بەڵام لە مادده و بڕگەكانی داهاتوو بتوانین دەسەڵاتەكانی ئەو دەستەیە و ئەو ڕێ و شوێنانەی كە دەیگرێتەبەر لە پێناو بە دیهێنانی ئەوەی كە لە پێناسەی گەندەڵیدا هاتووە بە شێوەیەك بێ كە ئەگەر جێبەجێ نەكرێ پەرلەمان لێ پێچوونەوەی بكات، یەعنی بە مانایەكی تر راستە بەرپرسن لە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ئەمانە لە كاتی سەرپێچی كردنیاندا دەستەكە بە ئەركی خۆی هەڵستێ، چونكە دەستەكە لە رابردوودا وەك پێویست بە رای من بە ئەركی خۆی هەڵنەستاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی من تەنها زمانەوانییە ئەوەی كە كوردیەكەیە، وا هاتووە مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی كە لە ماددەكانی ئەوەندەی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر كراوە، بە باشتری دەزانم بڵێین دەق نووس كراون لە بری دەقیان لەسەر كراوە، تاوانەكانی پێشێلكار بۆ ئەركەكانی وەزیفەی گشتیی كە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زێدەڕەوی، ئەوەش هەر لە رووی زمانەوانییەوە زێدەڕەوی كە لە كوردیەكە دەبێ چاك بكرێ (ی)یەكی تری بۆ زیاد بكرێ، لە سنووری وەزیفەكانیان و تاوانەكانی شووشتنەوەی مایەو داڵدەدان و بەردەست كردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان كەتنی گەندەڵین (وە) ئەو (وە)یە جارێكی دیكەش هەر بەڕێزان زمانەوانەكانیش باسیان كرد كە ئەو (وە)یە عەرەبییە، (واو) دابنرێ، گەندەڵین و بەم شێوەیە دێڕەكەی دوای ئەو بگۆڕێ ئەگەر بە باش زانرا، هەر تاوانێكیش كە یەكێك لە بارودۆخە توندكراوەكانی دەق نووسكراوە، نەك دەق كراوە، بۆیە ئەوە لە رووی زمانەوانییەوە وا بە باشتری دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دلێر ماوەتی فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر دێڕی چوارەم قسە دەكەم، زێدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەكانیان، زێدەڕەوی و گوێ نەدان و نەگەیاندنی پێشێلكاریەكانیش، ئەوەی بۆ زیاد بكرێ، چونكە هەر زێدەڕەوی نییە، نەگەیاندنی پێشێلكاریەكانیش لە سنووری وەزیفەكانیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین گوتووتە لەسەر ماددەی یەكەم دەتەوێ قسە بكەی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە راستیدا سەرەتا وەكو لایەنی زمانەوانی زۆر هەڵەی تێدایە و هیچ قسە لەسەر ئەوە ناكەم، پشتیوانی لە تەواوی قسەكانی (كاك فەرهاد سەنگاوی) دەكەم، بە بڕوای من لە هەرێمی كوردستاندا بەراستی كە زۆر بە كورتی ئەمە دەڵێم كێشە نە لە یاسا هەیە، نە لە كەمی دامەزراوە هەیە، بەڵام ئیرادەیەك نییە، یەعنی ئەو ئیرادەیە چۆن دروست دەكرێ ئەوە گرنگە كە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بە تایبەتی مەسەلەی گەندەڵی، هەروەها ئەوەی لەم یاسایەدا لە راستیدا هیچ نەمبینی و لە كاتی خوێندنەوەكەشدا گوێم لێ نەبوو ئەوەیە كە چۆن چارەسەری ئەوە بكەی كە لە هەرێمی كوردستاندا بەشێكی گەورە لەو بابەتە تێكەڵبوونی بازرگانی و كاری سیاسییە، جا ئەم تێكەڵكردنە لە نێوان بازرگانی و كاری سیاسییە پێویستە زۆر بە روونی بە ماددەیەك لەم یاسایە جێی بكرێتەوە، هەروەها بە بڕوای من تا ئەوەش نەكرێت دەیان یاسای تر دەربكەن، دەیان دامەزراوە دروست بكات ناتوانێت رووبەڕووی ئەو دۆخە بێتە، هەر بۆ نموونە خۆ ئێستاكە دادگا هەیە، داواكاری گشتیی هەیە، دیوانی چاودێری دارایی هەیە، دەستەی دەستپاكی هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە دەكرێ رۆژێك بانگیان بكەین بۆ پەرلەمان، ببوورن، مەبەستم ئەوەنییە تەداخول بكەین لە دەسەڵاتی جێبەجێكردندا، بۆ ئەوەی جوملەكەی من وانەڕوا، دەكرێ ئەمانە پێمان بڵێن تا ئێستاكە چی كراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بۆ كەشفكردنی هەموو ئەو كەم كورتیانەی كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، لەسەر پڕۆژەكە و لەسەر ئەسڵی یاساكەش لە راستیدا ئەوەی كە لە ماددەكانی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) ژمارە (١١١) كە من ئێستا لەبەر دەستمدایە، ئەو مادانە هەمووی ماددەی توندە، ئەگەر بێتو ئەوانە جێبەجێ بكرێ بە بڕوای من رەنگە پێویستی بە دامەزراوە و یاسای تریش نەبێت، بەڵام لە هەندێكیاندا وەكو تێبینی هەندێكیان سزای تێدانییە، بۆ نموونە ماددەی (٢٣٣)، یاخود هەندێك لە ماددەكان سزاكەی زۆر سووكە، بۆ نموونە ماددەی (٢٩٣)، یەعنی ماوەی زیندانییەكەی تێدانییە، هەر دەڵێ زیندانی دەكرێ بەبێ ئەوەی ماوەی زیندانییەكەی دیاری كرابێت، هەروەها لە عومومیاتیشدا لە راستیدا تێكەڵاوییەكی روون هەیە لە نێوان ئەركی دەستەی نەزاهە و دیوانی چاودێری دارایی، هەروەها تێبینییەكی تر تایبەت بەم مەسەلەی شووشتنەوەی مایە، یاخود (غەسیل الاموال) كە لە بەغدا یاسای بۆ دەرچووە هێشتا قانونی ئینفازی لە هەرێمی كوردستاندا پێ دەرنەچووە، زۆر بە روونی دەبێ یان لێرە پێناسە بكرێ (غەسیل الاموال) چییە؟ یان دەبێ ئینفازی ئەو قانونەی بەغدا بكرێت، جیاوازیەك لە نێوان ئەسڵی پڕۆژەكە و راپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا هەیە، بۆ نموونە لە ئەسڵی پڕۆژەكە دەڵێ بڕگەكانی (٥، ٦، ٧) ماددەی (١٣٥)ی یاسای سزاكان لەخۆ دەگرێت، لێرە ئەمە یاسای سزاكانە ماددەی (٥، ٦، ٧)ی تێدانییە، یەعنی ئەمە ماددەی (١٣٥) لە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی سزادانی عێراقی، تەنها چوار خاڵە (١، ٢، ٣، ٤) ئەوە یاساكەیە، بەڵام لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە دەڵێ بڕگەكانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای رێكخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوكمی

هەڵوەشاوەی پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیتیلافی هەڵوەشاوەی ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)، لە راستیدا ئەمە پێویست بوو هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ئەم لیژنەیە، من لێتان ناشارمەوە زۆر گەڕام ئەمەم نەدۆزییەوە، یەعنی ئەوەی کە یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)، یەعنی ئەم تەفاسیلٔ و ئەم وردەکاریە لە راستیدا دەبوو ئەم راپۆرتانە لەگەڵ راپۆرتی هابەشدا هەبوایە، بۆیە جارێکی تریش دەڵێمەوە ئەوەی موعالەجەکردنی بازرگانی لەگەڵ کاری سیاسی کە ئەمە خۆرکەی هەرێمی کوردستانە، هەروەها ئەو پێناسە بلاّوەی گەندەڵی کە دەڵێ بەکارهێنانی پۆستە بۆ بەرژەوەندی شەخصی و تایبەتی، یەعنی هەموو ئەمانە دەبێ جێی بکرێتەوە، هەموو ئەمانە دەبێ موعالەجە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە زمانەوانی پێشنیارکرا کە منداڵی دواکەوتە بکرێتن بە منداڵی نەگەییو، ئەوە جێی دێڵین بۆ زمانەوانەکانی ئەندامانی پەررلەمان، بەڕێزان ئەگەر رایان لەسەر بێت، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە جەرائیمەکان زیادکردنی و کەم کردنی و پێشنیارکردنی زیادکردنی جەرائیم، بەڕێزان، ئەوە مەحکومین ئێمە بە پێی مەبدەئێك لە قانونی عقوبات (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، یەعنی لێرە لە دەسەلاّتی لیژنەی نەزاهە نییە کە هەموارەکەی پێشکەش کردووە لەو مەبدەئە دەربچێتن، بۆیە نەصی کردووە هەندێك لە جەرائیمەکان بە پێی مادده دانراوە، هەندێك لە جەرائیمەکانیش بە پێی ناو، ناویان هاتووە، بۆ نموونە کە پێشنیار دەکرێ ماددەی (٣١٦) زیاد بکرێت، ماددەی (٣١٦) پەیوەندیدارە بە ئیختیلاس، ناوی ئیختیلاس لەناو هەموارەکەدا هاتووە، بۆیە ئەو بابەتە بابەتێکی یاساییە و مەحکومە بە مەبدەئی (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، دەست کاری کردنی کارێکی ئاسان نییە، بۆ بەرپرسیاریەتی پەرلەمان لە جێبەجێ نەکردنی ئەوە، بێ گومان پەرلەمان دوو دەوری هەیە، دەوری تەشریعی هەیە، دەوری رەقابیشی هەیە، هەروەها بەرپرسە لە بەدواداچوون لە جێبەجێ نەکردنی یاساکان، (د.شێرکۆ) تەئکیدی لەسەر ئەوەی کردەوە کە ماددەی (١٣٥) بڕگەی (٥، ٦، ٧) تێیدا نەهاتووە لە یاسای سزادانی عێراقی، بەڵێ، تێیدا نەهاتووە، بەلاّم ئێمەش ئیشارەتمان نەکردووە بڵێین لە یاسای سزادانی عێراقیدا هەیە، ئەمە لە یاسایەکی تایبەتدا هەیە کە رەقەمی تەشریعەکەی (٥٥)ە، تاریخی تەشریعەکەی (٢٠٠٤)ە، بە تەعدیلی قانونی عقوبات ناو دەبرێ (يعدل قانون العقوبات، اولاً: اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (١٣٥)، (خامساً) ئەوەی کە ئیشارەتمان پێداوەو بڕگەی پێنجە، (اساءة استعمال المركز العام او الثقة المرتبطة به من اجل الحصول على مكسب شخصي أو عرض أو منح أو قبول بعض الامتيازات المخالفة للمهام المنوطة بالمركز العام أو بالثقة الممنوحة لمن يشغل هذا المركز والاساءة لحقوق الاخرين بصفة رسمية أو محاولة التسبب في وقوع مثل هذه الاساءات والمخالفات).

برگەی شەشەمی (إرتكاب مخالفة فيما يتعلق بالأحكام المنصوص عليها في الأقسام الفرعية (٢٤ الى د) من القانون الأساسي الذي تم بموجبه انشاء المفوضية المعنية بالنزاهة العامة أو تأييد من يرتكب مثل هذه المخالفة أو يعيق محاولات الكشف عنها).

(سابعاً: مخالفة اللوائح التنظيمية الصادرة عن المفوضية المعنية بالنزاهة الوطنية بخصوص الكشف عن المصالح المالية)، ئەوە تێکڕای ئەو دەقانەن کە بەڕێزیان داوای روون کردنەوەی لە لیژنەی یاسایی کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کرا، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە رێگاش بە سەرۆکی دەستەکە بدەن، ئەگەر هەر روون کردنەوەیەکی هەبێت لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز سەرۆکی دەستەی دەستپاکی.

**بەڕێزد.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڤالاّ بەشێکی روون کردنەوە، ئێمە پێمانوا بوو روون کردنەوەی ئەو ماددانە، یاخود مەبەست چییە لە موکافەحەی فەساد، یەعنی تەعریفی جەریمەی فەساد زۆر جار دەڵێین چییە، خۆی جەریمەیەك نییە تاوانەکانی گەندەڵییە، کۆمەڵێك تاوانن، دیارە لەو نەصە بەڕاستی تا رادەیەکی زۆر سوودمان لە یاسای دەستەی دەستپاکی ئیتیحادی لە بەغدا وەرگرتووەو، ئەویتریش ئەو تەعدیلاتە بوو کە دکتۆرە ڤالاّ خوێندییەوە، ئەوە لەکاتی بریمەردا قانونی عقوباتی تەعدیل کردووە لە قانونی هەیئەی نەزاهە تەبعەن هەیئەی نەزاهە کاتی خۆی بە قەراری سوڵتەی ئیتیلاف دامەزراو قانونەکەشی بۆ دەرچووە، بەلاّم دواتر قانونێکی تر دەرچوو لە پەرلەمانی عێراق لە خولی دووەم لە ساڵی ٢٠١١، بەلاّم دیسان لەو قانونە تازەیەش ئەو ئەحکامانەی کە بریمەر لە قانونی عقوبات تەعدیلی کردووە هەر ماوەتەوە، لەبەر ئەوە بەس دەمانەوێ کاتێك قسە لەسەری دەکەین ئەو ماددانە بە روونی و وازیحی بکەینەوە، جگە لەو تاوانانەش کە بە ناو ناویان هاتووە، مەسەلەن بەرتیلەو ئیختیلاسەو تەجاوزی فەرمانبەران کاتێك فەرمانبەر زیاد لە دەسەلاّتی خۆی تەجاوز دەکات و بەوەش زیاتر مەبەستی بەکارهێنانی پێگەی خۆیەتی بۆ خۆی، یاخود بۆ کەسێکی تر و لەگەڵ جەرائیمی غەسل ئەموال، غەسلی ئەموال خۆشتان دەزانن لە عێراق قانونێك هەبوو پێموایە ئەویش هەر لە زەمانی بریمەر دەرچوو قانونێکی زۆر باشە، بەلاّم لە هەرێمی کوردستان ئیشی پێ نەکراوە، ئەگەر ئیشی پێ نەکرێت، کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ لیژنەی دەستەی دەستپاکی قسەمان کرد دەکرێت هەرێمی کوردستانیش پرۆژە یاساییەکی لەم بابەتەی هەبێت، ئەوە دەکرێت دواتر ئێمە لەگەڵ لیژنەکان، یان ئێوە چۆن و بە چ ئالیەتێك پێتان باش بوو، لەبەر ئەوە مەبەستمان ئەوەیە چەمکی قانونەکە روون بێت و وازیح بێت، دەقەکان تێدا وازیح بێت، کە هیچ جۆرێك لە تەداخول لەنێوان دەسەلاّتەکانی دەستپاکی بۆ نموونە لەگەڵ داواکاری گشتی و جیهەتێکی تر نەبێت، بۆیە ئەوەندەی بۆمان کراوە بە تەئکید هەوڵمانداوە روون و وازیح بێت و، ئەگەر بە

تەئكيد برادەران و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزيش مولاحەزەيەكيان هەيە، بەلاّم ئێمە لە زياد كردنی جەرائيم وەكو دكتۆرە ڤالاّ گوتی مەبدەئی (لا جريمە ولا عقوبە الا بنص) ئێمە ناتوانين هيچ تاوانێك مەسەلەن بەڕێزێك گوتی ئيهيمال و تەقصير راستە، تەقصير خۆی پێوەری خۆی هەيە لە زۆربەی دائيرەكان مەسەلەن لە قانونی مەدەنی هەيەتی لە شوێنی تر هەيەتی، لە قانونی ئينزيباتی مووەزەفی دەوڵە قسە لەسەر ئەو فەرمانبەرانە دەكات كە ئيهمال و تەقصير دەكەن، ئەوە رێ و شوێنی تری تێدايە، بەلاّم ئێمە هەوڵمان داوە ئەو تاوانانەو تاوانەكانی گەندەڵی وازيح بكەين، وازيح كردنەكەش بەڕاستی بە هێنانی ماددەكانە، بۆ تەقصيريش ئێمە دەتوانين خۆمان هەموو ماددەكان بنووسينەوە، بەلاّم دەبێتە درێژ دادڕی، ئێمە قانونێكمان هەيە قانونی عقوباتی عێراقی، بەس ئيشارەتمان بە ژمارەی ماددەكان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگدانەوە، كاك عەباس نوقتەی نيزامی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چوار ماددەم پێشنيار كرد، دكتۆر وەلاّمی نەدامەوە، من بۆ خۆم دەقی ماددەكانم نەخوێندەوە، بۆ ئەوەی كات زياتر نەگرم، بۆ جەنابيم نارد، بەلاّم وەلاّمی نەدامەوە، بۆ زيادی نەكرد؟ پێم باشە بيخوێنێتەوە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان رەئی لەسەر دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز دكتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلاّمم دايەوە گوتم ئەو جەرائيمانە، يان ئەو ماددانەی كە ئيشارەتی پێداوە راستە بەنصوص، بە رەقەمی ماددە ناوی نەهاتووە، بەلاّم بە جەرائيم ناوی هاتووە، بۆ نموونە ئەو داوای زياد كردنی (٣١٦) دەكاتن، (٣١٦) وەكو جەريمەی ئيختيلاس ناوی هاتووە، بۆيە دەبێتە تيكرار، ئەوە روون كردنەوەمدا لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١):

بڕگەی (٧) لە بەندی یەكەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

تاوانی گەندەڵی مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی كە لە ماددەكانی (٢٣٣ و ٢٣٤ و ٢٧١ و ٢٧٢ و ٢٧٥ و ٢٧٦ و ٢٩٠ و ٢٩٣ و ٢٩٦)ی یاسای سزاكان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەقیان لەسەر كراوەو تاوانەكانی پێشێلكاری بۆ ئەركەكانی وەزیفەی گشتی، كە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زێدەڕۆیی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەكانیان و تاوانەكانی شووشتنەوەی مایەو داڵدەدان و بەردەست كردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان، یان كەتنی گەندەڵی و، هەر تاوانێك یەكێك لە باردۆخە توند كراوەكانی دەق كراوە لە بڕگەكانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەمی ماددەی (١٣٥) لە یاسای رێكخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوكمی هەڵوەشاوەی پاشكۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیتیلافی كاتی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤.

بڕگەی هەشتەم لە بەندی یەكەم: وەكو خۆی دەمێنێتەوەو، داوا لە بەڕێز دكتۆرە بەهار دەكەم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منداڵە دواكەوتووەكان بریتیین لەو منداڵانەی ناكامن و هاوسەرگیرییان نەبەستووەو ئەو منداڵانەی هاوسەرگیرییان بەستووە كە لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددەی دووەمی پرۆژە یاسای هەموار كراوەكەیە بەو شێوەیەی كە ئێستا خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٥٧) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە، كێ دژیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٣) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسند كرا، كاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاكە گوتمان نەگەیی خۆ لە خۆڕایی قسە ناكەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەوانەی كە پەیوەندی بە رێزمان و زمانەوانی و ئەوانە هەیە، دوایی لە صیاغە چاك دەكرێتەوە، ئەوە هیچ گرفتێكی نییە، بەڕێز كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بكرێتە منداڵی ناكام باشترە لە هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو شتانە ئاساییە، دوایی لە صیاغە چاك دەكرێتەوە، بەڕێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە تازە دەنگی لەسەر دراوە، بەس پێم خۆشە ئەو روون كردنەوە یاسایە بدەم، بەڕێز سەرۆكی دەستەش دكتۆر ئەحمەد روون كردنەوەی زۆرتری لەلایە، چونكە من خۆم بۆ ئەو بەندە قسەم لەگەڵ جەنابیان كرد، منداڵە دواكەوتووەكان مەبەستمان لە منداڵە ناكامەكان نییە، قاصر جیایە، ئەم تەعبیرەی كە ئێستا ئێمە بەكارمان هێنا، ئەم تەعبیرە تەعبیرێكە لە یاسای دەستەی نەزاهەی عێراقیش بەكار هێنراوەو، یاسای دەستەی نەزاهەی ئێرەش بەكاریان هێناوە بۆ حاڵەتێك كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی هاوسەرگیرییان بەستووەو لە رووی داراییەوە سەربەخۆ نین، ئەمانە شەرت نییە قاصر بن، شەرت نییە ناكام بن، بۆیە كەلیمەی ناكام و پێ نەگەیی لەگەڵ ئەم تەعبیرە جیایە، كە ئێمە بەكارمان هێناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوانەی رەئی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو دەستەواژەیە دەتوانن دوایی بە نووسین رەئی خۆیان بدەن بە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لە كاتی صیاغە كردنەوە رەچاو بكرێت، بەڕێزان، ئێستا دانیشتەكەمان هەڵدەگرین بۆ پشوویەك كاتژمێر (٢) دەست دەكەینەوە بە دانیشتنەكەمان، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.**

كۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێدەكەین ، خولی هەڵبژاردنی چوارەم ، ساڵی دووەم ، دانیشتنی ژمارە (١٢) ، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١١/٢٥ بەردەوامین لەسەر تەوەری دووەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان كە بریتییە لە گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان/عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بە پێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو ، ئێستا ماددەی سێهەمی پڕۆژە یاسای هەمواركراو ، ماددەی سێهەم " چونكە ماددەی یەكەم ئەبێتە هەمواری

ناونیشانەکەی پڕۆژە یاساکە ، خاڵی یەکەم " لە پڕۆژە یاسا هەموارکراوەکە نابێ ببێ بە ماددەی یەکەم ، خاڵ یەکەم ، باشە کەواتە لەماددەی دووەمین فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی دووەم : وشەی (گشتی) لادەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە ( بە پێی ئەم یاسایە دەستەیەك بە ناوی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە عێراق دادەمەزرێت ، خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ شکور کەس نییە قسەی لەسەری هەبێ ، کاك عمر ، کاك بەهزاد ، دکتۆر شوان ، مامۆستا عومەر تەوزیحت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ تەوزیح ، ئەوە نە پڕۆژەی قانونە ئەوە تەعدیلە ، ئەڤ پڕۆژەی یاسایە ژی دەستخۆشی لە دەستەی نەزاهە ئەکەین ، ڕاستی هەمی کەسانی پسپۆڕ بە کاملی دروست کرییە ، چەندین دانیشتن ژی لە لیژنەی نەزاهە ژی مە کرییە ، لبەر ئەوە قسەناکەین لێرە ئەندامانیش هەمی ئەزانن شاهیدن دکتۆر فرسەت و کاك برزۆ و کاك ئومێد چەندین دانیشتن و تێبینییەکان دوای دانیشتن ژی لگەڵ یاسایی ژی هەموو تاوتوێ کرییە ، پڕۆژەکە کاملە ئەگەر قسە نەبی ژی ئیستیغراب نەکەین ، چونکە پڕۆژەکە کاملە زۆر کەسانی پسپۆڕ نووسییە ، مەوزوع قسە بۆ قسەیە ئەگەر بۆ شتێکی گرنگ بی تەبیعیەو ڕێ لەکەس ناگرین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندەم ویست بڵێم (ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت) پەرلەمان دەستەیەکی بڵێین هەیئەیەکی تەکنیکی بەوشێوەیە نییە بتوانێ چاودێری بکا ، ئایا پەیوەندی ئەم لەگەڵ چاودێری دارایی چییە؟ نەدەکرا بڵێی چاودێری دارایی چاودێری ئەوانیش ئەکا ، من مەبەستم ئەوەیە کە پەرلەمان ناتوانێ ستافێکی تەکنیکی وایان هەبێ بچێ لاپەڕەکانی ئەم دەستەیە هەڵبداتەوە و بەووردی بەدواداچوون بکا ، لەبەر ئەوە پەرلەمان دەستەیەکی تەکنیکی بەو شێوەیە نییە ، ئەکرێ بیدا بەو دام و دەزگایانەی کە خۆی هەیەتی ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەبەست لە پرۆسەی چاودێرییە ، وەکو چۆن حکومەت لە ژێر چاودێری پەرلەمانە ، بەهەمان شێوە ئەم دەستەیەش ئەکەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمان ، پەرلەمانتار ئەتوانێ پرسیاری ئاڕاستە بکا ، سەرۆکی دەستەکە بانگ بکاتە پەرلەمان بۆ پرسینەوە ، پێموابێ مەبەست ئەوەیە ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە گرفتی بەردەم ئەم دەستەیە لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕووبەروبوونەوەی مەلەفەکانی گەندەڵی و ڕەوانەکردنی ئەو مەلەفانە بۆ دادگا تایبەتمەندییەکان کە بە پێی قانون لە دەسەڵاتی ئەواندابووە ، ئاستەنگی بەردەم ئەمە بریتی نەبووە لە کەمی بودجە ، لەوەی ئەمە دەستەیە بودجەی سەربەخۆی خۆی نەبووە ، ڕاستە ئەمە ئیجابییاتی خۆی هەیە ، بەلاّم لە ڕاستیدا تەنها بودجەی زۆر ، بودجەی سەربەخۆ بۆ ئەم دەستەیە قورسایی دروستکردن بۆ بودجەی گشتی ئەگەر نەبێتە هاندانێك بۆ هەستانی دەستەکە بە ئەرکەکانی خۆیان کە من پێموایە وەك پێویست نەبووە ئەمە دەبێتە هۆی بار قورسی لەسەر بودجەی گشتی لەوانەیە لە خودی دەستەکەدا بەداوای لێبووردنەوە لە هەندێك حاڵەتدا گەندەڵی دروست بێ لە خودی دەستەکەدا ، چونکە ئەگەر پاداشتکردنی کارمەندەکانی تێدابێت بۆ ئەوەی ئەو کارمەندانە ئەوانەی کە چالاکن لەوانەیە ئەو کاتە خۆ گەندەڵ هەر دزینی پارە نییە ، کۆمەڵێك شتە جەنابتان باشتر دەزانن ، بۆیە ئەگەر تەنها بۆ ئەوەبێ من لەگەڵیدانیم هەروەك خۆی بمێنێتەوە لە بودجەی گشتی ئەوەی بۆتەرخان بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆر شوان فەرموو.

**بەڕێز د. عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەسەر وشەی ملکەچی یەعنی وەکو بڵێی جۆرێکە لە ئاستی بەندایەتی ، ئەگەر بوترێت چاودێری و لێپرسینەوەی وردی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەنگە باشتر بێ ، ملکەچی ئەگەر بکرێ وشەیەکی ترهەبێت لە بەدیلیدا باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەر وێ خاڵێ خولا سێیا پەرلەمانێ چەندین ئەنداما دەست لەکار کێشاوە لە لیژنا دەستەی نەزاهە ، ئەویژ سەبەب ئەڤە بی ئەم لیژنەیە ، ئەم دەستەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان بیت ، ئەوە

ئیزافه بکرێتن پێم باشه هەر شەش مانگ جارێك سەرۆکێ دەستە بێتە پەرلەمان ، ڕاپۆرتەکەی بخوێنێ دواجار یەعنی گفتوگۆ لەسەر بکرێت و تەقیمی ئەو دەستەیە بکات ، چونکە مەسەلەی گەندەڵی یەعنی گشتگیرە لە هەموو دەزگاکان هەیە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ خاڵەکا دی ژ هەیە نازانم مەجال هەیە لێرە ئیزافە بکەم؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی دەتەوێ بۆ ئەم ماددەیە ئیزافە بێ؟

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

نەخێر ئیزافە بۆ گشت پڕۆژەکە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی بکە بزانین لەکوێدا جێی ئەبێتەوە.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

یەك لەو خاڵانە ئەوەیە حەزدەکەم ماددەك ئیزافە بکرێ ، چونکی زۆر گرنگە بەڕاستی ئەم یاسایە بەلای منەوە ، کە بڵێین پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لەبەرنامەی خۆیدا لەهەر کابینەیەکدا گرنگی بداتە نەهێلانی گەندەڵی ، یەعنی لەبەرنامەی کاردا لە ئەنجومەنی وەزیران خاڵێکی ستراتیژی هەبێ کەخۆی بەخۆی ئیش لەسەر ئەم قەزییە بکا بەڕاستی ئەوە خاڵەك ، خاڵێکی تر ئەز بێژم چەندین جۆرێت گەندەڵی هەیت لێرە باس نەکرینە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ چەوا دێ جەوەکێن یان ماددەکەدی ئیزافە بکەین مەسەلەن چەندین جۆرێت گەندەڵی هەی ، بۆ نموونە ڕێگا گرتن لە گەندەڵیا یاسایی ، بۆ نموونە هەندێك جارا مەسەلەن بەحسێ نموونەیەکی بکەین مەسەلە هەنکێ بەحسێ عاردا زیراعی بکەین ئیتفاکرنا وە لەسەر عەردێت شارەوانی ، یاسایەك هەیە ڕاستە یاسایە بەلاّم بۆ هەندەك کەسا جێبەجێ دبیت ، بۆ هەندەك کەسا جێبەجێ نابیت ، گەندەڵییەکی زۆریش ئەو مەجالەی دایە ، چونکە ڕاستی مەسەلەی عەرزە و ئیتفاکرنە و مەسەلەی جێگایا کە داوای تەعویز دەکا مەسەلەن (٣) قتعە دایە خودان عەرزێکی زراعی لەوانەیە لە جێگایەك بدەی کە بۆ یەکەکی دی (١٠) قات لەو سعرە بی ، ئەوش گەندەڵی نییە؟ حەزدەکەم یەعنی مەجموعەك خاڵ هەن جێگایان بکرێتەوە لەو یاسایەدا.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی بیدەی بە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بزانین لە کوێدا جێگای ئەبێتەوە ئەگەر بگونجێ لەگەڵ پڕۆژە یاسایەکەدا جێگای بکەنەوە ، سوپاس بۆ جەنابت ، ڕای ئێوە چییە لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو قسانەی کە کران؟ فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د. ڤالاّ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوی کە پەیوەندیدارە بە بابەتی (ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێتن) ، ئەوەیە کە ئێمە لە ماددەیەکی تردا باس لە ئیستیجوابی سەرۆکی دەستەکە دەکەین ، باس لە ئیعفاکردنی دەکەین ، ئیعفاکردن و ئیستیجواب کردنی کاتێك پەرلەمان دەتوانێ بیکات کە دەستەکە لەژێر چاودێری پەرلەمان دابێتن.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ئەو ملکەچییە ببێ بەهۆی کە لە ژێر چاودێری پەرلەمان دابێت ....

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

دەتوانرێ دەستکاری بکرێ ، بەلام ملکەچ لە (خضوع) وەرگیراوە موستەڵەحێکی عەرەبییە (خاضع) دەبێ بۆ رەقابەی پەرلەمان لێرانە پەیوەندی بەو تەفسیرە نییە کە کرا ، بەلام دەشکرێ بڵێین لەژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت ، لە مەوادی تر ئەگەر بەڕێزیان خوێندبیتیانەوە باسمان لەوە کردووە کە سەرۆکی دەستە مولزەمە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ پەرلەمان لەسەر ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەداتن ، لێرانە باس لەگەندەڵی کراوە گەندەڵی وەکو جەریمە باسی لێوە کراوە ، وەکو جەریمەش ڕوونکردنەوەمان دا کە مەحکومە بە (مبدء لاجريمة ولا عقوبة الى بنص) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز سەرۆکی دەستە هیچ تێبینییەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مولاحەزەکان وازحە ، بەس برادەرێك بەڕێز قسەی لەسەر ئیش و کاری دەستە کرد ئەوا ڕەنگە ئەوە مەوزوعێکی جودابێ لە قانونەکە ، خۆت دەزانی من ماوەیەکە داوام کردووە پەرلەمانی بەڕێز کاتمان بۆ تەرخان بکا بێین قسە لەسەر ئیش و کارەکان بکەین لەوەتەی دامەزراوە تاکو ئێستا ، کەسیش تەسەوڕنەکا ئەم دەستەیە بودجەیەکی وا گەورەی هەیە بەعەکسەوە ڕەنگە کەمترین بودجەی هەبێ لە کوردستاندا ، هەر بودجەی نەبووە ، چونکە (٢٠٠٣) کە دامەزرا قانونی موازەنە ئیقرار کرابوو جێی نەبۆوە ، (٢٠١٤)ش خۆتان دەزانن بودجە ئیقرار نەکراوە ، لەبەر ئەوە حەقی خۆیانە چاودێری پەرلەمان بەڕای من ئەوەیە کە دەبێ جگە لە ڕاپۆرتەکان ناوە ناوە ئەگەر سەرۆکی دەستە داوای کرد یان پەرلەمانتاران داوایان کرد قەزییەی دژایەتی گەندەڵی من پێمخۆشە ئێوە زۆرتر ئیهتمامی پێبدەن ، ئیهتیمام دانیش بەڕاستی چوونە ناو تەفاسیلە کە هیوادارین ئەوە لە دانیشتنێکی دیدا ئێوەی بەڕێز ئەوەتان هەبێ ، بەنیسبەت سەربەخۆیی ئەوە شتێکی ئاساییە ، چونکە تۆ قسە لەسەر دەستەیەکی سەربەخۆ دەکەی سەربەخۆیی برادەران ئەزانن دوو جانیبان دەگرێتەوە لایەنی ئیداری ، لەگەڵ لایەنی مالی دەیگرتەوە ، کە قسەت لەسەر دەستەیەکی سەربەخۆ کرد جا ئەو دەستە سبەینێ کۆمسیۆن بێ ، دەستەی مافی مرۆڤ بێ ، دەستەی چاودێری دارایی بێ ، دەستپاکی بێ ڕەنگە دەستەی تریش لە داهاتوو لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بۆیە ئێستا تکایە ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دواجار بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

بەندی دوو " وشەی گشتی لادەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە (بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بە ناوی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان/عیراق دادەمەزرێ خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و لە ژێر چاودێری پەرلەماندایە).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٤) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە ، دژیەتی؟ کەس نییە ، کەواتە پەسەندکرا ، فەرموون بەندێکی تر.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

بەندی سێیەم هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە ، دکتۆرە بەهار دەیخوێنێتەوە دەدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێزد. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەمی یاسای دەستە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە ،

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

دووەم: پاڵپشتی کردنی پرەنسیپەکانی دەستپاکی و شەفافییەت و لێپرسینەوە و بەرجەستەکردنی پرینسیپی سەروەری یاسا.

سێیەم: هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفەیی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسێتی و نەهێشتنی ڕۆتین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٣)م فەقەرەی (٣)م دەڵێ (هەڵسەنگاندن ، ڕاستکردنەوەی پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفی ، ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆ گرتنی بەپرسێتی و نەهێشتنی ڕۆتین) کە دەڵێی ڕەفتاری وەزیفی واتا بەس ئەوە نییە تەحەمولی مەسئولییەت ، شتی دیکە دێتە ناوی (ولاء الوظيفة للاستشهاد

والمثابرة ، تحسين النوعية ) ڕەفتاری وەزیفی زۆر شتە بەس تەحەمولی وەزیفە نییە ، پێم باشە ئەوەی هەلگرین چونکە ئەگەر ئەوەی هەلگرین مە عنای ڕەفتاری وەزیفی ئەوە هەموو سیفاتەکانی وەزیفی دەگرێتەوە ، لەگەڵ نەهێشتنی ڕۆتین ئەو یاسایە واناکا ڕۆتین نەمێنێ ، چونکە ئالیاتەکی دیکەهەیە لە ئیدارەی مەعروفە ئەویش (تبسیط الاجرءات) ئەو ئالییەتە بە (تبسیط الاجرءات) ڕۆتین نامێنێ ، واتا ئەو دێرەی سێیەمە ئەو شتە وا هەلگیرێ بکرێتە هەڵسەنگاندن ڕاستکردنەوەی پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفی ، ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی لێرە ڕا تەواوبی ، ئەمن لەلایەنی کارگێڕی قسەی دەکەم ئەو دوو وشەیە نەمێنێ باشترە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەکەم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی ، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێ (بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێادەکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ خۆپاراستن لێی) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامان ، بەڕێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ل هەر لیژنە ژیدا لسەر نەهێشتنێ ڕۆتین ئاخافتنەکا دی هەبوو کو ل باتی نەهێشتن بدانین کەم کرنا ڕۆتینێ ، کەم کرنا ڕۆتینێ پتر مولائیمە دلگەل ڤێ بەندێ ، نەهێشتن زۆر شتەکی زەحمەتە هەر نابیت ، ئەما کێم کرن ئەو ئیحتیمالییە هەی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕایەکەی دکتۆرە جوان دەکەین بەوەی کە نەهێشتنی ڕۆتین بکرێ بە (تبسیط الاجرءات).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، جا بۆیە تکایە ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

ماددەی سێیەم هەموارکراوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

دووەم: پاڵپشتی کردنی پرینسیپەکانی دەستپاکی و شەفافییەت و لێپرسینەوە و بەرجەستەکردنی پرینسیپی سەروەری یاسا.

سێیەم: هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفەیی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و ئاسانکاری ڕێکارەکان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ بەندەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (٨١) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ کەس نییە کەواتە پەسەندکرا.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

بەندی چوارەم دوو ڕای لەسەر هەیە ڕای یەکەم" حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر:

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەلاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانی تیایاندا کارمەندن.

دووەم : کەرتی تایبەت ، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم : ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایەپێدان و جۆری خەرجکردن و دواکەوتنی شووشتنەوەی مایە.

ڕای دووەم حوکمەکانە ئەم یاسایە پیادەکرێ بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم ، لەناویاندا ئەم لایەنانەی خوارەوە:

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەلاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانی تیایاندا کارمەندن.

دووەم : کەرتی تایبەت ، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم : ڕێکخستنە سیاسەتکار و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بە ڕەوایەتی سەرچاوەکانی مایەپێدان و جۆری خەرجکردن و بە دواکەوتنی شووشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەردوو ڕاکەدا هاتووە، ڕای یەکەم و دووەم، مەسەلەی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی ئەوانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەت هەیە، جا بۆ ئەوەی تەخصیصی نەکەین تەنها بەئەوان، چونکە کەرتی تایبەت هەیە، کۆمپانیایە گرێبەستی لەگەڵ حکومەت نییە، بەڵام کوتلەیەکە لەگەندەڵی، لەبەر ئەوە حەلێك بدۆزینەوە بۆ ئەو تەخصیصە، یەعنی ئەگەر ئێمە بڵێین کەرتی تایبەت بەگشتی پێم وایە زۆر باشترە وەك لەوەی تەخصیصی بکەین بڵێین تەنها ئەوانەی، یان بەتایبەتی ئەوانەی کە گرێبەستیان هەیە، لەگەڵ حکومەت، چونکە کۆمپانیای زۆر هەیە گرێبەستی نییە، لەگەڵ حکومەت و کەرتی تایبەتیشەو سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەش بەهەدەر دەبات و گەندەڵیش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی سێیەم دەڵێت ئەو شتانەی، خۆی وشەی (شت) لەڕاستیدا وشەیەکی هەم ناڕوونە، هەم زۆر کوردی نییە، هەر ئەکرێت لای بەرین، یان دیاری بکەین ئەوانەی کە پەیوەستن چییە؟، بڵێین ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن، ئەوە گونجاوترە، پرسیارەکەشم ئەوەیە، ئایا ئەمە سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێتەوە، چونکە سەرۆکایەتی هەرێمی تێدا نییە، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن تەنها مەبەستیان دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە؟، یان بەپێی دەستوور سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنیش هەیە لەهەرێمی کوردستان، جا ئەوە ڕوون بکەنەوە، پێشنیازیش دەکەم، ئەگەر نایگرێتەوە پێویستە دیاری بکەین و بیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەقسەکانی هەردوو بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت و دکتۆر شێرکۆ حمە امین دەکەم، سەرباری ئەوەش من ئەتوانم بڵێم سەرۆکەکان بکرێت بە سەرۆکایەتیەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەوە باشترە، پشتگیری لەوەش دەکەم و هی ئەو هاوڕێیانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەن، پەرلەمان بتوانێت

چاودێری کەرتی تایبەت بکات، بۆ ئەوەی لە مەهامەکانی پەرلەمان بێت، چونکە ئێستا لەوڵاتی ئێمەدا بەرەو کەرتی تایبەت دەچێت، بەرەو خەصخەصە دەچێت، کارەبا، نەوت، نیشتەجێبوون، زۆربەی بوارەکانی ژیان لەکوردستان بەرەو ئاراستەی کەرتی تایبەت دەچێت، ئێمە وەکو پەرلەمان ئەگەر نەتوانین چاودێری کەرتی تایبەت بکەین لێرەش ناتوانین جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوە من داوادەکەم لەو بەڕێزانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەنەوە، لەمەهامی پەرلەمان باس لەوە بکرێت کەچۆن چاودێری کەرتی گشتی دەکەین ئاواش هی کەرتی تایبەت بکەین، چونکە کەرتی تایبەتیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک ئاری هەرسین.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ئەمەوێت بیڵێم لەوانەیە زیاتر لەشێوەی پرسیاردا بێت، من لەگەڵ بۆچوونی دووەمم، بەڵام لەوێشدا ناوی زۆر لایەن براوە، من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی باسی ناوەندی ئاینی نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەر فۆرماسیۆنێك بێت، فۆرماسیەکی سیاسی بێت، یەعنی وەکو حزب، ئابووری بێت، وەکو کۆمپانیا، یان ئاینی بێت، ئەگەر لەو فەزایەدا مەجال هەبێت لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو بنکە ئاینییەکان لەپێش هەموویان مزگەوت، بەڵام نموونەمان بینیوە لەوڵاتانی تر، هەندێجار ئەو ناوەندە ئاینییانە سووء ئیستیفادە لێکراون، بەمەبەستی دژی ئینسانی وە پارەی ڕەشیان تێدا کۆکراوەتەوە، لەپشتی دەوائیری زەریبەو حکومەتەوە، هەتا بۆ پشتیوانی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان، ئینجا بۆیە من پرسیار دەکەم، ئایا لە چوارچێوەی ئەوانەی کە براون ناوەندە ئاینییەکان ئەگرێتەوە؟، یان نایانگرێتەوە؟، لێرەشدا ناوەندی ئاینی بێگومان تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلام نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور قادر، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران؟، لە ڕەئیەکانیش لەگەڵ ڕەئی دووەمم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی دەستە دەکەین، بەخێربێت، من لەگەڵ ڕەئی یەکەمم و پشتگیری ڕەئی هەردوو دکتۆر شێرکۆ دەکەم، خاڵی یەکەم و دووەم، بەڵام لەخاڵی سێیەم، ئەگەر چاك بکرێت دەزگای ڕاگەیاندن زیاد بکرێت، چونکە هۆکارێك بوون بۆ هاوکاری و لەگەڵیدا بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان جەوهەر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕای دووەمدا پێم باشە حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێمی کوردستان، گشتی بێت کەسە عامەکانیش ئەگرێتەوە، چونکە دەبێت گشتی بێت، هەموو کەسێکی ناو هەرێم نابێت، نەك کاسب کارێك، کاسب کارێکیش دەگرێتەوە، هاووڵاتیەکیش دەگرێتەوە، بەس کەسی گشتی گرنگە، پێم باشە وشەی گشتی ئیزافە بکرێت، لە خاڵی دووەم: کەرتی تایبەت لەگەڵ ڕای دکتۆر شێرکۆ جەودەتم تایبەتی نەمێنێت، هەروەها لەگەڵ ڕای کاك عمر عینایەتم، کۆمپانیاکان جیا نەکرێنەوە، ئەوانەی گرێبەستیان هەیە، یان ئەوانە لەگەڵ کەرتی گشتی کار دەکەن، کەرتی تایبەت بەتەنها بێت، ڕێخستنی سیاسەتکار، ئەوە بکرێت بە ڕێکخستنە سیاسییەکان، لەبەر ئەوە دەبێت حزبەکانیش بگرێتەوە، ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، نیشتمانیەکان ناوێت، چونکە ڕێکخراوی ناحکومی خۆی نیشتمانیە، وشەی نیشتمانی بسڕێتەوە، سەندیکاو یەکێتییەکان، واتە سەندیکاشی بۆ زیاد بکرێت، یەکێتی و سەندیکاکان خۆی جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم: باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکەونە ژێر چاودێری نەزاهەوە، ئەوە کارێکی چاکەو پەسەندە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئایا بۆ فۆڕمی تایبەت بە زانیاری نەزاهە بەسەریاندا دابەش ناکرێت، ئەوانیش زانیارییەکان لەڕێگای فۆڕمەوە بدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین چەندین ڕێکخراو و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی مومتەلەکاتیان هەیە، ئیستیسماراتیان هەیە، ئیش دەکەن، خۆ دەبێت ئەوانیش لەو فۆڕمە بێبەش نەبن و وەکو کەسایەتییەکان و شەخصیاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا ماجد، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی منیش ڕام لەگەڵ ڕای دووەمە، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر شێرکۆ حمە امین دەکەم، پێم باشە بەو شێوەیە بنووسرێت، سەرۆکەکانی دەسەڵات و جێبەجێکارو سەرۆك و( ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان)ئیزافە بکرێت، وە بەپێی پرسی جێبەجێکارو دادگەری و ئەندام و کارمەندەکانیان، سەبارەت بە خاڵی دووەم: منیش پێم وایە، ئەگەر باسی کەرتی تایبەت بکرێت بەگشتی هەروەکو بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت ئاماژەی پێکرد، جۆرێك لە ستەمدا لەهەندێ خەڵکی بێ موشکیلەو سادە، بۆیە دەبێت ئەو عیبارەیە ڕێك بخرێت، هەروەها پێم باشە ئەگەر بکرێت سەرمایەدارەکانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەکەم سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان، لێرە باشە بەس ئەوانەی تێیدا کارمەندن، یەعنی کارمەندەکانی هەر سێ دەسەڵاتەکە، واتە هەموو فەرمانبەرەکان دەگرێتەوە، باشتر نییە دیاری بکرێت، چونکە دەستەی نەزاهە ئەوە دەزانین تەعامول، لەگەڵ دامەزراوەکان، لەگەڵ موئەسەسات و دەسەڵاتی مەعنەوی و پلە بەرزەکان وپلە تایبەتەکان دەکات، نەك کارمەندەکانی هەر سێ دەسەڵاتەکە، یەعنی هەموو فەرمانبەران دەگرێتەوە، پرسگەش بێت، کارمەندێکی ئاسایش بێت، ئەوە دەبێتە قورساییەك بۆ دەستەی نەزاهە، لە داهاتووشدا لەوانەیە بۆ شتێکی تر ئاراستە بکرێت، مەسائیلی سیاسیش بێت، بۆ تەسفیەی حساباتی سیاسیش بێت، لەبەر ئەوە دەستەی نەزاهە بۆ دامەزراوەو پلە تایبەتەکان وپلە بەرزەکان دەکرێت، بۆیە ئەوانەی تێیدا کارمەندن بەشێوەیەکی زۆر عامە، یەعنی هەموو کەس دەگرێتەوە، ئەوەی فەرمانبەرەو مووچە وەردەگرێت دەیگرێتەوە، بۆیە دیاری بکرێت، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەسەر قسەی ئەندامان، دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە تایبەت بوو بە کەرتی تایبەت، ئێمە لەو بڕگەیەدا دەڵێین تایبەت، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی، لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی گرێبەستیان ئەنجامداوە، واتە عموم و خصوصێك هەیە، لە سەرەتادا دەڵێین کەرتی تایبەت، کە بەشێوەیەکی گشتی هەمووی دەگرێتەوە، ئینجا خصوصیەتێکیشمان داوە بەو کەرتە تایبەتیەی کە لەگەڵ قەوارەو کەرتی گشتی گرێبەستیان هەیە، لێرە کەرتی تایبەت بەهیچ شێوەیەك بەدەر نەکراوە، باس لە سەرۆکایەتییەکان کرا، بەڵێ کە دەڵێین

سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەپێیی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆك دەسەڵاتی جێبەجێکردن سونائیە واتە لەبەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت، وە بەڕێز سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، هەردووکیان دەگرێتەوە، هەروەها سەرۆکەکانی یاسادانان و دادگەریش دەگرێتەوە، ئەندامەکانیشی دەگرێتەوە، ئەوانەشی کە تێیدا کارمەندن دەیانگرێتەوە، چونکە لێرەدا دەستەی نەزاهە، بەپێی ویلایەتی خۆی ئەوەندە لەگەڵ ئەشخاص نییە ئەوەندەی لەگەڵ جەرائیمە، ئەو تاوانەی کە لەوانەیە دەستەی نەزاهە بەدواداچوونی بۆ ئەکات لەلایەن کارمەندێکەوە ئەنجام بدرێت کە ئەو کارمەندە لەیەکێك لەو دەسەڵاتانەدا کار دەکات، باس لەناوەندە ئاینییەکان کرا، دیارە ئێمە لێرەدا کە دەڵێین دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەزارەتی ئەوقافیشمان هەیە، ناوەندە ئاینییەکانیش سەر بەوەزارەتی ئەوقافن، هەر کارێکی گەندەڵی لەوێش ئەنجام بدرێت دووبارە دەچێتەوە ژێر ویلایەتی دەستەی نەزاهە، سەندیکاکان زیاد دەکەین، ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن (فرحان جوهر)کرا، لەدارشتنەوەی ماددەکە دای دەنێین، سەرمایەدار ئیقتراح کرا کە دای بنێین، سەرمایەدار، کەرتی تایبەت، شەخصی سەرمایەداریش دەگرێتەوە، ئەو پێشنیارەی کە کرا تایبەت بوو بەو شتانەی کە دەیکەین، لەو بابەتانەی کە لەلایەن بەڕێز دکتۆر شێرکۆ پێشنیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ئەنەس، فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم وەکو لیژنە دگەل ڕەئیا ئەوەلین، چونکی جامعەو مانعەو موختەسەرە، پتر مولائیمە دگەل وێ قانونێ، هەروەسا باسی ناوەندی ئاینی کرا، تەبعەن ئەوی تابعی موسوڵمانا بت، مزگەفتن، وە تەکیە، ئەوژی هەمی تابعی ئەوقافن، برا ئیزیدیەکانیش دیسا هەروەسا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی مەسیحیش هەیە و ئێزیدیش هەیە، تەنها هەندەك کەنائیس هەین، ئەڤێت تەبشیریەت ئینجیلی ئەو نەخازعن بۆ چ قانونا ژی دیڤی قانونا گرن، ئەگەر ئیشارەتا بدەنە وان، ئەوان بنکەیەت ئاینی ئەڤێت دەرەوەی حکومەتا هەرێمێ دێ جێ خۆ بتن زۆر شتەکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆرە ڤالآ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە لەگەڵ ڕای یەکەمین، بۆیە داوا لەبەڕێزت دەکەین ڕای یەکەم بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی یەکەم تەقریبەن هەر یاساکە خۆیەتی، لەگەڵ فەقەرەی سێیەم گۆڕاوە، ئێمە وەکو دەستەی دەستپاکی لەگەڵ ڕای دووەمین، ڕای یەکەم مەزمونەکانی هیچ فەرقێکی نییە، بەڵام ئێمە کە یاسا دادەڕێژین ئەبێت حسابی ئەوەش بکەین کەسێك لەدەرەوە ئەو یاسایە دەخوێنێتەوە، ڕەئی یەکەم دەڵێت (حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر)یەکسەر باسی سەرۆکەکانمان بۆ دەکات، کەسێك لەدەرەوە ئەم یاسایە بخوێنێتەوە گومانێکیان هەیە کە ئەم یاسایە لەسەر سەرۆکەکان جێبەجێ ببێت، بۆیە ڕەئی دووەم ڕەئی ئێمەیە کە دەڵێین، (حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبێت بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم) لەناویشیاندا سەرۆکەکان، خۆی ئەگەر ڕاستیت دەوێت ناوەکەشی ناوێت، چونکە کە تۆ وتت هەموو کەسێك لە هەرێم، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام ڕەنگە بۆ زیاتر تەئکید کردنەوە بێت، چونکە ئەمە یەکەمجارە لەهەرێمی کوردستان دەستەی دەستپاکی دادەمەزرێت، یەك دوو ئەندام پەرلەمانیش پرسیاریان کرد، فلان دەزگا دەگرێتەوە، فلان بەڕێز دەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە دووەم تۆزێك شمولی تر دەبێت، کە تۆ دەڵێیت ویلایەتی دەستە ویلایەتێکی عامە، کەوایە بەسەر هەموویان تەنفیز دەبێت، تەئکیدیش لەسەر ئەوەندە دەکاتەوە تا هیچ گومانێك دروست نەبێت کە دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا هەست دەکەم تووشی هەڵەیەکی یاسایی دەبین، ئەگەر لێرە کەرتی تایبەت داخڵ بکەین و لەناو مەهامەکانی پەرلەماندا داخڵ نەکرێت، لەناو مەهامەکانی پەرلەماندا چاودێریکردنی کەرتی تایبەتی تێدا نییە، بۆیە من بە بەڕێزتم ڕاگەیاند تەوصیەی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ بکەیت کە پەرلەمان بتوانێت چاودێری کەرتی تایبەت بکات، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین لەژێر چاوەکانی پەرلەمانەوە کە بریتیە لەدەستەی نەزاهەو چاودێری دارایی، ئەوکاتە بتوانین چاودێری کەرتی تایبەتیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر ئەمە دوو شتی جیاوازن، ئەمە باسی یاسای دەستەی دەستپاکییە، باسی ئەو شوێنانە دەکرێت کە دەکەونە ژێر چاودێری ئەوانەوە، بەڵام ئەو داوایەی بەڕێزیشت داوایەکی ڕەوایە، لیژنەی پەیوەندیدار لەناو هۆڵی پەرلەمانن، ئەتوانن موناقەشەی بکەن لە لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر بەباشیان زانی کە کەرتی تایبەتیش بخەنە ژێر چاودێری پەرلەمان هەروەکو چۆن ئێستا ئەمە پەسەند بکرێت دەخرێتە ژێر

چاودێری دەستەی دەستپاکی، بەڵام ئەمە مانع نییە کە بخرێتە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستانیش، ئەمەویت تۆزێك تەوزیح بدەم، بەڕێزان ئێستا دوو ڕەئی هەیە لەبەردەم ئێوەدا، پێشتر بۆتان هاتووەو لە صندوقەکانتان بووەو خوێندووتانەتەوە، ئەبێت بەدواداچوونتان بۆ کردبێت، ڕای یەکەمیان بەشێوەیەکی حەسری ئەو کەس و لایەنانە دیاری ئەکات کە ئەچنە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکییەوە، بەشێوەیەکی حەسری ناویان دەهێنێت، کەسی تر ناچێتە ژێر چاودێرییانەوە، ڕەئی دووەم هەموو کەسێك ئەچێتە ژێر چاودێرییانەوە، بەڵام وەکو عەرەب دەڵێت(علی سبیل المثال) هەندێك ناوی هێناوە هەندێك شوێن وکەسایەتی هێناوە، چونکە ئەوانە زیاتر ئەچنە ژێر چاودێرییەوە، بۆیە من پێم وایە پێویست دەکات نەبێتە ئیشکال لەوەی کە کامیان یەکەمجار دەخەینە دەنگدانەوە، کامیان دووەمجار دەخەینە دەنگدانەوە، پێویست دەکات ئێوە خۆتان ساغ بکەنەوە، ( علی سبیل الحصر) تەنها ناوی ئەو کەسانە بهێندرێت کە دەکەونە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکییەوە، یان هەموو کەسایەتییەك لەهەرێمی کوردستان بچێتە ژێر چاودێری ئەم دەستەیەوە، لەیاساکەدا بەشێوەی نموونە یان دەڵێت لەزمنیاندا ئەو کەسایەتییانەی کەهێناویەتی ناویان بنووسرێت، تەبعەن ڕای دوو لیژنەکە خۆتان بیستتان، ئەوەیە کە ڕای یەکەم تەرجیح دەکەن، ڕای لیژنەی دەستپاکیش ڕای دووەم تەرجیح دەکات، هەندێك لەئەندامانیش ڕای دووەمیان تەرجیح کردووە، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من حەزم لێیە سەرۆکی پەرلەمان هەڵوێستە بکات لەسەر ئەو قسەیەی کە مامۆستا فەرمووی، بێگومان کە ئینسان قانون دادەنێت بەمەبەستی گومان کردن نییە، نە لە تاکی ئینسان، نە لەهیچ فۆماسیۆن و ڕێکخراوێك لەناو کۆمەڵگاکەدا، بەڵام دای دەنێین بۆ ڕۆژێك، لەکاتێکی مومکیندا ئەگەر شتێکی وا ڕوویدا چۆن چارەسەری بکات، ئەوەی مامۆستا فەرمووی ئەگەر بەڕاستی لەکوردستاندا موئەسەساتی دینی لەچوارچێوەی کەنیسەیەکی کریستیانیدا هەبن، کە نەکەونە ژێر چاودێری هیچ یاسایەکەوە، ئەمە بەڕاستی نابێت شتی وا، حەقە لەسەر ئەوە قسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد، فەرموو

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی ئەوە دەڵێم ئێمە هەموو موناقەشەکانمان، ئەو هەوڵانەی کە لەڕابردوو داومانە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە، لەپێناو ڕەخساندنی دەستکراوەیی زیاتر بووە بۆ دەستەکە، تا بتوانێت باشتر چاودێری بکات لەڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بۆیە ڕای دووەم ڕایەکی ئیجگار

گونجاوه، با سەیری واقیعی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان بکەین ئەوەی کە پیادەی گەندەڵی دەکات تەنها لەناو سیستمی سیاسی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دەڵێین پشتگیری لە رای یەکەم دەکەین وەکو دوو لیژنەی تایبەتمەند، مەبەستمان ئەوەیە کە لە رووی یاساییەوە بۆ تەنزیم کردنی یەك قاعیدە نابێت بە دوو مەبدء وەربگیرێتن، اما (علی سبیل الحصر) دیاری دەکەی کە هەمووانیشی گرتۆتەوە، کە لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێین سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بە جێ کردن و دادگەری و ئەندامەکانیان و ئەوانەی تێدا کارمەندن، کێ دەمێنێتەوە لە موئەسەساتی حکومی کە نەی گرتێبێتەوە، لە خاڵی دووەمدا کە دەڵێین کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گشتی ئینجا بە دوای ئەوانیشدا، ئەوانەی ئەو کەرتی تایبەتەی کە لە گەڵ قەوارەی گشتی گرێبەستیان هەیە، ئینجا دێنە سەر خاڵی سێیەم هەموو رێکخستن سیاسی، مەبەستمان لێرە مولاحەزەکەتان تەنها مولاحەزەیەکی یاساییە بۆ تەنزیم کردنی یەك قاعیدە نابێت بە دوو مەبدء وەربگیرێ، (علی سبیل المثال) لە یەك حاڵەتدا و (علی سبیل الحصر)یش بۆ تەنزیم کردنی هەمان قاعیدە، مولاحەزەکە تەنها مولاحەزەیکی یاساییە و لە هەر دوو حاڵەتدا هەموو کەسەکان دەگرێتەوە، هیچی لێ بەدەر نییە، لە خاڵی یەکەمیشدا هیچ کەسێك بەدەر نابێت لەوەی کە بکەوێتە ژێر هەیمەنە و رەقابەی دەستەی نەزاهە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من تەنها یەك داوام لە ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بەڕێزان، ئێستا هەر دوو راکان بۆ ئێوە روون و ئاشکرایە وازیحە، تکایە با لەمەولا ئەم پرسە کامیان لە پێشەوە ئەخرێتە دەنگ و کامیان لە دواوە ئەخرێتە دەنگ ئەوانە نەبێت بە کێشەی پەرلەمانی کوردستان، من پێم وایە ئەمە کارێکی نەشیاوە کە ئێمە وابزانین ئەگەر هەر رایەك یەکەم جار خرایە دەنگ ئیتر ئەبێ زۆرینە بە دەست بێنێ و رای دووەم زۆرینە بە دەست ناهێنێ، ئەبێ ئەندامی پەرلەمان خاوەنی رای خۆی بێ، یەکەم جار بخرێتە دەنگەوە، دووەم جار بخرێتە دەنگەوە، دەیەم جار بخرێتە دەنگەوە، بۆیە خۆتان ساغ بکەنەوە ئێستا رای لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە کە رای یەکەم بە پەسەند دەزانن، دەستەی دەستپاکی رای دووەم بە پەسەند دەزانن و هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش کە موداخەلەیان کرد رای دووەم بە پەسەند دەزانن و ئەیخەینە دەنگەوە، ئێمە گرنگی بەوە نادەین کە کێ رای چییە؟ بۆیە ئێوە خۆتان یەك لای ئەکەنەوە لەسەر ئەم پرسە، رای یەکەم بخوێننەوە ئەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا رای دووەم ئەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای یەکەم حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بە سەر یەکەم سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بە جێ کردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانەی تێیاندا کارمەندن، دووەم : کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لە گەڵ فەوارەکانی کەرتی گشتی دا گرێ بەستیان ئەنجام داوە، سێیەم : ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومی و نیشتیمانییەکان و یەکێتیەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و یانەکان و لەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕەوای سەرچاوەکان و مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و دواکەوتنی شۆشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئاری هەرسین ئەکەم و پێم خۆشە ئەو مولاحەزەیە بە هەند وەربگیرێ و بخرێتە دەنگدانیش زیادکردنەکەی، ناکرێ هیچ موئەسەسەیەك هەبێ بە تایبەت ئاینی لە ژێر ڕەقابە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی لە سەر ئەو پرسە، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك ئاری ئەو ئیشکالیاتە لە بەشی دووەم حەل ئەبێ ئەگەر لیژنەی یاسایی ڕای دووەم کە باسی هەموو ئەکات بە سەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دووبارە ئەکەمەوە، ڕای یەکەم بە شێوەی حەصری ئەو کەسایەتیانە دیاری ئەکات کە دەکەونە ژێر چاودێری دەستەی دەست پاکییەوە، ڕای دووەم هەموو کەسایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەڕۆنە ژێر چاودێرییەوە و (علی سبیل المثال) کۆمەڵێك لە دەسەڵات و کەسایەتیەکانی هێناوە، لیژنەی دەستپاکی مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە ڤالا وتی سەرۆکی پەرلەمان، کو ئەو هەر دوو لیژنە لە سەر ڕەئیەکن، بەس ئەو هەر دوو ڕەئیە لە لیژنە هەبوو لەوا ئێمە لە ڕاپۆرت هەر دوو ڕەئی نووسینە، وەکو کاك ئومێد عەرز کری، ئێستا بۆ من دیار

بووە ئەگەر یا دووەم بێیتن باشترە و گشتگیرترە، لە گەلْ ئەوی مەسەلەن ئەگەر کێماسیەکا ئاینی هەبیتن نە تابعێ حکومەت بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نزانم، پێشنیار دکەم خالا ئێکەم دویماهیك جوملە ئیزافە بکەین، ئەو ژی هەموو دەسەلاتێت فەرمی ژبەر کو لڤێرێ نە دەستە نە کۆمسیۆن نەهاتیە دیار کرن، چ دەستە و چ کۆمسیۆن یێن سەربەخۆ یەعنی ئەڤە ناکەڤنە بەر ریقابێ؟ فەرعەکا تەشریعی دی پەیدا بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش تێبینی یەکی دروستە، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی رای مامۆستا هەورامان و کاك ئاری ئەکەم و دەکرێت خاڵی سێیەم جێ بکرێتەوە، رێکخراەکانی کومەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکان و ناوەندە ئاینی یەکان و یان مونەزەماتی ئاینی دەکرێت لە وێندەر شوێنی بکرێتەوە و ئیشی یەکە حەل ئەکرێت پێم وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر رای یەکەم بڕگەی سێیەم بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، رێکخستنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییە نیشتیمانی و یەکێتی یەکان و سەندیکاکان و ناوەندە ئاینەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو بابەتانە پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و دواکەوتنی شوشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوە لە دوویەمدا هەموو کەسایەتییەکانی تێدایە، ئەگەر رای یەکەم دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەچینە سەر رای دووەم، ئێستا کێ لە گەڵ رای یەکەمە؟ بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە، (٣٤) کەس لە گەڵیێەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ (٤٧) لە گەڵ نییە، دژیەتی، کەواتە پەسەند نەکرا، رای یەکەم پەسەند نەکرا، ئەچینە سەر رای دووەم، لە رای دووەمیش ئەو تێبینی یانە ئەگەر ڕەچاو بکەن.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەم (٤٧) کەس دژی بوو، زۆرینە دژی بوو بە مەعنای ئەو، ئەوانە لە گەڵ رای دووەمن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، نە مەرج نییە رای دووەمیش ئەخەینە دەنگەوە، ئەو تێبینی یانەی بۆ ئیزافە کەین، ناوەندە ئاینی یەکان، بەڵێ کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە بفەرموی من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی، ئەمەی کی دائەنێن ئێستا ئەگەر رێکخراوێك یا وەکو چۆن بۆ کۆمپانیایەك تەصەور ئەکەم شمولی بکا، ئایا بۆ رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی دیسانەوە ئاینی کە لە دەرەوەی کوردستان بێت ئەکتیڤێتی یەعنی چالاکی هەبێت لێرە ئەم حوکمانە شمولی ئەوان ئەکات وەکو پرسیار؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ناوەندە ئاینی یەکانمان هێناوە بە شێوەیەکی موتڵەق، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ناوەندە ئایینی یانە ئەگەر وەکو کەسی ئەجنەبیش لێرانە تەعامولیان لە گەڵ بکرێت ئەگەر لێرە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن و تاوانەکانیان بە پێی ئەو ماددانەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەم هێنامان ئەوە مەشمول دەبێتن کاتێك کە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن لە چوار چێوەی ئەو وڵاتەدا و زەرەر بەو وڵاتە دەگەێنن، رای دووەم : حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بە سەر هەموو کەسانی ناو هەرێم و لە ناویاندا ئەو لایانانەی خوارەوە :

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بە جێ کرن و دادگەری و ئەندامەکان ئەوانەی تێیاندا کارمەندن، دووەم : کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەوە کەس و کۆمپانیانەی لە گەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی دا گرێ بەستیان ئەنجام داوە، سێیەم : رێکخستنە سیاسەتکار و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومی و نیشتیمانی، یەکێکتییەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و ناوەندە ئاینەکان و یانەکان

لەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕەوای سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و بە دوا کەوتنی شوشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رای دووەمیش ئەخەینە دەنگەوە بۆ ئەوەی بزانین کێ لە گەڵ رای دووەمە، بەڵام پێم وابێ ڕێکخستنە سیاسییەکان گونجاوترە لە ڕێکخستنی سیاسەتکار، ئەو وشەیە لە هەرێمی کوردستان زۆر نەرۆشتووە ڕێکخستنی سیاسەتکار دوای ئەوەی لە سیاغە ئەتوانن چاکی بکەنەوە، کێ لە گەڵ رای دووەمە بەو شێوەیە کە خوینرایەوە؟ ٤٩ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ ٢٧ کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئەچینە سەر بەندێکی تر، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخویندرێتەوە، بڕگەی یەکەم، بڕگەی دووەم، بڕگەی سێیەم، بڕگەی چوارەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بڕگە پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخویندرێتەوە : هاوکاری نێو دەوڵەتی لە بواری ڕێگە گرتن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا، تکایە لە پێشەوە بەندی پێشەوە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم بخوێنەوە مادام ئەڵێین وەکو خۆی، ئەو کات بچنە سەر ئەو بەندانەی کە ئەوتوانین تەعدیلی کەین، بۆ گفتۆگو، بەڵێ، باشە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، هاوکاری نێودەوڵەتی لە نێوان ڕێگە گرتن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و بەرەنگار بوونەوەی ئاڵۆگۆڕ کردنی زانیاری لە سەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنوور بڕ بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بڕگەی شەشەم : وشەی رەوشت (اخلاقیات) دەبێتە وشەی چەمکەکان، مەفاهیم و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری نیشتیمانی بۆ گەشە پێدانی چەمکەکانی دەست پاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە پابەند بوون بە ستانداردەکانی راژەی گشتی و کاردەکەن لە گەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لە پێناو دانانی پرۆگرامی خویندنی نیشتیمانی بۆ پتەو کردنی چەمکی دەستپاکی گشتی، بڕگەی حەوتەمیش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بڕگەی هەشتەم : یەکەم، وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەکرێ بە راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە، دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی

دارایی بە پابەند کردنی راسپێدراوان بـە خزمـەتی گشـتی کـە لـەم یاسایەدا دەقییـان لـە سـەر کـراوە کـەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵ و دواکەتووەکان ئاشکرا بکەن، و لـە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هـەموار دەکـرێ بـە گـوێرەی ئـەوەی دەسـتە بـە گونجاوی دەبینـێ بـۆ دەسـتەبەر کردنـی ئـەو مەبەسـتانەی لێـی چاوەڕێ دەکـرێ، خـاڵی دوو : وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، سـێ، وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، چـوار هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتـەوە، دەسـتە بـۆی هەیـە راپۆرتـەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتـەوە و رێگـە بـدات بـەوەی جـەماوەر و راگەیانـدن سـەیریان بکـەن یـان کۆپیان بکەن سەبارەت بەوانەی حوکم دەدرێت بە یەکێك لەو تاوانانـەی کـە لـە بڕگـەی حەوتـەمی بەنـدی یەکەمی ئەم یاسادا هاتووە، نۆیەم : وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەیەم : خاڵی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتـەوە، خاڵی دووەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سێیەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتـەوە، پێویسـتە لـە سەر ئەو لایانەی ملکەچی چاودێری یە لە سەر داوای دەستە و بە بێ دواکەوتنی زانیاری و روونکردنـەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن هەر چی یەك بێت پلەی نەدرکانیان پێشکەش دەسـتەیان بکـات و لە گەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویستی بزانێت، تێیان بڕوانێ بە پێـی یاسا کارپێکراوەکان، چوارەم و پێنجـەم وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، یـازدەم وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، دوازدەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سێزدەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، جێ بە جێ کردنـی رێ و شوێن بۆ رێگە گرتن لە تێوە گلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەوکردنی شەفافیەت لـە قـەوارەکانی کەرتی تایبەت و رێگری کـردن لـە نـاکۆکی بەرژەوەندیـەکان تیایانـدا، چـواردەیەم: هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتـەوە: پازدەیـەم: دەسـتە بـۆی هەیـە هـەر کارێـك بکـات کـە زەروری بـێ لـە بـواری بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن لە گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو بەندە؟ فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لاپەڕە (٢) لە پرۆژە یاساکە لە ئەسڵەکەدا، خاڵی دووەم تابەنـدی پێنجـەم وشـەی ئـاخیری دێڕەکـە دەڵێـت (هـەموو هەواڵـدانی گەوجـە)، لەڕاسـتیدا مـن زۆر گـەڕام نـەمزانی ئـەوە واتـای چییـە، پێشـتریش تـەعریف نەکراوە یەعنی (هەواڵدانی گەوجە)، لەڕاستی نەمزانی مەبەستی لە چییەو بۆچی لـەوێ دانـدراوە؟ ئەگـەر مەبەست لە هەواڵی ناڕاستە ئەوە دەتوانرێت بنووسرێت (هەواڵی ناڕاست)، هەر لەوێ لـە پـرۆژە ئەسـڵیەکە لە خاڵی سێیەم بەبڕوای من ئەگەر ئەوە زیاد بکرێت (لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لـە رێگـای دادوەر یان لیکۆڵەری سەر بە دەستە، لەژێر سەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە)، یەعنی مەبەستم ناو دەستە ئەگەر دادوەر هەیە ئەوەشـی بـۆ زیـاد بکرێـت شـتێکی باشـە، هـەر لـەو ماددەیـە لـە خـاڵی پێنجـەم بـە بـڕوای مـن پێشـنیاردەکەم ئـەوەی بـۆ زیـاد بکرێـت، (هاوکـاری نیودەوڵـەتی لـە بـواری رێگـەگرتن لـە گەنـدەڵی و

بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتیش لە تاوانەکانی گەندەڵی سنووربەر، گەڕانەوەی سامانی بەدەستهاتوو، یەعنی ئێمە ئێستا ئەو شتانە دەنووسم بۆ بەڕێزتان، گەڕانەوەی سامانی بەدەستهاتوو لە کاری تاوان یان گەندەڵی لەوپێناوەدا دەستە بۆی هەبێت ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی لایەنە تایبەتمەندەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە بەندی پێنجەم خاڵی شەشەم لە کۆتاییەکەی پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، بۆ پتەوکردنی چەمکی دەستپاکی گشتی و، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ ڕێساکانی ڕەفتار چاکی و پەروەدەری هاووڵاتی تەندروست، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەکانی من لەلایەن بەڕێز دکتۆر شێرکۆ کرا، منیش پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. جوان فەرمووو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم فەقەرە (٧) دەرکردنی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری وەزیفی، پێم باشە بڵێین ئەرێنی، چونکە سلوك وەزیفی سلبیش هەیە، پێم باشە وشەیەك دابنێین بڵێین ئەرێنی یەعنی ئیجابی، ڕوونکردنەوەی ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی، ڕەوشتەکانی کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێوە، ڕەوشتەکانی بڵێین ڕەوشتەکانی کار، چونکە ئیدارییەن مەعروفە پێی دەڵێن ئەخلاقی عەمەل ئیزافەی بکەین، پێوەپابەند بن وەك مەرجێکی دامەزراند بڵێن یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن، چونکە مەرجی دامەزراندن بەس سلوکی وەزیفی نییە، بەڵکو شەهادەیە، ئیختساسە، شارەزاییە، ئەوانە من چاکم کردووەتەوە بۆ لیژنەی یاسایی نووسیتم، هیوادارم سوودی لێوەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنجەم لە راپۆرتەكە تێبینیەكانی من زیاتر زمانەوانییە، هاوكاری نێودەوڵەتی لە بواری ڕێگاگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئەوە هەڵەیە، ناكرێت ڕێگا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بگیرێت، دەبێت ئەوە لابرێت، ڕێگاگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و ئەو وشەی گەندەڵیەش هەر زیادەیە، ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری و لێكۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لە تاوانەكانی گەندەڵی سنووربڕ ئەوە بەو شێوەیەی لێبكرێت، شەشەم: بلاّوكردنەوەی ڕۆشنبیری و نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمكەكانی دەستپاكی و شەفافیەت و، ئەگەر بۆ كوردانـدنی بكرێتە (ڕوونیەتی و لێپرسینەوە)، (پابەند بوون بە ستاندەرەكانی ڕاژەی گشتی و كاركردن)، نەك (كاردەكات)، كاركردن لەگەڵ بەرپرسان بێ، من لەپێناو دانانی بەرنامەی نەك پرۆگرام، بەرنامەی خوێندنی بەوشێوەیەیە، هەشتەم: دەركردنی ڕێژەی ڕینمایی، دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان، ئەگەر لەبری ئەستۆی دارایی كە هەندێك ناڕوونە، بەرژەوەندییە داراییەكان، بەپابەندبوونی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی، ئەگەر ئەو ڕاسپێردراوانە بە خزمەتی گشتی هەر لەوەی پێشووتریشدا بكرێتە ڕاسپێراوانی خزمەتی گشتی، بەبڕوای من لەڕووی زمانەوانییەوە باشترە، دەقیان لەسەر كراوە دەڵێت كە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە، ئەم دەقیان لەسەر كراوە لەڕووی زمانەوانییەوە هەندێك ناڕوونە، هەندێك باش نییە، بەبڕوای من بكرێتە دەق نووس كراون ئەوە لەپێشتریشدا هەمان تێبینیم هەبوو، داراییەكانی خۆیان و بەرژەوەندییەكانی هاوسەرو ئەو بەرژەوەندیەكانی ئەوەش هەر زیادەیە لەوێ، كەوا بەرژەوەندییە داراییەكانی خۆیان و هاوسەر و منالە دواكەوتەكانیان ئاشكرا بكەن، دوای ئەوە (وە) دیسانەوە ئەو (وە)یە لابرێ، ئەگەر وەك بڕگەیەك یان بەجیاوازیش بنووسرێت ئەوە هەر گونجاوە، بكرێە ئەو ڕێنماییانە ئەوەی بۆ زیادبكرێت، ئەم ڕێنماییانەی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر هەموار دەكرێت بەگوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینی بۆ دەستەبەركردنی ئەو وەستانەی لێی چاوەڕوان دەكرێت، چوارەم: هەموار دەكرێت بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، راپۆرتەكانی دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان ڕێگا بدات بەوەی هەندێك وشە هەیە زیادەیە، بەوەی زیادەیە لابرێت، جەماوەر زۆر یاسایی نییە، ئەگەر بكرێتە ڕێگا بدات هاوولاّتیانی هەرێم و ڕۆژنامەنووسان بیان بینین و لەبەریان گرنەوە، واتە كۆپی كردن بەوشێوەیە بگۆڕێت، دەیەم: پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملكەچی چاودێریە لەسەر داوای دەستەو بە بێ دواكەوتن زانیاری و ڕوونكردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی كە نهێنیشن پێشكەشیان بكات، بەو شێوەیە ئەگەر ئەو گۆڕانكاریانەی تێدا بكرێت وەك خۆی بنووسرێتەوە، بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له هەشتەم خاڵی چوارەمی دەڵێت دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی داریی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن، تا ئەوێ تەواوە ، بەڵام دەڵێت سەبارەت بە ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانەی کە لە بڕگەی (٧) ی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە داهاتووە، یەعنی لەڕووی ڕێزمانیەوە ئەو جوملەیە تەواو نییە، ئەگەر وای لێ بکرێت، (دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی داریی ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانەی کە لە بڕگەی (٧ )ی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە داهاتووە بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن)، ئەوە تەواوترە، چونکە لێرە ئاوها مانا نادات، پشتیوانی لەوەی کاك ئومێد دەکەم سەبارەت بە دەیەم، خاڵی سێیەمی لەوە یەك تۆز گومان بۆمنیش دروست بووە، پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێریە، یەعنی ئێمە وتمان هەموو کەس ملکەچی چاودێرییە، ئەگەر ئەوەش وابکەین پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی کە دەستەکە داوای زانیاری لێ دەکات، یەعنی دیاری نەکەین ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە، یەعنی لایەنێك نییە ملکەچی چاودێری نەبێ، بۆیە ئەگەر ئەوەش لابرێت هەروای لێ بکرێت پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێریە لەسەر داوای دەستەو بە بێ دواکەوتن زانیاری و ڕوونکردنەوە و نووسراو بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن پێشکەشی دەستەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە تێبینیتان هەبوو، تێبینیەکانتان بنێرن بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆئەوەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر شتێکتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (هەواڵدانی گەوجە) لە ڕاستیدا ئەوە تەرجومە کراوە، خۆی لە ئەسڵدا (الاخبارات المغفلە)، مانای ئەوەیە ئیخبارێ کە بە عەفەوی دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی دەستەش ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات، ئەخبارێك کە بە عەفەوی دەکرێت، یەعنی بە ئەنقەست ناکرێت، سەبارەت بەوەی کە دادوەر لێکۆڵینەوە بکات، ئێمە دادوەرمان نییە لە دەستەکە، بەس لێکۆڵەرمان هەیە، بۆیە وتوومانە لێکۆڵینەوە بکات لەژێر چاودێری دادوەرەکە لە قەزائا، بەڵام لێکۆڵەرەکە لەناو دەستەکەیە، سەبارەت بەو تێبینیەی کە وترا ڕێسارەکانی ڕەفتار چاکی بۆ بەندی شەشەم زیاد بکرێت، ئەگەر سەیری بڕگەی حەوتەم بکەن، بڕگەی حەوتەم ئەوەی تێدایە باسی ڕێساکانی ڕەفتار چاکی دەکات، سەبارەت بە تێبینیە زمانەوانییەکان پێمان بگات ئەوەی کە بەشێکی زۆریان ڕاستییان تێدایە وەریدەگرین، سەبارەت بە تێبینییەکانی بەڕێز دکتۆرە

جوانیش ئەخلاقیاتی عەمەل کار وەردەگرین، هەروەها یەکێك لە مەرجەکانی دامەزارندن ئەوەش بەجێیە وەریدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی دەستە دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من مولاحەزەیەکم لەسەر هەشتەم ، چوارەم هەیە، ئێمە لە تەعدیلەکە داوامان کردبوو کە دەستە سەلاحیەتی ئەوەی بدرێتێ راپۆرتەکانی، فۆرمەکانی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان بۆ ڕای گشتی بلاو بکاتەوە، بەلام دیارە لیژنە تەقیدیان کردووە بۆی کە سەبارەت بەوانەی حکوم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە هاتووە، لەبەر دەستی دەستە بێ باشترە، ڕەنگە ئێستا ئەو پرۆسەیە یەکەمجارەو بەڕێوە دەچێ، ئێمە حیساباتی وەزعی خۆمان دەکەین، زۆر خەڵك هەیە ئەگەر چی داهاتەکەشی زۆر شائیە، بەلام پێی خۆش نییە ئەو داهاتە بلاوبکرێتەوە، لەبەرئەوەی وتمان بۆی هەیە واتە دەستە خۆی تەقدیر بکات، بەلام لێرەدا برادەرانی لیژنە تەقیدیان کردووە بە ئەوە هەر کەسێك حکوم درا ئەوە ئیتر حکوم درا بەسەر گەندەڵی و ئەوانە، بەڕای من چ ئەوەك نامێنێتەوە ڕەنگە ئەوەش موجەرەد دەستەو ئەو وەسایقانەی لایەتی تەقدیمی مەحکەمەی دەکات، کاتێك ئەو کەسە لە کەیسێکی گەندەڵی تێ ئالاوە، پرەنسیپەکانی شەفافیەت لە زۆربەی ولاتانی جیهان فەرز دەکات، هەموو کەسێك بەتایبەتی ئەوانەی پۆستی بالا وەردەگرن سامان و سەروەتەکانیان ئاشکرا بکەن، بەلام ئێمە تێ دەگەین کە بەتایبەتی لە کوردستانەوە هەیە، پێشم وایە دەستەی نەزاهەی عیراقیش تا ئێستا نەکردبێت، لەبەرئەوە تۆزێ موراعات کردنی وەزعەکە ئەوەش وەکو (مبدء) ئێمە خۆشمان هەموو ئەو بەڕێزانە کە فۆڕمیان پڕ کردووەتەوە وتوو مانە زۆر تەبیعییە، هانیشمان داون ئەگەر خۆیان فۆڕمەکان لەسەر سایتی خۆیان بلاودەکەنەوە، لە پەیجی خۆیان ، لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بلاوی دەکەنەوە، بەس لێرە دیارە ئەوەیان کردووە حەسریان کردووەو قەراری ئاخیری لەلای ئێوەی بەڕێزە، بەلام موهیم تەعدیلە ئەساسییەکەی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو سەلاحیاتە بدرێت بە دەستە، چونکە بەخۆتان دەزانن زۆر لە ڕاگەیاندنەکان داوامان لێ دەکەن، لەڕاستیدا ئێمە وتمان ئەوە مانایەکی قانونی هەیە، دوایە هەتا ئەگەر مانایەکی قانونیشمان هەبێ، بۆیە بە تەئکید موراعاتی ئەو زروفە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم خاڵی چوارەم، کە ئێستا بەڕێز سەرۆکی دەستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەردا، ئێمە بۆیە موقەیەدمان کرد بەوە، چونکە ئەم بڕگەیە ئەگەر بەمشێوەیە موقەیەد نەکرێت پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ بنەماکانی خسوسیاتی کەسەکان، بۆیە تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەبێ کە دەستە بۆی هەبێ ئەموالیان بداتێ یان کاتێك کە حکوم دەدرێن بە یەکێك لە تاوانەکان، غەیری ئەوە پێمان وابوو پێچەوانەی خسوسیاتی کەسەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە داڕێژنەوە، ئەو زیادکردنانەی کە باستان کرد تێدا بوون، هەڵە ڕێزمانییەکان چاك دەکەنەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڕێز دکتۆرە بەهار دەیانخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١- جێ بەجێ کردن و سەپاندنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی بە پێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان.

٢/ وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵا لە سەر گەندەڵی بەسەرجەم ڕێگە و ئامرازەکان و لەسەرجەم سەرچاوەکان ومامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم ئەو شتانەی ڕەدی دەکەنەوە لە نێوانیشیاندا هەواڵدانی گەوجە (الاخبارات المغفلە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لێرە دەرفەتێکمان بدێ، بەڕێز سەرۆکی دەستە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداینێ لەسەر هەواڵدانی گەوجە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا وەکو دکتۆرە بەهار وتی ئەوە تەرجومەی حەرفیە، بەلام هەندێکجار وشەکان لە کوردی تۆزێك بەکورتی نازانم ناخۆش دەبێ یان زۆر حەزدەکەی گەوجە بێ لەناو قانون ناگونجێت، ئەو (الاخبارات المغفلە) زۆرجار مەسەلەن ئیخباریات بۆدەستەی دەستپاکی دێ، مەسەلەن سەیر دەکەی نە سەرچاوەکە، نە ئەو کەسەی پێی هەستاوە، ئەوەنییە، یەعنی ئەو تەقدیرە بۆچی دەگەڕێتەوە، کۆمەڵێك ئیخباراتت بۆ دێت، ئیخباریاتی حەقیقیت بۆ دێت لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی زانیاری تێدایە، ئیخباریاتی لەو جۆرەشت بۆ دێت، بەلام بەس بۆ وشەکە خۆتان دەتوانن ئەگەر تەرجومەیەکی باشتر هەیە، چونکە ئەوە هەمان مەبەستی دەستەی دەستپاکی عیراقیش، لێتان ناشارینەوە بەشێکی زۆرمان نالێین هەموو، بەلام زۆرمان سوودمان لەوە وەرگرتووە، چونکە ئەوانە لەپێشی ئێمەش هەم نزیکەی (٩) ساڵ تەجروبەی عەمەلیشیان هەیە، دووجار، دوو یاسایان بۆ دەرچووە، یاسای دامەزارندنیانی، یاسای دووەمیشیان کە لە (٢٠١١) لە خولی دووەمی پەرلەمان دەرچووە، لەبەرئەوە دەکرێ ئەگەر ئەوە ئیشارەتی پێ بکرێت، یەعنی ئە و ئیخبارانە هەیە لە ئەرزی واقیعدا، ئەوان زیاتر لە تەجروبەی خۆیانن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مەبەستمان (الاخبارات المغفلە)یە، ئەگەر وشەیەکی باشترمان بۆ دەدۆزیەوە لەکاتی سیاغەدا ئەوە بۆی دادەنێین، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی هەواڵدان شەرت نییە لەکوردی، یەعنی هەواڵدان ئاوانییە بەو ئسلوبە، هەر هەواڵ بێ ئە ویش هەواڵی ناڕاست، یەعنی هەواڵێك کە ڕاست نییە، ئیتر لە سەرچاوەکەیەوە ڕاست نییە، ئەوەی کە گەیاندوویەتی ڕاست نییە، من پێم وایە زۆر گشتگیرە، ئەو هەواڵدانەکەش بکرێت بە هەواڵ، یان هەواڵدەر، ئەوەی کە هەواڵ دەدات، هەواڵدان نییە، هەواڵدەرە، بەسە ئەگەر هەر هەواڵ بەکاربهێنرێت باشترە لەجێگای هەواڵدان، ئەویش هەواڵی ناڕاست بەکاربهێندرێت، پێم وایە ئەوە گونجاوترە لەڕووی زمانەوانیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێزد. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاردەکەم بۆ سوود وەرگرتن لە کات، وەکو شتێکی عورفیش لە پەرلەمان ڕۆیشتووە، مەسەلەی سیاسی پاش و پێش کردنی جوملەو ئەوانە دواتر هێشتراوەتەوە، جا گەوجە، ناڕاستە ئەوەیە، من تەسەوڕ دەکەم مەفهومەکانی ناگۆڕێت، بۆیە پێشنیاردەکەم بۆئەوەی سوود لە کات وەربگرین ئەو مەسەلە سیاغیانە

بدرێتـه ئـەو بەڕێزانـەی کـە دواتـر سـیاغەی دەکەنـەوە زۆر ئاسـاییە، ئێمـە لەسـەر مەسـایلی مـەوزوعی گفتوگۆبکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، سوپاس، بەڕێز کاك فایەق مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ هەواڵی چەواشە یان خەڵەتێنەریش بەکار دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن دوایی هەر پێشنیارێکتان هەیە بماندەنێ، بۆ ئەوەی لە کاتی صیاغەدا سوودی لێ وەربگیرێ، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

قسەکانی من کاك فائق کردی، فەقەت هەواڵدان، پشتگیری کاك زانا دەکەم هەواڵ، ئیتر هەواڵدان لە کوردیدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.سراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم کرا، هەواڵی چەواشەکاری مەبەستم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاری، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو جارێ ئێمە گوێبیست دەبین کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت گوێ مەدەنێ لە کاتی صیاغە کردن دا ئەوە چاك دەکرێتەوە، بەڵام ئەوە قانونە، قانون ریازیاتە، وشە دەربڕینی عەقلە، بۆیە فاریزە و نوقتە و وشە دەتوانێ شت بگۆڕێ لە ڕستەدا، دەتوانی مەعنای قانونی بگۆڕێ، ئینجا بۆیە ئەگەر گەرەنتی ئەوە بەس قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە لە ناو پرۆتۆکۆل دا نووسراوە بەندە خۆم قبوڵمە، ئەگەر شتێکی تریش هەیە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەڕێز کاك ئاری، لە دوای تەواوبوونی یاساکان جاری وا هەیە بە سێ حەفتەش ئەم پرۆژە یاسایانە نانێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، تا بە تەواوەتی تەتەڵە دەکرێ، سەرجەم ئەو گرفتانەی کە هەن چارەسەر دەکرێن و ڕای خەڵکی تایبەتمەند وەردەگیرێ، ئێستا ئەوەی لەو بەندەدا هاتووە بە عەرەبییەکەی (الإخبارات المغفلة)یە، دوایی هەر وشەیەکی گونجاو هەبوو لە کوردی دا، دەتوانین بۆی بە کار بێنین، بۆیە ئێستا دەچینەوە سەر خوێندنەوەی بڕگەکانی تری ئەو بەندە، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٣/ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لەڕێگەی لێکۆڵەری سەر بە دەستە لەژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆڵینەوە بە پێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکاریەکان بەدواداچوونیان و پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاوکارن بە پێی یاسا.

٤/ گەڕانەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بە تاوانی گەندەڵی کە بۆ دەرەوە ڕایان کردووە و گەڕاندنەوەی مایە و سامان و داهاتەکانی گەندەڵی کە بە قاچاغ براونەتە دەرەوە بە هەماهەنگی و هاوکاری لایەنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٥/هاوکاری نێودەوڵەتی لەبواری ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی ولێکۆڵینەوەی هاوبەش بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنووربڕ بەهاوکاری وهەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٦/ وشەی ڕەوشت (اخلاقیات) دەبێتە وشەی چەمکەکان و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی دەستپاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوە پابەند بوون بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و کارکردن لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لە پێناوی دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی چەمکی دەستپاکی گشتی.

٧/ بڕگەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەرکردنی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و ڕەوشتەکانی کار کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیەوە پابەند بن وەك مەرجێکی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە ڕاژە و چاودێری کردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت.

/٨

١-وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەکرێ بە ڕاسپێردراوان بە خزمەتی، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەركرنی ڕێنمایی و دەرخستنی ئەستۆی دارایی بە پابەند كردنی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی كە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە كەوا بەرژەوەندییە داراییەكانی خۆیان و بەرژەوەندییەكانی هاوسەر و منداڵە دواكەوتەكانیان ئاشكرا بكەن، لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر هەموار دەكرێ بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت و بۆ دەستەبەر كردنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ دەكرێت.

خاڵی دووەم و سێیەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٢/ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان زانیاری ورد لەخۆ دەگرێت دەربارەی ئەو شتانەی كەسی داوا لێكراوخاوەنیانە لە نێوانیشیاندا ئەو خانووبەرە و گوازراوە و داهاتی دارایی و ڕەصید لە بانك و پشك و سەنەد و مافی مەعنەوی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم خاوەنیانە.

٣/ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان هەر یەكە لە مانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ/ سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی.

ب/ سەرۆكی پەرلەمان و جێگر و سكرتێر و ئەندامەكان.

ج/ سەرۆك وەزیران و جێگرەكەی.

د/ وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی وەزیر و وەزیرن و بریكاری وەزارەتەكان.

ه/ سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی و جێگرەكەی و سەرجەم بەڕێوبەرە گشتیەكانی دەستە و لێكۆڵەرەوەكانی.

و/ خاوەنی پلە تایبەتەكان وبریكار و یاریدەدەرەكانیان.

ز/ بەڕێوبەرە گشتی و یاریدەدەرەكانیان.

ح/ دادوەر و ئەندامانی داواكاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەریەكان و لێكۆڵەرەكان.

ت/ ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ و ئەوانەی لە پلەی موقەدەم بەرەو سەرەوەن، ئەو ئەفسەر و مفەوەزانەی كاری لێكۆڵینەوە دەكەن.

ی/ پارێزگار وسەرۆكی یەكە كارگێڕییەكان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەكانی پارێزگا و قەزاو ناحیە و سەرۆكەكانی شارەوانیەكان و ئەندامانی ئەنجومەنەكانی شارەوانی.

ك/ هەر كەسێك پۆستێكی مەدەنی یان سەربازی هەبێت لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ كەوا ڕاپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە بە پێی ڕێنماییەك كە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

چوارەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانـەی کە لە بڕگەی (٧)ی بەنـدی یەکـەمی ئـەم یاسایەدا هـاتووە بـڵاو بکاتـەوە و ڕێگـە بـدات بـەوەی جـەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن.

نۆیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم/ ١/ دەسـتە بـۆی هەیـە فەرمانگـەی پەیوەنـدار ڕاسـپێرێت بـە دەسـت کێشانەوەی ئـەو فەرمانبـەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بە پێـی یاسـای بەرزەفتـە کردنـی فەرمانبـەرانی دەوڵـەتی ژمـارە (١٤)ی سـاڵی (١٩٩١) بەرکار لە هەرێمدا.

٢/ دەسـتە بـۆی هەیـە ئـەو سەرپێچـییانەی پەیوەسـتن بـە سـتانداردەکانی ڕاژەی گشـتی ڕەوانـەی لایـەنی پەیوەندار بکات و بۆی هەیە ڕاسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بە گرتنە بەری ڕێکاری بەرزەفتەکاری.

دەیەم/

١/ دەستە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەکات بـۆ چاودێری وەرگـرتن وخـەرجکردنی مایـەکانی هەرێم و ڕەفتار کردن پێیانەوە ڕێگەی بەڕێوەبردن و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

٢/ چاودێری کردنی ئاستی دەستپاکی بڕیار وکارە بەڕێکراوەکانیان و ئەو کارانەی گیراونەتە بەر لە کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

سێیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٣/ پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی کە ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستەو بـە بـێ دواکـەوتن زانیـاری و ڕوونکردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن هەرچییەك بـێ پلـەی نەدرکانـدنیان پێشکەش دەستەیان بکات و لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویسـتی بزانـێ تێیانـدا بڕوانێ بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

٤/ ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (٣)ی ئەم بەندە بکات ئەوا بە بەند کردن بۆ ماوەیـەك کـە لـە (٦) مانگ زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك کە لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نـەبێ یان بە یەکێك لـەم دوو سـزایە سـزا دەدرێ.

٥/ دەستە دەسەڵاتی جوڵاندنی سکاڵای سزاکاری و بەدواداچوونی هەیە بە پێی بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە.

١١/ پێشنیار کردنی ئەو یاسایانەی دەکەونە بواری خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگاربوونەوەی.

١٢/ دەستە بۆی هەیە فەرمانگە و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی پابەند بکات بە بڵاوکردنەوەی داتا یان زانیاری یان بەڵگەنامەی دیاری کراو لەسەر هەر کاروبارێك کەوا سەپاندنی شەفافیەتی تێدا بە پێویست بزانێ بە پێی چەند میکانیزم وڕێسایەك کە دەستە دیاریان دەکات.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

١٣/ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

جێ بەجێ کردنی ڕێ و شوێن بۆ ڕێ گرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەوکردنی شەفافیەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و ڕێگری کردن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان تیایاندا.

١٤/ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

١٤/ دەرکرنی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا و چاودێری پابەند بوون پێیەوە و دەست نیشان کردنی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:

١٥/ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستە بۆی هەیە هەر کارێك بکات کە زەروری بێ لە بواری بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن لە گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی پێنجەم لە بەندەکە ئەوەی کە باس کرا (ڕێگە گرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بە رەنگاربوونەوەی)، ئەوە چارەسەر دەکرێ دوایی، ئەوە ڕاستە (بە رەنگاربوونەوە) دوو جار دووبارە کراوەتەوە، بۆیە ئەوە دواتر چاك دەکرێ، بەڵێ د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەنگاربوونەوە بۆ جاری دووەم هەڵگیرا لە کاتی خوێندنەوەی چارەسەر کراو بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا ئەو مولاحەزەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز د.جوان، فەرموو.

**بەڕێز د.جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ وشەم پێشنیار کرد لە ماددەی پێنجەم، فەقەرەی حەوتەم، دەڵێ ڕەفتاری وەزیفی ئەرێنی، یەعنی ئیجابی، یەعنی ئەو وشەیە دابنێین، چونکە ڕەفتاری وەزیفی سلبیش هەیە، ئەخلاقیاتی عەمەل بەڕێزان وەریان گرت، بەڵام وشەکەی تریش پابەند وەك یەك لە مەرجەکانی دامەزراندن، دەبێ ئەوەی دابنێین،

چونکە یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن، چونکە بەس سلوکی وەزیفی نییە، شەهادەیە، ئیختیصاصە، شارەزایی یە، ئەگەر ئەوەی بە هەند وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی د. بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی ئەرێنی بۆیە وەرمان نەگرت لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەڵێین ڕێنمایی تایبەت بە ڕەفتارەکانی وەزیفە، ئیتر کە ڕێنماییەکە دەردەکات شەرت نییە هەر ئەرێنی دەربکات، یەعنی هەندێ شت هەیە، تۆ ڕێنمایی دەردەکەی حەزری دەخەیتە سەر، دەڵێی نابێ، هەندێکی تریش هەیە دەڵێی دەبێ ئەوە بکرێت، بۆیە تەنها ئەرێنییەکە ناگرێتەوە، باقی تێبینییەکانی ترمان وەرگرت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم من وتم ئەگەر بکرێت دادوەر، وەڵامەکە وابوو وتیان نییەتی، ئەی ناکرێ بۆی دابنرێت؟ ئەی ناکرێ دەستەی نەزاهە دادوەری هەبێت؟ خاڵی دووەمیش لە پێنجەمدایە، من وتم، بە نووسینیش بۆ بەڕێزان لیژنەی یاساییم نارد، بڕوام وایە ئەوە هەم لە بەرژەوەندی یاساکەدایە، هەم لە بەرژەوەندی سیستەمی سیاسی و شەفافیەتیش دایە لە هەرێمی کوردستان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیش، ئەوەی کە من نووسیم جۆرێك لە دەسەڵاتی زیادکردنی دەستەشە، هەر بۆ بەڕێزانم نووسیوە، ئەگەر بە خێرایی خوێندمەوە (لە دوای تاوانەکانی گەندەڵی سنووربڕ) نووسیومە (گەڕانەوەی سامانی بە دەستهاتوو لە کاری تاوان یان گەندەڵی لەو پێناوەدا دەستە بۆی هەبێ ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکات) هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتەوە، یەعنی من بڕوام وایە ئەوە لە خزمەتی یاساکە و شەفافیەت و مەبدەئی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیشدایە، ئەخیر شتیش لەوانەی کە فۆرمی شەفافیەت و یاخود ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان پڕ دەکەنەوە، پێویستە ناوی ڕاوێژکارەکانیش بنووسرێ، ڕاوێژکار لە هەموو ئاستەکان دا، لە ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم، لە ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە ئاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەموو شوێنەکانی تریش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له برگەی پێنجەم دا کە دەڵێین بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنووربڕ بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەستەی نەزاهە، دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستانی عیراقە، ئەوەی کە پەیوەندی بە تاوانی سنووربڕ هەیە، واتا حدود دەبڕێ، ئەوە پەیوەستە بە ئیتیفاقیاتی (تسليم المجرمين)، کە ئیتیفاقیە و بەستنی ئیتیفاقیات لە زیمنی ئیختیصاصی حکومەتی ئیتیحادی دایە، لێرە ئێمە بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانین بڵێین دەستە ئەو کارە دەکات، بەڵام وتوومانە دەستە ئەو کارە دەکات بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، کە مەبەستمان لەلایەنی پەیوەندیدار جیهاتی مەعنییە لە حکومەتی فیدراڵی دا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو پرسیارەش کرا کە باسی ئەوە کرا بۆچی دادوەریان نییە؟ ئەگەر بەڕێز د.أحمد جەوابی بداتەوە، بەڵام پلە تایبەتەکانی تیایە، بەڕێز د.شێرکۆ، خاوەن پلە تایبەتەکانی تیایە، بەڕێز د.أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد أنور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕاوێژکار، پلە تایبەتەکان، ڕاوێژکاریش پلەی تایبەتە، دەیگرێتەوە، بە نیسبەت دادوەر، خۆتان دەزانن سوڵتەی قەزائی لە کوردستان یەك سوڵتەیە، ناکرێ تەوزیع بکرێ، بۆیە لە قانونەکەش موراعاتی ئەوە کراوە کە دەسەڵاتی قەزا دادوەر دەستنیشان دەکات بۆ دەستەی دەستپاکی لە پارێزگاکان، ئێستا بە فیعلی ئێمە لە هەر سێ پارێزگاکە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دادوەرمان هەیە، بەڵام دادوەر خۆی دەسەڵاتی قەزایە، تەحقیقات، موحەقیقەکان پێی هەڵدەستن، لە قۆناغی یەکەم (تحري) کۆکردنەوەی زانیارییە، دواتر کە دەچێتە تەحقیقی ڕەسمی لە ژێر ئیشرافی ئەو دادوەرانە دەبێت، کەواتە ئەوانە فیعلەن تەنسیب کراون بۆ دەستەی دەستپاکی و بۆ ئەو قەزایەی کە ئەو قانونەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، بەڵام وەکو میلاك و وەکو تەعین بوون و وەکو حقوق و ئەوانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی قەزا دەمێننەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنج، برگەی پێنجەم بەرەنگاربوونەوەی یەکەم دەبێ هەڵبگیرێ نەك هی دووەم، چونکە دەڵێ هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، نەك ڕێگەگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئینجا گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی، یەعنی ئەوەی دووەم دەمێنێ، دوای ئەوەش ئەو وشانەی کە

تەرجەمەی کوردی کراون و ناگونجێن بە ڕەئی من وەکو خۆی بە عەرەبی بنووسرێتەوە باشترە، وەکو دەرخستنی ئەستۆی دارایی کە لە کوردیدا نییە شتی وا، من نەمبیستووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەو تێبینییانە دواتر لە صیاغە وەردەگیرێ، د.جوان شتێکی ترت مابوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوە دەکەم، ئەو خاڵە خاڵی حەوتەم، باسی ئەو کەسانە دەکات کە تەعین دەبن، کە ڕاژەیان لە خدمە ئیستیمرار دەکەن، واتا دەبێ بڵێی سلوکی وەزیفی ئیجابی (ئەرێنی)، چونکە تۆ باسی تەعین دەکەی، ئەو کەسانەی ئەوەی سلوکی وەزیفی باشیان هەیە، ئەوان تەعین دەکەی، لەبەر ئەوە دەبێ وشەی ئیجابی دابنرێت، سلوکی ڕەفتاری وەزیفی ئیجابی، تۆ باسی دامەزراندن دەکەی، ئەگەر زیاتر بە عەرەبییەکەی بۆ جەنابت بیخوێنمەوە، دەڵێ (إصدار التعليمات و قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة و أخلاقياتها التي يجب أن يلتزم بها موظفوا الإقليم بإعتبارها شرطا من شروط) دەبێ بڵێین، یەکێك لە مەرجەکان (من شروط التعين للإستمرار بالخدمة)، چونکە دەبێ سلوکەکە ئیجابی بێ ئەوجا تۆ تەعینی دەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەری دەگرن د.جوان، ئەوەش وەردەگرن، ئەو سەرنج و تێبینییانە وەرگیران، کاك عەباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە بەڕێزتان باسی ئەوەتان کرد دوایی صیاغەی دەکەن، بەڵام هەروەکو تێبینییەك لە خاڵی (١٥) دەڵێ (دەستە بۆی هەیە هەر کارێك بکات کە زەروری بێ)، من بە باشی دەزانم پێویست و گونجاو بێت، لە جیاتی ئەوەی وشەی زەروری بەکار بێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، باش، فەرموو د.ڤالآ.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بڕگەی حەوتەم بە وەرگرتنی ئەو مولاحەزەیە لە ماددەی پێنجەم دەخوێنینەوە، بڕگەکانی تر خوێندمانەوە و دەخرێتە دەنگدان:

دەرکردنی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری ئەرێنی وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و ڕەوشتەکانی کار کە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیەوە پابەند بن وەك مەرجێکی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە ڕاژە و چاودێری کردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە و بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ بەندەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ کێ لەگەڵیەتی؟ بەڵێ هەموو بەندەکە، کێ لەگەڵ هەموو بەندەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ، فەرموو بەندی شەش.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٦

بڕگەی/ ١

دوو ڕای لەسەر هەیە:

ڕای یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە:

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە نێوان سێ کاندید کەوا ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم کاندیدیان دەکات و ئەوەی هەڵدەبژێرێ بە مەرسومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت، لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە و ئەوەی زۆرینە بە دەست بهێنێ ئەوا بە سەرکەوتوو دادەندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای دووەم

ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم دەگۆڕێ بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەكان لە نێو سێ كاندید دا كەوا لیژنەیەكی پەرلەمانی كاندیدیان دەكات و ئەو كەسە كە هەڵدەبژێردرێت بە مەرسومێكی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت و لە حاڵەتی سەرنەكەوتنی هیچ كام لەو كاندیدانە بە دوو لەسەر سێی دەنگەكانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو كاندیدە دووبارە دەكرێتەوە كە زۆرینەی دەنگەكانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی كە زۆرینە بە دەست بهێنێ، ئەوا بەسەركەوتوو دادەندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان جیاوازی لە نێوان ڕای یەكەم و ڕای دووەم ئەوەیە كە ڕای یەكەم كاندید كردن دەسپێرێ بە دەسەڵاتی دادوەری، ڕای دووەم كاندید كردن دەسپێرێ بە لیژنەیەكی پەرلەمانی، بۆیە كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ئێستا؟ خاتوو مەدینە فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ قسەیە باشە ناوت دەنووسم، مدینە خان فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەندا شەشێ من ژی تەئیدی ڕەئیێ دكەم، تەرشیح لە مەجلسێ قەزای بی، چونكە مەجلس قەزا سەر ب سوڵتا قەزائی ڤەیە، (السلطة القضائية لا سلطان عليه غير القانون) دەستە ژی سیفەتەكی تەحقیقی هەی بۆ تاوانەكانی گەندەڵی یا باش ئەوە لایەنی مەجلس قەزا ڤەبت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من ڕای یەكەم یاسایی تر و واقیعی ترە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، پاش دیراسەت و موتابەعەكردنی ئەم بابەتە دەركەوت كە لە زۆربەی یاساكانی وڵاتە پێشكەتووەكان واهاتووە كە سوڵتەی قەزائی ڕۆڵێكی بەرچاو دەبینێت بۆ پاشان پەرلەمان تەواوكەری دەبێت، سوڵتەی قەزائی سوڵتەیەكی موستەقل و بێ لایەنە، بەرپرسە لە تەحقیقی عەدالەت و نەزاهەت، بۆ بەشداری پێ نەكردنی لەم پرۆسەیە، پاشان سوڵتەی قەزائی سێیەم دەسەڵاتی باڵای هەرێمە، زۆر زەرورە بۆ پرۆسەیەكی وا گرنگ و حەساس سوڵتەی قەزائی دەوری خۆی ببێنێ و ڕۆڵی بەرچاوی ببینێ، چونكە سوڵتەیەكی موستەقیلە، بەڵام پەرلەمان سوڵتەیەكی سیاسی تەشریعیە و ئەحزاب تێیدا وجودیان هەیە، لەوانەشە هەندێ جار حزب كاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەكە هەبێت، بۆیە من وا بەچاكی دەزانم كە سوڵتەی تەنفیزی هاوكاری سوڵتەی تەشریعی بێت بۆ دانانی سەرۆك بۆ ئەم دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای یەکەم دام و پشتگیری قسەکانی د.سراج دەکەم کە لەلایەن ئەنجومەنی داوەری هەڵبژێردرێت و بێتە ناو پەرلەمانەوە، لەبەرئەوەی هەر وەکو ئەو هۆکارانەی باسی کرد، لەوانەیە لەلایەنی دیکەشەوە تەحقیق بکرێ بۆ ئەوەی هیچ جەریمەیەکی نەکردبێ، ئەگەر قەزا تەحقیق لەو مەسەلەیەدا بکات باشتر دەکرێ، ئەوەی دیکەش لەڕووی زمانەوانیەوە لە عەرەبی تەرجومە کراوە و (يقوم البرلمان) ناکرێ نەسەن کوردیەکە وانییە، هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێ نەك وشەی پەرلەمان هەڵدەستێ لە سەرەتاوە بێتن، لە زمانی کوردی دا ئەمە نییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین(حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی یەکەمم ئەوەیە کە ڕای دووەم وەکو گرنگی مەوزوعەکە لە ئەنجومەنی دادوەری خەڵکی ناناسێ بە قەد ئەوەندە لایەنەکان خەڵکی دەناسن لە دەرەوە، لەبەرئەوە ڕای دووەم باشترە، بەش مولاحەزەیەکی تر کە هیوادارم سەرنجی بدەنێ، ئەگەر ئیزافە بکرێ لەناو ئەو بڕگەیە ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بێ لایەن بێ، یان پێشتر بێ لایەن بێ، یان کە هەڵدەبژێردرێ سوێندی بێ لایەنی خۆی بخوا و ئەوجا بێتە سەر سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەترسم وەکو ئەوەی کۆمسیۆنەکە بێ بێ لایەنیەکەی، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەنجومەنی دادگەری نییە، ئەنجومەنی دادوەریە، یەعنی ئەوە پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە، دووەم/ من لەگەڵ ڕای دووەمم، بەڵام لەو بڕگەیەوە کە دەڵێ ئەگەر هیچ کام لە کاندیدەکان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمانی نەهێنا لەوە زیاتر بنووسرێ لەگەڕی دووەم دا واتە لە جەولەی دووەم دا بە زۆرینەی نێوان دوو کاندیدەکە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە یەکلایی دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ڕای دووەم بەلای منەوە پەسەندە، پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە، دیارە لیژنەیەکی پەرلەمانی لەبری ئەنجومەنی دادوەری، پەرلەمان هەم دەسەڵاتی یاسادانان وهەم چاودێری کردنە، بۆیە ڕۆڵ بینینی پەرلەمان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دا ئەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی هەرە گرنگ و بنچینەییە، دەستەکە سەر بە پەرلەمانە و پەرلەمان وا باشترە خۆی سەرۆکەکەشی دیاری بکات، بۆ واقیعی سیاسی کوردستانیش پەرلەمان زیاتر گوزارشت لە ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی خەڵك دەکات، ئەو دەستەیەش دەتوانم بڵێم ئیشەکەی ئیشێکی نیشتمانی گەورە و جدیە، لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی گەندەڵی وەك دیاردەیەکی بەرفراوان، بۆیە واباشترە پەرلەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سهراب فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسخا عەرەبی لبەر دەستێ منە، ئەگەر روخسەت بیت، ل دیماهیێ دبێژیت (یعاد الانتخاب بین المرشحین الحاصلین علی اکثریة الاصوات و یعد فائزا من یحصل علی الاغلبیة) ئەز بێژم هەکە لڤێرێ ئیزافەکەین (بحیث لایقل عن ثلث اعضاء البرلمان) چونکە مەعقول نینە ئەوی بچیتە سەرۆکی دەستەی دشێتن (٢٠) دەنگا ببات، کو ببیتە سەرۆکی دەستەی، هە کە ڤی مەرجی دانێین (بحیث لایقل عن ثلث اعضاء البرلمان) هەندیا باش بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەجاری دووەم دا دوو کەس مورەشەحە، دەبێ یەکێکیان لەوی تریان زیاتر بێنێ، جا عەلئەکسەر لە سولس زۆر زیاتر دەبێ، بەم شێوەیە ئەگەر تەسویری بکەی، لە سولس زیاتر دەبێ، یەعنی تەقریبەن دەبێ نیوە زیاتر بێ، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە سەرۆکێ پەرلەمانێ، چێ بێتن هەر دوو دەنگا گەلەکە نەبن، یەعنی چی بێت (٢٠) دەنگا (١٥) دەنگا بەت، خەڵکی دی دەنگا پێ نادەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانیم لە قسەکانی هەردوو برای بەڕێزم کاك فرحان جوهر و کاك حاجی کاروان، ڕاستە لە وڵاتانی دیموکرات دادگا تایبەتیترین شوێنە، بۆ؟، لەبەرئەوەی فیعلەن موستەقیلە، بەڵام لە کوردستان

وانییە بەڕاستی، نە موستەقیلەو نە هینە، ئینجا بۆیە بە بۆچوونی من لەگەڵ ڕای دووەمم کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ هەتا ئەو کاتەی کە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەبن کە بەڕاستی دادگاکانی کوردستان بێ لایەنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالي میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕەئیەکانی شێخ سراجم، لەبەرئەم هۆیە، ئێمە دەڵێین خەڵکی بێ لایەن، ئێمە با خۆمان فێڵ لە خۆمان نەکەین، ئێمە هەموو لەگەڵ لایەنێك داین، بەڵام کاری تەخەسوسی وا دەکات کەس نەناسێ، لیژنەی یاسایی وەختێ باسی قانونیەك دەکەن کەس نازانێ لەسەر کام فراکسیۆنە، بەڵام ئێمە لەلایەنی تر بێ هەتا بە وشە و کەلیمات بێ لایەنەکانی خۆمان تێدا بەرجەستە دەکەین با دادگا سەروەر بێ و ئەمن لەگەڵ ڕەئی یەکەم دام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حەیات فەرمووو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای یەکەمم و پشتگیری لە قسەکانی مەدینە خان و د.سراج دەکەم کە بەشێك لە قسەکانی منیان کردو و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان هەیە، بەڵام من پشتگیری لە قسەکانی کاك ئاری هەرسین دەکەم، ناکرێ بڵێین دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا سەربەخۆیە، ئەم دەستەیە کە دروست دەبێ، دەستەیەکە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە و پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندە پێوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی دەستەکە بە (سی، ڤی) بێ و لیژنەیەکی پەرلەمانی، ئەو لیژنەیە داوای (سی، ڤی) لەخەڵك بکات ناکرێ بڵێی خەڵکی سەربەخۆ لەم وڵاتە نییە، دەتوانین بڵێین ئەگەر سەربەخۆش نەبێ کەسێك گەر بە ویژدانەوە بێ کە چووە سەر کورسی حوکم و لەسەر مێزی حوکمی دەسەڵات دانیشت دەتوانێ واز لە حزبایەتی بێنێ و بیر لە حزبایەتی نەکاتەوە، تا ئەو کاتەی لەسەر کورسیەکەیە، لەبەرئەوە من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە پێویستە لە پەرلەمانەوە بێ ئەم دەستەیە

پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەرلەمانەوە هەیە، داوا دەکەم لە ڕێگای پەرلەمانەوە سیڤیەکان وەربگیرێ و سەرۆکی دەستەکە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە هەموو ئەو ڕایانە دەکەم کە ڕای دووەم پەسەند دەکەن، واتە لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، لە پەرلەمانەوە دیاری بکرێ، بەو بەهانەیەشی کە هەم دەستەکە سەر بە پەرلەمانەو پێویستە لەژێر چاودێری پەرلەمانیش دابێ، هەروەها بڵێین کە بەداخەوە دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دا لەژێر هەژموونی حیزبدایە هەتا ئەم لەحزەیەش، هەروەها جۆرێك لە با بڵێین هەتا پۆلیسی تایبەت بەخۆشیان نییە کە تاوانباری بچووکیش دەستگیر بکات لە هەرێمی کوردستان دا، هەروەها یەکێك لەو داواکاریانەی کە هەبوو داوا دەکرا لە کاتی هەمواری ئەو یاسایانەی کە تایبەتمەندن بە بواری دادوەری بە تایبەتی یاسای دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی سوڵتەی قەزائی و پۆلیسی تایبەت بەخۆی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕاستەوخۆ بڕیارەکانی خۆی تەنفیز بکات، بۆیە لە کۆتایی دا دیسان پشتیوانی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ڕای دووەمیان پەسەند کردووە واتە لە ناو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەر گرنگیا ڤێ دەستێ، ئەز پشتیوانیا ڕەئیا دوێ دکەم، وەکی برادەران بەحس کر، لگەل ئەوەی کو هەندەك مەرجا دابنێین، یەعنی ل ڕەئیا دووێ دا هەندەك مەرجا مەسەلەن بنووسین دەبیت کاندید بۆ پۆستێ سەرۆکێ دەستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت، یەکەم/ سەربەخۆ بێت، کاتی سوێند خواردن، دوو/ لایەنی کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، سێ/ تێوەگلا نەبی بە ئەنجامدانی تاوان دژ بە میللەتی کورد، چوار/ موتەهەم نەبێ بە قەزای گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی، تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٦٠) ساڵ زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئەومەرجانەی جەنابت باسی دەکەی لە ئەسڵی یاسایەکەدا هەیە، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی له ڕایەكەی كاك ئاری هەرسین و كاك عمر و كاك شێركۆ دەكەم، لە پەرلەمان هەڵبـژێردرێ، لەبەرئەوەی یاسا لە وڵاتی ئێمە سەروەر نییە تا ئەم چركەساتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر لە دوای ئەوە دەگەڕێین كە كەسێكی سەربەخۆ فیعلەن لـە ژێـر هەیمەنـەی هێـزە سیاسـییەكان نەبێ، ئەسڵ وایە لە دەرەوەی پەرلەمان تەرشیح بكرێ، لەبەرئەوەی ئێمە نموونەی كۆمسیۆنی سـەربەخۆی هەڵبژاردنەكانمان هەیە، ئەوە ئێستا چارەنووسی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەبینن چۆن لە نێوان موحاسەسەی حزبی دایە و دەخولێتەوە، بۆیە پێموایە باس كـردن لـەوەی و عەلامـەتی ئیسـتفهام داانـان لـەناو پەرلـەمان لەسـەر دەسـەڵاتی دادوەری مـن بـەكارێكی باشـی نـابینم، بـۆ ئاینـدەی ئێمـەش لـە پەیوەنـدی و تەنسـیق وهاریكاری لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و لەگەڵ دەسـەڵاتی دادوەری كـارێكی بـاش نـابێ، پێموایـە قسـەیەكی دروست و لە جێگای خۆشی دانییە، بڵێین لە ژێر هەژموونی حزب دایە، ئێمە بە دەیان و بە سەدان قازی و دادوەرمـان هەیـە كـە ئەمانـە خـەڵكی پرۆفیشـناڵن و خۆیـان لەسـەرووی حیزبـەكانیش دەبیـنن و خـەڵكی خەراپیش لە هەموو شوێنێك هەیە، بۆیە من پێموایە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ سـەرۆكی دەسـتەی نەزاهـە كـە لە هەمان كاتـدا دەسـەڵاتی تەحقیقیشـیان هەیـە و بـە جۆرێـك لـە جۆرەكـان تێكـەڵاویش دەبێتـەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتی دادوەری لـە هەنـدێك شـوێند كـە مەسـائیلی تەحقیقیـە بمانـەوێ ئـەو تێكەڵاوییـەی هـەبێ و پەرلەمان لێرە دەنگی لەسەر بدات سەربەخۆی دەستەی نەزاهە و دەسەڵاتەكەشی بەوە دەبێ كـە دەسـەڵاتی دادوەری قسەیەكی لەبارەوە هەبێ و تەنها تەرشیحیشەوە، لێرە تەسویت دوو لەسەر سـێی هـیچ هێزێـك بـە تەنها نـاتوانێ لێـرە تێـی پـەڕێنێ، بۆیـە مـن تەسـەور دەكـەم بـەم شـێوە بیركردنەوەیـە كـە هـەر شـتێك لـە دەرەوەی پەرلەمان بوو ئیتر بە حزبی دەكرێ، بە پێچەوانەوە شـتێك كـە لێـرە بـوو بـە حزبـی دەكـرێ، لـە دەرەوەی پەرلەمان تۆزێك ئومێدمان هەیە كە بە جۆرێك لە جۆرەكان بونێكی پرۆفیشناڵیەت و ئەكادیمی و پاكی و ئەوانەی دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با لیژنە پەیوەندارەكان قسەی خۆیان بكەن، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگە بە سەرۆكی دەستە بدەی دوای ئەویش من قسەی خۆم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد انور (سەرۆکی دەستەی دەستپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆتان دەزانن پۆستی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی بەڕاستی پۆستێکی حەساسە، ڕاستە ئێستا دەستەکە لە دەستپێکی ئیشەکانە و ڕەنگە زوو بێ بە حوکمدان لەسەری، بەڕای من بوونی فلتەرێکی تر شتێکی باشە، کاتێك کە دەسەڵاتی قەزا سێ کەس تەحدید دەکات، لە ئەوەڵ و ئەخیر دا پەرلەمان خۆی قەرار دەدات بە دوو لەسەر سێ و هەتا (٥٠+١) یش لە پەرلەمان دا هیچ کوتلەیەك نیەتی، هیچ کوتلەیەکمان نیە(٥٠+١)ی هەبێ ئەگەر چاوەڕێ بکات بۆ خولی دووەمیش، دوو/ لە قانونی نەزاهەی عیراق وابوو کە سپاردبوویان بە لیژنەیەکی پەرلەمانی، بەڵام مەحکەمەی ئیتحادی هەڵیوەشاندەوە، سێ/ گومان دانان لەسەر دەسەڵاتی قەزائی ئێمە ژیان و مومتەلەکات و حیمایە و هەموو شتمان لەبەردەستی قازیە، ئێستا بچینە دەرەوە یەکێك شتێکمان لێ بکات و دەچین شکات لە قەزا دەکەین، لەبەرئەوە بوونی ئەو فلتەرە باشە، من لە چەندین کۆبوونەوەی دەرەوە حازر بووم، ئەو خاڵە بە یەکێك لە خاڵە باشەکانی دەستەی نەزاهە کوردستان دادەنێنین، خۆشتان دەزانن ئەم مەوزوعە ڕەبتی بە شەخسی منەوە نییە، من هەڵبژێردراوم و زۆریشمان نەماوە بۆ تەواوکردنی، بەڵام قسە لەسەر شتێکی موستەقبەلی دەکەم، بەڵێ دەبێ دەسەڵاتێکی دەرەوە ئەو تەرشیحاتە بکات، بە قوەترە، دەسەڵاتی قەزا ڕاستە کەموکوڕی زۆرە، بەڵام چ دەسەڵاتێکی دیکە کەموکوڕی نییە، کەموکوڕی هەیە، بۆ مسداقییەت، ئەوەی عیراق وابوو لیژنەیەکی پەرلەمانی بوو، ئەویش مەحکەمەی ئیتحادی هەڵیوەشاندەوە لە ئەوەڵ و ئاخیریش دا سیاسییەکان ئەگەر ئیتفاق نەکەن هیچ بەڕێزێك نابێتە سەرۆکی دەستە، لەبەرئەوە پێم باشە ڕەئیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو شتێك بۆ دەرەوەی خۆشمان خاڵێکی باشە و ریسالەیەکی باشە، ئەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان کردوویەتی خاڵێکی باشە و هیوادارم خولی چوارەمی پەرلەمان نەمانگێڕێتەوە بۆ پێش خولی سێیەم وئەوەش قەراری لای ئێوەی بەڕێزە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ڕای یەکەمم، واتە ئەنجومەنی دادوەری حەقی تەرشیح کردنەکەی هەبێ، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو دەسەڵاتە وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و خازیعە تەنها بۆ قانون، هەر

تەعنێك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە كرابێت داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە لە پرۆتۆكۆڵ ڕەش بكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر(عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە لەپەرلەمان پەرلەمان پتر فرەوانترە ئەو حەسرە بەس، لە مەجلسی قەزا بە قەناعەتی من خزمەت ناكات بەم وڵاتەو بەم وەزعەی كە ئێستا ئێمەی تێداینە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرووۆكی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆكی پەلەمان بە حەقیقەت ئەڤ دەستەیە، دەستەیەكا گەلەكا موهیمە و دڤێتن تابعێ حیزبە پێڤە نەبیتن، دڤێت یا دویر بیتن ژ حیزبیاتیێ، و هەروەسا وەختێ قانون دهێتە دانان نە بۆ ئەڤرۆ دهێتە دانان یەعنی مە نە بەحسێ ئەڤرۆیە، قانون بۆ وەختەكێ درێژ دهێتە دانان، ئەگەر نووكە هندەك كەسان هندەك مولاحەزە سەر ئەنجومەنی دادوەریێ هەی ئەو مولاحەزە ئیحتمیالە ل هەموو جێگا هەبن، ئەما ئەنجومەنی دادوەری ئیستیقلالیەتا خۆ یا پاراستی و هەروەسا یا موستەقیلە دویرە ژ حیزباتیێ، ل پەرلەمانی دا ئەم هەمی تەمسیلا كۆتلێت سیاسی دكەین، هەر تشتێ ژ ڤێرێ دەركەڤیت تابعێ حیزبی یێ پێڤە دیارە، وەختێ دكەڤیتە بن موسەوەماتێت سیاسیڤە ل پەرلەمانی حەقیقەت دێ گەلەكا بزەحمەت بیت حەتا ئەم بشێن كەسەكێ دەست نیشان بكەین و ئەم ترسین نموونا هەی یا پارێزگەها سلێمانیێ دوبارە ببیتەڤە، ئەڤە چەندە ئەم نەشێن پارێزگارەكێ بۆ خۆ بدانین ل سلێمانیێ ژبەر موساوماتێت سیاسی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شوان نوقتەی نیزامی هەیە پێم وابێت فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

دەكرێ بۆ سەرۆكی دەستەی داهاتوو مەرجەكانی سەرۆكی دەستە وا بكرێتەوە دەكرێ ئەو سەرۆكی دەستەیە بۆی بسەلمێ كە لە كوردستان لەسەدا یەك موستەقیل بێت یەك لە مەرجەكان ئەوە بێت بەرپرسیارێتی حیزبی نەبووبێت بەرپرسێكی دیار نەبووبێ با ئەو كەسە سەربەخۆ بێت مورەشح بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرمووو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دوو رایە كە هاتۆتە ناو راپۆرتەكەوە كە من خۆم یەكێك بووم لە موئەیدنی رای یەكەم واتە لە ناو پەرلەمان بێ ئەوەندەی مەبەستمان، لەوە ئەو بووە ئەم دەستەیە كاتێك كە دروست دەبێ سەر بە پەرلەمان دەبێ لە تەئسیسەكەیدا بە كامیلەن لە ناو پەرلەمانا بێ ئەوەندە مەبەستمان نەبووە، كە عەلاماتی ئیستفهام بخەینەسەر هیچ دەستەیەك و سەر هیچ دەسەلاتێك لەم هەرێمەدا هیچ دەسەڵاتێك، لەم هەرێمەدا (perfect ) نییە، وە ئێمەش لە هێنانی رایەكەش مەبەستمان نەبووە كە عەلاماتی ئیستفهام بخەینە سەر هیچ دەسەڵاتێك ئەمە یەك، دووەمیشیان حەزم كرد بەشێك لە ئەندامانی بەڕێز داوایان كرد كە شروت بۆ سەرۆكی دەستەكە دابنرێت، حەزم كرد بگەرێی، ئێمە سێ شتمان هەیە ئێستا ئەسڵی یاساكەمان هەیە پرۆژەی هەموارەكەمان هەیە راپۆرتی لیژنەكەشمان هەیە بۆ ئەوەی كە شروتەكانی بەڕێز سەرۆكی دەستە ببینن كە ئەبێ تیایدا بێ ئەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەسڵ ئەسڵی یاساكە نەوەك ئەسڵی ئەو هەموارەی كە پێشكەش كراوە، وە ئەو شروتانەی هەموو تیایە كە جەنابتان باستان كرد، سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. سراج نوقتەی نیزامیە؟ ئاخر كاتی پرسیار نەما قسەكان كرا، گفتوگۆكرا ئێستا دوو رای وازیح هەیە نوقتەی نیزامیت ئەگەر هەیە فەرموو، بەڵام ئەگەر غەیری ئەوە تەواو بوو كۆتایی پێ هات گفتوگۆ، بەرێزان دوو را هەیە ئێستا لەناو پەرلەمانی كوردستان نوقتەی نیزامیە كاك خلف فەرمووو؟ .

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە نوێنەرایەتی كردنی لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ئەوە، بۆ ئەوەیە بۆ نموونە لیژنەی دەستپاكی نوێنەرایەتی ئێمە ئەكەن لیژنەی دەستپاكی، لەسەر ئەوە نەك بەراستی قسەكەی بەڕێز جێگیری لێرسراوی لیژنەی دەستپاكی لەم بابەتەوە نییە، بۆیە داواكارم جەنابت رێگە نەدەی كە شتێك كە پەیوەندی بە بابەتەكەوە نەبێ بوترێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك خلف لە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەكە ئەم دوو رایە تەسبیت كراوە واتە رای جیاواز لە هەردوو لیژنەكە هەبووە، بۆیە هەردوو راكە تەسبیت كراوە وە ئەگەر نا تەنها یەك رایان تەسبیت دەكرا بۆیە ئەندامانی لیژنەش لەم حاڵەتەیە ئەتوانن رای خۆیان بڵێن.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەندی بە دانانی سلێمانی و ئەوە مەبەستمە دەزانم رەئی خۆیان دەتوانن قسە بكەن، بەڵام ئەوە نوێنەڕایەتی لێژنەی نەزاهە ئەكەن، رای ئێمە لەوێ، ئەگەر شتێك هەبوو ئەوان لەبری ئێمە قسە بكەن، نەك باسی محافەزەی سلێمانی ودارایی ، چونكە ئەمە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا روون بوویەوە دوو را لەناو پەرلەماندا هەیە، رایەكیان پێی باشە دەسەڵاتی دادوەری سێ كەس كاندید دەكات بۆ پەرلەمان پەرلەمانی كوردستان دەنگدانیان بۆ ئەكا پێویست ئەكا دوو لەسر سێ دەنگ بێنێ ئەو كەسەی كە ئەبێ بە سەرۆكی دەستەكە، بەڵام ئەگەر یەكێك لەو سێ كاندیدەی كە دەسەڵاتی دادوەری ناردوویەتی بۆ پەرلەمان نەیتوانی دوو لەسەر سێی دەنگ بێنی، ئەوە دوو كاندید كە یەكەم دەنگیان بە دەست هێناوە كە هەر كامێكیان زۆرتری هێنا لەویتریان هەر دەنگێكی بەدەست هێنابێ ئەوە براوەی دەبێ و دەبێتە سەرۆكی دەستەكە، رای دووەمیان پێم وایە لە لیژنەیەكی پەرلەمانی سێ كەسەكە كاندید بكەن، وە دوو لەسەر سێ بێنێت ئەو كەسەی كە یەكەم جار سەركەوتن بەدەست دێنێ وە ئەگەر دوو لەسەر سێی بە دەست نەهێنا دووانی یەكەم هەر كامێكیان زیاتری هێنا ئەبێتە سەرۆكی دەستەكە، بۆیە تكایە یەك بەیەك رایەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە فەرموون بیخوێننەوە رای یەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای یەكەم:

یەكەم پەرلەمان هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی دەنگدانی نهێنی  بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەنێوان سێ كاندید كەوا ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم كاندیدیان دەكات، ئەوەی هەلدەبژێرێت بە مەرسومێكی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت وە لە حاڵەتی سەر نەكەوتنی، هیچ كام لەم كاندیدانە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە هەڵبژاردن لە نێوان ئەم دوو كاندیدە دووبارە دەكرێتەوە كە زۆرینەی دەنگەكانیان بە دەست هێناوەو، ئەوەی زۆرینە بە دەست بهێنێ بە سەركەتوو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل ئەم رایەیە؟ کێی لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری کەسەکە کاندید بکا لە بۆ پەرلەمان؟ (٣١) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کێ دژیەتی؟ (٤٢) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، بۆیە تکایە رای دووەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبوو رای سەرۆکی دەستەی نەزاهە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ لەو بابەتە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای ئەندامانی پەرلەمان بەرێز د. ڤالا سەرۆکی دەستە رای خۆی وت، ئەندامانی پەرلەمانیش ئەتوانن قسەی خۆیان بکەن لەم بارەیەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای دووەم لە ئەنجومەنی هەرێم دەگۆڕێت بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە هەلبژاردنی سەرۆکی دەستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت، بە دەنگدانی نهێنی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکان لە نێو سێ کاندیدا لیژنەیەکی پەرلەمانی کاندیدیان دەکاتو ئەو کەسە کە هەڵدەبژێردرێت مەرسومێکی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت وە لە حالەتی سەرنەکەوتنی، هیچ کام لەم کاندیدانە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوا هەڵبژاردن لە نێو ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی کە زۆرینە بە دەست دەهێنێ ئەوە بە سەرکەوتوو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز ابو کاروان نوقتەی نیزامیت هەبوو ؟فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند جارێکی تر دوو پاتم لەو مەسەلەیە کردۆتەوە، ئەوەی کە دوو خاڵ بێ، دوو رەئی بێ، پێویستە یەك جار دەنگی لەسەر بدرێ، ئەچێتە نیزامی خەیاراتەوە، ناکرێ لە هەردووکیا، بڵێی کێ لەگەڵیەتی؟ کێ دژیەتی؟ هەردو خەیارەکە بخرێتە دەنگەوە ئەوەی زۆرینەی هێنا ئەوە سەر ئەکەوێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابو کاروان تا ئێستا ڕێ و شوێنی دەنگدان لە پەرلەمان بەم شێوەیە بووە خەیار بە خەیار واتە را بەرا ئەخرێتە دەنگەوە ئەگەر یەکێکیان سەرکەوتنی بە دەست نە هێنا ئەچینە سەر رای دووەم، رای دووەم ئەگەر سەرکەوتنی بە دەست هێنا، یان ئەوەش سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا ئەچینە سەر رای سێیەم کە رەنگە رای جەنابت بێت ئێستا کێ لەگەڵ رای دووەمە کە ئێستا خوێندرایەوە؟ واتە سێ کەسەکەی کاندید بۆ سەرۆکی دەستەکە لە لایەن لیژنەیەکی پەرلەمانیەوە کاندید بکرێن، (٤٦) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٢٢) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، ئەچینە سەر بەندی دوای ئەو بەندی حەوت.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

رای دووەم/ بەندی حەوت برگەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان بۆی هەیە، پرساندنی سەرۆکی دەستە بکات بە پێی ڕێکارەکانی پرساندنی وەزیرەکان سەرۆك بە بریاری پەرلەمان، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ لە یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی دەبەخشرێت.

١- ئەگەر بڕیارێکی دادگەری بنبڕ دەرچێت بە تاوانبار کردنی بە ئەنجامدانی تاوانێکی بە ئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

٢- ئەگەر درێغی یان کەم تەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی بسەلێنرێت.

٣- خراب بە کارهێنانی دەسەڵاتەکانی.

بڕگەی شەشەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمدود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم:

بڕیاری لابردنی سەرۆك لە پۆستەکەی لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە لەسەر راسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەردەکرێت کە بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمییزی هەرێم و ئەندامێتی دوو لە پێشکەوتووترین ئەندامانی دادگا پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز ئەکەم لەهەر شوێنێکا وشەی بەخشین هەبوو لە پۆستەکەی بگۆردرێت بە لە پۆستەکەی لادەبرێت، کە بە پێی ئەوەش بێت، یەعنی بەخشین جۆرێکە لە ئیمتیاز بەراستی، بەڵام لابردن جۆرێکە لەسزا لەسەر ئەوانەی، کە لە قانونەکە هاتووە، کە پێی تاوانبار دەکرێ بۆیە پێشنیار ئەکەم وشەی لە هەر کوێ بەخشین هەبوو بکرێ لە پۆستەکەی لادەبرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رەئیم وایە پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆکی دەستە بکات، بە پێی ریکارەکانی پرساندنی وەزیرەکان، سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی لە یەکێکی لەم حالەتانەی هەڵدەبژێردرێ جیا بکرێتەوە پرساندنی سەرۆك بکرێتە خالێکی سەربەخۆ لەمە جیا بکرێتەوە لەم پێشنیارەکەم ئەوەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەڵلاهی من شتێکم هەیە من تەسەور ئەکەم لە چوارچێوەی نوقتەی نیزامیا جێگای ببێتەوە داواکاریەکە لە جەنابت، هەموو جارێك ئێمە ئەبیستین ئێمە لە دەرەوە تەرویجی ئەوە ئەکەین لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا کە ئەڵێی ئێمە لە ناو قاعەی پەرلەمان نوێنەری هەموو خەلکی کوردستانین، حیزبایەتی ناکەین، کوردایەتی ئەکەین، مەعولەمە جەنابت هەموو جارێ رێگە بەوە ئەدەی کە من جوملەکەم بەنەس نووسیوە ئەڵێ هەر شتێك لێرە دەرئەچێ تابیعی حیزبی هەیە، من لە جەنابت ئەپرسن ئەمە راستە؟بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەتوانی سەیری پرۆتۆکۆل بکەی ئەتوانی ئێستا ئەمر بفەرموی بۆت بێنم، هەر شتێك لێرە دەردەچێت تابیعی حیزبی پێوەیە، ئەگەر ئەمە راستە هیچ پێویستی بە پەرلەمان نیە هەرێمی کوردستان هەر کەس لە مەقەڕی خۆیەوە حیزبایەتی بکا ، بەڵام بە بۆچوونی من راست نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن شتێکی زۆر ئاسایشە کە ئەم فراکسیۆنانەی لە پەرلەمانی کوردستانن نوێنەری حیزبەکانیشیانن،وە ئەو حیزبانەش ئەو نوێنەرانەی ناردوون، هەریەکە بەرنامەیەکی سیاسی لە کاتی هەڵبژارنەکاندا خستۆتە روو بۆ دەنگدەرەکانی وە بە پێی ئەو بەرنامە سیاسییەوەیە پێی ئیش کردنی کادیرە حیزبیەکان ئەم

فراكسيۆنانه هاتوونەتە پەرلەمان، بۆیە بیرو بۆچوونی ئەو بەرنامە سیاسیەشی ئەم فراكسیۆنانەی پێی هاتۆتە پەرلەمان پێم وابێت هیچ كێشەیەكی تیا نییە لە ناو پەرلەمانیشا ئەو بیرو بۆچوونانە جیاوازیشیان هەیە، بەڵام ئەمە رێگر نییە لەبەر دەم بۆ ئەوەی كە ئەندامانی پەرلەمان بیرو بۆچوونی سەربەخۆشیان هەیە لە پەرلەمان وە جاری واش هەیە بیرو بۆچوونی ئەمانە جیاوازە لە بیرو بۆچوونی فراكسیۆنەكانیان وە یە شێوەیەكی سەربەخۆ بیر دەكەنەوە، بەڵام ئەوەی كە بوترێ هەموو ئەو شتانەی كە لە پەرلەمان ئەكرێ یان دەرئەچێ تابعێكی حیزبی هەیە، بەمە شێوەیە نییە، ئەزموونیش ئەمەی دەرخستووە. كاك سهراب فەرموو.

**بەڕێز سهراب میكائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەوەی كە باسكرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان .

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای دووەم/ ئەوەی زیاتر كە باسكرا تێبینی لوغەوی بوون و وشەی (بەخشین) دەكرێت بە وشەی (لادەبرێت) و بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز د. احمد هیچ تێبینیەكت هەبوو، بۆ ئەو ئێستا چاك بكرێ، بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

رای دووەم / بەندی حەتەم

بڕگەی پێنجەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆكی دەستە بكات بەپێی رێكارەكانی پرساندنی وەزیرەكان، سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ لە یەكێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەكەی لادەبرێت:

١-ئەگەر بڕیارێكی دادگەریی بنبڕ دەربچێت بە تاوانبار كردنی بە ئەنجامدانی تاوانێكی بە ئەنقەست یان كەتنێكی ئابڕووبەر.

٢-ئەگەر درێغی یان كەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی كارو ئەركەكانی بسەلمێنرێت.

٣-خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتەكانی.

**بەڕێز د. بەهار محمدود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم:

بڕیاری لابردنی سەرۆك لە پۆستەکەی لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەردەکرێت کە بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمییزی هەرێم و ئەندامێتی دوو لە پێشکەوتووترین ئەندامانی دادگا پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل ماددەکەیە بەم شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەلێ نییە؟ کێ دژیەتی؟ کەس نیە کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ ئەهێنین هەڵێ ئەگرین بۆ سبەینێ بۆ کاتژمێر (١١) دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەینەوە .

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ٢٦\١١\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی نخولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٣)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦ دا بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/٢٦)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوارشەممە، رێكەوتی (٢٠١٤/١١/٢٦) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت،

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.

ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو ڕۆژەدا (باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، پەروا علی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ مۆڵەت)، لە دانیشتنی دووەم لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥) ئێوارە مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، پەروا علی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

٣ ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار لەگەڵ خاڵی دووەم و بە پێچەوانەوە.

٤- گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای لێبووردن دەکەین بەهۆی هەندێك کاری پێویستی پەیوەندیدار بە دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم و، پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت و مەسەلەی پرسیارەکانی ئێوە کە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هاتە نووسینگەی سەرۆکایەتی بۆ ماوەیەك دواکەوتین لە کۆبوونەوەکە، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان دەکەین کە بفەرموون بۆ سەر منەصە بۆ دەستکردن بە بەرنامەی کار، فەرموو کاك علی نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامی نییە، بەڵام دوێنێ حاڵەتێك روویدا هێزەکانی بەدر لە ناو جەرگەی شاری کەلاردا لە مامۆستایەك دەدەن، زۆر خراپی لێ دەدەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، کاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەزانم نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت تێ دەگەیەن و هەمووی بێ باکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەمووی بێ دەسەڵاتی پێشان دەدات، یەعنی ئەگەر (١٠)ی تریشیان بکوژتبایە وەك ئێستا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتوانی یاداشتێك ئاڕاستەی ئێمە بکەی بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، گفتوگۆی لە سەر بکرێ، فەرموو کاك عمر نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی (٢٠١٤/١١/١٠) ساڵی دووەم، من لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێم ئامادەی هۆڵی پەرلەمان بووین، لە جەلسەکە حازر بووین، نیصابمان تەواو کردووە، لە دەرەوە لە سەر دەفتەرەکە واژۆمان کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای داخە لە دانیشتنی رۆژی (١٨)ی مانگدا ئێمە وەك نەهاتوو یان غائیب دانراین، هیوادارم ئەمە نەبێتە نەریتێك، ئێمە لە سەر بابەتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی زۆر مەدەنیانە، زۆر شارستانیانە هۆڵەکەمان بەجێ هێشتووە و چووینە دەرەوە، تەعبیرمان لە رەئی خۆمان کردووە، داوامان کردووە رێگەی قسەکردنمان پێ بدرێ، رێگەمان پێ نەدراوە، بمبوورە با قسەکەم تەواو بکەم جەنابی سەرۆك، ناکرێ لە سەر هەڵوەستەکردن لە بابەتێك

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەو قسانە دووبارەیە، کاك عمر من ئێستا وەڵامت دەدەمەوە، ئەوەی جەنابت باسی دەکەی راستە، ئاخر دووبارەیە،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با قسەکەم تەواو بکەم، لەم هۆڵە دووبارەم نەکردووە، ئەوە باسی قسەکردنم کرد، بمبوورە، باسی غیابم نەکردووە بەهیچ جۆرێك، ئەمە یەکەم جارە باسی غایب بوونی خۆم دەکەم، لە سەر هەڵوێستێکی سیاسی،

مەدەنی، یاسایی کە من چوومەتە دەرەوە لەم هۆڵە لەگەڵ دوو هاوڕێم، زۆر بەداخەوە ئەوەی لە سەرۆکایەتیەکانی پێشتر نەیانکرد بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمان ئێوە بەرامبەر بە ئێمە کردووتانە، ئێمە لە سەر هەڵوێستێکی مەدەنیانە چووینەتە دەرەوە، زۆر زۆر بە ئەدەبەوە، بە تەربیەتەوە چووینەتە دەرەوە، هیچ جۆرە یاسا شکێنیەکمان نەکردووە، تەعبیرمان لە رەئی خۆمان کردووە، ویستوومانە دەنگی دەنگدەرانی خۆمان بگەیەنین بە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام رێگەمان پێنەدراوە لە سەر ئەوە چووینە دەرەوە، بەڵام ئێمە بە غائیب نووسراین لە کاتێکدا ئێمە نیصابی قانونیمان تەواو کردووە و زۆر داوای لێبوردن دەکەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئێمە لێرە موراقیب نین، غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بنووسین، غیاباتی پەرلەمان لە کاروباری پەرلەمانەوە رێك دەخرێت و، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین بزانین جەنابتان بۆچی بە غیاب نووسراون و، دوایی وەڵامی ئێوەش دەدەینەوە لەم بوارە، فەرموو د.سراج،

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پاڵپشتی کاك علی دەکەم و، داواش لە بەڕێزتان دەکەم کە پەرلەمان هەڵوێستێکی نیشتیمانیانە بنوێنێ بەرامبەر ئەو کەسانەی لە سەر بیروڕای مەزهەبی یاخود بڵێین قەومی بەو شێوازە مامەڵەیان کردووە، داوا دەکەین کە پەرلەمان هەڵوێست بنوێنێ بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە نوێنەری خەڵکین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج وەڵامی ئەویشم دایەوە، لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا هیچ شتێك لەو بابەتە نییە، بۆیە ئێوە دەتوانن بە یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، ئەگەر دەتانەوێ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان باس بکرێ، ئەگەر دەتانەوێ لیژنەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەن، هەموو ئەو رێکارانە لەلایەن ئێوەوە دەتوانن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بیگرنە بەر، فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیە ئاخافتنی کاك عمر عینایەت دکەم، ئو ب دیتنا من تشتەکی دروست و شارستانیە ل هۆڵا پەرلەمانیدا دێ دانیشتنا یاسایی ژی حازری و غایبی بێتە کرن، چونکە ئەم داخازا دکەم قوتابخانە و زانکۆ ئەڤ دیاردە نەمینێت، ئەڤرۆکە لە هۆڵا پەرلەمانی کوردستانی هەبیت ئەڤە دیاردەیەکە ب شارستانی و دروست نزانم، هیڤیدارم پێداچوون پێدابێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە مەسەلەیەكە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جەنابتان دەتوانن پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بكەن، غیاباتی تێدا نەبێ، هەركاتێك ئەوەتان كرد، ئەو كاتەی ئێمەش غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان ناخوێنینەوە، فەرموو د. شوان،

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی كام ماددەی پەیڕەوی ناوخۆ لە سەر بایكۆت یان لە سەر هەڵوێستێكی سیاسی، مەدەنی كەسێك غایب دەدرێ، ئەگەر بەو پێیە بوایە دەبوو لە خولی سێیەمدازۆریك لەو پەرلەمانتارانەی كە بە مانگ بایكۆتیان دەكرد، دەبوو ئەسڵەن هەر لە كاری پەرلەمان دووربخرابانەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە پەیوەندیدار نییە بە ئێمە، بە دەستەی سەرۆكایەتی، غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان لە رێگای ئیمزاوە لەلایەن كاروباری پەرلەمانەوە رێكخراوە، سەبارەت بەو بابەتەشی كە باستان كرد، ئێمە لێكۆڵینەوە دەكەین، ئەگەر ئێوە ئیمزای ئەو وەرەقەیەتان كردبێ پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە غیاب نابن، ئەوانیش لە سەر وەرەقەكە غیابات دەنووسن، لە سەر واژۆكانتان و، ئەگەر نا هیچ بابەتێك لەوە لە ئارەدا نییە، ئەوەی رۆیشتە دەرەوە لە هۆڵی پەرلەمان یەكسەر بە غیاب بنووسرێ ئەمە یەك، دوو: ئەوەشی كە بایكۆت دەكات بە غیاب نانووسرێ، یان ئیمزای نەكردووە رۆیشتە دەرەوە بە غیاب نا نووسرێ، ئەوەش مەسەلەیەكە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەوە موعالەجە بكرێ، فەرموو مامۆستا هەورامان،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم پرسیارم لە جەنابت كرد و، پرسیارەكەشم بۆ ئەوە بوو كە بەڕاستی حاڵی ببم، هیچ مەبەستێكم نەبوو، پێم وتی ئایا بایكۆت كردن یەكسانە بە غایب بوون، فەرمووت بەڵێ، لە راستیدا منیش ئەو قسەیە دووپات دەكەمەوە ئەگەر بایكۆت كردن غایب بوون بێ دەبێ خولی سێیەم ئەو پەرلەمانتارانە هەموو عەلامەت ئیسفهام بخرێتە سەر ئەندام بوونیان، ئەوەندە بایكۆتیان كردووە، حەقی خۆشیان بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم قسانەتان هەمووی دووبارەیە، وەكو باسم كرد لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەكرێ و، دوایی وەڵامی پەرلەمانتارانیش دەدرێتەوە، لە خولی پێشووش چۆن كراوە؟ چۆن نەكراوە؟ ئێمە مولزەم نین پێی، پەیڕەوی ناوخۆ پەیوەندی نێوان ئێمەو پەرلەمانتاران رێك دەخات و هیچی تر، بۆیە تكایە ئەم مەوزووعە واز لێ بێنن، ئێمە لێرە وەكو باسم كرد مەعنی نین بە غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان، بەشێوەیەكی ئسوڵی رێكخراوە، هەر گلەییەكیشتان هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەر پێشنیارێكتان

هەیە بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانن بیدەن بە لیژنەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، فەرموو خاتوو زولفا،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوەی کە کاك علی باسی کرد ئەوە بەس نەبوو، دوێنێ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بوو، هێزەکانی بەدر هەر لە کەلار ئیهانەیەکی زۆریان بە کچە خوێندکارەکانی ئەوێ کردووە، بە قسەی ناشرین، بە دەبە تێگرتن، بە ئیشارەتی ناشرین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێت وەڵامم دانەوە،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەلوێستەی لە سەر بکرێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا نییە، ئێوە دەتوانن بە یاداشتێك ئەمە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کار یان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ دەکەن، فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم(ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای (١٠٠٪) بۆ پشتیوانی کردنم بۆ قسەکانی بەڕێز کاك علی حەمە صالح، مەسەلەیەکی تر هەیە ئەوەی جەنابت دەفەرموێ ڕاستە لە پەیڕەوی ناوخۆدا مەسەلەی غیابات باسکراوە، بەڵام ئالیاتی ئیش پێکردن بەوە دەستەی سەرۆکایەتی دایدەنێ، ئینجا بۆیە ئەم حازر و غیاب کردنە، ئەوە بەدەست خۆتانە و، ئێمە لە کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بڵێین کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکان ئەوەمان باسکرد، دیار بوو تەعاتووفێ هەبوو و، بە ئێمەی وت کە ئەو مەوزوعە دێنێتە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، هیوادارم کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەم مەوزوعە بە هەند وەربگرێ لەبەرئەوەی ئەو ئێمە حاڵی بووین، زۆرینەی ئەو ئەندام بەڕێزانەی لە هۆڵەدا نەڵێم هەمووی دژی ئەمەیە، ئینجا بۆ ئەوەی کە تەنسیق و لێك حاڵی بوون لە بەینی ئەندام پەرلەمانەکان و بەڕێزت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبێت، حەقە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو مەوزوعە بەهەند وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پڕۆتۆکۆلەی کە دابەش کرا بە سەر ئەندامەکاندا دووبارەبوونەوەی تێدایە، ژمارە چوار و ژمارە پێنج تێکەڵ بوون بەیەکەوە، پڕۆتۆکۆلی ژمارە چوار لاپەڕە (٢٨٢) تا (٣٤٤) پڕۆتۆکۆلی ژمارە پێنجی تێدا نووسراوە، لە لاپەڕە (٣٦٤) دەست پێ دەکات تا کۆتاییەکەی هەمووی دووبارەیە، تکایە چارەسەر بکرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو لایەك و، خەڵکی کوردستان خۆشحاڵین بەو سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جەلەولا و سەعدیە و پاککردنەوەی ئەو دوو شارە لە دەستی تیرۆریستانی داعش، بەڵام ئێستا جەنگێکی راگەیاندن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە کە هەر لایەنە و خۆی دەکاتە خاوەنی ئەو سەرکەوتنە، قوربانی و سووتەمەنییەکەش، پێشمەرگە رەش و رووتەکانی کوردستانن، لەبەرئەوە ئەمە خزمەت بە کۆ دەنگی و یەك دەنگی کوردستان ناکات کە ئێستا پێم وایە ئەو کۆ دەنگییە لە ئاستێکی باشدا لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئەگەر لەم بابەتە هەر قسەیەکتان هەیە ئێوە دەتوانن بە یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کارەوە، ئێستا لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا نییە، بە دڵنیاییەوە یاداشتی ئێوە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێ، ئەگەر ئەو بابەتە دەتانەوێ بیهێنینە ناو پەرلەمان یان لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەین، بۆ زانیاریشتان لە یەکەم رۆژی ئەو رووداوانەشەوە ئێمە لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستانمان راسپاردووە کە بەدواداچوون بکات، بەڕێز کاك ئاری هەرسین خۆی لێرەیە داوامان لێکردووە کە بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکا بە دوور لە باسکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن، چونکە ئێمەش نامانەوێ ئەو حاڵەتەی کە جەنابت باست کرد ببێتە هۆی تەشەنوجی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەڵام ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێ ئەوکاتەی لە دانیشتنێکی پەرلەماندا دەتوانین باسی بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، هەرچەندە بەڕێزتان روونکردنەوەتاندا  لە سەر مەسەلەی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام من پێم وایە بایکۆت کردن لەم خولەش، باسی خولی پێشتریش ناکەین، زۆرجار لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتار و خوشك براکانم روویداوە، بەڵام هیچ کاتێك مەسەلەی غیابات نەگێراوەتە بەر و، غیاب دانیش لە دەسەڵاتی ئێوەیە و، پێم وایە بە ئاگاداری ئێوەیە، موهیمە بۆئەندامانی پەرلەمانی روون بکەینەوە کە ئایا ئەگەر چونکە ئەمە دووبارە دەبێتەوە ئەندامی پەرلەمان لە سەر مەوقفی سیاسی بەپێی تێگەیشتنی ئێوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە بوو دواتر بەهەر هۆکارێك بێ چووە دەرەوە غیاب دەدرێ یاخود نا؟ ئەمە بۆ هەر چوار ساڵەکە بۆ ئەوەی بۆ ئێمە روون بێ لە سەر ئەو مەوقیفە، چونکە ئەمە مەوزوعێکە لە دەسەڵاتی ئێوەیە و، بە ئاگاداری ئێوەیە، بەڵام دەکرێ ئێوە بێ ئاگا بووبن کاروباری پەرلەمان کردبێتیەوە و، لە هۆڵی پەرلەمان غیاباتەکەتان خوێندبێتەوە هەر لەم خولەدا روویداوە، بەڵام کەسیش غیاب نەدراوە، بۆیە پێویستە ئەم مەوقیفە بە روونی تێگەیشتنی ئێوە لە سەر غیاب و غیاب نەبوونی ئەندامی پەرلەمان شێوازی غیاب دانەکەی بۆ ئێمە روونبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسم کرد، ئێمە لە ناو هۆڵی پەرلەمان غیابات هاتۆتە بەردەست بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، سکرتێری پەرلەمان خوێندوویەتییەوە ئیعتیرازێك ئەگەر لە سەر ئەمە هەبووبێ داوامان کرد، لە دانیشتنی پێشووش داوامان کرد کە ئەگەر ئیعتیرازێك لە سەر ئەم بابەتە هەیە بە نووسراو ئاڕاستەمان بکرێت، دوێنێ نووسراوێکمان ئاڕاستەکراوە و، ئیعتیراز لە سەر ئەم بابەتە هەیە، ئێمە بەدواداچوون دەکەین بۆ غیابی ئەو رۆژە کە جەلسەی (١٠)یەمی پەرلەمان و، دواتر هەر روونکردنەوەیەکیش هەبوو دەتوانین لە هۆڵی پەرلەمانیش باسی بکەین، سەبارەت بەو بابەتەشی کە جەنابت باسی دەکەی ئایا بایکۆت بە غیاب دەنووسرێ یان نا؟ ئێمە تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان لەم رووەوە نەداوە، دەتوانین بە راوێژ لەگەڵ خۆتان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە ئێستا خەریکی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆیە ئەم بابەتە رێك بخەین و، بۆ داهاتووش ئەم بابەتە رێك بخەین، مەسەلەیەکی ئەوەتۆ نییە، مەسەلەیەکی ئەوەندە قورس نییە کە بەم شێوەیە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بورووژێندرێ، جگە لە مەسەلەیەکی ئیجرائی، جگە لە ئیجرایەکی رۆتینی کە لەلایەن کاروباری پەرلەمانەوە لەوە دەچێ گێراوەتەبەر لەوەی کە غیاباتی ئەو رۆژە چێکی ئیمزاکان کرابێ و، لەوەوە غیابات نووسرابێ، جگە لەمە هیچ شتێکی تری لە پشتەوە نییە، وەکو باسیشم کرد دەستەی سەرۆکایەتی ئاگامان لێ نەبووە تا غیابات لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە خوێندراوەتەوە، فەرموو خاتوو حیات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە باسی ئامادەبوون و ئامادەنەبوون و ئەو شتانە زۆر کرا، بەڵام بەنیسبەت خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا، ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان مولزەم نین لە خوێندنەوەی ناوی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان ئینجا تکایە چارەسەرێکی ئەو مەسەلەیەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان غیاباتی ئەندامان لە لیژنەکان بەهەمان شێوەی غیاباتی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بۆ خۆتان دەزانن لیژنەکان کاروباریان نەدەچوو بەڕێوە، دانیشتنەکانیان ئەنجام نەدەدا، لەبەرئەوەی نیصابی یاسایی دانیشتنەکانیان تەواو نەدەکرا، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو ئیجرائە کە بە تەواوەتی پەیڕەویشە، چونکە بەپێی پەیڕەو هەموو ئیجرائاتێك کە پەیوەستە بە غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان ساریە بەسەر غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکانیش و، ئەمە دەرهاویشتەی زۆر ئیجابی لێ کەوتۆتەوە، ئێستا دانیشتنەکانی لیژنەکان زۆر بە باشی دەڕواتە پێشەوە بەشێوەیەکی دەوری لیژنەکان دانیشتنی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەندامانی پەرلەمانیش حازر دەبن لە دانیشتنەکە و، ئێمە مولزەمین کە هەوڵی ئەوە بدەین ئەو یاسایەنەی کە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ داوا لە لیژنەکان بکەین کە راپۆرتیان لە سەر حازر بکەن، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بکەین کە ئامادەبن لە دانیشتنەکانی لیژنەکان بۆ ئەوەی نیصابیان هەبێ بۆ ئەوەی کاروباری پەرلەمان پەکی نەکەوێ، پێم وابێ دەرهاویشتەی ئیجابی هەبووە، لە ماوەی داهاتوو دەتوانین سەر لە نوێ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان بەدواداچوونەوە بکەین بۆ ئەمە پێداچوونەوەی بۆ بکەین، بەڵام وەکو باسم کرد ئێستا ئەم ئالیەتە گیراوەتەبەر و، پێم وابێ دەرهاویشتەی ئیجابی هەیە لە داهاتووشدا دەتوانین قسەی زیاتری لە سەر بکەین، فەرموو خاتوو تەلار،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت باسی بەهەند وەرگرتنی ئەو یاداشتانەت کرد کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانەکانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی دەکرێ، بەڵام ئێمە بە ژمارەی یاسایی یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ قسەکردن لە سەر کچان و ژنانی ئێزیدی، بەڵام تاکو ئێستا ئەو دانیشتنە نەکرا و، هیچ وەڵامێکیشمان وەرنەگرتۆتەوە، بۆیە داواکارین روونکردنەوە لە سەر ئەوە بدەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەو بابەتەی کە جەنابت باست کرد، ئێمە بەتەنسیق لەگەڵ لیژنەی کاروباری ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان ئێستا لە هەوڵی ئەوەین کە لە ماوەی کەمی داهاتوو دانیشتنێکی پەرلەمان ئەنجام بدەین لە سەر ئەو بابەتەی کە باستان کرد بۆ ئەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنمان هەبێ، راپۆرت لە

دانیشتنەکە بخوێندرێتەوە و، هەوڵی ئەوەش بدەین بە هەندێك ڕاسپاردەی باشەوە لە کۆبوونەوەکە دەربچین وا خەریکی ئامادەسازین بۆ ئەو مەسەلە، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بچینەوە سەر گفتوگۆکردن لە سەر بەندی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ کە بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، کە هەردوو لیژنە ئێستا ئامادەن بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆ، تکایە بەندێکی تری پڕۆژە یاساکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە،

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم: بڕگەی یەکەم: وەك خۆی دەمینێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم: ماددەی دەیەمی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، سەرۆك ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات.

١. بەڕێوەبردن و ڕاگیرکردنی کارەکانی دەستەو مسۆگەرکردنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسادا بەو جۆرەی هێنانە کایەی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دامەزراندن و بەرزکردنەوەو تەئدیبکردنی فەرمانبەرانی دەستە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

بڕگەی سێیەم: أ ـ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بە کەلۆریۆس لە یاسادا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵەرەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی (٣) مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵ (١٩٧١) دەقی لە سەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

ب ـ لا دەبرێت و دەبرێتە ماددەی یانزە لە یاساکەدا،

بڕگەی چوارەم و پێنجەم و حەوتەم، لە بەندی هەشت هەڵدەگیرێ دەبردرێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە کە لە بڕگەی دووەم لە بەندی نۆ لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە بە خاڵی شەش و حەوت و هەشت.

شەشەم: وەکو خۆی دەمینێتەوە،

هەشتەم: وەکو خۆی دەمینێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: پێشکەشکردنی راپۆرتی ناوبەناو بۆ پەرلەمان هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە پوختەیەك لە سەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەوانەی پارێزراون و یان داخراون ئەوانەی رەوانەی داداگا تایبەتمەندییەکان کراون لە خۆ بگرێت و دەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی بلاویان دەکاتەوەو دەیخاتە بەردەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.

هەشتەم: دەرکردنی ئەم رێنمایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لە سەر کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە جەنابتان لە سەر ئەو بابەتە لە بەڕگەی سێیەم خاڵی (أ) کە دەڵێن هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دیارە دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەی دادی لێرانە دراوە بە سەرۆکی دەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگادار دەکەینەوە کە ئەو خاڵە بە پێچەوانەی ماددەی (٥١)ە لە قانونی ئسوولی مەحاکەماتی جەزائی و، هەروەها تەحقیق لە قەزایەی فەساد بەپێی قانونی ئسوولی مەحاکەماتی جەزائی پێویستە بە واسیتەی موحەققین بێ و، لە ژێر ئیشراڤ قازی تەحقیقی موختەس بێ هەر بەپێی ئەو یاسایە و، هەر بەپێی ئەو یاسایە، و گفتوگۆش ئەهێڵینەوە بە تایبەت بۆ یاساناسەکان، بۆ ئەوەی ئەو خاڵە یاساییەش تێنەپەڕێ، وەکو ئەو دوو هەڵە یاساییەی کە دوێنێ بەسەرماندا تێپەڕی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی.

**بەڕێز ابو بکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم (دامەزراندن و بەرز کردنەوە( وشەی (تادیب کردن) پێم وایە بکرێتە (بەرزەفت) کردن، ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە، لە بڕگەی سێیەم پشتگیری لە بۆچوونی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە گێڕانەوە و دانانی موحەقیق عەدلی ئەوە تەجهیزە کردنی دەسەڵاتی دادوەرییە، ئەوەش بەپێی قانونی ئسوڵی مەحاکەماتی جەزائی کە کارپێکراوە لە هەرێم، سەلاحیاتی وەزیری عەدلە، لە ئێستا ئەنجومەنی دادوەرییە و لەبەردەم سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئنافە سوێندی یاسایی ئەخۆن، تەبیعیە ئەو دەستە بەڕێزە چەند لێکۆڵەری ئەوێ دەبێ ئەنجومەنی دادەوەری بۆیان دابین بکات، بەڵام پێم وایە دامەزراندنیان و پلە بەرز کردنەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری بگێڕینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر بڕگەی سێیەمە، پشتگیری تەواوی قسەکانی دکتۆرە ڤالاٚ ئەکەم، چ دامەزراندنی، چ سوێندەکەشی هەردووکی نایاسایییە، بۆیە لێرە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین پێشێلکاری لە یاساکان نەبێ، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئەو سەلاحیاتانە بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، بۆ ئەوەی نەبێتە تەدەخول لە دەسەڵاتیان، و هەرکاتێ بیەوێ کار لەسەر جێ بەجێ کردنی یاسایەك بکرێ، پێویستە پێش وەخت هەمواری ئەو یاسایانە بکرێتەوە ئەگەر سەلاحیەت بەو دەستەیە بدرێ، بەلاٚم نابێ ئەو سەلاحیەتانە پێچەوانەی یاسای بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر رسول ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان بێ، و سەبارەت بە بڕگەی سێیەم خاڵی (أ) پشتگیری لە قسەکانی تەلار خان ئەکەم، خاڵی (ب) ناچێتە زیمنی دەسەڵاتی سەرۆکی دەستە، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتی لێکۆڵەرەوەیە، و لە هەمان کات ماف و ئیمتیازە، بۆیە بکرێتە ماددەی (١١)، هەروەکو لیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتی خۆی ئاماژەی پێداوە، و بڕگەی چوارەمیش بە هەمان شێوە، و سەبارەت بە دامەزراندنی ئەکادیمیا، پێم وایە دروست کردنی دامەزراوە لە پێناوی دروست کردنی دامەزراوە کافی نییە، بە زەڕوری نازانم، چونکە ئەگەر دەستەی دەستپاکی نەتوانێ بە کردار ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە، کە تا ئێرەش وەکو پێویست نەبووە، ئەوە دروست کردنی ئەکادیمیا بە تیۆری ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە، پێم وایە هیچ ئەنجامێکی سلبی نابێ، و مەفهومی شەفافیەت و ئەوانەش ڕوون و ئاشکران، بۆیە ئەکرێ دەستەی دەستپاکی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان، و بۆ کارمەندەکانی

كە لە چوارچێوەی ئەو دەستەیە ئیش ئەكەن، خول بكاتەوە، لە دەرەوەی وڵات بێ یان لە ناوەوەی وڵات، و حكومەت میزانییەی بۆ تەرخان بكات، نەك دامەزراوەیەك هەبێ بە بەردەوامی كاری ئەوە بێ، و هاوڕام لەگەڵ ڕاپۆرتی دارایی كە بڕگەی (٧، ٨) ببرێتە ماددەی (٩) لە ئەسڵیەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی هەموو ئەو ڕایانە ئەكەم كە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، تەنیا ئەو خاڵە نەبێ پاڵپشتی دكتۆرە ڤالا و هاوڕێكانی دواتریش ئەكەم كە پێم وایە مادام لە خاڵێك هەر لە ناو خودی تەعدیلی دەستەی نەزاهە كە پێشكەشیان كردووە ئەڵێ (يتمتع محقق الهيئة بنفس السلطات و الصلاحيات المحققين وفق قانون اصول المحاكمات الجزائية)، هەمووی قانونی ئسوڵی مەحاكەماتی جەزائی لەسەر تەتبیق ئەبێ، مادام وایە سوێند خواردنیشی ئەبێ بەپێی قانونی مەحاكەماتی جەزائی بێ، دووەم، لەبەر ئەوەی قانونی ئسوڵی مەحاكەماتی جەزائی و قانونی عقوبات و قانونی مەدەنی، ئەوانە ئەحكامی عامەن، شومولی ئەو نەصە ناكات و بڵێ (الخاص يقيد العام) لەبەر ئەوە ئەبێ ڕەچاویان بكرێ، بۆیە ئەبێ موحەقیق لەبەردەم مەجلیسی قەزا سوێند بخوا، نەك لەبەردەم دەستە، ئەوانی تریش لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشم، پێم باشە ئەو ماددانە بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنە باسیان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ قسەی بەڕێز كاك دكتۆر فرست بەوەی لەبەردەم دادوەرانی لێكۆڵەر، لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری سوێند بخۆن، بەڵام ئەمەوێ سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەوەمان بۆ ڕوون بكاتەوە دوێنێ چ دوو شتی نایاسایی بەسەرمان تێپەڕیوە و قەبوڵ كراوە؟ وەكو بەڕێزیان فەرموویان بۆ ئەوەی ئەمڕۆ شتی نایاسایی بەسەرماندا تێنەپەڕێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو یاسا کارپێکراوانەی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا دامەزراندن لە دەستەڵاتی سەرۆکی حکەمەتە بە سیڤی لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەرز ئەکرێتەوە، و دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گەشت و گوزاریش دوو دەستەن هاوشێوەی ئەو دەستەیە سەرۆکەکەیان پلەی وەزیری هەیە، بەلاّم دەستەلاّتی دامەزراندنیان نییە، ئایا هۆکار چییە دەستەلاّتی دامەزراندن دراوە بە سەرۆکی دەستە؟ و دامەزراندن لە چ پلەیەکەوە بۆ چ پلەیەکە؟ چونکە پلە تایبەتەکانیش ئەگرێتەوە، ئەویش لە دەستەلاّتی سەرۆکی هەرێمە، پشتگیری قسەکانی بەرێز کاک ئەبو بەکر و دکتۆر فرسەت ئەکەم دەربارەی لابردنی وشەی (تەئدیب) کردن، ئەو وتانەش بەرێز دکتۆر فرست کردی، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دەستپاکی ئەکەم لەسەر ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە، زۆر بە وردی ئامادە کراوە، سوپاسی ئامادە بوونی بەرێز دکتۆر ئەحمەدیش ئەکەم، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، بە نیسبەت بەندی هەشتەم فەقەرەی دووەم لەگەڵ بەرێز کاک ئەبو بەکرم، دامەزراندن و بەرز کردنەوە، و وشەی تەئدیب کردن جوا نییە، بە عەرەبی پێی ئەڵێن عەینی، لێرەش نووسرایە، بکرێتە ئینزیبات بە عەرەبی، بەرزەفت کردنیش بە کوردی، بە نیسبەت فەقەرەی پێنجەم لە بەندی هەشتەم باسی دامەزراندنی ئەکادیمیەك ئەکات بۆ موکافەحەی گەندەڵی، و ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایەی باسی کردییە کە توانای ڕاهێنان و بلاّو کردنەوەی چەمکەکانی دەستپاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت، ئەگەر بێینە لاپەڕەی حەفتەم کە باسی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی ئەکات، ئەبینین نەفسی ئەرکەکانە بە نیسبەت شەفافیەت و نەزاهەت و بلاّوکردنەوە و زانیاری، و لاپەڕەی هەشت کە باسی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت ئەکات، ئەگەر بێینە سەر فەقەرەی چوار و پێنج عەینی باسی پرۆگرامی ڕاهێنان ئەکات، و فەقەرەی پێنجەم باسی بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری شەفافیەت ئەکات، مەعنای ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایە دائیرەی تەحقیقات ئەیکات، و دائیرەی خۆپاراستن و شەفافیەتیش ئەیکات، لەبەر ئەوە ئەو ئەکادیمیایە بۆچی دابمەزرێ؟ وابزانم ئەوە تەشکیلاتی دائیریت بۆ زیاد ئەکات، دوو فەرمانگەت هەیە ئەو ئیشانە ئەکات، پێویست ناکات ئەو ئەکادیمیایە دروست بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر شوان.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە بە گشتی سەرۆكی دەستەكە سەلاحیاتی زۆری پێدراوە، ئەگەر بكرێ لە هەموویان بكرێ بە هاوكاری ئەنجومەنی دەستە، شتێكی ئاوا زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر سیراج.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم پێشنیار ئەكەم كە ئەوها ڕێكبخرێتەوە (سەرۆك ئەو دەستەڵاتانەی خوارەوە پیادە ئەكات): (أ و ب) بۆ زیاد بكرێ:

أ دامەزراندن و فەسڵ و تەئدیب كردن، تا ئێستا باسی فەسڵ كردن نەكرایە كە عیلمەن سەرۆكی دەستە حەقی دامەزراندنی هەیە، حەقی بەرز كردنەوەی هەیە، حەقی تەئدیبی هەیە، ئەبێ حەقی فەسڵ كردن و لادانیشی هەبێ كە خۆی بە شیاوی ئەزانێ.

ب- پێدانی قیدەمێك لە شەش مانگ تێپەڕ نەكات بۆ ئەو كەسانەی كە جهودی ئیستیسنائی نیشان ئەدەن، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٨) باسی ئەوە ئەكات سەرۆكی دەستە بۆی هەیە ساڵێك قیدەم بداتە هەر موەزەفێك، بەراستی ساڵێك هیچ كەسێك ئەو سەلاحیەتەی نییە، تەنیا سەلاحیەتی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، نەك سەرۆكی دەستەیەك، با ئەو قیدەمە لە ماددەی (١٨) نەمێنێ، و ببێتە شەش مانگ، و باسی فەسڵیشی تێدابێ، چۆن باسی تەئدیب كردنی و بەرز كردنەوە ئەكات، لە بڕگەی سێ، باسی دامەزرادنی لێكۆڵەر ئەكات، دامەزراندنی ئەوها بە ڕەهایی، پێشنیار ئەكەم وای لێبێ، لەبەر ئەوەی موحەقیقی نوێ، مەبەستم موحەقیقی نوێیە، ناكرێ موحەقیقێكی نوێ لە مەوزوعێكی وا هەستیار لە نوێ تەعین بكرێ، چونكە كارەكەی هەستیارە، بە گەنجێكی تازە دەرچوو تەسەور ناكەم، كەم تەرجوبە كاری تەحقیقی ئەو مەلەفە حەساسانە بگرێتە ئەستۆ،با وای لێبێ سەرۆكی دەستە داوای نەقڵ بكات، هەندێ لێكۆڵەر لە هەندێ شوێن كە ئەزموونی چەند ساڵیان هەبێ، واباشە لە (٣) ساڵ كەمتر نەبێ، ئەوانە بە نەقڵ بكرێ، بە هەمان حقوق و ئیمتیازاتی ئەو شوێنەی تێیدایە، و و ئەگەر موبەڕیڕاتیش هەیە كە ئەوان بە تەنسیب دێن و وەكو میلاك حیساب ناكرێ، ئەكرێ ئەوان بە نەقڵ بێن، بە هەمان ئیمتیازاتیش، بەلام بەو شێوەیە نا كە ئەوان تەعینی نوێ بن و ئەزموونیان نەبێ، و مەلەفی وا حەساس بگرنە دەست، نوقتەی پێنجەم، دامەزراندنی ئەكادیمیا باس ئەكات، ئەكادیمیا ئیشی بحوس و دیراساتە،

لێرە بەس باسی ڕاهێنانی کردووە، ناکرێ ئەکادیمیایەك باسی بحوس و دیراساتی تێدا نەبێ، بەڕای من وا باشە ئەکادیمیا باسی بحوس و دیراساتی تێدابێ، و باسی وجودی باحیس و لێکۆڵەرەکانیش بکات، لە هەمووی گرنگتر ناوی نەوتراوە، من بە چاکی ئەزانم ناویشی تەحدید بکرێ، ناوی بنێن ئەکادیمیای دەستپاکی، ئەکادیمیای کوردستان بۆ کاری دەستپاکی، ئەوەی بە زەڕور ئەزانم، لەبەر ئەوەی ئەکادیمیا بەبێ ناو هاتووە، ئەبێ ناویشی بۆ دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قانونی نیم، لە پەرلەمانی کوردستان (١١) پەرلەمانتاری بەڕێز کە لە لیژنەی قانونین ئێمە خۆمان سسپاردووە بە ئەوان، بۆیە داوای ڕوون کردنەوە لە لیژنەی قانونی ئەکەم، ئەوەی دوێنێ تێپەڕیوە دوو بابەتی نا قانونی تێپەڕیوە، چونکە ئەوە مەسئولیاتە لەم خولە، ئەگەر وایە با ڕوون کردنەوە بدەن، ئەگەر وا نییە با ئەو قسەیە لە پرۆۆتۆکۆل بسڕنەوە، چونکە ئەوە ئەبێتە ماڵ لەسەرمان کە لەم پەرلەمانە شتی نا یاساییمان تێپەڕاندووە، داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم لە لیژنەی یاسایی کە ئەوەی دوێنی نا قانونییە، یان قانونییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەیان چییە لەسەر ڕای ئەندامان؟ فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ ڕای خۆمان دا لەسەر هەردوو ئەو بڕگەی دەنگی لەسەر درا، ڕای یەکەم لە ماددەی چوار، ویلایەتی عام ئەدات بە دەستەی نەزاهە بەسەر هەموو کەسەکان، لە حاڵەتێك کە ویلاتی عام بەسەر هەموو شەخسێ لە سەلاحیەتی سوڵتەی قەزائی دایە تەنیا، وەکو سوڵتەیەکی موستەقیل، ڕای دووەمیش کە پێمان وا بوو ئەویش هەر ناشیرن کردنی یاساکە بوو، تایبەت بوو کە دەستەلاّتمان لە دەستەلاّتی دادوەری سەندەوە کە (٣) کاندید هەڵبژێرێ ئینجا بێ بۆ پەرلەمان، ئەویش بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەنگی لەسەر بدات، بەلاّم ئەو دەستەلاّتەمان لە دەستەلاّتێکی قانونی سەربەخۆ سەندەوە، دامان بە دەستەلاّتێکی سیاسی قانونی کە پەرلەمانی کوردستان بوو، روون کردنەوەی من و ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە بەسەرمان تێپەڕی ئەو دوو خاڵە بوو، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مولاحەزاتی ئەندامانی پەرلەمان، سێ کەس پشتگیریان کردووە کە حەقی تەعین لە موحەقیقینی عەدلی بە پێی ماددەی (٥١) ی قانونی ئسولی موحاکەماتی جەزائی بێ، و لە بەڕێز سەرۆکی دەستە ئەو حەقە بسەندرێتەوە، و (٣) کەسیش پێشنیاری کردووە کە تەئدیب کردن هەڵگیرێ، و بەرزەفتە کردن ئیزافە بکرێ، و لە پاڵ

دامەزراندن و بەرز کردنەوە حەقی فەسڵیش بدرێ بە سەرۆکی دەستە، و زیاتر لە دوو ئەندام پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوە بوون کە ئەکادیمیا هەر دورست نەکرێ، و ڕایەکیش لەگەڵ ئەوە بوو ئەگەر ئەکادیمیا دروست بکرێ ئەوە پێویستە باس بکرێ کە کارەکانی چین؟ ئەوەش کە پەیوەندی بە مەنحی قیدەمیەوە هەیە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، دوایی بە ڕاوێژ هەردوو لیژنەی موختەس دایدەڕێژنەوە، هەر ئەو موڵاحەزاتانە هەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر ڕێ بە بەڕێزیشت ئەدەم، فورموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەو مەعلوماتە موتەوازیعەی هەمە لە یاسا، ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا ئەکەمەوە کە هیچ خەلەلێکی قانونی نەبووە لەوەی دوێنێ تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی ئێمە وتوومانە ویلایەتی بەسەر هەموو کەس ئەبێ، ئەو هەموو کەسە زۆر کێشەی لە کۆڵ کردووینەوە، دووەم، ئەگەر ویلایەتی بەسەر هەموو کەس نەبێ ناتوانێ کارە ڕەقابیەکەی خۆی وەکو ئەوەی هەیە بیکات، دوای ئەوەی لە بڕگەی دووەم دوو ڕەئی هەبوو، یەکێ وتی بکرێ بە ئەنجومەنی قەزا، یەکێکیش وتی بکرێ بە لیژنەیەکی پەرلەمانی، هیچیان ناقانونی نییە، بەڵام دەنگی پەرلەمان یەکلایی کردۆتەوە کە بدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان، هیچ نا قانونی نییە، هەر کام لەو ڕەئیانەی دوێنێ ئەگەر ڕەئی موخالفیش دەنگی بهێنابایە هیچیان ناقانونی نەبوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق - سەرۆکی پەرلەمان:**

من یەك داواکاریم لە بەڕێزتان هەیە لە لیژنەکانی پەرلەمان، بە تایبەتی لیژنەی یاسایی، تکایە ڕای شەخسی خۆتان لە ڕای لیژنەکە جیا بکەنەوە، دوو، هەرکاتێ شتێکی ناقانونیتان بینی لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکان، ئەرکی لیژنەی یاساییە ئەگەر شتێکی ناقانونی هەبوو نەهێڵێ بێتە ناو ڕاپۆرتەکە، ئەگەریش هات با ئاماژە بدرێ بەوەی کە ئەوە موخاڵەفەی فڵان قانونە، و ئەگەرنا کاتێ ئەو ڕایانە لە ناو ڕاپۆرت تەبویت کراوە وەکو دوو ڕا، ئەندامانی پەرلەمان بە ڕای قانونی ئەبینن، و پێیان وایە بەپێی ئەوەی خۆیان کە تێیئەڕوانن و ڕای ئەوانە، ئەتوانن دەنگی بۆ بدەن، دوو نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری تەواوم بۆ قسەکانی بەڕێزت، یەکەم، لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بەلگەی یاسایی حاشا هەڵنەگر، یەعنی بەلگەی یاسایی موتڵەق هەبێ لەسەر مەسەلەیەك کە نایاساییە، نابێ بیهێنێتە ناو هۆڵ، ئەبێ قەناعەت بە یەکتری بکەن لە ناو لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو دەقە بە دوو ڕا نەیەتە ناو هۆڵ، واتە ئەوان خۆیان (١١) قانونین، لە ناو خۆیان نەیانتوانیوە قەناعەت بە یەکتری بکەن کە ئەوە یاساییە یان نا یاساییە؟ ئەیهێننە ئێرە، گریمان هیچ لە یاسا نازانین، ئەوان دوو ڕەئیان هێناوەتە

بەردەمی ئێمە، ئەگەر ماددەیەك نا دەستووری و نا قانونییە ئەبێ نەیهێنن قەناعەت بە یەکتری بێنن، دوو، سەبارەت بە مەسەلەی ویلاتی عام، ویلایەتەکە تەنیا لە حوکمەکانی ئەو یاسایەیە، و ئەو دەستەیە دەستەلاتی ئەوەی نییە حوکم بەسەر خەلك بکات، ڕاستە لەوێ موحەقیقین هەن، دەستەلاتی تەحقیقی هەیە، کەواتە حوکمەکانی ئەو یاسایە بەس بۆ تەحقیقە، نەك بۆ حوکم دان، دواتر هەر کەسێك کە مەسئەلەیەکی لەسەر ساغ ئەبێتەوە، مەسەلەی حوکم دان بەسەری ئەگەڕێتەوە بۆ لای قەزا، سەبارەت بە مەسەلەی سێیەم، بە تەسەوری من ئەوەی کە کێ ئەو کەسانە تەرشیح بکات؟ ئەوەندەی بوعدێکی سیاسی هەیە، ئەوەندە قانونی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ئیبراهیم، دکتۆرە ڤالآ دەرفەت بە بەڕێزیشت ئەدەم، با ئەو دوو نوقتە نیزامییە وەرگرین، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەك براستی مشەوشە ل دیڤ من، ئەز نزانم پەیڕەوێ ل دیڤ جەنابێتە چاوا دیێتە خاندن؟ بەس هەر لیژنەکا مەعنی بابەتەکی ڤە، دێبینی لیژنا یاسایی پرۆژێت دیتە تەقدیم کرن ل پەرلەمانێ، ب سەراحەت دبێژم لیژنا یاسایی بتنێ نەبێتە لامیعی پەرلەمانی، ئەو لیژنەیەت هەی یێ مەعنی مەفرۆزە ئەڤ پرۆژە یاسایە، لیژنا مەعنی بداتە دانوستاندنێ، و لیژنا یاسایی بێتە جهێ ئیستیشاری، نە لیژنا یاسایی بهێتە جهێ دانوستاندنێ و موناقەشێ، چونکی ئەڤە ب هەماهەنگیێ چێ دبن، قەناعەتا من مەفروزە لیژنا مەعنی و مەوزوعی ئەڤ بابەتا کرن، لیژنا یاسایی بهاتبا ئیستیشارە کرن، و ئەڤ پرۆژە نا، بۆ هەر پرۆژەکی تر ژ بی، یەعنی ئەز بە حالێ خۆ دگەل هەڤالآ خۆ ل لیژنا پەروەردە و خوێندنی بالآ هەروەختەکی پرۆژێت یاسایێ پەروەردە و خوندنی بالآ هات، ڕێگە نادەم بخۆ کو ئەز تەکلیفا لیژنا یاسایی بکەم پرۆژە بداتە دانوستاندنا پەرلەمانێ، بەلکو ئەم لیژنا خۆ بابەتێ دێنە دانوستاندنێ، و لیژنا یاسایی بلا بێتە جهێ ئیستیشاری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە ئەبێ لیژنەی یاسایی ئیش لەسەر هەموو پرۆژە یاسایەك کە دێتە پەرلەمان ڕاپۆرت حازر بکات، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە لایەنی یاسایی، دەستووری بوونی یاساکان، گونجانی یاساکان، ئەوە ئەبێ لیژنەی یاسایی یەکلایی بکاتەوە، بۆیە لە پەیڕەویش ئاماژە بەوە کراوە، جاری واش هەیە ڕاپۆرتی هاوبەش حازر ئەکرێ لە نێوان لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی تر، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە بابەتێك تێپەڕی ناکرێ جارێکی تر قسەی لەسەر بکەینەوە، ئەوەی بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ فەرمووی تەنیا لە چوارچێوەی وەلاّمدانەوە بوو، بەلاّم ئێمە کە زیاتر دێین و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەین، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، داوا لە بەڕێزت ئەکەم بەپێی ئەو دەستەلاّتەی هەتە ئەو مەسەلەیە دابخە، با بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕاستە، ناگەڕێینەوە سەر ڕابردوو، بەلاّم ئاماژە بەوە درا لێرە ئێستا لەبەردەممانە گرفتێکی یاسایی هەیە، لەم ماددەی ئێستا موناقەشەی ئەکەین، ئاماژەش بەوە درا کە دوێنێش خەلەلی قانونی هەبوو، بۆیە ئەم گفتوگۆیە هاتە کایەوە، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ ئەگەر قسەی ترت هەیە؟

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەتەکە دادەخەین هیچ ڕوون کردنەوەیەکمان نییە، بەلاّم ئەو خالاّنەی دوێنێ تێپەڕین تیکراری ئەکەمەوە خالّی نایاسایین، و دەستەلاّتی دادوەری ئەتوانێ دیفاع لە خۆی بکات لەو بارەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح ((عمر کۆچەر)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیح ئەم دگەل لیژنا یاسایی هاوبەشین و مە چ ئیشکال دگەل نینە کو کی ئەو بکەتن و وانژی خواند و (نجیبە) ییّ ژی خواند چی ئیشکال مە لسەر ڤیّ خالیّ نینن و مەوزوع مەوزوعەکیّ قانونی و یاساییە و ئەم حەسدکەین تەبیعی یە لیژنا یاسایی دەوریّ خۆ دڤی مەجالیدا ببینت، دوو تێبینی من هەبوون ئێك، ئەم ژی پشتگیریا وان بۆچوونا دکەین کو سوێند خوارن بەرامبەر ئەنجومەنیّ دادوەران بیتن و، خالاّ هەشتیّ ژی، ئەز نزانم چەوا مە ئیشارەتەك کربوو کو ئەگەر نەمینت، چونکە د (اسباب موجبە) دا یا هەی خالاّ (اصدار التعليمات المنصوص عليها في هذا القانون) بزمانیّ عەرەبی ئەو یا د (اسباب موجبە) دا هەی ئەگەر لابدرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر (احمد) سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەست دەكەم ئەم خاڵە خاڵێكی ئێجگار گرنگە، ڕەبتی بە ئەساسی دامەزراندنی دەستەی دەستپاكییەوە هەیە، ئەساسی دەستەی دەستپاكی كە ئەركە ئەساسییەكانی ئەوەیە كە لێكۆڵینەوە لە كەیسەكانی گەندەڵی بكات، ئێمە تەقریبەن لە ساڵێك چوار تا پێنج مانگمان هەیە بەراستی، لە مانگی چواری ئەمساڵەوە دوای ئەوەی كە دەسەلاتی دادوەری لە هەرسێ پارێزگاكە بۆ دەستنیشان كردووین تا ئێستا لەبەر گرفتی نەبوونی یاخۆد كەمی موحەقیق نەمانتوانیوە نە ئۆفیس لە پارێزگای دهۆك و، نە لە سلێمانی و، نە لە قەزا و ناحییەكانیشدا بكەینەوە كە ئەمە خاڵێكی ئێجگار گرنگە لەم مەسەلەیە، مەسەلەی موحەقیق بۆ ئێمە بۆ نموونە ئێستا لە سلێمانی یەك موحەقیقیان بۆ موتەفەریغ كردووین پاش سێ مانگ لە هاتو چۆ پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی دادگا لەوێ كە ئەویش هەقی خۆیەتی ئەویش موشكیلەی كەمی میلاكی هەیە بە تەئكید هەمان شتیش بۆ شوێنەكانی تر دەبێت، دوو: قەزییە لە بەغدا دەمێكە یەكلایی كراوەتەوە دەستەی دەستپاكی خۆی موحەقیقی هەیە و دەبێت موحەقیقی هەبێت، بە پێی پێدانی ئەو دەسەلاتە بە دەستەی دەستپاكی لێرە من پێتان دەڵێم دەستەی دەستپاكی ناتوانێت تەحقیق لە هیچ كەسێكی گەندەڵ بكات، چونكە هەتا ئەو موحەقیقانەی بە تەنسیبیش هاتوون ئێمە لە سەرەتای ئەمساڵ (١٠) موحەقیقمان بە تەنسیب لە دەسەلاتی دادوەری بۆ هەولێر وەرگرت، تەقریبەن پێنج تا شەشیان بەبێ ئەوەی ئێمەش ئاگادار بكەنەوە، بەبێ ئەوەی ئەو قەزایانەی كە لە لایەنیشیانە تەسلیم بكەنەوە چوون تەنسیبەكەی خۆیان هەڵوەشاندەوە، ئەوە نوقتەیەكی ئێجگار جەوهەرییە، ئێوە خۆتان پەرلەمان ئازادن چۆن قەرار دەدەن، بەلام بەبێ پێدانی ئەو مافە بە دەستەی دەستپاكی پێتان دەڵێم ئیشی تەحقیق لە سەرتا سەری كوردستان چۆن ئێستا وەستاوە ناچێتە پێش، بە نیسبەت سوێند خواردنەكە موشكیلە نییە من پێموایە ئەو فەقەرەیە هەڵبگیرێت زۆر زەرور نییە تەنیا دەورەكە زەرورە، برادەرێك وتی، بەڵێ بەتەئكید ئەگەر ئەو هەقەمان پێبدرێت ئێستا لە كوردستان ژمارەیەكی زۆر موحەقیق هەن كە ئێستا كاری پارێزەری دەكەن، ژمارەیەكی زۆر لە موحەقیق ئێمە دەتوانین بە نەقل وەریان بگرین لە دەسەلاتی دادوەری، فیعلەن نەقل خۆمان ئێستا دوو دەستەی فەرمانبەرەكانمان بە نەقل وەرگرتووە، چونكە خۆتان دەزانن فەرمانبەری تازە بۆ ئێمە لەگەڵ ڕێزمان ئەگەر ئێستا فەرمانبەری تازە وەربگری، بەلام تازە لەگەڵ خاوەن خیبرەكان پێكەوە بڵێین تێكەڵكێش دەكەین ئێستاش ئەو موحەقیقە كۆنانە وەردەگرین كۆمەڵێك گەنجیش وەردەگرین دەبێت لەسەر دەستی ئەوانە فێربن، ئەو دەستە دەستەیەكی سابت و دائیمە بۆ موستەقبەل لە كوردستان ئیش دەكات لەبەرئەوە ئەوە خاڵێكی جەوهەری و ئەساسییە كە ئێمە تەقریبەن لە خولی سێیەمیشەوە ئیشمان لەسەر ئەو مەسەلەیە كردووە دەكرێت ئەو دوو فەقەرە سوێند خواردنەكە لابدەین، لەبەرئەوە ئەم مەوزوعە مەوزوعێكی ئێجگار گرینگە، هەر ئاراستەیەك دەیكەن ئەوا خۆتان وەكو پەرلەمانتار لێرەن، بەلام بەبێ پێدانی ئەو مافە بە دەستەی دەستپاكی كە هیچیش موخالیف نییە لەسەر ئەوە و لە بەغداش ئەوە زیاتر لە (٩) ساڵە ئیشی پێدەكرێت، نە ئێمە لە عێراق یاسایی ترین و نە ئێمەش وەكو ئەوان ولاتێكن

موئەسەساتیمان هەیە و، ئەو قانونەی لەسەر دەمی بریمەریش دەرچوو ئەو قانونەی کە لە خولی دووەمی پەرلەمانی عێراقیش بوو ئەوان بەردەوام موحەقیق لای خۆیان دادەمەزرێنن، مومکینە سوێند خواردنەکەش وەلەو لێرە ئیعتیرازاتێك بەرز دەبێتەوە لە دەسەڵاتی قەزایی، داواکاری گشتی هەقی خۆیانە، بەڵام بە تەئکید بوونی ئەو دەستەیە پێویستی بە ئەدەواتی خۆی هەیە دەبێت ئەو دەستەیە موحەقیقی تایبەت بە خۆی هەبێت بەبێ ئەوە بەهیچ شێوەیەك وە ئێستا هەر شتێکی لە پەرلەمان دەردەچێت قانونە، چونکە پەرلەمان خۆی دەسەڵاتی تەشریعی هەیە، پەرلەمان دەتوانێت قانون تەعدیل بکات بەبێ پێدانی ئەو سەڵاحیاتە من پێتان دەڵێم کاری تەحقیق لە کوردستان چۆن ئێستا بە خاوی چۆتە پێش و ڕەنگە بەشێك لە پەرلەمان گلەییان هەبێت، بە تەئکید ئەوە دەبێت، بە نیسبەت وشەی تەئدیبەوە هەر خۆشی لە قانونی نەزاهەی عێراقدا هاتووە، تەئدیب هەیە، بەڵام دەکرێت وشەیەکی تری بۆ بکرێت، بە نیسبەت موکافەحەی فەسادیش بە تەئکید ئەکادیمیاکە و، ئەکادیمیا دیارە کە سەڵاحیات دەڵێت مانای ئەوە نییە ئێمە بەیانی ئەکادیمیا دادەمەزرێنین ئەو ئەکادیمیایە ڕەنگە بۆ داهاتوو بێت بۆ پێگەیاندن و پەرەپێدان بە تواناکانی کادیرەکانمان بێت، ئێستا لە بەغدا ئەکادیمیای فەساد هەیە، بەڵام هەم وەزعی بەغداد خراپە هەم ئێستاش ئێمە عیلاقەی موباشیرمان لەگەڵیان نییە، هیوادارین سەرۆکی تازەی کە ئێستا لە ڕێگایە سەرۆکێکی دیکە بۆ دەستەی نەزاهەی عێراق دابنێن بتوانین ئەو تەنسیقە بکەین ئەگەر وەزعی بەغداد باش بێت ئێمە بتوانین سوود لە ئیمکانیاتی ئەوان وەربگرین، بۆیە ئەو تەشکیلاتانەی کە هاتووە شەرت نییە سبەی دابمەزرێن، بەڵام ئەو تەشکیلاتەی کە قسە لەسەر موئەسەسەیەك دەکات کامل بێت، بەراستی فەرمانبەرەکانی خاوەن باشترین ئاستی ئیداری بن بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکانی خۆیان جێبە جێ بکەن، لەبەر ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، مەسەلەی موحەقیق بۆ ئێمە شتێکی ئێجگار زەروری و حەیاتییە و هیچ موخالەفەشی تێدا نییە و ئەگەر موخالەفەش کرابێت بڕوا ناکەم هیچ موخالەفەیەك هەبێت و لە عێراقدا هەیە و لە زۆربەی وڵاتانیشدا هەیە ئێستا من ئەگەر بمزانیبامایە موناقەشەی زیاتر دەکرێت دەمتوانی قانونی چەندین وڵاتیشتان بۆ بێنم کە ئەو سەڵاحیاتانەی داوە بە دەستەی دەستپاکی و دەستەی دەستپاکی وەکو خاتوو دکتۆرە (ڕێواز) باسی کرد هیچ ئەولەویاتی نییە، بە حیساب دەستەی دەستپاکی تەحقیق لە قەزایا دەکات قەزایاکە ئەوەل و ئاخیر دەچێتە بەر دادگاکان، دادگای حکومی بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو کەیسانەی ئیمە دەدات، تەحقیقیش لە مەراحلی یەکەمدا موحەقیق تەنیا هاوکاری قازی تەحقیقە، قازی تەحقیق بۆی هەیە حکوم بدات بەهۆی ئەو تەحقیقە بەشی ئەوەندە بەڵگەی تێدابێت لەبەر ئەوە ئەوەل و ئاخیریش دەکات، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم لە سەدا (٦٠) تا (٧٠) ئەساسەن لە ژێر دەسەڵاتی قەزایە، ئەوە ویجهەت نەزەری ئێمەیە ئەوەش بە خاڵێکی گرینگ و جەوهەری دەزانین لەو تەعدیلە بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانی خۆمان لەو مەسەلەیە ببەینە پێش و، بڕیاری کۆتایش بۆ ئێوەی بەڕێزە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێت لیژنەی یاسایی قسەی خۆیان دەبێت، ئێستا بەڵگەی قانونی دەخەنە ڕوو لەسەر ئەو مەوزوعە، بەڵام سێ نوقتەی نیزامیمان هەیە، تکایە نوقتەی نیزامی بێت نەك پێدانی ڕای تازە، بەڕێز كاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من لەسەر، موشكیلە لە راپۆرتەكەدا تێبینیم نووسیوە، بەس بۆ سەرۆكی لیژنەی یاسایی كە شتەكەی شتی نا قانونی هەیە بۆ ئیمزای كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو ئەوە دامان خست، بەڕێز خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە دوا وشەی بەڕێز دكتۆرە (ڤاڵا)وە دەست پێدەكەم، كاتێك ئەو پێی وایە كە ئێمە فیعلەن پەرلەمانی كوردستان نا قانونیمان كردووە، ببوورە سەرۆكی پەرلەمان ئەو قسەیەی كۆتایی ئەو هاندانی دەسەڵاتی دادوەری تێدایە كە دژی پەرلەمانی كوردستان هەڵوێستیان هەبێت سەبارەت بەو یاسایەی كە ئێمە دوێنێ تێمان پەڕاندووە، ببوورە ئەو دەڵێت هەقە هەڵوێستیان هەبێت، واتە هاندانی تیایە لەلایەن سەرۆكی لیژنەی یاساییەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری، من داوا دەكەم قسەكەی لە پرۆتۆكۆڵ بسڕێتەوە و، هەروەها روون كردنەوەشمان بداتێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (مونیرە) خان ئەوە هاندان نییە، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی تكایە، سەرۆكی لیژنەی یاسایی وەكو ئەندامێكی پەرلەمان، بەڕێز (امنە) خان تكایە دەرفەت بدە لە جێی خۆی قسە مەكە، دەرفەت بدە با من قسەكانم تەواو بكەم، ڕێت پێدەدەم قسەی خۆت بكەی، سەرۆكی لیژنەی یاسایی مافی خۆیەتی بیرو بۆ چوونە یاساییەكانی خۆی بخاتە ڕوو و وەكو ئەندام پەرلەمانیش مافی خۆیەتی كە بیرو بۆ چوونەكانی خۆی بخاتە ڕوو، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

براستی ئەڤ مەوزوعە گەلەك درێژی بخوەڤە گرت، پێت دكەنە د قالبەكێ، یەعنی نزانم چ ناڤ بینم، ئەوا كو (مونیرە) خان دبێژیتن تۆهمەو تەشهیر كرنا سەرۆكا لیژنا یاساییە دڤێتن بیسەلمێنێتن كا چەوا هاندانا لیژنا ئەنجومەنێ دادوەری دكەتن بوی شێوازی دڤێت ئاخفتنا خۆ ئیسبات بكەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە هاوكاریمان دەكەن كە ئەم مەوزوعە دابخەین، كۆتایی پێبێنین، بەڕێز دكتۆرە ڤالا تكایە ڕای یاسایی خۆت بڵێ لەسەر ئەو بابەتەی كە پەیوەندیدارە بە ماددەی (٨) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥١) لە قانونی ئصوڵی موحاكەماتی جەزائیدا لە ئەحكام عامەدا هاتووە لە خاڵی (ھ) ((یعین المحقق بأمر من وزیر العدل على أن یكون حاصلا على شهادة في القانون معترف بها او حاصلا على شهادة دبلوم الادارة القانونیة من هیئة المعاهد الفنیة و یجوز منح ضباط الشرطة و مفوضیها وموظفي وزارة العدل من القانونین سلطة المحقق بأمر من وزیر العدل))، لە خاڵی (ھ) دا هاتووە ((یعین المحقق بأمر من وزیر العدل على أن یكون حاصلا على لشهادة في القانون معترف بها و یجوز منح ضباط الشرطة و مفوضیها و موظفي وزارة العدل القانون سلطة المحقق بأمر من وزیر العدل))، (و) ((لا یمارس المحقق أعمال الوظیفته لأول مرة الا اذا حلف أمام رئیس المحكمة الأستئناف الیمین الاتیة (أقسم بالله أن أؤدي الأعمال الوظیفة باالعدل وأطبق القوانین بأمانة) ))، وە ئەوەی كە لە قانونی هەیئەی نەزاهەی بەغدادا هاتووە لە ماددەی (٣) ((تعمل الهیئة على المساهمة في منع الفساد و مكافحتة و اعتماد الشفافیة في ادارة الشؤون على جمیع المستویات عن طریق، أولا " التحقیق في قضایا الفساد طبقا لأحكام هذا القانون بواسطة المحققین تحت اشراف قاضي التحقیق المختص وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائیة))، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆر احمد ڕایەكی ترت هەیە؟

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ئەو قسەیەی من دەكات خاتوو (ڤالا)، لە بەغدا ئەوە سەرۆكی دەستەی پێشوو ئێستا ڕاوێژكارە لای من، تەبعەن من پێم خۆشبوو بێت، بەڵام دیاربوو بەڕێز سەرۆكی دیوان پرسیبووی وتی زیاتر ڕەوانەی سەرۆكی دەستە بێت، نەخێر ئەوان موحەقیقیان هەیە و دایان دەمەزرێنن و، سوێند خواردنەكە زۆر موشكیلە نییە لە كوێ سوێند دەخوات، بۆیە ئەو بەڵگەی كە هێناویەتی كە لە قانون ئصوڵی موحاكەماتدا هەمان بەڵگە لە بەغدا منیش دەیهێنمەوە كە ئێستا دەستەی دەستپاكی لە عێراق خۆی موحەقیقی هەیە كەواتە خاتوو (ڤالا) بەو بەڵگانەی هێناویەتی تەئیدی ڕەئیەكەی من دەكات، چونكە ئەوان هەمان شتیان

کردووه، بەڵێ قانونەکەم بینیوە پێویست ناکات پێم پیشاندەی، دەڵێم لە بەغدا هەمان شت هەیە موحەقیقیان هەیە و موحەقیقیان لەبەر دەمی سەرۆکی دەستە ئەگەر حەزیش دەکەن ئەم فەقەرەیە تەسجیل بکەن من لە دانیشتنی داهاتوو ئەو راوێژکارە دێنم کە (٥) ساڵ خۆی سەرۆکی دەستە بووە لەبەر دەمی خۆیان سوێند دەخۆن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر (احمد) جەنابت بە پێی یاسای دەستەی نەزاهەی عێراق بەڵگەیەکت هەیە؟، تکایە بەڵگەکەت بخە ڕوو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

بەڵێ، من پێت دەڵێم موحەقیق لە دەستەی دەستپاکی خۆیان دایان مەزراندووە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی یاساکە بۆی هەیە،

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

بەڵێ، قوربان بەپێی یاساکە موحەقیقە، من پێت دەڵێم بە فیعلی ئەوە کراوە، ئێمە لێرە ئێستا قسە لەسەر دەستەیەك دەکەین کە چۆن بتوانێت ئیشەکانی خۆی بکات ئەگینا مومکینە بە ڕەئیی شەخسی خۆم هەر نەمبێ باشترە ئەگەر دەسەڵاتی قەزا بەهای ئەوە بتوانێت موحەقیق بۆ ئێمە دابین بکات یا نەقلیان بکاتەوە، لەوانە خۆی دامەزراندنەکە، ئەسڵەن ئێستا تموحم لە نەقل کەمترە لەوەی دامەزراندن، چونکە دامەزراندن وەکو بەڕێز وتی تا گەنجەکان، لەبەر ئەوە ئەگەر بەغداد بێت نە وەك بەغداد موحەقیق دابمەزرێ و لەبەردەم سەرۆکی دەستەش خۆی سوێند دەخوات، بەڵام سوێند خواردنەکە قەزییەك نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دکتۆر (احمد)، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای دەستەی نەزاهەی عێراقیدا هاتووە کە دەبێت دەستەکە موحەقیقی هەبێت، بەس نەهاتووە بڵێت سەلاحییەتەکەی لە دامەزراندنی سەرۆکی دەستەیە، لە فەصڵی (٣) ((الاجرءات التحقیقیة للهیئة))، ماددەی (١١) ئەوەلەن: ((للهیئة صلاحیة التحقیق في أي قضیة فساد بوا سطة المحققین تحت اشراف قاضي التحقیق المختص))، یەعنی بە مەعنای دەڵێت هەیبێ موحەقیقیها، بەڵام نەی وتووە دامەزراندنەکە لە سەلاحییاتی ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز عمر صالح ((عمر كۆچەر)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشگیری لە لیژنەی قانونی دەكەین، تەعین هەقی ئەوەی نییە، بەس موحەقیق هەبێتن، نەقل ببێتن، خیبرە هەبێتن، سوێند بخوات وەكو ئەوەی چۆن پێش لەگەڵ هەموو ئەندامانی نەزاهە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە لیژنەی نەزاهە ئێوەش ڕەئیتان لەسەر ئەوەیە كە موحەقیق لە لایەن سولتەی قەزاییەوە دابمەزرێت، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو ڕا هەیە، ڕایەكیان كە لە ئەسڵی پرۆژە یاساكەیەوە هاتووە كە لە لایەن دەستەی دەستپاكییەوە پێشكەش كرابوو و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش واژوویان كردووە داوای ئەوە دەكەن كە دەستەی دەستپاكی خۆی مافی دامەزراندنی لێكۆڵەری هەبێت و، ڕایەكیش ڕای لیژنەی یاسایی و لیژنەی دەستپاكی پەرلەمانە، كە دەبوو لە راپۆرتەكەدا جێی بكەنەوە بەداخەوە ئەمەتان لە راپۆرتەكەدا جێی نە كردووەتەوە، دەبوو لە راپۆرتەكەش جێی بكەنەوە، بەڵام ئێستاش مادام هەر ڕایەكی ترتان هەیە كە لەگەڵ راپۆرتەكەشدا نا گونجێت دەكرێت لەگەڵ ڕای خۆتان سیاغەی بكەنەوە، پێموابێت بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیری ئەو ڕایەیان كرد كە خرایە ڕوو بۆ ئەوەی كە لێكۆڵەران لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە دابمەزرێن، ئەو ڕایە لای خۆتان سیاغە بكەنەوە هەردووكی دەخەینە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجێكم دا بە هەند وەرنەگیرا دامەزراندن، لە دەسەڵاتی هیچ وەزیرێكی كوردستاندا نییە، من مەبەستم بەڕێز جەنابی دكتۆر (احمد) نییە لەگەڵ حرمەتم بۆی و زۆر باوەڕیشم پێی هەیە، بەڵام دوای ئەو بۆچی تەنیا دامەزراندن دراوە نەك تەنیا بۆ موحەقیقین بۆ كارمەندەكانی تریش، بۆ بەڕێوەبەرەكان، بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەكان تەنیا بۆ لە كوردستاندا یەك دەستە بە تەنیا سەڵاحییاتی دامەزراندنی هەیە؟ یەك وەزیر نییەتی، یەك سەرۆكی دەستەی دیكە نییەتی، تەنیا بۆ دراوە بە سەرۆكی دەستەی دەستپاكی؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ روون كردنەوەیەكتان هەیە لەسەر ئەم ڕایە؟، بەڕێز دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کاك (عمر) ئەوە مولاحەزەیەکی جوانە پێشم خۆشە ئەو مولاحەزەیەت دا، دامەزراندن کە تۆ دەڵێی دەستەیەکی سەربەخۆ، یەعنی سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی، یەعنی ئەو دەستەیە دەبێت فەرمانبەرەکانی لای خۆی دابمەزرێنێت تۆ ئیشێکی گەورە و مەسئولییەتێکی گەورەت بەودەستەیە سپاردووە، فەلسەفەی هێنانی ئەو دەستە سەربەخۆوانە لە لایەن (بریمەر)ەوە بەکار هاتووە بۆ عێراق، ئەگەر سەیری دەستووری عێراق بکەین یەعنی چۆن بابێکی بۆ دەسەڵاتی تەشریعی و بابێکی بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی تەرخان کردووە و، بابێکی بۆ دەستە سەربەخۆیەکان دەستنیشان کردووە، ئێستا دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی باڵا، هەموو دەستە سەربەخۆکان لە دەوڵەتی عێراقدا ئەو مافەیان هەیە، چونکە فەلسەفەی دامەزراندنیان ئەوەیە کە خۆیان لە ڕووی ئیداری و داراییەوە موستەقیلن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن کە لەسەر شانیانە بەبێ ئەوە کە جیهەتێکی دیکە فەرمانبەریان بۆ دابمەزرێنن بە مواسەفاتی خۆی بە تەئکید ئەساسەن فەلسەفەی دەستەی سەربەخۆ بوونی نامێنێت، سەربەخۆ یەعنی لە ڕووی ئیستیقلالی مالی و ئیدارییەوە، واتە بودجەیەکی تایبەتی هەبێت و لە ڕووی دارایشەوە، لە نەقل کردن، لە پێشخستن، لە دامەزراندن ئەو مافەی هەبێت، وە ئەوەشی وتم ئەوە (١٨) ساڵیشە ئەو مەسەلەیە لە بەغداد مومارەسە دەکرێت، ڕاستە لە هەرێمی کوردستان تازەیە یاخۆد پێشتریش دیوانی چاودێری دارایی هەبووە، دوای دەستەی مافەکانی مرۆڤ هەبووە، دەستەی دەستپاکی هەبووە و، دەستەیەکی دیکەش بەڕێوەیە کە کۆمسیۆنی باڵایە دەبێت هەمان ماف هەبێت، چونکە چۆن داوا لە کۆمسیۆنی باڵا دەکەی ئەوانیش هەمان مافیان هەبێت کە کارمەندەکانی خۆیان دابمەزرێنن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئۆمێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشەی پڕۆژەکەدا ئەو ڕایەمان وەك تاکە ڕا نووسیوە و ئەوکاتەش بەڕێز دکتۆر (احمد) ئەوشتانەی روون کردەوە، بۆیە من وەك ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی پشتیوانی ڕایەکەی دکتۆر (احمد) دەکەم وەکو حاڵەتێکی تایبەت پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببووره من دوا سەرنجی خۆم دەڵێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەرجەعی ئەو دەستەیە پەرلەمانی کوردستانە، چۆن مەرجەعی وەزارەتێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، دەبێت ئەو کارمەندانە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دابمەزرێن، نەك دەسەڵاتی سەرۆکی دەستەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان تکایە ڕای خۆتان سیاغە بکەنەوە لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە، وە هەندێك تێبینی تریش هەبوون سەبارەت بە گۆڕینی تەئدیب کردنی فەرمانبەرانی دەستە و، قسەی سەرۆکی دەستە سەبارەت بە دامەزراندن کەلە لایەن حکومەت نەبێت وەجیهە، بەڵام ئەو قسەیەی بەڕێز کاك (عمر) کە باس لەوە دەکات مادام مەرجەعییەتی پەرلەمانە پێویست دەکات بۆ دامەزراندن ئەوە بگاتە پەرلەمان ئەمەش ڕایەکی ترە نازانم سەرۆکی دەستە چی هینێکی هەیە لەسەری.

**بەڕێز احمد انور (سەرۆکی دەستەی دەسپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوربان لەگەڵ ڕێزم بۆ پەرلەمان، کە ئەو دەستە لە ژێر چاودێری پەرلەمانە، یەعنی سەرۆکەکەی پەرلەمان هەڵی دەبژێرێت، سەرۆکەکەی پەرلەمان ئستیجوابی دەکات، (٦) مانگ جارێك یان ئێستا (٤) مانگ جارێك راپۆرت بۆ پەرلەمان دەنێرێت، لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەرکاتێك بۆیان هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی دەستە بکەن، بانگهێشتی پەرلەمان بکات بە میوانداری، بە ئیستیجواب ئەوە مەفهومی رەقابە چاودێرییەکە تەحقیق دەکات، بەڵام ئەگەر دامەزراندن لە لایەن پەرلەمانەوە بکرێت ئەوا فەقەرەی ئیستیقلالەکە لە دەست دەدات، چونکە دەبێتە تابعێك بە دەسەڵاتێکی تر، ئەو کات بەڕای من مەسەلە ئەوە نییە سیقەم بە پەرلەمان نییە، پەرلەمان دایکی هەموو دەسەڵاتەکانە و دەتوانێت ئێستا بەیەك قەرار لەم جەلسەیەدا ئەم دەستەیە هەڵبوەشێنێتەوە، هیچ موشکیلەمان لەسەر ئەوە نییە، بەڵام مەفهومی ئستیقلالەکە ئەوەیە کە دەستە خۆی کۆمەڵێك پێوەر دادەنێت بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی هەتا خودی چاودێری دارایی، کە دەڵێ لە ژێر چاودێری پەرلەمانە، بەڵام دوای چاودێری مورتەبیتە بە پەرلەمان، ئەو دوو فەقەرەیە لە ڕووی قانونییەوە ڕەنگە دکتۆرە (ڤالا) دەزانێت فەرقی هەیە، لە بەغداش کۆمەڵێك دەستەمان هەیە هەندێکیان مورتەبیتە بە مەجلسی نەواب و هەندێکیان لە ژێر چاودێری مەجلسی نەواب دایە و هەندێکیان راستەوخۆ لە ژێر چاودێری سەرۆکی پەرلەمانە، لەبەرئەوەیە فەلسەفەکەی کە سەربەخۆ بێت لە ئیدارە کردنی ئیشەکانی، بەڵام سەربەخۆی موتڵەق نییە  لە ژێر چاودێری پەرلەمان بەڕێوە دەچێت و پەرلەمان بۆی هەیە وردو درشت و هەموو تەفاسیلەکانی ئیشی ئەو دەستەیە بزانێ، ئاگادار بێ و هەر موخالەفە و کەم و کوڕییەك لە ئەدای ئیشەکانیان هەبێت دەتوانێت بەو مەهامە بە تەریقەی موحاسەبە کردنی وەزیرەکە موحاسەبەی سەرۆکی دەستەش بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پەسەندا ئاخفتنێت بەڕێز دکتۆر (احمد) دکەم براستی ئەگەر هەما هەمی تشت هەوە تەجدید کرن چی پێتڤیاوێ یە کو دەستەیەکا سەربەخۆ بیت، ژبەر هندێ ژی هەکە هەمی تشت بنە سەلاحیاتێت سەرۆکاتیا پەرلەمانی ئەز دبێژم باشترە پێداچوونەکێ بکەن هەر ل وێرێ وێ دەزگایێ لادەن و ئەم دێ دەستێت خۆژی بلندکەین بلا نەمینت، چونکە بڤی سیغەتی هوین یێ تەجدید دکەن ڤێ دەستەیێ و ژ رەخەکێ ڤە ژی هوین یێ داخازا ئستیقلالا وێ دکەن، ئستیقلالیەت وەکو ددەستێ وەدا بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوایەکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، شوێنی نەقل و گواستنەوە، نەقل کردن و گواستنەوەی موحەڤیقینی عەدلی لەو ماددەیە بکەنەوە، زۆربەی کێشەکانی ئەم دەستەیە حەل دەکاتن بەتایبەتی دامەزراندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باسی کرد، کاتی خۆی.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش پاڵپشتێکە، بەڕێزیان پاڵپشتی ڕایەکەی کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ ((سەرۆك پاش تەواو بوونی دواین داواکارانی قسەکردن لەوانەی ناویان نووسراوە دەرگای گفتو گۆ دادەخات و بابەتەکە دەخاتە بەر دەنگدانەوە))، تکایە رجاتان لێدەکەین ئەو سەلاحیاتەش بەکار بێنن دوای ئەوانەی ناویان نووسراوە با کەسی تر قسە نەکات و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وا چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە لیژنەی یاسایی سیاغەی ڕای خۆیان بکەن، ئەوەی کە جەنابت دەیڵێ زۆر راستە لە دوای گفتو گۆ پێویست ناکات کەس قسەیەکی تر بکات، چونکە قسەکان کراون پێشتر، بەڵام تا

چاوەڕێی ئەوان دەکەین سیاغەی دەکەن، بەڵێ بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ لە ناو هۆڵیش دروست نەبێت، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بقەناعەتا من ئەڤ دەستە دەستا دەستپاکی، دەستەیا دەستپاکی گەلەکا گرینگە چەوا کۆمسیۆنا سەربەخۆ یا بالا کو (٩) ئەندامن ئەڤ (٩) ئەندامە مە بڕیاردا کو ل پەرلەمانی بێنە دەستنیشان کرن و بەرپرسن بەرامبەری پەرلەمانی، بۆچوونا من ئەز دبێژم ئەڤ دەستەش بیئعتیبار، چونکە وەکو کۆمسیۆنێ نییە کو ئەڤە دیاسایێدا هاتبیت کو ئەڤە دگەل سەرۆکێ دەستەیێ بێنە هەڵبژاردن بەلکۆ بقەناعەتا من چەوا ئەنجومەنێ کۆمسیاران مە بەحسکر پەرلەمان دەستنیشان دکەت ئەز ژی دگەل وێ بۆچوونێ مە کو ئەڤ دەستە گەلەك گرینگە کو پەرلەمان ڤی ئەنجومەنی دەستنیشان بکەت تایبەتی ڤان موحەقیقا کو نووکە بەحس لسەر دهێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە وەزعەکە زۆر تەعقید تر دەکات کاك (بەهزاد) ئەوە دەستە داوا دەکات خۆی تەعین بکات، ڕایەك هەیە کە دەسەڵاتی دادوەری تەعینی بکات و جەنابیشت دەڵێی پەرلەمان لێکۆڵەرەکان تەعین بکات، بەڕێزان ئێستا روون بۆیەوە لەم بابەتەدا کە بابەتی دامەزراندنی لێکۆڵەرەکانە دوو ڕا هەیە، تەبعەن بەڕێزانی لیژنەی یاسایی و، لیژنەی نەزاهە هەندێك لە سەرنجی ئەندامانی تری پەرلەمان هەبوون کە ڕەچاو بکرێ مەسەلەی تەئدیب کردن، گۆڕینی بۆ بەرزەفت کردن، ئەوانەش ڕەچاو بکرێت لە خوێندنەکەدا بۆ ئەوەی کە بخوێنرێتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە. بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی گشتی دەستەی دەستپاکی، رایەکی تری ئەندامانی پەرلەمان هەبوو کە بێ وەڵام ماوەتەوە، کە پێویست دەکات جەنابت روونکردنەوەی لەسەر بدەیت، ئێوە لە پرۆژە یاساکەی خۆتان لە ماددەی ﴿٨﴾ بڕگەی ﴿٥﴾داوای دامەزراندنی ئەکادیمیایەکتان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا، ئەرکەکانی بونیادنانی تاواناکان و راهێنان و بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی دەستپاکی و لێپرسینەوە و شەفافییەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی گشتی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەکادیمیایە دەتوانرێت بڵێین مەعهەدێکە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی دەستە بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئیداری و یاسایی و توانای فەننی بەشێك لە خۆیەوە دەگرێت کە دەڵێین ئەو تەشکیلە هەیە مانای ئەوە نییە کە سبەی دەرچوو موسادقەی لەسەر کرا، بەڵکو لەزمنی پرۆژەی تەواو کردنی هەیئەی دەستە و دامەزراندنی دەستەیەکی ئەکتیف و کارا و بەردەوام، بۆ نموونە ئێستا لە بەغداد هیچ موحەقیقێك لەو موحەقیقانەی کە خۆیان هەیانە تەرفیع ناکات ئەگەر دەورەیەك لەو ئاکادیمیایە نەبینێت و هیچ

فەرمانبەرێك لە پلەیەك ناچێتە پلەیەكی تر كە دەورەیەك لە بەرزكردنەوەی ئاستی ئیداری پێ نەكرێت، لەبەر ئەوە زیاد نییە، بەڵام رەنگە خۆشمان حالیەن توانای بەشەری ئەوەندەمان لەبەر دەست نەبێت، بەڵام رەنگە لە ساڵانی داهاتوودا بیكەین، لە بەغداد هەیە، بەڵام وەكو خۆت دەزانی بۆ ئەو زروف و رەوشی ئەمنی خراپ لە بەغدا، ئێمە نەمانتوانی ئیستیفادەی لێ بكەین ئەوان لە بیدایەت عەرزیان كرد كە كۆمەڵێك فەرمانبەری ئێمە لای ئەوان راهێنانی پێ بكەن، لەبەر ئەوە پێم وایە دەزگایەكی زەرورییە و بەردەوام پێویستی بە نوێ كردنەوەی زانیاری فەرمانبەرانی خۆیە و بە تەئكید لە رووی ئیداری و مەعلوماتی بەشەكان ئەو ئەكادیمیە كومەڵێك بەش لە خۆ دەگرێت و خەڵكی موختەس بە راستی دەرسی تێدا دەڵێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەردوو را ئامادەن، بۆ ئەوەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت، رای یەكەم: ئەوەیە لە راپۆرتی دوو لیژنەكە ئەوەی لەبەر دەستان هاتووە و ئێستا دەستەی سەرۆكایەتی و هەردوو لیژنەكە هاتوونەتە سەر قەناعەتێكی تر، بەڵام لە راپۆرتەكەدا نووسراوە سەلاحییەتی دامەزراندنی لێكۆڵەر لە دەستی دەستە بێت، رای دووەم: ئەوەیە دامەزراندنی لێكۆڵەر لە سەلاحییەتی دەستە نەبێت و لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هەماهەنگی بكرێت بۆ دامەزراندنی لێكۆڵەر كە لێرەدا لایەنی پەیوەندیدار بە پێی یاسا پەیوەندیدارەكانی عێراق و هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی دادوەرییە، تەبعەن ئێمە كۆی ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئاسانكاری بۆ ئەوەی دوو جار ماددەكە نەخوێنرێتەوە لە پێشدا دەنگدان لەسەر بڕگەی ﴿٣﴾ دەكەین و دوای ئەوە كە یەكلابوویەوە، ئەو كات دەنگدان لەسەر كۆی ماددەكەش دەكەین، د. احمد قسەیەكت هەبوو؟

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆكی گشتی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵام پێش ئەوەی دەنگدان بكرێت، دیارە ئازادن لە هەردوو رەئیەكە، ئیستا ئەو سەلاحییەتەمان نییە، ئێستا ئەگەر ئەو رایە پەسەند نەكەت شتەكە وەكو خۆی لێدێتەوە، بەڵام تەئكیدی دەكەمەوە كاری تەحقیقی دەستە لەوە زیاتر دوا دەكەوێت و زەربەیەكی زۆر گەورە بە ئیشەكە دەگات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رای خۆتت باس كرد د. احمد، تكایە ئەو دوو رایەی كە لەسەر بڕگەی ﴿٣﴾ هەیە بیخوێنن، رای یەكەم بخۆینن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە و ئەگەر دەنگی نەهێنا رای دووەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم: أ، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسادان بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لەپەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندە لە یاسای بنەماکانی دادگای سزاکارییەکانی ژمارە ﴿٢٣﴾ ساڵی ﴿١٩٧١﴾، دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم رایە ئەوەیە کە لێکۆڵەران لە لایەن دەستەوە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دەستە دادەمەزرێن، کێ لەگەڵ ئەم رایە دایە؟ کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وەك رێزلێنان لە بۆچوونەکەی ﴿کاك احمد﴾، ئایا پەسەندی ئەم رایە دەکات؟ ئایا ئەمە گوزارشت لە بۆچوونەکەی ﴿کاك احمد﴾ دەکات؟ دەمانەوێت بۆچوونەکەی بزانین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد چەند جار رای خۆی وت، رای لەگەڵ ئەمەیە.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمانەوێت بزانین سیاغەکە گوزارشت لە رایەکەی کاك احمد دەکات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەو پرۆژە یاسایەیە کە خۆیان ناردوویانە، کاك د. احمد فەرموو،

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

ئێمە حەقی دامەزراندنمان هەبێت ئەگەر ئیشکالەك لەسەر سوێندخواردنەکە هەیە زۆر موشکیلە نییە، دەتوانین فەقەری ئاخیر لابەرین، مومکینە یەك، دوو، برادەر موخالیفە، بەڵام ئێمە ئەسڵ ئەوەیە پێویستمان بە موحەقیقە و دەزانین دەسەڵاتی قەزا بەو وەزعەی کە ئێستا تێدایە لەگەڵ رێزی زۆرمان، موشکیلە ئەوەیە خۆیان نیانە، ئێستا ئێمە لە رانیە تا کەلار یەك موحەقیقمان هەیە و ئێستا سەرووی ﴿٥٠﴾ کەیسمان حازرە بۆ تەحقیق تێیدا، کە خۆی نەیبێت بۆ من لە کوێ بێنێت؟ دەبێت چاوەڕێی میزانییەی ساڵی داهاتوو بکات و لەو میزانییە رەنگە ﴿٥٠﴾ کەس بۆی دابمەزرێت، قەزیەکە ئەوە نییە من پێم خۆشە هەبێت قەزیەکە ئەوەیە ئیشی ئێمە بەرەو پێش بچێت ئەساسی ئەو دەستەیە بۆ ئەوە دامەزراوە تەحقیق لەقەزیەی گەندەڵی بکات، کە دەسەڵاتی قەزایی نەیبێت، بەڵێ من دەتوانم ئیشکالەکە لەسەر فەقەرەی ئاخیرە و دوایی سوێند خواردنەکە هەڵبگرین موشکیلەیەکمان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە ئێستا رای دەستەش رایەکی ترە، ئێستا رای دەستە رای ترە لەو پرۆژە یاسایەی کە ناردوویانە کە ئەمە ئیشی پەرلەمان تەئخیر دەکات، کاک عمر کۆچەر فەرموو،

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ رێزم بۆ رەئی (د. احمد)، بەڵام بابەتی دامەزراندن کێشەیە لەم وڵاتە بە هەندێ زروفەوە، بەقەناعەتی من سەرۆکی دەستە راستە بە سەربەخۆیی و هەموو دەبێ سەربەخۆ بێت، بەس ئەمە کەم کردنە لە شەئنی موحەقیق، ئەگەر لە ئەنجومەنی دادوەری بستێنێت و لە هەیئەیەک دابمەزرێت وسوێند بخوات، موحەققی گەورە بێت وەک قانەون و عێراق ئەو حەقەی نەداوە کە دابمەزرێنیت لە ئەنجومەنە و ئەوە غەدرە بو موحەقیق، بەڵام حەقی دەستەیە نەقڵ بکات و نەقڵ حەقێکی قانونییە، بەس بابەت ئیستقلالیەتە، ئەوە ئەنجومەن شوێنێکی سەربەخۆیە و لە سەربەخۆیی دەستە کەم ناکات ئەگەر لە ئەنجومەن بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رای سێیەمیش هەیە، رای یەکەم، ئەوەیە کە ئێستا لە راپۆرتەکە هەیە، رای دووەم، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی و نەزاهە سیغەیان کردووە، رای سێیەم، ئەوەیە کە ئێستا د. احمد خستیە روو، ئەگەر ئەم دوو رایە دەنگیان نەهێنا دەچین بۆ رای سێیەم، کە رای سێیەم ئەوەیە کە سوێندخواردنی لەبەردەم دەستەکەدا نەبێت، کاک عمر قسەی ترت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندە بوو، نووسراوە دامەزراندنی لیکۆڵەر لە دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، یەعنی سەرووی بەکالۆریۆس ناگرێتەوە، دەبێت بنووسرێت بە لای کەمەوە، چونکە ماستەر و دکتۆرا دەکرێت لەمانەش جێگەی بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا ئەمەی کە ئێستا هەیە دەیخەینە دەنگەوە و ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینە رای دووەم و ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینە رای تر، کاک زانا قسەی تر هەیە؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە پێشدا هەر سێ رایەکەمان بۆ بخوێننەوە، دوایی یەك یەك بیخەرە دەنگدان، چونکە ئێستا ئەگەر رەئییێك بخەیە دەنگدان ئیمە تێناگەین رای دواتر چییە، هەرسێکی سیاغە بکەن، بڵێن ئەم سێ رایە هەیە، یەك، یەك بیخەرە دەنگدان، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەیەکی باشە، زۆر چاکە،

**بەڕێز د. ڤالا ابراهیم فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم: بڕگەی سێیەم، لە ﴿أ﴾، وەکو خۆیەتی ئەوی لە راپۆرتەکە هاتووە لە پێش جەنابیانە، دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لە وانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە یاسا، بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لەپەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی، ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگای سزاکارییەکانی ژمارە ﴿٢٣﴾ی ساڵی ﴿١٩٧١﴾ دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە، رای دووەم: کە لیژنەی یاسایی لە گەڵ لیژنەی نەزاهە دایانڕشتووە، داواکردنی سەرۆکی دەستە، داواکردنی دابین کردنی لێکۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار، واتە تەعیینی لێکۆڵەرەوەی دادی بە پێی ماددەی ﴿٥١﴾، کە لە ئەحکامی عامەی ئسوڵی موحاکماتی جەزائی دایە لە لایەن وەزیری عەدلەوە دەبێت و لە هەمان کاتدا سوێند خواردنەکەشی لەبەردەم مەحکەمی ئیستیناف دەبێت و ئەمەشیان رای دووەمە سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا روونە لاتان، وا نییە؟ رای یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵ رای یەکەمە؟ هەڵە لە چی هەیە د. ابراهیم؟ بەڵێ باشە، بەڕێز کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها دوو ئیشکالی بچووك هەیە ئەگەر چاك بکرێت، ئەوەی ﴿کاك عمر﴾ وتی بەکالۆریۆسەکە و ئەوەی سوێندخواردنیش کە بەڕێز سەرۆکی دەستەش ئەو پێشنیارەی کرد ئەو دووانە چاك بکرێت و سوێند خواردنەکە لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، مامۆستا انس فەرموو،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆرا و ماستەر هەبێت، تەحسیل حاسلە، لیسانسی هەیە، لەبەر ئەوە داعی نینە زێدە بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەیەكی وەجیهە ئەمە،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەفروزە تێدا بێتە نڤیسین نەحاسل تەحسیلە، ئەز نابێژم تەحسیلە، تۆ دڤێت بنڤیسی تێدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە رایەكی قانونییە لە ماستەر وەرناگیرێ تاكو بەكالۆریۆسی نەبێت، كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست ئەوە بوو، سبەینێ كە بە دكتۆرا تەعیین بوو ئیمتیازاتی دكتۆرای بدرێتێ، ئەگەر بەكالۆریۆس بوون دەڵێت من پێویستم بە بەكالۆریۆسە، ئیمتیازاتی بەكالۆریۆسی دەدەمێ،دەبا ئێستا بنووسرێت هیچ نارازییەكی تێدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكالۆریۆس بەرەو سەر، بەڵێ د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەلیمەی ﴿بە لایەنی كەمەوە﴾ زیاد دەكەین، بە لایەنی كەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت لەیاسا، تەواو حەل بوو؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەو رایەی كە باس لەوە دەكات، ئێستا لە ئەنجامی ئەو موشاورەیەی كە كردمان، كە سوێند خواردن لەبەر دەم دەستەكە نەبێت و تەعیین لەبەردەم دەستەكە بێت، هیچ فەرقی نییە، سوێند خواردن لەبەر دەمی دەستە، لێكۆڵەری دادی لەلایەن دەستەوە تەعیین بكرێت، لەبەردەم دەستە سوێند نەخوات و بڕوات لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری سوێند بخوات هیچ فەرقی نییە، یان هەردووكی موخالەفەیە یان هەردووكی گونجاوە، دەكرێت سوێندخواردن و تەعیین، دەكرێت سوێندخواردن لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری بێت و تەعیینیش لەبەر دەم دەسەڵاتی دادەوەری بێت، كە ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لیكۆڵەر تەعیین بكات دەتوانێت سوێند بخوات، بۆیە مادام ئەمە بە موخالەفە دەزانن لەبەردەم دەستەكە سوێند بخوون، ئەمە مانای ئەوەیە كە تەعیین كردنیش لە لایەن دەستەی دەستپاكییەوە هەر موخالفەیە، بۆیە هەر ئەم دوو رایە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی لە راپۆرتەكە لە بەردەست جەنابتانە كە تەعیین لە لایەن دەستەی

دەستپاكی و سوێندخواردنیش لەبەردەم دەستەی دەستپاكییەوە دەبێت، ئەمە لیژنەی قانونی روونیان كرد كە بە پێی ئەو یاسایانەی لەبەردەم دەستیانە موخالەفەی مەبادئی گشتییە، رای دووەمیش دوایی دەیخەینە دەنگەوە كە تەعیین و سوێندخواردن لەبەردەم دەسەڵاتی داوەری بێت و ئەو كاتە نەقل یان تەنسیب دەكرێن بۆ سەر دەستەكە، رای یەكەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، جارێكی تر،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم، «أ» هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێكۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لە وانەی هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە یاسادان بەو مەرجەی كاری لێكۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاكو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماكانی دادگەی سزاكارییەكانی ژمارە «٢٣» ساڵی «١٩٧١»، دەقی لەسەر كراوە لەبەردەم سەرۆكی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیدایە؟ «٢٩»كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵیدا نییە؟ «٣٩»كەس لەگەڵیدا نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، رای دووەم بخوێنەوە تكایە،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای دووەم، داواكردنی دابین كردنی لیكۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار «لایەنی پەیوەندیدار مەبەست سوڵتەی قەزاییە كە حەقی تەعیینی هەیە».

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیدایە؟ «٣٧»لەگەڵیدایە، كێ لەگەڵیدا نییە؟ «٢٦»كەس لەگەڵیدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، ئێستا كۆی ماددەكە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم، بڕگەی یەكەم، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، یەكەم: بەڕێوەبردن و ڕاگیركردنی كارەكانی دەستە و مسۆگەركردنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەركەكانی لە سنووری یاسادا بەو جۆرەی هێنانەكایەی ئامانجەكانی مسۆگەر دەكات، بڕگەی دووەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندن و بەرزكردنەوە و بەرزەفتە كردنی فەرمانبەرانی دەستە بە پێی یاسا كارپێكراوەكان، بڕگەی سێیەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: داواكردنی دابین كردنی لێكۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار، ب: لادەبرێت و دەبڕێتە مادەی «١١» لە یاساكەدا، بڕگەی «٤ و٥ و ٧» لە بەندی هەشت، هەڵدەگیرێت و

دەبڕێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە کە لە بڕگەی دووەم، لە بەندی نۆیەم، لە ئەسڵی یاساکەدا بە خاڵی ﴿٦ و ٧ و ٨﴾، بڕگەی شەشەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بڕگەی هەشتەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: پێشکەشکردنی راپۆرتی ناو بەناو بۆ پەرلەمان، هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە و پوختەیەك لەسەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەوانەی پارێزراون یان داخراون، ئەوانەی رەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان کراوە لەخۆ بگرێت و دەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاویان دەکەتاوە و دەیخاتە بەر دەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.

هەشتەم: دەرکردنی ئەو رینمایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی نۆیەمیش لە ئەسڵی یاساکەدا هەیە، ئێمە لە راپۆرتەکە ناومان نەهێناوە، بە مەعنای ئەوەی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەویش دەخوێنمەوە،

نۆیەم: هەڵسان بە کار و ئەرکەکان و پیادەکردنی ئەو دەسەلأتانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی بەرکاری تر دەقیان لەسەر دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە فەقەرەی پێنج گوتم دامەزراندنی ئەکادیمیایەك، ئەو ئەکادیمیایە نەمێنێ، چونکە ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایە دائیرەی تەحقیقات و دائیرەی شەفافییەت و نەزاهە دەیکات، کە ئەرکەکانی هەموو لێرەدا نووسراوە، یەعنی لە زیادبوونی یان دروستکردنی ئەو ئەکادیمیایەی تەشکیلاتی ئیداری زیاد دەکەی بەوەی، ئەسڵەن ئەرکەکانی ئەو دوو فەرمانگەیە دەکات، بۆچی دەیکەن؟ گوتم با نەمێنێت ئەو ئەکادیمیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، پێموابێت (بەڕێز د.جوان) سەرۆکی دەستە وەڵامی ئەمەی دایەوە، گوتی لەوە دەچێ لە داهاتوودا پێویستمان بە کادیر هەبێ لەم بوارەدا، ئێستا رەنگە نەتوانین ئەو ئەکادیمیایە بکەینەوە، بەلأم ئەو پێیوایە لە داهاتوودا رەنگە دەستەکە بتوانێ ئەکادیمیایەکی لەم بابەتە بکاتەوە، رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو پێشنیارە چییە؟ ئەگەر رایەکی تایبەتیتان هەیە باسی بکەن.

**بەڕێز د.ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای ئێمە ئەوەیە وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێوە لەگەڵێدا نین، لیژنەی نەزاهەش بە هەمان شێوە.

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

بەڵێ، ئێمەش لەگەڵی داین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم کرد کەوا ماددەی (١٨) لاببرێت کە باسی قیدەمی ساڵێك دەکات، لێرە شوێنی قیدەم بکرێ بە شەش مانگ یان بە چەند مانگێك، ناکرێتن سەرۆکی دەستە حەقی ساڵی قیدەمی هەبێتن کە وەزیر ئەو سەلاحیەتەی نییە، دەبا ئەوان ئیشارەتیان پێ بدابا لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی (بەڕێز د.سراج) باسی کرد لە ماددەی (١٨)دایە، با بگەینە ماددەی (١٨) ئەو کاتە ئەوە چارەسەری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ماددەکە دایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، دەچینە سەر بەندێکی تر، فەرمووو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی نۆیەم

بڕگەی یەکەم لە بەندی نۆیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێ بە مەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێ پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریکاری وەزارەت، لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك بە هەر مەرجێك بێ جێگای دەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا گشت دەسەلاتەکانیشی پیادە دەکات.

بڕگەی دووەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەی سێیەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەكانی تەخویل بكات بۆ جێگرەكەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەكان یان هەر یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن.

سێیەم: جێگری سەرۆكی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەكانی دەستە لە پۆستەكانیان بە مەرسوومێكی هەرێمی دەبەخشرێن لەسەر راسپاردەی سەرۆكی دەستە كە پاڵپشت بێت بە كاری لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە كەوا سەرۆكی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێكی دەهێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ ناوی خۆی دەنووسێت؟ ناوەكان دەخوێنمەوە با دوایی كەس گلەییمان لێ نەكات (بەڕێز د.سراج، بەڕێز ڤەمان فیصل، بەڕێز بەهزاد دەروێش، بەڕێز قادر ئۆتمان، بەڕێز كاك تحسین)، فەرموو بەڕێز د.سراج.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم بۆ دامەزراندنی جێگری دەستە دەبێ بە لایەنی كەم تەبعەن وای لێبێت، سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێت بە لایەنی كەم بڕوانامەی زانكۆی هەبێت لە یاسا و لە (١٠) ساڵ خزمەتی فیعلی لە كاری یاسادا كەمتر نەبێتن، یەعنی لەوانەیە ئەو كەسەی كە دەیهێنن دەبێ مەرجی هەبێت كە چ كەسێكە دەبێتە جێگری دەستە، نەك هەموو كەسێك بێنن كەوا شایستەی ئەو شوێنە نەبێ، دووەم: لە بڕگەی دووەم باس لەوە دەكات كە سەرۆكی دەستە حەقی هەیە دەسەلاتی خۆی شۆڕكاتەوە بۆ خوار بەڕێوەبەری گشتییش، بەراستی من ئیستیغراب دەكەم، تەعەجوب دەكەم، ئایا لە چ یاسایەك وەزیرێك دەتوانێ سەلاحیاتی خۆی بۆ خوار بەڕێوەبەری گشتیی شۆڕكاتەوە، من تەسەوڕ دەكەم ئەوە پێچەوانەی یاسایە، تكایە ئەوەش چارەسەر بكەن، تەنها دەكرێتن بۆ جێگرەكەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەكان و كۆتایی، نەك بۆ خوارتر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕێكارێن كو جێگرێ سەرۆكێ دەستەیا بێتە تەعین كرنێ گەلەك فەرقن ژ وان ئالیەتا كو سەرۆكێ دەستەیا پێ دێتە دەیناندنێ، ژبەر هەندێ لە بەندا (٧) لە راپۆرتا لێژنەیا هاوبەش چەند حاڵەتێكی دیاركرن، ئەگەر هاتو سەرۆكێ دەستە موخالەفەیا وان حاڵەتا كر دوو لەسەر سێ ئەندامان دەهێتە لادان، فەرەزەن جێگرێ سەرۆكێ دەستە جێی وی گرت و موخالەفەیا وان حاڵەتا كر، وان چەند خاڵان كر ئەوێ كو بەندا (٧)دا هاتینە كرنێ، ئالیەتا لابردنا وی نەهاتیە دیاركرنێ، ئایا هەنگی ئەو سەلاحیەتا پەرلەمانی دێ هەبیتن؟ یان ژی هەر بە وی مەرسوومی بیت ئەوەی ئەو پێ هاتیە تەعین كرنێ، چونكە ڕێكا تەعین كرنا جێگری گەلەك فەرقە، سەرۆك بە ڕێكا پەرلەمانی دێتە تەعین كرنێ و جێگرێ وی بە ڕێكا مەرسوومەكی دیتر یێ ئیداری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندێ نۆیەم خاڵ سێیەم كە بەحسێ بەخشینا جێگرێ سەرۆكێ دكەت، منیش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆكێ دەستە كە پاڵپشت بیت بە كاری لیژنەیەكا لێكۆڵینەوە كەوا جارێكی تر سەرۆكێ دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێنێت، پێمباشە كەوا ئەنجومەنێ دەستە یانیش سەرۆكێ دەستە بمێنێت بەم مەبەستە، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ كاك (دكتۆر) كە جێگر پێویستە لایەنی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت، كاندیدكردنی جێگرەكە لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوەبێت، هەروەها پێشنیار دەكەم گشت كار و ئەركەكانی رایی دەكات لابرێت، گشت دەسەڵاتەكانی پیادە دەكات، چونكە جێگر كە دادەنیشێ بۆ رایی كردنی ئەرك و كارەكانی سەرۆكی دەستە دادەنیشێ، هەروەها هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە سەرۆكی دەستە دەسەڵاتەكانی تەخویل بكات بۆ جێگرەكەی و بەڕێوەبەرە گشتییەكان، چونكە ناكرێ لە یەك كاتدا جێگرەكە و بەڕێوەبەرە گشتییەكان ئامادەبن، لەوە زیاتر شۆڕ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (تحسین دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەم بە هەر مەرجێك گونجاو نییە لێرە، لە كاتێكدا هەر نا روونە هەمووی، ئەگەر ڕێگەم بدەن بەم سیاغەیە بێ باشە (سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێت كە پاش كاندیدكردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە مەرسوومێكی هەرێمی بە پلەی بریكاری وەزارەت دادەمزرێت و لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك بە هەر هۆیەك جێگەی دەگرێتەوە و گشت دەسەلآتەكانی پیادە دەكات)، ئەمە بە نیسبەت بڕگەی یەكەم، بڕگەی دووەم: دەڵێ سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلآتەكانی تەخویل بكات، ناگونجێت لێرە، سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلآتەكانی بداتە جێگرەكەی یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەكان، لێرە كۆتایی پێ بێت یان هەر یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن ئەویش ناكرێت، لە گشتییەكان كۆتایی بێتن، بڕگەی سێیەم: ئەویشیان هەندێك ئیشكالی تێدایە، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن بەم سیاغەیە بێت (جێگری سەرۆكی دەستە یان هەر یەكێك لە بەڕێوەبەر گشتییەكانی دەستە لەسەر راسپاردەی سەرۆكی دەستە بە مەرسوومێكی هەرێمی لە پۆستەكانیان لادەدرێن كە پشت بە رای لیژنەی لێكۆڵینەوە دەبەستێت كەوا سەرۆكی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێكی دەهێنێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سوهراب فەرموو.

**بەڕێز سوهراب میكائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار سەر بڕگا دووەم هەبوو، ئەز پێشنیار دكەم بەم شێوەیە بێت (لرئیس الهیئة تخویل الصلاحیات الاتیة)، بێتە دەست نیشان كرن (لنائبە) هەتا ڤێرێ و راوەستیتن، یان هەیئەكە نەیەتە دەست نیشان كرن ژی (لرئیس الهیئة تخویل بعض صلاحیاتە لنائبە)، بەس ئەم چارچۆڤەیەكی بۆ دانێین (بأستثناء ما وردت في المادة الثانیة)، یان (ثانیاً، ثالثاً من الفقرة الثامنة)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشنیارەكەم ئەگەر ئەز دووبارەی بكەمەوە (لرئیس الهیئة تخویل الصلاحیات الاتیة)، ئەم دەست نیشان بكەین وان سەلآحیاتا، چونكە سەرۆكی هەیئە هاتیە هەڵبژاردن لە پەرلەمانێ، مەعقول نینە هەندەك سەلآحیاتێت بەرز و بڵند بدەتە جێگرێ خۆ، بێتە دەست نیشان كرن، ئەگەر نەیەتە دەست نیشان كرن ئەم چارچۆڤەیەكی بۆ دابنێین (بأستثناء ما وردت في ثانیاً و ثالثاً من المادة الثامنة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بــه نیســبەت مــاددەی نۆیــەم فەقــەرەی یەکــەم و دووەم، بــە نیســبەت دەســەڵاتەکان لێــرە دەڵــێ گشــت دەسەڵاتەکان، لەوێ دەڵێ هەنـدێك لـە دەسـەڵاتەکان، لـە رووی عەمەلییـەوە و لـە رووی کارگێڕییـەوە هـیچ سـەرۆکی دامودەزگایـەك و هـیچ سـەرۆکی دەسـتەیەك هـەموو سـەڵاحیاتی دەسـەڵاتی ناداتـە جێگـر، بـەڵکو هەندێك، لێرەدا دەبێ یەك بکرێ بڵێین هەنـدێك لـە دەسـەڵاتەکانی دەدرێـت، لەگـەڵ (کـاك سـوهراب)ی دام دەبێ ئەوەی جێگریش تەحدید بکرێ، سەڵاحیاتی جێگر چییە (في حالة غياب الرئيس)؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە کران مەرجەکانی جێگری سەرۆکی دەستە بە هەمان مەرجی سەرۆك دەبێـت ئـەوەیان دەبێ ئیزافە بکرێتن لێرانە، چونکە زۆر گرنگە، واتـە سـەرۆکی دەسـتە جێگرێکـی دەبـێ بـە مەرسـوومێکی هەرێمی دادەمەزرێ پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە، ئەوەیان هەیـە، پاشـان کاندیـدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریکاری وەزارەت، هـەروەها پێویسـتە هـەمان مەرجـەکانی سـەرۆکی دەستەی تێدا موتەوەفیر بێت کـە لـە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، لـە کـاتی ئامـادە نـەبوونی سـەرۆك بـە هـەر هۆکارێك بێت جێگای سەرۆك دەگرێتەوە لە پیادەکردنی دەسـەڵات، ئێمـە لێـرە گوتوومانـە لـە کـاتی ئامـادە نەبوونی سەرۆك، کە سەرۆك ئامادەنییە، بەڵام سەرۆك کە بۆ خۆی ئامادەیە ئەوە بە پێی نیزامـی داخیلـی هەیئەکە خۆی چ سـەڵاحیاتێکی دەوێ تـەخویلی جێگـر و بریکارەکـەی دەکات، واتـە مـەرج نییـە ئێمـە لـە یاسادا ئەو کارانەی کـە پێـی دەسـپێردرێت بـە جێگرەکـە دیـاری بکـەین، بـەڵکو نزامـی داخیلـی تایبـەت بـە خۆیان هەیـە، ئـەوە دەتـوانێ لـە نیـزام داخیلیەکە هـەموو دەسـەڵاتەکانی بـۆ دیـاری بکـات کـە پێـی دەدات، هەروەها رای جەنابیشیان گرنگە لەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڵام گرنگـە لێـرە لـە بڕگـەی دووەم ئـەوەش تەسـبیت بکـرێ، سـەرۆکی دەسـتە بـۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یـان هـەر یـەکێك لەوانـەی لـەخوار سەرۆکن، دەسەڵاتی هەر یەکێکیان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی دەستەکە دیاری دەکرێت، لەو کاتەدا هـەر دوو مەبەستەکە دەگەیەنێ، لیژنەی نەزاهە فەرموون.

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ژی حەز دکەین هەندەك سەلاحیات، نەك هەموو ئەو سەلاحیاتە بیتن، من تێبینییەکم هەیە لە هەر مەرجێك و لە هەر هۆکارێك ئەوە ژی هەیە، ئەوە ژی جێگای گومان دروست دکەت، مەسەلەن هەر هۆیەك بێتن سەرۆك ئەو سەلاحیاتە ژی هەموو بدەتە جێگرێ خۆ، جێگر وەکو سەرۆك نەهاتیە هەڵبژاردن، ئەگەر هۆیەکی شەرعی بدەین، یەعنی شتەکی یاسایی بدەین، ئەگەر عوزرەکی یاسایی یان شەرعی نەبێت دەتوانێ سەرۆکی دەستە خۆ بشارێتەوە و سەلاحیات هەموو بدەتە جێگر، ئەوە کێشە دروست دەکات بە قەناعەتی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله دیارە لە ئەسڵی مەشروعەکەی ئێمە ئەوەبوو کە ئەو سەلاحیەتەی سەرۆکی دەستەیە دیارە لیژنە پێیان باش بوو ئەنجومەنەکە بێت، بڕوا ناکەم زۆر ئیشکال دروست بکات، چونکە بڕوا ناکەم هیچ وەزیرێك بەبێ موافەقەی خۆی بریکاری بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوە پێمباشە وەکو ئەسڵیەکە بمێنێتەوە، ئەوەی تریش بە تەئکید بەشێك لە سەلاحیاتە قەت مەسئولەیەتی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لەگەڵ جێگر وەکو یەك نییە، هەر چەندە ئەگەر جێگرەکە بڵێین ئەوە نوقتەیەکی ئەساسییە، لەبەر ئەوە بەشێك لە سەلاحیاتەکان دەکرێ، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان کە وابزان لیژنەی یاسایی نوسخەیەکیان لایە، بەلام ئیشارەتیان پێ نەدا ئالیاتی هەڵبژاردنی جێگرەکەشمان دیاری کردووە چۆنە و مەرجەکانیشمان بۆ دیاری کردووە تەقریبەن، نەك تەقریبەن هەمان مەرجەکانی سەرۆکە، ئەگەر لە یاساش بێ هیچ مانعێك نییە، بەلام مادام لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە و لە جەریدەی وەقائیعی کوردستانیش بلاو بۆتەوە زیاتر لە هەشت تەنزیمی داخیلیە، ئەگەر پێشتان باش بێت ئەوە بڕوا ناکەم موشکیلەیەکی تێدابێت، ئەوەی تر بە تەئکید غیاب کاتێ ئامادە نەبوون، غیاب خۆتان دەزانن سەفەر دەگرێتەوە، نەخۆشی دەگرێتەوە، نەتوانینی بە ئەنجامدانی کارەکانی دەگرێتەوە، بە هەر هۆیەك تا ئەو کاتەی بە ئالیاتی تر مەسەلەن لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو غیابەی سەرۆك عیلاج دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دووەمیش مولاحەزەیەك هەبوو ئەویشیان ئەوەیە کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن، پێمان باشە رەئیەکە وابوو کە لە رووی ئیدارییەوە تەنها دەتوانرێ بۆ جێگر و بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان تەخویلیان بکاتن، ئایا ئەوەی کە هاتووە یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن؟ رای بەڕێز جیهەتی مەعنی وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو بەڕێز د.احمد سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله دەکرێ بمێنێتەوە، چونکە رەنگە ئیش و کاری دەستە فەرقی هەبێت، بەڕێزت لەوانەیە بەڕێوەبەری قسمێکت هەیە، بەڕێوەبەری شوعبەیەکت هەیە بۆ کارێك بە یەکجار تەکلیفی دەکەی مومکینە سەلاحیاتەکە، بۆ نموونە مەسەلەن زۆر کار هەیە دەستەی دەستپاکی بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەر یەك دائیرەی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە لە یاساکە بمێنێتەوە باشترە، بەڵام رەنگە لە رووی عەمەلییەوە تەتبیقاتی زۆر نەبێت، مومکینە هەندێك مەهامی تایبەت بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار قەسەیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دووەم بوو، پێموایە زیاتر لە (٣) ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان داوایان کرد ئەوەی بڕگەی یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن لابرێت، رەئیەکەش لە رووی ئیدارییەوە رەئیەکی شائیعە، یەعنی دائیمەن بۆ جێگر و بەڕێوەبەرە گشتییەکانە، بۆیە ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، وەکو بە نەزەرێکی ئیعتیبار وەرگرتنی رەئی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری رای لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها قسەیەك بوو ئەگەر بکرێت، دەسەڵات بڵێین ئەوەی کە لە سەری سەرەوەیە یان بە خوار خۆی، خوار خۆشی دەتوانێ دەسەڵات بدات بە بەڕێوەبەری بەشەکان، یان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان، لەبەر ئەوە بە رەئی من تەنها بنووسرێ بەڕێوەبەری گشتیی و جێگرەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە رئیەکان سیاغە بکەنەوە، ماددەکە سیاغە بکەونەوە بەو شێوەیەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی کۆی ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، ئەو رایەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان خستیانە روو، هەر دوو لیژنەش پشتگیری لێ دەکەن بەوەی کە لە بەندی دووەمدا سەرۆکی دەستە تەنها بۆی هەبێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان، واتە ئەو دەستەواژەیە لابرێت یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە دەستەواژەی یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن لابرێت، بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە، زۆر سوپاس، کەواتە ئەو دەستەواژەیە لابرا، نەك کۆی بڕگەکە، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی نۆیەم

بڕگەی یەکەم لە بەندی نۆیەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێ بە مەرسوومێکی هەرێمی دادەمزرێت پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریکاری وەزارەت بەهەمان مەرجەکانی سەرۆك، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بە هەر هۆکارێك بێت جێگای دەگرێتەوە و گشت دەسەڵاتەکانیشی پیادە دەکات.

بڕگەی دووەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

بڕگەی سێیەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسوومێکی هەرێمی لادەبرێن لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو ، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێت لە یەك بابەتدا دووجار قسە بکات تەنها ئەگەر لە سەرۆك داوایکرد ، من لە جەنابت داوادەکەم ئەگەر ڕێگام پێبدەی ، ئەو کاتەی جێگری سەرۆکی دەستە شوێنی دەگرێت ، چونکە بەهەر مەرجێك بتن ئەو نەما جێگرەکەی دەبێتە سەرۆك ، ئەگەر جێگری سەرۆك بوویتە سەرۆك ئەو خاڵانەی لە بەندی (٧) ڕاپۆرتی داهاتی لیژنە ، یەعنی پێچەوانەی ئەوانە ئیشیکرد ، لابردنی چۆن دەبێت؟ لێرەدا بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی یەك حاڵەت دیاری کراوە سەرۆکی دەستە تەنیا دەتوانێتن جێگرەکەی لابەرێتن ، بەلاّم فەرەزەن خوا نەخواستە سەرۆك نەخۆش کەوتووە (٦) مانگ ، (٨) مانگ جێگرەکەی ئەو سەلاّحیەتانەی هەموو وەرگرتووە ، پێچەوانەی ئەو بەندانە ئیشی کرد لەناو بەندی (٧) ڕاپۆرتدا هاتووە چۆن لادەبرێتن؟ یەعنی ئەوە موعالەجە نەکراوە ، مەبەستم ئەوە بوو ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی دەستەی دەستپاکی.**

لەوانەیە ئیحتیمالێکی زۆر نزیك نەبێ ، بەلاّم وەکو ئیحتیمال ئیحتیمال هەیە موتەئکید خۆی فەلسەفەکە ئەوەیە کە سەرۆکی دەستە هەڵبژێردراوی پەرلەمانە بەو ئیجرائاتەی لە قانونەکە هاتووە ، جێگر پاش کاندیدکردنی لەلایەن سەرۆکی دەستە بەو ئالیەتانەی کە ئێمە نیزامی داخیلی دیاریمان کردووە مەرجەکانیش کە لێرە تەئکید کرایەوە کە هەمان مەرجەکانی تێدایە ، کەواتە بڵێین ئەوەی پلەی تایبەتە بەتەئکید لە حاڵەتی خروقات یەعنی قابیلە کە ئالییەتەك هەر ئەبێ بۆ لێکۆڵینەوە مەسەلەن بۆ نموونە ئەگەر سەرۆك ئەوە بێ خۆ ئەنجومەنی دەستەکە ماوە ، چونکە ئەنجومەنی دەستەکە خۆی کاندیدی کردووە ڕاستە سەرۆکیش لە ئەنجومەنی دەستەکەدایە بڕوا ناکەم موشکیلەمان هەبێ لە دۆزینەوەی سیغەیەك لە تەعامول لەگەڵ ئەوە بەتایبەت لە بوونی پەرلەمان کە دەستەی دەستپاکی لە ژێر چاودێری پەرلەمان دایە ئەگەر ئەو بەڕێزەش مەسەلەن نوقتەیەکی هەیە یاخود یان یەك ، دوو ئەوە ئیزافە دەکا ، بە ڕەئی من زیاتر چوونە ناو تەفاسیلە ، چونکە هەندێك مەبادئی عاممان هەیە لە محاسەبەکردنی بەپرسە باڵاکانی خوار پلەی وەزیر ، بۆ نموونە ئەگەر ئێستا لەگەڵ بریکاری وەزارەتێك تەحقیق دەکای

چۆن موحاسەبەی دەکەی؟ خۆ ئەو بریکارە لەپەرلەمان سوێندی نەخواردووە تەنها وەزیرەکە سوێن دراوە ، یەعنی ئەو حاڵەتانە کەمن ، نادرن ، بەلاّم دیسان بڵێم نییە ، لەوانەیە ببێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەی کە خوێندمانەوە ، لە ڕێگای بەڕێزیشتەوە داوا لە ئەندامان دەکەم کە بۆ ئەخیر جار بۆ دەنگدان خوێندمانەوە ئیتر نابێ تێبینی لەسەر بڕگەکان بدەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، لیژنەی نەزاهەش هەمان ڕاتان هەیە؟

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمان ڕامان هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بەو شێوەی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ (٤٧) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، فەرموون بەندی (١٠) بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٠) هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠)م ماددەی (١٢)ی یاسای دەستە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە ، دەستە پێکدێت لە:

یەکەم : فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا ، خاوەنی شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەرییەکان ، وەرگرتنی هەواڵدان ، زانیاری و سکالاَکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتارکردن بەمایەی هەرێم و ڕێگەکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایانکردووە ، گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێنراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی ،

چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی لێکۆڵینەوە پێیەوە دەبەسترێنەوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێنەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایەکانی هەرێم.

دووەم : فەرمانگەی یاسایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- پێشکەشکردنی بیروڕا و ڕاوێژ لەسەر پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە ، نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو دەعوایانە بۆی یان لەسەری بەرزدەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کە لە سەرۆکی دەستە دەرکرابێت.

٢- مورافەعەکردن لەبەر دەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بەتاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.

٣- نوێنەرایەتیکردنی دەستە لەو لیژنانەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێنراون.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.

٥- پێشکەشکردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.

٦- چاودێری لەسەر دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا.

٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێری ئاستی دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناو بەناو لەم بارەیەوە.

٩- دانانی پەیڕەوی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانیان و شارەزایان و پەیڕەوەکانی هاندانی جەماوەر و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆمەتباران بۆ هاوکاری کردنی دەستە.

١٠- ئامادەکردنی پێشنیار و پڕۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

سێیەم : فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافییەت ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنی دەرخستنەکانی بەرژەوەندییە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیارییانەی تێیاندا هاتوون ، گەڕان بەدوای ڕاستیەکانی و بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەشکردنی و چاودێری کردنی زێدەبوونی مایەیی ئەوانەی داواکراون دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانییان پێشکەش بکەن و گرتنبەری ڕێکاری یاسایی دەرحەق بەوەی

دەسەلمێنرێت کەوا زێدەبوونێکی گەورە لەسامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵ دواکەوتەکانی بوونی هەیە بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە.

٢- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەلگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی هاوبەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

٣- گەشەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.

٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

٥- بلاْوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەستپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستاندارەکانی ڕاژەی گشتی.

٦- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و چاودێریکردنی پابەندبوون پێیەوە و جەختکردنەوە لەسەری.

٨- دانانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.

٩- دانانی پەیڕەو و میکانیزم و ڕێسای بلاْوکردنەوەی زۆرەملێی داتا و زانیاری و بەلگەنامەکان.

١٠- دانان و جێبەجیکردنی ڕێ و شوێنی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگەگرتن لەناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی تایبەتدا.

١١- بەدواداچوون و گەڕان بەدوای راستییەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی گشتیدا و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو لە بارەیانەوە.

چوارەم : فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و سەرچاوە مرۆییەکان و دابینکردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیات نانی تواناکان.

پێنجەم : بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە مەرسومێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

شەشەم : نووسینگەی سەرۆکی دەستە ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـێ تێبینـیم هەیـە ، یەکـەمیان" تایبەتـە بـە فەرمانگـەی یاسـایی ، دەبوایـە کـاری عقـود و تـەنزیمی عەقدەکان لێرە مەهامی فەرمانگەی یاسایی دەبوایـەی بهاتبایـە ، لەبـەر ئـەوەی بـە نـەس نـەهاتووە (تقـوم الدائرة بالتنظیم العقود التی تبرمها الهیئة) (هیئة) هەر عەقدێك بکاتن ئەوە ئیشی ئەو فەرمانگـە یاسـاییە کە لێرەدا وەکو مـەهام نەهاتییـە ، دووەم" لـە خـاڵی (٩) کـە باسـی دانـانی پـەیڕەوی تایبـەت بـە پاراسـتنی گەواهیدەر و ئەوانە ئەکا ، ئەبێ هەمان شت لە ماددەی (١٩) حەرفیەن هاتییە ، ئەوجا یان لێرە لایـدەن لـە ماددەی (١٩) بەڕای من لابدرێتن ، ناکرێت دوو شت بەهەمان شێوە لەو ماددەیە دووبارە ببێتەوە ، سـێیەم" ئەوەیە کە پێشنیار دەکەم فەرمانگەیەك زیاد بکرێتن بەناوی عیلاقـات و مـەعلومات ، لەبـەر ئـەوەی خـاڵی (٦،٤،٣،٢) لە فەرمانگەی خۆپاراستن ئیشی عیلاقات و مەعلوماتە ، فەرمانگەیەك زیـادبکرێتن لەبـەر ئـەوەی هەمان فەرمانگەش لە یاسایی دەستەی نەزاهەی عیراقیشدا هاتووەو ئیشـەکان ڕێکـتر و تەوزیعـەکان جـوانتر دەکاتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگـەی (٣) خـاڵی (٤) بـەڕێوەبردنی پڕۆگرامـەکانی ڕاهێنـان و ئەنجامـدانی کـۆنگرە ، وائـەبینم لەبـەر هەستیاری ئەم دەزگایە کاتی کـۆنگرە دیـاری بکـرێ هـەر لـە یاسـاکە بـە (٢) سـاڵ بـێ یـان بـە (٤)سـاڵ بـێ ، چونکە هێشتنەوەی کاتی کۆنگرە بە مەفتوحی هەندێ جار ئەبێتـە هـۆی دواخسـتنی ، خزمـەتێکی گـەورە ئەکا ، بۆیە پێشنیار ئەکەم کاتی بەستنی کۆنگرەکە دیاری بکرێ بە ساڵ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە فەرمانگەی یاسایی کاری عقود تەنزیم کردنی لە مەهامی ئەوە ، ئـەوە خـۆی تەحسـیلێ حاسـڵە کاتێك کە عەقدێك دەبێت هەر دەچێتە فەرمانگەی یاسایی ، یەعنی ئەگەر نەشڵێین هەر تـەحسیلێ حاسڵە ، سەبارەت بە زیادکردنی فەرمانگـەی عیلاقـات و مـەعلومات مـادام فەرمانگـەی خـۆ پاراسـتن ئـەو مەهامانـە جێبـەجێ دەکـات ، بۆچـی فەرمانگەیـەکی تـر زیـاد بکـەین؟ ئـەوە بڕیـار بـۆ بەڕێزیشـتانە ، ڕای سـەرۆکی دەسـتەش وەربگیرێـتن لـەو بارەیـەوە ، کـاتی کـۆنگرە دیـاری بکرێـت پێموایـە دەسـتە بـۆ خـۆی تـەعلیمات دەرئەکات ، یەعنی دەتوانێ لەڕێی تەعلیماتەکەوە کاتی کۆنگرەکە دیاری بکات ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەكتان هەیە؟ بەڕێز دكتۆر احمد سەرۆكی دەستە فەرمووو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت زیادكردنی فەرمانگە ، پێموانییە ئێستا پێویستیمان بە زیادكردنی فەرمانگە هەبێت ، ئێستا لە دەستەی دەستپاكی عیراق تەقریبەن (٨) بەڕێوبەرێتی گشتیان هەیە ، دیارە ئەوەش پاش ئەوەی دەستەكە لە (١٠،٩،٨)ساڵی ئیشكردنی ڕابردوویدا ، ئێمە ئەو دائیرانەی كە پێشنیارمان كردووە بەڕاستی پێمان وایە تا مەدایەكی باش ناڵێم زۆر دوور بەس لە مەدای چەند ساڵ ڕەنگە تەغتییەی ئیشەكانی دەستەكە بكات ، هەركاتێكیش پێویست بە ئەوەبكات بەتەئكید ئەوا پەرلەمانی بەڕێزی كوردستان مەوجودە دەكرێ بە هەمەهانگی لەگەڵ لیژنەی دەستپاكی پێشنیاری فەرمانگەی تر بكەین ، بۆیە پێموایە ئەوەی كە كردوومانە تا ئەو مولاحەزانەی لە لیژنەكەش دراوە ئێمە لەگەڵی هاوكۆكین موشكیلەیەكمان نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، هیچ شتێك هەیە سیاغەی بكەینەوە یان پێویستی بە ئیعادەی سیاغە هەبێ؟ بۆیە ئێستا ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەك دووبارەی تێدا هەیە دووبارە لێرە لابرێتن یان لەولاتر لابرێتن ، بیزەبت نەسەن تێیدایە بۆ لیژنەی یاسایی خوێندمەوە ئەگەر چاوی پێ بخشێنن ، ماددەی (١٩) بڕگەی (٢) لەو هەموارکراوە ئەگەر چاوی پێبخشێنن هەمان ئەو بابەتەی كە لە ماددەی (٩).......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات ، ماددەی (١٩) بڕگەی (٢)م .

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین.**

ماددەی (١)م بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بڕگەی (١)م (دەستە پەیڕەوێكی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەرو ئەوانە) هەر هەمان شت لە بڕگەی (٩) هاتیە ، دانانی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانیان و تا ئەخیری ، هەر هەمان شتە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕگەی (٣)م خاڵی (٩).....

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین.**

بڕگەی (٣)م خاڵی (٩) بزەبت ، لەگەڵ ماددەی (١٩) بڕگەی (١)م هەمان شتە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

بیزەبت هەمان شت نییە ، بەلاّم ئەتوانین ئەوەی کەلە ماددەی (١٩) هاتووە تەغتییەی فەقەرە (٩)ش ئەکا ، ئەتوانین لێرە ئەم فەقەرەیە لابەرین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ڕاستە ، باشە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگەوە.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد :**

ماددەی (١٠)یەم ماددەی (١٢)ی یاسای دەستە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە ، دەستە پێکدێت لە:

یەکەم : فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا ، خاوەنی شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەرییەکان ، وەرگرتنی هەواڵدان ، زانیاری و سکالاّکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتارکردن بەمایەی هەرێم و ڕێگەکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایانکردووە ، گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێنراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی ، چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی لێکۆڵینەوە پێیەوە بەستراوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێتەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایەکانی هەرێم.

دووەم : فەرمانگەی یاسایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەتر نەبێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- پێشکەشکردنی بیروڕا و ڕاوێژ لەسەر پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە ، نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو دەعوایانە بۆی یان لەسەری بەرزدەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کە لە سەرۆکی دەستە دەرکرابێت.

٢- مورافەعەکردن لەبەر دەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بەتاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.

٣- نوێنەرایەتیکردنی دەستە لەو لیژنانەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێنراون.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.

٥- پێشکەشکردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.

٦- چاودێری لەسەر دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا.
٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێری ئاستی دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناو بەناو لەم بارەیەوە.
٩- ئامادەکردنی پێشنیار و پڕۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

سێیەم : فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافییەت ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنی دەرخستنەکانی بەرژەوەندییە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیارییانەی تێیاندا هاتوون ، گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەشکردن و چاودێری کردنی زێدەبوونی مایەیی ئەوانەی داواکراون ، دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانییان پێشکەش بکەن و گرتنبەری ڕێکاری یاسایی دەرحەق بەوەی دەسەلمێنرێت کەوا زێدەبوونێکی گەورە لەسامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی بوونی هەیە بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە.
٢- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕیکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی هاوبەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.
٣- گەشەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.
٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.
٥- بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری و دەستپاکی شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستاندارەکانی ڕاژەی گشتی.
٦- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.
٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و چاودێریکردنی پابەندبوون پێیەوە و جەختکردنەوە لەسەری.
٨- دانانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.
٩- دانانی پەیڕەو و میکانیزم و ڕێسای بلاّوکردنەوەی زۆرەملێی داتا و زانیاری و بەلگەنامەکان.
١٠- دانان و جێبەجیکردنی ڕێ و شوێنی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگەگرتن لەناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی تایبەتدا.
١١- بەدواداچوون و گەڕان بەدوای راستییەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی گشتیدا و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو لە بارەیانەوە.

چوارەم : فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و سەرچاوە مرۆییەکان و دابینکردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیات نانی تواناکان.

پێنجەم : بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە مەرسومێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

شەشەم : نووسینگەی سەرۆکی دەستە ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ (٥٨) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ ، کەواتە پەسەندکرا ، ئێستا پشوویەك وەردەگرین کۆبونەوەکەمان دوا ئەخەین تا کاتژمێر (٣) ، کاتژمێر (٣) دەست ئەکەین بە کۆبوونەوەکەمان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی بەخشندەی میهرەبان.

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبـژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، کۆبوونەوەی ژمارە (٢)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/٢٦)، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١)، بەپێی ماددەکانی (٧٢ و ٧٤ و ٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەندی (١١) بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١١):

بڕگەی یەکەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١١):

بەندی یەکەم لە ماددەی (١٣) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم:

لێكۆڵەرەكانی دەستە دەسەڵاتی لێكۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكانی بەركار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر كراوەو دەسەڵاتیان هەیە بڕوانە نووسراوو بەڵگەنامە فەرمییەكان بەوانەی نهێنیشن و پلەی نە دركاندنیان هەر چییەك بێت و، پێویستە كاری چوونە ژوورەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی كارەكانیان پێویستی دەكات ئاسان بكرێت و پاراستنیان دابین بكرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە كارەكانیانەوە لێیان بسەندرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لێكۆڵەرەوەكانی دەستە هەمان دەسەڵاتەكانی لێكۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكان و، هەمان مامەڵەی ئەوانیان لەگەڵدا دەكرێت لەسەرجەم ماف و ئیمتیازاتەكان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو بۆیان وەك فەرمانبەرانی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم بەندە؟ فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕێی جەنابتەوە دەمەوێت سەرنجی تەواوی ئەندامانی بەڕێز رابكێشم بۆ بابەتێكی تایبەت بە لیژنەكان، ئەویش ئەوەیە ئەندامانی هەر لیژنەیەك ناكرێت هیچ تەسریحێك بۆ راگەیاندن بەناوی لیژنە بدەن بۆ هەر بابەتێك و پرۆژەیەك، كە هێشتا لە هۆڵی لیژنە وتو وێژو رای كۆتایی لەسەر نەدرا بێت، چونكە ئەمرۆ لە یەكێك لە سایتەكان بابەتێك بلاًو كراوەتەوە كە تایبەتە بە لیژنەی ئەوقاف، لە كاتێكدا ئێمە لەم لیژنەیە تاكو ئەم لەحزەیە من قسە بۆ جەنابتان دەكەم هیچ بڕیارێكمان نەداوە، جا بۆیە من داوا دەكەم حەق وایە ئەو پرسە چارەسەر بكرێت لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە لیژنەی مەعنی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو یاداشتە پێشكەشمان بكە، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بكەین، راستە پێویست دەكات ئەندامانی پەرلەمان بەناوی لیژنەكانەوە قسە نەكەن، بەناوی خۆیانەوە قسە بكەن، بەڕێز كاك ئومێد حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەم دەقە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(لێكۆڵەرەوەكانی دەستە هەمان دەسەلأت و ماف و ئیمتیازاتی لێكۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو وەك فەرمانبەرانی دەستە).

پێشنیاریش دەکەم بۆ حەلی ئەو کێشەیەی کە بەڕێز دکتۆر ئەحمەدیش پێشتر روونی کردەوە، کە ئەوان لێکۆڵەریان نییەو لە دوای کۆبوونەوەکەش هەر باسی ئەو کێشەیەی کرد، لێرە لیژنەی یاسایی و هەموو پەرلەمانتاران شتێکی لەو بابەتە پێشنیار بکەین، کە حەلی ئەو کێشەیان بۆ بکات، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار مولزەم بکەین بە دابین کردنی، یان بە تەعیین کردنی ئەو لێکۆڵەرانەی کە دەستەکە پێویستیەتی، ئەگەرنا وەکو بەڕێزیان باسی کرد بۆ موحافەزەیەکی وەکو سلێمانی، یان هەولێر، یان دهۆك بە ڕێژەیەکی کەمی لێکۆڵیار ناتوانن ئیشەکانیان بکەن، بۆیە ئەمە گرفتێکی گەورەیە، ئەگەر دەمانەوێت دەرکردنی یاساکە ببێتە هۆی دەستکراوەیی زیاترو بەڕێوەچوونی باشتری ئیشەکانی دەستەکە دەبێت حەلێك بۆ ئەوە بدۆزینەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرنجتان چییە لەسەر ئەو رەئیەی خرایە روو؟ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوەی صیاغەم هەیە ماددەی (١١):

بڕگەی یەکەم:

لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار..................) لە لاپەڕەی شەش بەندی هەشت، فەقەرەی (٢) لقی (ب) هەمان دێڕ قسە کرایەوە (لێکۆڵەرەکانی دەستە هەمان دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار) دووبارە کرایەوە، ئەگەر ئەو دێڕە بسڕیتەوە رەئسەن دەست پێ بکات بە دێڕی دووەم لەگەڵیان تا دووبارە نەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دابین کردنی لێکۆڵەرەوەکان، ئێمە لە ماددەکەدا گوتوومانە دابین کردن، دابین کردنیش یەعنی بۆ خۆی سیفەی ئیلزامی هەیە، یەعنی ئیتر بۆی نەقل دەکات، بۆی تەنسیب دەکات، بۆی دادەمەزرێنێ، دەبێت دابینی بکات، بڕوا ناکەم پێویست بکات لە شوێنێکی تر دیسان سیفەتێکی ئیلزامی تری بدەینەوە، ئێمە کە ماددەکەشمان گۆڕی، لەبەر ئەوە گۆڕیمان چونکە پێچەوانەی دەقێکی یاساییە، کە لە ئەحکامی عامە هاتووە، هەدەفەکە ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی بەڕێز دكتۆر ئەحمەد هیچ تێبینیەكت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێزد.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەوە وازیحە قسە لەسەر لێكۆڵەرەوەكانی دەستە، مەبەستی ئەو دیكۆمێنتانەیە كە دەسەڵاتی قەزا دابینیان دەكات، من لە فەقەرەی رابردوو رەئی خۆم گوت، ئێستاش تەئكید دەكەمەوە، من خۆم پێ لە كەس دڵسۆزتر نییە، ئێوە هەمووتان لە من دڵسۆزترن و لە منیش بەرپرسترن، من كە قسەم كرد، قسەم لەسەر پێویستییەكانی دەستە كرد لەو فەترەیەی كە ئێمە ئیشمان هەیە لەسەری، ئێستاش تەئكید دەكەمەوە تەبعەن ڕێزێكی زۆرم بۆ دەسەڵاتی قەزا هەیە، ئەمڕۆ كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسیشیان لەسەر ئەو فەقەرەو فەقەرەی دوێنێ بەستا بوو، من پێموایە بەبێ هەماهەنگی نێوان دەستەی دەستپاكی و دەسەڵاتی قەزاو داواكاری گشتی رەنگە دەستە نەتوانێت شتێك وەكو پێویست بكات، ئەو تەرحەی ئێمە لە پێویستی خۆمان بوو، من دڵنیاشم ئەو پێویستییە بۆ ماوەیەكی زۆر وا دەمێنێتەوە، چونكە خۆیان ئەوان موشكیلەی موحەقیقیان هەیە، كە مومكینە ئێوەش وەكو پەرلەمان هاوكارییان بكەن لەو مەسەلەیە، ئەگینا ئێمە حەزمان لەوە نییە دایمەزرێنین، بە پێچەوانەوە، مومكینە ئەگەر بە نەقل بێت، هەتا ئەگەر بە هاوبەشیش دایمەزرێنن موشكیلەمان نییە، موشكیلەمان ئەوەیە ئێمە موحەقیقی پێویستم لەبەر دەست بێت، هەر قەزییەك هەبێت، لە رانیە هەبێت، لە قەلآدزە هەبێت، لە زاخۆ هەبێت، لە سمێڵ هەبێت، بتوانم پێ رابگەم، چونكە ئەركی من ئەوەیە ئەو دەستەش لە ٧٠٪ی ئیشەكانی بۆ تەحقیق دامەزراوە، ئیتر ئەوەی تر كاك ئومێد بوو پێشنیاری كرد، پێم وایە ئەم مەوزوعە كاتی خۆی پەرلەمان ئێوە دەنگتان لەسەر داوە، دابین كردنەكەش وەكو خاتوو بەهار وتی مەتاتیە، ئەو لەوانەیە بڵێت (تەنسیب) من بۆی (نقڵ) بكەم، ئەویش هەر خازیعە بۆ ئیجتیهادی هەر دەستەیەك، من تەئكیدم پێویستییەكانی ئێمە لەم مەرحەلەیە دابین ناكات، بەڵام ئێوە دەسەڵاتی تەشریعن و شتەكە لای ئێوەیە، ئەگەر بڕیارتاندا تەواو، من نامەوێت بگەڕێمەوە سەر فەقەرەی پێشوو، ئێستاش تەئكید دەكەمەوە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر هیچ تەعدیلێكی تێدا ناكەن بیخوێننەوە با بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی یەکەم: لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێمدا دەڤیان لەسەر کراوەو دەسەڵاتیان هەیە بڕواننە نووسراوو بەڵگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نهێنیشن و پلەی نە درکاندنیان هەر چییەك بێت و، پێویستە کاری چوونە ژوورەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی کارەکانیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێیان بسەندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، بەم شێوەیە دایدەڕێژینەوە.

بڕگەی دووەم: بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

لێکۆلەرەوەکانی دەستە هەمان دەسەڵات و ماف و ئیمتیازاتی لێکۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو وەك فەرمانبەرانی دەستە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، ٦٣کەسی لەگەڵە، فەرموون کێی لەگەڵدا نییە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، کەس دژی نییە، کەواتە پەسەندکرا، فەرموون بۆ بەندی ١٢.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٢): هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو بەندی دادێن بۆ ماددە (سێزدەمین)ی یاسای دەستە بەرهەردوو ریزبەندی (سێیەم) و (چوارەم)بەم شێوەیەی خوارەوە زێدە دەکرێن:

سێیەم:

١- دەستە بە بڕیاری سەرۆکەکەی بۆی هەیە هەواڵدان یان زانیاری یان سکاڵا بەبێ ئەوەی بیخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بپارێزێت، ئەگەر هێماکردن بەبوونی تاوان لەخۆ نەگرێت یان، ئەگەر لای دەستە بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەرایی سەلمێندرا کەوا هەواڵدانەکە دروست نییە یان درۆیە.

٢- دادوەری لێکۆڵینەوە یان ئەندامی داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە داوای هەر دۆسیەیەکی پارێزراو بکات بەپێی بڕگە(١)ی ئەم بەندەو گرتنەبەری ئەوەی بە گونجاوی دەزانێت دەربارەیەوە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

چوارەم:

١- ئەوەی حوکم بدرێت لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوا لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات و کەرتی گشتی بۆی نییە وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاری یان کەلوپەل گرێبەستی لەگەڵدا بکات.

٢- ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبار کردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بەئەنقەست دەدرێت ئەوا بەگەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەسبەجێ بەدەرکراو (عزل) لەوەزیفەکەی دادەندرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کەس نییە قسەی لەسەر بکات؟، باشە ئێستا خوێندرایەوە بۆیە یەکسەر دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە تکایە با دەستی بڵند بکات؟، ٦٤ کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نییە؟ ١ کەسی لەگەڵدا نییە، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٣): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٣):

بەندی (دووەم) لە ماددەی(چواردەمین)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە، هەر زێدەبوونێکی گەورە لە ساماندا، لە دوای وەرگرتنی وەزیفەی گشتی، یان ڕاسپاردنی گشتی، یان سیفەت، یان لە سامانی هاوسەری، یان یەکێك لەو منداڵە دواکەوتەکانی بێتە ئارا، کاتێك لەگەڵ داهاتە ڕەواکانیان نەگونجێت و دەستەوەستان بێت لە هۆی دەرخستنی بە هۆکارێکی شیاو، ئەوا بە ئیستغلال دادەنرێت،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها وشەی ئیستغلال بەعەرەبی هاتیە، کوردی تەبعەن دیڤ قاموسێ دوو مانا تێتن، (بەهرەگیری)، (چەوسانەوە)، جا نازانم لیژنە چیان پێ باش بیت، ئەوە لەجێگای دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، باشە ئەگەر قسەیەکتان لەسەری نییە، ئەویش دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بەو شێوەی کەخوێندرایەوە، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون ٦٨ کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نییە، کەس نییە، کەواتە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): ماددەی(پازدەیەمین) هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەوەی خوارەوە دێتە جێگەی:

هەرکەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەسکەوتێکی ناڕەوای دەست بکەوێت ئەوا بە بەندکردنی یان زیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بە غەرامەیەك یەکسان بێت، لەگەڵ دەسکەوتە ناڕەواکەی و دەسبەسەرداگرتنی ئەم دەسکەوتەی سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ناوی دەنووسین، کاك تەحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چۆن دەسەلمێندرێت کە ئەم دەستکەوتە ناڕەوایە؟، تۆزێك ئەمە نادیارە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر(د. شوان قەلاّدزێی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دەستکەوتێکی ناڕەوا، ئەگەر تەوزیح بکرێت ئەوە باشە، ئەو دەستکەوتە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین( حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەو دوو حاڵەتە جیان یان نا؟، بۆ نموونە کابرا ٧ ساڵ حوکمدرا یەعنی لەگەڵ حوکمەکەیدا هەرچی بردووە ئەیگەڕێنێتەوە یان بەس حوکمەکە دەدرێت و ئەوەی تری لەسەر لادەچێت، یەك شتی تری بۆ زیاد بکرێت، چونکە مەسەلەی گەندەڵی وەك شتی تر نییە، بەڕای من ئەگەر بنووسرێت هیچ عەفوویەکیش نەیگرێتەوە، لەوە ئەچێت باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای ئێوە لەسەر ئەو قسانەی ئەندامان چییە، لیژنە پەیوەندیدارەكان فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سزاكە (واو)ی لەنێواندایە( بۆ ماوەیەك لە ٧ ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەكی یەكسان بێت) واتە بە هەردوو سزاكە سزا دەدرێت، لەبەر ئەوە ئەو (واو)ە جەمعە لەنێوانیان ئەوەش كە باس كرا، چۆن دەسەلمێندرێت كە ناڕەوایە، یان ناڕەوایەتیەكە مانای چییە؟، ئەوە ئێمە لە تەعریفەكاندا، تەعریفی جەریمەی فەسادمان كردووەو ئیشارەتمان پێی داوە، هەركەسێك كاتێك ناڕەوا دەبێت دەستكەوتەكانی كە بە ئیكتیساب كردنی یەكێك لەو تاوانانە ئەو مایە بەدەست بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر احمد هیچ تێبینیەكت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر هیچ تێبینیم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە جارێكی تر بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): ماددەی(پازدەیەمین) هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەوەی خوارەوە دێتە جێگەی:

هەركەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەسكەوتێكی ناڕەوای دەست بكەوێت، ئەوا بە بەندكردن یان زیندانییكردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بە غەرامەیەك یەكسان بێت، لەگەڵ دەسكەوتە ناڕەواكەی و دەسبەسەرداگرتنی ئەم دەسكەوتەی سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە بەو شێوەی كە خوێندرایەوە تكایە با دەستی بڵند بكات؟، فەرموون ٦٧ كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نییە، تەنها ١ كەسی لەگەڵدا نییە؟، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١٥): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٥): ماددەی (حەڤدەیەمین)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: نەمانی دەعوای سزاکاری بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەسکەوتە ناڕەواکە بەحوکمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لەماوەی سێ ساڵ لە ڕێکەوتی مردنەکە و لەمایەی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانی، بە گوێرەی سوود وەرگرتنی هەر یەکێکیان لەو دەسکەوتە ناڕەوایە وەردەگرێتەوە.

دووەم: پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند، لەبەرامبەر ئەو هاوسەرو منداڵە دواکەوتانەی سوودیان لە دەسکەوتە ناڕەواکە بینیوە، بڕیار بدات بەحوکمی گەڕاندنەوە، کە لە مایەی هەر یەکێکیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ پێناسەی منداڵە دواکەوتەکانیان کرد، کە ئەو منداڵانەن کە پێنەگەیشتوون یان پێگەیشتوون و دەرامەتێکی مالیان نییە کە پێی بژین، چاوەڕێی دەستی باوکیانن، شەرتیش نییە کەسێك مرد، میراتەکەی تەنها بۆ ئەوانە بێت کە دواکەوتەن، بۆ منداڵی گەورەش دەبێت، بۆ کەسێکیش دەبێت کە خاوەن سەرمایە بێت، ژن و منداڵی هەبێت، دەرامەتێکیشی هەبێت، مووچەی هەبێت، لەبەر ئەوە ناکرێت تەنها لێرەدا باسی منداڵە دواکەوتەکان بکرێت، ئەبێت بڵێین منداڵەکانی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ماجد عثمان، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەییە، زەمانی دەعوا، ئایا ئەگەر دەعوا نەما، سزا چۆن دەدرێت؟، حەز دەکەم وەڵامم بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم بابەتی منداڵەکان، جێ دێڵین بۆ سەرۆکی دەستە وەڵام بداتەوە، بەڵام لەخاڵی دووەم ئەوەی لێرەدا سقوتی دەعوای جەزائیە، مەبەستی بەهۆی مردن، چونکە هەر خۆی کە مرد ئەوە دەعواکە سقوت دەکات، بەڵام ئاسارەکانی تر دەمێنێت، ئەوەی پەیوەندی بە مالیەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، ئەگەر ڕەئیەکتان هەبوو پێم بڵێن، بەڕێز دکتۆر احمد سەرۆکی دەستە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆرە ڤالا ڕوونی کردەوە، کاتێك کەسێك پارەیەکی زۆر ئیختلاس دەکات، لەقۆناغی دادگا دەبێت و لە پڕ کۆچی دوایی دەکات، لەو کاتەدا دەعوایەکە دادەخرێت، لەبەر ئەوەی کەسی موتەهەم لەژیان نەماوە، بەڵام مەبەست لێی ئەوەیە ئەو پارانەی ئەو کەسە بە ناڕەوا دەستی کەوتووە، بە تۆمەتی ئیختلاس یان هەر جەریمەیەکی تری گەندەڵی نابێت وەرەسەکەی سوودی لێ ببینن، بە عەکسەوە ئەو پارەیە پارەی گشتیە ئەبێت بۆی بگەڕێتەوە، لە پشکی هەر یەکێکیان بەقەد ئەو ڕادەیەی کە سوودی لێ دەبینێت، بۆ نموونە چەند وەرەسەی هەیە، ئەگەر ئەو مەبلەغە دابەش بکرێت یەکی چەندیان دەست دەکەوێت، هەمان مەبلەغیان لێ وەر دەگیرێتەوە، چونکە کەسی تاوانبارکراو لەژیان نەماوە، نابێت تۆ لە سەروەت و سامانی خۆت خۆش بیت، بەنیسبەت تابعین کاتی خۆی باسمان کرد، لە یاسای نەزاهەی عێراق و ئێرەش هەییە، بەڕاستی فراوانکردنێکی زیاتری هەیە، قسە لەسەر منداڵی خوار تەمەن ١٨ساڵ دەکرێت، ئەوانەی کە باوك و دایك یان باوك لێی بەرپرسە، بەڵام تابع ئەو منداڵانەیە کە فیعلەن ١٨ ساڵیان تەواو کردووە، بەڵام زیمەی مالی موستەقیلیان نییە، هەر لەلایەن باوکیانەوە بژێویان بۆ دابین دەکرێت، یان کارێکی هاوبەش دەکەن بەیەکەوە، زیمەکانیان تێکەڵە، بۆیە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، چونکە لەوانەیە بەشێك لەو سەروەتە ناڕەوایە بەر ئەوانیش بکەوێت، ڕاستە ئەوان تاوانبار نین لەپرۆسەکە، دوێنیش هەندێ قسە هەبوو، تابیعەکە بە حەرفی تەرجومە کرابوو، بە دواکەوتە، وابزانم دواکەوتە مەبەستمان لێی ئەوەیە لەڕووی مالیەوە سەربەخۆ نییە، تا ئێستا لەڕووی ئابووریەوە پاشکۆی باوکیەتی، بەڵام کەسایەتی یاسایی خۆی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەکە لەسەر ئەوەیە، یەکێك کە کۆچی دوایی دەکات و وەرەسەکەی دابەش دەکرێت بەسەر ئەوانەی کە وەرەسە شمولیان دەکات، باشە ئێستا بۆ بەس منداڵەکانی ئەو پارەیان لێ وەردەگیرێتەوە، نەك هەموو ئەوانەی کە وەرەسەیان بەسەردا دابەش دەکرێت، فەرموو دکتۆر احمد.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لەخوار مەسئولیەتی خۆیەتی، زیمەی مالیشیان نییە، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، بەس ئەوی تر بۆیە ئیزافەمان کردووە، لەوانەیە لە ئیشێکی هاوبەش پێکەوە کار بکەن، یان ئابووریەن لەگەڵ باوکیان دەژین و سەر بە باوکیانن، بەڵام تابیعەکە مەبەستی ئەوانەی سەرووی ١٨ ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە بۆچوونەکەی کاك عومەر زۆر لەجێگای خۆیەتی، چونکە منداڵی دواکەوتە، وتمان ئەوانەن کە ١٨ ساڵیان تەواو کردووەو بەڵام لەڕووی مالیەوە سەربەخۆ نین، بەڵام هەییە، ١٨ی تەواو کردووە، لەڕووی مالیشەوە سەربەخۆیە، بۆیە ئەوکاتە نایگرێتەوە، بۆیە پێم باشە لێرەدا بڵێین لە تەریکەکەی، یەعنی لەوەرەسەکەی بەشێوەیەکی عام بیهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی ڕەئیەکەی برام کاك عومەر دەکەم، پێم وایە لێرەدا مادام کەسەکە مرد، بەپێی ئەوەی کە لە میرات و وەسیە خوێندوومانە، یەکسەر میراتەکەی بەسەر هەموویان دابەش دەبێت، ئەوکات ئەوە نامێنێت، تابیعە، قاصرە، غیر قاصرە، لەبەر ئەوە بەشێك لەوەی کەناڕەوا دەستی کەوتووە، بەر ئەو کەسانەش بکەوێت کە زیمەی مالی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە ئەگەر لێرە ئەو تابیعە هەڵبگرین، بە موتڵەقی شمولی وەرەسە بکات باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر صیاغەی بکەنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی(١٥): هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم/ نەمانی دەعوای سزاكاریی بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەستكەوتە ناڕەواكە بە حوكمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لە ماوەی سێ ساڵ لە ڕێكەوتی مردنەكەو لە مایەی میراتگەرەكانی بە گوێرەی سوود وەرگرتنی هەر یەكێكیان لەو دەسكەوتە ناڕەوایە وەردەگیرێتەوە.

دووەم/ پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند لە بەرامبەر میراتگرەكانی كە سوودیان لە دەستكەوتە ناڕەواكە بینیوە، بڕیار بدات، بە حوكمی گەڕاندنەوەكە، لە مایەی هەر یەكێكیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەو شێوەی كەخوێندرایەوە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون ٦٣ كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نییە؟، ٣ كەسی لەگەڵدا نییە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕایەك هەیە، من داوای لێبووردن دەكەم بابەتەكە كۆتایی هاتووە، بەڵام یەك شت هەیە، بەڕێز دكتۆر احمد یان برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەگەر فەرەزەن ئەو پارەیە لەدەست وەرەسەكە نەمابوو، بۆ نموونە پارەكە گەشتە دەست كەسێك بەناڕەوا، منداڵەكەی یان كوڕی كوڕەكەی لەدەستی نەمابوو، لەو حاڵەتەدا چی دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله كاك عمر رەنگە ئەوە ئیحتیمالەكان بێ، بەڵام خۆت ئەزانی ئێمە قانونی ئیستیحسالی دیونی حكومیمان هەیە، یەعنی ئەوا قەرزێك هەبێ لە سەری وەكو ئەوەی دەینی گشتی دەكرێت بە هەمان ئالیات، خۆت ئەزانی رەنگە لە غەیری ئەو قەرزەیەش كەس هەیە قەرزارە بەڵام پارە ناتوانیت بیداتەوە، تۆ كەسێك كە مەبلەغێكی گەورە خۆ قسە لەو بابەتە لە سەر مەبلەغێكی گەورەیە، خۆ باسی (١٠) دە ملیۆن و (١٥) پانزدە ملیۆن ناكرێ قسە لە سەر دەیان ملیۆن و سەدان ملیۆن دەكرێ، لە بەر ئەوە بە تەئكید ئالیات هەیە لەو قانونە چۆن حكومەت لێی وەردەگرێتەوە، مومكینە ئێرە باس كردنی ئەوە نەبێت، یەعنی بە تەئكید، كە لە سەری چەسپاو ئەو كات بە تەئكید حكومەت ئالیاتێك دەدۆزێتەوە بە پێی قانونی وەرگرتنی قەرزەكانی حكومەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆرە بەهار قسەیەكت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها ئەو تەوزیحەی بەڕێز سەرۆكی دەستەی دەستپاكی بوو، ویستم بڵێم قانونی ئیستیحسالی دیوانی حكومی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ماددەیەكی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆیەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١٦) شانزدە هیچ تێبینیەكی لە سەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەی شانزدەیەم، ماددەی هەژدەیەمینی یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەست كەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار كردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەكان لە تاوانەكە بەر لە ئاشكرا بوونی یا هاوكار بوو لە گەڕان و لێكۆڵینەوە لە ئاشكرا كردنی یان ئەو مایانە لێیەوە وە دەست هاتوون ئاشكرا بكات و بگەڕێنرێتەوە و حوكمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوكم دان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز كاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رای من بەشدار بوو لە تاوانی دەست كەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت باشتر وایە وا بنووسرێت سزاكەی كەمتر ئەكرێت، چۆنكە لە زۆربەی وڵاتان ئەم كەسانە سزا ئەدرێت، بەڵام كەمتر لە دوو ساڵ زیندانی ناكرێت، ئەو دوو ساڵە لە ژێر رەقابەیان یان ئەگەر كارێكی تری ناڕەوایان كرد ئیتر هەموو سزاكە ئەبێ بخوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز كاك سهراب میكائیل فەرموو.

**بەڕێز سهراب میكائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددێ چاردێ ئەو كەسێ بەشدار دبیت دەستكەفتییێت ناڕەوا دێ هێتە سزادان دوو تشتا، حەبس یان سجن و غەرامە ژی دگەل هەیە ماددێ شانزدێ، ئەو كەسێ بەشدار بیت دەستكەفتییێت ناڕەوا دێ لێبورن، ئەز دبێژم لێبورین هەبیت بەس بۆ سزا یا حەبسێ یا سجنێ، بەس یا غەراما مالی بمینیت ئەگەر عەرەبی بخوینم ب ڤێ شێوەی بیت، پێشنیارا من ئەڤەیە (یعفى المساهم فى جريمة الكسب غير المشروع من عقوبة الحبس او السجن و لا يعفى من عقوبة الغرامة المالية اذا اعلن ... حەتا دویماهیكێ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد حەمە على فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەویست قسە بكەم، بەڵام سەر ئەنجامی ئەو تێبینی یانە بەشدار بوو لە تاوانی دەستكەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار كردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەكان، تەنها ویستم ئەو سەرەنجە بدەم، ئەگەر ئەمە گۆڕانكاری بە سەردا بێت ئەوا هیچ كەسێك دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار ناكاتەوە، بۆیە كە دەڵێ لێی دەبووری، لە سزاكەی دەبوری لە بەرامبەر ئاگادار كردنەوەكەیدا، ئەگەر كەم كردنەوەی سزاكەش بێ، بێگومان هیچ حاڵەتێكی ئاشكرا كردنی یان ئاگادار كردنەوە روو نادات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ئەوەی پەیوەندی بە لێبووردنی ئەو كەسە بوو كە هەواڵەكە دەداتن دیارە لە بەر لە ئاشكرا بوونی تاوانەكەشە، بۆیە ئەوە وەكە ئیغرائێك وایە بۆ ئەو كەسانە، بۆیە لێبووردن داندراوە، بەڵام ئەوەی كە پەیوەندی بە سزاكە هەبوو لێرانە ئەو عەفوو ناكرێتن لە حوكمدان لە سەر بە گەڕانەوەی واتە لە ئیستیرداد ئیعفا ناكرێت بە هیچ شێوەیەك، عەفوو دەكرێت لە سزاكە، بەڵام پێویستە ئەوەی بە دەست هاتووە ئیستیردادی بكاتەوە، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە بۆ تەشجیعە و لە وڵاتان تر ئەو حاڵەتانە ئێکجار زۆرە، کاتێك کە قسە بۆ نموونە بڵێم (میصر) بۆ دوای حوکمی موبارەك کەسێك موتەهەم بوو بە حدودی یەعنی لە ملیار جوتەیەی ئەوانە بەسەرەوە بوو، داوای عەرزی کرد صەفقەی لە گەڵ حکومەتی (میصری) بکات ئەعفای کەن لە مەسەلەی کەسیی مەشروعە، ئەو نیمەی پارەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام دوای ئیتیفاقەکەی نەکرا، لێرەدا رەدەکە هەیە واتە ئەو پارەیە دەگێڕدرێتەوە کە لە کەسیی موشروعەکەیدایە، بەڵام ئیعفا دەکرێت لە غەرامە، یان غەرامە یان حەبسەکە خۆش دەزانن کە ئەوە تەشجیعە بۆ ئەوانەی کە لەو تاوانە تێگلاوەی و ئەوەی باشە، تەصەور دەکەم لە داهاتوودا ئەوە هەبێت، یەعنی نەتائیجی باش هەبێت، چونکە تەشجیعە بۆ ئەو کەسانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو کەسەی کە کەسیی غێر مەشروع ئەکات، خۆی ئەیگەڕێنێتەوە، ئایا لە مەنصەبەکە ئەمێنێت یان نا؟ مایکەکە داگیرسێنن دکتۆر، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

ئەڵێت (یعفی المساهم فی الجریمة من العقوبات) واتە دەبەخشرێت لە سزا، کە بەخشرا لە سزا، مەعنای ئەوەیە کە حەتمەن دەگاتە مەرحەلەی حوکمدان و ئەوانە، لەوانەیە خەڵکی تری تێدا بێت، موساهم یەعنی بەشدارە لە گەڵ ئەوە، یەکێك لەو بەشدار بووانە هەڵدەستێت بە ئاگاردار کردنەوەی دەسەڵات کە قەزییەکی کەسیی غێر مەشروع هەیە کە دێتە سەر حوکمدان لە قەزییەکە ئەو لە عقوبەکە دەبوورێت، دەبەخشرێت، عقوبەکە چییە؟ یان غەرامەیە یان حەبسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعادەی سیاغەی ئەکەنەوە یان بیخەینە دەنگەوە؟ بەڕێز دکتۆر احمد من پرسیارەکە جارێکی تر ئاراستەی جەنابت ئەکەمەوە، ئەو کەسەی کە کەسبی غێر مەشروع ئەکات، سزا دەدرێت یان خۆی سزا بدرێت، پێش ئەوەی دادگایی بکرێت و یان ئیجرائاتی لە گەڵ بکرێت، تاوانەکەی بە سەردا ساغ بێت و سزا درا، خۆی باسی ئەوەی کرد کە کەسبی غێر مەشروعی کردوو و پارەکەی گەڕاندەوە، ئەم کەسە لە هەر دوو حاڵەتەکە لە سەر مەنصەبی خۆی بەردەوام ئەبێ یان نا؟

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نەصەکە دەڵێت (یعفی من العقوبە) کە ئیتر وازیحە هیچ ئیجتیهادێکی تێدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە مەنصەبی خۆی بەردەوام ئەبێ؟

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

نـەخێر نـە، بـەس لـە سـزاکە دەبووردرێـت، وازیحـە نەنووسـرا، حـوکمیش دەدرێـت مەسـەلەن، حوکمەکـە موساهمی لە گەڵە قەزییەکە دەگاتە حوکم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە چی لائەبرێ لە مەنصبی؟

**بەرێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

ئێ حوکمی لە سەر درا، بەس لە جێ بە جێ کردنی عقوبەکە دەبووردرێت لە بەر ئەوەی تەشجیعی بکەن، تۆ نە غەرامەی دەکەی نە حەبسی دەکەی، ئەگەر نـا خـۆ تـەبیلیغی نەکردبایـە دەسـەڵات خـۆی تاوانەکـەی کەشف کردبایە هەمان سزاش دەدرا، لە بەر ئەوە کە وازحیشە ئەگەر پێشتان خۆشـە ئیشارەتی پـێ بـدەرێ ئەوەی نییە، بەڵام پێم وایە نەصەکە وازیحە دەڵێت (یعفی من العقوبە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بە حوکمدان لە سەر هەر کەسێك لە مەنصەبەکەی ئیعفا ئەکرێ؟

**بەرێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

تۆ حوکم داوە لە کەیسەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە حوکمت داوە، بە حوکمەکە یەکسەر ئیعفا ئەبێ یان نا؟

**بەرێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

عەفوو، ئەو کەسە موتەهەمە بە کەسبی غێر مەشروع، بۆچی تۆ ئیعفای ئەکەی، عوقبەت تەشیجع ئەکەی، چونکە ئەو کەسبی غێر مەشروعەکەی ئاشکرا کردووە.

**بەرێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە مەوزوعێ (عفو العقوبە) یە، سوحبەت قسە نە لە سەر ئەوەیە.

**بەرێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

تێدەگەم، مەوزوع (العقوبە) تەشجیعەکە بۆ ئەوە.

**بەرێز عمر صالح کۆچەر:**

پرسیار نە ئەوە، پرسیار لە پۆستەکە ئەمێنیتەوە یان نا؟ ئەوە جێگا هەیە لەو قانونە یان نە؟

**بەرێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

نامێنێتەوە، چونکە تۆ بەس لە سزاکەی عەفووی دەکەی، وازحە (یعفی من العقوبە).

**بەرێز عمر صالح کۆچەر:**

به چی مادده لەم قانونە هەیە کە ئیعفا لە پۆستەکە ئەکات؟ لە چ ماددەیا؟ یەعنی ئێستا پرسیاری ئەوە ئەکەین لە چ مادده؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەمە ئەگەر ماددەکە جوان بخوێنینەوە، ئەڵێ لە سزادان دەبوورێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرا بوونی، واتە حوکم نەدراوە هێشتا، بۆیە دوو شتی جیاوازن، ناکرێ بڵێین ئەم هینەکە مەحاکم ئەبرێت و عقوبەش ئەدرێت و بەس دوای عقوبەکەی ئەبەخشرێت، ئەم پێش ئاشکرا بوون ئەبەخشرێ، یەعنی پێش ئاشکرا بوون، واتە هێشتا مەراحیلی تەحقیق دەستی پێ نەکردووە.

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ناکرێت، تۆ ئێستا جەریمەی کەسبی مەشروع کێ ئیسباتی دەکات کەسبی غێر مەشروع هەیە؟ ئەبێ بچێتە بەردەم دادگا، کەدادگا قەراری داو کەسبی غێر مەشروعە ئەو یەکێك لە موساهیمەکانە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەبەری داوە چۆن ئەتوانین لە مەراحیلی تەحقیق ئەوەی بکەین، ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ ئەو ماددەیە دارێژرێتەوە ئەم ماددەیە، چونکە وازیح نییە، بەو شێوەیە وازیح نییە ئەو ماددەیە، بەرێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوە لە نەصی ئیتیفاقی جینائی با بڵێین بەشێکە لە بەشەکانی موساهەمە لە جەریمە، ئیتیفاقی جینائی کە چەند کەسێك پێکەوە بەشدار دەبن، ئەوەی ئێمە بەر چاومان کەوتووە لە قانونی عقوبات، ئێمە زەرفی موشەدەدمان هەیە، زەرفی موخەفەفمان هەیە عادەتەن ئەوانەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانەی تر کە لە جەریمەی کۆمەڵێك کەس بکەن بە زەرفێکی مەخەفەف بۆ ئەوان حیساب ئەکرێ، بەڵام ئەوە لە بەر ئەوەی مەسەلەی ئیختیلاسە و ئێمەش یەعنی موتەفیقن لەوەی کە فەساد زۆر تەشەنەی کردووە وەکو تەشجیعێك بۆ ئەوانە، لێرە زۆر زۆر وازیحە، یەعنی لێرە ئیعفا ئەکرێ نیهائییەن لە عقوبە بێجگە لەوەی کە دکتۆرە قاڵاً باسی کرد مەسەلەی ئیستردادی ئەموال کە ئەوە لە نیزامی عامە و کەس ناتوانێ ئەوەی لێ ببەخشێ، بۆیە من پێم وایە ئەو تەنها تەشجیعێکە ئەگەر نا لە ئەصڵ دا ئەوەی کە لە قانونی عقوبات بۆ ئەو جۆرە تاوانانە هەیە، مادام عدول ئیختیاری نییە، یەعنی باسی تاوانی ئەنجام

دایە پێش ئاشکرا بوونیان عادەتەن زەرفی موخەففەف لۆ حیساب ئەکرێ، بەڵام لێرە تەشجێعێکی زیاتریان کردیە و ئیعفا دەکرێ و هیچ عقوبەیەکی لە سەر جێ بە جێ ناکرێت، جا ئەگەر بەرێز ئەندامانی پەرلەمان لە سەر ئەوە موتەفیق نین ئەوە دەکرێ بە شێوازێکی دیکە دایبڕێژین، بەڵام ئەوەی کە مامۆستا عمر کۆچەر باسی کرد، بەڵێ هەر لەوەی چەند ماددەیەك پێش، ئێستا ماددەکە لە بەر دەستم نییە ئێمە دەنگمان لە سەر دا کە ئەو کەسە ئەگەر تاوانی گەندەڵی لە سەر یەك لا بوو یەکسەر بڵێین لە وەزیفەکەش بە نیهائی دەست لێ هەڵدەگرێ و کۆتایی پێ دێت.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بووە جێگای پرسیاری بەرێزتان لە ماددەی دوانزدە لە بڕگەی چوار لە خاڵی یەك، لە تەعدیلی دەستەی نەزاهەدا هاتووە بەم شێوەیە (تسقط اهلية المحكوم عليه عن جريمة فساد عمدية لتولي الوظائف العامه و لا يجوز للقطاع العام التعاقد معه كمقاول او مورد للخدمات او الوضايع).

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە (١٦) : ماددەی هەژدەهەمینی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرا بوونی یان هاوکار بوو لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکرا کردنی یان ئەو مایانەی لێیەوە وە دەست هاتوون ئاشکرا بکات و بگەڕێنرێتەوە و حوکمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوکمدان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناکات.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ماددەکەیە کە بەم شێوەیە خوێنرایەوە؟

**بەرێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەگەر یەك جاری دیکە بۆمان بخوێنێتەوە تێنەگەیشتین.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە جارێکی تر بێ زەحمەت.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی شـازدە (١٦): مـاددەی هەژدەهــەمین یاسـای دەسـتە هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بـە ئاگـادار کردنـەوەی دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدەکان لـە تاوانەکـە بـەر لـە ئاشـکرا بـوونی یـان هاوکـار بـوو لـە گـەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکرا کردنی یان ئـەو مایانـەی لێیـەوە وە دەسـت هـاتوون ئاشـکرا بکـات و بگەڕێنرێتـەوە و حوکمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوکمدان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ماددەیەکەیە بەو شێوەیە کە خوینرایـەوە؟ (٥٨) کـەس لـە گەڵێیـەتی، کـێ لـە گـەڵی نییـە؟ (٥) کەس لە گەڵی نییە و دژیەتی، بۆیە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەڤدەم (١٧) هیچ تێبینیەکی لە سەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی هەڤـدەم (١٧) : مـاددەی نوزدەیـەمینی یاسـای دەسـتە هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخوینرێتـەوە، هـەر داوا لێکراوێـك بـە پێشـکەش کردنـی ئاشـکرا کردنـی بەرژەوەندییـە داراییـەکانی بـە ئەنقەسد یەکێك لەم کردەوەکانی خوارەوە ئەنجام بـدات ئـەوە بـە بەنـد کـردن بـۆ ماوەیـەك لـە سـێ مـانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە صەد ملیۆن دینار زیـاتر نـەبێت یـان بـە یـەکێك لـەم دوو سـزایە، سـزا دەدرێـت، یەکـەم : دواکـەوتن لـە پێشـکەش کردنـی راپـۆرتی دەرخسـتەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە سێ مانگ لەو ماوانەی لـە لایـەن دەسـتەوە دیـاری کـراون، دووەم : هێنانـەوەی داتـای نادروسـت لـە راپـۆرتی دەرخسـتەی بەرژەوەندییـە داراییـەکانی، سـێیەم : بازنـە کردنـی بەرژەوەنـدی یـان ئـەو مایـەی خاوەنیانـە یـان هـی هاوسـەرەکەیەتی یـان هـی یـەکێك لـە منداڵـە دواکەوتەکانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندیە داراییەکانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە، بەڕێز دکتۆر عزت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەم پرۆژە هەموارەدا هەموو وشەیەکی (مایە) بـە گرنگـی دەزانم بکرێـت بـە (سەرمایە)، لە بەر ئەوەی بە ئینگلیزی پێ دەوترێت کەپیتال (Capital)، بە عەرەبی پێ دەوترێـت (راس المال)، بە کوردیش دەبێ پێی بوترێت (سەرمایە)، لە راستی دا لە زۆر لە پرۆژە یاساکانی تـردا وشەی (مایە)

به کار دێت هەڵەیە، چونکە مایە یەعنی مال ئەگەر ئەو تەرجومەیە بکەین، سەرمایە پێی دەوترێت (راس المال)، کاتێك کەسێك گەندەڵی ئەکات خانوویەك، موڵکی خۆی نییە کە بە ناوی خۆیەوەی دەکات بەو خانووە ناوترێ مایە، بەڵام کە پارەیەك بەرێت پێی دەوترێت (مایە)، (راس المال) بریتی یە لە خانووەکەش برێتی یە لە ماڵەکەش، بەڵام (مایە) یا خۆد (مال) برێتی یە لە پارەکە، برێتی نییە لە خانووەکە، بۆیە لە پرۆژەی پێشوش نووسراوە قانونی استقطاب کە کراوە بە کوردی بە دەست هێنانی مایە، لە راستی دا شتێك نییە لە شیکاری ئابووری دا بە زمانی کوردی پێی وترێ (مایە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە (مایە) لێرەدا تەرجومە عەرەبیەکەی مالە، و مالیش کاك دکتۆر عزت بە مەنزورە ئیقتیصادیەکەی پێناسەی ئەکا، ئێمەش بە مەنزورە قانونیەکەی پێناسەی ئەکەین، لە قانونی مەدەنی ئەڵێ : (کل حق ذی قیمە مادیە) ئیتر ئەم حەقە ئایا حەقەکە خانووە، حەقەکە هەر چی شتێکە کە بتوانرێت تەقییم بکرێت بە مایە، بۆیە پێموایە ئەگەر قسەیەك هەبێت لەسەر تەرجومەکە مال مایە نییە بە کوردی، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەوە بێت لەسەر مایە ئەوە ئەوە دەگرێتەوەو جەنابت بە مەنزورە ئیقتیصادییەکە سەیری دەکەیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بڕگەیەی کە باس لە سزای ئەوانە دەکات، کە سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا ناکەن، پێم وایە حەدی ئەقەلی کە باس لە (٣) ملیۆن دەکات، یەعنی ئەوەی کە سەرمایەی خۆی ئاشکرا ناکات، یەعنی (٣) ملیۆن شتێك نییە رەدعی بکات، یان سزایەك بێ کە قورسایی بکات، بۆیە بەبڕوای من ئەو (٣) ملیۆنە دەبێ یەعنی موراجەعە بکرێتەوە، یەکسان بکرێت بە سەرمایەی سەلمێنراوی دوای تەحقیق تە عبیرێك بەوشێوەیە بدۆزینەوە، چونکە کابرا کە سەرمایەی خۆی کەشف ناکات، بێگومان سەرمایەی گەورەیە بۆیە کەشفی ناکات، ئەیشارێتەوە لە دەستەی نەزاهە، (٣) ملیۆن غەرامە بۆ ملیاردێرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرئەوەی دکتۆر شێرکۆم هەبوو، پاڵپشتی دەکەم، دەستخۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی منیش هەر لە ڕایەکەی کاك دکتۆر شێرکۆ نزیکە، بەڵام ئەوەی مەبەستم بێ، ئەوەیە (٣) ملیۆن و (١٠٠) ملیۆن یەعنی بوعدیان زۆر لەیەك دوورە، لە هەموو قانونی عقوبات باوەڕناکەم ئەو لێك دووریە هەبێت، (٣) ملیۆن و (١٠٠) ملیۆنی ئەو نەوعە بوعدە دوورە نییە، دەکرێت تەفاروبێك دروست بکرێت، ئەوجا (١٠٠)ەکە کەم دەکرێتەوە یان (٣) ملیۆنەکە با زیاتر بکرێت، موهیم ئەوەیە یەعنی لەیەك نزیك بوونەوەیەك هەبێ، نەك لەنێوان (٣) و (١٠٠)ی زۆر دوورە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕام لەگەڵ ڕای دکتۆر سیراجە، بەڵام بۆمان ڕوون بکەنەوە ئایا ئەو فەرقە لەبەینی (٣) و (١٠٠)ەکە بەڕێژەی شاردنەوەی زانیاریەکاندان دراوە یان لەبەرچی داندراوە، ئایا مەسەلەن ئەوەی زانیاریەکی زۆر یان سەرپێییەکی زۆری کردبێ لە داتاکان زیاتر غەرامە دەکرێت، ئەوەی کەمی کردبێ کەم غەرامە دەکرێت ئەوە چۆنەوە چۆنتان داناوە؟ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجات فەرموو.

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتەڤانیە ئاخافتنە دکتۆر سیراج دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەلایەكەوە لەگەڵ قسەكەی بەڕێز دكتۆر شێركۆم، بەڵام لەلایەكی ترەوە لەگەڵی نیم، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو كەسانەی كە لەم وڵاتە ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە، ئەوكەسانەن كە بەرپرسی ئەم وڵاتەن، بەرپرسەكانیش مووچەیان هەیە، پێویستە بەپێی مووچەكانیان، لەبەرئەوەی من پێم باشە بەڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگیان یان (١) مانگیان بەڕێژە بێ ئەوكاتی یان ئەگەر سەرمایە حیساب بكەی، لە (١٠)ی ئەو سەرمایەی كە دوای تەحقیق دەبێ وەكو كاك دكتۆر شێركۆ وتی، سیغەیەكی وا بدۆزینەوە ئەوە بەنیسبەت سزاكەوە، بەنیسبەت بڕگەكانیشەوە دەقی ماددەكە تیكراریەكی تێدایە پێم خۆشە ئاشكرای بكەم بۆ بەڕێزان لیژنەی یاسایی كە تێیدا هاتووە هەر داوا لێكراوێك بە ئاشكراكردنی بەرژەوەندییە داراییەكان بە ئەنقەست ئەمە لە خوارەوە هاتووە، لەبەرئەوە داڕشتنەكە هەڵەیە پێویستە بكرێت بە هەر داوالێكراوێك پێشكەشكردنی فۆرمی ئاشكراكردنی بەرژەوەندییە داراییەكان بۆ ماوەیەكی زیاتر لە (٣) مانگ، لەبەرواری گەیشتنی فۆرمەكە بەدەستی غەرامە دەكرێت بەڕێژەی لە سەدا ئەوەندەی مووچەكەی بۆ یەك مانگ، ئەگەر یەكەم دواكەوتن بوو بۆئەوەی كە لە خوارەوە نووسراوە، دووەمیش هێنانەوەی داتای نادروستی كاریگەر، جاری وا هەیە تۆ هەڵەیەكی زۆر بەسیت دەكەی، چۆن دەبێ بەوە غەرامە بكرێی، هەڵەیەكی زۆر كاریگەر نییە، لەوانەیە بڵێی بینایەكم هەیە (٢٠٠)مەتر مورەبەعە، بەڵام (٢١٠) مەتر مورەبەع بێ ئەوە نادروستە، بەڵام ناكاتە ئەوەی تۆ غەرامە بكرێی، دەبێ بڵێی هەڵەی كاریگەر، سێیەمیش تەحسیڵ حاسڵە لەناو دووەمدا هەیە، لەبەرئەوە بەڕەئی من سێیەم زیادەیە، هێنانەوەی داتای نادروست سێیەمیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئی دكتۆر عزت دەكەم، چونكە ئەمن لە بەشی ژمێریاریش فەرقێك هەیە لەنێوان (رأس والمال)، (مال) بەس بۆ پارە دەوترێت، (رأس المال) بۆ مومتەلەكات و پارە دەوترێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕایەكەی كاك دكتۆر عزت دەكەم، هەروەها پێم باشە لەسەر غەرامەكە پێوەرێك دابندرێت هەر ئێستا، نەك هەر ئەو پارەیەی كە تەحدید دەكرێ، لە بڕگەی سێیەم باس لە باس نەكردنی

بەرژەوەنـدی یـان ئـەو مایـەی خاوەنیـان هەیـە یـان هـی هاوسـەرەکەی یـان هـی یـەکێك لـە منداڵـە دواکەوتووەکانیەتی، ئەگەر بکرێت بە میراتگر ئەویش باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتان چییە لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بەو جیاوازیەی کە هەیە لەنێوان غەرامەکە، کە لە (٣) ملیـۆن دینـار کـەمتر نـەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن زیاتر نەبێ، ئێمە پەسەندی دەکەین، پێشنیارەکەی دکتۆر سیراج بەوەی کە بـە غەرامەیـەك لە (٥٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (١٠٠) ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، بۆ بەڕێز مامۆستا ماجد سولـّتەی تەقدیری لێرانە بەپێی شاردنەوەی ئـەو مەعلوماتـە دەدرێت بـە سولـّتەی قـەزائی، قازی لێرانـە تەقـدیری دەکات لە (٥٠ بۆ ١٠٠) دەسەلاْتی خۆیەتی، کەم و زیادی لەناو بابەتەکە دابکاتن، ئـەوەش کـە پەیوەنـدی بـە مایـەو سـەرمایە هەیـە، ئـەوە لـەکاتی داڕشـتنەوەی دیراسـەی ئـەو بابەتـە دەکرێـت و بـە نـەزەر ئیعتبـار وەردەگیرێت، بـەڵێ پێشـنیاریش کـرا هێنانـەوەی داتـای نادروسـتی کاریگـەر، ئەویشـیان بـە نـەزەڕ ئیعتیبـار وەردەگرن، بەڕێز عمر عینایەت پێشنیارەکەی پێشکەش کرد، ئێمەش ئەوە بە نـەزەر ئیعتیبـار وەردەگـرین و دایدەڕێژینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەنیم بیکەینـە (٥) ملیـۆن، چـونکە ئـەو یاسایە گشتگیرەو زۆر کـەس دەگرێتـەوە دوای ئـەو تەعدیلەو ئەو هەموارە، کەسێك هەیە داهاتی کەمـەو راتبـی ئەوەنییـە، مەسـەلەن مەصـالحی خـۆی ئاشـکرا نەکاتن، ئەو (٥) ملیۆنە بۆ ئەو زیادە، ئەو (٣) ملیۆنەی داناوە، چونکە هەر کەسێك دەگرێتـەوە لـەم ولاْتـە، کەسێك داهاتی (٥) ملیۆن من لەگەڵ ڕەئی کاك عمر عینایەتم، بە ڕێژە بێ باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو ڕایەی مامۆستا عمرم هەبوو، پشتیوانی لە قسەکانی ئە و دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسای عقوبات و هەموو ئەو یاسایانەی کە باسی عقوبەیەك دەکات، ڕێژە نییە، دایمەن سوڵتەی تەقدیری لەنێوان دوو ڕەقەم دایە، یەعنی هەر وا بووە، موتەبەع وابووە لە قانونەکاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە با دواتر ئەوەنەبی، یەعنی ئەوەی کە ئێستا ئەو غەرامەی داندراوە، ئەوکەسە جارێ فەسادی نەکردیە با بڵێین گەندەڵی ئەنجام نەدایە، بەس تەنها ئاشکرای سامانی خۆی نەکردیە یان دوایخستییە یان ئەوانە، لەبەرئەوە پێم وایە کاك د. سیراجیش هەروا تەرحی کردیە، یەعنی نەك غەرامەکە زیاد بکرێ، بەڕێزان لە لیژنە کردیتیانە لە (٥٠ بۆ ١٠٠)، یەعنی لەیەك نزیك بوونەکە مەبەستی ئەوەبوو، (٣ بۆ ١٥)، (٣ بۆ ٢٠)، لەو نێوانە باشە نەك لە (٥٠ بۆ ١٠٠)، سەیربکە موقەدەم شمول دەکات، موقەدەم شمولی کەشف کردنی زیمەی مالی دەکات، موقەدەم مەعاشی پێم وایە (ملیۆنێك و ١٠٠ هەزارە)، ئەگەر کەشفی زیمەی مالی نەکرد یەعنی لەگەڵ (٥٠) ملیۆنی دونیایەك لەیەکتری جیاوازە، یان معاونی مودیر عام، مودیر ناحیە مەشمولە، مەعاشەکەی ناگاتە (٢) ملیۆن، لەبەرئەوە وا باشە وەکو کاك عباس دەڵێت یان بەنیسبەی سەدی بێت، یان (٣ ملیۆن تاوەکو ١٥ ملیۆن بێ) زۆر زۆر باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (دۆلەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، (٥٠ تا ١٠٠) زۆرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د. فرسەت وتی (١٠٪) دابنێین، لە سەدی (٥ بۆ١٠) ئەگەر کەشفی نەکرد جەریمە بکرێتن، جا بەگوێرەی ڕەقەم زۆر بێ دەچییە سەرێ ، لە خوارێش بۆ خوارێ دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ڕوونیان کردەوە دەبێ لەنێوان دوو ژمارەدا بێ، واتە بەپێی قسەی دکتۆرە بەهار دەبێ دوو ژمارە بێ نەك بە ڕێژە بێ، بەبڕوای من ئەوەی خۆی زۆر زۆر باش بوو، چونکە بەپێچەوانەوە ئەگەر باس لە هەندێك خەڵك بکەین، کە داهاتیان کەمە، بەڵام هەندێکی تر هەن کە داهاتێکی زۆریان هەیە، بۆیە (٣) ملیۆنەکە ئەگەر بیکەیتە (٣ بۆ ١٥) ملیۆن، بە بڕوای من (٥) ملیۆنەکە بۆ هەندێك کەس زۆر زۆر کەم دەبێ، بۆیە هەر ئەسڵیەکەی زۆرباشە و لەنێوان (٣ بۆ ١٠٠) بێ، ئەوەی جەنابیشیان باسیان کرد کە سولتەی تەقدیریەو زۆر ئاساییە ئەو کاتە دادگاکان بەپێی ئاستی داهاتی کەسەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەکەم ئەگەر هەروەکی خۆی بێتن، بەس ئەوە زیاد بکرێت داهاتی سەروەت و سامانی بۆ ئەو سزایە، نە ئەوەش زیاد بکرێن داهاتی ئەو کەسە ئەوەی تەئخیر کردی لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەو سزایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر احمد هیچ سەرنجێکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور /سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەو سیغەیەی لای ئێمە دوای موناقەشە لەگەڵ لیژنەکە کردوومانەتە (٣ بۆ ٥٠)، نوسخەی تەعدیلەکەشمان ناردووەتەوە، دیارە ئەسڵیەکە لای ئێوە تەوزیع کراوە (١٠٠)ە، منیش پێم وایە لە حدودی (٣ تا ٥٠) ملیۆن شتێکی گونجاوە، ئەوەش تەبعەن ئەوانەی کە موتەخەلیف دەبن لەوەی موتەهەم نین بە هیچ کەیسێکی گەندەڵی، ئەوەی کە دوو، سێ بەڕێزیش باسیان کرد ڕاستە مومکینە کەسێك بە مەلاین دۆلاری هەبێت نەك (١٥) ملیۆن ئەگەر (١٠٠ و ٢٠٠) یش بێ تەئسیری لێ نەکات، ئەوە جیاوازە، ئەوە شتێکی ترە، کاتێك کەسێك موتەهەم بە کەیسێکی گەندەڵی، تەحقیقاتی لێ دەکرێت ئەوە شتێکی ترە، بەس ئەوە رەبتی بەس بە بڕگەی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان هەیە، ئەوەی عەمدەنەکەشی دەبێت تێدابێت ، چونکە زۆرجار تاخیربوونەکە ڕەنگە بە ئەنقەست نەبێ، مەسەلەن ئەوکەسە لە دەرەوەی وڵاتە، نەخۆشە، لەبەرئەوە پێم باشە عەمدیەکە بمێنێتەوە، مەبلەغەکەش (٣ تا ٥٠) بێ، پێشم وایە لەگەڵ لیژنەکە وا ڕێکەوتین، بەڵام ئەو نوسخەیەی لای من نووسراوە لای ئەوانیش وا نووسراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی تەحدیدکردنی ڕەقەم لە پرۆژە یاسادا، لەبەر گۆڕانکاری زەمەنی پێم وایە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە (٣) ملیۆنی ئێستا لەوانەیە (٦) مانگی تر یان ساڵێکی تر کەمتر بکات، زیاتر بکات و ئەمانە، بۆیە باس لە ڕەئیەکەی کاک عمریش، هەمان شتی باس کرد، ئێمە بیکەین بە ڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگی، چونکە ئێمە باسمان لەوانە کرد، کە بەرپرسی حکومین، ئەوانەی کە بەرپرسی حکومین لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگی، ئەگەر بەرز بوو، بەرز وەردەگیرێت، ئەگەر نزم بوو، نزم وەردەگیرێت، چونکە خۆی ئەسڵەن تەسەتوری کردووە، ئەمە بەپێی مەبدەئی (من این لك هذا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕایەکەی دکتۆر شێرکۆ دەکەم، دیاریکرنی ژمارە لە پرۆژە یاسا کارێکی خراپە، لەبەر یەک سەبەب ئابووری کوردستان خراپتر ببێت لە ئێستای، لەوانەیە بەشی کیلۆیەك گۆشت نەکاتن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە (٤) رۆژی تر (٣) سفر لەسەر پارەی عیراقی لابرێت، (٣) ملیۆن دینار بەهیچ کەسێك نادرێت لەو وڵاتەدا، بۆیە بەڕێژە دابندرێت هیچ کێشەیەکی تێدانییە لە (١٠٪)ی مووچەکەی، لە (٥٠٪)ی مووچەکەی بۆ سەرف دەکرێت، ئەوکاتە هەر گۆڕانکاریەك لە ئابووری وڵاتدا ڕوودات ئەو ڕێژەیە بۆ هەموو ئەگەر تەعەروز ناکات لەگەڵ بنەما یاساییەکانی کە داندراون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت مەبلەغ دیاری بکرێت، چونکە بەپێی نیسبە بێ باشترە، ڕەنگە ئەو ڕۆژەی بێ گەندەڵکارە گەورەکان لە کوردستان مەحاسەبە بکرێن (٥٠٠) ملیۆن کەمتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ئەوە زیاتر تەئکید کردنەوە لەسەر ڕایەکەی خۆم، ئەگەر ئەو ڕێژەیە وەربگرین (٣) مانگی وەزیرێك یان (٣) مانگی پەرلەمانتارێك مووچەکە وەربگرێت، ڕێژەی لە (١٠٪)ی بۆ دابندرێت، ئایا ئەمە سزادانە؟ سزادان بۆئەوەیە کە تاوانێك یان شتێکی نایاسایی هەیە ڕێگای لێ بگرێت، یان سزادانەکە ئەگەر کاریگەریەکی قووڵ دروست نەکات لەسەر کەسەکە، پێم وایە نابێتە سزادان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوجارەی نوقتەی نیزامە، بەپێی قانونی عقوبات رەقەم (١١١) ساڵی (١٩٦٩)، تەبعەن (٥٠٦) ماددەیە، لەو (٥٠٦) ماددەیە دڵنیابە (٤٠٠) ماددەی غەرامەی تێدایە، هەمووشی دیاریکردیە لەوەندە بۆ ئەوەندە ئەوە یەك، دژی ئەوەنیم نیسبە دابندرێت، چونکە خۆم کە پێشنیارم کرد وتم نیسبە دابندرێت، بەڵام ئەو قسەیەم کە بڵێت بەهیچ شێوەیەك لە قانوو ناکرێت، لەو قانونەی کە ئێستا ئێمە ئیشی پێ دەکەین نزیکەی (٤٠٠) ماددە غەرامەی کردووە، دەڵێت لە (٢٠٠) دینار وەختی خۆی کە دیناری عیراقی بوو، لە (٢٠٠ بۆ ٥٠٠) دینار، بۆیە هەیە حاڵەتێکی لە قانون تەبیعیە دەتوانین دایبنێین، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیە لەبەرئەوەی مەسەلەی مووچەیە دەکرێت پشت بەنیسبە ببەستین، منیش پێم باشە نیسبەی (٥٪) لە مووچەکەی ئاساییەو دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم پرسە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەین، کە مەبلەغەکە دیاری بکرێتن، لەبەرئەوەی غەرامەیەو، غەرامە بە عقوبە دادەنرێت، کە عقوبەیە پێویستە مەبلەغەکەی دیاری بکرێت لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ، ئەوەی تریش لەسەر داوای بەڕێزسەرۆکی دەستە لە (١٠٠) ملیۆن بکرێت بە (٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، بەڵام ڕای کۆتایش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە جوان قسەیەکی ترت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانین کەوانەیەکی بکەینەوە (مع مراعات مستوی معیشة معدلات التضخم)، تەنها ئەو مەبلەغەی دادەنێین، یەعنی لە ئایندە ئەگەر قیمەتی ئەو پارەیەش هاتە خوارێ، تۆ دەتوانی یان زیادی بکەی، یان کەمی بکەی، ئەگەر زیاد بوو، ئەگەر کەم بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕێگای جەنابتەوە لە لیژنەی یاسایی دەپرسم ئەو (٣ بۆ ٥٠) ملیۆنە یان (١٠٠) ملیۆنە کێ دیاری دەکات؟ کێ بڕیاردەدات ئەوەندە بێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دادوەر بڕیاردەدات، سوڵتەی تەقدیری بۆ قازیە بەڕێز کاك عمر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ئەندام پەرلەمانێك بە هەڵە نەیتوانی مووچەکەی ئەوەندەی کە خۆمان دەیزانین، توانی ئەوەی هەیە (٥٠) ملیۆن دینار بدات، زۆربەی ئەوانەی لەو وڵاتەدان کە فۆڕم پڕدەکەنەوە هەموو کارمەندی دەوڵەتن، خۆ ناکرێت بۆ سەرمایەدارەکان، تەنها بۆ وەزیر و مدیر عام و بەڕێوەبەر و جێگرەکانیان و ئەندام پەرلەمانەکانە، کەسی تر فۆڕمی بۆ ناچێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە سەرپێچی دەکەن، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من دەڵێم تاکو ئەو عقوبەیە کەمتر بێ باشترە، چونکە قەناعەتم وایە ئەو کەسەی کە پارەی زۆرە و مەسئولی بەرزە قەت ئەم یاسایە نایگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕاکان سیاغە بکەن، با ئیتر لەوە زیاتر موناقەشە نەکرێن، یەك بە یەك دەیانخەینە دەنگەوە، سیاغەی بکەن، ئەو ڕایەی تریش هەر سیاغە بکەن، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) هەموار دەکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە

هەرداوا لێکراوێك بەپێشکەش کردنی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی بە ئەنقەسەت یەکێك لەم کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوە بە بەندکردن بۆماوەیەك لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێ: لەم دوو سزایە سزا دەدرێت:

یەکەم: دواکەوتن لە پێشکەش کردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆماوەیەکی زیاتر لە (٣) مانگ لە ماوانەی لەلایەن دەستەوە دیاریکراون.

دووەم: هێنانەوەی داتای نادروستی کاریگەر لە راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

سێیەم: باس نەکردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەکەیەتی یان هی یەکێك لە منداڵە دواکەوتووەکانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕایەکەی ترتان سیاغە کردووە؟ ئەو ڕایەی تریش سیاغە بکەن، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، باشە ئێوە رەئیتان نییە؟، بەڵام بەشێك لە ئەندامان داوای ئەوە دەکەن، مەبەستم ئەوەیە ڕای دووەمیش وازح بێ لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی کە دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر( عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوع عقوبە بەخۆی رەدعێکی مەعنەوی هەیە، (٣ تا ١٠٠) ملیۆن ئەوە تەقدیری قازی کە وەك مەسئولێکی پارەی گەورە بێ، لە (١٠٠) ملیۆن وەردەگرێت ئیتر کەم بێ هەر کەسێکی (٣) ملیۆن وەربگرێت، بەڕێزەش بێ هەر نەفسی ئەو حاڵەتەیە، زیاتر نییە، نە مەوزوع ئەوە گەندەڵە یان نا؟ مەعلوماتی ئاشکرا نەکردیە ئەوە عقوبە بۆ خۆ رەدعەکە، چونکە ئەوە نا هەر یەکێك بۆ خۆ بێن بە قەناعەتی من زۆرباشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، نموونەیەکی بەسیتت بۆ دێنمەوە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئیش بە غەرامەی پەرلەمانتار دەکات کە بە (٢٠٠) دینار داندراوە؟ بەمە ناکرێت ، یەعنی (٣) سفر زیاد بکات (٣) سفر کەم بکات، هەموو شتێك دەگۆڕێت و ئەویش ئیشی پێ ناکرێت وەکو پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕێکی دەخەین، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سیاغەیەکم نارده بەردەم بەڕێزتان بدرێت بە لیژنەی قەزائی یان بە جەنابت، پێم وایە ئەگەر ئەوەیان بیدەیتێ لەسەری ڕێك کەون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاتۆتە بەردەستتان؟ بەڵام ئێستا لە پێش ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، دوو ڕا هەیە، یەکیان ئەوەیە کە نیسبە دیاری بکرێ، ئەوی تریان کە بە ڕەقەم دیاری بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بە نیسبە دیاری بکرێ؟ دەزانی چی؟ ئێستا لەسەر ئەوە وەستاوە بەڕێزان، بەڕێز د. سراج، دوو ڕاکە جیاوازی لەسەر ئەوەیە، یەکێك پێی وایە دەبێ بە ڕەقەم دیاری بکرێ، هەندێکیش پێیان وایە پێویست دەکات بە نیسبە دیاری بکرێ، ئەوە یەکلا بێتەوە دەتوانین سیاغەی بکەین.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

سێ ڕا هەیە، یەکیان ئەوەیە سێ هەتا (١٠٠) ملیۆن بێ، یەکی تر (٣) تا وەکو (٣٠) ملیۆن، یەکی تریان بە نیسبە دیاری بکرێ، سێ ڕەئی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڵام کە هاتینە سەر ئەوەی کە بە ڕەقەم دیاری بکرێ ئەو کاتە ڕەئی تریش وەردەگرین، ئێستا لەبەر ئەوەی تەبعەن پێویست دەکات ئێوە دڵنیا بن لە ڕەئی خۆتان، ئەوەی لەبەر دەستماندایە بە ڕەقەم دیاری کردووە، جارێ ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بە ڕەقەم دیاری بکرێت؟ (٣٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کێ دژی ئەوەیە بە ڕەقەم دیاری بکرێ؟ (٢٨) دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، بە ڕەقەم دیاری دەکرێ، جا ڕەقەمەکە لە بەینی چەند و چەند؟ پێم بڵێن پێشنیارەکان چییە بۆ ڕەقەم؟ ئەوەی کە ئێستا هاتووە ئەوە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر ئەوە پەسند نەکرا ئەوە ڕەقەمی تر دەخەینە دەنگەوە، ئەوەی کە ئێستا لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، مادام موتەبەع وامان کردووە، ئەوەی ڕاپۆرتەکەمان کردووە بە دەنگی یەکەم، کێ لەگەڵ ئەوەیە (٣) ملیۆن بۆ (١٠٠) ملیۆن بێ؟ (٣٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژی

(٣) ملیۆن بۆ (١٠٠) ملیۆنە؟ (٢٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، جا تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ماددەکە هەمووی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

ماددەی (١٧):

هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هەر داوا لێکراوێك بە پێشکەش کردنی ئاشکرا کردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی بە ئەنقەست یەکێك لەم کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەم دوو سزایە سزا دەدرێت:

یەکەم/ دواکەوتن لە پێشکەش کردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە سێ مانگ لەو ماوانەی لەلایەن دەستەوە دیاری کراون.

دووەم/ هێنانەوەی داتای نادروستی کاریگەر لە ڕاپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

سێیەم/ باس نەکردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەیەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەکەیەتی یان هی یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (٤٦) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (١٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

ماددەی (١٨) هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

**د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وا هاتووە ماددەی (١٨) هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە، بەڵام بەڕێز د.سراج لە کاتی خۆی دا لە ماددەی (١٣) بوو وابزانم پێشنیارێکی کرد، وتمان لە ماددەی (١٨) چارەسەری دەکەین، بۆیە ئەگەر فرسەتێکمان بدەیتێ تا ئەوە دادەڕێژینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، دایڕێژنەوە، دوو نوقتەی نیزامیمان هەیە، بەڕێز کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٥) ببوورە چارەم نییە، مندالە دواکەوتەکانمان چارەسەر کرد، بەس لەو ماددەی ئێستا دەنگمان لەسەر دا جارێکی تر هاتۆتەوە، دەبێ جارێکی تر چارەسەر بکرێ، چونکە دژی ئەوە دەوەستێتەوە، دەنگیشی لەسەر درا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تازە دەنگی لەسەر دراوە، بەڕێز کاك أبو بکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبو بکر عمر عبدالله (أبو بکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە کەی جێبەجێ دەکرێت؟ ماددەی (٥٦) دەڵێت کە نابێ هیچ پەرلەمانتارێك لەسەر بابەتێك دوو جار قسە بکات، پەرلەمانتاری وا هەیە شەش جار نەلەسەر بابەتێك، لەسەر یەك بڕگە قسە دەکات، ئێمە هەموومان پێمان وابوو ئەو پرۆژە یاسایە دوو سەعاتی پێویستە، دوو ڕۆژە لێرە کۆ بووینەتەوە، ماددەی (٧٢) دەڵێ/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرتی ماددەکانی پێشنیارکراو، ئەگەر لەم پرۆژەی تەعدیلەدا مادام ئەوە هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە، بۆ نەخرێتەوە بەر گفتوگۆ؟ ئێمە ئەگەر هەموار ئاوا بکەین بۆ هەموو قانونێك، دوو ڕۆژە، پرۆژەی دەستووری هەرێممان دێتە بەردەست بە سێ ساڵ نەجاتمان نابێ، یەعنی چۆن هەموو ماددەیەك ئاوا، دەرگای گفتوگۆی لەسەر دەکرێتەوە؟ لەبەر ئەوە من پێموایە پێشێلکارییە بەرامبەر بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك أبو بکر، ڕاستە بەڵام ڕای تازە دێتە پێشەوە، ئەو کاتەی کە ڕای تازە دێتە پێشەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش دەیانەوێ قسەی لەسەر بکەن، واتا ئەندامی پەرلەمان قسە لەسەر ڕاپۆرتەکە دەکات، بەڵام لیژنەی تایبەتمەند دێنە سەر ڕایەکی تر، کە دیسانەوە ئەندامی پەرلەمان دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، بەڵام لەگەڵتم قسە زۆر دەکرێ، موداخەلە زۆر دەکرێ، کە پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ڕەچاوی ئەوە بکەن لە لیژنەکان دا گفتوگۆی زیاتر بکرێ لەسەر پرۆژە یاساکان، باشتر ئامادە بکرێن، بۆ ئەوەی لە ناو هۆڵدا کەمترین قسە هەڵبگرێ.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

بڕگەی دووەم/ ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە پێشخستن (قدم) بداتە ئەو فەرمانبەرانەی هەوڵی بەرچاو دەبینن، یان ئەنجامی ئاست بەرز بەدەست دەهێنن بە پێی یاسا و ڕێنمایی یە کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ بەڕێز د.عزت، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم پێدانی ئەو (قدم)ە ماوەکەی دیاری بکرێ، مانگێگ، مانگێگ، سێ مانگ، شەش مانگ، ساڵێك، چونکە ئەو کەسەی کە لە پلەی وەزیردایە، من (قدم)م وەرگرتووە سەرۆکی حکومەت یەك مانگمی پێداوە، کەواتە دەبێ دیاری بکرێت، ناتوانرێ ساڵێك (قدم) بدرێ بە هیچ فەرمانبەرێك، هیچ کەسێك لە حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاك شوان شێخ أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە لە ماددەی (١٨) کە ماددەی (٢١) دەگرێتەوە، کە (عدا)یەکە لابدرێ (مدیر عام و أصحاب الدرجات الخاصە) لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و ئاوا بێت، موەزەف دەبێت مووچەکەی لە مدیر عام و موستەشار و ئەوانە زۆر زۆر زیاتر دەبێ، کە ئەوەش بە شتێکی دروستی نابینم، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو (عدا) لابدرێت، چونکە بەڕاستی لەوەی مالیە و لەوەی عیراقیەش بە هەمان شێوە ئەوەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، خاتوو ڤیان عباس، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم ژ ئەڤ ماددەیە گەلەکا مەتاتیە، ئەز پێشنیار دکەم ئەوە بێتە ڕاکرن، ژبەر کو ئەڤ فەرمانبەر ئەکید یەعنی مووچەیی هەی و یەعنی ساڵ بۆ تنا حیساب کرن، نزانم گەلەك جارا دەبیتە حافزەك بۆ هەندی کو تەسەتوری گەلەك جارا سەر گەندەلییەت بکە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز کاك شوان تەرحی کرد، ئەگەر ئەو پێشنیارەکان بۆ بێنێ بۆ ئەوەی ئێمە لێرە دەست بە داڕشتنەوەی بکەین، ئەگەر پەسند بێ، ئەوەی کە د.عزت باسی کرد، دیاری کردنی (قدم)، ئێمە لێرە

وەڵاممـان دايـەوە دواى تەعديلەكـە، دەڵـێين پێشخسـتنى (قـدم)ى بـۆ هەيـە بـە پێـى ياسـا و پـەيڕەوە كارپێكراوەكان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بە زوويى صياغەى بكەنەوە، بۆ ئەوەى بيخەينە دەنگەوە، بەڕێز د.أحمد هيچ سەرنجێكت هەيە؟

**بەڕێز د.أحمد أنور/ سەرۆكى دەستەى دەستپاكى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەڵلا بە نيسبەت (قدم)كە ئەوەى كە لە ياساى پێموايە ديوانى چاودێرى دارايى، لە دەستپاكى عيراقيش هاتووە، شەش مانگە، ديارە بۆ ئەوانەى كە دەڵێ هەوڵێكى زۆر موتەمەيز، بە چەند ساڵ جارێك تـۆ ئـەوە نەكـەى، بـەڵام ئـەوەش دەچـێتە چوارچـێوەى موكافەئـە كردنـى خـەڵكى دڵسـۆز و ئەوانـە لـە چوارچـێوەى دەسـتەكە، بۆيـە ئێمـە كـە دامانـنـاوە بـۆ ئـەوە نييـە بـە تەئكيـد، خۆمـان دەزانـين دەسـتە موخەصەصاتى هەيە، ئەوە بۆ حاڵەتێك مومكينە كەسێك بەڕاستى جوهدێكى نائاسايى ئـەوە دەكات، بۆيـە پێموايە ئەگەر ساڵەكەشتان پێ زۆرە، لايەنى كەم شـەش مـانگ بـێ، ديـارى بكـرێ باشـترە، چونكە بـە پێـى ڕێنماييەكان پێويست ناكات، ئـەو ماددەيـە هـەڵبگرن، چونكە خـۆ ڕێنماييـەكان بـە نيسبەت موئەسەسـات وازيحە، ئەگەر ئەوە بە پێى ڕێنماييەكانە، ئەصڵەن ئەو مـادده پێويسـت ناكـات، ماددەكـە هـەبێ يـان نـەبێ، ڕێنمايى و ياساكان چۆنە بە نيسبەت كەرتەكانى تر، بۆ دەستەى دەستپاكيش بە هەمان شێوە دەبێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو داواكارييەى كە هاتبوو لـە تەعديلەكـە ئامـاژەى پـێ نـەدراوە، بۆيـە ئێمـە نـاتوانين لێـرە بيهێنينـە نـاو تەعديلەكەوە، بۆيە ماددەى هەژدەهەم بڕگەى دووەم بەو شێوەيە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنى دەستە بۆى هەيە پێشخستن (قدم) بـۆ مـاوەى شـەش مـانگ بداتـە ئـەو فەرمانبەرانـەى هـەوڵى بەرچاو دەبينن، يان ئەنجامى ئاست بەرز بەدەست دەهێنن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەيە بەو شێوەى كە خوێندرايەوە؟ (٣٠) كەس لەگەڵيەتى، كێ دژيەتى؟ (٣) كـەس دژيـەتى كەواتە پەسند كرا، ماددەى دواى ئەو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى نۆزدەم هيچ تێبينييەكى لەسەر نييە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى (١٩)

دەقی ماددەی (٢٤)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ دەستە پەیڕەوێکی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانی و شارەزایان دادەنێت و پەیڕەوی هاندانی جەماوەر و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆمەتباران لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەستەدا دادەنێت و تەخویل دەکرێت بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و خەرجکردن لەسەری دا.

دووەم/ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پاراستنی هەواڵدەر بەرامبەر بە ئاشکراکردنی تاوانەکە زۆر گرنگە، بەڵام وەختی من دەبینم لێرەئەوەندە گرنگی پێ نەدراوە، چونکە هەواڵدەر بەردەوام ژیانی لە مەترسیدایە لە ڕووی ئەمنییەوە، جا من پێشنیار دەکەم کە لە ناو یاساکە بە پێی ماددەیەك بە ڕوونی دیار بکرێت، نەك لە پەیڕەوی دەستەکەدا بۆ دیاری کردنی پاراستنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر ئەو پێشنیارە؟ د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست پاراستنی هەواڵدەر بێ، ئێمە لێرە و لە شوێنێکی تریش لەناو یاسایەکە باسمان لە پاراستنی کردووە، نازانم ئەگەر مەبەستێکی تر بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور (سەرۆکی دەستەی دەستپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم نییە، بەڵام قسە لەسەر پاراستنی نهێنی ئەوانەی هاوکارن، تەبعەن هاوکار بەرفراوانترە، هەواڵدەر و ئەوەی زانیاری دێنێ  بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان هاوکاری دەستەی دەستپاکی دەکات تێیدا هاتووە، بە تەئکید ئەوەش خۆی لە ماددەیەك هاتووە پاشان دەبێ تەفسیلی بکەی تەعلیماتی بۆ دەکرێ چۆن بۆ کەسبی مەشروع دەست کەوتی ناڕەوا تەعلیماتمان دەرکردووە بۆ شێوازی تەحقیق کردن، تەعلیماتمان دەرکردووە، بە تەئکید ئەوەش دەبێ تەعلیماتی بۆ دەربکرێ، چونکە هەندێك تەفاسیلی فەنی تێدایە ناکرێ هەمووی لە یاسایەکە دابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا ماددەکە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٣ کەس لەگەڵیەتی کێ دژیەتی؟ ١ کەس دژیەتی، پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٢٠ هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتی و بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستیەکانی کار بهێنێتە کایەوە، یان لێکیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ماددەی (٢٠) سەرۆکی دەستە بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتی بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستیەکانی کار، ئیزافەی ئەو ڕستەیەش بکەین تکایە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژینگەی تەکنەلۆژیا و زانیاری و پەیوەندیەکان ڕوودەدات بهێنێتە کایەوە و وا لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، یەعنی ئیزافەی ئەو ڕستەیە بکرێت، چونکە بۆ نموونە کارێکی ئەگەر بکەیە ئەلکترۆنی لە ئایند وای لێ دەکات دوو بەشی دەمج بکەی یان هەڵبوەشێنیەوە یان ئیلغای بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ هەر ئۆرگانێك دەستە جەمعی باشترە، هەر کاتێك دەستە جەمعی دەنگ بدات مادام دیموکراسین تووشی کەمتر هەڵە دەبین، بەرەو دکتاتۆریەت ناڕۆین، بە باشی دەزانم لە جیاتی سەرۆکی دەستە بکرێتە دەستە باشترە و با بە لیژنە بڕیار بدەن چ ئیشێك بکرێت واباشترە سەرۆك هەڵگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حەیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕایەکەی من هەمان ڕەئی مامۆستا عباس غەزالی بوو ئەگەر دەستە بێ باشترە، چونکە حوکمەکە میزاجی نابێ و بە دەستە جەمعی حوکمەکە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کران؟ د.ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندار بوو بە ڕای یەکەم پێموایە کە دەڵێ بە گوێرەی پێداویستیەکانی کار یەعنی (حسب حاجە العمل) ئەوە هەموو پێداویستیەکان دەگرێتەوە و ئەو گۆڕانکاریانەش دەگرێتەوە کە دێتە کایەوە، لێرە پێداویستی کار بە موتڵەقی هاتووە، ڕای دووەمیش دوو ئەندام پەرلەمان پێشنیاریان کرد ڕادەوەستێتە سەر دەنگدانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئایا لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەستە بمێنێتەوە یان تەحویلی بکەین بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەکتان نییە؟، د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور ( سەرۆکی دەستەی دەستپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یاسای ڕەنگە زۆر لە وەزارەتەکانیش ئینشای شوعەب و ئەوانە لە سەلاحیەتی سەرۆکی دەستەیە، بەلاّم ئەگەر لە ئەنجومەنیش بێ تەبیعیە، چونکە ئەساسەن ئەوە بۆ پێشوو کردنی ئیشە، ئیمتیازەك نییە بدرێ بە سەرۆك، بە عەکسەوە لەوانەیە ئەوەندەی زیاتر مەسئولیەتە بڕوا ناکەم ئەوە ئیمتیاز بێ، ڕەئیش بۆ ئێوەی بەڕێزە، موشکلەمان نییە، موهیم ئەوەیە سەلاحیەتە لەلای دەستەی دەستپاکی دەبێت، جا سەرۆکەکە هەی بێ، ئەنجومەنەکە هەی بێت، موهیم ئەوە پێداویستیەکی کاری هەموو موئەسەساتە، دامودەزگا زیاد دەکات، کەم دەکات، دەمجی دەکات بە پێی پێویستییەکانی ئیش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ ئەوەی نەچینەوە نیقاشێکی تر ئەوە دەخەینە دەنگەوە ئایا سەرۆکی دەستە بەشی تازە بکاتەوە یان ئەنجومەنی دەستە؟ لێرە هاتووە سەرۆکی دەستە، ئەگەر ئەمە پەسەند نەکرا ئەو کاتە ئەنجومەنی دەستە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە سەرۆکی دەستە بەشی تازە بکاتەوە یان لێکیان بدات؟ ٦ کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ ٣٥ کەس دژیەتی کەواتە پەسەند نەکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەنجومەنی دەستە سەلاحیەتی هەبێ بەشی تازە بکاتەوە؟ یان لێکیان بدات؟ ٤٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ ٢ کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، ئێستا کۆی ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د. ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٢١: ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتی و بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستیەكانی كار بهێنێتە كایەوە و لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتە دەدرێت بە ئەنجومەنی دەستە، بۆیە دەستە دەچێتە برگەی ٢ لە ماددەی (٩) لە ئەسڵی یاسایەكە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی دەبێتە بەشێك لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی دەستە، باشە كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە، ٥٢ كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ ٣ كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی (٢١٩) د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهارفەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٢١: لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە و لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی بە بەركار دادەندرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، كەواتە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی؟ (٦٢) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، هۆكارەكانی دەرچوواندن، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆكارەكانی دەرچوواندن**

بۆ مسۆگەركردنی زیاترە سەربەخۆیی دەستەی دەستپاكی هەرێمی كوردستان _عیراق، لە پێناوی پشتگیری كردنی دەسەڵاتەكانی و بۆ چەسپاندن و بەهێز كردنی ڕێكارەكانی ڕێگە گرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی، بڵاوكردنەوەی چەمكی دەستپاكی وشەفافیەت و لێپرسینەوە لە دەزگاكانی كەرتی گشتی و تایبەت ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر هۆکارەکانی دەرچوواندن؟ کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم باشـە ئەگـەر بـەو شـێوەیە دابڕێـژرێ لـەوە دەچـێ باشـتر بـێ، لەبەرئـەو ڕۆڵـە گـەورەی دەسـتەی دەستپاکی دەیبینێ لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هێنانە کایەی دادپەروەری و شەفافیەت و چەسپاندنی هۆشیاری دەستپاکی و ڕیگەگرتن لە دەوڵەمەند بوونی ناڕەواو لێپرسینەوە لە دامودەزگاکانی کـەرتی گشـتی و تایبەت ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو ڕایـەی خـۆت بێنـە بـۆ لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی نەزاهـە بـۆ ئـەوەی ڕەچاوی بکـەن، کـاك عمـر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەم ماددەیە قسەم نیە، بەڵام ئەگەر بکرێ دوایی دوو سەرنجم هەیە ڕێگەم پێ بدەی قسە بکەم، تـازە ڕۆشـتووە مەسـەلەکە، بـەڵام مـاددەی (١٧) ئەگـەر ئـەو کەسـەی زانیاریـەکانی پێشـکەش بـە دەسـتەی دەستپاکی نەکرد، سزای چیە؟ لە لیژنـەی یاسـایی دەپرسـم لـە ڕێگـای بەڕێزتـەوە، لـە (٣٠) ملیـۆن بـۆ (٥٠) ملیۆن غەرامە و (١٠٠) ملیۆن غەرامە ئەگـەر ئـەوەی دەفـع کـرد، دوای ئـەوە سـزای چـییە؟ پێمـان بڵێـن لـە یاسایەکە جێی نەکراوەتەوە، دووەم/ ئەو غەرامـەی کـە فـەرز کـرا، فـەرزی بکـە سـێ سـفر لەسـەر ئـەم سـێ ملیۆنە لابرا، سبەی دەکاتە سێ ملیار دینار، یان سەد ملیـار دینـار، ئایـا ئـەو کەسـە دەتـوانێ بیـدات یـان نـا، ئەوە بەداخەوە بەسەرمان دا تێ پەڕی، دەبووایە بە ڕێژە بووایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ دەنگی لەسەر درا، تازە ناتوانین بچینەوە موناقەشە کردن، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقراحەکم کرد بوو بۆ لیژنەی یاسایی تایبەت بوو بە پابەند بوونی کارمەندانی دەسـتە بـە پاراسـتنی سڕی میهنەی کارەکانیان، نەسەکم ناردبوو، نەسەکی عـەرەبی ئەگـەر بـەڕێزیان چـاو بـدەنێ و لـە شـوێنێك جێی بۆ بکەنەوە، کارمەندان دەبێ پاراستنی ئـەو سـڕە بپـارێزن کـە دێتـە بەردەسـتیان لـە دۆکیۆمێنـت لـە مەعلومات، لە اخبار، دەبێ کارمەندان پابەند بن بەو یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ڕاتان چییە لەسەر ئەو پێشنیارەی کرا و ئەو قسانەشی کە کران لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانـەوە؟، شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە هۆیەكانی دەرچوواندن یەك وشەی تری بۆ زیاد بكرێ، بۆ مسۆگەر كردنی زیاتری سەربەخۆیی و بەرفراوان كردنی، لێرە بەرفراوان، چونكە ئێمە لە هەندێ بڕگە دەسەڵاتەكانیمان زیاد كرد، بۆ نموونە دەسەڵاتی ناوەندە ئاینیەكان، بۆیە پێم باشە ئەگەر بەرفراوان كردنەكە زیاد بكرێ باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی كاك د.سراج، یەكەم/ جەریمەی ئیفشای ئەسرار، جەریمەیەكە لە قانونی عقوباتدا هاتووە، بۆیە ئێمە ئەو جەریمانەی كە لە قانونی عقوبات هاتوون لێرە دووبارەمان نەكردەوە، ئەگەر سەرنج بدەن تەنها عقوبەمان بۆ جەریمەی كەسبی غەیر مەشروع دانابوو، لەبەرئەوەی لە قانونی عقوبات دا نەهاتووە، بۆیە لە قانونی عقوبات هاتووە پێویست ناكات لێرە دووبارەی بكەینەوە، دووەم/ ئێمە گەیشتووینەتە كۆتایی یاسایەكە، هۆكارەكانی دەرچوواندمان خوێندووەتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێ، جائیز نییە جارێكی تر بگەڕێینەوە مادده ئیزافە بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێستا بۆ هۆكارەكانی دەرچوواندن تەوحیدی دەكەین لەگەڵ ئەو پێشنیارەی بەڕێز حاجی كاروان یان بەجیا هەردووكیان بخەینە دەنگەوە؟ د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە داڕێژراوە پێمانوایە هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە، بۆیە ئێمەی ئەندامانی لیژنە داوا دەكەین كە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوەی كە هاتووە دەیخەینە دەنگەوە، ئەوە كە پەسەند نەكرا ئەو كات پێشنیارەكانی تر لەبەرچاو دەگرین، كێ لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوونە وەك ئەوەی كە خوێنرایەوە؟ (٥٥) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟(٧)كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، كۆی یاسایەكە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ كۆی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەستپاكییە؟ (٥٩) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە كەواتە پەسەند كرا، پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین بەهۆی پەسەند كردنی ئەم یاسایە، هەروەها هیواداریین پەسەند كردنی ئەم یاسایە ببێتە هۆی كاراكردنی زیاتری دەستەی دەستپاكی لە هەرێمی

کوردستان بۆ بەدواچوونی کەیسەکانی گەندەڵی، بەڕێزان بەرنامەی کار تەواو بوو، بەڵام تکایە دانیشن، لە دانیشتنی ژمارە (١٠) ی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی هاوبەشی دوو لیژنەی پەرلەمان، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و لیژنەی وزە و پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان خوێنرایەوە، کە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی لەخۆ گرت بوو، ئێوە لە ئەنجامی گفتوگۆکانتان، ڕاسپاردەکانتان زیاتر دەوڵەمەند کرد، داوامان لێ کردن کە ڕاسپاردەکانیان سەرلەنوێ بنووسنەوە بۆ ئەوەی بیهێنینەوە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی وەکو ڕاسپاردە دەنگی لەسەر بدرێ و ئاراستەی حکومەت بکرێ، دوێنێ پێموابێ ڕاسپاردەکان بەسەرتاندا دابەش کرا، لەبەردەستتاندایە، بۆیە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کە ئایا لەدانیشتنی ئەمڕۆ ڕاسپاردەکان بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاسپاردەی ئەو دوو لیژنەیە ئێستا بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ؟ ڕاسپاردەکان موناقەشە کرا لە دانیشتنەکانی پێشتووتر حازرە و لەبەردەستتان دایە و خراوەتە بەردەستتان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاسپاردەکان ئێستا بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، بەڕێز د.عزت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم پەرلەمانتاران دڵنیا ببنەوە لەوەی کە بەدەستیان گەیشتووە یان ئەگەر نەگەیشتووە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ بە دەستتان گەیشتووە و کۆپی کراوە بەسەرتان دابەش کراوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە بۆ پەرۆشییە بۆ وەفدی دانوستانکاری حکومەت بۆ مەسەلەی بودجە و میزانیە، بەڵام دەنگدان و دەنگ نەدان لەسەر ڕاسپاردە پێموایە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، ڕەئی ئەندامانە و ڕەئی پەرلەمانی کوردستان، دەکرێ بە نووسراوێك ئاراستەی حکومەتی بکەن، بۆیە بەڕای من پێویستی بە دەنگدان نییە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێموابێ دەنگدانی پەرلەمانی لەسەر بکرێ شەرعیەتێکی زیاتری دەبێ، قوەتێکی زیاتری دەبێ ئەو ڕاسپاردانە، ئێستا دەخوێندرێتەوە، ڕاپۆرتی لیژنەکان خوێنرایەوە و جارێکی تریش دابەش کراوە بەسەرتان دا، ئێستاش ئەگەر پەسەندی بکەن، بخوێنرێتەوە ودەنگی لەسەر بدەین، جارێکی تر بۆتان دەخوێنرێتەوە، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەم بابەتە ئەهمیەتی هەیە، پێویستی بە تەسویتی پەرلەمانە، بە دیدی من مادام لە بەرنامەی کاردا نییە، شەرعیەتێکی نابێ، لەبەر ئەو تێبینیانەی کاک گۆرانیش خستنە دەنگدانی بە پێویست نازانم لە ئێستادا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک سالار پێشتریش لە بەرنامەی کار بووە، لە دانیشتنی ژمارە (١٠ )خوێندنەوە بۆ ڕاپۆرتەکان کراوە، بەلاّم لیژنە پەیوەندارەکان بەر مەبنای قسەی ئەندامانی پەرلەمان و ڕا وپێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دایانڕشتووەتەوە ڕاسپاردەکانیان، هەر ئەو کاتیش وتوومانە هەر کاتێك ئامادە بوویەوە دەیهێنین لە دانیشتنی پەرلەمان دا دەیخەینەڕوو و بۆ دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەری، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بەڵێ کاک ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای کاک سالار دەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆ نەبووە، پێویست ناکات لێرە قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دانیشتنمان لەسەر ئەو بابەتە کرد ئەوسا رەئیەك هەبوو هەر ئەو رۆژە، ئەو راسپاردانە حازر بکرانایە بخرابە دەنگدانەوە دوایی هەندێکمان پێشنیارمان کرد بۆ ئەوەی پەلەی لێ نەکەین، فرسەتەکی باشتر بدەینە لیژنەکە راسپاردەکان دابریژێن، ئینجا بیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا (٢) رەئی هەیە لە پەرلەمان وازحە رەئیەك دەڵێن، هەر راسپاردەکان مادام راسپاردرا سەرۆکایەتی یەکسەر بینێرێت بۆ حکومەت، رەئیەکیش هەیە، بەراستی خۆشم دیفاع لەو رەئیە دەکەم پێم وایە شەرعیەتێکی باشتری دەبێ، بە هێزتر دەبێ ئەگەر بیخەنە دەنگدانەوە، من پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی بەس بیخوێنێتەوە، بیخەنە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگدانی هێنا بیهێنن بۆ حکومەتەکە، وە ئەگەر دەنگیشی نەهێنا بڕیارەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕ پەیرەوێ ناوخۆی مادام بابەتەك نینە بەرنامەی کاری دا، ئەم ژی دگەڵ هندێ نینین نووکە بکەڤیتە دەنگدانێ دا، مادام مەشروعیەتێ بدەنێ بکەڤیتە بەرنامێ کاری دا عەجەلە تێدا نینە، پاشان بلا بچیتە دەنگدانێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر داوای سەرۆکایەتی حکومەت خۆی بوو کە پشتیوانی پەرلەمانی گرنگە بۆ دانوستانەکان، ئەگەر بچن بۆ بەغدا، لەبەر ئەوە عاملی زەمەن لێرە، یەعنی تەئسیری وەشە هەیە کە نەچووە بەغدا، ئەمەش پیشتوانیەکی مەعنەویە شەش خاڵە زۆر نییە راسپاردەکان شەش خالە بخوێندرێتەوەو پشتییوانیەکە ئیعلان بکرێ، کۆتایی پێ بێ، زۆریش ناخایەنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم راسپاردانە وەکو باسمان کرد کە پێشتر لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا هەبووە، واتە شتێکی تازە نییە، لە بەرنامەی کاری پەرلەمان، بەڵام سەیرکردنی وە دەنگدان لەسەری خرایەدانیشتنەکانی داهاتوو ئەوە یەك.

دوو! دوێنێ دوو لیژنەی پەرلەمانی داوایان لە ئێمە کردووە بە نووسراوێك داوای ئەوەیان لێکردووین، کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە وە لەبەر ئەوەی (٤٨) سەعات پێش ئەوە نەبوو، بۆیە راستەوخۆ یەکسەر نەخراوە بەرنامەی کار، بۆیە دەنگدانی ئێوە ئەتوانرێ جارێکی تر بهێنرێتەوە بەرنامەی کار وە دەنگیشی لەسەر بدرێ وابێت لەمە زیاتر دوا، نەکەوێت، ئەو راسپاردانە هیچ قیمەتێکی نامێنێ، چونکە دوور نییە لە ماوەیەکی نزیکا وەفدی حکومەت دوور نییە، لە ماوەیەکی نزیکا وەفدی حکومەت سەردانی بەغدا بکا، ئەو کاتەراسپاردەی پەرلەمان هەرچییەك بێت نرخێکی ئەو تۆی نابێ، بۆیە من ئێستا ئەوە ئەخەمە دەنگەوە کە ئا ئەو راسپاردانەی ئێستا بخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێ یان نا ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئێستا بخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێ؟ (٣٩) کەس لەگەڵیەتی،. کێدژیەتی؟ (١٦) کەس دژیەتی، بۆیە ئێستا دەخوێندرێتەوەو ئەو کات دوای خوێندنەوەی، وەکو راسپاردە ئەیخەینە دەنگەوە کاك دڵشاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو پێشنیارانە، ئەگەر ئەمرۆ ببنە بڕیار دڵنیام لەوەی کە حکومەت ناتوانێ جێبەجێی بکات .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێتە بڕیار ئەبێتە راسپاردە.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی راسپاردە دروستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە سەرۆکایەتی ئەو دوو لیژنەیە دەکەین کە راسپاردەکانیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە فەرموون ئێوە ئەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی، فەرموون، دەستان خۆشبێ، کاك د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێسشنارەکەم جەنابی (د. عزت) لەبری هەردوو لیژنەکە شەش خاڵەکە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە پێشنیاری هەردوو لیژنەی پیشەسازی و ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان و دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەر هێنان، بۆ وەفدی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١- هەوڵبدرێت سەرجەمی ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتی گرفتەکانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێراقدا هاتبوو، کە لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانەوە ئامادە کرابوو جێبەجێ بکرێت، ئەگەر نا پەنا بۆ ئەو خاڵانەی لای خوارەوە ببرێت.

١- هەرێمی کوردستان داوای لە (١٧٪) بەشە بودجەی عێراق بکات واتە (١٧٪) راستەقینە، پێش دەرهێنان و لێدەرکردنی خەرجی سەروەری و حاکیمە.

٢- هەرێمی کوردستان سەرجەمی نەوتی بەرهەم هاتووی، جگە لەوەی کە بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردێت، لە ڕێگای بۆڕیەوە بیفرۆشێت و کۆنترۆڵ لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت و حکومەتی ناوەندی ئاگاداری پرۆسەکە بێت، واتە حکومەتی ناوەندی ئاگاداری بڕی بەرهەم هاتوو، بڕی فرۆشراو، نرخی فرۆشراوی نەوتی هەرێمی کوردستان بێت.

٣- لە ماوەی دوو هەفتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازار کردنی نەوت پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات.

٢- ئەگەر راسپاردەکانی پەرلەمان سەری نەگرت، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١٣) بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی هەرێم و دابین کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ نەوتی هەرێمی کوردستان بفرۆشێت و بوودجەی هەرێمی کوردستانی پێ دابین بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راسپاردەکان خوێندرانەوە، کێ لەگەڵ راسپاردەکانە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دوو پرۆژەکە هاتووە ئەوەی پێشنیار کراوە، پرۆژەکان هاتوون .

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕ کردنی نەوت پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، ئەمە جیاوازە لە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت ئەم پرۆژە یاسایە جیاوازە لە پرۆژەکانی تر ئەوانەی کە هاتووە جیاوازن لەمە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کەو هاتووە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت، کێ لەگەڵ راسپاردەکانە ئەوەی کە خوێندرایەوە؟ (٥١) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی پێهات سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)ی**

**چوار شەممە رێکەوتی ٣\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣

كاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٤)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: دەنگدان لەسەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی كۆمسیاران، بەپێی حوكمی خاڵی یەكی بڕگەی یەكەم لەماددەی (٥)ی یاسای كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.

دووەم: گفتوگۆكردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن، لەمافەكانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەهەرێمی كوردستان، بەتایبەت كەیسی ئافرەتانی شنگال، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو.

سێیەم: خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢.

١- پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستان- عێراق.
٢- پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی كارمەندانی كاروباری مین لەهەرێمی كوردستان – عێراق
٣- پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو.
٤- پڕۆژە بڕیاری قەدەغەكردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەكانی شەڕ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، ، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی، رۆژی دانیشتن ١٢/٣/ ٢٠١٤، بەرنامەی كار: پشت بەستن بە حوكمی بڕگەی (یەك) لە

ماددەی (٢٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە(١٤)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٠/٣٠) پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمسیاران، بەپێی حوکمی خاڵی یەکی بڕگەی یەکەم لەماددەی (٥)ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤.

دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن، لەمافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەت کەیسی ئافرەتانی شنگال، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢.

٥- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.
٦- پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لەهەرێمی کوردستان – عێراق
٧- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
٨- پرۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێش ئەوەی دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەین، ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی کەمئەندامانە، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەسەرجەم کەمئەندامانی هەرێمی کوردستان دەکەین، هیوادارین ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان بتوانین لەڕێگەی ئەو پرۆژە یاسایانەوە کە ئێستا لەبەردەستماندایە، وە لەڕێگای بەدواداچوونی ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانەوە، بۆ ئەو یاسایانەی کە پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون لەم بوارە، بەدواداچوونی جدی بۆ دۆخی کەمئەندامان لەهەرێمی کوردستان، هەوڵی ئاوڕدانەوەی جدی تر بدەین لەژیانی کەم ئەندامان، بەتایبەتی کەمئەندامانی هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆریان بەهۆی شۆڕشی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان کەمئەندام بوون، هەندێکیان شەهیدی زیندوون، هەندێکیشیان بەهۆی دۆخی نادیاری هەرێمی کوردستان و ئەو پاشماوانەی جەنگ کە لەهەرێمی کوردستان بەجێ ماون هەم لەڕووی تەقەمەنی هەم لەڕووی مینەوە، بەشێك لە جەستەی خۆیان بەخشیوە بەکوردستان بۆیە ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دووپاتی دەکەینەوە کە ئەوەی لە تواناماندا هەبێت، چ لەڕووی یاساکارییەوە، چ لەڕووی چاودێرییەوە کەمتەرخەم نابین لە بەدواداچوونی باشکردنی ژیان و گوزەرانیان، لێرەوە بەناوی ئێوەوە جارێکی تر پیرۆزباییان لێ دەکەین، بەڕاستیش هاوسۆزی خۆمانیان بۆ

دەردەبڕین، بەهۆی ئەوەی کە لەماوەی ڕابردوو بەهۆی ئەو دۆخە ئابورییە خراپەی کە لەهەرێمی کوردستان هەبوو ژیانی ئەوان لەچاو ژیانی هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا خراپتر بوو، بۆیە هیواداربن بتوانین لەداهاتوو قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکەینەوە، کە لە ئاوڕدانەوە لەژیانیان هاتۆتە کایەوە، ئێستاش داوا لەسکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی کە لەدانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٦مۆڵەت پێ دراو بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون، بەم شێوەی خوارەوەیە لەکۆبوونەوەی یەکەمدا:

١- باپیر کامەلا سلیمان. مۆڵەت

٢- پەروا علی حەمە مۆڵەت

٣- زۆزان صادق مۆڵەت

٤- جمال عثمان (جمال مۆرتکە) مۆلەت

٥- سەرکەوت سەرحەد مۆڵەت

٦- یروانت نیسان مۆڵەت

٧- فەرهاد سەنگاوی مۆڵەت

کۆبوونەوەی دووەمی هەمان ڕۆژ بەم شێوەی خوارەوەیە:

- باپیر کامەلا سلیمان. مۆڵەت

٢- پەروا علی حمە مۆڵەت

٣- زۆزان صادق مۆڵەت

٤- جمال عثمان(جمال مۆرتکە) مۆلەت

٥- سەرکەوت سەرحەد مۆڵەت

٦- یروانت نیسان مۆڵەت

٧- فەرهاد سەنگاوی مۆڵەت

٨- ادریس علی اسلام مۆڵەت

٩- انس محمد مۆڵەت

١٠- ئاری محمد هەرسین مۆڵەت

١١- ئێڤار ابراهیم مۆڵەت

١٢- سۆران عمر مۆڵەت

١٣- محمد صادق　　　　　　　　　مۆڵەت

١٤- شرين حسنى　　　　　　　　　ئامادە نەبوو

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس داوا لەبەڕێزان دەكەین ئامادە نەبووانی لیژنەكانی پەرلەمان بخوێننەوە، فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دانیشتنی هەفتانەی لیژنەكانی پەرلەمان لەبەرواری ١٢/١ و ١٢/٢ وئامادە بوو، ئامادە نەبوو بەم شێوەی خوارەوەیە:

| نـــــاوی لیژنـــــەكان | بـــــەرواری كۆبوونـــــەوە |
|---|---|
| يەكەم:- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان | ١٢/١ |
| ١- عبدالله حاجی محمود | |
| ٢- برزۆ مجيد　　　　مۆڵەت بوون | |
| ٣- محمد سعدالدين | |
| دووەم:- لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی | ١٢/١ |
| گشت ئەندامانی ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون | |
| سێیەم:- لیژنەی داكۆكیكردن لەمافەكانی ئافرەت | ١٢/١ |
| گشت ئەندامانی ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون | |
| چوارەم:- لیژنەی كاروباری یاسایی | ١٢/١ |
| ١- ڤەمان فيصل　　　　مۆڵەت بووە | |
| پێنجەم:- لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی | ١٢/١ |
| كۆبوونەوەكە دواخراوە بۆ هەفتەی ئایندە | |
| شەشەم:- لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن | ١٢/١ |
| كۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە | |
| حەوتەم:- لیژنەی مافەكانی مرۆڤ | ١٢/١ |
| ١- زۆزان صادق　　　　مۆڵەت بووە | |
| هەشتەم:- لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە | ١٢/١ |
| كۆبوونەوەكە دواخراوە بۆ هەفتەی ئایندە | |
| نۆیەم:- لیژنەی كۆمەڵگای مەدەنی | ١٢/١ |
| ١- محمد علی یاسین　　　　مۆڵەت بوو | |

٢- پەروا علی		مۆڵەت بوو

دەیەم:- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم		١٢/١

١- بیستوون فائق		مۆڵەت بوو

٢- گەشە دارا		مۆڵەت بوو

یازدەیەم:- لیژنەی ئاسەوارو خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار ١٢/١

کۆبوونەوەکەیان ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی هیچ دۆسیەیەکیان نەبووە کە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

دوازدەهەم:- لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەر		١٢/١

گشت ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون

سیازدەهەم:- لیژنەی وەرزش و لاوان		١٢/١

١- جودت جەرجیس		مۆڵەت بوو

٢- ابراهیم احمد		مۆڵەت بوو

چواردەهەم:- لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان		١٢/١

گشت ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون

پازدەهەم:- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان		١٢/١

١- هێڤا حاجی		مۆڵەت بوو

٢- مدینە ایوب		ئامادە نەبووە

شازدەهەم:- لیژنەی دەستپاکی (نەزاهە)		١٢/١

کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ هەفتەی ئایندە

حەڤدەهەم:- لیژنەی کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان		١٢/١

١- سروود سلیم		مۆڵەت بوو

٢- نەجات محمد		مۆڵەت بوو

هەژدەهەم:- کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان		١٢/٢

١- فەرهاد سەنگاوی		مۆڵەت بوو

نۆزدەهەم:- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر		١٢/٢

گشت ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون

بیستەم:- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی		١٢/٢

گشت ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان ئێستا داوا لەبەڕێزتان دەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێننەوە، فەرموو. باشە نووقتەی نیزامیمان هەیە، بەهار خان، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لەخوێندنەوەی ئامادەبوو و ئامادەنەبووی لیژنەکان ئیشکالێك هەیە، پێویستی بە چاککردن هەیە، بۆ نموونە پێشمەرگە کە ١٢/١ ئاماژەی پێدرا دواخراوە، مەسەلەکە پەیوەست نیە بە دواخستن و دوا نەخستن، بەڵکو پێشتر هەفتانە بڕیاربوو کۆبوونەوە بکرێت، بەڵام بڕیاردرا لەمەودوا بکرێت بە دوو هەفتە جارێك، بۆیە ئێمە پەیوەست بەوەی کە دوو هەفتەجارێك کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین نەك دواخستن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری پەرلەمانیش لە ١٢/١ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە ئیشارەی پێ نەدرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زولفا، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دواخستنی کۆبوونەوەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە ئێمە بڕیارماندابوو، وەزیری تەندروستی و خوێندنی باڵا بانگهێشت بکرێت، بەمەبەستی کێشەیەکی کارمەندانی تەندروستی، بەڵام وەزیری خوێندنی باڵا شەوێك پێشتر ئاگاداری کردینەوە کە ناتوانێت ئامادە بێت لەکۆبوونەوەکەدا، بۆیە ناچار بووین کە کۆبوونەوەکە دوابخەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەرکاتێك کە ئێوە کۆبوونەوەکانتان دوادەخەن تکامان وایە، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە سەرپەرشتی کاروباری لیژنەکان دەکات، ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی لەکۆنووسەکەدا ئاماژەی پێ بدات، بەڕێز دکتۆر ابراهیم، فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهيم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزيح بۆ وی بابەتی، ئەم نابينن كو هەر ليژنەيەك گازی وەزيرەكی بكەت، ئەصڵی وەزيری مەعنی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەوا تەجاوزەك سەر ليژنا مە كری، ئيديا ڤێ ئاگاداری مە گازێ دكەن وەزيری تەعليم عالی و من تەداخولا كری، ئەو ئيجتماعا نەيەتە كری، ئيستاش داخوازيا لە جەنابت دكەم، هەر كۆبوونەوەيەك بت بۆ ليژنەيەكی، ليژنەيا پەيوەنديدار بەو وەزارەتا ئاگادار بكرێت، پاشی وێ ئيجتماع بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر ابراهيم، ئەوە ليژنە خۆی بڕيار دەدات كە چ وەزيرێك بانگ دەكاتە بەردەم ليژنەكەی خۆی، تكايە لەشوێنی خۆت وەڵام مەدەرەوە، هەر ليژنەيەك ئازادە چ وەزيرێك بانگهێشت دەكات، بەڵام بوونی هەماهەنگی لەنێوان ليژنەكانی پەرلەمان لەدۆخێكی ئاوادا خراپ نييە، كارێكی باشە، خاتوو شيرين فەرمو.

**بەڕێز شيرين حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە هيچ تەجاوزەك لە سەر هيچ ليژنەيەك نەكريە، من وەك بڕياردەری ليژنەی تەندروستی و ژينگە، بانگهێشتی بەڕێز وەزيری خوێندنی باڵا بۆ ئەو بابەتە بوو، كە گرێ كرابوو بە كارمەندانی تەندروستی، خوێندنی كارمەندانی تەندروستی، خۆ وەزيريش تاپۆ نەكراوە هەر ليژنەيەك، يەعنی هەر ليژنەيەك بۆی هەيە بانگی وەزير بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی ئاوەدانكردنەوە نەك كۆبوونەوەی نەكردووە، لەسەر بڕياری جێگری سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ليژنەكە بڕياردراوە بكرێت بە دوو هەفتە جارێك، لەگەڵ ئەوەشدا حەق بوو جەدوەلەكە بگۆڕدرێت، تا هەموو جارێك ئەم گفتوگۆيە لەسەر ئەم بابەتە نەكەين، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا سكرتێری پەرلەمان پوختەيەك لەسەر دانيشتنی پێشوو، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پوختەی دانيشتنی ژمارە (١٣) لە بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٦، بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.
٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.
٣- پەسند کردنی گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ئامادە بوونی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی.
٤- پەسند کردنی راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەفدی دانوستاندنی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حکومەتی عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بڕگەی یەکەم لەبەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، کە بریتیە لەدەنگدان لەسەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمسیاران، بەپێی حوکمی مادده (١) خاڵی یەك لە ماددەی (٥)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٤، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لەدانیشتنێکی پێشوو تری پەرلەمان، بەپێی ماددەی (٥) بڕگەی (١) خاڵی (١)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤، لیژنەیەکی کاتیمان پێك هێنا بۆ پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، وە پێشکەشکردنیان بە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، لیژنەی ناوبراو جێگەی دەستخۆشیە، لەکاتی قیاسی خۆی توانیویەتی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، لە ٢٠١٤/١١/٢٦ کۆنووسێکیان ئاراستەی ئێمە کردووە، بەپێی ئەو کۆنووسە (٩)ناویان پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە بۆ ئەوەی بیخاتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، لە تەدقیق کردن دەرکەوت کە ئەو( ٩ )کەسەی پێشکەشیان کردووە ی بەپێی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان گرفتیان نییە، بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەنگ لەسەردانیان، وە( ٨) کەسیان دەست لەکارکێشانەوەی خۆشیان لە حزبە سیاسییەکان پێشکەش کردووە، ئێستا پێش ئەوەی کە دەنگدانیان لەسەر بکرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەخێرهاتنی ئەو( ٩ )پاڵێوراوەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دەکەین، بەپێی ئەو ماددەیەی کە ئاماژەمان پێکرد، ماددەی (٥) خاڵی (١) لە بڕگەی(یەکەم) پێویست دەکات ئەم بەڕێزانە، متمانەی زۆرینە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنن، بەڵام چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیانەوێت قسە بکەن، بەڕێز کاك ئاری هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٣) خاڵی (٣) لەبەرنامەی کاری پەرلەمان، من بە پێویستی دەزانم قسەی لەسەر بکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببووره كاك ئاری با بێینه سەر خاڵی سێیەم ئەوكات دەتوانیت قسەی لەسەر بكەیت، باشە، سوپاس، كاك سەعید مەسیفی، فەرموو.

**بەڕێز سعيد محمد سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی كەمئەندامانە، پیرۆزبایی لەسەرجەم كەم ئەندامانی جیهان و كەمئەندامانی كوردستان دەكەم، بەڵام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژوویان كردووە كە یاسای كەمئەندامان هەموار بكرێتەوە، تاكو ئێستا خوێندنەوەی بۆ نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوە قسەی لەسەر دەكەین، سوپاس، ئەندامێكی تریش داوای كردبوو كە قسەی لەسەر بكەین، خاتوو منیرە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەرنامەی كاردا نییە، قسە لەسەر ئەم بابەتە ناكرێت و هەركاتێك خرایە بەرنامەی كارەوە ئەوكاتە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن قسەی لەسەر بكەن، بەڕێز كاك ایدن معروف، فەرموو.

**بەڕێز ايدن معروف سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو كوتلەی توركمانی تێبینیمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، ئێمە بەگوێرەی ماددەی (٥)ی یاسایی كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان، دەبێت ئەم كۆمیسیۆنە لە (٩) ماددە پێك بێت، لەناو ئەو ماددەش باسی زامنی مافی پێكهاتەكانیش كراوە، بەتایبەتی توركمان و مەسیحی، ئێمە باش ئەوەی كە ئەو یاسایە پەسەند كرا، دیارە ئێمە بۆ كاندید وەرگرتن، كۆمیسیۆنێك تەشكیل كرا، لەم كۆمیسیۆنە (٧)ئەندام كاندید كرا، دیارە ئێمە لەوێش دیسان ڕەچاوی مافەكانی كەمینەكان نەكرا، دیار بوو ئێمە كوتلەی توركمانی و كلد و ئاشووریەكان، لەدوای زەغت كردن ئەوە بوو دوو ئەندام زیاد كرا، من وەكو توركمان نوێنەر بووم و كاك یەعقوبیش وەك برا كلد و ئاشووریەكان، ئەوە بوو ئێمە یەك كۆبوونەوە بەشداریمان كرد، ئەو پێنج لایەنەكەی تر بەتایبەتی فراكسیۆنی پارتی و یەكێتی و گۆڕان و كۆمەڵ و یەكگرتوو، ئەم برا بەڕێزانە دیارە (٥) تا (٦) كۆبوونەوەیان كردبوو، ئیتیفاقێك كرابوو بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین، ئێستا ئەم بەڕێزانە دیارە لەسەر ئەوە ئیتیفاق كرابوو، یەك بەڕێزمان لە فراكسیۆنی زەرد بەناوی توركمان كاندید بكرێت، ئێمە هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر ئەوە نییە، چونكە مامۆستا سیاح برای بەڕێزمانەو لەنزیكەوە دەیناسین و هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر ئەوە نییە، حەقی خۆیەتی لەو كۆمیسیۆنە بێت، لێرە مولاحەزەمان ئەوەیە كە بەبێ ئاگاداری ئێمە بووە، هیچ ئاگادار نەكراوینەتەوە، لەبەر ئەوەی لەناو ئەو كۆمیسیۆنە هیچ نوێنەرێكی توركمانی تێدا نییە، ئێمە بەو شێوەیە بەو شێوازە بەو میكانیزمە قبوڵی ناكەین، چونكە (٥) ئەندام پەرلەمانی توركمان لەناو پەرلەمانە، نوێنەرایەتی توركمان دەكات، ئەبوایە ئەو سیفیە بە ڕێگەی ئێمە بووایە، بۆیە ئێمە وەكو كوتلەی توركمانی كەوا ئیتیفاقمان

کردووە لەگەڵ برادەران، ئێمە بەشداری کۆبوونەوەکە ناکەین و هۆڵ بەجێ دێڵین، تاکو داواکارییەکەمان جێبەجێ دەبێت، داواکارییەکەشمان ئەوەیە دوو ئەندام دەبێت زیاد بکرێت، بۆ ئەم کۆمیسیۆنە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک ماجد عثمان، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی ئەم بەڕێزانە دەکەم، داوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، بەڕاستی ئێمە وەکو لیستی هەولێری تورکمانی، هەروەکو کاک ایدن ئاماژەی پێکرد، ئێمە بڕیارمان دابوو کە دوو ئەندام لە پێکهاتە تورکمانیەکان بخرێنە سەر لیژنەی وەرگرتنی سیڤیەکان، بەواژۆی هەر (٥) لایەنەکان تەبعەن، هەر پێنج لایەنەکان موتەفیق بوون و واژوویان کردبوو لە سەری کە دوو ئەندام بخرێنە سەری و فیعلەن دوو ئەندامەکە خرایە سەری، بەڵام وا دیارە بەداخەوە ئیلتزام نەکرا بەو بڕیارە و رێکەوتنە، هەر پێنج لایەنەکە لە سەر ئەوە کووك بوون کە بە بێ نوینەراتی ئێمە سی دییەکان وەربگرن، ئێمە شەش کاندیدمان هەبوو، سی دییەکانمان ئامادە بوو، بەڵام کاك ئایدن کە نوینەری ئێمە بوو لەو لیژنەیە وتی کەس بە منی نەگوتووە سی دییەکانمان پێشکەش بکەین و سی دییەکانمان وەرنەگرتووە، ئەمڕۆ، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە بەر ئەوەی کە ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن هیچێکیان نوێنەراتی تورکمان ناکەن، بۆیە ئێمە ئەگەر وا بڕوات بە راستی بایکۆتی ئەو دانیشتنە دەیکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك یعقوب گورگیس فەرموو.

**بەرێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی سەختەدا تێ دەپەرێت و ئەرکی هەموومانە کەوا شان بە شان کار بکەین بە مەبەستی پاراستنی دەستکەوتەکان مافەکانی گەلانی هەرێمی کوردستان، و پەرەپێدانی ئەزموونی دیموکراسی کەوا بووتە جێگەی رەوانینی گەلانی دونیا، بووتە نموونەیەکی جوان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کەوا لە دەست دیکتاتۆریەتدا دەناڵێنەوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ دەبینین لە پشتگیری سیاسی و سەربازی و راگەیاندنەوە ئەنجامی پێکەوە ژیان و برایەتی نەتەوەیی یە کەواتە رێگا بەرەو پێش خستن و دوا رۆژێکی پرشەنگدار، سەرەڕای بوونی کەم و کوڕی لە پەیرەوە کردنی شەراکەت و برایەتی رێگای لە پێکهاتەکانی نەتەوەیی نەگرتو بە بەشدار کردن و هەوڵدانی چالاك لە پێناو بنیات دانان و پەرەپێدان پێشاندانی وێنەیەکی جوان بۆ گەلانی دونیا، بەڵام لە بەر ململانی و بەررژەوەندی سیاسی کەس لە نێوان فراکسیۆنە گەورەکانی هەرێم هەندێك بنەمای سیاسی چەوت سەر هەڵدەدات و تەجاوز لە سەر مافەکانی پێکهاتەکانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات،

ئەمیشیان دەبێتە خاڵێکی سلبی، بێ دەنگی بەرامبەری ئاسان نییە، نموونەش دور خستنمانە وەکو پێکهاتە نەتەوەییەکان لە نوینەرایەتیمان لە کومیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێم، کەوا کورسی کلد و ئاشووری درا بە یەکێتی و کورسی تورکمانیش بۆ پارتی، ئەمیشیان دەبێتە خاوەنداریێتی قبول نەکراو سەندنی ئیرادەی راستەقینەی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا نموونەی ئیمان نەبوونە بۆ بە شەراکەتی راستەقینە و برایەتی هاوبەش، وێنەیەکی سلبی نیشانی دونیا دەدات لە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی زل هێزەکان لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئامادە بوونی ئەم هێزانە بۆ بنیات دانانی دام و دەزگای حکومی نیشتیمانی دوور لە حزبایەتی تەسك، ئێمە نارەزایی خۆمان لە سەر ئەم شێوە هەڵسەو کەوتە لە گەڵ پێکهاتەکانی نەتەوەیی دەردەبڕین و داوا لە برایانمان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بە نیشاندانی هەڵویستیان لە سەر قبول نەکردنی سەندنەوەی مافی نەتەوەکان کەوا بە پێی یاسا پارێزراوە و دەنگ نەدەن بەو کۆمسیۆنەی کەوا نوینەراتی راستەقینەی پێکهاتەکانی هەرێم ناکات، ئێمە وەك پێکهاتەکانی نەتەوەیی ئیمانمان بە پێکەوە ژیان و برایەتی زۆرە، لە ریی مێژوودا ئامادەییمان هەردەم هەبووە بۆ خۆبەخت کردن شان بە شانی برایانی کورد هەردەم لە یەك سەنگەر بووین و لە پەرلەمانیش سالەندمان یەکەم شەهیدی پەرلەمان شەهید فرەنسیس یوسف شابۆ کە لە ساڵی (١٩٩٣) شەهید کرا، بۆیە ئەمرۆش بە گشت جەماوەری گەلەکەمان و جەماوەری گەلی کورد رادەگەینین کەوا نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر سەندنەوەی مافەکانمان و بە هیچ شێوەیەك جێگای قبول نییە، بۆیە لەم دانیشتنە بەشداری ناکەین، بەشداری کردنەمان لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی داهاتوویە هەڵواسراوی بە جیدی هێڵین تا راست کردنەوەی ئەم هەنگاوە چەوتە دەرحەق مافەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز ابو کاروان فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من راستەخۆ بە بێ پێشەکی باسی بابەتەکە دەکەم، من لە سەر ناوی کۆمسیونەکەوە دەستی پێ دەکەم لە بڕی کومسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە کومسیۆنی باڵای پێنج حیزبی کوردستانی پێناسەی دەکەم، ئەمەش حەقیقەتێکە و صەد لە صەد (١٠٠٪) وایە و کەسیش ناتوانێ نکوڵی لێ بکات، من دووپاتی هەڵویستەکانی پێشووم دەکەمەوە کە لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە ئاماژەم پێدا دواتریش لە هۆڵی پەرلەماندا لە کاتی گفتۆگو کردن لە سەر پرۆژە یاساکە دیسان هەمان هەڵوێست دووبارە کردەوە کە ئەم کارە بەم شێوەیە نەکەن، بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و یاسا ناسان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و خەڵکی بێ لایەن و دڵسوزی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ئێستا ئەو راستییە تێ بگەن و بزانن گە پێش ئەوەی پرۆژە یاساکە ئامادە بکرێت ئەم پێنج فراکسیۆنە، پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کومەڵی ئیسلامی چۆن ئەم

پرۆژە یاسا ئامادە بکەن و هەر ئەو کاتەش چۆن دابەشی بکەنە سەر حیزبەکانیان و دواتریش لە سەر ئەندامەکانیان تا ئەم رادەیەی کێ سەرۆکی کومسیۆن بێت و لە پارێزگاکانیش چۆن بێت و کێ بێت، بۆیە پرسیار دەکەم ئەمە کومسیۆنی سەربەخۆیە؟ ئەم کارەتان یاساییە؟ ئەی ئێوە بەڵێنتان نەدابوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەسیستەمی حوکمڕانی بە دامەزراوەیی بکەن، کوا؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، بۆچی ئێوە داواتان لە خەڵکی کوردستان کرد کە (سی دی) پێشکەش بکەن؟ ئەم راستیەشتان دەزانی کەوا ئەکەن، ئەوە یاری کردن نییە بە هەست و سوزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان؟ کامەیان مافی مروڤ و چەمکی هاوڵاتی بوون و دیموکراسیەت کە بانگەشەتان بۆ دەکرد، خاڵێکی تر لە راپۆرتی لیژنەکەدا لە سەر پاڵێوراوان کە لە کۆی هەشت ئەندام، دوو ئەندام واژوویان نەکردووە، واتە (٢٥٪) ی ئەندامانی لیژنەکە ڕەتیان کردۆتەوە، لە کاتێکدا ئەو دوو ئەندامە واژوویان نەکردووە لە نەتەوە و پێکهاتەکانن ئەویش دوو ئەندامی پەرلەمانی تورکمان و کلد و ئاشوورین ئەرێ بۆچی ئەو ناو بانگەی هەرێمی کوردستانتان لەکەدار دەکەن؟ کە لەم هەرێمە وا باس کراوە مافی نەتەوە و پێکهاتەکان زامن کراوە و هەمووشمان شانازیمان پێوە دەکرد، ئەرێ بۆچی نەتان توانی (سی دی) پێنج کەسی تر وەرگرن؟ تەنها پێنج کەس، بەداخەوە ئەو جورئەتە نەبوو لە بەر ئەوەی دەتانزانی کۆمەڵێك پەرلەمانتاری دڵسوز و ئازا و پشت بەستوو بە دڵسوزییان بۆ سیستەمی حوکمڕانی بە لای کەمەوە بەشێکیان دەنگ بە پاڵێوراوی حیزبی نادەن، هەر بۆیە داوام وایە لە پەرلەمانتارانی دڵسوز دەنگ نەدەن بەم پاڵێوراوانە، قسەم لە سەر توانایی و شارەزاییان نییە، بەڵکو قسەم لە سەر ئاراستەی حزبی کردنی ئەم دەزگاییەیە، بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی باڵا دەستی ئەم فراکسیۆنانە کاری نادروستی بەم شێوەیە نەکەن، چونکە نای شارمەوە ئەمە دەبێتە خاڵێکی رەش بە نێو چاوانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها داوا دەکەم لە کاتی پەسەند کردنی دا سەرۆکی هەرێم واژووی نەکات و خۆی بەشدار نەکات لەم کارە ناپەسەندە بە بڕوای من، هەروەها داوا دەکەم لە چین و توێیژەکانی خەڵکی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە ئێمەمانانیش هاوکاریان دەبین بۆ رەت کردنەوەی ئەم هەنگاوە کە بە حیزبی کردنێکی دەستەیەکی گرنگی ئەم دەسەڵاتەیە، لە کوتایی دا ناتوانم قسەی لە سەر نەکەم کە لە دوای پێکهاتنی کابینەی نویێ ئەم حکومەتەوە ئاراستەیەکی خەتەرناك و نادروست پەیدا بووە لە لایەن پێنج حیزبی سیاسی لە کوردستان بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان لە کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە کاك ابو کاروان، قسەکانی خۆت لە سەر کومسیۆنەکە کرد دەستەکانت خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆیە لە دواییە دووپاتی دەكەمەوە كە ئەم ئاراستەیە نەك چارەسەری كێشە و گرفت و ناعەدالەتی و گەندەڵی و نادادپەروەری بیست وسێ (٢٣) ساڵەی رابردوو چارەسەر ناكات كە پێشتر ئیدیعا و لەوە زیاتریش موزایەدەی لە سەر دەكرا، بەڵكو كارە نەگێتیفەكان زیاتر و زیاتر دەكات بە پێچەوانەی خواست و سۆزی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان كە ساڵانێكە خەبات و قوربانی بۆ دەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، دوو نوقتەی نیزامیمان هەیە، خاتوو فەیروز نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا مێهڤانێن بەرێز دكەم، بەڵام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسە ئەكەی یان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

نوقتەی نیزامیم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی دەستوری عێراقی و پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان و یاسای بەرپەرەكان لە هەرێمی كوردستان دەبێ مافی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتوری و رەوشەنبیریەكانی پێكهاتەكان پارێزراو بێت، هەروەها لە یاسای كومسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی كوردستان دەبێ لە دەستەی باڵای كومسیۆن گەرەنتی بەشداری پێكهاتەكان بكرێت، بۆیە لە سەر ئەو بنەمایە دەمەوێ وەك جێگری سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان پاڵپشتی و پشتگیری خۆم لە سەر بنەمای پێكەوە ژیان و ئاشتی لە هەرێمی كوردستان، و جەخت كردنەوە لە سەر بنەمای مافەكانی مرۆڤ، داخوازی پێكهاتەكان دەردەبڕم و هیوادارام هەموو پەرلەمانی كوردستان لە گەڵ خواست و مافەكانیاندا بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سۆران عمر نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمرسعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتیوانی لە داخوازی پێكهاتە ئاینی و نەتەوەییەكان، بەڵام وتارەكەی بەڕێز كاك ابو كاروان كۆمەڵێك خاڵی تێدا بوو وەك پەڵەنی ڕەش بە ناوچاوانی پەرلەمان و كاری نەپەسەند هیوادارم لە پروتوكۆل بسڕێتەوە، چونكە پەڵەنی ڕەش نییە بە ناوچاوانی ئەو پەرلەمانەوە تەوافقێكی سیاسیە دەبێ شەرم نەكەین بیڵێین واقعی هەرێمی كوردستان ئەوەیە وای لێهاتووە، ئەكرێ یەك داوامان هەبێ ئەویش ئەوەیە كە وەرگرتنی (سی، دی) لە خەڵك و حیساب بۆ نەكردنی ئەوە موراجعەت بكرێتەوە بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لەو كەسانە بكرێت كە (سی دی)یەكانیان لە دەرەوەی تەوافقەكەوە بووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ابو كاروان مافی خۆیەتی كە بیروراكانی خۆی بڵێ، كاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دویف ماددا پێنج (٥) یا كومسیۆنێ ئەوا بێتە پەسەند كرن، هەموو نەتەوە نەگوتیە هەموو ئایین، نەتەوە ل كوردستانێ هاتیە كوردن، كلد و سریان ئاشورن توركمان و ئەمەنن ئەڤە ژی بێتە دەست نیشان كرن ڤێ كومسیۆنێ دا، بەس مەعەلئەسەف خو تشتەك نەهاتیە دەست نیشان كرن، ب رەئیا من روئیا ڤی پەرلەمانی روئیەكا خرابە موقابلێ موكەوناتا، و ئەز دبینم رێكەكا خراب بۆ پێكڤە ژیانێ ل ڤێ پەرلەمانێ دا ئەگەر هاتە پەسەند كرن، و ئەگەر ئەڤ پڕیارە هاتە پەسەند كرن و پەرلەمانی دەنگ بۆ دا راستی تشتەكێ دژی مافێ مرۆڤایە و دژی موكەوناتایە و داخاز دكەم ژ ئەندام پەرلەمانێن مە دەنگ نەدەنە ئەڤێ بڕیارێ، و ئەز ب رەئیا من وەكی گوتی ئەز ژی دێ تەئكید كەم دگەل ابوكاروانی ئەڤە نوقتەكا رەشە بۆ دەورا مە و خاڵا مە یا چارێ، بۆ پەلەمانێ مە ئەگەر هات و دەنگ دانێ بۆ سەرۆكاتیێ ژی بێتە پەسەند كرن، و ئەز جارەكا دی دبێژم چەوا ئەحزابێت كوردی شیان نوینەرێت خۆ بینە بەرچاڤ، حەس دكەین ئەحزابێت موكەوناتا نوینەرێت خۆ بینە بەرچاڤ نە ئەو بن، چونكە پەرلەمانی عێراقێ ژی دا وەختێ وەزارەت داینە كوردان نەگوتیە مە وەرن گوتنە كوردان ئەحزابێت خۆ بینن، و ئەز دبێژم رۆیا من (ان شا الله) ئەز یێ خەلەت ژی بم، ئەگەر هۆسا بچیت بەرەڤ موستەقبەلەكێ خرابە، پەرلەمانێ كوردستانێ روقعا وێ دێ هێتە راكرن دێ بیتە پەرلەمانێ كوردی د پاشەرۆژێ، ئەڤە ژی تشتەكێ نەجانە بۆ ئایندەیا كوردستانێ، و ل دویماهیكێ ئەز داخازا سەرۆكێ هەرێما كوردستانێ دكەم كو ڤێ پەسەند نەكەت، چونكی ئەوی ئیمانەكا تەواو ب پێكڤە ژیانێ یێ هەی، و ئەگەر پرۆژە هاتە دەست پێكرن ئەز دێ بایكوت كەم هەمی جەلەسادا وەكی دگەل برایێت مە هەمیان زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منی نبی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێرهاتنی مێوانە بەڕێزەکان دەکەین، لە راستی دا ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان نیگەرانین لە ساڵی (٢٠٠٩) کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان کە بڕیار درا پێنج (٥) کورسی بۆ کوتای تورکمان دابین بکرێت، بەڵام ئەمرۆ کە ئەم هەڵویستە لە گەڵ فراکسیۆنە تورکمانەکان دەکرێ ئەمە پێشل کردنی یاسایە و پێشل کردنی یاسای پەرلەمانی کوردستانە، ئێمەی پێکهاتەی تورکمان سەبارەت ئەم بەڕێزە کە لە لایەن پێنج (٥) فراکسیۆنی سەرەکی لە پەرلەمانی کوردستان کە هەڵبژێردراوە کە وەکو کاك سەیاح کورەچی وەکو کەسایەتییەکی بەڕێز ئێمە هیچ نیگەران نین هیچ، تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و لە هەمان کاتدا هیچ تێبینیەك نییە لە سەری، بەڵام نیگەرانی خۆمان لێرەدا حەز دەکەین روون بکەینەوە بۆ ئاستی بەڕێزتان و بۆ خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، ئێمەی تورکمان ئەم پێنج (٥) پەرلەمانتارانەی تورکمان ئەگەر دەسەڵاتی نەبی کە (سی، دی) و کاندیدی خۆی دەست نیشان بکاتن بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەکان کە دابین کردنی مافی پێکهاتەکانە و باوەڕ بە پێکەوە ژیانە ئێمە لە داهاتوودا راپرسی دەکرێتن لە هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە کە زۆربەی تورکمان تێدایە ئێمە ئەگەر پەرلەمانتاری تورکمان نەتوانین مافەکانی خۆمان لیرە بپارێزین و داواکاری لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەین پێشل کردنی ئەم مافە پێکهاتەکان رێگر بن، بۆیە وەکو فراکسیۆنی پێشکەوتووی تورکمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین پێداچوونەوە بکرێتن و هەمواری یاسای کومسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بکرێتن بۆ ئەوەی دوو بەڕێز وەکو پێکهاتەی تورکمان و پێکهاتەی کلدان و سریان و ئاشوری زیاد بکرێتن ئێمەش بە هیچ شێوەیەك رێگر نینە لەو کۆمسیۆنە، چونکە ئەم کۆمسیۆنە نوێنەری خەڵکی کوردستانە نەك نوینەری نەتەوەی کوردە و داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین رێگە نەداتە بە پێشل کردنی مافە پێکهاتەکان، چونکە پێکهاتە مافی خۆیەتی لە هەرێمی کوردستان کە وەکو تورکمان ئێمە نەتەوەی دووەمین لە هەرێمی کوردستان نەتوانین مافی خۆمان بپارێزین، بۆیە ئێمە دەنگ بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن نادەین و سەبارەت بە ئەو (٩) نۆ ئەندامە بەڕێزانە بە تایبەتی کە لە پێکهاتەی تورکمان لە لایەن ئەم پێنج (٥) فراکسیۆنە کە هەڵبژێردراوە ئێمە گومانمان هەیە، بۆیە داوا دەکەین ئەو پێشل کارانە رێگر بن وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رێگرِ بن، و لە کۆتایی دا ئەگەر هات و داوا کارییەکانمان جێ بە جێ نەکرا ئێمە موقاتەعەی جەلەسە دەکەین تا داواکاریەکانمان جێ بە جێ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو لینا فەرموو.

**بەڕێز لینا عزریا بهرام:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

نحن اعضاء برلمان أقليم كوردستان، ممثلن مكون كلد و آشوری و الارمن و التركمان، نعنى رفضنا لاسلوب و طريقة تعامل الكتل الكرديه الكبيره مع المكونات و ممثليهم هم فی البرلمان، و وضع انفسهم و اوصياء على المكونات و هذه الوصايه مرفوضه، ثانيا : انشغال الكتل الكورديه الكبيره فی برلمان الكوردستان بخلافاتهم الحزبيه و السياسيه و مصالحهم الحزبيه الضيقه و تصفيه هذه الحسابات على حساب حقوق المكونات و هذا مرفوض ايضا، عليه نطلب فی رئيس اقليم كوردستان عدم المصادقة على هذا القرار، لكونه مخالفه القانون و مجحفا بحق المكونات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر سروود سلیم فەرمووو.

**بەڕێز د. سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر چەندە ئەو بابەتە تایبەتە بە ئەندامانی کومسیۆنی باڵای هەڵبـژاردن و راپرسی کۆتایی نەهاتبوو بە تایبەتیش کە ئێمە وەك پێکهاتەکان نارازی بوون لـە شـێوازی ئیختیـار کردنـی نوێنەری ئێمە، و بە یادداشتی رەسمی ئاراستەی جـەنابتمان کـرد، جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان کـە دەبوایـە خۆت مەحالی دیفاعی بابەتەکەی بای، بەڵام بەداخەوە ناڕازی بوونی ئێمە پشت گوێ خـرا، ئیهمـالی ئێمـەت کرد، بە راستی ئێمە سیستمی وەصایای سیاسی، موصادەرەی ئیرادەی خەڵك قبولی ناکەین، و رازیش نین لـە سەر ئەم شێوازی تەعامول کردنە لە گەڵ ئێمە، داوا دەکەین بابەتی دەنگدان لـە سـەر ئـەو بابەتـە تـەئجیل بکرێ تا ئەم کێشە چارەسەر بکرێت و هەتا ئەو کاتەش ئێمە موقاتەعەی جەلەساتی پەرلەمان بە هەمووی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر سروود، من دوێنێ لە گەڵ نوێنەرانی ئێوە دانیشتووم داوام لێکردن پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن لە سەر ئەو یادداشتەی کە خۆتان ئاراستەی ئێمەتان کـردووە و ئـەو کاتـە پـرۆژە یاسـاکەتان بـە پێـی رێکارە یاساییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەخڕێتە کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە، بەڕێز دکتۆر جوان فەرمووو، باشە دیارە قسەت نییە دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەیتم، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە نیسبەت بەس روونکردنەوەك بوو لە گەڵ کەم ئەندامان ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە ئە م بابەتە، دکتۆرە جوان تکایە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو بابەتە بکەینەوە لەئەصلّی دانیشتنی ئەمڕۆمان بەتایبەتی بڕگەی یەکەم لادەدەین، نوقتەی نیزامی؟، فەرموو.

**بەڕێز بێگەر دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ڕۆشناییی قسەکانی جەنابت کە ئێستا باست کرد، لە ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا پێکهات بوو، پێویستە تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە دوێنێ لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانەوە بە حزوری جەنابیشتەوە، بە سەرۆکایەتی پەرلەمان قسە کراوە، من داوا دەکەم بۆ ماوەیەکی یەك سەعات ئەو دانیشتنە تەئجیل بکرێت، بەزووترین کات کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ با قسەکان تەواو ببێ، خاتو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەردەوام ئەو هەمی دەزانین کوردستان ژ (١٩٩١) ێ پشتی سەرهلّدانا پیروز نموونەیەك بوو جهێ پێکڤە ژیانێ ل کوردستانێ، بەلّام بەداخەوە ئەڤ رێکەفتنە، ئەڤ هەر پێنج حزبێت زۆرینە و بەردەوام کۆمبوون ل گەل وان پێنج حیزبێن زۆرینە هەمی نە بەس ئەڤە یەعنی، هەمی کار دهێتە کرن بە ژمارەی کورسیکان نە بە نەوعیەت یەعنی، پێکڤە ژیان هەمی نەتەوەیە ل کوردستانێ، بەس ئەڤ دەورە ئەڤ خولا هەنێ دیارە بە عەکسەوە پێ دەچێت ئەڤە ژی خەتەرە بۆ وەکو کوردستان ئەم دبێژین، ئەڤ پێنج حیزبە نزانم بۆچی ماف هەیە بۆ هەمی حزبێت کوردستانی نوینەرێن خۆ دانن ل کومسیۆنێ بۆچی بۆ کلد و ئاشور و تورکمان حەقێ وان نینە، ماف نینە بۆ نوینەرێ خۆ، دیارە ڤێرێ ئەز پرسیار دکەم ئەم نوینەرێت کینە ل ڤێرێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەحیدە خان تکایە کەمێك بوەستە تا ئەندامانی پەرلەمان بێ دەنگ دەبن، ناکرێت ئەندامێکی پەرلەمان قسە دەکات ئێوە قسە بکەن لەجێی خۆتان، فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار ل ڤێرێ یە سەرۆکێ پەرلەمانی، بێژم ئەڤ ئەحزابە هەمی حەق هەبین، ماف هەبین نوینەرێن خو دانن ل کومسیۆنێ، بۆچی پێکهاتە حەق نینن ئەڤ مافە نەدانە مە؟ هوسایە ئەم رەفز دکەین وەکی برادەرا ژی گوتی ئەم ئەبەد قەبیل ناکەین ئەڤ ئینسانە بەسەر مە بێتە فەرزکرن، پرسیارەك دی، نزانم مەترسی

چییه پێکهاته تەمسیل بکەن ژ ڤێ کومسیۆنێ؟ وە دیارە تشتەکێ ل ڤێرێ ڤێجا ئەڤە ژی وەکی دبێژن (المعنى فى قلب الشاعر) بلا ئەو دزانن وەڵام بدەن بۆ ڤێ چەندێ، ئەڤ مەترسییە چییە؟ سەرۆك مەجالی بدە من، دەعوا جەنابێ سەرۆکێ هەرێمێ ئەم یێن دکەین، پەسەند نەکەت، ئیمزا نەکەت، دیارە جەنابێ سەرۆکێ هەرێمێ بتنێ مافێ پێکهاتە پاراستیە حەتا نووکە، نووکە ژی ئەم دەعوای ل جەنابێ وی دکەین ئەڤ مافە بۆ مە بهێتە پاراستن و ئیمزای ل سەر ڤێ چەندێ نەکەت و ئەڤ رەفتارە هاتە کرن ژ لایێ هەر پێنج حیزبا دژی یاسای کومسیۆنە، نزانم لیژنە یاسایی چەوا موافقە کریە بۆ هەمی تشتان حازرە، لیژنا یاسایی بۆ ڤێ چەندێ نەحازر بوو، بۆچی ئەڤ تشتە دژی پێکڤە ژیانێ یە؟ کا دیموکراتییەت سەرۆك پەرلەمان؟ ئەڤ پەرلەمانە وەکو برادەرا گوتی بلا پەرلەمانێ کوردیە نە کوردستانیە، ئەڤ خولە بلا بێتە تەسبیت کرن بلا خەڵکی کوردستانێ ژی بزانن ئەڤ تشتە حەقێ مە هاتە خارن، بلا پێکهاتێن کوردستانێ ژی بزانن حەق نەماینە ل ڤێ کوردستانێ هەروەکی ب شکلەکێ غێر موباشر بێژنە مە جانتا خو راکەن و دەرکەڤن ژ کوردستانێ، جهێ وە نینە ل کوردستانێ، ئەڤ ئیعلامە بۆ هەمی قونسولیاتا وەختێ سەرەدانا پەرلەمانی دهێتە کرن هەمی وەکە ئیعلامە، بەس یێن دبێژن مافێ پێکهاتا یێ هاتیە پاراستن، ئەم قەبیل ناکەین، ئەم ژی بۆ رێکا خو بو ئیعلامێ ئەم یێن دبێژین ئەڤ تشتە دروست نینە ل کوردستانێ و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێ دوا ئەندامی پەرلەمانی لە پێکهاتەکان قسە بکەن، دوایی ڕوونکردنەوە لەسەر کۆی بابەتی یاسایی ئەم بابەتە باس دەکەین، دوایی ڕێ بە ئێوەش دەدەین قسەکانی خۆتان بکەن، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای یاسایەکە بکەین، بەگوێرەی ئەو نۆ ئەندامە لە یاساکە، لە تەعریفەکە نووسرایە دوو ئەندامی یاسایی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان، ئەگەر بنووسرابا (٢) ئەندام لە پێکهاتەکان دەکرا حزبە کوردستانییەکان لە پێکهاتەکان (٢) ئەندام با، بەڵام نووسرایە (٢) ئەندام یاسایی و، نوێنەرایەتی پێکهاتەکان یەعنی لێرە پێویستە ئالیەت هەبێتن، بۆ تەشخیس کردنی ئەو نوێنەرە، پەرلەمانی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆش بڕیارە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە ڕێگای پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئەو چەترە بێتن کە هەموو پێکهاتەکان چ کێشەیەکیان هەبێتن بۆ چارەسەر بکرێتن، ئەگەر تەماشای دۆخەکە بکەین دەبینین هەر چین و توێژێك، هەر لایەنێك کە کێشەیەکی دەبێتن ڕوو لە پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەڵام ئەگەر لە بن چەتری پەرلەمانی کوردستان مافی پێکهاتەیەك پێشێڵ بکرێتن، ڕوو لەکوێ بکاتن؟، ئەگەر لە باڵاترین دەسەڵات، لەبن ئەو چەترەی کە هەموو نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی لێیە وا بکرێتن، شتێکی تر حەزدەکەم بڵێم ئەگەر تەوافوقی سیاسی لەنێوان (٥) لایەنە سیاسییەکان، کە واقعێکی کوردستانە، ئایا تورکمان و مەسیحییەکانیش واقیع نین لە هەرێمی کوردستان، نابێ ئەوانیش لەم واقیعەدا

دابن، بۆیە ئێمە پشتگیری ئە و برادەرانە دەکەین، وەکو ئێمەش لە دانیشتنێك دانانیشین ئەگەر مافی نەتەوەکەمان تێدا پێشێلْ بکرێتن، ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەو کەسە نییە، لەسەر ئەو بەڕێزە نییە کە بەناوی تورکمان لێرە کاندید کراوە، بەلاَم تێبینمان لە شێوازی دەستنیشان کردنی نوێنەرانی تورکمان و مەسیحییەکان هەیە ، لەگەلْ ڕێزماندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ماددەی پێنجەم، بڕگەی یەکەم خالْی یەك، کە دەلْێت ئەنجومەنی کۆمسیاران لە (٩) ئەندام پێك دێت، کە لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەلْدەبژێردرێن، دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکی دەهێنێت، پێشنیار دەکرێن، بە مەرجێك (٢) ئەندامی ئەنجومەن بەلایەنی کەمەوە یاساناس بن، هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێت و ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (٥) سالْی ڕۆژمێریە، ئەوەی کە کراوە لەو بوارەیە هیچ کارێکی نایاسایی تێدا نەکراوە، من سەرەڕای ئەوەی کە هەموومان دەرك بە نیگەرانی بەشێکتان دەکەین، کە پێتان وایە پێویست دەکات نوێنەری حزبەکانی ئێوە ئەندام بوونایە لە ئەنجومەنی کۆمسیاران، بەلاَم بەپێی یاساکە نەهاتووە کە نوێنەری پێکهاتەکان کێ دیاری دەکات، یان نوێنەری هەموو ئەندامەکە کێ دیاری دەکات، تکایە من قسەی یاسایی دەکەم لێرە، پەیوەندیم بەو خیلافانەوە نییە کە لەناو پەرلەماندا دروست دەبێ، هەروەکو چۆن نەهاتووە (٩) ئەندامەکەی تریش چ حزبێك تەرشیحیان دەکات، وتراوە لە دەقە یاساییەکە هاتووە کە لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست دەکرێت، ئەو لیژنە پەرلەمانییە(٩) کەس تەرشیح دەکات، بەلاَم ئەو (٩) کەسە پێویست دەکات یاساناسی تێدابێ، ٢ یاساناسی تێدابێ کە تیایەتی، ئەو مورەشەحانەی لەلایەن لیژنەکەوە پێشکەش کراوە (٢) یاساناسی تێدایە، داواکراوە کە نوێنەرایەتی ئافرەتانی تێدابێ، کە دیسانەوە تێیدایە لەو (٩) کەسەی کە تەرشیح کراون نوێنەرایەتی ئافرەتانیشی تێدایە، داواکراوە کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی زامن بکرێت، دیسانەوە (٢) نوێنەر لە پێکهاتەکان لەو سیڤیانەیە کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەیە، بۆیە پرۆسەکە بە تەواوەتی بەپێی یاساکە ڕۆیشتیتە پێش، ئەو پێشنیارەشی ئێوە بە یاداشتێك ئاراستەی ئێمەتان کردووە، داوای ئەوەتان کرد بوو کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران زیاد بکرێت بۆ (١١) کەس، بۆئەوەی نوێنەری ئێوەش زیاد بکرێت، بەپێی یاساکەی ئێستا لەبەردەستماندا هەیە ئەمەی ئێستا مەیسەر نییە، پێویست دەکات ئەمڕۆ دوا ڕۆژە کە خۆمان دامان ناوە لەکاتی پەسەندکردنی ئەو یاسایە، خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارمان داوە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا ئەنجومەنی کۆمسیاران پێك بهێندرێت، ئەگەر ئێوە داوایەکی ترتان هەیە پێم وتن بە نوێنەرانی ئێوەمان وت، وتمان پێویست دەکات لەچوارچێوەی پرۆژە یاسایەك کە پێشکەش بکرێت بۆ هەمواری ئەو پرۆژە یاسایەی ئێستا، ئەوکات دەخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو، لە پەرلەمان یەك لادەکرێتەوە، فەرموو دکتۆر شوان.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەلاَدزەیی):**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عیراق (١٨) پارێزگا (٧) ئەندامی هەیە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بۆ بەرژەوەندی حزبەکانە ئەو کۆمسیۆنە پێکهێنراوە، باشە بۆچی (٥) نەبوو؟ بۆچی (٧) نەبوو ئەوکاتە لەوانەیە گلەیش نەکرابایە، ئینجا کە بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان دەخوازرێت، ئایا ئەوانە نوێنەری پێکهاتەکان نین، لە دەرەوە یان لەناوەوە بپرسی ئێستا ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، ئەو تورکمانانەی کەلێرەن ئەوانەن نوێنەری تورکمانەکان، کریستیانەکانیش بە هەمان شێوە ، دەبێ نوێنەری ئەوانە لەناو کۆمسیۆنەکەی دابێ نەك بەشێوازێکی (قالبێکی ) حزبی بۆی دیاری بکرێ کە ئەوە بە کۆیلە کردنی ئیرادەی ئەوانە، ئەو دەستەیەش ڕاستەوخۆ سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابت بەرپرسی یەکەمی لە هەر خەلەلێك، لە هەر زوڵم و ستەمێك لەو  یاسایە هات بێت، کە ئەم یاسای یەکەمجارە پێویستە خەڵکی کوردستان پێی دڵخۆش بووایە نەك ئێستا وەکو باسیان کرد بەشێوازێکی زۆر حزبی بەرتەسك پێکهێنراوە، تەنانەت ڕاوێژ بەوانی تر نەکراوە، خاڵێکی تر لە کۆی (١٩) لیژنەی پەرلەمانیش بەهەمان شێوە دابەش کراوە، هەر بەپێی زۆرینە دابەشکرایە، ئێستا ئەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی زۆرینەو کەمینە، دەبوو لەو خوولەی چوارەم نەبووایە، چونکە ئێوە خۆتان لە خولی سێیەم دەتانوت پرسە نیشتمانییەکان نابێ بەحزبی بکرێن، بەڵام بەڕاستی ئێستا بەحزبی کراون و، بەهیچ شێوەیەکیش ئێمە لەگەڵێ دانین، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ئاگادار دەکەینەوە، خەڵکی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان پرسێکی نیشتمانی چوارچێوەکەی بچووك کردەوە لە چوارچێوەیەکی حزبیدا، ئێستا چۆن دەڵێین پێکەوە ژیان، یەکتر قبوڵ کردن لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، بەڵام کریستیانەکان زۆربن یان کەم بن چۆن هاتوونە پەرلەمان دەنگیان کەم بێ یان زۆربێ، ئەوانە نوێنەری خەڵکی کریستیانن، نوێنەری خەڵکی تورکمانن، بەڵام ئێوە حیسابتان بۆ نەکردوون، لەبەرئەوە پێویستە ئیعادە نەزەر لەو بوارە بکرێتەوە، ئەگەر نەکرێتەوە پەرلەمان خۆی بەرپرسیارە لەوەی کەوا پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵ کردن لە کوردستاندا بەرەو حاڵەتێکی مەترسیدار دەڕوات و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستیدا ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو ئەوەندە ناخۆشیمان بینیوە، دەبێ ئێوە یەکەم کەس بین قبوڵ نەکەن لە کۆمەڵگاکەماندا، خەڵکی تر کە خۆیان بەکەمینە دەزانن لە کوردستان پەراوێز بخرێن، هەر بۆیەش پەرلەمان، پەرلەمانی کوردی نییە، حکومەت، حکومەتی کوردی نییە، سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی کوردی نییە، بەڵکو کوردستانییە، وێڕای (١٠٠٪ ) دەستخۆشی و پشتیوانیم لە دکتۆر سروود، کاك ئایدن، کاك یعقوب، منی خان، وەحیدە خان، دەمەوێ پرسیارێك بکەم، ئەگەر ئێمە عەجەبە لە هەولێر بتوانین مسۆگەرکردنی پێکەوەژیانێك بکەین لەگەڵ ئەو کەمینە خوشك و برایانەمان کە تورکمان و مەسیحین، عەجەبە چۆن ئەمانەوێ ئەوە لە کەرکووك بکەین؟، کەواتە هەموو پرۆسەکە نیشانەی پرسیاری لەسەرە، بە تەئکید من هیچ مولاحەزەیەکم نییە لەسەر ئەو خوشك و برایە بەڕێزانەی کە لێرە تەشریفیان هێناوە، بۆئەوەی ئەمڕۆ کاندید ببن و دەنگیان پێ بدرێت، بە شەخسیش نە دەیانناسم، نە مولاحەزەم هەیە لەسەریان، بەلاّم پێم وایە ئەگەر هاتو ئێمە نەتوانین لە هەولێردا ئالیەت بدۆزینەوە، ئالیەتی سیاسی مەعقول بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەبێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەبیر خۆمان بەرینەوە، بۆ ئەو کەسەی کە شارەزای تێکەڵەی کۆمەلاّیەتی ئەو ناوچانە بێ زۆرباش دەزانێ، کە خوشك و برا تورکمان و مەسیحییەکان و ئاشوور و کلدان و ئەوانە بەگشتی دەڵێم بەشێکی فاکتەرێکی زۆر زۆر سەرەکین، بۆ مسۆگەرکردنی پێکەوەژیان و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، من پرسیارێکشم هەیە لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئیجازە هەیە؟ جەنابت فەرمووت لە قانونەکەدا نەهاتووە، یەعنی دروستە قانونەکە، بەلاّم منیش پرسیارێکم هەبوو باشە لە قانونەکە هاتووە (٥) حزب لەنێوان خۆیان رێك بکەون بە تەوافوق و هەمووی تەقسیم بکەن، ئەو بۆچوونەی من بە تەئکید بە پێچەوانەی بۆچوونی فراکسیۆنەکەمە، لەوانەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی حزبەکەشم بێت، بەلاّم ئێمە خەڵکی کوردستان هەڵبژاردووین، کە لە حەق و (سراط المستقیم) دیموکراسی و ، حەقی خەڵکی کوردستان دەدەین، من داوا لە بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئالیاتی دروست بدۆزنەوە، بۆ پێداچوونەوە بەم قەزیەو بەم پرۆسەیە لەگەڵ ڕێزم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری ئێوە دەتوانن خۆتان هەریەکە لە دیوە سیاسییەکەوە تەماشای بکەن، ئێوە لە دیوە یاساییەکەوە تەماشای دەکەن، ئەوەی لەبەردەممان دا هەیە، کارێکی یاساییە بەشێوەیەکی زۆر ئسوڵی ئەنجامدراوە، لەڕووی یاساییەوە من بەڕاستیش وەکو باسم کرد لە دەسپێك، دەبێت دەستخۆشی لەو لیژنەیە بکەین، کە لەو فەترە کەمە توانیان ناوی ئەندامانی کۆمسیاران بەشێوە یاساییەکەی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەین، هەرلەکەیەکی یاسایی لەو پێشکەش کردنە هەبووایە بەدڵنیاییەوە ئێمە ڕاستمان دەکردەوە، بەلاّم ئەو ماددەیە، ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم، خاڵی یەك جێبەجێ کراوە ئێستا لەبەردەستمان دایە، هەرکەسێکیش تەعنی لێی هەیە دەتوانێ ببینێ سەرجەم ئەو ڕێ و شوێنانە گیراوەتەبەر، ببینن، کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕێگای بەڕێزتەوە حەزدەکەم پرسیارێك ئاراستەی ئەو لیژنە پەرلەمانییە بکەم، کە لە ئەندامانی پەرلەمان پێکهات بۆ دیاریکردنی ئەو بەڕێزانە، ئێمە دەزانین دوو بەڕێز لەو بەڕێزانە کە ئێستا سیڤییەکانیان لەبەردەستی ئێمەیەو بەڕێزیان دانیشتوون سەر بە پێکهاتەکانن، جەنابیشت لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا باسی ئەوەت کرد کە تەواوی ئەندامان ئیستیقالەیان لە حزبە سیاسییەکانی خۆیان کردووە، کەواتە ئەم بەڕێزانە هەموویان لەڕووی سیاسییەوە بێ لایەنن، ئەو ناوەشی کە لەبەردەستی ئێمەیە دوو بەڕێزن سەر بەپێکهاتە جیاوازەکانن، واتە ئینتیمای حزبیان نەماوە، بەڵام لەڕووی پێکهاتەییەوە سەر بە پێکهاتەی جیاوازی تورکمانی و مەسیحین، دەکرێت لیژنە بەڕێزەکە بۆمان ڕوون بکەنەوە، ئەو دوو بەڕێزەی کە پێکهاتەکان بایکۆتی دانیشتنەکەیان کردووە، نیگەران بوون، پێم وایە نیگەرانن لەوەی کە ئەوانە سەر بە نەتەوەکەی ئەوانەوە نین؟، بەجۆرێك لە جۆرەکان پرس بە ئەوانەوە نەکراوە، لیژنەکە دەکرێت بۆمان ڕوون بکاتەوە ئە و دوو بەڕێزە لە ئەسڵ و فەسڵ دا بوو گومان لەوە هەیە کە سەر بە پێکهاتەی ئەوان دابن، یان کە ئەوان هەڵسەنگاندیان کردبێ هیچ کێشەیەك هەیە لەوەی کە ئەمانە لەو نەتەوانە نەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی کە ئێستا بڕیاری لەسەر دراوەو ئەوە لەسەری ریکەوتووین هەموومان بەیەکەوە کردوومانە، کەسمان ناکرێت لەسەر حیسابی ئەوی تر خۆمان پیاو چاك بکەین، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە هەوڵ بدەین بۆئەوەی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆمان بکاتەوە، لەسەر یەك مێز نەك خوانەخواستە مایەی پەرت کردنمان، بۆ داهاتوو هەوڵ بدەین، لێرە هەموومان بەیەکەوە دیسان چونکە هەم دیاریکردنی ئەو برا بەڕێزانەی، خوشکە بەڕێزانەی کە ئێستا دیاریکراون بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەیەکەوە کردوومانە، ئەگەر بشمانەوێ ئەو کۆدەنگییەی دروست بکەینەوە دەبێ بەیەکەوە لە ئایندەیەکی نزیك هەوڵ بدەین، زۆر ئاسایشە هەموارکردنی یاسا حاڵەیکی تەبیعییە، هەوڵ بدەین لە ڕێگای هەموارکردنی یاسا دوو خاڵ ئەنجام بدەین، یەکێکیان ئەوەیە ڕازیکردنی ئەو پێکهاتانە، ئەویش دیسان لەسەر ئەساسی پێکهاتە نەك لەسەر ئەساسی حزبی، خاڵی دووەممان ئەوەیە پێم وایە هیچ شەرمی تێدانییە یەعنی حاڵەتێکی زۆر تەبیعییە، ئەگەر ئیتیجاهەکە بەرەو ئەوەیە کە ئەو کۆمسیۆنە نوێنەرایەتی حزبە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان دەکات، کە ئەوە ئەزموونەکە لەزۆربەی وڵاتانیشدا هەیە، ئەم سەربەخۆییەی لێبکەینەوە، نوێنەرایەتی ئەو کوتلانە بکات

كە زۆرینەی پەرلەمانیان هەیە لەناو پەرلەمان، لەناو خۆیان دابەشی بكەن و، دواتر ئیشی میهەنی خۆیان بكەن، بەڵام ناكرێت بانێك و دوو هەوا بێ، كۆمیسۆنی هەڵبژاردن سەربەخۆ بێ بەناو، سیڤی لە خەڵك وەربگرێت، دواتریش بەڕاستی لێرە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان داوای لێبووردن لەو (٢٠٠) كەسە دەكەم، كە سیڤیان پێشكەش كردووە، دەشزانم سیڤییەكانیان نەخوێنراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەو نموزەجە لە زۆر وڵاتانیش هەبووە، حزبەكانیش كۆمیسیۆنیان بەپێی ژمارەی مەقعەدەكانیان دابەشكردووە، بەڵام دەبێ ئێوە لەدوای ڕازیكردنی پێكهاتەكان بەڕاستی بەوەش دابچینەوە چیتر سیڤی لە خەڵك وەرنەگرن و، چاوەڕوان بكەن دواتریش بەبێ ئەنجام سیڤییەكانیان بخوێندرێتەوە، جارێكی تر تەمەننا دەكەم ئەوەی لێرە هەیە ئەو بەڕێزانە هەموو لێی بەرپرسیارین، كەس نابێ لەسەر حیسابی كەس لێرە قسە بكەین، بەڵام دەبێ هەمووشمان بەیەكەوە پشتگیری پێكهاتەكان بكەین، بۆئەوەی ئەو پێكەوەژیانە قوڵتر بكەینەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەزم دەكرد خوشك و برایانی پێكهاتەكان لێرە مابوونایەوە لە هۆڵی پەرلەمان، چونكە بەڕاستی هەندێك شت وترا دەچێتە پرۆتۆكۆڵەوە، بۆیە پێویستە شتەكان وەك خۆی ڕوون بكرێتەوە، یەكەم شت لە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان قسە لەسەر ئەوە كرا، كە پێویستە پێكهاتەكان خۆیان لەناو خۆیان دەنگ بەخۆیان بدەن، واتە كلد و سریان و ئاشوور تەنها دەنگ دەتوانن بە خۆیان بدەن، خوشك و برا توركمانەكانیش بەخۆیان، بەڵام ئەمەیان ڕەفز بوو، وتیان خەڵكێك هەیە لەنەتەوەی كورد دەنگیان پێ دەدات، بەڵام تێناگەم ئەمڕۆ بۆچی لە پێكهاتەی خۆیان ڕەفزیان دەكەن، كەواتە وەك برای بەڕێزم كاك بێستوونیش باسی كرد ئەو برادەرانەی پێشكەش كران لە كلدان و سریان حاشا لە نەتەوەی خۆیان ناكەن و، ئەو برا بەڕێزەش حاشا لە نەتەوەی خۆی ناكات، بۆیە ناكرێت لەبەر خاڵێك كە بەرژەوەندی بێ داوا بكەی نەتەوەكانی تریش دەنگت پێ بدەن، بەڵام لە شوێنێكدا جیاواز بێ لەو بیر كردنەوەدا، حەزناكەم ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان دابەش بێ بۆ دووبەرە، بەرەیەك لەگەڵ پێكهاتەیەك و بەرەیەكی تر دژی پێكهاتەیەكانە، پێم وایە ئەوەی لەو هۆڵی پەرەلانی كوردستانە دانیشتییە هەموومان لەگەڵ پشتیوانی مافی پێكهاتەكانین، ئەو ئارامییەی لە هەرێمی كوردستان، ئەو لەخۆ گرتنەی ئاوارەكانی هەموو عیراق، لە هەموو پێكهاتە و نەتەوە جیاوازەكان شایەتە بۆ ڕوحی پێكەوە ژیانی هەموو نەتەوەكان كە بەداخەوە ئەمڕۆ قسە لەسەر ئەوە دەكرێ ئەوەی كورد لە هەرێمی كوردستان نەتەوەی كورد ئەم روحیەتەی تێدا نەبێت، ئەمڕۆ پێكهاتەكان لە حكومەت دا بەشدارن، لە دەستەی مافی مرۆڤ باڵاترین دەستەیە بوونیان هەیە، لە زۆربەی پێكهاتەكان و جومگەی ئەنجومەنی موحافەزات دا وجودیان هەیە، بەڵام ئەوەی لای من

سەیرە بیڵێم خودی ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی تەنفیزییە نەك ئەنجومەنێکی تەشریعی، واتا ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لەم یاسایەدا هەرچی پێمان دەکرێ لە ئایندەدا بۆ زیاد کردن، بۆ ڕێکخستن، بۆ زامن کردنی سەربەخۆیی ئیرادەی پێکهاتەکان، پێویستە فەراهەم بکرێ، پشتیوانی دەکەین، دواتر خودی ئەم یاسایەی هەڵبژاردنی پەرلەمانە، هەڵبژاردنی پارێزگاکانە، ئەم ئەنجومەنی کۆمسیارە ڕێنمایی بۆ دەردەکات، چونکە هیچ ڕێنماییەك پێچەوانەی ئەم خاڵە نابێ، بۆیە بەڕاستی تەواجود نەبوونی خۆیان کە لە ئێستادا بوونیان هەیە وەك تورکمان و مەسیحی، بەڵام ئەگەر لە ئەصڵیش دا تەواجودیان نەبێت، بە مانای پێشێلکاری مافیان نییە، چونکە حقوقی ئەوان لە ناو یاساکەدا جێگیر کراوە، ئاخیر خاڵ دەمەوێ وەك سەرنجێکی قانونی بیدەم، ئێمە کاتێك بە تەوافوقی هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتن کە چۆن نوێنەرایەتی پێکهاتەکان تەوزیع بکرێ لە نێوان حیزبەکان، نەك ئەوە یەکێتی دەستی بۆ بردبێ، ئەوەکەی تریش هاوڕێیانی پارتی دەستیان بۆ بردبێ، ئەوە بە تەوافوقی هەموو لایەنە سیاسییەکان بووە، ئەم کارە بۆیەش کرا، هەم بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەوانی تێدا زامن بکرێ، هەمیش لەلایەك یاساکە چونکە بە نەص هاتووە کە زەمانی کەمینەکانی تێدا بکرێ، بۆیە ئەگەر بەڕای من وەك شەخصی بیر لە هەمواری ئەم یاسایە دەکرێتەوە بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان، زەرور نییە لە ئێستادا ئەم ئەنجومەنی کۆمسیارە دەنگی پێ بدرێ، چونکە تەوزیعاتەکە بووە خۆی بۆ جێبەجێ کردنی هەموو خاڵ و بەندێکی ئەم قانون بووە، لە ئەگەری هەر هەموار کردنێك دا ئەم پێکهاتانە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بۆیە پێویستە ئەوە بە وردی دیراسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك مولاحەزەیەکم هەیە وەکو پرسیارێکە، ئەگەر ئەم دوو بەڕێزەی کە نوێنەری ئەم دوو پێکهاتەیەن، ئەگەر نوێنەری ئەوان نین، ئەی کێ دایانی ناوە؟ یەعنی کێ هەڵیبژاردوون؟ کێ هێناویانەتی بۆ ئێرە؟ بەڕاستی ئەوە جێی پرسیارە، ئەوان گلەیی ئەوە لە ئێمە دەکەن، بۆ ئێمە بچینە ژێر گلەیی ئەوانەوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان؟ بۆ پەرلەمان لێرە پیاو خەراپ بێ؟ من پرسیارەکەم لەوەیە، ئەگەر جگە لەم دوو بەڕێزە بۆ ئەو پێکهاتانە وەکو پێشنیارێك، ئیقتیراحێك، لەوانەیە حەلێکی وەسەتیش بێ، جگە لەم دوو بەڕێزەی کە خۆیان هەڵبژاردووە بۆ ئەو دوو بڵێین مەسیحییەکان یان لایەنی تورکمان، با ئەوانیش دوو کەسی تری خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام هەر بەو عەددەدەی کە ئێستا هەیە، نەك زیاد بکرێ، یەعنی ئەم چوارە بۆ دوو نەتەوە خۆیان هەڵبژێرن، لەو چوارە دووانیان هەڵبژێرین، وەکو پێشنیارێك ئەگەر لە ڕووی قانونییەوە ببێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابون معروف، فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ڕاستییەکەی من پێموایە لەم کۆڵەیە بابەتێکی یەکجار ڕیشەیی لە دژی مافی مرۆڤ کرابێ، دژی دوو کەس لەبەردەمی ئێمە، بۆ درێژەی قسەکانی بەڕێز بێستوون فائق و گۆران ئازاد، لە لیستەکەی ئێمەدا دوو بەڕێز، دوو پیاوی بەڕێز، بەڕێز (نەهرۆ سلیم حنا)، بەڕێز (سیاح کورەچی)، زۆر بە ئاشکرا لەم هۆڵەی ئێمەدا برادەرانێك هەویەی قەومی ئەوانەیان خستە ژێر پرسیارەوە، وەکو ئەوەی بەڕێز (نەهرۆ سلیم حنا) مەسیحی نییە، بەڕێز (سیاح کورەچی) تورکمان نییە، من لە چەندین دەزگا پەیوەندیم پێوە کراوە کە ئیدیعایەك هەیە وەکو ئەوە وایە کۆمسیۆنەکە نە تورکمانی تیایە، نە مەسیحی، کە ئەوە ڕاست نییە، داوا لە سەرۆکایەتی بەڕێز دەکەم فورسەت بدەنە ئەو دوو بەڕێزە بۆمان ڕوون بکەنەوە ئەرێ بە فیعلی کاك نەهرۆ مەسیحی یە یان مەسیحی نییە؟ بەڕێز سیاح کورەچی تورکمانە یان تورکمان نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بە لیژنەی تایبەت بە کاندیدکردنی ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا لە ناو هۆڵی پەرلەمان حزووریان هەیە، دوای ئەوەی کە تاوتوێی کۆی یاساکەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، کە پەسند کراوە، دوای ئەوەی کە CV کاندیدەکان هاتۆتە بەردەستی ئێمە، لە زۆربەی دانیشتنەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە ڕاگەیاندنەکانیشەوە ئەوەمان نەشاردۆتەوە کە دۆخی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا دەخوازێت بۆ گێڕانەوەی متمانە، بۆ ئەوەی ئێمە هەموومان بتوانین بە شێوازێك کار لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئایندەی هەرێمی کوردستان بکەین، کە زۆرترین متمانە ببەخشێتە هێز و لایەنە سیاسییەکان کە خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانین، ئەو کەسانەی کە کاندید دەکرێن ڕاستە پێشووتر هەر یەکەیان سەر بەلایەنێکی سیاسی دیاریکراون، بەڵام دوابەدوای ئەمرۆ کە متمانەیان پێ دەدرێ هیچیان تەعبیر لە هیچ لایەنێکی سیاسی ناکەن، کەسانی سەربەخۆن، لەسەر مەسەلەی پێکهاتەکان من پێم خۆشە ڕای خۆمان وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فراکسیۆنی یەکێتی لە ناو پەرلەمانی کوردستان بڵێم، ئێمە لەو دوو کورسییەی کە دیاریمان کردووە، یەکێك لە کورسییەکان تەرخان کراوە بۆ پێکهاتەی برایانی مەسیحی، کە بەڕێز (د. نەهرۆ)یە لێرە دانیشتووە، خۆی دەتوانێت، منیش داوا دەکەم با خۆی ڕوونکردنەوە لەسەر نەتەوەکەی خۆی بدات و لەسەر ئاینەکەی خۆی بدات، ئێمە لە ڕوانگەی باوەڕبوونی

تەواومان بە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، لە ڕابردووش دا ئەوەمان سەلماندووە، لە جومگە هەستیارەکانی سیستەمی هەرێمی کوردستان دا مافی پێکهاتەکان بە تەواوی پارێزراوە، لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا ئەوان ئێستا خاوەنی (١١) مەقعەدی پەرلەمانین، لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن مافەکانیان تەواو پارێزراوە، ئێمە وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فراکسیۆنی یەکێتیش، لە ڕوانگەی باوەڕبوونی تەواومان بە مافی پێکهاتەکان یەکێك لەو کورسییانەمان تەرخان کردووە بۆ ئەوان، ئومێد دەکەم ئەوە نەچێتە چوارچێوەی قاڵبی حیزبایەتی، نەچێتە لێکدانەوەی نەشیاو لەسەر یەکتری، ئومێد دەکەین ئەم کۆمسیۆنە بۆ ئایندە بێ لایەنانە، دوور لە هیچ بەرژەوەندییەکی حیزبی کارەکانی ئەنجام بدات لە پێناوی ئەوەی کە بتوانین هەمووومان بە متمانەوە کار بۆ دیموکراسی و بەرجەستە کردنی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان دا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عمر کۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دکەم پێداچوونەك ئاخافتنا وحیدە خانێ دا بێتە کرن، ڕاستی ڕێز بۆ سەرۆکی هەرێمێ، کو بێژیتن بەس ئەو ب تنێ مافی پێکهاتەیەت بپارێزیت، ئەڤە ئیتیهامە بۆ هەمی دەزگا و موئەسەساتی ڤی وڵاتی، ئەو پێکەوە ژیانا ڤێ وڵاتی هەی ئەز باوەڕ ناکەم لە گەلەك وڵاتەکا هەبیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێز.**

من سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی کۆی قسەکانی کاك گۆران ئازاد دەکەم کە بە قسەی واقیعی دەزانم، بەڵام جگە لەوەی کە غەدر لەو دوو برادەرە کرا، غەدر لە بەشێکی تری حیزبەکانی کوردستان کرا، بەشێکی تری ئەم حیزبانە حیزبی کوردستانین، حیزبی کوردی نین، یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، پارتی دیموکراتی کوردستانە، قیادە و خەڵکیان هەبووە ئەم حیزبانە کە لەو کەمە نەتەوە جیاوازانە بوون، ئێمە خۆمان لە فراکسیۆنی گۆڕان پەرلەمانتارمان هەیە بە نەتەوە تورکمانە، واتا هەر یەکە لە ئێمە بەشێك دەنگی حیزبەکانی تری تورکمانی و مەسیحی هێناوە، وەك چۆن ئەوان بەشێکی زۆری دەنگی هاونیشتمانیان و هاووڵاتیانی کوردستانیان گەیاندووە، بۆیە بە ڕەئی من ئیش کردن لەسەر دروست کردنی ئەم جیاوازییە لەم کاتە خزمەت بە هیچ لایەك ناکات، ئێمە لای خۆمانەوە نایشارینەوە، دوو لەو بەڕێزانە دۆست و هاوڕێ و هاوکاری ئێمە بوون لە ڕابردوودا، ئێستاش ئێمە بە بۆنەی ئەوانەوە پشتیوانی هەر حەوت ئەندامەکەی

تری کۆمسیۆن دەکەین، بەڵام لێرەشەوە دیسان داواکارین لەوان، داواکارین لە حەوت ئەندامەکەی تریش وەك خەڵکی سەربەخۆ مامەڵە بکەن، دوو/ ئەگەر هاتو ئەو حیزبە تورکمانییانە نوێنەریان تەقدیم کردایە، دەبوایە ئێستا ئیستیقالەیان لە حیزبەکانیان بکردایە، کەواتە دەبوون بە خەڵکی بێ لایەن، ئەوانەی تریش ئێستا نوێنەرایەتیان تەقدیم کردووە، بوون بە خەڵکی بێ لایەن، واتا ئێستا هەر کێ بێت بێ لایەنە، ئەگەر گرنگ ناسنامەکەیانە، کەواتە ناسنامەی هەردوولا، هەم مەسیحییەکان، هەم برا تورکمانەکانی تیایە، بۆیە هیچ ئیشکالێك نییە، هیوادارم ئەم بابەتە زەق نەکرێتەوە، گرنگ نەتیجەیە، وەك چۆن هەر یەك لە پەرلەمانتارەکان هاووڵاتی یە تەلەفۆنی بۆ دەکات بۆ کێشەیەك لێی ناپرسێتەوە مەسیحیت یان تورکمانیت یان کوردیت، بەدواداچوون بۆ کێشەی دەکات، دڵنیاین هەرواش دەبێت، هاوڕێیانمان لە کۆمسیاران و لە ئەنجومەنی کۆمسیۆن بە هەمان نەفەسەوە ئیش بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ حمه أمین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمه أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا بەشێکی زۆر لە قسەکان کرا، من بە خێرایی پشتیوانی دەکەم لەو قسانەی کاك گۆران و کاك علی حمه صالح و بەشێك لە قسەکانی کاك د. فرست صۆفی و کاك سۆران عمر و هەروەها ئەو قسانەی کاك عمر کۆچەر بە تەواوی پشتیوانی لێ دەکەم، لە ڕاستی دا ناکرێت ئێمە ئێستا جێگەیەك دروست بکەین کە هەندێك فیعلەن لەگەڵ پێکهاتەدایە، هەندێك لەگەڵیاندا نییە، واقیعێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە عیراق دا هەیە، لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، بەڕاستی من بۆ خۆم ئەوەی عیراقیش بە کۆمسیۆنی سەربەخۆ نازانم، تا چ جای ئەوەی کوردستان، بۆیە ئەوە جۆرێکە لە واقیع کە ئێستا فەرز کراوە، فەرز بووە بە سەرمان دا، هەموو لایەنکانیش بەشدارن تیایدا، ئێمە لە ڕابردووش دا، لە ئێستاش دا، لە ئایندەش دا بڕوامان ئەوەندە بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، هەتا داوا کراوە لە هاوڕێیانی ئێمە لە خولەکانی پێشووش دا لە کاتی هەمواری ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەوانەوە، جێگر دابنرێت کە لە پێکهاتەکانی تر بێت، هەتا لە ناوچە دابڕێنراوەکان دا بڕوای تەواومان بەو ماف، ئەوە منەت نییە، شتێك نییە تۆ بیبەخشیتەوە و خۆت بکەی بە خاوەنی حەق و خەڵکێکی تریش بکەی بە خاوەنی ناحەق، بۆیە لە ڕاستی دا گرنگە هەموومان مادام کۆدەنگی هەیە، ئەم کۆدەنگی یە بپارێزین، نەك بە شێوازی جیاواز ئەو کۆدەنگی یە پەرت بکەین، بۆیە منیش بە دەوری خۆم حەق بوو هەر لە سەرەتاوە بەڕاستی CV لە کەس وەرنەگیرایە، منیش بە دەوری خۆم وەکو فراکسیۆنەکەش یەعنی داوای لێبووردن دەکەین لەوانەی کە CVیان تەقدیم کردووە، لەبەر هەر هۆکارێ بووە نەچوونەتە ناو کێبڕکێوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە لەم بارەوە ئەگەر بکرێت چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ کراوە، نوێنەر ئەوەیە تۆ خۆت نوێنەرەکە هەڵبژێری نەك خەڵکێکی تر نوێنەرت بۆ دابنێ، بە تەئکید ئێمە لە ئەوە کەم ناکەینەوە کە ئەم دوو بەڕێزە بە تەئکید بە ناسنامە هەردووکیان یەکیان تورکمانە، یەکیان مەسیحینە، بەڵام لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەوان دانراوە، نوێنەر ئەوەیە لە ڕاستەقینەدا خۆیان نوێنەر دیار بکەن، ناکرێ لە جیاتی تۆ نوێنەر دیاری بکرێ، بۆیە پێکهاتەکان بە ڕەئی من لەسەر حەقن، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوە وەعدێکیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی موقاتەعەی جەلسەکان نەکرێت، ئەم پێکهاتانە لە زووترین کات دا تەعدیلیان بۆ بکرێ، دوو کەسی تر ئیزافە بکرێ، ئەم دوو بەڕێزانەی کە ئەمڕۆ دەنگیان بۆ دەدرێ دەمێننەوە وەك هەر حاڵەتێکی تر، بۆیە چارەسەرێك لەم بابەتە بکرێت، ئەگەر نا لەسەر حەقن، ئەوان نوێنەری حەقیقی تورکمان و مەسیحی لە ناو پەرلەمان هەنە، ئەوان دەبێ دەستنیشان بکەن، چۆن دەکرێ لە دەرەوەی ئەوان نوێنەر بۆ ئەوان دابنرێ؟ بۆیە ئێمە زۆرجار لە حکومەتەکانی ڕابردوودا خەڵك بۆ ئێمە دانراوە، تەمسیلی ئێمەی کردووە، ئەگەر وابێت ئەوە سابیقەیەکی زۆر خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمویست قسە بکەم، بەڵام لە بەشداری ئەو پێکهاتە بەڕێزانە کۆمەڵێ قسەیان کرد پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە، یەکەم/ ئەوان دوو نوێنەریان لە لیژنەکەدا هەبووە، ئەو لیژنەی لە یەکەم کۆبوونەوە هەتا دوایەمین کۆبوونەوە هەموو موناقەشە و گفتوگۆکان هەروەها دانیشتنەکان حزووریان هەبووە، لەبەر ئەوە ئاگاداری ڕەوشی پێکهێنانی ئەم کۆمسیۆنە و وەرگرتنی CVیەکانن، دووەم/ ئەوانەی کە ئەوان دەیپاڵێون لە داهاتوو گریمان ئەگەر دوو کەسی تر ئیزافە بکرێن، چ زەمانەت و دڵنیاییەك هەیە کە بە ئاقاری حیزبی دا نەبێ، ئەوانەش ئەندامی حیزبی نەبن؟ پارسەنگی یەکێك لەو پێنج حیزبە زیاد نەکات؟ چ زەمانەتێك هەیە دەبێ بماندەنێ، ئێمە هەموومان لەم هۆڵە یەکتر دەناسین، پلەی حیزبیمان، ئەندامە حیزبییەکانمان، وازحە، لەبەر ئەوە ناکرێ بە ناوی پێکهاتەوە ئێمە ئەم کەش و هەوایە تێك بدەین، سێهەم شت/ پێکهاتەکانی کوردستان بەڕێزەوە مافەکانیان پارێزراوە، لە پەرلەمان هەیانە، سەرۆکی دەستەیان هەیە، وەزیریان هەیە، لە هەموو فەرمانگەکانی حکومەت دا هەن، یەعنی ئەوەی کە لێرە دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بە شانازییەوە دەبێ زیاتریشیان بۆ بکەین، لەبەر ئەوە وانییە کە لە دەستەی کۆمسیۆن دا نەبن مانای ئەوەیە ئەم وڵاتە بۆتە خەرابات و ماف تیا نییە، پێکهاتە ڕێزی لێ نەگیراوە، لە عیراق کۆمسیۆن

هەیە هیچ مەسیحییەکی تیا نییە و لە کاتێك دا ژمارەی مەسیحی و ئاشوورییەکان لە پارێزگاکانی تری عیراق زیاترە لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان، دەربارەی پێکەوە ژیان و مافی پێکهاتەکان، بە هەزاران ساڵە ئەم پێکهاتانە لەو وڵاتەدا دەژین، برامان بوون لە ژیان دا، تەنانەت ئەم حیزبانەی ئێستا وجودیشیان نەبووە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە ئەم مێژووە جوانە نادیدە بگرین، گرنگ ئەوەیە ئەم کۆمسیۆنە، ئەم بەڕێزانە بە کارەکەی خۆیان هەڵسن، ئێمە هەموو حیزبەکان و حکومەتیش ئومێدەوارین پشتیوانی ئەم بەڕێزانە بکەن، بۆ ئەوەی نموونەیەکی جوان پێشان بدەن، تەنها بەم (٩) کەسە ناکرێت، بەم کۆمسیۆنە، دەبێ هەموومان هاوکارییان بین بە شێوەیەکی دوو شێیانە کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئێمە کێشەمان لەگەڵ پێکهاتەکان نییە، بەڵام ئەوانیش، من ئەخیر قسە لەسەر ئەوان دەکەم، خۆزگە لەم (٢٣) ساڵەی ڕابردوو کە لە کوردستان دا هەیە ئەوان خەڵکی کوردستانیان دڵنیا بکردایەتەوە کە خاوەنی هەڵوێستن، پاشکۆ نین، ئەوانە قسەیان هەبووە، ئەوانەیان بکردایە ئێمە دەمانتوانی لە ڕاستی دا ئەم پرسیارە زیاتر لێرە قسە لەسەر خۆیانە، دەبێ خۆیان ئەوە بکەن ئەم پێکهاتانە، ئیشکالەکە لێرەدا بووە، بۆیە من پێموایە ئەم دوو بەڕێزە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان دەکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بێمە سەر نوقتە نیزامییەکەم مادەم دەرفەتت دا لە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر قسەی یەکتر قسە بکەن، منیش قسە دەکەم لەسەر قسەی هەڤاڵەکانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەتم نەداوە کەس قسە لەسەر قسەی کەس بکات، کاك ئومێد، تکایە قسەکانی خۆت بکەی باشترە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

دەرفەتت داوە، وەڵامی یەکتر دراوە، کەس ناتوانێ پێوەر دابنێ هەڵوێست لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ، بێ هەڵوێستی لە کێندەر دایە؟ دوو پێکهاتەی گرنگی ئەو وڵاتەن، لە ئەلف تا یاو ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی پارتی باوەڕمان بە مافەکانیان هەیە، ئەگەر مافیان پێشێل بکرێ، ئەی ئازادی لە کوێدایە، ئەمڕۆ دەرفەتیان پێ نەدرێ داوای حەقی خۆیان بکەن؟ ئەو دوو پێکهاتە گرنگەی ناو پەرلەمانی کوردستان، نوێنەرایەتی ئەو دوو پێکهاتە گرنگە دەکەن، ئەوانیش هیچ تێبینییەکیان دەربارەی هەردوو بەڕێزان نییە، کە وەکو پێکهاتەی تورکمان و وەکو پێکهاتەی مەسیحی هاتوونە، دەڵێن هەڤاڵی ئێمەنە، خۆشمان دەوێن و لای ئێمە پیرۆزن، ئەوە قسەی ئەوان بوو، بەڵام بێین سەنگ دابنێین ئەم هەموو بە گومان تەماشاکردنەی دوو پێکهاتەی گرنگی ئەم وڵاتە، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دا بەشدارین لەو ڕێککەوتنە، پەشیمانیش نین، واژووشمان کردووە، ڕێککەوتنەکەمان کردووە، هەڤاڵانی ئێمە باسیان کرد،

هەمووومان تێدا بەرپرسیارین، واتا ئەو ڕێکەوتنە تێدا بەشدارین، لێی پەشیمان نین، بەڵام ئەو کاتیش ئەوەمان نەشاردەوە، چاوەڕوانی ئاوا ڕۆژێکمان دەکرد بەو شێوەیە ئەوان دەڵێن ئەوانە نوێنەری ئێمە نین، ئێمە لە فراکسیۆنەکانی خۆمان دوو پێکهاتەی گرنگ دیاریمان نەکردوون، بەڵکو بەڵێ لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە مونتەڵەقی باوەڕبوونمان بە مافی ئەو دوو پێکهاتەیە دوو کەسمان لەو دوو پێکهاتە دەستنیشان کردووە، لە یەکەم ڕۆژیشدا ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەڕاشکاوی ڕامانگەیاندووە، هەر کامێك لەو کامەی ئەو پێکهاتانە بە ئێمە بسپێرن، ئیستیعدادمان هەیە، باوەڕمان پێی هەیە کە کەسێك لەو کەسانە دیاری بکەین، بۆیە ئەو دەرفەت دانەی قسە کردن لەسەر یەکتر، بەڕێز وحیدە خان ڕەئیەك دەردەبڕێ، ئەوە بیرکردنەوەی ئەوە، نە بیرکردنەوەی حیزبێکی دیاریکراوە، چەند ئەندام پەرلەمانێك وەڵام بدەنەوە، داوای ڕوون کردنەوە بکەن، ئەو دەڵێ وە وای تێدەڕوانم، کە وای تێ دەڕوانێت، ئەو حەقەی پێ بدە، تۆش بە نەوعێکی تر تێی دەڕوانی، ئەو حەقە بە تۆش دەدرێ کە تۆ باوەڕت بەو شێوازە نەبێت، دیسان دەڵێم ئێمەش لە فراکسیۆنی پارتی دا داوای لێبووردن لە هەموو ئەو (٢٠٠) کەس، هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە CVیان پێشکەش کردووە، باس لەوە دەکرێ CVیەکانیان بە هەند وەرنەگیراوە، زۆر بەڕاشکاوانە قسەمان لەگەڵ کردوون، ئەوانەی پەیوەندییان پێمانەوە کردووە، پێمان وتن بە ئیستیحقاقی حیزبی، بە پێی ڕێککەوتنی پێنج فراکسیۆن ئێمە ئەندامانی کۆمسیۆن دیاری دەکەین و شەرممان نەکردووە، لە کۆبوونەوەشمان لەگەڵ ڕێکخراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەمان شێوە پێمان گوتونە ئێمە بەو پێوەرانە دیاری دەکەین بەڵام داوای لێبووردن دەکەین کە ئەگەر نەمانتوانییێ ئاوڕ لە CVیەکانیان بدەینەوە، ئەو لە ژێر تەعن بوونەش بەشێکین تێیدا دیسان دەڵێمەوە، هەموومانین و بەرپرسیارین، ئێمە پێنج فراکسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان ڕێك کەوتووین و ئەو کۆمسیۆنەمان ئیختیار کردووە، تاکە ئامانجیشمان بەو شێوەیەی ئەو پێنج فراکسیۆنە زۆرجار باسمان کردووە، هەر هەڵبژاردنێك، هەر ڕاپرسییەك لە هەرێمی کوردستان بکرێ تەعنی هەر یەك لەو پێنج حیزبانە کاریگەری لەسەر موعادەلەی هەڵبژاردن هەیە، لە مونتەلەقی ئەوەوە باوەڕمان بەوە هەیە قۆناغی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەو متمانەیە هەیە، کە داواکارین ئەو کۆمسیۆنە بەشێك بێ لەو متمانەیەی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان دروست بێ، کە وەك چۆن ئێستا حکومەتێکی بنکە فراوانی یەکڕیزی نیشتیمانیمان پێك هێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئێڤار نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار إبراهيم حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو من قسە دەکەم، من هەر یەك نوقتە نیزامی قسەی لەسەر دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە پرسی ژنانی شنگال پرسێکی زۆر گرنگە، ئێمە بۆ ماوەی سێ مانگە کار لەسەر ئەم مەلەفە دەکەین، زۆربەی ڕێکخراوەکان لێرەن، پێموایە ئەمڕۆ ئەم بابەتە پێم باشە بۆ بەیانی بێت، لەبەر ئەوەی دەکرێت ئێمە بە چڕ و پڕی قسە لەسەر ئەم پرسە بکەین، پێموایە ئەمڕۆ بابەتەکەی بڕگەی یەکەم درێژەی زۆر خایاند، ئەگەر بکرێت بیخەینە ڕۆژێکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بێینە سەر بڕگەی دووەم، ئەو کاتەلەو بوارەدا ڕاوێژێك دەکەین، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئیجازەم بدەن وەکو سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رابردوو بۆ ئێستا سەبارەت بە پێویستییەکانی پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ و پرۆسەکانی هەڵبژاردن و چاودێری کردنیان و پەرۆشییان بۆ ئەوەی کۆمسیۆنێك لەسەر مەعایری دەولی لە هەرێمی کوردستان دا دروست بێ، من جگە لەوەی ڕۆڵیان تەقییم دەکەم، لەبەرامبەریش دا یاداشتێکیان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوە لەبەردەستی منە، داوا دەکەن ئەم پرۆسەیە دوابخرێ، میکانیزمێکی باشتر بگیرێتە بەر و ڕێ وشوێنەکانی بەجۆرێك بێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تیایدا بەشدار بن بۆ ئەوەی هەموو ئەو متمانەیەی کە مەعایری دەولی دەگرێتەوە ئەم کۆمسیۆنە بەدوور بێ لە تەعن، من ناچمە ناو تەفاسیلی ئەو گفتوگۆیانەی کرا، تەنها یەك خاڵ دەڵێم ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆڵی پێکهاتەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان دا ناکرێ و ناشێ بە پێی مەعایری دەولی بخرێتە بەردەنگدان، لەبەرئەوە من تەنها پەیامم وەکو سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی گەیاندنی پەیامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە بۆ بەردەست پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو نووسراوەمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام بە پێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ژمارە ٤ ی ساڵی (٢٠١٤) لە ماددەی (١٩) ئێمە پابەندین بە کاتەوە، پێویست دەکات ئەم کۆمسیۆنە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیع دروست بکرێت، یاسایەکەی لە(٢٠١٤/٩/٤) بڵاوبووەتەوە، بۆیە ئەمڕۆ دوا ڕۆژە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگ لەسەر ئەم بابەتە بدەین، بۆیە ناتوانین ئەم بابەتە دوا بخەین، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی پرسیارا من ئەڤەیە، پشتی ئەڤ یاسایە دەرچووی مە ٩٠ ڕۆژ دانان بۆ ڤێ یاسایێ کو جێ بەجێ بیت، پرسیار لێرەیە، ئایا بۆ بیخە ئاخر ڕۆژ ئەڤرۆ، کە بێژین ئەڤرۆکە ئاخر ڕۆژە و لێرە حازر بی کو خێرا لەوە دکەین کو سەرکەفتی بی انشالله پشتی دەنگدانێ متمانەی وەرگرن، لێرە پرسیار ئەڤەیە، یەك، دوو بەڕێزێت ئەندامێ لیژنا یاسایی داخاز کر کو ئەڤ یاسا بێتە هەموار کرن، ئایا پەرلەمان لەو حاڵەتەی ئایا پەرلەمان لەو حاڵەتەی هێشتا ئێمە جێ بەجێ نەکریە جارەکا دی بێتە هەموار کرن، قەسدم لێرە، یان پێش وەخت ئێخستبا بەرناما کار، یان دەبین بەحسێ هەموار کرنێ ڤێ یاسایێ نەکەن، ڕاستی ئەڤە خاڵەك، دوو/ ئەز بێژم سازانا سیاسی سەر بە بابەتێ زۆر ئاسایی بی، چونکی بابەتەکە وا دەخاز، یا دشی یاسایی کە جەنابت ئاماژە پێکر شتەکی یاساییە، خاڵا سێ کو خلاف لسەرە، ئەڤەیە مەسەلا نینەرێ پێکهاتە، ڕاستی یەعنی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ وەکی گەلەك ئەنداما ئاماژە پێکرد، یەعنی هەردوو بەڕێزێ لێرە ئەکید ڤێ گاڤێ ناسناما وە دا نقیسیە، ئاشووری یان مەسیحی ئەڤ بەڕێزە کە د.نەهرۆ یانیش برایێ دیکە کە نووسیا تورکمان، ئەکید ڤێ گومانێ لسەر ڤێرە نەبیت، بەس خاڵا هەرە گرنگ ئەڤەیە کو جێ بەجێ کرنا یاسایەکی گومان کەویتە سەر ئەزموونا هەرێمی کوردستانێ، ڤێ گاڤێ بەحسێ هەندێ کر کو پەرلەمانێ کوردستانێ ئان سەرۆکایەتیا هەرێمێ یان ئەنجومەنێن وەزیران، ڕاستی ئەز دوویات کەم وەکی ڤان بەڕێزا بەحسێ کرن کو پێکڤە ژیان ل هەرێما کوردستانێ دگەل ڤان کەم نەبتەوە، چەندین ساڵە پێکڤە دەژین و ئەڤ گرفتە نەبووینە، ل ڕوویێ پراکتیکی بەر هەندێ دووبارە چێ نابیتن، چەند کەسەك ئەز بێژم گومانێ بێخنە سەر پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەگەر ئەڤ یاسایە جارەکا دی بێتە هەموار کردنەڤە لازمە یاسایا هەڵبژاردنا پەرلەمانێ کوردستانێ ژی بێتە هەموار کرن، ئەڤە کە ئەڤ پێکهاتە تەنیا پێکهاتە دەنگی خۆ بدەنە نوێنەرێ خۆ نەك خەڵکی کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ بە کورتی ئەوە بڵێم کاتێك کە یاسای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیمان گفتوگۆ کردو دەرمان چوواند، هەموومان پشتیوانی مافی کەمینەکان بووین، هەر لەبەر ڕۆشنایی بڕوابوونی ئێمەش وەکو فراکسیۆنی گۆڕان بە بنەماکانی دیموکراتی و بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و لەناو ئەوەشدا بە مافی پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینیەکان، پشتیوانیمان کرد لەوەی کە لە (٩) کەسی ئەنجومەنەکە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان بن، بێگومان ئەمە لە پەرلەمانی کوردستان هەموومان پشتیوانیمان کرد، بۆیە هەر دەنگدان لەسەر ئەوە و دەرچوواندنی ئەو یاسایە بۆ خۆی شاهیدی ئەوە دەدات کە پەرلەمانی کوردستان لە دەرچوواندنی یاسایەکەدا مافی کەمینەکانی گەرەنتی کردووە و زەمانەتی مافی کەمینەکانی کردووە، بۆیە ئەو قسانەی کە باس لە پێشێلکاری مافی کەمینەکان دەکەن پێموایە قسەیەکی ئیشکالیە و بە

بڕوای ئەو دوو بەڕێزەی کە نوێنەرایەتیان لە ئەنجومەنەکە دەکەن دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن لەوەی کە بچینە گفتوگۆ و پەیوەندیەوە لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە ناڕازین لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گەرەنتی ئەوەیان پێ بدەین کە ئەوان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکان دەکەن، لە کاتی گفتوگۆی یاسایەکەدا (٩) کەس دیاری کرا هەموومان ڕەزامەند بووین لەسەری، بۆیە هەر پێشنیارێك بۆ زیاد کردن دەبوو ئەو کاتە بکرابا، پێموایە ئەوە تێپەڕیوە و مەسەلەی ئەو داواکاریانەی کە بڕیاری ئەمڕۆی پەرلەمان تەسدیق نەکرێ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم یان هەر هینێکی ترەوە، پێموایە ئەمەش بەسەرچوو کە خودی یاسایەکە بۆ خۆی ئیمزای لەسەر کراوەو ئەو مەسەلەیە کۆتایی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی بۆ تەرشیح کردنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، سەرەتا بەخێرهاتنی خوشکی بەڕێزمان دکتۆرە و ئەو برا بەڕێزانەی دیکە دەکەم کە تەشریفیان هاتوون بۆ ئێرە، من لە جیاتی گشت پەرلەمانتاران ئەگەر قسەیەك کرابێ و شعوریان بریندار کرابێ یان ئەوەتا هەستیان بە نەفسێك کردبێ داوای لێ بوردنیان لێ دەکەین، تەبیعەتی کاری سیاسی و کاری حزبی ئاوایە، دەبێ ئینسان دڵ و دەروونی خۆی فراوان بکات و باری قورس هەڵگرتن گلەیی و گازاندە و تانە و تەشەریشی بەدواوەیە، دوو قسەی دڵسۆزانە پێش ئەوەی بێمە سەر تێبینیەکانم بۆ ئەو دکتۆرە بەڕێزە و خوشکە خۆشەویستەمان لەگەڵ ئەو چەند برا بەڕێزەی کە دانیشتوون کە ئومێدەوارین لە داهاتوویەکی نزیك ببن بە دەستەی کۆمسیارانی هەرێمی کوردستان، خاڵی یەکەم/ کەسمان گومانمان لەوە نییە کە هەر یەکێکتان سەر بە لایەنێکی سیاسین، کە دەڵێم قسەکانی خۆم دەزانم چی دەڵێم، ئەوەی کە گرنگە لای ئێمە و لای ئێوەش بەڕاستی ئێمە کە دوایی دێمە سەر تەفاسیلی نەهاتووین فێڵ لە خەڵکی کوردستان بکەین، حەقیقەت و ڕاستیەکانیان لێ بشارینەوە، ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەمان ڕاستییەکان ئاشکرا ببن و خەڵك وابزانێت کەئەنەما دوو مێشی لە دارەکیدا دۆزیونەوە، ئەوەی کە ئەرکە لەسەرشانی ئێوەی بەڕێز کە لە یاسایەکەدا هاتووە، ئێوە کاتێك کە سوێندی یاسایی دەخۆن، ئەرك و واجبە لەسەرتان کە نابێ ئیشی حزبی بکەن، کە دەبێ بێ لایەن بن، هەریەکێکتان بێ لایەنی خۆی نەپارێزێت وەکو تیمێك بە بێ لایەنی کاری خۆتان ئەنجام نەدەن، بێ بەڵێنیتان کردووە و ئەو سوێندەی کە خواردووتانە وە دەچێتە قاڵبێك کە بەڕاستی بەرپرسیاریەتی گەورە لە ئەستۆی ئێوەدایە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکان و پێکهاتەکان و نەتەوە جیاوازەکانەوە، ئەرکێکی قورسی پەرلەمانی کوردستانیشە، ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لە یاسایەکە هاتووە و لە مادەکە، یەکێك لە ماددەکانی دا هاتووە، هەر کاتێکی بۆی ڕوون بووەوە، یەکێك لەو بەڕێزانەی کە لەبەردەممان دانیشتوون کاری حزبی دەکات،

متمانەیان لێ بسەنێتەوە و خەڵکێکی دیکەیان لە جێ دابنێ، ئەوجا دێمە سەر چەند تێبینی و چەند خاڵێکم کە پێم خۆشە زۆر بەجدی هەمووومان وەری بگرین، خۆشەویستانم خوازیار بووم خوشکێکمان، برایەکمان کە موداخەلەی دەکرد باسی گرنگی پێکهێنانی ئەو کۆمیسیۆنەی کردبا بۆ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان بە قۆناغ و مەرحەلەیەکی هەستیار دا تێ دەپەڕێ، کە بەڕاستی دروست کردنی کۆمسیۆنێك لەگەڵ ئەو هەموو تێبینیانەی کە هەموو لایەك هەمانن، بەڵام دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان، قۆناغ و مەرحەلەیەك هەرێمی کوردستان دەباتە پێشەوە بە تایبەتی لەڕووی حکومڕانی و لەڕووی دەسەڵاتداری و لەڕووی هەڵبژاردنەکانەوە کە هەر یەکەمان هەزار و یەك عەلامەتی ئیستفهاممان لەسەریان بووە لەڕابردوودا بە هەموو حزبەکانەوە بەو حزبەی کە یەکەمی هێناوە و بەو حزبەی کە دەرنەچووە، دوو/ خۆشەویستانم مەسەلەی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، ئەو برایەی کە قسە دەکات لەبەردەممتان کەمترین کورسیمان هەن لەو لیژنەیەی کە پێکمان هێناوە، کە شەش کورسیمان هەن، لە بیدایەتیش زانیومە و لەبەرئەوەی کوردەواری خۆمان دەڵێ ئەو ڕیشەمان لەناو سیاسەتدا تەسبیت کردووە، دەمزانی کە ئەرکێکی قورسە کە بەرپرسیاریەتیەکە بەڕاستی پێش دونیا لە بۆ قیامەت، زۆر بە بەرپرسیارانەش شانی خۆمان داوەتەبەر و کردووشمانە، بەڵام کە کردوومانە هەموو خەڵکی کوردستان شاهیدە، هەموو کۆمەڵەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە تایبەتی ئەوانەی لەبواری هەڵبژاردن کار دەکەن و ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنانەی کە پەیوەندیان پێوە کردوون، ئێمە بەڕاستی ڕاستیەکانمان لە کاتێك دا کە لەوانەیە خەڵك نەیزانی بێ چۆنیەتی و شێوازی دروست کردنی ئەو کۆمسیۆنە بە خەڵکمان ڕاگەیاندووە، گوتوومانە کاکە ئەو کۆمسیۆنە، کۆمسیۆنێکی حزبیە، پێکمان هێناوە، ئەو پێنج حزبە سەرەکییە پێکمان هێناوە، لێتان ناشارینەوە، بەڵام وەکو برای بەڕێزم سەرۆکی پەرلەمان فەرموویەتی ئێمە لە ماددەیەك لە ماددەکانی ئەو یاسایە لامان نەداوە، لاش نادەین، ئەوجا بەڕاستی کاتێك کە واقعی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو دەگرین، ئەوەی کە واقعی کوردستانی خوێندبێتەوە، واقعی کوردستان پێویستی بە کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی وەکو ئەوەی کە ئێمە تەشکیلمان کردووە بەوە دەکات، بەڵام قسەی ڕازاوە و قسەی فابریقە و کاکە ئەوە ئاوا بێ هەموومان دەزانین ئەو قسانە بکەین، ئەو کۆمسیۆنەی کە ئێستا پێکهێنراوە داخوازی ئەو سێ حزبەی کە کاتی خۆی ئۆپۆزسیۆن بوون لەگەڵ ئەو دوو حزبەی کە لە دەسەڵات بوون، کە من پێم سەیرە ئەو کاتەی زۆرێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەسخۆشیان لێ دەکردین کە بتوانین لە هەرێمی کوردستان کۆمسیۆنێکی ئاوا دروست بکرێت، کە هەموو لایەنەکان بەلای کەمی ئەو لایەنانەی کە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان سیقە و متمانەی پێداون و نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەن لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەوانەی کە تاقە دەنگێکیشیان نەهێنابێ، چونکە ئێمە پێشێلی مافی هیچ کەسێك ناکەین لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوجا خۆشەویستانم کاتێك کە من واقعی هەرێمی کوردستانم لەبەرچاو بێت، بەڕاستی دەبێ بڕیارێکیش بدەم لە ئاستی واقعی سیاسی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکی هەرێمی کوردستانین، ناکرێ من بڕیارێك بدەم کە هەرێمی

کوردستان نەتوانێت ئەو بڕیارە قەبوڵ بکات یان ئەوەتا لە ئاستی گەیشتنی سیاسەتی هەرێمی کوردستان و پێکەوە ژیانی حزبە سیاسییەکان نەتوانرێ موعامەلەیەکی تەندروستی لەگەڵ بکرێ، ئەوجا خۆشەویستانم، من لە یەکەم دانیشتنم دا بەشێك لەو خوشك و برایانە خوازیارم کە گوێیان لێم بێ کە لێرە دانیشتوون، یەکەم دانیشتنمان لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی کە بانگمان کردن، من ئاوا بۆم باسکردن، پاش بەخێرهاتنی خوشکانی بەڕێزم، برایانی ئازیزم، ئێمە ئەو کۆمسیۆنە ئاوا دروست دەکەین، سێی بۆ برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دووی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، دووی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی، یەکی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی، کاکە دەیەوێت قسەکانی خۆمە و سەرۆکی لیژنەکە بووم هەموو خەڵك ئەو شتانە پێم خۆشە بزانێت، دوایی تەعقیب لەسەر قسەکانم بکەن هەرچی وانەبوو ئەوا لە پرۆتۆکۆڵ بیسڕنەوە، سەرۆکی پەرلەمانیش ئازادە هەرچی دەیسڕێتەوە، بەڵام گوتوومە ئێمە ئەوانەی کە چاکترین خەڵکی حزبەکانن ئەوانە دێنین، ئەوجا ئەگەر ئەمیش نەیڵێم ئەوانەی کە گوێیان لێمە دەڵێن مامۆستا ئەو قسانەت لە حزوری ئێمەدا کرد بۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئەو قسانەت نەکردەوە، خاڵێکی دیکە لەو خاڵانەی کە پێم خۆشە ئیشارەی پێی بکەم، دروست کردنی یان پێکهێنانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەنگاوی یەکەمی بنیادنانە، هیچ هەنگاوێکیش بە بێ کەموکوڕی کرچوکاڵی نابێ، ئیشی ئینسان وایە، تەماشای خولەکانی پێشوو و ڕابردوو بکەین، هەر پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش کردووە دەبینین و دەیهێنینەوە پەرلەمان و جارێکی دیکە خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێت و دەمانەوێ تەعدیلی بکەین، بۆ؟ چونکە ئیشی ئەوانە، ئەو ئیشەی ئێمە و عەقڵی ئێمە و سەلیقەی ئێمە ئەوەی خواستووە کە کۆمسیۆنێکی ئاوا پێك بێنین، وەکو گوتم کەلەگەڵ واقعی سیاسیمان دا دەگونجێت، پێم خۆش نیە زیاتری خورد بکەمەوە، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئێمە بڕیاری پێکەوە ژیان و بڕیاری ئەوەمان داوە کە حکومەتێکی شەراکەی وەتەنی پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئیسراحەت بکات، ئەوجا خاڵێکی دیکە کە من لەسەرەتاوە لێرە داوای لێ بوردن لە هەرێمی کوردستان دەکەم لەسەر سیڤیەکان، من لەسەرەتاوە کە (CV)یەکان بڵاو کرانەوە، لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی ڕادیۆی نەوا کە لێیان پرسیم گوتوومە و نەك هەر بە ناوی خۆشم، چونکە من سەرۆکی لیژنەم گوتوومە بەناوی خۆم و سەرجەم ئەو حزب و ئەو کەسانەی کە لە لیژنەکەدا داوای لێ بووردن لە خەڵکی دەکەین، هیواردارێشم ئێمە بەڕاستی ئەوە دوا قۆناغ و مەرحەلەی کارکردنمان نییە، هەنگاوی گەورەترمان لە پێشە، ئێمەش واقعێکی سیاسی وای کردبوو کە ئەو پێنج لایەنە سیاسییە بتوانن هەنگاوێکی بوێرانە کە واقعەکە وایە، من ئەوەش دەڵێم، چونکە زۆر جار پێم خۆشە ئەو خاڵەش بڵێم، زۆر جار دەڵێن مامۆستایان، برایانی لیژنە نە دەکرا دەستەی کۆمسیاران خەڵکی بێ لایەن بان؟ با دەکرێ لەکاتێك دا کە بەڕاستی ئەوانەی کە خەڵکی بێ لایەنن بتوانن سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکەن، کەسێك بتوانێ پاڵپشتیان بێ و بتوانن قەراری جەریئی بدەن، بە چاو لێ سوورکردنەوەیەك نەچنە ژێر باری ئەوەی کە نەتیجەی ئینتخاباتەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، لەبەرئەوەی بێ لایەنمان دانەناوە، لە بیدایەتی،

بەڵام ئەوانەی کە ئەمڕۆکە دەستەی کۆمسیاران هەریەکە لەگەڵ قوەتی خۆیان، قوەتی هێزێکی سیاسی دیفاعیان لێ دەکات بە لاڕێ دانەبردنی نەتیجەی هەڵبژاردنی و هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا، دەیان و سەدان شتی دیکەش هەیە پێم خۆشە بیڵێم، بەڵام ئیکتفا بەوەندە دەکەم، ئەگەر بۆ مەسەلەی موزایەداتیش وابزانم زمانێکمان پێوەیە و دەتوانین موزایەداتی باش بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوە داین من ئەو دوو نوێنەرە بەڕێزەی نوێنەری مەسیحیەکانن و نوێنەری تورکمانەکانن، بە نوێنەری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانیان دەزانم، لە یاسایەکە لامان نەداوە، هیوای سەرکەوتنیش بۆ ئەو خوشك وبرایانەمان دەخوازم کە لە کاتێکی نزیك دا انشاءالله دەبنە دەستەی کۆمسیاران، والسلام علیکم و رحمة الله وبرکاته.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا مەڕوان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکو پێشتر ڕامان گەیاند، ئەوەی کە لەبەردەستی ئێمەیە هەموو ڕێ وشوێنە یاساییەکان تەواو بووە، لە دەنگدان لەسەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، ئەو لیژنەیەی کە کارەکانی ئەنجام داوە نوێنەری فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانن، ئەوان بۆیان هەیە کاندیدی فراکسیۆنەکانی خۆیان کاندید بکەن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران و لە یاسایەکە هیچ ڕێگریەك نییە، بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بە پێی یاسایەکەی کە لەبەردەستمانە، پێویست دەکات لەو ڕۆژەی کە دەنگیان لەسەر دەدرێ، ئەندام نەبن لەهیچ پارتێکی سیاسی، بۆیە من دەمەوێ ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە دەست لە کارکێشانەوەی هەشت ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە پارتە سیاسییەکان ئێستا لەبەردەستی ئێمەیە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاك هندرێن پێشتر خۆی ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بووە، کە بە پێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقیش نابێ هیچ ئەندامێکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەندامی هیچ حزبێك بێ، کەواتە ئەو ئەولاترە کە ئەندامی هیچ حزبێك نییە، ڕێ وشوێنە یاساییەکان تەواو بوون، لیژنە دروست کراوە بۆ تەرشیح کردنیان، لیژنە کاری خۆی تەواو کردووە، ناوەکانی پێشکەش بە ئێمە کردووە، سەرنجی لێ دراوە، نوێنەری پێکهاتەکان لە (CV)یەکان بوونیان هەیە، نوێنەری بوونی دوو ئەندامی یاسایی لە سیڤیەکان بوونی هەیە، نوێنەرایەتی ئافرەتان بوونی هەیە، بۆیە هەموو ڕێ وشوێنەکان تەواو بوون، ئێستا تەنها ئەوە ماوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان متمانە بدرێ بە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران یەك بە یەك ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە لەبەردەستمایە، لەلایەن لیژنەی کاتی پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە پێشکەشی ئێمە کراون، بۆ ئەوەی ئێوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ڕای خۆتانیان لەسەر بدەن بە بەڵێ یان بە نەخێر، ئایا ڕازین متمانەیان بدەنێ یان نەخێر، ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە پێویستی بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڕێزان تکایە بێدەنگی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەخوێنینەوە، پاڵێوراوان، ببورن نەك ئەندامان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ تەئکید زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە بەڕێز ببوورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ تەئکید کردنەوە زۆرینەی ئەندامانی حزور لە هۆڵەکەدا یان زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان .

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر فرسەتمان بدەیێ، کەواتە با ئەو برادەرانەی، کە لە دەرەوەن بیانهێنینە ژوورەوە بۆ ئەوەی تووشی خەلەڵ و شتی وانەبین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکوور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیارەکەم ئەوەیە، لە رووی یاساییەوە ئیشکالێکی نەبێ، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە هەر نۆیان بە یەکەوە بخرێنە دەنگدانەوە نەك یەك، یەك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پرسیاری ئەمەمان کرد بەراستی (کاك عادل) لە رووی یاساییەوە ناکرێ هەر نۆیان پێکەوە بخرێنە دەنگدانەوە پێویست دەکات یەك، یەك متمانەی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وەربگرن داوا لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەین فەرموون بە زووترین کات داوا لە ئەندامەکانیان بکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵ (٥) دەقەی تر دەنگدان لەسەر ئەنجومەنی کۆمسیاران ئەکرێت، پێم وابێت فراکسیۆنی پارتی، بەس سەرۆکەکەیان لێرە نییە ئەگەر نا هەموویان لێرەن، بەڕێزان کۆبوونەوەکە دەست پێدەکەین یەك بەیەك ناوی پاڵێوراوان بۆ ئەنجومەنی کۆمسیۆن، ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە، تکایان لێدەکەین کە ناویان دەخوێنینەوە هەستنە سەر پێ، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان پێ بدەن.

بەڕێز هەندرێن محمد. کێ لەگەڵ ئەوەیە ببێ بە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان؟ (٦٩) کەس لەگەڵیەتی. کێ دژی ئەوەیە بەڕێز هەندرێن محمد ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران؟ (٢) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا. پیرۆزبایی لێدەکەین. بەڕێز (عبدالصمد خضر عبدالله) کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (عبدالصمد خضر عبدالله) ببێ بە ئەندامی

ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی؟ (٧٣) کەس لەگەڵیەتی. کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا پیرۆزبایی لێدەکەین .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەین بژمێرێ دەنگەکان تەواو نییە دەنگەکان وەکو یەك بن دەنگەکان تەوافقه

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تۆ دژی دەستی خۆت بەرز کردۆتەوە؟

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، نا دەنگەکان بژمێرێتەوە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ژماردوویەتی، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم خەلەلیا هەی د ژماردنێدا، چونکه ل پێشیژی ل ئەوەلی هەمیا دەسبەرز کری، بۆچی (٦٩)؟ و بۆچی (٧٣)؟ غەلەتیەك هەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنەکانی پێشوودا شتی وا ڕوویداوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشی دۆکیۆمێنت و تەسجیل کردنی ڕاسپارد کە دەنگەکانی بژمێرن، لە داهاتوو، ئەگەر خەلەلێك هەبوو دەنگەکان بگۆڕن، بۆیە پێشنیار دەکەم بە هەمان ڕێگا چارە بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی ئەگەر خەلەلەك هەبوو لە ژماردنی دەنگەکان لە کۆبوونەوەی دواتر لە دانیشتنی دواتری پەرلەمان دەنگەکان ڕاست دەکرێتەوە، ڕاستە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەم شێوەیە بوو بۆ چەند بابەتی تری .

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

خاتوو امنه فەرموو.

**بەرێز امنه زکری سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخازێ ژ سکرتێرێ پەرلەمانی دکەم حوزورێ بۆ مە دەست نیشان کەت چەند کەس دژورڤەنە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر حوزورمان دیاری کرد، ئینجا دەستمان کرد بە دەنگدان.

**بەرێز امنه زکری سعید:**

نەخێر، ئاخر نووکە فەرقە، گەڵەك یێن دەرکەفتین، پاشکەوت یا هاتیە کرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر، پێش ئەوەی دەست پێ بکەینەوە.

**بەرێز امنه زکری سعید:**

چەند کەسن؟ نووکە چەند کەسن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەرێز شوان شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا نوقتەی نیزامیەکەی من لەسەر ئەوەیە مادام تەوافوقەك هەیە لۆ ئەوەی ئەو تەوافوقەش بەردەوامی بدرێتێ، ئەو سیقەیەش نەدۆرێنین ئەمنیش پێم باشە لەبەر ئەوەی تەماشا دەکەم وەکو یەکدی بوون، بۆیە تەسەور دەکەم هەڵەیەکی تێدا هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی راستی دەکەینەوە، هەر هەڵەیەك هەبوو راستی دەکەینەوە، بەڵام بابەتێك کە خرایە دەنگەوە جارێکی تر ناخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەی ئامادەبووان کاتی ئەوەی، پێش ئەوەی دەست بە دەنگدان بکەین (٨٩) ئەندام ئامادەی کۆبوونەوە بوو، وە ئێمە لێرەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەبینین کێ دەنگدەداو؟ کێ دەنگ نادا؟

بەس لێرەوە داوایەکم هەیە لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، کاتێك دەست بەرز دەکەنەوە تەردود نەبن لە دەست بەرز کردنەوەیان دەست بەرز ئەکاتەوە دوایی دەستی دائەگرێ، یان دیار نییە، بۆیە ئێمە لێرەوە زۆر ماندوو ئەبین بۆ ئەوەی کە ئاراستەی چاومان تا ئەوەی بتوانین دەستی ببینین، بۆیە تکا ئەکەم لەم بابەتانە کە هەندێك هەستیاریەکتان دروست کردووە، کە بە داخەوە دەستان زۆر بڵند بکەن بۆ ئەوەی

ئێمە بتوانین دەستتان بە وازحی ببینین، دووبارەی ئەکەمەوە لەبەر ئەوەی سوودمان وەرنەگرتووە لەم جیهازە پێشکەوتووانە بۆ بژاردن، بۆیە داوا ئەکەم دەستان بەرز بکەن باشترە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەستتان ببینین، وە بۆ ئەوانەی پێشووش کە کراون موراجەعە کراونەتەوە بەو شێوەیە دەرچووە کە ئێمە بژارمان کردووە، لەگەڵ داوای لێبوردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک تحسین فەرمو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل((دۆلەمەریی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا لە ئەندامان ئەکەم مادام بە تەوافوقە بارێز لەو تەوافوقە بگیرێ ئەوانەی دەنگیان پێدەدرێ بە بێ جیاوازی یەك کەم، یەك زۆر بێنێ، شتێکی زۆر خۆش نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێمە لێرە دەنگ ئەژمێرین، تکایە خۆتان ئەو ئیتفاقانەی کە ئەیکەن پابەند پێی، خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت بە هادیئترو کەمێك وردتر دەنگەکان حیساب بکەن، ئەوە باشتر ئەبێت .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سێیەم کەس کە دەنگی لەسەر ئەدرێ بەرێز (سلیمان مصطفی حسن)کێ لەگەڵیەتی؟

(٧٥) کەس لەگەڵیەتی. کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین.

بەرێز (اسماعیل حەمە عەلی عبدالقادر) کێ لەگەڵ ئەوەیە کە اسماعیل حەمە عەلی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان؟

(٧١) کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لیئەکەین.

بەرێز (شیروان زرار نبی ) کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٤) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟(١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لێئەکەین.

بەرێز (جوتیار عادل ) کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لێدەکەین.

بەرێز (رێزان حەمە شریف کریم) کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆوزبایی لێئەکەین.

بەرێز (نهرۆ سلیم حنا) کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٤) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لێئەکەین.

**بەرێز (سیاح كورەچی) كێ لەگەڵیەتی؟ (٧٤) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٢) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، پیرۆزبایی لێئەكەین.**
**پیرۆزیایی لەسەرجەم ئەندامانی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ئەكەین هیوای سەركەوتنیان بۆ ئەخوازین وە هیوادارین بە شێوەیەكی یاسایی كارەكانیان لە ناو كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی كوردستان بەرێوە بەرن، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنەكەمان هەئەگرین تا (دوو) نیو وە دوایی دەست بە كۆبونەوەكەمان دەكەین.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٤)، كۆبوونەوەی ژمارە (٢) رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٣)، ئێستا لە**

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمانین کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لە سەر راپۆرتی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت کەیسی ئافرەتانی شنگال لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو، پێشەکی دەمەوێ بەخێرهاتنی گەرمی ئەم بەڕێزانە بکەم کە ئێستا لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئامادەن و، لە دانیشتنی سەر لە بەیانیش ئامادەبوون، ئێمە ناوەکانیمان لەبەر دەستدا نەبوو، بەڕێزان لە لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی عێراق، نوێنەری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری کەیسی ژنانی شنگال، نوێنەری وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆك، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ، ڕێکخراوی وادی، گروپی ژیان، دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژنان، ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان، یەکێتی ئافرەتان بەخێرهاتنیان دەکەین بە گەرمی بۆ دانیشتنی پەرلەمان، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەیان، فەرموو کاك ابوبکر نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم بڕگەی سێیەم بێتە بڕگەی دووەم، چونکە زۆری ناوێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (ابوبکر) بڕگەی سێ کاتێکی کەمتری دەوێ، پێش بخرێ خوێندنەوەی ئەو چوار پڕۆژە یاسایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی سێیەم و دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕ پێ بکرێ و، بڕگەی سێەم بکرێ بە بڕگەی دووەم با دەست بەرزکاتەوە؟ (٤٨) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ (١٨) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، بۆیە داوا لە لیژنەی کاروباری یاسایی دەکەین کە سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری یاسایی بێتە سەر منەصە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لە بڕگەی دووەمدا هاتوون، بەڕێزان کەواتە ئێستا دەچینە سەر بڕگەی دووەم کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

١. پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢. پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٣. پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٤. پڕۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ.

فەرموو کاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لە سەرەتای جەلسەکە، لە نیوەی یەکەمی ئەو جەلسەیە وابزانم عەرزی جەنابتانمان کرد، کە شتێك هەیە حەز دەکەین لە سەری هەڵوەستەیەك بکەین، بەپێی بڕیارێکی وەزیری پێشمەرگە بەڕێز (مصطفى سید قادر) لە (٢٠١٤/١١/١٦) دا بە ژمارە (٥١٢) ك. ن، دەڵێت نسخە لای جەنابت هەیە و لای فراکسیۆنەکان هەیە، بڕیارماندا:

١. پێشمەرگەی تاقانە رەوانەی سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ نەکرێت.

٢. لە دوو برا یان زیاتر لە یەك کاتدا و بەیەکەوە نەچنە سەنگەری شەڕ.

٣. بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست.

بۆیە بە بۆچوونی من لە جیاتی ئەوەی کە ئەمە وەکو پڕۆژە بڕیارە کە لە بڕگەی چواردا وابزانم هاتبوو بیکەین لیژنەی پێشمەرگە موەزەف بکرێ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە یاخود ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانەوە بەدواداچوون بکەن بۆ ئاستی جێبەجێکردنی ئەمە، ئەگەر ئەوە بە مەبەست گەیشت، ئینجا ئەو کاتە بە بۆچوونی من قوەتێکی گەورەیە کە بڵێین پڕۆژە قانونێکی ناو پەرلەمان دەربچێت بۆ پشتگیری لەم بڕیارە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەهارخان،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پڕۆژە بڕیارە دیارە ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە لە مانگی (٩)دا لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و، هەروەها چەند ئەندامێك کە ئامادەبوون لە لیژنەی پێشمەرگە باسمان لەو مەوزوعە کرد، ئەوان وتیان بۆ تاقانە پڕۆژە بڕیارمان هەیە، بەڵام بۆ دوو برا و دوو کەس لە خێزانێکدا نیمانە، ئێوە بە پڕۆژە بڕیار تەقدیمی بکەن، هەروەها لە مانگی (١٠)دا سەردانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری سەرۆکایەتی هەرێممان کرد، بەڕێزیان هەمان ئاماژەی دا کە ئێمە بۆ تاقانە بڕیارمان هەیە بۆدوو کەس لە خێزانێکدا نیمانە، بەڵام هەوڵ دەدەین، داوا دەکەین لە سەرۆکی هەرێم کە ئەو بڕیارە دەربکات، ئینجا لە (٢٠١٤/١١/١٦)دا ئەو بڕیارە دەرکراوە کە دەڵێ بەشێوەیەکی زارەکی سەرۆکی هەرێم ئەو دوو بڕیارەی دەرکردووە، ئێمە لە (٢٠١٤/١١/٢٤) ئەو پڕۆژە بڕیارەمان تەقدیم کردووە، من پێم وایە ئەمە قوەتی قانونی زیاترە کە ئێمە بە

پڕۆژە بڕیار ئەوە یەکلا بکەینەوە، ئەگەر چی لە رووی سەلاحیەتەوە سەرۆکی هەرێم بەو ئیعتیبارەی کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانە لە هەرێمی کوردستان و سەلاحیەتی هەیە کە بڕیاری وا دەربکات، بەڵام قوەتی قانونی هێندەی پڕۆژە بڕیارێك نابێ لە پەرلەمانەوە وەك ئەوەی کە ئەو بڕیارەکەی بەشێوەی زارەکییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لەبەرئەوەی لە رێگەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەو پڕۆژە بڕیارە پێشکەشکراوە خوێندنەوەی بۆ دەکەین، دەڕواتە لای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کە یەکیان لیژنەی پێشمەرگەیە، لیژنەی پێشمەرگەش یەکێکە لەو لیژنە پەیوەندیدارانەی کە ئەم بڕیارە دەڕواتە لای، ئەگەر زانیتان تەعاروز دەکات یان هەمان بڕیارە ئەو کاتە دەتوانن راپۆرتی خۆتان حازر بکەن بڵێین ئەو پڕۆژە بڕیارە پێشتر بڕیارێکی تەنفیزی پێ دەرچووە، بۆیە دەتوانرێ پەسەند نەکرێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڵام ئەمڕۆ تازە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین و، ئیحالەی لیژنە پەیوەندیدارەکان لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەی دەکەین و، پێم وابێ ئەو پڕۆژە بڕیارە شاملترە، چونکە باس لە ئەندامانی یەك خێزان دەکات، باسی تەنها دوو برا ناکات، لێرە باسی دووبرا یان زیاتر دەکات، مەسەلەن کەواتە بەپێی ئەو پڕۆژە بڕیارە باوك و کوڕیش ناتوانن لەیەك جەبهەدا بن، بۆیە با بێتە لای لیژنەکانتان ئێوە لە لیژنەکان موناقەشەیەکی بکەن دوایی رای خۆتانمان پێ بڵێنەوە بۆ پەرلەمان بە راپۆرت، فەرموو کاك ئاری قسەیەکی ترت هەیە؟

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە سێ کەس بڵێین پشتیوانی بۆچوونێکیان کرد، یاخود بیرۆکەیەکیان کرد، دەخرێتە دەنگدانەوە، جەنابت رێگەت نەدا خەڵکی تر دەستی بەرزکردەوەو بۆ نوقتەی نیزامی نە سەیرت کرد، نە رێگەتدا بۆ ئەوەی قسە بکەن، دوای قسەکانی خوشکی بەڕێزم بەهار خان یەکسەر گەیشتیتە سەر ئەم ئیستینتاجە کە بە داخەوە نابێ وا بێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی بۆ شتێکە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بێ، ئەم پڕۆژە بڕیارە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، خراوەتە صندوقی ئەندامان پێش (٤٨) سەعات و، ئێستا لەبەر دەستی بەڕێزتانە، ئێوە لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دوای ئەوە دیراسەی دەکەن دەتوانن رای قانونی خۆتانمان پێ بڵێن و، رای خۆتانمان پێ بڵێن لە سەر ئەوەی کە پڕۆژە بڕیارەکە پەسەند بکرێ یان هەر ئەسڵەن رەفز بکرێتەوە، فەرموو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی جەنابت دروستە کە خراوەتە بەرنامەی کار و، خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام وەکو تێبینیەکی یاسایی ئەگەر بە نوقتەی نیزامیش لێم وەرناگیرێ، بەڵام مولاحەزەیەکی یاساییە، من پێم وایە ئێمە بەپێی (مبدأ الفصل بين السلطات) و، بەتایبەتیش لە مەنزومەی عەسکەری کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە بەڕاستی ئەو هەموو تەدەخولەی ئێمە وەکو پەرلەمان بۆ ناو وردەکاری ئەو مەنزومەی عەسکەریە لە جیاتی ئەوەی یارمەتیان بدەین زەرەریان پێ بگەیەنین، بۆیە من پێم وایە هەتا وەکو پەرلەمان خۆمان بپارێزین لە دەست تێوەردان لە کاروباری سەربازی و، دەکرێ ئێمە لە ڕێگای لیژنەی پێشمەرگە لە ڕێگای لیژنە تایبەتمەندییەکان فشار بکەین، بانگی وەزیر بکرێ، بەڵام دەرچوواندن وەکو قەراری تەشریعی وەکو قەوانین لێرە لە پەرلەمان تێکدانی ئەو مەنزومەیە من تەسەور دەکەم ئێمە وەکو پەرلەمان کارێکی باش ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە لە ڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکان ساغ دەکرێتەوە بەتایبەتی لیژنەی یاسایی لە دوای ئامادەکردنی راپۆرتەکەی خۆیان دەتوانن ئاماژە بەوە بدەن کە چەندە ئەمە تەدەخولە لە سوڵتەی تەنفیزی یان نا؟ وەبەر مەبنای ئەو راپۆرتەشی کە حازر دەکرێ، ئەو کاتە دەتوانرێ لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لە سەر بدرێ کە پڕۆژە بڕیارەکە پەسەند بکرێ یان نا؟ فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی باسی دەکەن پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئاری دەکەین لە عەمەلیدا جێبەجێ کرایە، ئەوە وەزیری پێشمەرگە بڕیارەکەی دەرکردووە، هەرچەندە هەمووومان باش لە پێکهاتەکانی لەشگری کوردستان دەزانین کە بە چ شێوازێکە کە کەسێك پلەدارە کوڕەکەی یان برایەکەی لەگەڵ دایە، یەعنی ئەو بابەتانە پشتگیری لە قسەکانی د. فرست دەکەم، دەکرێ لە بۆ ئەوان جێ بهێڵدرێ، باس لە بابەتێك دەکەین دەمانەوێ حکومەت جێبەجێی بکات یان وەزارەتی پێشمەرگە جێبەجێی بکات، کەچی ئەو پێشی ئێمە بڕیاری خۆی داوە، دووەم: ئێمە لە بڕیاری ژمارە (١٩)ی پێشمەرگە بڕیاری گرنگماندا، بۆیە دەبێ ئێستا بەدواداچوون بکرێ لیژنەی پێشمەرگە رابسپێردرێتن یەکێك لەو بڕیارانە یەکخستنەوەی واجباتی پێشمەرگە بوو، بەڵام بەداخەوە بەتایبەت پێکهاتەیەکی گرنگی هێزەکانی پێشمەرگە کە زێڕەڤانییە لە ماوەیەکی کەمدا دەوامەکانیان رێکخرا، ئێستا کە دەبینین و، تەئسیری لە مەعنەویاتی پێشمەرگە کردووە دەوامەکانیان قورس کرایەتەوە رۆژانە پەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە دەکرێ تەئسیری لە مەعنەویاتی ئەو پێشمەرگانە کردووە واجباتیان زیاد کرایە، بۆیە داواکارین لیژنەی پێشمەرگە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەبعەن لیژنەی پێشمەرگە بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ مەسەلەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پەرلەمان بەتایبەتی بڕیاری ژمارە (١٩) دەکات، فەرموو کاك محمود.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تەواوی لەگەڵ رایەکەی بەڕێز د. فرسەتم و، پێویست دەکات پشتیوانیشی بین بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بە تەواوی دەست کراوە بێ لە بڕیاردان لە هەموو جۆرە پرسە گرنگەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی رابوردوو هەم لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤیش لە راسپاردەکانمان و، دواتریش پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسایەك بۆ دروستکردنی رێکخراوی مانگی سووری کوردستان خوێندنەوەی بۆ کرا، ئاڕاستەی لیژنەکان کرا، بەڵام لە دەواییدا دەرکەوت لە (١٩٩٣/١٠/٥) ئەم قانونە هەیە جێبەجێ نەکراوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان نییە، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە با ئەوەش تێپەڕ نەبێ بەسەرماندا، ئەو بڕیارە پەرلەمان دەریکات بینێرێ بۆ حکومەت، حکومەتیش بەم نووسراوە وەڵاممان بداتەوە بڵێ پێش ئێوە ئێمە ئەم بڕیارەمان دەرکردووە ئاڕستەی (١٥) شوێن کراوە بۆ جێبەجێکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران ئەمڕۆ بڕیاری لە سەر نادەین، ئەوە دەڕواتە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لیژنەکان دەتوانن راپۆرتی خۆیان حازر بکەن، بڵێین ئەو پڕۆژە بڕیارە پێشتر بڕیارێکی تەنفیزی بۆ دەرچووە، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەوەی ئەمڕۆ من پشتیوانی دەکەم کە خوێندنەوەی یەکەمە و، مافی هەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە کە پڕۆژە یاسا پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، بەڵام من وەك ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەوە دەخەمە روو کە ئەو پڕۆژانەی لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێ ببێ بە بەماڵ لە سەر پەرلەمان و، لە سەر لیژنەکان لە ئامار دەڵێن ئەوەندە پەڕۆژە لە پەرلەمان لە لیژنەکان کاری لە سەر نەکرایە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ئەم پڕۆژانە سیفەی پڕۆژە یاسا هەڵناگرن، بەشێکی زۆری رێنماییە، بەشێکی تری بڕیارە، بەشێکی تر موخالیفە، هەڵەی قانونی زۆریان تێدایە، بۆیە وەك سەرنجێك یەعنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ورد تر بن لە پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسا و، لێرەوەش پێشنیارم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە کە ئێمەش هاوکارتان دەبین ئەگەر پڕۆژە یاسایەك ئەم خاڵانەی تێدا بوو، بۆ ساحیب شەئنەکە کە پڕۆژەکەیان پێشکەش کردووە روونکردنەوە قانونییەکانیان بدەینێ ئەو کاتە سەحبی بکەنەوە نەبێ بە ماڵ و تووشی ئەم نەقاشەش نەبین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئێمە گرفتێکمان هەیە کە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆ، لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە بەوە دراوە کە (١٠) ئەندام پەرلەمان دەتوانن پڕۆژە یاسا پێشکەش بکەن و، دەستەی سەرۆکایەتی پێویست دەکات بیخاتە بەرنامەی کارەوە، رێ بە دەستەی سەرۆکایەتی نەدراوە یان بە لیژنەی یاسایی نەدراوە بەپێی پەیڕەو لە یاسایی بوون یان یاسایی نەبوونی ئەم پڕۆژە یاسایانە بکۆڵێتەوە، پێش خوێندنەوەی یەکەم، بەڵکو لە دوای خوێندنەوەی یەکەم بە ئامادەکردنی راپۆرتی لیژنەکان بەتایبەتی راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوە دراوە کە لیژنەی یاسایی لە سەر هەر پڕۆژە یاسایەك لە مەسەلەی دەستور بوونی یاساکە رێ و شوێنە یاساییەکانی ئەو یاسایە پێویست دەکات لە راپۆرتەکەی خۆیدا جێی بکرێتەوە، بەڵام دەکرێ لە هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم مەوزوعە بەتەواوەتی چارەسەر بکرێ، منیش پێم وایە بەڵێ، راستە هەندێك پڕۆژە یاسا کە ئێستا ئێمە خوێندنەوەیان بۆ دەکەین لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەند کراون، بۆ نموونە پڕۆژە یاسایەك لێرە خوێندنەوەی بۆ کراوە، دوو لیژنەی تایبەتمەند راپۆرتیان لە سەر حازر کردووە، هەردوو لیژنەکە دەڵێن ئەم پڕۆژە یاسایە نابێ پەسەند بکرێت، رەتیان کردۆتەوە لەبەرئەوەی لە یاساکانی تردا کاریان لە سەر کراوە، بۆیە پێویست دەکات رێ و شوێنێك بدۆزینەوە بۆ ئەمە، فەرموو کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەگەر بزانم ئەخیر کەسم بەڕاستی قسەم نەدەکرد، ئەو تەوەرانەمان بۆیە گۆڕی بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایانە خێرا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەین بچینە سەر پڕۆگرامەکەمان بابەتی کێشەی ژنان، ئەو میوانە بەڕێزانە لە سەرەوە لە بەیانیەوە هاتوون مەعقول نییە ببێتە شەو بەرنامەکەشمان دەست پێ نەکەین، ئێمە هەر دەبێ خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکەین، بۆیە با دەست پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جەنابیشت ڕێمان بدە با لیژنەی یاسایی خوێندنەوە بۆ پڕۆژە یاسا و بڕیارەکان بکەن کە ئێستا لەبەر دەستمانە.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای یەکەم بریتییە لە پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣) کە پێکهاتووە لە سێ مادده و، لە هۆکارەکانی دەرچوواندن بە ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، کە ناوەکانیان هاتووە لەم بەڕێزانە، ﴿بەیار طاهر دۆسکی ـ عمر عینایەت حەمە سعید ـ ڤیان فیصل سلیم ـ د. عبدالله جاسم ڕێکانی ـ د. سراج شێخ احمد ـ صالح بشار أغا ـ عباس غزالی ـ حیات مجید ـ فیروز طه ـ برزۆ مجید ـ قارەمان قادر ـ عادل عزیز ـ پەری صالح ـ ڕۆزا محمود ـ شێرکۆ حەمە امین ـ بەهزاد دەروێش ـ کنعان نجم الدین(حاجی کاروان)ـ شێرکۆ جودت مصطفی ـ کەژاڵ هادي ـ غریب مصطفی حەمە خان ـ هەورامان حەمە شریف (هەورامان گێچینەیی) ـ سهراب میکائیل ـ شوان شێخ احمد ـ مریم صمد عبدی ـ فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)﴾ داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گەشت وگوزار دەکەین.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای دووەم بریتییە لە پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢)ی هەموارکراو کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە پێکهاتووە لە (٣) مادده، بێ هۆکارەکانی دەرچوواندن، داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت،

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی سێیەم: پێکهاتووە لە ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، کە لە (١٢) مادده بێ هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامان بەم ناوانە: (د. بەهار محمود فتاح ـ قارەمان قادر ـ بێستوون فائق ـ د. شێرکۆ حەمە امین ـ عمر عینایەت ـ پەروا علی ـ نەجیبە لطيف ـ انور قادر ـ تەلار لطيف ـ خلف احمد ـ صالح فقی ـ د. عزت صابر ـ عباس فتاح ـ سەرکەوت سەرحەد ـ سۆران عمر ـ برزۆ مجید ) داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت،

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی چوارەم: پرۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ کە لە چوار مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکانی دەرچوواندن لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامان بەم ناوانە: (بەهار عبدالرحمن محمد ـ کەژاڵ هادی ـ غریب مصطفی ـ سهام عمر ـ عبدالرحمن فارس ـ دلێر مصطفی ـ سەرکەوت سەرحەد ـ عباس فتاح ـ قادر ئۆتمان ـ حسین اسماعیل ـ محمد صادق ـ ناظم کبیر ـ هەورامان حەمە شریف (هەورامان گێچینەیی)ـ د. شوان قەڵادزەیی ـ عبدالله حاجی محمود ـ پەری صالح ـ ئێڤار ابراهیم ـ د. شێرکۆ حەمە امین ـ فەرهاد سەنگاوی ـ یعقوب گۆرگیس ـ وحیدە یاقو ـ بێستوون فائق ـ برزۆ مجید ـ زولفا محمد عبدالله ـ شکریە شێخانی ـ منیرە عثمان ـ حسن صالح ـ عمر عینایەت ـ عادل عزیز ـ ممحمود حاجی) داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر دەمەوێ وەکو تێبینی ئەوە باس بکەم کە پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان، ئاڕاستەی لیژنەی دارایش دەکرێ و، پرۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لە سەر راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەیسی ئافرەتانی شنگال لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی

ناوبراو، با سەرۆكایەتی لیژنەی ناوبراو بفەرموون بۆ منەصە بۆ پێشكەش كردنی راپۆرتەكەیان، فەرموو خاتوو تەلار نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە بەرنامەی كارەوە دەست پێ دەكەم، لە بەرنامەی كاردا هاتووە كە لە سەر داوای یاداشتی ئەو پەرلەمانتارانە داوا بكرێ كە دانیشتنێك بكرێ لە سەر دۆخی ژنانی شنگال، من داواكارم لەبەرئەوەی لە راپۆرتەكە پێمان گەیشتووە دوو بابەتی زۆر زۆر جیاوازە و، قسەی زۆر هەڵدەگرێ شێوازی كاركردن و راسپاردەكانمان لە سەری جیاواز دەبێ، بۆیە داواكارم جیا بكرێتەوە ئەمڕۆ یان پابەند بكرێ تەنها بۆ قسەكردن بێ تەنها لە سەر دۆخی ژنانی شنگال وەكو لە یاداشتەكە هاتووە بۆ ئەوەی پابەند بین بە بەرنامەی كارەوە و، لە دانیشتنەكانی داهاتوودا قسە لە سەر توندوتیژیەكان بكرێ لە سەر هەرێمی كوردستان، چونكە بەڕاستی ئەوە دوو بابەتی جیاوازن، دووەم: داواكارم لە كاتی قسەكردن لە سەر دۆخی ژنانی شنگالدا پەخشەكە راستەوخۆ نەبێت، لەبەرئەوەی كە ئێمە مەبەستمان ناردنی ئەو راسپاردانەیە بۆ حكومەت یاخود بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ پاراستنی ژیانی ئەوان وەكو بەڕێزیشت لە هەندێك حاڵەتدا ئاگاداری بەوەی راپۆرتێكی یەك كەناڵەكانی راگەیاندنەوە توندو تیژیەكی زۆر لە سەر ژیانی زۆربەی زۆری ئەو ژنانە دروست بووە، مەبەست لەو دانیشتنە كاركردنە بۆ دانانی میكانزمی بۆ چۆنیەتی كاركردن لە سەر كەمكردنەوەی ئەو توندوتیژیانە، بۆیە هیوادارم بۆ ئەوەی مەبەستەكەمان بگات كار لە سەر ئەو دوو پێشنیارە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو ئێڤار روونكردنەوەت هەیە؟

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە (٢٠١٤/٨/٢٥)ی رابوردوو داوامان كردبوو دانیشتنێكی تایبەت سەبارەت بەو توندوتیژیانەی كە لە هەرێمی كوردستان روودەدەن ئەنجام بدرێتن بە ئیمیزای (٩٧) پەرلەمانتار، ئاڕاستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كردبوو، هەروەها لە (٢٠١٤/١٠/١٩) كە میوانداریمان بۆ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كردبوو لەگەڵ وەزارەتەكانی مەعنی سەبارەت بە كەیسی ژنانی شنگال دیسان (٨٢) پەرلەمانتار ئیمزای كردبوو داوامان كردبوو دانیشتنێكی تایبەت سەبارەت بە كەیسی ژنانی شنگال ئەنجام بدرێتن، دوای ئەوە كە ئێمە لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان دانیشتین لە سەر داوای ئەوان وتیان پێمان باشە لەبەرئەوەی حەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیە پێمان باشە هەم كەیسی شنگال هەم ئەو توندوتیژیانەی كە لە هەرێمی كوردستان روودەدەن با بەیەكەوە ببێتە یەك دانیشتن، بۆیە ئێمە لە سەر داوای سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەم راپۆرتەمان ئامادەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەد لە سەد پشتیوانی قسەكانی تەلار خان ئەكەم بۆ هەردوو خاڵەكەی باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو شرین حوسنی.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا خاتوو تەلارێ دكەم بۆ هەردوو خالاّ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر ئیبراهیم.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا تەلار خانێ دكەم، ئەگەر كەیسێ شنگالێ بێتە گوتن باشترە ژ توندو تیژیێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو مونیرە.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی كاروباری ژنان تایبەتە بە توندوتیژی، ئەم توندوتیژیە لە هەرێمی كوردستان بكرێ، لە ئەمریكا بكرێ، لە بەریتانیا بكرێ هەر توندوتیژیە، واتە لە هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی باس لە كێشەكانی ژنان ئەكەین كە توندوتیژیان بەرامبەر ئەكرێ لە هەرێمی كوردستان، و باس لە ژنانی شنگالیش ئەكەین كە توندوتیژیان بەرامبەر كراوە، واتە پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە تەنسیقی تەواویان هەیە پێكەوە، پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە بە یەك جەلسە كۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی داکۆکی کردن لە ماف ئافرەت ئەو قسەیە ئەکەم، پاڵپشتی قسەکانی بەڕێز مونیرە خان ئەکەم، ئەو جەریمانەی دەرهەق بە ژنانی شنگال و دەوروبەری کراون بەشێکن لە توندوتیژی لە وڵات، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەو باسەمان کرد، پێشنیارێکی زۆر باشی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبوو، لەبەر ئەوەی ئێستا هەفتەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتەش ژنانی شنگال و دەوروبەری ئەگرێتەوە، بۆیە ڕاپۆرتەکەمان لێکداوە، بەلاّم نازانم مەساری گفتوگۆ بۆ کوێ ئەچێ؟ بەلاّم ئەگەر بابەتی دەنگدان هات ئەو بابەتە بە یەکەوە نووساوە، هەڵئەوەشێتەوە، ئەکرێ بخوێندرێتەوە، دواتر ئەگەر پێتان باش بوو میحوەری موناقەشەکان جیا بکرێتەوە، نەك بکرێ بە دوو بابەتی جیا، چونکە هەڵئەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك خەلەف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەمی پێشنیاری تەلار خان تایبەت بە پەخش نەکردنی دانیشتنەکە، لەبەر ئەوەی لە دوو هەفتەی ڕابردوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەپێشنیاری لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان داوای لە حکومەت کردووە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە ئاگادار بکرێنەوە کە ئەوەی تایبەتە بە کچانی شنگال، بە تایبەتی ڕفێنراوەکان پەخش نەکرێ، بۆیە ئەگەر ئەو دانیشتنە پەخش بکەین ئەو زانیاریانەی کە لەسەر دۆخی شنگال هەیە پێچەوانەی ئەو دۆخەی خۆمان ئەبێ، داواکارم پەخش نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با تەواو بن موداخەلەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، دیارە دۆکۆمێنتێکی زۆرمان کۆ کردۆتەوە، داتایەکی باشمان لایە هەم بە فۆتۆ، هەم بە ڤیدیۆ، بەلاّم لەبەر دۆخی ئەمنی نەمانتوانی لێرە عەرزی بکەین، چەند چیرۆکێکیشمان لابووە خۆمان نەمان ویستووە لێرە باس بکرێ، لەبەر ئەوەی پێمان باشە دانیشتنەکە ڕاستەوخۆ بێ، ئەگەر بمانزانییایە نا ڕاستەوخۆیە، دۆکۆمێنتەکانمان عەرز ئەکرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو خاتوو پەروا.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەمەوی لە خاڵێکەوە دەست پێ بکەم، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەندامان ئەوەی باس ئەکرێ لەسەر کێشەی ژن، بەلاّم بە داخەوە یەکێ لەو بەرێزانەی کە پیاون قسە لەسەر ئەوە ئەکەن کە ئەندامن لە لیژنەی ژنان، ئەبینم بەرێزان پێئەکەنن، یان بە حاڵەتێکی نەشازی ئەبینن، کە ئەمە بۆخۆی توندوتیژیە بەرامبەر بەو کەیسە، لەگەڵ ڕێزم ئەگەر پیاوەکان هێندەی ئەم ژنانە بڕوایان بە کێشەی ژن نەبێ کە ئەندام پەرلەمانن، بەداخەوە تەسەور ئەکەم ئەوەی ئەگوزەری لەو قاعەیە هیچ هین ناکات، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە، ڕاستە تێکەڵەیەکە لە چەند بابەتێك، و خۆم تێبینی زۆرم هەیە وێرای دەست خۆشی بۆیان، بەلاّم بە بڕوای من مەسەلەی توندوتیژی لە هەر شوێنێك بێ هەر توندوتیژیە، لەبەر ئەوەی هەڵمەتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی تا (١٠) ی دیسەمبەر هەیە، پێم وایە ئاساییە، ڕاستە وتوومانە تایبەت بە شنگال، بەلاّم شنگال بۆخۆی هەرە بۆخۆی توندوتیژیە کە بەرامبەر بە ژنان ئەکری، ئەکرێ ئەو ڕاسپاردانەی هەمانە، کە گرنگە بە ڕاسپاردەوە بچینە دەرەوە، ئەکرێ زیاتر تەرکیز بکەینە سەر مەسەلەی شنگال، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەبو کاروان، بەس تکایە کورتی بکەنەوە.

**بەڕێز ابو کاروان (عبدالرحمن فارس):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیامی من گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامێکی زۆر ناوی خۆیان تۆمار کردووە، هێشتان دەستمان بە خوێندنەوە ڕاپۆرتەکە نەکردووە، قسە لەسەر ئەوە بکەن ئایا ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە؟ نەخوێندرێتەوە، دابەشی بکەین؟ نەکەین؟ پێویست ناکات دوو ئەندامی پەلەمان، سێ ئەندامی پەرلەمان قسەیان کرد، واخەریکە هەرچی دانیشتنی پەرلەمانە وای لێدێ، قسەکانی یەکتر ئەکەینەوە، ڕێزم هەیە ئەیجوینەوە، خاتوو سوهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا مونیرە خانێ و کاك ڕابوونێ دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ئاواز.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منش پشتگیری قسەکانی تەلار خان ئەکەم، پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە دوو بابەتی لە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاوازدا کۆکردۆتـەوە، یـەکێکیان مەسـەلەی جینۆسـایدی شـنگالە، ئـەوەیتر ڕەوشـی ژنانـە، هەریەکـە بابەتێکـە، دوو کەیسی زۆر هەستیارن، و پێم باشە جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ئامینە.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیریا من بۆ خاتوو پەروا، پرسا ژنێ پرسەکا یا مرۆڤایەتییە، لیژنا ژنان لیژنەکا پەرلەمانییە، گەلەك پێ سەیرە هەر جارەك بەحسێ دێتە کرن کو ئەندامەکی زەلام بەحسێ هندێ بکەت کو لیـژنا دا ژنان دا، هەمێ ئەندام پەرلەمانێ کوردستانێ کو جیهەتەکا تەشرسعیە سووکایەتی ب ئیحساسـێ ژنـا بکـەت، ئەگـەر لیژنـەکا زێدەیـە وەرن پێکڤـە موناقەشـە بکـەین لیـژنا نـەهێلن، ئەگـەر زەرورە، بـۆ سـەیرە؟ ئەگـەر زەلاّمـەکی ڤـێ لیـژنا دا هـەبیتن، سوپاسـیا وان ئەنـدامی پەرلـەمانی زەلام دکـەین کـو ب هزرەکـا یـا ئـازادی خازانە قەناعەت ب پرسا ژنا هەی، ل بەر هەندێ دگەل لیژنا ژنانێ پەرلەمانێ دا هەی، بـۆ هەنـدێ ژ سـەر قەزیەکا ئینسانی ئۆل بکەن، ئەڤە جێیـێ هەلوەسـتە وەرگرتنـە، داخازیـا سـەرۆکێ پەرلـەمانێ دکـەم، ئەڤـە بریندار کردنا هەر شتەکی کو پەرلـەمانێ کوردسـتانێ ببیتـە سـەبەبا هنـدێ، ئەگـەر نوێنەرایـەتێی کرنـە، وەرن هەمی پێکڤە نوینەرایەتییە دکەین، سپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمەخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ڕای لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم کە وایان پێ باشە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر موحەمەد:

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چ قسە ل سەر ئەندام پەرلـەمانێت ناکـەم چونکی ژ پـەیڕەڤی دا نینـە، ئـەز هـیچ سـووکایەتی ب لیـژنا ژنانێ پەرلەمانێ نەهاتیە کرن، ئەم کەس قەبیل ناکەین بهێتە کرن، دووەم جار، دیتنا من هەر وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنا مافێن ئافرەتێ دیار کری کو هەندێ دۆکیۆمێنت هەنە وان دگەل خۆ نەهینانینە لێرە نیشانا مە بدەن، پێ باش نینـە ئـەڤ بابـەتێ بهێتـە بـاس کـرن، حـەتا ئـەو دۆکۆیـۆمێنتێ بـەحس کـری دگـەل خـۆ بینیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو بەهار.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕوانگەی ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باش بووە ئەو ڕاپۆرتە یەکبخرێ و بە یەك کۆبوونەوە ئەنجام بدرێ، لە چوارچێوەی سەلاحیەتی خۆتان ئەوەتان پێ باش بووە، بۆیە ئێستاش پێم باشە لە چوارچێوەی سەلاحیەتی خۆتان ڕوون کردنەوە بدەن، و کامتان پێ باشە بخرێتە بەرنامەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نازم:

**بەڕێز ناظم کبیرمحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ڕەئی هەیە، هەر ڕەئیەکیش سێ ئەندام پەرلەمان زیاتر پشتگیریان کردیە، پێم باشە بخرێتە دەنگدانەوە، کامە دەنگی هێنا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو مونیرە.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەروا خان و ئامینە خان قسەکانی منیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومر.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا هەمی ئەندامێت پەرلەمانێۆ دکەم کو کوتی کەیسا شنگالێ کەیسەکا تایبەتە، عەلاقە ب دوژمنێت مە هەی، و توندوتیژیا ناڤ کوردستانێ ژنان کێشەکا ئیجتیماعیە، یانی دوو بابەتێ جودانە، پشتگیریا سەیدا محمد علی دکەم کو سەرۆکایەتی و ئەندام پەرلەمانێ سوکایەتیا ب ژنێ ناکەن، بابەتەکی خوشك و برایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری له قسەکانی دکتۆر موحەمەد عەلی دەکەم، و ڕاپۆرتەکە بە تەفسیل تر بێ، ئەگەر بدرێتە دەنگدانیش، کۆبوونەوەکەش بە نهێنی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەحمود.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرسە قسە زۆر هەڵئەگرێ، پشتگیری لەو ڕایە ئەکەم کە بە موباشر پەخش بکرێ، لەبەر ئەوەی زیاد لە چوار مانگە، و لە دوای ئەوەی قەزیەی شنگال ڕوویداوە، لە سەرجەم سایتەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەم پرسە ورووژێندراوە، و دەیان کۆمێنت و ڤیدیۆیی لە دەمی ژنانی شنگالەوە گێڕدراوەتەوە، بۆ ئەبێ لێرە داخراو بێ؟ بۆیە پشتیوانی لەو ڕایە ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با ئێستا لیژنەی پەیوەندیدار خۆیان ڕای خۆیان بڵێن، فەموو خاتوو حەیات.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ژمارەی یاسایی ئەندامان داوای ئەوە ئەکەن کە بە داخراوی بێ، ئەگەر بە داخراوی بێ ئێمە تەرکیز ئەکەینە سەر قەزیەی شنگال، و تەئجیلیش بێ، چونکە کۆمەڵێك دۆکۆمێنتی زۆر هەیە، هەر لە ڤیدیۆ و چیرۆکەوە، ئەیخەینە جەلسەیەکی تر، و ئەوکات بە تەفسیلی تەرکیز ئەخەینە سەر کەیسی شنگال، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو حەیات خانیش ئاماژە پێدا، ئێمە سێ مانگە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە ئەکەین، دۆکۆمێنتی زۆر باشمان لایە، هەم بە ڤیدیۆ، هەم بە فۆتۆ، هەم چیرۆکن، بەڵام لەبەر دۆخی ئەمنی پێیمان باش بوو لیژنەکە بۆ ئەرشیف لای بمێنێتەوە، دواتر هەر ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز داوای کرد ئەتوانێ لە لیژنەی ئێمە داوای بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو کەژاڵ.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان ئامادە کردووە، بڕگەی دووەمی دانیشتنەکە کە کرا بە سێیەم، و کرا بە کۆتا بڕگە، بە باشی ئەزانم ئەمڕۆ ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەمان کردووە کۆبوونەوەی خۆمانی لەسەر ئەنجام بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ڕایە ئەخەینە دەنگەوە کە داوای ئەوە ئەکات، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە، فەرموو.

**بەڕێز  رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ ئەیخەیە دەنگەوە، گریمان دەنگدانەکە کرا و ڕاپۆرتە نەخوێندرایەوە، ئێمە لە بەیانیەوە چاوەڕێی ئەوەی ڕاپۆرتەکە نەخوێندرێتەوە ئەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە، و کەیسی شنگال جیا بکرێتەوە لە کەیسی توندوتیژی دژی ژنان.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

بەڵام ڕاپۆرتەکە پێکەوە ئامادە کراوە، تێکەڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕوون کردنەوە بدەن لەسەر ئەوە، فەرموو خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار ڕۆژ بەر لە ئێستا لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوومەوە، داوام کرد بە موناسەبەی (٢٥) ی نۆڤەمبەر دانیشتنی شنگال هەبێ بە تەنیا، ئێوە پێتان باش بوو ئەو دانیشتنە کاتی خۆی کە کەیسی (دونیا) هەبوو، لە (٥/٢٨) (٩٧) پەرلەمانتار ئیمزای کردووە، داواکەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، لە (١٠/١٩) دیسان داواکاریەکی ترمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە سەبارەت بە کەیسی شنگال، دەستەی سەرۆکایەتی پێی باش بووە ئەو دانیشتنە بکرێتە یەك، کەواتە ئەوەی (٢٨) ی مانگ و ئەوەی (١٩) ی مانگ بکرێتە یەك، لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە، ئەگەرنا ئەبێ دەرفەت بە ئێمە بدرێ ڕاپۆرتێك ئامادە بکەین تایبەت بە کەیسی شنگال، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ڕاپۆرتە بکەی (٩٥٪) تایبەتە بە کەیسی شنگال، هەموو ڕاسپاردەکانی تایبەتە بە کەیسی ژنانی شنگال.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ خاتوو ئێڤار، ئەم ڕاپۆرتە لەسەر مەسئەلەی ژنانی شنگالە، وەکو مامۆستا ئاریش کە موناقەشەمان هەبوو کە پرسی ژنانی شنگال جینۆسیادە، تەنیا توندوتیژی نییە، بۆیە ئەکرێ ئەو دۆکۆمێنتانەی هەیانە و ئەوەی کۆیان کردۆتەوە لە جەلسەیەکی تایبەتی نهێنی پەرلەمان عەرز بکرێ، ئەگەرنا قسە کردن لەو پرسە بەو راپۆرتە پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەش ئەبێ کە ئەم پرسە لە ئیعلام نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ زانیاری ئێوە ، ئێمە ئەوکات بەرنامەی کارمان داناوە کە راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە ماف ئافرەت گەیشتۆتە دەستمان، و لەسەر ئەوە بەرنامەی کارمان داناوە، سێ داواکاری هەبوو لەسەر ئەو دانیشتنە، بەڵام هیچ بەرنامە و ڕاپۆرتێکی لەگەڵ نەبووە، ناکرێ دانیشتنی پەرلەمان بکەین بێ ئەوەی هیچ دۆکیۆمێنتێکمان لەبەر دەست بێ، یان هیچ پرۆژە یاسایەك بۆ ئەوەی موناقەشە بکەین، بۆیە ئەو دانیشتنانە ئەنجام نەدراوە، ئێستا کە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار هاتۆتە بەردەستمان، بەو شێوەیە بووە کە لە هەفتەی توندوتیژی دژی ژنان موناقەشەی هەردوو بابەتەکە بکەین، و ڕاپۆرتەکە هاتۆتە بەردەستمان، خۆستوومانەتە بەرنامەی کارەوە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەیسەکە کەیسی ژنانە، و لەناوی توندوتیژییە، و لە ناو توندوتیژیەکە باسی توندوتیژی بەرامبەر ژنانی شنگال ئەکرێ، بۆیە ئەوەی باس کرا پێم وایە هەڵە تێگەیشتنێك هەیە، باسی ژنانی شنگال ناکەین وەکو دۆخێکی سیاسی، تەنیا ڕەهەندە مرۆڤایەتیەکەی کە تایبەتە بە دژی ژنان مەسەلەی شنگالە، بۆیە هەموو ئەو کەیسە یەکە، ئەکرێ بەو دانیشتنە قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی ئێڤار خان ئەکەم بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی تریان پێ بدرێ، چونکە تەئکید ئەکەمەوە لەسەر قسەکان کە دوو شتی زۆر جیاوازە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر کار لەسەر ئەو پرۆژەیە نەکەین بە هەڵە، چونکە لە چەندین برگە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، چەندین پرۆژە یاسا هەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەتوانین لە دانیشتنێکی تر کە ئاراستەی لیژنە مەعنیەکان کراوە، بەزووترین کات ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، و لەبەرنامەی کار بێ بۆ ئەوەی لەسەر توندوتیژیەکانی ناو

هەرێمی کوردستان قسەی خۆمان هەبێ، چونکە نایەن چالاکییەك بکەین بۆ ئەوەی بلێین پەرلەمانی کوردستان لە (١١/٢٥) دانیشتووە، کەیسی شنگال زۆر جیاوازە، یاداشتەکەمان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو کەیسە قسە بکرێ، پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لێرە بن بۆ قسە کردن لەسەر کێشەکانی ژنانی شنگال، ئەوانەی لە ژێر دەستی داعشن، ئەوانەش لە چیای شنگالن، ئەوانەش لە کوردستانن ئێستا، پێویستە بە وردی قسەی لەسەر بکەین، نەك لە ڕاپۆرتێك کە تێکەڵاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەروان، قسەت نییە؟ خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جەنابێ وە مولاحەزێ ڕاپۆرتە لیژنا ژنان کردبی، تەنیا یەك پەرەگرافە، دەستپێکا وی ئینشائەکە، ئەوە پەرەگرافەکا بچیکە بەحسێ توندوتیژیا ب شێوەکی گشتی دکا، ئەگەر ئەم بە وردی سەح کەین ڤێ راپۆرتێ ل سەر ژنێ شنگالێیە، ژبەر هندێ حەوجە ناکات، مەوزوع توندوتیژی نینە، ل سەر ژنێ شنکالێیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی ڕاپۆرتی لیژنەی ژنان پێویستە لە بەرنامەی کار بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بابەتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بە یاسا هەمانە، هەوڵ بدەین تەفعیلیان بکەین، یان هەر بابەتێك کە بە یاسا ڕێکنەخراوە لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە کە بە یاسا یان بە بڕیار ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، ئەوەی پەیوەندە بە کەیسی ژنانی شنگال کە بەشێکە لە جینۆسایدی شنکال و دەوروبەری، ئێمە پرۆژە بڕیارێکمان هەیە، سێ پرۆژە بڕیار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، و ئەکرێ لیژنەی ژنان داوا بکەن کە لیژنە مەعنیەکان ئەو ڕاپۆرتانە تەواو بکەن و بێن لێرەوە بڕیاری لەسەر بدەین، ئەوە ئەو مەهامانە بەدی دێنێ کە ئەوانیش پێوەی ماندوو بوون، ڕام وایە ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە، تەجزیئە بکرێ، دواتر ئەوەی پەیوەندی بە ژنانی شنگالەوە هەیە بەو دۆکیۆمێنتەی ئەوان باسی ئەکەن بیهێننە بەر دەستی پەرلەمان، بەڵام لایەنی مەعنی تر کە ئەنجومەنی خانمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەشدار بن لە دانیشتنەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەگەر بەو شێوەیە زۆربەی زۆری ڕاپۆرتەکە لەسەر کەیسی شنگالە، با بخوێندرێتەوە، هیچ ڕێگریەکیش لەبەردەم ئەوە نییە کە دانیشتنی تریش لەسەر ئەو پرسە بکەین، لە نزیک ترین دەرفەت، بە تایبەتی ئەو کاتی پرۆژە یاساکانی تایبەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئامادە ئەکرێ، خۆتان ئەزانن ژمارەکی زۆر لەو پرۆژە یاسایانەی خوێندەوەمان بۆ کردوە، و لەگەڵ ئەو بەڕێزانە یاداشتەکەیان پێشکەش کردبوو سەبارەت بە کەیسی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، باسمان لەوە کرد ئەوکات ئەو دانیشتنە بکەین کە پرۆژە یاساکان حازر ئەبێ، لە بواری بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، یاسایە هەیە ئێستا، بەڵام چەند پرۆژە یاسایەکی تریش خوێندنەوەمان بۆ کردوون، بۆیە ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە ئەوەی لەلایەن لیژنەکە ئامادە کراوە، وتووێژی لەسەر بکرێ، کە ڕاپۆرتی تریش لەو بوارە حازر بوو، ئەویش ئەخەینە بەرنامەی کار، ئەوەی ئێستا حازر بووە با بەهەدەر نەچێ، کاک ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی بەڕێزت وا دەرئەکەوێ کە نیازی مفاوەزەی هەیە لەسەر نوقتەیەکی نیزامی، کە سێ کەس پشتگیری مەوزوعێکیان کرد حەقی خۆیەتی بخرێتە دەنگدانەوە، خۆم لەلایەن خۆمەوە ئەو موفاوەزەیە ڕەفز ئەکەمەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم کە دوو بۆچوونی سەرەکی هەیە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، داوا ئەکەم بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ڕابوون قسەت کرد.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێچەوانەی دانیشتنەکانی چوار ساڵی ڕابردووی پەرلەمان ئەگەر ڕاپۆرتێك ئامادە کراوە، کراوەتە سندوقی ئەندامانەوە، بخرێتە دەنگدانەوە ئایا بخوێندرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو ڕێز گرتنێك لە ڕای ئێوە، و ئەو ئەندامانەی ڕەئیەکی تریان هەیە، ئێستا ڕەئیەکان وازیحن، ئەو ڕایەش ئەخەینە دەنگەوە کە کەیسی...فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وای لێبێ یەعنی ڕاپۆرتی لیژنا نەهێتە خاندن، یەعنی ڕاپۆرتی لیژنێ هەمی سەر....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، کەواتە ئێستا دانیشتنەکە هەڵئەگرین، ئەگەر وابێ ئەبێ دەرفەت بە لیژنەکە بدەین بڕۆن ڕاپۆرتێکی تر حازر بکەن، خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان با دووبارە دانیشتنەکە هەڵئەگیرێ، کاتی خۆی دانیشتنەکە هەڵگیرا بۆ سەعات (٣٠-٢) ئەوجا بوو بە (٣٠-٣) و، ئەمڕۆ پرسی ژنانە لە ناو هۆڵی پەرلەمان پێشلکاری بە مافی ژن ئەکرێ، سێ مانگە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە ئەکەین، هیلاك بووین، کەس هاوکاری نەکردووین، ناکرێ دوو ڕۆژە ڕاپۆرت لە ناو سندوقی پەرلەمانتارانە، ئەمڕۆ نەخوندرێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی خۆمان قسەی خۆمان ئەبێ، دەیدەین بە ڕای گشتیش، لەبەر ئەوەی (٤) هەزار ژن بێ سەروشوێنە، کەس بەدواداچوونی بۆ نەکردووە، ناکرێ قسە لەسەر ئەو مەسەلەی نەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وێنە و دۆکیۆمێنتانەی مە ئیتیفاق دگەل وە کری نە بۆ عەرزێنە، مە نەگوتیە ل قاعە پەرلەمانێ عەرز دکەنین بتنێ بۆ هندێیە ئیستیفادێ ژ بکەین، ژ بەر هندێ ئەگەر بێتو ئەڤ دۆکیۆمێنتێ بێتە عەرز کرن، جارەکا دی موافەقا وان بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم دوو قسەی هێڤار خان لە پڕۆتۆکۆل دەربهێنرێ، یەك، باس لەوە ئەکات لە ناو هۆڵی پەرلەمان پێشێلکاری دەرهەق بە ژن ئەکری، نەکراوە، لیژنەی کاروباری ژنان زۆر جیاوازە لەگەڵ پرسی ژنان، ئەوەی مولاحەزەی لەسەر بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان قسەی دەربارەوە ئەکەن ڕاپۆرتێکی لیژنەی کاروباری ژنانە، نەك قەزیەی ژن، دوو، باس لەوە ئەکات (٤) هەزار ئافرەت بێ سەروشوێنە کەس بەدواداچوونی نەکردووە، ئەوەش دیسان ناکرێ وا بە نالۆژیکیانە سەرۆکی لیژنەی ئەو پرسە کە بەدواداچوونی کردووە بەئاگایە، ئەندامانی پەرلەمان لە یەکەم ڕۆژی ئەو بابەتە، بە تایبەت ئەندام پەرلەمانەکانی سنووری پارێزگای دهۆك هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو قەزیەیە، کەس بەدواداچوونی نەکردووە کێیە؟ دوو، حکومەت بێدەنگ نەبووە، حکومەت بەدوادا چوونی هەبووە، بۆیە قسەی عەفەوی داواکارین ئەو دوو قسەیە لە پڕۆتۆکۆڵ دەربێنن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله:**

من پێموایە یەکەم جارە لیژنەی ژنان راپۆرتێکیان هەیە لەسەر ڕەشی ژنان بە گشتی و ژنانی شنگال و مەسەلەی جێنوسایدی ژنانی شنگال بە تایبەت، بۆیە لەراستیدا من وێرای پەرۆشیم بوو هەموو ئەو جەدەلە جیاوازیەی کە لە ناو پەرلەمانی کوردستان ئێستا دورست بووە لەسەر راپۆرتەکە، من پێموایە دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان هەق بداتە لیژنەی ژنان، ئەگەر بۆ خۆیان پێیان وایە راپۆرتەکەیان دەوڵەمەندە بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاستی خواستی ژنانی شنگال و پرسی گەورەی شنگال دایە با دەرفەتیان پێ بدرێت بیخوێننەوە ئەگەر بۆ خۆشیان پێیان وایە کەم و کورتیەك هەیە وەکو (ئێڤار) خان توزێك ئاماژەی بەوەدا کە دوکیۆمێنتیان هەیە و مەفروزە لە جەلسەیەکی تایبەتدا ئەو دوکیۆمێنتانە لە جەلسەیەکی نەهێنی دا پەخش بکرێن، ئەگەر پێویست بەوە ناکات، وە دەزانن راپۆرتەکە هەر هەموومان لە بەردەستمانە ئێمە خوێندومانەتەوە بۆ خۆیان قەناعەتی سەدا سەدیان بە ناوەڕووکی راپۆرتەکەیان هەیە، کە هەموو ئەو شتانەی کە مەفروزە بگەیەنرێتە پەرلەمانی کوردستان و قسەی لەبارەیانەوە بکرێت، من پێمباشە دەرفەتیان پێ بدرێت کە راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە و کۆتایی بەو موناقەشەیەش بێنین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ هەر کۆتایی پێ نە هێنین، ئێستا موناقەشەکە کۆتایی پێ نەهێنین، ئا بەم شێوەیە، بەم سیغەیە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەو برگەیە هەڵپەسێرین تا راپۆرتێکی تایبەت لەسەر کەیسی ژنانی شنگال ئامادە دەکرێت یان دەبێت راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە، بەڕێز کاك رابوون، تکایە لە شوێنی خوت قسە مەکە، ناکرێت دوو سەعات جەدەلێکی سەفسەتە لە پەرلەمانی کوردستان بکەین، هەندێك بڵێن با موناقەشە بکرێت و هەندێك بڵێن با موناقەشە نەکرێت، ئێستا راپۆرت هەیە، بەرنامەی کارمان داناوە، ئەگەر دەنگ لەسەر ئەوە نەدرێت کە راپۆرتەکە دوابخرێت ئەوا پێویست دەکات راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە، موناقەشە بکرێت، باشە ئێمە خستوومانەتە بەرنامەوە، بەڵام ئێستا ڕایەك هەیە کە ئەوە تەئجیل بکرێت، با لیژنەی ژنان خۆیان ڕای لەسەر بدەن ئەو کاتە دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە راپۆرتەکەمان ئامادە کردووە و، دوو رۆژ بەرلە ئێستا لە سندوقی پەرلەمانتاران بووە، ئیشمان لەسەری کردووە، کەباسی دوکیۆمێنت دەکەین تەنیا بۆ ئەرشیف دەمێنێتەوە لە لای لیژنەی ژنان دەتوانن هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز پێویستی بەوە بوو بێت بیبینێتن دەتوانێت لە ئێمە وەری بگرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمانتوانی زیاتر تیشك بخەینە سەر حاڵەتەکانی تۆندوتیژی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەمە مەبەستی ئێمە لەو راپۆرتەدا زیاتر راسپاردەکانە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم بابەتە نەخرێتە دەنگدانەوە، با راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە و گفتو گۆ کردن و قسەکان زیاتر لەسەر راسپاردەکانی راپۆرتەکە بێت، دەستان خۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە بەردەوام بین لە گفتو گۆ کردن لەسەر راپۆرتەکە با ئیتر ئەو موجامەلەیە کۆتایی پێ بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەرنامەی کار بەشێوەی خۆی بڕوات، و راپۆرتی لیژنە موناقەشە بکرێت؟ تکایە دەست بەرز بکەنەوە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتی لیژنە ئێستا گفتو گۆی لەسەر بکرێت؟، مەجالی گفتو گۆ نەما قسەی دونیای لەسەر کرا هەر یەکەو دوو سێ جار قسەتان لەسەر کرد بە بیانووی نوقتەی نیزامی، (٥٠) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (٥) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، بڕوانن نزیکەی (٣٠) ئەندم پەرلەمان قسەی کردووە لە کاتێکدا کە ئێستا راپۆرتەکە دەخوێنرێتەوە و موناقەشەش دەکرێت، نەدەکرا ئەو قسانە بەو شێوەیە نەکرابایە، خاتوو ئێڤار فەرموون راپۆڕتە کە بخوێننەوە.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆڕتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، پێش دەست پێکردن بەخوێندنەوەی راپۆرتەکەمان بە ناوی لیژنەکەمانەوە زۆر سوپاسی ئەم رێکخراوانە دەکەین کە هەم لە کارەکانمان و هەم لە ئامادەکردنی راپۆرتەکەمان هاوکاریان کردووین ((رێکخراوی وادی، دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژنان، گرۆپی ژیان، یەکێتی ئافرەتان، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای دهۆك، بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دهۆك، سەنتەری لێ کۆڵینەوەی زانیاری لە دهۆك، نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارەکانی دهۆك بەتایبەت بۆ کەیسی ژنانی شنگال))، راپەڕینی شکۆداری ئازاری ساڵی (١٩٩١)ی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان و رزگاری کردنی بەشێکی خاکەکەی فرسەتێکی مەزنی هێنایە بەردەم هێزە کوردستانییەکان تا نموونەیەکی حوکمرانی دابمەزرێنن، کە تێیدا سەرەڕای دابین کردن و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕێز و شکۆی ژنان پارێزراوبێت و هیچی تر وەکو هاووڵاتی پلە (٢) لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەزموونی حوکمرانی نەیتوانیوە ئەم خەونەی ژنان و ئازادی خوازان بکات، کاتێك کە توانای دەزگاکانی دەوڵەت لە پیادەکرنی یاسا بەسەر هەموویاندا کەمتر بووە ئیتر مافەکانی ژنان چەندین هەنگاو پاشەکشەی کردووە و تۆندو تیژی دژی ژنان بووە سیمایەکی ڤێزەونی وڵاتەکەمان، پەتای ژن کوژی

بەجۆرێك بە مۆخی کلتۆری کۆمەڵگادا بڵاوبووە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا وەك دیاردەیەکی قێزەونی وڵاتەکەمان باس بکرێت و، ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی هێنایەوە دەنگ تا فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ سنوور دانان بۆ ئەم دیاردە قێزەونە، سەرەڕای ئەو راستیانە زۆربەی هەرە زۆری ژن کوژەکان ڕوو بە ڕووی دادگا نەکراونەوە و تاوان و تراژیدیای لەگەڵ مەرگی ناهەقی ژنان و کچانی وڵاتەکەمان بەڕێوە چو و، جێگای داخە هەوڵ و ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی دیاردەی ژن کوژی و تۆندو تیژی بەرامبەری ژنان کاریگەری کەمی هەبووە، ئێستاش هەوڵی کوشتنی ژنان لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەوڵە خەمناکەکان و بڵاوەکان و، تۆندو تیژی فیزیکی و مەعنەوی بەرامبەر ژنان سیمای سەرەکی خێزانەکانی ئەم وڵاتەی ئێمەیە و کەم ژن هەیە ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت لە تەمەنیدا لە لایەن کەسانی نزیك وەك باوك و برا و هاوسەر، هێرشی فیزیکی نەکرابێتە سەر، ئامارە فەرمییەکانی دەزگای پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بۆچوونەی ئێمە پشتراست دەکاتەوە کە ئێستاش توندو تیژی ژنان سیمای سەرەکی کۆمەڵگای ئێمەیە، بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانی حکومەت کە دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژنان بە سوپاسەوە گەیاندۆتە لیژنەکەمان تەنیا لە ماوەی (٩) مانگی ئەمساڵ (٢٧) ژن کوژراون و، هەروەها (٣٣) حاڵەتی خۆ کوشتن و (١٦٢) حاڵەتی سووتان و (٧٠) حاڵەتی خۆ سووتان و (١٠١) دەست درێژی سێکسی ڕوویان داوە، بە گشتی هەر لەو (٩) مانگەدا (٥٤٤٧) حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراون، لە کاتێکدا هەر لە بنەڕەتدا دیاردەی تۆندوتیژی بەرامبەر ژنان یەکێکە لەو دیاردە قێزەونانەی ئەم وڵاتە لە چەند مانگی ڕابردوو کۆمەڵگاکەمان ڕوو بە ڕووی تراژیدیایەکی کەم وێنەی زوڵم و ستەم بووە لە بەرامبەر بەشێك لە ژنانی کوردستان بە دیاری کراوی تراژیدیای ژنانی ئێزدی لە دەڤەری شنگال و دەوروبەری، دوای شاڵاوەکەی ڕێکخراوی تیرۆریستی (داعش) بۆ سەر شنگال و دەوروبەری لە (٢٠١٤ /٨/٣)، (١٤)ی ڕابردوو بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆیان لە پەلاماری ئەم ڕێکخراوە خوێناوییە هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەم دەڤەرە کە زۆربەیان ئێزدین ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێهێشت و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان و چیای شنگال کرد، هەڵبەت زۆربەی هەڵهاتووەکان ژنان و کچان و منداڵانن، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی ڕێکخراوی تیرۆریستی (داعش) و ئێزدییەکان خەڵکانێك دەبن دەست بەرداری ئاین و کلتوری سەدان ساڵەی خۆیان بن یان پیاوانیان بە شێوەیەکی سیستەماتیك لە ناو دەبرێن و ژیانیان وەکو کۆیلە و کەل و پەل و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنە ئێزدیانەی کە لە ناوچەی شنگال و دەوروبەری کە فریا کەوتن خۆیان لە چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی (داعش) دەرباز بکەن لە لایەن ئەم ڕێکخراوە رفێنراون و کراون بە کۆیلە، کە بە گوێرەی ئەو زانیاریە بێت کە ئێمە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم داویەتی لیژنەکەمان ژمارەی ژن و کچە رفێندراوەکان لە (٤٠٠٠) زیاترن، ئەو ژن و کچە رفێندراوانەی وەك کەل و پەل بەسەر ئەمیر و چەکدارە وەحشییەکانی ڕێکخراوی (داعش) دا دابەش کراون و بە ئامرازی تێرکردنی ئارەزووە کۆیلەکانی چەکدارانی (داعش)، ئێستاش خاتوو کەژاڵ راپۆرتەکە تەواو دەکات.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندە، وەك ئەرکی پەرلەمانی خۆی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت، دوای دەست بەکار بوونی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەجدی کار بۆ پێشخستنی دۆزی ژنان و دەستەبەر کردنی مافەکانیان کردووە، بۆ کارکردن لەسەر دۆسیەی کوشتنی ژنان سەردانی دام و دەزگاکانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە، لە پێناوی پاراستنی مافەکانی ژنان هەوڵمانداوە لەگەڵ دەزگاکانی پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەما هەنگی و هاوکاری دورست بکەن، هەروەها بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی ژنان سەردانی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی ژنانمان کردووە، هەر زوو دوای پەلاماری هێزە تیرۆریستییەکانی (داعش) بۆ سەر شنگال و دەوروبەری و ئاوارە بوونی هەزاران ژن و منداڵی بێ تاوان لیژنەکەمان لە (٢٠١٤/٨/٨) سەردانی مەیدانی ئاوارەکانی لە پارێزگای دهۆك کردووە وەك هاوکاری پەرلەمانی کوردستان (١٠٠) ملیۆن دینارمان بۆ پێداویستی سەرەتایی وەك جل و بەرگی ژنان و منداڵان بۆ ئاوارەکان سەرفکرد، لیژنەکەمان لە سەردان و چاودێری ژنانی دەڤەری شنگال و ئاوارە بەردەوامە و تا ئێستا (٣) جار سەردانی دەڤەری دهۆك و دەوروبەریمان کردووە، لیژنەکەمان بەجدی کاری لەسەر دۆسیەی ژن و کچە رفێنراوە ئێزدییەکان لە لایەن چەکدارانی تیرۆریستی (داعش)ەوە کردووە و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاربووە بۆ رزگار کردنیان، هەروەها هەوڵمانداوە تا لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری مادی و مەعنەوی ئەو کچ و ژنانە بکەن کە لە دەست چەکدارانی تیرۆریستی (داعش) رزگاریان دەبێت، تا ئێستا بە هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسانی دڵسووز (٣٤٣) کەس لە کچ و ژنە رفێندراوەکان ئازاد کراون، ئەندامانی لیژنەکەمان بەردەوام و لە نزیکەوە چاودێری دۆسیەی ژن و کچە رفێندراوەکان و ئازادکراوەکانیشیان دەکەن و تا ئێستا لیژنەکەمان نزیکەی (٢٠٠) کچ و ژنی رزگار کراوی بینیوە و هاوکاری مادی و مەعنەویمان پێشکەش کردوون، بە مەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری و هاوکاری گشتی نێو دەوڵەتی بۆ دۆسیەی شنگال بە تایبەتی ژنانی ئاوارە و رفێندراوی ئەو دەڤەرە و دەوروبەری (٧)ی ئەیلول سەرۆکی لیژنەکەمان چوو بۆ ئەڵمانیا ئەو ماوەیەی لە ئەڵماینا بوون نوێنەری لیژنەکەمان سەردانی پەرلەمانی ئەڵمانیای وەکو نوێنەرایەتی بەرپرسی مەلەفی عێراق و مەلەفی ڕووداوە نەخوازراوەکانی لە وەزارەتی دەرەوە کردو لەوێ بە تێرو تەسەلی باسی ڕەوشی ئاوارەکان بەگشتی و ژنانی بەتایبەتی بۆ ئەو لایەنانە کرد، رێکەوتی (٢٠١٤/١٠/١٩) لیژنەکەمان سمینارێکی تایبەت و کراوە لە باڵەخانەی پەرلەمان بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنە چالاکەکانی بواری مافەکانی ژنان و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دۆسییەی ژنان و کچانی شنگال رێکخست، لە سمینارەکەدا دوای وتاری بەڕێزان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدرێژی گفتو گۆی کێشەی کچان و ژنانی شنگال و دەوروبەری کراو، هەروەها چەند راسپاردەیەك ئامادەکرا بۆ کار کردن لەسەر ئەو پرسە، بە هاوکاری لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و زیدانییە سیاسییەکان بۆ بە دوادا

چوونی دۆسیەی ژنـانی شـنگال و دەوروبـەری بەمەبەسـتی دانیشـتن لەگەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ڕۆژی (١٣)ی تشرینی دووەم سەردانی بەغدادمان کردو لەوێ لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و، وەزیری کۆچ و کۆچبەران و، وەزیری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری ژنـان و، لیژنـەی ژنـان لـە پەرلەمانی عێراق دانیشتین، لە بەغداد لەسەر داخوازی ئێمە جێگری دووەمی سـەرۆکی پەرلـەمانی عێـراق بڕیاریدا (٢٧ ) ملیۆن دینار وەك هاوکاری بۆ ئـەو ژن و کچانەی لـە دەسـتی (داعـش) رزگـار کـراون تـەرخان بکات، هـەروەها داوامـان لـە لیژنـەی ژنـان لـە پەرلـەمانی عێـراق کـرد کـە بـۆ بینـینی ژنـە ئـازاد کراوەکـان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، هەروەها لیژنەکە بەڵێنیان دا کە داوا لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن تا مووچە بۆ ژن و کچە رزگار کراوەکانی دەستی (داعش) ببڕدرێتەوە، هەروەها لە بەغداد داوامـان لـە وەزیری کۆچ و کۆچبەران کرد کە هاوکاری ژنانی ئاوارەی شنگال و دەوروبەری بکەن، لـە کاتێکدا کـە ئێمـە دەست خۆشی لە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەین بۆ هـەر کـار و ڕێکارێـك کـە بـۆ باشـتر کردنـی ڕەوشی ژنان لە کوردستان کـردوویەتی، بەڵام بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ژنـانی وڵاتەکـەمان لـە دۆخێکـی مەترسـیداردان، سـاڵانە سـەدان ژن بـە بیـانووی جـۆرا و جـۆر دەکـوژرێن و هـەزارانیش ڕوو بـە ڕووی تۆندوتیـژی دەبنــەوە، ئێسـتاش بـەڕێز خـاتوو (حیـات) بڕیـاردەری لیژنەکـەمان راسـپاردەکان پێشکەشـی پەرلەمانی بەرێز دەکات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسپاردەی لیژنـەی داکـۆکی کـردن لـە مافـەکانی ئافرەتـان بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان و حکومـەتی هـەرێمی کوردستان:

١- ئێمـە پێمـان وایـە کـە یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تۆندوتیـژی خێزانـی یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢٠١١) پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە بەو هۆیەوە کە یاساکە زیاتر ناوەڕۆکی مەعنـەوی هەیـە نـەك سـزای لـە دژی سەر پێچییەکان، ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکان یاسای سزادانی عێراقی جێبە جێ دەکرێت، بـە هـۆی ئاماژە کردن بە چەند نموونەیەکی دیاری کراو لە جۆرەکانی تۆندوتیـژی خێزانـی لـە یاساکەدا جۆرێـك لـە جیاکردنــەوەی دورسـت کـردووە هەنـدێك جـار بـۆ هەنـدێ نموونـەی  تۆندوتیـژی کـە ڕوو دەدات و لـە نموونەکانی یاساکەدا نییە وکار بە یاساکە ناکرێت.

٢- سەرەڕای ئەوەی کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣)ی یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١١) ئامـاژە بـە دامەزرانـدنی دادگایەکی تایبەت دەکات بۆ تۆندوتیژی خێزانی، بەڵام تا ئێستا تەنیا دادوەری تایبەت بۆ ئـەو کێشانە کـار دەکەن نەك دادگای تایبەت، بۆیە داوا دەکەین کە حکومەتی هەرێم ئەو بڕگەیە جێبە جێ بکات.

٣- تاکو ئێستا هیچ کۆمپانیایـەکی موبایل بـە هـۆی سەرپێچی کـردن و پابەنـد نـەبوون بـە یاسـای خـەراب بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیانـدن یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٢٠٠٨) سـزا نـەدراون داواکارین کـە حکومـەت بەجدی وەکو خۆی یاساکە جێبە جێ بکات، هـەروەها ئێمـە پێمـان وایـە کـە مـاددەی سـزادانی کۆمپانیاکـان

ماددەی (٦) یاساکە پێویستە هەموار بکرێتەوە و قورستر بکرێت، چونکە ئەو غەرامەی کە دانراوە بۆ سزادان هێندە کەمە کە کۆمپانیاکان ئیلتیزام بە یاساکەوە ناکەن.

٤- ئێمە پێمان وایە کە بۆ ڕێکخستنی کار و ئەرك و ئامانجی مامەڵەکانی داڵدەدانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دەربکرێت و بودجەی تایبەت بۆماڵەکان تەرخان بکرێت و بە یاسا شەڵتەرەکان لە چوار چێوەی دەزگایەکی سەربەخۆی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت و ئەرك و ڕۆڵی هەموو وەزارەت و ئەو دەزگایانە دیاری بکات کە پەیوەندیدارن بە تەعامول کردن لەگەڵ شەڵتەرەکان.

٥- دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوە و زانستی تایبەت بە ژنان بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و راپۆرتی زانستی.

٦- دابین کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هاوکاری کردنی ژنانی قوربانی شەڕی (داعش) بە گشتی و ژنانی شنگال و دەوروبەری بەتایبەتی.

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدی بکات تا بەڕێگای جۆرا و جۆری گونجاو هەموو ئەو ژن و کچە رفێندراوەکانی لای (داعش) رزگار بکرێت.

٨- وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ژنان و قوربانیان دابین بکات.

٩- دابین کردنی تیمێکی پسپۆر و تایبەت بۆ شیاندنەوەی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنە رفێندراوەکان لە لایەن (داعش)ەوە و هەروەها هەموو ژنە قوربانیەکانی تری تاوانەکانی جۆرا و جۆرەکانی دژی ژنان.

١٠- پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە بدات بۆ ناساندنی ئەم کەیسە بە جیهان.

١١- داوا لە کۆمەڵگای مەدەنی نێو دەوڵەتی و حکومەتی فیدڕاڵ بکات بۆ رزگار کردنی ئەو ژنانەی دەستی (داعش).

١٢- داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە لیژنەی ئەوقاف ڕابسپێرێت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لە گەڵ کەسایەتی ئێزدییەکان بە مەبەستی ئەوەی کە ئەم ئافرەتانە بوونەتە قوربانی دەستی جەنگ وەکو سیمبولێك سەیر بکرێن.

١٣- داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین لە ژێر یەك ناو نیشاندا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکرێت بۆ نموونە کەیسی ئافرەتانی دەستی تیرۆر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنە زۆر سوپاسی ئەندامە بەڕێزەکانی لیژنەکەمان دەکەین بەراستی لەماوەی ڕابردوو زۆر ماندوو بوون بەتایبەتی خاتوو (ڤیان عباس) لە دەڤەری بادینان سەبارەت بە کەیسی ژنان زۆر ماندوبوو دووبارە زۆر سوپاسیان دەکەین، سوپاسی ئەویش دەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان، کە ئەم ڕاپۆرتەیان پێشکەش کردووە و، دیسان سوپاسی هەموو لایەنەك دەکەین کە هاوکاری لیژنەیان کردووە بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کە ڕاپۆرتێکی گرینگە و ئەم کەیسە، کەیسی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و کەیسی ئافرەتانی شنگال خۆی لە خۆیدا پێشترو ئێستا و لە ئایندەدا بابەتێکی زۆر گرینگە و جێگای بایەخی پەرلەمانی کوردستان بووە و جێگای بایەخی پەرلەمانتاران دەبێت لە ئێستا و ئایندەدا، دڵنیام ئەم بابەتە زۆر قسە هەڵدەگرێت و بە تەئکید ئەمڕۆ ئەو بەڕێزانەی داوایان کردووە قسە بکەن ژمارەیەك پێشتر داوایان کردبوو و ناوی خۆیان نووسیوە ئێستا دەرگای گفتو گۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ڕاپۆڕتە، ئێستا ناوەکان دەنووسرێت، کاك ئاری فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەڵا من بەس داوارکارییەکم هەیە، زەحمەت نەبێت کە ناوەکان نووسرا ئەگەر ئەزیەت نەبێت با بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوەکان بخوێنێتەوە سوپاس دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکارییەکەت پەسەندە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم ئەندامانە پێشتر ناوی خۆیان تۆمار کردبوو لە لای ئێمە ((تەلار لطیف، نجیبە لطیف، شرین حسنی، فیروز طە، ابو کاروان، ئاری هەرسین)) و ئەوانەی کە ئێستاش ناویان تۆمار کردوون ((شێرکۆ حەمە امین، بێگەرد خان، گەشە دارا، کاك دلێر قادر ئۆتمان، کاك ئۆمێد خۆشناو، امنە خان، شوان شێخ احمد، شامۆ شێخۆ، شیلان جعفر، مەڕوان گەڵاڵی، مامۆستا رابوون، مامۆستا ابو بکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، کاك ایوب، کاك ئۆمێد حەمە علی، هەورامان گەچێنەی، پەروا علی، سۆران عمر، منیرە عثمان، سەهراب میکائیل، عمر کۆچەر، مامۆستا غەریب، ئاواز جەنگی، مریم صمد، کاك تحسین، زولفا خان، حاجی کاروان، سهام عمر)).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر وەکو چاوەڕوان بووین کە زۆربەی هەرە زۆری پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەیانەوێت قسە لەسەر ئەم راپۆرتە بکەن، کە شایستەی ئەوەیە بەراستی بایەخی پێ بدەین و قسەی پێویست لەسەر ئەنجام بدرێتن، بەڕێز تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە راپۆرتەکەوە دەست پێدەکەم، تەئکید دەکەمەوە کە دۆخێکی زۆر جیاوازن و بەداخەوە غەدرێکی زۆر گەورە کرا لە کەیسی شنگال کە دەبوایە دانیشتنەکە زۆر بە نەهێنی بوایە بۆ ئەوەی بمانتوانیبایە بە وردی زیاتر قسە بکەین بەو ژمارەیەوە و بەو دوکیۆمێنتانەی کە لە لامانە، بەڵام ئێستا ناتوانین بە وردی قسە بکەین لەبەر ئەوەی راستەو خۆ پەخش دەکرێت، لەسەرەتای راپۆرتەکە زۆر بە توندی قسەی لەسەر توندوتیژییەکان کردووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە ناوەرۆکەکەیدا چەندین سوپاس و سوپاسکاری تێدایە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمە پێچەوانەیە و پێویست بوو رەچاوی ئەو خاڵەیان بکردایە و ئەگەر بێینە سەر خاڵی ﴿١ و ٢ و ٣ و ٤ و٥﴾، هەر پێنج خاڵەکە ئەوەی پەیوەندیدارە بە هەرێمی کوردستانەوە و پەیوەندیدار بە لیژنە مەعنییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و کەمتەرخەمیەکان لەو لیژنانەوە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەموارکردنەوەی یاسای توندوتیژی خێزانی پێویستە لیژنە مەعنی و پەیوەندیدارەکان کار لەسەر هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بکەن ئەوە پەیوەدیدار نییە بەوەی کە ئێمە هەر پێشنیار بکەین، بەڵکو پێویستە هەر چاوەڕێی پرۆژە بکەین و پێویستە خۆمان پرۆژەی ئامادەکراومان هەبێت کە درك بەو هەموار و کەم و کوڕییە دەکەین لەم یاسایە پێویستە خۆمان کار لەسەر هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بکەین و هەروەها بە هەمان شێوە دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند، ئێمە کاری دووەممان چاودێری کردنە، دەبوایە لیژنەی پەیوەندیدارەکان کاری پێویستیان بکردایە بۆ بەدواداچوون لە جێ بە جێ نەکردنی ئەم خاڵانەی لەو یاسایە هەیە بە تایبەتی ئێستا دادگاکە هەیە، بەڵام بەو تیرۆتەسەلییە نییە، پێویستە داکۆکی کاری تەواو و چاودێری تەواو بکەین، بۆیە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان و ئەرکی پەرلەمانتار، سێیەم: یاسای ژمارە ﴿٦﴾، ئەویش بە هەمان شێوە بەشێکی پەیوەندیدارە بە هەموارکردنەوەی یاساکە و بەشێکی پەیوەندیدارە بە بەداواچوونی ئێمە وەکو لیژنە مەعنییەکان، بۆیە بە هەمان شێوە پێویستی دەکرد ئەو خاڵانەی پەیوەندیدارە بە هەمواری یاسا لەم راپۆرتەدا نەبوایە، بەڵکو پرۆژە یاسامان هەبوایە لە داهاتوویەکی نێزیکدا و کارمان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە بکردایە کە ئێستا لە سزادانی عێراقی، یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی، و یاسی چاودێری کردنی کۆمەڵایەتی کە بەشێکی بەر ژنان دەکەوێت هەیە، ئەم یاسایانە راپۆرتی لیژنە مەعنییەکان ئامادە بوایە، بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە بخرایە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی کەمتر قسە لەم توندۆتیژییانە بکردایە کە بەشێکیان پەیوەندی بەم یاسایانەوە هەیە، دێینە سەر ئەوەی کە پەیوەستە بە یاسای تایبەت بە شەڵتەرەکانەوە، ئەوەش بە هەمان شێوە ئێستا لە لایەن وەزارەتی کار کاروباری کومەڵایەتی پرۆژەکە

ئامادەیە، پێویست بوو لیژنەی مەعنی یان راستەوخۆ لێی وەرگرن بە ژمارە یاسایی پەرلەمانتاران واژووی بکەن و پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن یان لە رێگەی حکومەتەوە داوایان بکردایە ئەم پرۆژەیە بهاتبایە ناو پەرلەمانەوە، کەواتە ئەرکی پەرلەمانە، دەبینی زیاتر لەو راپۆرتەدا هەر داواکردنە، بەڵام شتی عەمەلی یان میکانیزمی تێدا نییە بۆ ئەوەی چی بکەین؟ ئەوەی پەیوەندی بە شنگالەوە هەیە ئێمە بە راستی دەبێت ئەم کەیسانە جیا بکرابایەتەوە لەم راپۆرتەدا، بە راستی هەر سێ کەیسەکە جیا بکرابایەوە، چونکە ژنانی شنگال چ ئەوانەی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدان کە ئەمە حاڵەتی جیاوازە و پێویستە کاری جیاوازی بۆ بکەین و لایەنە پەیوەندیارەکان ئامادە بوونایە، بۆیە لە سەرەتاوە داوای ئەوەمان کرد کە جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لێرەبان و بە هەماهەنگی کار لەسەر چۆنیەتی و گرتنەبەری میکانیزم بۆ رزگارکردنی ئەو ژنانە بکرابایە، لە لایەکی تر یەکێك لەو ژنانەمان هەیە رزگار کراون، بەڵام هەر لە ژێر هەڕەشەدان چ هەڕەشەی کوشتن یان مەعنەوی بێت لەسەریان و ئەمەش دەبوایە بە جیاواز قسەی لەسەر کرابا و لە راپۆرتەکەدا جێگای کرابایەتەوە، بەشی سێیەم مان ئەوەیە کە ئەوانەی بەردەستی تیرۆریستانی داعش نەکەوتوون، بەڵام لە رووی مەعنەوی و دەروونی کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەریان کەقسەکردن لەسەر ئەمە پێویست بوو و دیسان تەئکید دەکەم لەم راپۆرتەدا بە تەواوی قسەی لەسەر بکردابایە، دەبوایە ئەم راپۆرتە کە بەڕێزیان بەو تێرۆتەسەلییە موتابعەیان کردووە، کاریان لەسەر رۆڵی میدیا بکردبایە، کە رۆڵی زۆر سلبی هەبووە بەوەی کە ژیانی ژنانی شنگالی خستۆتە بەر مەترسییەوە، تەئکید دەکەم لەسەر راپۆرتی کەناڵێك ئەو ژنانەی کە لە شنگال بوون دوور خراونەتەوە بۆ ﴿رقە﴾ کە ئێستا لە سوریایە، ئەو کاتەی کە لەبەر دەستی خۆمان بان دەمانتوانی کاری جیددی بکەین، بۆ ئەوەی کە میکانیزمێك دابنرایە و زووتر ئەو دانیشتنە بکرابایە بە تایبەتی کەیسی تایبەت بە ژنانی شنگال وەکو لە یاداشتەکەدا هاتووە، بۆ ئەوەی بمانتوایبایە کار لەسەر رزگار کردنیان بکەین، بەڵام لە ئێستادا بە پێنج پاس نێردراون بۆ شاری ﴿رقە﴾، چۆن کار لەسەر رزگارکردنی ئەمانە دەکەی؟ و ئەو ژنانەی ئێستا لە چیای شنگاڵ هیچ شتێکی تێدا نییە لەسەر ئەوانە، ئەی چۆن باس لە ژنانی شنگال نەکراوە کە ژمارەیەکی زۆر زۆر لە ژنان لەوێ دان و لەژێر هەڕەشەدان کە ئەو کارەستانە دووبارە بێتەوە یان هەڕەشەی برسێتی و توندوتیژی دەروونی، کە دەبوایە لەو راپۆرتەدا جیگەی تەواوی بکرابایە و کاری لەسەر ئەوە بکردایە کە چۆن هاوکاری بگەیێندرێتە چیای شنگال بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی لە مەترسی رزگار کرابان بە تایبەتی ئەو ﴿٢﴾ کۆپتەرەی لەهەرێمی کوردستاندا کار لەسەر ئەوە بکات کە رۆژانە ئەم هاوکارییانە بگەیێنرایەتە چیای شنگال و رۆژانە بتوانرایە ئەو ژنانە بگەڕێننەوە ناو هەرێمی کوردستان کە جارێکی دیکە تووشی ئەو قەیران و کارەساتە نەبنەوە کە ژنان لەسەرەتادا تووش بوونەتەوە، بەڕێزیان باسی سەردانەکەیان کرد بۆ بەغداد، دەبوایە بە تێرۆتەسەلی باسی ئەمە بوایە وەعدەکانی وەزیری کۆچ و کۆچبەران چی بووە بۆ ئەم ژنانە؟ یان وەزیری ژنانی ئەوێ بەڵێنەکانی چی بووە و هاوکاریکردنەکانیان چییە؟ چیان بە عەمەلی کردوە و بە نیازی چین کە ئێمە بەرچاو روونتر ببایین؟ و چیان کردووە لەگەڵ وەفدی خۆمان کە سەردانی

بەغدای کردووە؟ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە رێگای ئەو وەفدەوە جەخت بکەین لەسەر حکومەتی عێراق هاوکاری ماددی و سەربازی بکرێن، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ پێشمەرگە کار بکەین بۆ رزگارکردنی ئەو ژنانە لەم ناوچانەدا، جارێکی دیکە تەئکید لەسەر رۆڵی خراپی میدیا دەکەم لەبەر ئەوەی جارێکی تر راپۆرتی دیکەیان کردووە کە زۆربەی ئەو ژنانە گواستراونەتەوە بۆ هەندێ ناوچە کە لەبەر ئیعلام ناتوانین ناوی بێنین، بەڵام دەتوانین بیدەین بە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ کارکردن لەسەری، ئایا دەبوایە لەم راپۆرتەدا تەئکید لەسەر ئەوە کرابایە هەردوو وەزارەتی مەعنی «پێشمەرگە و ناوخۆ»،ئایا چ بەرنامەیك هەیە و چی دەتوانرێت بکرێت بۆ رزگار کردنی ئەو ژنانە و هاوکاریکردنیان؟ کە دەبوایە کاری پێویستیان لەسەر کرابایە و ئایا کار لەسەر ئەو نەکراوە لە راپۆرتەکەدا کە لە زستان ئەو ژنانە لە دۆخی زۆر خراپ دان بە تایبەتی رێژەی زۆری ئاوارەکان ژن و منداڵن؟ چ ئەوانەی چیای شنگال یان ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان دان، ئەو پێداویستییانە چین کە بۆیان دابین کراوە؟ یان ئەو بریندارانەی کە لە شەڕی داعش بریندار بوون و لە چیای شنگال ماون یان بە هۆی بریندار بوونیان لەهەرێمی کوردستان دان، چیان بۆ کراوە؟ کە دیسان لێرە کاری بۆ نەکراوە یا خود چیان کردووە لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان کە هاوکاری ئەو ژنانە بکرێت؟ و پێویست بوو لە راپۆرتەکەدا کاری جدی لەسەر کرابایە و جێگای کرابایەوە هەتاکو ئێمە بتوانین قسەی وردتر و جدی ترمان هەبوایە بە راستی من قسەم زۆر هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەخشەکە راستەوخۆیە ناتوانین، لەبەر ئەوەی ئامانجەکەمان قسەکردنە لەسەر دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنانی شنگال، بەڵام ئەگەر پەخشەکە ئاوا کراوەیە ناتوانین، لەبەر ئەوەی ژمارەمان لایە، ناومان لایە، ناتوانرێت قسەی لەسەر بکرێت و ئەو ژنانە ژیانیان نەخرێتە مەترسییەوە جارێکی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تەلار خان، زۆر لە جێگەی خۆیدایە رەچاوی ئەمە بکرێت کە زانیاری نەدرکێن بۆ ئەوەی سوء ئیستفادە لێیان نەکرێت، نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی لەو ماوەیە کردوویانە بۆ کۆکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانە و بەدەمەوە چوونی ئاوارەکان و بەتایبەتی ژنان زیاتر، بێگومان ئافرەتان بە درێژایی مێژوو رۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە بونیاتنانی کۆمەڵگا و شارستانییەتەکان و قوربانی زۆریان داوە لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست و خزمەتکار بۆ کۆمەڵگە، بەڵام بە داخەوە بەرامبەر بەو تێکوشان و قوربانیدانە کەمترین مافیان پێدراوە، نەك هەر مافەکانیان لێ زەوت کراوە، بەڵکو بەچەندەها شێوە ئازار دراون و توندوتیژیان بەرامبەر کراوە و بە چاوێکی کەمتر لە پیاوان تەماشا کراون، باس کردنی نەهامەتییەکانی ژنان مێژوویەکەی زۆر کۆنە و لە

هەموو سەردەمێكدا بوونی هەبووە، توندوتیژی دژی ژنان ناسنامەی نییە، بەڵكو لە هەموو جیهان بە كەلتووره جیاوازەكانەوە ژنان چەوسێنراون، ئێستا لە سەدەی ﴿٢١﴾، بەداخەوە جارێكی تر ژنان بە كوێلە دەكرێن و بازرگانیان پێدەكرێت، بەڵام ئەمجاره بە ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەكرێت و لە كاتێكدا ئەم كاره ئەوەندەی دژ ب ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ناشیرین كردنی ئاینە، هێندە دژی خۆدی ژنان نییە، چونكە پێغەمبەری خوا ﴿س.خ﴾ دەفەرموێت: ﴿ما اكرم مهن الا الكريم و مامهن نهن الا اللئيم﴾، واتە: ئەوەی ڕێز لە ئافرەت دەگرێت خۆی بەڕێزە و ئەوەی بێ ڕێزی بەرامبەریان دەكات خۆی بێ ڕێزە، بۆیە ئەوەی بەسەر ژنانی ئێزدی و مەسیحی لە شنگال هات ناخی هەموو مرۆڤێكی ویژدان زیندووی هەژاند، بۆیە پێویستە پەرلەمانی كوردستان بە جدی كار لەسەر ئەو دۆسیەیە بكات و لەم كۆبوونەوەیە بە دەرئەنجامی باش دەربچین، بۆ ئەوەی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان چییان لە دەست دێت بیكەن، چەند پێشنیارێك لەسەر ئەم كەیسە دەخەمە ڕوو، یەكەم: پێویستە داتای ورد لەسەر قوربانیانی ئەو كەیسە كۆبكرێتەوە و بە دۆكۆمێنت بكرێت، دووەم: ئەو ئافرەتانەی ڕزگار بوون و انشاءالله سەرجەمیان لەدەستیان ڕزگار دەبن لە بوارێكی دەروونی خراپدان، بۆیە پێویست دەكات كە ڕێكخراوەكان ناچار بكرێن خەبیری نێودەوڵەتی بێنن كە لەسەر ئەو بواره كار بكەن، چونكە بە پێی زانیارییەكان ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان پارەی زۆریان وەرگرتووە لەسەر ئەو كەیسە و وەكو پێویست بە ئەركی خۆیان هەڵنەستاون، سێیەم: پشتگیری لە قسەكانی ﴿تەلار خان﴾ دەكەم بۆ بەدەمەوەچوونی ئەو خێزانانەی تا ئێستا لەچیا ماونەتەوە، خاڵێكی تر كاركردن لەسەر ئەم كەیسە بودجەی زۆری پێویستە،بۆیە پێویستە ئەو تەكلیفە بخرێتە سەر حكومەتی عێراق كە قەرەبووی ئەو ژنانە بكرێتەوە و ئەو خێزانانە بكرێتەوە كە ئاواره و دەربەدەر بوون و تووشی توندوتیژی و نەهامەتی بوون، خاڵێكی تر لەسەر میدیاكان كە ﴿تەلار خان﴾ باسی كرد دووبارەی ناكەمەوە كە پێویستە میدیا ڕۆڵی بەرپرسیارنە ببینێت لەم بوارانە، خاڵی تر پەرلەمان پێشنیار بكات لە حكومەتی هەرێم كە ئەو ژنانەی ڕزگار دەبن لە كاتی لێكۆڵینەوە لەگەڵیان موحەقیقی ئافرەت دابنێن، بۆ ئەوەی كە بە تەواوی زانیارییەكانیان لێوەربگیرێت، چونكە هەندێك لەو ژنانە ئێمە بە خۆمان گوێمان لێیان بووە كە ئەو كێشەیان هەیە لە كاتی لێكۆڵینەوە جگە لەوەی كە لێكۆڵینەوەی زۆریان لەگەڵدا دەكرێت و چەند جار بانگ دەكرێن كە بە خۆیان لە ڕووی دەروونییەوە بێ تاقەتن و ئەو لێكۆڵینەوەیە جارێكی تر باری دەروونیان تێكدەدات، خاڵی تر بێگومان هێزەكانی هاوپەیمانان زانیاریان هەیە لەسەر شوێنی ئەو ژنانە، بۆیە دەتوانن بەهەر ڕێگایەك بێت دەرفەت بڕەخسێنن كە ئەو ژنانە بتوانن ئەگەر ڕێژەی كەمیشیان بێت خۆیان ڕزگار بكەن، چونكە هەندێك لەوانەی كە ڕزگاریان بوو بەو شێوەیە رایان كردووە لەكاتی قەسف یان بارودۆخی شەڕ لەو ناوچانە توانیویانە دەرفەتێك وەربگرن و خۆیان ڕزگار بكەن لەسەر ڕاپۆرتەكەی ئەو بەڕێزانە، ﴿٢﴾ تێبینیم هەیە پێم خۆشە ئاماژەی پێبدەم، یەكەمیان: لە پێشەكی ڕاپۆرتەكە باس لە بارودۆخی ژنان دەكات لە كوردستان هەرچەندە من لە سەرەتاوە باسی ئەوەم كرد بە ڕاستی نكۆڵی ناكرێت لەوەی كە توندوتیژی زۆر هەیە لە كوردستان بەرامبەر ئافرەتان، ئەگەر تەنیا

ژنێکیش توندوتیژی بەرامبەر بکرێت بەس تەنیا لەبەر ئەوەی ژنە بەراستی زۆرە کە ئەمە ببێت، بەڵام بە رای من هەندێك زیادەڕەوی تیایدا کراوە لە وێناکردنی بارودۆخی ژنان لە هەرێمی کوردسان و من پێم وا نییە کە کۆمەڵگە و خێزان لە هەرێمی کوردستان یەکجار بەو شێوەیە بێت کە لە راپۆرتەکەی بەڕێزیان دەڵێت: کەم ژن هەیە لە لایەن کەسانی نێزیکییەوە هێرشی فیزیکی نەکرابێتە سەر، وێناکردنی کۆمەڵگای کوردی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەم شێوەیە بە رای من کارێکی باش نییە، دووەم: بەڕێزان داوای ئەوەیان کردووە کە هەمواری یاسای توندوتیژی خێزانی بکرێت کە بە رای من ئەوەندەی کێشە لە جێ بە جێ کردنی یاساکە وەکو خۆیە ئەوەندە کێشە لەوە نییە کە پێویستی بە هەموار بێت، لەوانەیە لەکاتی جێ بە جێ کردندا زیاتر دەربکەوێت کە پێویستی بە هەموارە، بەڵام ئەوەی کە کێشەیە یاساکە وەکو خۆی نەچووەتە بواری جێ بە جێ کردن، کەواتە پێویستە داکۆکی بکەین کە هەم یاسای توندوتیژی خێزانی و هەم یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی راگەیاندن وەکو خۆی بچێتە بواری جێ بە جێ کردن و کاری لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەژییە بێژین دڤی وەختیٚ دا کو ماویٚ ﴿١٦﴾ رۆژێن چالاکیێن هەڵمەتا بەرەنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتان کە دەست پێکریە ل ﴿٢٠١٤/١١/٢٥﴾ ئەو ژی دکەویتە رۆژا جیهانیا توندوتیژی دژی ئافرەتان و ب دوماهیك دێت ل رۆژا ﴿٢٠١٤/١٢/١٠﴾ کو دکەویتە رۆژا جیهانییا مافیٚ مرۆڤیٚ، پێویست بۆ ئەو دانیشتنە و زۆر پێویست بوو ئەگەر ل رۆژا دانیشتنا سێشەمبییا چوویی کو ﴿٢٠١٤/١١/٢٥﴾ بوو ئەو بابەتە هاتبا گفتوگۆ کردن، دەستخۆشیێ ل لیژنا داکۆکیکرن ل مافیٚ ئافرەتیٚ بۆ ماندیبوون و حازرکرنا ڤیٚ راپۆرتیٚ، من ژی هندەك تێبینی هەنە، ئێکەم: ل لاپەرا ﴿٣٠﴾ ل ڤیٚ راپۆرتیٚ کو بەحس کریە ﴿لە کاتێکدا لە روانگەی تیرۆریستانی داعش ئێزدییەکان خەڵکانێکن دەبێت دەستبەرداری ئاین و کولتووری سەدان ساڵی خۆیان ببن﴾، ئەز وەسا دبینم بابەت زێدەتر نەتەوەییە نەك ئایینیە و لێرە بەس ئیشارەت ب ئاینیٚ هاتیە دان، چونکی توندوتیژی بەس بەرامبەر کەسانێن مسلمان ژی کرییە نەك بتنیٚ ئیزدی و مەسیحی، دووەم: هەژی گوتنێیە دەسخۆشی بۆ رێڤەبەرییا گشتییا ساخلەمییا دهۆکیٚ کو براستی رۆلەکا زۆر مەزن هەبوویە هەر ل رۆژا ئێکی ب هاتنا ژمارا زۆرا ئاواران بۆ پارێزگەها دهۆکیٚ ب تایبەتی ﴿د. نزار عصمت﴾ کو هندە بابەت ب گرنگی وەرگرتییە و ئەڤرۆ ل ئێرە ژی ئامادەبوویە و ب خێرهانا جەنابیٚ وی دکەین کو وەك پزیشك نەك بەس وەکو رێڤەبەر، شەڤ و رۆژ دناڤ ئاواران دا بی و ئەرك و رۆڵەکیٚ زۆر مەزن لیٚ دیار بوو، سێیەم: بۆچی حکومەتا عێراقا فیدرالٚ ب ئەرکیٚ خۆ نەرابییە؟ و بڕیار بی مووچەیەك ژ لایێ وان بێتە تەرخان کرن بۆ ئەو ئافرەتێن تووشی ئەو کارەساتە بووینە و هەروەسا هنارتنا هندەك کەل و پەلان بۆ وان ئافرەتان پشتی سەرەدانا شاندیٚ لژنا مافیٚ ئافرەتیٚ بۆ وەزارەتا ژنان ل عێراقا فیدرالٚ و پەرلەمانیٚ عێراقیٚ، پێش ڤیٚ سەرەدانیٚ ئەوان هیچ ئاگەه نەبوو لسەر ڤی وەزعی و ل سەر ڤیٚ کارەساتی خۆ بێدەنگ کرییە، پێویستە د راپۆرتیٚ دا بەحسیٚ لاوازییا رۆڵیٚ عێراقا فیدرالٚ هاتبا کرن، چوارەم: ل برگا نەهیٚ ل ڤیٚ راپۆرتیٚ بەحسی دابین کرنا تیمێن پسپۆر و

تایبەت بۆ شیاندنەوەی باری كۆمەڵایەتی و دەروونی، ئەز دێ بەحسێ پارێزگەها دهۆكێ كەم كو سەنتەر هاتینە وەكرن كو ئەو سەنتەر یەكەیا دەروونی و كومەڵایەتی و ساخلەمی جودانە و پێشنیاردكەم ئەو یەكە هەمی د ئێك سەنتەردا كۆم ببن، كو ل دویف راپۆرتا ﴿ڤیان خان﴾ێ ئەو راپۆرتا ئامادە كری ب هەڤكاری دگەڵ وان سەنتەران، دیار بی كو ژمارا ئەو ژنێن سەردانا وان سەنتەرا كری ژمارا وان جودایە و رامانا ڤێ چەندێ هندەك ئافرەت شێن سەردانا هندەك سەنتەرا بكەن و نەشێن سەردانا هندەك سەنتەرێن دی بكەن و ئەگەر ئەو یەكە كۆم ببن د سەنتەرەكێ دا دێ بۆ وانا ئاسانكاری دروست بیت و دێ شێن سەردانا هەمی سەنتەرا بكەن، پێنجەم: ل راسپاردادا من هندەك ئیزافە هەنە، ئێك ژ وانا كو بابەتێ رەڤاندنا كچ و ژنێن كورد و هەروەسا ئەو كچە دیاركرینە كو كەرەستەنە و نەمرۆڤن د دەستێ وان توندرەواندا و رابینە ب ئازاردان و بەڵافكرلانا وان ل سەر ئەمیر و چەكدارێن خۆ و كرێتكرن و كرین و فرۆتن و بكارئینانا وان وەكو جاریە ل چەرخێ بیست و ئێكێ دا ل ساڵا ﴿٢٠١٤﴾ێ دا بازرگانی ب مرۆڤان هاتییە كرن و دڤێت حسابەكا جودا بۆ جینۆسایدكرنا وان بهێتە كرن نە ل گەڵ بابەتێ شنگالێ ب شێوەیەكێ گشتی، دووەم: وەك ئەم ئاگەهدارێن زێدەباری هاریكاریێن ماددی یێن لژنێ، ﴿ڤیان خان﴾ وەكو ئەندام پەرلەمانەك و وەكو ئەندامەكا لیژنێ و وەكو شەخس زۆر هاریكاریێن ماددی و مەعنەوی بۆ وان ژنێن رزگار بوویی ژ دەستێ داعش كرییە، پرسیار ئەڤەیە بۆ لژنا داكۆكیكرن ل مافێ ئافرەتێ ل لژنا پەرلەمانێ بۆچی وە ئیشارەت پێنەدایە؟ پێویستە ئەڤ ژی ل راپۆرتێ هاتبا نڤیسین و وەك رێزگرتن بۆ ماندیبوونا وێ نەك ب تنێ شەفەهی بەحس لێ هاتبا كرن، سێیەم: ژ حكومەتا هەرێما كوردستانێ بخوازن كو سەنتەرەكێ شارستانی كو هەمی بیاڤێن ساخلەمی و دەروونی و مرۆڤایەتی بخۆڤە بگریت بۆ وان ڤەكەت كە پێشتر من بەحس و روون ڤەكری دڤێت ل راسپاردادا ئیشارەت پێ بهێتە دان، چوارەم: هەرچەندە وەزارەتا روشنبیری بریارەك دەر كربوو كو نابیت ئەو ئافرەتێن هاتینە رزگار كرن ژ دەستێ داعشدا ببیتە بابەتێن راگەهاندنێ و چاڤپێكەوتن ل گەڵ وانا بهێتە كرن، ژ بەر كو كارتێكرن لسەر دەروونێ وان نەهێتە كرن و پێدڤییە پەرلەمانێ كوردستانێ ژی ئەگەر ئەو راسپاردێن هە ببنە بریار ئەڤ ژی ئێك ژ خالا بیت و تەئكیدێ لسەر بكەت، ل دوماهیكێ سلاڤ ژ ئیرادە و بێ گوناهییا ژن و كچێن كورد ب تایبەتی یێن ﴿ئێزدی و مەسیحی و شەبەك﴾ كو پاڤژیا وان ئەڤرۆ جیهان شەرمەزار كری، سلاڤ ل وان شەرڤانێن ژن كو مل ب ملێ پێشمەرگەی ئەڤرۆ خەباتێ دكەن بۆ پاراستان نامیسا مە ل جیهانێ، ب خەباتكرنا خۆ سەرسوڕمان كری و بژی كورد و كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، دەكرێت هەندێك لەو پێشنیارانەی لای خۆتان هەیە بە نووسراو بدەنە لای لیژنە بۆ ئاسانكاری، فەیرۆزخان فەرموو،

**بەڕێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ لژنا داكۆكیكرن ل مافێن ئافرەتێ بۆ تەرخان كرنا ڤێ راپۆرتێ بەس پێشی ئەز ئەو پێشنیارێت من هەیە بخوێنم، من دڤێت ئەو ئاخفتنێت سەرۆكا لژنێ كرین كو كەس بەدواداچوون نەكرییە لسەر كەیسا ژنا رەش ببیتەوە ل پرۆتۆكۆلێ، چونكە مە لژنا مافی مرۆڤ كارێ جددی لسەر یا كری و تاكو لاهای یا چووی و هەروەها بۆ زانین مە لژنا مافێ مرۆڤ بڕیار دایە و لژنەكا دروست بووی كو سەرەدانا

چیایێ شنگالی بکەین بەس لبەر جەو و سەڤای هەتا نوکە نەشیاینە بچین، ئەو پێشنیارێت مـن هـەی، ئـەو قانونـا نووکـە هـەی قانونـا توندوتیـژی دگـەڵ خێزانـێ یـە زۆر یـا تـەناقوزە، چـونکە نـاڤێ رێڤەبـەریێ رێڤەبەریا توندوتیژی دژی ئافرەتێ یە، پێشنیار دکەم کە ئەو رێڤەبەرییە بهێنـە گهـورین بـۆ رێڤەبـەرییا توندۆتیـژی دگـەڵ خێزانـێ، چـونکە دگـەڵ قـانونێ یـا دروسـت نییـە و قـانون نییـە دژی ئـافرەتێ، دووەم: حاکمێن موختەس هەبن بۆ ڤەزیێن توندوتیـژیێ دژی ئـافرەتێ هەروەسـا ل یاسـایا بـەرەنگاریا توندوتیـژی دژی ئافرەتێ کو دادگەهەکا تایبەت هەبیت و هەتا نووکە ئەو دادگەهـ نینە، پێشنیار دکـەم کـو سـەنتەرەکێ تایبەت بۆ وان ئافرەتا هەبیت ئەوێن کو توندوتیژی دگەڵ دهێتە کـرن کـە تێکـەڵ نـەبن دگـەڵ یـێن دیکـە، چوارەم: ل پارێزگەها دهۆکێ ل نـاڤ رێڤەبـەریا توندوتیـژێ دا سـەنتەرەك هەیـە یـێن راوێـژکاری خێزانـی گەلـەك سـەرکەفتی، بۆیـە دکارێ خـۆ دا پێشـنیار دکـەم ئـەو سـەنتەرە ل هـەردوو پارێزگـەهێن دیکـە یـێن هەولێر و سلێمانییێ بهێتە ڤەکرنن، نووکە هەندەك پێشـنیارێن دیکـە مـن یـێن هـەی سـەبارەت ب کەیسـێن ئافرەتێن شنگالێ، پێشەکی من دڤێت دەستخۆشی ل سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردسـتانێ بکـەم بـۆ ڤـەکرنا نڤیسینگەهەکێ ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ کارکرن ل رزگارکرنا وی خەڵکی کو ل دەسـتێ داعشـدایە کـو رزگـار کرن و پێشنیاردکەم کە کارێ جدی تر بێتە کرن کـو ئـەو ژن و کچێن هێشـتا مـاین لـە دەسـتێ (داعش)یێـدا بێنە رزگار کرن، دوو: پێشنیار دکەم کو پەرلەمانێ کوردستانێ داخاز لە حکومەتا هەرێما کوردستانێ بکات بۆ ڤەکرنا سەنتەرەکی شارستانی لە هەمی لایەکی ڤە وەکی (د.شیرین) ئیشارەتی پێدا سـاخلەمیێ دەروونـی و مرۆڤایەتی بۆ ژنـان، چـونکە بارێت دەروونیـێ وان ژنـان زۆر خراپـە، نەشـێن سـەنتەر سـەنتەر بچـن بـۆ چارەسەریێ، سێ: دابین کرنـا بودجەیـەکی تایبـەت بـۆ هاریکاریـا وان ژنـان ئـەوێن لـە دەسـتێ تیرۆریسـتێن (داعش) بووینە قوربانی، بە تایبەتی ژن و کچێن شنگالێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەڤێت نڤیسین، بەڕێزت دەشێی ئەڤ پێشنیارێت نڤیسی بدەییە لیژنە.

**بەڕێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، باشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنـەی داکۆکیکردن لـە مافـەکانی ئـافرەت دەکـەم بـۆ ئامـادەکردنی راپۆرتەکـەیان لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانیان مەیـدانی و داکـۆکیکردن لـە هاوڕەگـەزەکانیان کـە خـۆی لەخۆیـدا داکۆکیکردنە لە ئازادییەکان و مافێ مرۆڤ و دیموکراتییەت و بیری پێشکەوتن خوازی، راپۆرتەکە دوو بابـەتی گرنگـی لە یەك راپۆرتدا کۆکردۆتەوە، لە ئاکامیشدا مـافی تـەواوی بـە هـەردوو بابەتەکە نـەداوە بـە پێـی پێویست، بابـەتی

ژنانی ئێزیدی پێویستی بە توێژینـەوەی تایبـەت و هـەنگاوی هەنووکـەیی هەیـە، لـە راپـۆرتێکی تایبەتـدا سـەرەنجی حکومـەتی بـۆ رابکێشـرێت بـە مەبەسـتی دانـانی نەخشـە رێگایـەکی عەمـەلی کـە حکومـەت بـە هاوکـاری رێکخـراوە مەدەنییەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاری بۆ بکات، سەبارەت بە سەرەتای راپۆرتەکـە بـە چـەند پـەڕەگرافێك ئاماژە بـۆ سـەرەتای راپـەڕین و شـەڕی نـاوخۆ دەکات، پێموایـە پێویسـت ناکات لـە راپۆرتێـك بـاس لـە حاڵەتـەکانی توندوتیـژی و قـانونی بەرەنگاربوونـەوەی توندتیـژی خێزانـی بکـات بگەڕێتـەوە بـۆ راپـەڕین و شـەڕی نـاوخۆ، یـان هەندێك ئاماری نادروستی تێدابێت کە بە سەدان ژن دەکوژرێن و ژمارەی ئەو ژنانەی کـوژراون و بوونەتـە قوربـانی لە ژمارەی قوربانیانی شەڕی ناوخۆ زیاترن، کارێکی باشە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لەم راپۆرتەدا سـوود لە رێکخراوی مەدەنی یان هەندێك فەرمانگەی حکومی وەربگرێـت، بـەلاّم پێویسـتە داتـا و ئامارەکان لەسەرچـاوەی سـەرەکی و فـەرمی وەربگیرێـت، نـەك لـە رێکخراوێکـی مـەدەنی، بـە تایبـەتی ئامـاری توندوتیـژی کـە دەبوایـە لـە بەڕێوەبەرایيـەتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی وەك دەزگایيـەکی فـەرمی و تایبـەتی وەربگیرێـت، سـەبارەت بـە تێبینی کە هەندێك نموونەی توندوتیـژی هەیـە و لـە نموونـەکانی یاسـای ژمـارە (٨) نەنووسـراوە، یاساکە پێناسـەی چەمکی توندوتیژی کردووە و هەموو حاڵەتـەکانی دەسـت نیشـان نـەکردووە، چـونکە ناکرێـت سـەرجەم حاڵەتـەکان دەست نیشان بکرێت و ئەو نموونانەش بە مەبەستی گردکردنەوەی دیاردە و پێناسەکە لـەو نموونانـە نییـە، چـونکە ناکرێـت کۆمـەڵگای پیـاو سـالاری بـەردەوام شـێوازی نـوێ و توندوتیـژی دەبینێتـەوە، بۆیـە ئەمـە بـە کـەم و کـورتی دانانرێت، بەڵکو سیفەتی ئیجابی لە یاساکە کە لە پێناسەی توندوتیـژی پێـوەری بـۆ دانـاوە، هـەر لـەم بـوارەدا دەبـێ بڵێین چەمکی وان نییە لـە یاسـادا کـە ئـەم یاسایە مەعنەوییـە هـەر وەکـو لـە راپۆرتەکـەدا هـاتووە، بـەڵکو دەبوایـە لیژنەکـە لەسـەرەتای دەسـت بەکاربوونیـەوە لـە کۆبوونەوەیـەکی تایبەتیـدا و وەك لیژنـە دیراسـەتی ئـەم قانونـەی بکردایە، پشتی نەبەستبوایە بە تێبینییەك لەوانەیە لە ریکخراوێکـی مـەدەنی پێشکەشـی کرابێـت و دەقیـق نـەبێت، پێویست بوو لیژنەی داکۆکیکردن لە مافـەکانی ئـافرەت سـەردانی دەسـەلاّتی دادوەرییـان بکردایـە بـۆ زانـینی کـەم و کوڕییەکان، چونکە بەشێك لە جێبەجێ نەکردنی یاسای ژمـارە (٨) دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـەلاّتی دادوەری، نـاکرێ داوا لـە حکومـەت بکـرێ کـە لـە راپۆرتەکـەدا هـاتووە دادگـا دروسـتی بکـات، لـە تێبـینی لیژنەکـەدا هـاتووە کـە دادگـای تایبەتمەند لە یاساکە سروشتەکەی دیار نییە، لە کاتێکدا ئەم دادگایە دادگای تەحقیقییـە، هەنـدێ هەڵـەی عەمـەلی دێتە پێشەوە کە دەبێت دەسەلاّتی دادوەری ئاگاداری بێت، بۆ نموونە هەنـدێك جار دوو بـرا لەسـەر پـارە یـان قـەرز شەڕ و دەمەقاڵێیان دەبێت و سکالاّی کەیسەکە دەبەنە بەردەم ئەم دادگایە، یان هەندێك جار کەیسی باری کەسیەتی دەبەنە بەردەمی ئـەو دادگایـە، یاسـای ژمـارە (٨) پێویسـتی بـە هـەموارکردن نییـە بـە بـڕوای مـن، یەکێکـە لـە یاسـا باشەکانی دەوڵەتانی رۆژهـەلاّتی ناوەراسـت، ئـەوەی پێویسـتە بـوونی رێنماییـە لـە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە، چـونکە یاساکە ئەرکی بۆ کۆمەڵێك وەزارەت تەرخان کردووە، لەوانە وەزارەتـی نـاوخۆ، کاروبـاری کۆمەلاّیـەتی، تەنـدروسـتی، داد، رۆشـنبیری و لاوان، بایەخـدان و کـارکردنی رۆڵـی شـەڵتەرەکان لـە رێگـای وەرگرتنـەوەی لـە وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەلاّیەتی و دانانی بە شێوازی ئیـداری لەسـەر ئەنجومـەنی وەزیـران نایەتـە دی، ئەمـە تـەنها ئیجرائێکـی ئیـداری شـکلی دەبێـت، گـرنگ ئەوەیـە بالاّخانـەی نموونـەیی بـۆ شـەڵتەرەکان دروسـت بکرێـت کـە پێداویسـتییەکانی تێیـدا مسۆگەر بکرێت و سیستەم و رێنمایی گونجاوی بۆ دەربکرێت بـە جۆرێـك نهێنی ئـەو شـوێنانە بپارێزرێـت و کـادری لێهاتوو کە لـە ئەرکەکـەی ئـەو شـەڵتەرانە تـێ بگـات و دابنرێـت بـە جۆرێـك کـە بـە چـاوی کـەم و عەقلییـەتی بـاو تەماشای ئەو ژنانە نەکرێت کە پـەنا دەبەنـە بـەر ئـەو شـەڵتەرانە، بـەڵکو لـە روانگـەی ئـەوەی ئـەو ژنانـە قوربـانی

توندوتیـژین و پێویسـتییان بـه پاراسـتنی کۆمـەڵگا هەیـە، سـەبارەت بـە ژنـانی ئێزیـدی کـە دووچـاری توندوتیـژی هەمەجۆر بوونەتەوە، پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتە بکرێت لە چوارچێوەی نەخشە رێگایەك كـە متمانـە بـۆ کەسـایەتی سـەرجەم تـاکێکی ئێزیـدی بگەڕێنێتـەوە، بـە جۆرێـك کـە تـاکی ئێزیـدی هەسـت بـە هـاووڵاتی بـوونی کوردستانی بکات، بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە بە دەرەجە دوو تەماشا نـەکرێت، ئەمـەش وا دەخـوازێ کـە حکومـەتی هەرێم نەخشە رێگای فریاکەوتنی هەبێت کۆمەڵێك وەزارەتی تێیـدا بەشـدار بێـت و تەماشـای ئـەم کـارە بکرێـت لـە چوارچێوەی گەشـەپێدانی ناوچـە ئێزیدیـە نشـینەکان و لابردنـی هـەموو شـێوازێکی پەراوێزخسـتن لەسـەر تـاکی ئێزیدی، بە نیسبەت ئەو ژنانەی کە دووچاری دەست درێـژی بوونەتـەوە، پێویسـتە بایـەخێکی پزیشـکی تایبـەتییان پێ بدرێت، بە تایبەتی لە بواری دەروونییەوە، لە نێو تێکڕای کۆمـەڵگای کوردسـتان ئـەو تێڕوانینـە بـڵاو بکرێتـەوە کە ناکرێت بڕوانینـە چـەمکی شـەرەف لـە چوارچێوەی دەسـت درێـژی سیکسـی، چـەمکی شـەرەف زۆر لـەو بابەتـە گەورەترە و بریتییە لە نیشتیمان پەروەری و دووربوون لـە گەنـدەڵی و پاراسـتنی سـەروەت و سـامانی میللـەت، لـەم بوارەشـدا مەرجـەعی ئـاینی ئێزیـدی کـاری خـۆی کـردووە و پێشـوازی لـە قوربانیـەکانی توندوتیـژی دەکـات و پێویستییان بە لیژنەی ئەوقاف نییە، لیژنەی ئەوقاف پێویستە کار لەسەر رۆشنبیرکردن بە قـەبولی ئـاینی ئێزیـدی وەك ئاینی رەسەنی کوردستان بکات و بوار نەدات لە بڵند گۆی هەندێ مزگەوتـەوە، یـان هەنـدێ دەزگـای راگەیانـدن ئێزیدی بە کافر لە قەڵەم بدرێن، یان هەندێ کەس باس لـەوە بکـات کـە ئـەو ئێزیدییانـەی لـە پێنـاوی کوردسـتاندا دەمرن، شەهید نین و ناچنە جەنەتەوە، جارێکی تـر دەستخۆشـی لـە ئەنـدامانی لیژنەکـە و ئەنجامـدانی کارەکانیـان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (ابو کاروان)، خوازیارین لە ئێوەی بەڕێز رەچـاوی کـاتیش بکـەن، بـە تێـرو تەسـەلی، بەڵام بە کورت و پوختە باس بکەن، بەڕێز ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من وێڕای ئەوەی کە پشتیوانی زۆربەی قسەکانی (تەلار خان، کاك ابو کاروان) دەکەم، بە تایبـەت ئـەو قسـانەی ئەخیری، من قسەکانی ئەوان دووبارە ناکەمەوە، بەڵام لەوانەیە ئیزافەتێکم هەبێت بۆ سەر ئەوە، لەسـەر مەسـەلەی بڵێین ئافرەتانی شنگال من هیچ قسەیەکم نییە، لەبەر ئەوەی ئێمـە بـە کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی و توندوتیـژی دژی ئافرەتی نابینم بەراستی، ئەمـە شـتێکی زۆر لـەوە گـەورەترە، مەبەسـتم ئەوەنییـە کـە توندوتیـژی کـردن بەرامبـەر ئافرەت شتێکی بچووکە، بـەڵام ئەمـە لەسـەر ئاسـتی نیشـتیمانییە، توندوتیـژی لـە هـەموو دونیـا بەرامبـەر ئـافرەت دەکرێت کە هەموو مرۆڤێکی دیموکراتخواز و مرۆڤدۆست بە تەئکیـد ئـەو دژیـەتی، بـەڵام حاڵـەتی ئـەو تەعامولـەی ئـەو شـێوە رفتـارەی کـە لەگـەڵ ئافرەتـانی ئێزیـدی کـراوە بـە عـام ئەمـە دەچێتـە قـالبێکی زۆر گـەورەی سیاسـی و ئاڵۆزەوە کە پێی دەڵێن جینوساید، بۆیە من هیچ مولاحەزەیەکم نییە لەسـەر ئـەوە، دەستخۆشـی دەکـەم لـەو لیژنـە بەڕێزە کە بەراستی ماندوبوون، لەوانەیە من هەندێك لە کارەکانیـان خـۆم لـە نزیکـەوە موتابەعـەم کردبـێ، یـەعنی دەزانم کـە زەغتێکـی سـایکۆلۆجی زۆر لەسـەر ئـەم بەڕێزانـە بـووە کـە لـە لیژنەکـەدان، کـە لەوانەیـە لـە پرۆسـەی کۆکردنەوەی زانیاری چەند بە مەنتیق بیریان کردبێتەوە، لەوانەیە ئەوەندەش گریابن، بۆیە مـن بـاس لـەوە ناکـەم،

بەلاّم دوو، سێ شتی سەرەکی هەیە کە حەزم دەکرد لە راپۆرتەکە زێدەباییەکی کاری خەڵکی تری تێدابێت کە لە پێش ئەم لیژنە پەرلەمانییە، یەعنی یلێین (لیژنەی پەرلەمانی خولی پێشوو، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان) ئەوەم نەبینی، موشکیلەی گەورە بە بۆچوونی بەندە لە دوو، سێ شوێنە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئەو رێکخراوانەی کە بالاّ دەستن و هێزی مادییان هەیە، تەنزیمییان هەیە، ئەو رێکخراوانە هەموو خێرەکەیان دەڕژێتە ناو ئەستێڵکی حیزبەوە، من مەبەستم لێرەدا لەوەنییە کە حیزبی سیاسی نابێ رێکخراوێکی ئافرەتان هەبێت کە پشتیوانی لە بۆچوون و ئایدۆلۆجیای بکاتن ئەوە لە ئەوروپاش هەیە، رێکخراوی سۆشیال دیموکراتی ئافرەتان هەیە مەسەلەن، زۆر تەبیعییە، بەلاّم مەسەلەکە چییە رێکخراوە لەم کۆمەڵگەیەدا ناتوانێ دەوری داکۆکیکەرێك ببینێت لە مافی ئافرەت، ئێمە شایەدی ئەوەین کە لەم هەولێرەدا ئافرەت هەیە یان سووتاندوویانە یان مەجبوریان کردووە خۆی بسووتێنێ، هیچ فەرقی نییە ئەو دووانە، یەعنی تۆ یەکێ بە دەستی خۆت بیسووتێنی، یان ئەوەندە زەغتێکی سایکۆلۆجی بخەیتە سەری وێرانی بکەی بچێت تەنەکەیی نەوت بە خۆی دابکات، ئەوە هەردووکی قەتلە، لەم هەولێرەیەدا شتی وا رووی داوە، ئافرەتەکەیان کوشتووە بردوویانە دەرەوەی شاری هەولێر بە مەردوویی فیشەکێکیان ناوە بە تەپڵی سەرییەوە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ژنان و ئەمانە هەمووی زۆر باش زانیویەتی یەك کەس نەیتوانیوە دیفاعی لێبکات بۆچی؟ لەبەر ئەوەی قوەتێکی لەپشت بووە ئەم کابرایەی کە ئەمەی کردووە، ئینجا بۆیە ئەوەی (کاك ابو کاروان) وا بزانم کە فەرمووی مەسەلەی دانانی قانون و ئەوەندە قانون کەڵەکەکردن لەسەر یەکتری ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت بەڕێوەبەرایەتییەکی بڵێین ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتانیان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ ئایا ئەمە تا چەند ئەکتیڤە؟ ئایا حاکمەکان تا چەند لەگەڵ ویژدانی خۆیان و خوای خۆیان و لەگەڵ قانوندا راست گۆن؟ ئەو کەیسانەی کە دێتە بەردەمیان چۆن تەعامولی لەگەڵدا دەکەن؟ ئەو رێکخراوانەی تر کە دەمێننەوە کە لە دەرەوەی رێکخراوە حیزبیەکانن ئەوەندە بێ دەسەڵات و بچووکن هەم لەلایەن مادییەوە، زۆرجار کرێی ئەو بینایەیان پێ نادرێت کە تێیدا دادەنیشن، ئەو چالاکیانەی کە پێویستی بە پشتیوانییەکی مادی هەیە، لۆجیستیکی هەیە، یەعنی لە ئۆتۆمبیلەوە، لە کەرەستەی ئیستینساخ کردنەوە، لە مەسەلەی پەیوەندیکردنەوە، تەلەفۆنات، هەتا سەفەرکردن، ئینجا ئەمە لایەنە تەنزیمیەکەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە، شتێکی تر دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا نییە لە بەینی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینی، یەعنی زۆر گرنگە مامۆستایەکی ئاینی کە لە مزگەوتێکدا رۆژی جومعە خوتبە دەدات (٢٠٠) کەس گوێی لێ دەگرێت سیقەی بە عەقلیەتی، ئەگەر ئەو بە هەرەمەکی گوتی خوای گەورە چرای سەوزی داوە بە پیاو چوار ژن بێنێت ئەوە فەرمایشتەکەی خۆی و ریسالەکەی خوای گەورە بە درۆ بۆ ئەو (٢٠٠) کەسە دەڵێت، ئەو (٢٠٠) کەسە ئەو مەرجعییەتی، بۆیە بڕوا بەو دەکەن، بەیانی دەچن ئەمە تەتبیق دەکەن، ئەو ناڵێ ئەو چوار ژنەی کە لە ئیسلامدا خوای گەورە رێگەی داوە بە چ پرۆسەگیرێك رێگەی داوە؟ ئەگەر ئەوە پیادە بکەی لە (٥٠٠٠٠) پیاو یەك پیاو حەقی ئەوەی نییە ژنی یەکەمی هەیە بکات بە دوو، بەلاّم ئەوە پیادە ناکرێت، مەسەلەیەکی تر دیسان دەوری مامۆستایانی ئاینی و نەبوونی دیالۆگە لە بەینی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینی، مەسەلەی زینایە، تەعریفی ئەخلاق و ناموس لە وڵاتی ئێمەدا (کاك ابو کاروان) دەستی خۆش بێت باسی کرد، لای من شەرەفی مرۆڤ، نیشتیمانەکەیەتی، ئازادی مرۆڤە، زۆر سەیرە ئەگەر ئافرەتێك خیانەتی زەوجی لە پیاوەکەی بکات دەبێت سەنگەسار بکرێت، پێی دەڵێن ناموسی نییە، پێی دەڵێن شەرەفی نییە، بەلاّم ئەگەر پیاوێك لە پشت ژنەکەیەوە لەگەڵ پێنج ئافرەتدا عیلاقەی هەبێت بەرخی نێرە هیچ

موشكیله نییه، ئەمە تەعریف كردنی ئەخلاق لە كۆمەڵگەی ئێمەدا پێویستی بە ریفۆرم و پێداچوونەوە هەیە، مامۆستایانی ئاینی بە تایبەتی ئەوانەی كە ئەندامن لە پەرلەمانی كوردستان ئەركی سەر شانیانە ئەم ئەمرە بە مەعریفە بكەن، لەبەرامبەر خوێدا بیكەن، ئەگەر ئێمە حەزمان لێ بێت ئەم كۆمەڵگایە كۆمەڵگایەكی فرە رەنگی و ئیسپاتی پێكەوە ژیانی پێوە دیاربێت، بەس ئەركی پەرلەمان نییە ئەمە بكات، ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشە، وەزارەتە پەیوەندیدارەكانە، ئەركی ئەو پۆلیسەیە كە لە مەحتەیەكی پۆلیس دانیشتووە كە ئافرەتێك زوڵمی لێكراوە كە دەچێتە ئەوێ هەر ئەوەنییە نەیكات بە قەشمەر، ئەمە مەعنای ئەوەیە جگەلە قانون، جگەلە بڕیاری سیاسی، جگەلە ئاین، یەك موشكیلەی تریش هەیە شێوەیەك لە شێوەكانی تەخەلوف عەقلی لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، كە ئافرەت بە نیو مرۆڤ دەزانێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی كە بیر دەكاتەوە ئەو مامۆستایەی كە لە نوێژی جومعەدا قسەی بۆ دەكات ئەو پێی دەڵێت تۆ كامیلی و ئەو ناقیسە، هیچ كەس بۆی نییە بە ئافرەت بڵێ ناقیسە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دروستی كردووە، خوای گەورە چۆن شتی ناقیس دروست دەكات، بۆیە ئەو مامۆستا ئاینییەی كە دادەنیشێت بڵێین تەرویجی ئەو جۆرە ئەفكارانە دەكات نەعلەتی خوای لێ بێت، ئەو مرۆڤێكی راستگۆ نییە، لەبەر ئەوەی شتێكی جوان كە خوای گەورە دروستی كردووە كە دایكی پیاوە، ئافرەت دایكی پیاوە، پێغەمبەر (د.خ) لە ئافرەت بووە، ئەو كەسەی كە دیاكی پیاوە هیچ كەس بۆی نییە شتی ناشرینی بەرامبەر بكات و پێی بڵێت، مامۆستایانی ئاینی لە پێش ئەو كەسانەی تر ئەركی سەر شانیانە ئەو ئەمری بە مەعروفە بكەن، ئەگەر نەیكەن لەبەرامبەر خوای گەورەدا بە تەئكید قەرزاربار دەبن، چونكە ئەگەر نەیكەن ئەمری بە مەعروفیان نەكردووە، (النهي عن المنكر)یان نەكردووە، ئینجا با خۆیان وەڵامی خوای گەورە بدەنەوە، من شتی ئەخیرم ئەوەیە كە بە گشتی راپۆرتەكە من دەستخۆشیم كرد و خۆشم دەزانم ئەو خوشكە بەڕێزانە بە تایبەتی چەند ماندوبوون لە كۆكردنەوەی ئەم راپۆرتەدا، بەڵام پێموایە راپۆرتێكی تێروتەسەڵ و قوڵ نییە مرۆڤ وا چێژ و زانیاری و ئیستینتاجی لێ ببینێت، كە شتێك بێت تا ئێستا من نەمبیست بێت، بەڵام دیسان دەست خۆشیان لێ دەكەم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هیوادارم دانیشتنێكی تایبەت بە كەیسی جینوسایدی ئافرەتانی شنگال بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە لەلایەن پەرلەمانتاری تریش پێشكەشكراوە، بە هەند وەردەگیرێت، دەست خۆش، گفتوگۆكەمان بەردەوام دەكەین، هەرچەندە وا دەبینین كە هەندێك پەرلەمانتاری بەڕێز لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمانن، ئومێدەوارین زوو بگەڕێنەوە، بەڕێز د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من هەم دەست خۆشیان لێ دەكەم، هەم لەشیان ساغ بن و سەركەوتووبن، دیارە ماندوبوون، كارەكەیان توانیووە بگەین بەم ئەنجامەی كە هەیە، بێ گومان مەسەلەی جینوسایدی شنگال وازیحە جیاوازە لە مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان، یاخود رەگەزی مێ بە شێوەیەكی گشتی لە هەرێمی كوردستان و لە جیهانیشدا، بۆیە ئەوەیان پرسێكی سیاسییە، پرسێكە بە هەموو پێوەرێك جینوسایدە كە دەرحەق بە ئێزیدییەكان لە شنگال و پێكهاتەی تریش كراوە لەو ناچەیە لەسەر دەستی گرووپی تیرۆریستی (داعش)،

بۆیە ئەمە هەر وەکو لە سەرەتاشدا لە ماوەی رابردوودا زۆر قسەو باسی لەسەر کراوە، پێویستی بە دانیشتن و بە کارکردنی زیاتریش هەیە، سەبارەت بە راپۆرتەکە من لە لاپەڕە دوودا سەرەنجێکم هەیە لە راستیدا ناکرێت، یەعنی ئەوە بڕوای منە هەڵبەتە، یەعنی سیمای سەرەکی کۆمەڵەی کوردی بە توندوتیژی دابنێین، یەعنی هەست دەکەم تۆزێك وردبوونەوەی زیاتری دەوێت ئەگەر بیکەین بە سیمایەکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە بڕوای من ئەوە حەق وایە وردتر سەیری بکەین، لە لاپەڕە (سێ)دا هەر دیسان نووسراوە (٢٠١٤/٨/٣)ی رابردوو، هەڵبەتە ئێمە هێشتا لە ناو ساڵی (٢٠١٤)دا داین، بە بڕوای من ئەو وشەی رابردووە هەر زیادە، لابرێت، لەسەر راسپاردەکان لە خاڵی یەکەمەوە تا خاڵی پێنجەم بە دڵنیاییەوە من بۆ خۆم دوو خوێندنەوەم بۆی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە یان ئەرکی چاودێری پەرلەمان لاوازە، یاخود ئەرکی ئەو رێکخراوانەی کە تایبەتن بە کاروباری خانمان و ژنان و ئافرەتان و هەموو ئەوانەی تر کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا لاوازە، یەعنی ناکرێت ماشاءالله ئەوەندە رێکخراو هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر کەسێکی سیاسی و سەرکردەی کوردیش دەمێکە هاتووە پشتگیری دەکات لە پرسی ژنان و لە نەبوونی توندوتیژی و ئەوانە، بەڵام دۆخەکەش بەم شێوەبێت، کەواتە ئەمە دەبێت خەلەلەکە یاخود لە دامەزراوەی هەرێمی کوردستان دایە، یاخود لە عەقلی کوردی دایە، یان لە بیرکردنەوەی ئەو کەس و سەرکردە و گرووپ و دامەزراوانەدایە کە هەمیشە باسی ئەوە دەکەن، بەڵام لێرەشدا بە سیمای کۆمەڵگای کوردی شوبهێنراوە، بۆیە لەراستیدا لە یەکەم تا پێنجەم من وای دەبینم، لە خاڵی سێیەمی راسپاردەکاندا من پێشنیار دەکەم وشەی (داواکارین) بگۆڕێت بە (پێویستە)، یەعنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە لەسەری کە خازیع بێ بۆ قەرارات و بۆ یاساکانی پەرلەمان، پەرلەمانیش دەبێ چاودێری بکات لەو شوێنەی دەزانێ جێبەجێی ناکات، بانگی بکات بە رێکاری یاسایی پەیڕەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکات، تایبەت بە خاڵی شەشەمی پێشنیارەکان لەراستیدا دەبوو لایەنی پەیوەندیدار یاخود بەلای کەمەوە من پێشنیار دەکەم بخرێتە ئەستۆی حکومەتی ئیتیحادیش، چونکە ئەوە پەیوەندی بە لایەنی دارایی و ئەوانەوە هەیە، یەعنی بۆ ئەوەی وەکو ئەوانی تری لێ نەیەت لەراستیدا کە ئێمە بڕیار دەربکەین، یاخود راسپاردە دەربکەین، یاسا دەربکەیت و دوایی جێبەجێ نەکرێت، بۆیە پێویستە هەم لایەنی پەیوەندیدار ئامادەبێت، هەم پێشنیار دەکەم ئیلتزامێکی گەورە لەم خاڵە بخرێتە سەر حکومەتی ئیتیحادی، تایبەت بە مەسەلەی ئەو چەند خێزانەی کە نزیکەی (١٥٠٠٠) کەسن لەسەر چیای شنگال ئێستاکە، ئێمە لە چەند رۆژی رابردوو لە فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکمان پێشکەش کرد ئومێد دەکەم چارەنووسەکەی دەربکەوێت، ئەوە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار بە خێرایی بیر لەوە بکاتەوە چۆن بە هانای ئەو خێزانانەوە بچێ کە ئێستا لەسەر چیای شنگالن؟ دوا شت ئەوەیە کە من بیڵێم ئەگەر تاوەکو ئێستاکە هەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەم هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆ پرسی شنگال و پرسی کەیسی ژنانی شنگال دانرابن تا ئێستا نەیانتوانی بێت رێ و شوێنی رزگارکردن دابنێن. وەکو ئەمەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە داوا ئەکرێ ڕێ و شوێنی ڕزگارکەر دابنرێ، بە ڕاستی ئەبێ ئەو شوێنانە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ بە چ مەنتیقێك تا ئێستا لیژنەی بۆ

دانراوە، خەڵکی بۆ تەرخانکراوە جا چ لەئاستی ئەنجومەنی وەزیراندایە یان خوارترە، بەڵام تا ئێستاکە نەیانتوانیبێ ڕێ و شوێنی ڕزگارکەری ئەو کەسانە دابنێن، بۆیە ئەمە ئەبێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ، دووبارە دەستخۆشیان لێئەکەین، سەرکەوتووبن و ئومێد ئەکەین هەم توندوتیژی بنبڕکرێ، هەم جینۆساید بنبڕکرێ لە جیهان و لە هەموو شوێنەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ شامۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شیخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێربێن مێوانێن ڤێ جەلسێ چ کەسایەتی، چ موئەسەساتێ مەعنی ئیرۆ هاتنە گوداریا ڤێ جەلسێ دکەن، دەستخۆشیا ل هەڤالێ لیژنە دکەم ڕاپۆرتێ وان هیڤیا من ئەوە ڕاسپاردێ وان تنێ نەسەر کاغەزێبن، بەلکی بڕیاراو، پراکتیکێ و ئو ئەڤ خەلکێ زۆرداری لێ هاتی کرن مەفا ژێ وەرگرن ژ وان ڕاسپاردە، من گازاندەکا شەخسی ژ هەڤالێ لیژنە هەیە بە ڕاستی، بەحسێ سوپاسیا ڕێکخراوا کرن لسەر ئاستێ دهۆکێ، ئەز بێژم حەقێ مە بوو چ وەکو بنکەی لالش، چ وەکو هەڤاڵەکی وێ ئەندامی پەرلەمان، ئەز بێژم ئەژی ئاسانکاری بۆ ئێوە کرن بۆ دیتنا کچا و ڕێبەریا لسەر ئاستێ ئاوارە، ئەڤ ئەدرێسە وە دانای کەیسی ئافرەتا شنگال ئەز بێژم ئەدرێسەکی نە دروستە ڤیا توو بێژی (کەیسا ئافرەتا ئێزیدی ل شنگال) چونکە تنێ ئافرەتا ئێزیدیا هاتییە جینۆساید کرن، بەری حەیامەکێ موخابن کەچەکێ بناڤێ (هەنار معروف) کەچەکا کوردا، کوردستانی عەنوانەکی چاڤدێرا ستافێ یونسێف ل کۆنگرەیەکی نێڤ دەوڵەتی ل ئێرلەندا حازر ببوو وەکو چالاکڤانەکا مافا مرۆڤ و ستافێ یونسێف لڤێ کوردستانێ، مەخابن ب شێوازەکی گەلەك سەیر ئەڤێ کەچێ هاوارو گازیا کچا ئێزیدی گەهاندە وی کۆنگرەیێ و گۆتییە وی خەلکی (پشتەڤانین ل من بکەن ئەو کەچێن ئێزیدیا قوتارکری ژ دەستێ داعش ئێزیدی وان قەبوڵناکەن) ئەڤێ یەکێ گەلەك بارێمە گران کرو، دلێمە ژی گران کرو بەلکی وی وەختیدا مە هەلۆیست هەبوو موئەسەساتا ئێزیدیا، سەر حسابێ سومعەتا ژنا ئێزیدی ئەم گەهیشتنە وێ باوەڕیا ئەڤێت کەچێ ڤیا بازرگانی سمعەتا وان کچا بکا، ئەو ئاخافتنە ژی بنیات بۆرە نەبوو، چونکە مەرجەعا ئێزیدی فەتوا دایەو بشێوازەکی گەلەك شارستانی پێشوازی ڤان کچ و ژنێت ئێزیدی تێتە کرن، وەکو ڕاگەهاندن بێژە یان ژی پێزانین هەنە بێژن خێزانا ئەوی کافرێ سەروەریا ڕێکخراوا تەندڕەو دکا خێزانا (ابو بکر بەغدادی) کەتیا دەستێ دەوڵەتا لوبنانێ، ئەز داخازا ژ پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم حەمی قوەتا خۆ دگەڵ حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ محاوەلە بکەن خێزانا ئەڤی توندڕەوی بیننە کوردستانێ ببتە یەخسیرا دەستێ مە تا ئەو بزانە عەرزو ناموسێ خەلکی وەختێ دکەڤنە دەستێ خەلکەکێ چەند زۆرداریەو چەند زوڵمە، دبتە ژ ڕوویە نەفسیا دبتە تۆلڤەکرنەکا ل ڤی کەسانێ چونکە ئەڤە زەعیمێ ڤێ ڕێکخراوە توند ڕەوا ئەڤ زۆرداریە ل ئێزیدی کری، ئافرەتا ئێزیدی تەلار خانێ ژ باس کر یا لسەرێ چیا بەلکی ئەگەر (٨٠٠٠)هەزار مرۆڤ لسەرێ چیا نهۆ دوهی ڕەوشا سەختا دژواردا دژین

(٣٠٠٠)هەزار ژ ئافرەتن، دیسا داخازێ ژ پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم حەمی هێزا خۆ محاوەلە بکەن ڕیگەك هەبت، چارەسەریەك هەبت بۆ قوتارکرنا وان خێزانا سڕ و سەرما و برسێ و ترسێ و ئەو ڕەوشا سەخت و دژوارە تێدا دژین ئیرۆ، هەڤالێن لیژنە بەحسێ هاریکاریا کر ئەز بێژم هاریکاریا پەرلەمانێ کوردستانێ (١٠٠)ملیۆن ل ئاستێ ڤێ برینا کورا ئافرەتا ئێزیدینە و سەد مخابن مەدڤیا لیژنا مەیا ئافرەتا ئەو (٢٧)ملیۆنەش ژ پەرلەمانێ عیراقێ نە وەرگرتبانا، چونکە نە ل ئاستێ سەردانا وان بوو، نە بە سوپاسدارێ برای بەڕێز ابو کاروانم، بەڵکی بە حەمی قوەتا خۆ پشتەڤانیا ڕەئی و بۆچوونێ ویمە هیڤیا من ئەوا کەسانێت وەڵات پارێز، کەسانێن بە هەستەکی نەتەوەیی خورت، جورعەتەکی بۆ کوردی ئێزیدی چێکەن سایکۆلۆژیەتە وان شکستی بجەبرینن ، محاوەلە بکەن ئەو ڕەوشا ئیرۆ تێدا ئی دەروونی ژ وێ ڕەوشێ قوتار بکەن، ئەز بینم پیتە پێدانێ پەرلەمانێ بڤێ کەیسی نە لە ئاستی پێویستە چونکە تۆ نە بەری خۆ بدەیە جەلسێ، بەڵکی (٥٪) هەڤالێت پەرلەمانتار مەخابن نە حازرن لەو ماوە پێویستیمان بە جەلسەکی دیتر هەیە بەرفرەتر دانوستاندن لسەر ڤی کەیسێ گرنگ بێتە کرن، چونکە گرێدای مکەونەکی ڕەسەن کوردیا، ئەڤ مکەونا هەلگری دیرۆکەکا تراجیدیە دڤێت دیرۆکا تراجیدیدا بارا شێر بارا ژنێیە، بەلکی دڤێ ئەنفالێدا یان دڤێ جینۆسایدێدا حەمی تشت هاتییە دیکۆمێنت کرن بەرچاڤێ مەیە لێ جینۆسایدێ بەرێ نەدهاتە دیکۆمێنت کرن هەروی وەختی ژی کرین و فرۆتن و جینۆسایدکرن سەر ژنێ پتر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تکایە قسەکانتان کورت بکەنەوە، دووبارەشی تیا نەبێ، چونکە (٢٩) ئەندامی پەرلەمان ناوی خۆی نووسیوە، بۆیە ئەگەر تەنها یەکی دەقەیەکیش قسە بکەن (٢٩) دەقە ئەکات، ئەگەر یەکێ (٢) دەقە قسە بکەن نزیکەی سەعاتێك ئەکا، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی کاروباری ژنان دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان، دڵنیام کە مەیدانی کاریان کردووە و زۆر هیلاك بوون، بەلاَم بە دڵنیاییەوە هەموو کارێکیش بەدەر نییە لە ڕەخنە، بۆیە دەمەوێ من ئەوە بڵێم لە ڕاستیدا ڕاپۆرتەکە پێموایە ڕاپۆرتێکە ئەوەندەی کە خۆی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کاروچالاکی لیژنەکەدا دەبینێتەوە، ئەوەندە ڕاپۆرتێك نییە بۆ ئەوەی کە زامی گەورەی ژنانی ئێزیدی و کارەساتی شنگال پیشان بدات، لە ڕاپۆرتەکەدا سەر پێییانە باسی کۆمەڵێك بابەت کراوە توندوتیژی، جینۆسایدی ژنانی شنگال، مافی ژنان، لە ناویشیدا کەمتەرخەمی حکومەت و دەسەلاَتی کوردی، من لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم بەڕاستی چونکە زۆر بە تەرکیز لە خاڵی یەکەمدا باسیان لەوە کردووە کە لەو نێوەندەشدا باس لە شەڕی ناوخۆ، قۆناغی ژیانی ژن بەر لە شەڕی ناوخۆ و لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە ئێستادا کراوە، من پێموایە پیشاندانی ئەو سیمایەی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری لە نێوەندەکی وا فەرمیدا بەرامبەر بە هەموو جیهان، هەموو خەڵك ئێستا گوێی لە قسەکانمانە بەوەی کە ئێمە نەمانتوانیوە هیچ بۆ دۆزی ژن بکەین ، نەمانتوانیوە لە ئاستی خواستی ژنان دابین ئەمە شتێکی باش نییە، چونکە ئەگەر بەراوردی ژیانی ژن لە ئێستادا بکەین لەگەڵ ئەو سەردەمانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراوە من پێموایە بەرەو پێشچوونی زۆر باش لە ژیانی ژن هاتۆتە ئاراوە، بەلاَم بە دڵنیاییەوە ژیانی ژن وە دۆخی ژن لە ئێستاشدا کەم و کورتی نییە و توندو تیژیش هەیە، بەلاَم ئەگەر ژن وەکو تاکێکی کۆمەڵگا

سەیر بکەین و بەرێژەیی، ڕێژەیەك لە ئەو توندوتیژیانەی کە باسکراون هەرچەندە من پێموایە پشتیان نەبەستووە بە هیچ داتایەکی زانستی لەناو ڕاپۆرتەکەیاندا بۆ ڕێژەی توندتیژییەکان، ناکرێ تۆ داتای یەك ڕێکخراو بینی بیکەی بە نموزەج و لەناو ڕاپۆرتێکی وا باسی لێوە بکەی، بۆیە ئەگەر ئێمە بێین ڕێژەی ئەو توندوتیژیانەی کە باسیان کردووە تەقسیم بەندییەکی بۆ بکەین بەسەر ڕێژەی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا دەبینین (٠,٣) دەردەچێت واتە لە ڕێژەی هەر (١٠٠٠) ژن (٣) ژن توندوتیژی بەرامبەر کراوە لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەمە لەوانەیە لە ئاستی ئەو هەموو باسەی کە لەناو خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ڕێژەیەکی کەم بێ، داتایەکانی ئەوانەو بخاتە ژێر پرسیارەوە، جگەلەوەش من پێموایە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی ئێمەی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك دۆخی ناهەموار کردۆتەوە ئەوەیە کە تا ئێستا ژنان لەهەرێمی کوردستاندا ئەوەندەی کە دابەشبوون بەسەر خواستە سیاسییە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە یەکگرتوونین لە ئاستی پرسە هەنووکەیەکانی خۆیاندا، بۆیە دەکرێ ئێمە ئەو گلەییە لە خۆشمان بکەین، ڕاپۆرتەکە لە ڕاستیشدا لە ڕووی ڕێزمانیشەوە کەم و کورتی زۆری تێدابوو، هەڵەی زۆری تێدابوو، لە ڕاپۆرتەکەدا (١٣)خاڵ وەکو ڕاسپاردە هاتووە، دەکرا ئەم (١٣)خاڵە کە (٥) خاڵی ڕاسپاردەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکرا پۆلێن بکرابایە، یەعنی ئێمە بۆ ڕاسپاردە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەربکەین لە کاتێکدا بۆخۆمان لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەوەتا لیژنەیەکمان هەیە لیژنەی کاروباری ژنانە، ڕێژەیەکی بەرچاو ژنان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەن دەکرا ئەم خاڵبەندیانە یان پۆلێنکردنە ڕاسپاردە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەرکی پەرلەمانتارەکانمان لە بەغدا یاخود نوێنەرەکانمان لە بەغدا لەناو حکومەتی فیدراڵی و باقییەکەی دیکەش ئەو داواکاریانەی کە یاخود ئەو ئەرکانەی کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پێی هەستێ بەو شێوەیە دابەشکرابا، لەناو ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە وەکو وتم کاروچالاکی زۆر باسکراوە دەستخۆشیان لێدەکەین، بەڵام نەدەبووایە کاروچالاکی بێ، چونکە من پێموایە زامەکە زۆر زۆر گەورەترە بەتایبەتی زامی ژنانی شنگال، دەبوایە توێژینەوەیەکی زانستی ورد کرابا ، کۆمەڵێك هەر وەکو خۆیان ئاماژەیان پێدا وتیان دۆکۆمێنتمان لەبەر دەستدایە دۆکۆمێنتەکان باسکرابان، ئەم ڕاپۆرتە بکرابایە بنەمایەك بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە لەسەر پرسی شنگال کە پرسێکی سیاسی گەورەیە، جینۆسایدێکی گەورەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بمانتوانیبا بیکەینە بنەمایەکی گرنگی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکە لەم ئاستەدا، بۆیە من پێموایە پێدانی ئەو پارە و هاوکارییانەی کە لەناو ئەو ڕاپۆرتەدا هاتوون لەگەڵ ئەوەی کە بە زەروریان نابینم، ئەوە ئەرکێکی سەرەکی هەریەکێك لەو ناوەندو کەسایەتییانەیە کە بۆخۆیان جێبەجێیان کردووە، چونکە هیچ یەکێك لەو هاوکاریانە کە دەتوانم بڵێم ئەوەندە نەبوون کە سارێژی برینی گەورەی زامی ژنانی شنگال و ئەو کارەساتە گەورەیە بکا کە بەسەر ئەواندا هاتووە، چونکە ئەگەر تەنها کەیسی یەك ژن وەربگرین کە لە کارەساتەکە ڕووبەڕووی بۆتەوە ، من پێموایە هەربۆخۆیان ڕۆمانێکن، جگەلەوەش هەموو لا یەنەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەداخەوە توانیان ئیستفادەیەکی گەورە لە کارەساتەکە بکەن، بەڵام کە دێتە سەر باری واقیع و ئەو هەنگاوانەی نراون کە لە ڕاپۆرتەکەش ئاماژەی پێنەکراوە، ئەو ئاماژەکردنەی کە کراوە من پێموایە لایەنی کەمی هەنگاوەکانە دەبوایە هەم لە ئاماژە پێکردنی ئەو هەنگاوانەی کە نراون، هەم لە چارەسەرییەکان و پێشنیارەکان زیاتر چووبانە ناو تەفاسیل و وردەکارییەوە، ئومێدیش دەکەم بۆ ئایندە ئێمە بتوانین بابەتیانە تر وردەکارانەتر و بە پێی کۆمەڵێك دۆکۆمێنتی زانستی کاری جدیبکەین، ڕاپۆرتەکانمان بێنینە ناو پەرلەمانی کوردستان و دەستخۆشیان لێدەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو پەروا علی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئەو بەڕێزانەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان، کە من خۆم بە یەکێك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەزانم بەڕاستی، ئاگام لە زۆرێك لە چالاکییەکانیانە دەستیان خۆش بێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تێبینیمان لەسەر ڕاپۆرتەکە نەبێ، زۆرێك لە تێبینییەکانم لەلایەن بەڕێزانەوە ئیشارەتیان پێدرا من هەندێ شت ئەخەمە ڕوو کە ئەویش سەبارەت بە ئایا لیژنەی ژنان یان ئەم لیژنەیە کە دانیشتنێك، بڕگەیەك لە بەرنامەی کار تایبەت دەکەین بۆ پرسی ژن، بەتایبەت لە (١١/٢٥ بۆ ١٢/١٠) کە ئایا تایبەت بێ بە پرسی شنگال؟ یان بە گشتی ئەکرا کۆمەڵە شتی زۆر گرنگ بخرێتە کار یا داواکاری بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی کۆ دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بهێنن، لەوانە زۆر گرنگ بوو کە ئێمە بۆ نموونە کۆمەڵێ لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان هەیە کە گرنگە پەرلەمانی کوردستان تەبەنی بکات تاوەکو بتوانێ خۆی بپارێزێ لەو هەموو نەهامەتیانە لەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر ژنان ئەبێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانە (١٣٢٥) بڕیاری (١٣٢٥) یەکێکە لەو بڕیارانەی کە من نامەوێ ئێستا زۆر ئیشارەتی پێ بدەم ، بەڵام کۆمەڵێ داخوازی تێدا هەیە کە ئەکرێ لە ڕێگەی ئەو بڕیارەو، بڕیارەکانی تریشەوە ئێمە سوود بگەینین بە ژنان لە هەرێمی کوردستان، ببێتە یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئێمە ئەگەر هەموو ئەو بابەتانەی تر قسەی لەسەر بکەین قەزایەی زۆر بچووکن ، بابەتی زۆر بچووکن کە لە خۆی لەگەڵ ڕێزما نامەوێ ئەهمیەتی شوێنەکان کەمبکەمەوە، بەڵام لە موئەسەسەیەکا ، لە وەزارەتێکا یا لە ڕێکخراوێکا کۆئەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتی کۆی ئەم شتانەت هەمووی کۆکردەوە، تەبەنیت کرد بەیەکێك لەو بڕیارانە یان بە کۆی بڕیارانەی کە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانا ئەکرێ تۆ ڕوویەکی جوانی وڵاتەکەت یا هەرێمەکەت پێشکەش بکەی لە هەمان کاتا ئەمە بۆخۆی ئەبێتە دەرفەتێك هەمیشە بەردەوام بوون لە تەتبیق کردنی، لەوانە ئەکرێت ئێمە داوامان کردبایە پەرلەمان یان لیژنە داوای کردبایە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ نموونە فشار خستنە سەر پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی کۆمەڵێك یاسای تایبەت و کارا بۆ پاراستنی ژنان و دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی ، فشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان بەشداری پێکردنی ژنان لە دانوستان و وتووێژی سیاسی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی عیراق و کاراکردنی ڕۆڵیان لە قۆناغی ململانێیەکان و قۆناغی پاش ململانێیەکان و ڕۆڵیان لە سەقامگیری کردنی ئاشتیدا، فشار خستنە سەر حزبە سیاسییەکان، دامەزراندنی کوتلەی جیاواز یان کوتلەی تایبەت بە ژنان لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا کە ببێتە داکۆکی کارێ بۆ مافی ژنان نەك هەر بۆ ئەم خولە ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین لەو شێوازە کوتلەی پەرلەمانیمان هەبێ کە ڕۆڵی هەبێ لە دابینکردنی داواکارییەکانا، دروستکردنی کۆمەڵێ تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان و حزبەکانی وڵاتانی تر، پێشخستنی توانای سەرکردە پیاوەکان لەگەڵ ژنەکانا بۆ تێگەیشتن و بڕوا بوون بە پرسی ژن وەك مەبدەئ، لەهەمان کاتا یەك خاڵی تر ئەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە ئەکرا ئەو لیژنە بەڕێزە داوای ئەوەیان کردبا کە کۆمەڵێك شت هەیە ئێمە بتوانین هاو شێوەی بۆ نموونە ئیعترافکردنێکی تەواوەتی، ئەمەیان بڕوای خۆمە نازانم لیژنە بڕوای پێیەتی یان نا؟ بەڵام ئەگەر من بوومایە داوای ئەوەم ئەکرد بڕوا پێهێنان یان گرنگی پێدان بە یاساکانی کانتۆنی جزیرە لە ڕۆژئاوا کە هەموویان بە هەموو

پێوەرەکانی یاسا، یاسای مەدەنین بکرێت لە هەرێمی کوردستانا هەمان ئەو جۆرە یاسایانە کە ئەوان لە دەرفەتێکی زۆر کەما توانیان ئەو یاسایانە دەربکەن، ئێمەش هەتا ئێستا، ئەکرێت زۆرێك لە یاساکان هەموار بکەینەوە، بەلاَم بکرێنە یاسای مەدەنی و بخرێتە خزمەتی ژنانەوە لە هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی تێدا هەیە کە ئەو ڕاسپاردانە، بەداخەوە زۆرێك لە ڕاسپاردەکان تێکەڵییەك هەیە وەکو ئیشارەتی پێدا ، بەلاَم ئەکرێ وردتر قسەی لەسەر بکرێ لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکە ئێمە دانیشتنەکە ئەگەر باس لە ژنانی شنگال کرا کۆمەڵێ ئەو بەڕێزانە ئەزانم هیلاکییان زۆر دیوە، کۆمەڵێك دۆکۆمێنتیان کۆکردۆتەوە سەبارەت بە ژنانی شنگال، ئەکرا هەر لەسەرەتاوە داوای ئەوەیان بکردبایە کە ئەو دۆکۆمێنتانە بێنن، ئێمە وەکو کۆی پەرلەمانتاران بەشدار بووینایە لەوەی کە سەرنج و ڕایەکانمان بۆ ڕێگە چارە و بۆ چۆنییەتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ژنان شنگال و یان مەسەلەی جینۆسایدی شنگال بە تایبەتی ژنانی شەنگال ئێمە دەورمان هەبوایە ئەگەر ئەو دۆکۆمێنتانە نەکراوە ئێستا تەنیا ئەم ڕاپۆرتە بەم شێوەیە پێموایە کاڵ و کورت ئەبوو، دەستیان خۆش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرە ڕای دەستخۆشی کرنم بۆ لیژنا ژنان کو ماندیبوونەکا زێدە دیت بە تایبەتی ڤێ فەترە سەردانێت مەیدانییێت وان، ئەگەر سەر ڕاپۆرتێ ئەز بئاخڤم لاپەڕا ئێکێ بەحسێ هەندێ دکەن کو ئەو ژنێن کو قوربانیێ، قوربانی بووینە سەبەبێ شەرەف پارێزیێ زێدەترە ژ قوربانیێ شەڕێ ناوخۆییێ، پرسیار دکەم ل گۆڕ چ ئامارا چ بەردەستێ وانن کو ڤێ بۆ مە تەئکید لسەر بکەنەوە؟ هەر دیسا بەحسێ هەندێ دکەین کە ئەگەر مەوزوعێن ڕێکخراوێ کۆمەڵگەهێ نیف دەوڵەتی مافێ مرۆڤی نەبان تەداخول، فشار سەر حکومەتا هەرێمێ دروست نەکربا ئەڤ دیاردە سنوور بونەدانا، ئەزیش دبێژم مەسەلا توندوتیژیێ یا گرێدایە ب فەرهەنگێ ڤە، یا گرێداییە ب زهنییەتا کۆمەڵگەهێ ڤە ، تشتەکە کو ئەو نینە فشارەکا نیف دەوڵەتی توو بشێی موجتەمەعێ خۆ بەرامبەر تشتەکێ سنووردار بکەی، بەڵکو هەمی هەنگاوێت کو ئەڤرۆکە هەرێما کوردستانێ هاتیتە هاڤێتن هەر ل خەڵکێ کوردستانێ بیە و هەر ل باوەریا حکومەتا هەرێمێ، بۆیە تایبەتی کابینا پێنجێ دەورەکێ زۆر ئەساسی هەبوویە بۆدانانا میکانیزمێت کونترۆل کرنێ بۆ نەهێلانا توندوتیژیێ ب تایبەتی قەرار یان دەرئێخستانا بڕیارا ئەو نوویسینگەهێن یێت کو ئەڤرۆکە لە هەرێما کوردستانێ بۆ نەهێلانا توندوتیژیێ کارێ خۆ دکەت دەرئێخستنا هێلێن گەرم و شەلتەرا ئەو میکانیزمێت کۆنترۆڵ کرنێ نە کو حکومەتا هەرێمێ و هەروەسا پەرلەمانێ کوردستانێ کو یاسایێت راستڤەکرنا نایەکسانی دروست کرن دزڤریتەوە ژ بەر هندێ ب رەئیا من ئەڤە نەحەقییەکە بەرامبەر حکومەتا هەرێما کوردستانێ و بەرامبەر پەرلەمانێ کوردستانێ دهێتە ئەنجامدان، لاپەڕێ سێیێ ب راستی موقارنە کرنا توندوتیژییا کۆمەلگەهێ گەل ئەو کارەساتا کۆ ل شنگالێ دروست بووی تشتەکێ زۆر خەلەتە ئەم دکەڤینە ڤێ هەلەی دا ئەوا دگەڵ کوردێن ئێزدی و ژنێن شنگالێ هاتییە کرن تاوانەکا جەنگێ و

مرۆڤایەتیێ یە و دچیتە چارچۆڤێ جینۆسایدێ دا، ڤیابا ئەو دوو تەوەرە ژێك هاتبانە جودا كرن نەك بەردەوامیدانا كو ئەڤە كو ل كۆمەلگەها كوردستانیدا رووددەت ئەوا دەرحەق كورد و ژنێن ئێزدی هاتیە كرن بێ كەرامەت كرنا میللەت و نەتەوەیەكێ بۆیە د راپۆرتا لژنا ژنا تۆ هیچ هەست ب ڤێ چەندێ ناكەی كۆ ئاریشێت ژنا ئەوا كو دەرحەق ژنێت ئێزدی هاتبیتە كرن ل ڤێ راپۆرتێ دا رەنگ دابیتەڤە، ئەزیش دگەل رەئیا هەڤالا خۆ بێگەردخانێ مە پتر چیتە راپۆرتەكێ چالاكیا ژنا چ كریە و هیچ ئاماژەیەك نینە دیراسەتەك و جۆرێ كێشەی دیار نەبوو ئەو كێشە چ بوون؟ چەوانیا پرسا وان موعاناتێت ژنا كێم تەرخەمی چ بووینە؟ چارەسەری چ بووینە؟ پێشنیارێت وان چ بووینە؟ یەعنی هیچ ئامارا ورد ناڤ راپۆرتا وان ناهێتە دیتن تڤیا نموونە بۆ مە بەحس كربان، ئەڤرۆكە ئەوا ژنا شنگالێ، ژنا ئێزدی تووش بووی نموونە بۆمە بەحس كربا دا ئەم بشێین، ب راستی ب كەلیمات و حەرفێت بریسقەدار تۆ نەشێی دەستیٚ خۆ دانێیە سەر كو راسپاردا و بڕیارەكێ دەربێخی، چەوا رزگار بوون، چەوا چارەسەرییا وان بهێتە كرن؟ حكومەت و موئەسەساتێت حكومەتێ چ پلان بۆ ڤێ پرسێ و وان چ دویفچوون كرییە؟ ب تایبەتی وەزارەتا كاروبارێ كۆمەڵایەتی و وەزارەتا رەوشەنبیری و وەزارەتا تەندروستی هەولێت وان چ بووینە؟ ب تایبەتی ئەو نڤیسینگەها ئەڤرۆ شولێت خۆ دكەت بۆ رزگار كرنا ژنێت شنگالێ و دەورەكێ زۆر ئەكتیڤ ژ یێ دیتی بۆ وان ژنا ئەوێن دەستێن داعشدا، هەر دیسان راپۆرتایا بەڕێز لیژنە ژنا بەحسێ هەندێ دكەت كو لیژنا داكۆكی كرن مافێ ئافرەتێ هەر دەستپێكا شولێ خۆ كاریا بۆ هەندێ كری چەوانیا پێش ئێخستنا دۆزا ژنێ وە دەست بەكاربوونا مافێ ژنێ، ئەڤژی پرسیار دكەم چەوا؟ چالاكیا ڕۆژانە توو نەشێ پرسا ژنێ ، دۆزا ژنێ پێشبێخی ، بەڵكو وەك پەرلەمان ، وەك ناڤەندەكا بڕیاردانان بڕیاردانێ ب ڕێگا یاسا، ڕاست ڤەكرنا یاسا، چاڤدێری كرن سەر كارێ حكومەتێ تووشێ وێ بیكەی هەردوو لایەن تێدا لاوازن بۆ نموونە ئەگەر سەحكەی ڕاسپاردە (٧) ڕاسپاردە بۆ پەرلەمانێ كوردستانێ نەكو هەمی چارچیڤێ ڕاستڤەكردنێ یاسا و ردەرئێخستنا یاسایە، باشە ئەگەر لیژنا ژنان كو شولێ وێ ئەڤەیە ئەو بخوڤان پرۆژە شوێنە هەندێ كربانا ڕاسپاردە ڕەئیا من تڤیە هەوە ئەو پرۆژە تەقدیم كربان نەكردبانا ڕاسپاردە بۆ پەرلەمان، لاپەڕێ چارێ هەوە بەحسێ هەندێ كری كو پەرلەمانی كوردستان (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ جل و بەرگێ ژن و زارۆكا بۆ ئاوارا سەرف كری، ئەڤ ژمارەیا خەڵەتە (٧٧) ملیۆن بۆ ئاوارەیەن كو بۆ خەڵكێ كۆمەلگەها (خانكێ و شاریا) هاتە سەرفكرن (٧) ملیۆن ژی بۆ ئاوارە قەزا ئامێدی ، یەعنی سەرجەمی ئەو پارەیەی كۆببوو بۆ پارێزگەها دهۆكێ ئاوارا هاتیە سەرفكرن (٨٤) ملیۆن دینار بوو، دیسا هەر پەڕەگرافا پشتی هەنگێ هەوە بەحسێ هەندێكی كو لیژنە هەوە گەل لایەنی پەیوەندیدار كار كری بۆ ڕزگار كرنا وان ژن و كچێن كو هاتینە فڕاندن ژ لایێ داعشێ ڤە چۆوە؟ ئەوە چ كریا؟ ئەوە پەیوەندی گەل وان ژن هەبووینە ل دەستێ داعشدا؟ هەوە پەیوەندی هەبووینە گەل وان كەسێ كو بیان كرن؟ هەوە مەعلومات هەبووە گەل لایەنێ پەیوەندیدار تەنسیق كریا؟ هەوە پارە تەرخان كریە؟ مە د ڤێتن لیژنا ژنا بۆ مە دیار كر كو چونا ئەڤ هەماهەنگیی بوویە بۆ رزگار كرنا ژنان؟ لاپەڕێ راسپاردا، بەحسێ هەندێ دكەن كو خالە دوێ ژی راسپاردا

من بەحسێ هەندێ دکەم کو ئەڤ راسپاردا کاری زیمنی شولێ لیژنا ژنانە پێویست ناکات ببنە راسپاردا، بەلکو ب پرۆژە تەقدیم بکەن، یا خالە دوێ دەربارەی نەبوونا دادگاها یا خێزانی کارێ حیکمەتی نینە، کارێ دەسەلاتا قەزائییە، پێت ڤیا ئەڤ راسپاردا بۆ وان بیتن، گەل وان هەماهەنگی بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو گەشە دارا فەرمووو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەسەر راپۆرتەکە دەستخۆشی لە لیژنەی داکۆکی کردن لە ماڤی ژنان دەکەم و، سەبارەت بەوەی کە ئەم کۆبوونەوەیە پێویستە لەلایەن حکومەتیشەوە گرنگی زیاتری پێ بدرایە، ئیتر نازانم ئایا لەلایەن بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاگادار نەکراونەتەوە، یاخود هەر خۆیان نەهاتوون؟ کە پێویست بوو یان سەرۆکی حکومەت، کە سەرۆکی ئەنجومەنی بالآی خانمانە، یاخود ئەمێنداری گشتی ئەنجومەنی بالآی خانمان، یاخود وەزیری هەرێم بۆ هەماهەنگییەکان لێرە ئامادە بوایە تا ئەم قسانەی ئێمە سوودی هەبوایەو کاریگەری هەبوایە، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن. سەبارەت بە راپۆرتەکە، دیارە خاڵی باشی تیایە، بەڵام جێگەی رەخنەشە، سەبارەت بەوەی کە ئایا توندوتیژی لە کوردستان زیادی کردووەو مافەکانی ژنان پاشەکەشەی کردووە؟ ئەمە رای خۆمەو هەمیشە بەم شێوەیەش گوتوومە، نەخێر توندوتیژی هەر هەبووەو زیاتریش بووە، بەڵکو ئێستا ئەگەر تا رادەیەکیش کەم بوو بێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە من ئێستا ئەم قسەیە دەکەم رەزامەندم لەو دۆخەی ئێستای ژنان، بەپێچەوانەوە جێی نیگەرانیمانەو جێی شەرمەزاریمانە، من خۆم وەکو ژنێك لە کاتێکدا کە رووبەڕووی خەڵکانی بیانی و نێودەوڵەتی دەبینەوەو یەکێك لە پێوەرە هەرە گرنگەکان بۆ پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانیش ئێستا سەیر کردنی رەوشی ژنان لە کوردستان، بەڵام جێی داخە هێشتا ژن لە وڵاتی ئێمە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوشت و کوشتاری بەرامبەردا دەکرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە پێشتر نەبووە، بەڵکو پێموایە زیاتر بووەو لە رێی راگەیاندنەکانەوە، لە رێی هۆشیار کردنەوەی خەڵکەوە، لە رێی دەستەبەر کردنی مافەکان لە یاساکاندا وای کردووە ئەمڕۆ زیاتر و زەقتر دەربکەوێت، بۆیە پێشتر توندوتیژی هەر هەبووەو پێویستە راپۆرتەکە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، ئەو ئامارە فەرمییانە، بەڕاستی پێویستە لیژنەکە وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی لە حکومەتی وەربگرتایە، بەڵام ئەوەی ئایا زیادی کردووە، بەپێی ئامارە فەرمییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی بە ژنان راگەیەنراوە ئامارەکان کەمی کردووە، ئایا لێرە چۆن باس لە زیاد کردنی ئامارەکە دەکەن؟ سەبارەت بە ئەوەی ئەو ژنانەی کە رزگار بوون لە ژێر دەستی داعش، ئایا هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەست لیژنەی بەڕێزدا هەیە؟ لە کاتێکدا من دوێنێ پەیوەندیم کرد بە سەرۆکی لیژنەی بالآی بەدواداچوون و بە دۆکیۆمێنت کردن بۆ جینۆساید کردنی شنگال، دەڵێت تاکو ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمییمان رانەگەیاندووە، ئەو ژمارەیە لەکوێ هێنراوە؟ بەهەمان شێوە لەسەر چوار هەزارەکە ئەوان سێ هەزاریان راگەیاندووە بە فەرمی، لە سێ هەزارەکە (١٥٠٠)ی پشت راست کراوەتەوە بەناوی تەواو و زانیاری تەواوەوە، بەڵام

نازانم ئەو چوار هەزارە، ئایا بە فەرمی بەدەست بەڕێزیان کەوتووە؟ بەڕاستی ئەو ئامارە ئەوەی کە کۆ دەکرێتەوە لەلایەن سەنتەرەکەی دهۆکەوەیە، کە حکومەت دوێنێ کۆبوونەوەی لەگەڵ کردوون سەبارەت بەو پرسە، کە ئامارێکیان بۆ بێنن سەبارەت بەو کچانە، یان بەو ژنانەی رزگاریان بووە.لە بەشێکی راپۆرتەکە دێتەوە سەر باسی توندوتیژی و رەوشی توندوتیژی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، من لە بەڕێز لیژنەی بەرگری لە مافی ژنان دەپرسم ئەو عیبارەتە کە دەڵێن ناوەڕۆکێکی مەعنەوی هەیە، نەك سزایی چییە؟ لە کاتێکدا من پێموایە ئەو یاسایە یاسایەکی سزاییە لە کاتێکدا کە نصوصی عیقابی تیایە، دەکرێت بگوترێت یاساکە سزاییەکەی سووکە، کەمە، زۆرە هەموار بکرێت، بەڵام ناکرێت بگوترێت ناوەڕۆکێکی مەعنەوی هەیە. سەبارەت بە دامەزراندنی دادگایی تایبەتمەند لە یاساکە، دەبێت ئێمە بڵێین دادگای تایبەتمەند، نەك دادگای تایبەت، چونکە بەپێی دەستوور ئێمە بۆمان نییە مەحاکمی خاصە دابنێین، بەڵکو مەحکمەی موختەص دادەنێین، ئەنجومەنی دادوەری ئەو ئەرکە جێ بەجێ دەکات، نەك حکومەت. ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، ئێمە خۆمان وەکو پەرلەمان، وەکو لیژنەکانی پەرلەمان ئەو سەرنجانەی هەیە کە لەسەر ئەو یاسایانە پێویستە ئێمە بە پرۆژە پێشکەشی بکەین، ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە، بۆیە پێویستە ئێمە بە گشتی کار لەسەر پۆلین کردنی بکەین وەکو بێگەرد خان گوتی، حکومەت ئیلزام بکرێت بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت بۆ رزگار کردنی ئەو ژنانەو دابین کردنی پێداویستییەکان و شیاندنەوەیان، واتا کردنەوەی سەنتەرێك بەپێی خصوصیەتی ئەو ناوچانەی کە ئەو ژنانە دووچاری ئەو کارەساتە بوونەتەوە، واتا کردنەوەی سەنتەرێك لە هەموو بەشەکان، بەشەکانی تەحقیق و تەئهیل کردنەوەی دەروونی و توب عەدلیش پێك بێت، چونکە رەنگە بە بیانوویەکی تر نەتوانن ئەوان دەستیان بگاتە ئەو سەنتەرانە. هەڵمەتی هۆشیار کردنەوە لە رێی راگەیاندنەکان و پیاوانی ئاینی و رێکخراوەکانی (NGO) هەرچ کەناڵی پەروەردەی زانکۆیەکان هەیە، بەڕاستی کە ئەمە ببێت بە مێژووییەك بچێتە زهنیەتی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا ئەو کارەساتەو، بۆ ئەوەی دەستخۆشی لە راپۆرتی لیژنەکە دەکەم کە دەڵێت ئەو ژنانە وەکو سیمبول، بەڵێ وەکو سیمبولی زۆر لێ کراوی و چەوساندنەوە سەیر بکرێن، رەنگە ئێستا بەهۆی ئەوەی پەخشەکە راستەوخۆیە، من هەندێك زانیاریم لایە بەنووسراو دەگەیەنمە دەست بەڕێزتان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەین، دەستان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، بەیانی کاتژمێر (١٠) دەست دەکەینەوە بە دانیشتنی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |